دڵدارە هەرە ئازیزەکەم

سەرچاوە:

دلبند عزیزترینم

نامەهای چیخوڤ و الگا کنیپر نوسینده

چیخوڤ و الگا کنیپر، مترجم: أحمد پوری

تهران ، باغ نو ١٣٨١

ناوی کتێب: دڵدارە هەرە ئازیزەکەم

وەرگێڕانی : ڕەووف بێگەرد

بابەت: نامە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

هەڵەچنی: ساکار ڕەووف

تیراژ: ١٢٥٠ دانە

نرخ: ٦٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٣٧٣ ی ٢٠٠٨

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨

کوردستان -سلێمانی

**www.serdam.net**
**www.serdam.info**

# دڵدارە هەرە ئازیزەکەم

## نامەی خۆشەویستی نێوان ئانتۆن چیخۆڤ و ئۆڵگا کنیپەر

**ڕەووف بێگەرد**

لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی

**سەدرەدین عارف**

لەگەڵ دەقە ئینگلیزیەکەیدا بەراوردی کردوە

سلێمانی ٢٠٠٨

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤٥١)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

ئەم وەرگێڕانەم

پێشکەشە بە "ساکار"ی کچم

# پێڕست


| | |
|---|---|
| ١- وتەیەکی پێویست | ٩ |
| ٢- هاوڕێ | ١٠ |
| ٣- عاشق | ٨١ |
| ٤- هاوسەر | ٢١٧ |
| ٥- بێوەژن | ٤٣٧ |
| ٦- وێنەکان | ٤٤٩ |

## وتەیەکی پێویست:

"چیخۆڤ"ی گەوره چیرۆکنووسی ڕووسی، لە ساڵانی دوایی تەمەنیدا ئۆلگاکنیپەری ئەکتەری شانۆی کرده هاوسەری خۆی. ئۆلگا لەگەڵ ئەوەیشدا کە دەیزانی ماوەیەکی زۆره چیخۆڤ بەدەست نەخۆشی سیلەوه باری تەندروستی خراپە، بەڵام لە ڕێگای نواندنی کاره شانۆییەکانی چیخۆڤەوەو، دوای ئەوەی شارەزای کەسایەتیو ژیانه مرۆڤ دۆستیه نموونەییەکەی ئەم نووسەره بوو، بە تەواویی خۆشی ویستو دەرگای دڵی عاشقانەی خۆی بۆ کردەوه. ئەگەرچی کنیپەر لە تیپی "شانۆی هونەری مۆسکۆ" کاری دەکرد کە ستانسلاڤسکیو چەند هاوڕێیەکی دایانمەزراندبوو و، بەردەوام هەر لە مۆسکۆ دەژیاو چیخۆڤ لە ناوچەیەکی زۆر دوور بوو لە "یالتا"، بەڵام وایان گونجاندبوو کە ناوه ناوه سەر لە یەکتری بدەن، واتا کنیپەر دوو هاوسەری هەبوو، یەکەمیان شانۆو ئەوی دیان چیخۆڤو لەگەڵ هەردووکیاندا بە عەشقەوه دەژیا. کنیپەر لە خێزانێکی ڕووناکبیرو خانەداندا چاوی کردۆتەوه. باوکی ئەندازیارو دایکی مۆسیقار بووه. خۆیشی لە سەرەتادا ئارەزووی شێوەکاریو مۆسیقای بووەو حەزی بە وەرگێڕانیش کردووه، بەڵام لە دواییدا هەر لە قوتابخانەوه کەڵکەڵەی شانۆ لەسەری داوه تا کردوویەتە پیشە بۆ خۆی. لە کاتی نمایشەکانی مۆسکۆدا بە خەیاڵی

هونەرمەندێکی عاشق‌و لێزانەوە، بە نامە لەگەڵ چیخۆڤدا باسی شانۆییەکان دەکات، ئەندازەی پێشکەوتن‌و سەرنەکەوتن، شێوازی پرۆڤەو گۆڕین‌و نواندن و جەماوەرو تەنانەت بڕی ئەو بلیتانەیش کە فرۆشراون.

کنیپەر زیاد لە شانۆگەریی کەسانی دی، ئەوانەی چیخۆڤی پڕ بە دڵ خۆشویستووەو ڕۆڵی سەرەکیی تیادیون. بەم جۆرەیش هەڵیان دەسەنگێنێت: "نواندن لە شانۆگەری چیخۆڤ دا زەحمەتەو تێگەیشتنی زۆری دەوێت. ئەوەی زۆر چیخۆڤ نەناسێت‌و خۆشی نەوێت ناتوانێت تەمسیلی کەسایەتیەکانی بکات، هەر ئەمەیش بوو بە هۆی ئەوەی کە یەکەم نواندنی شانۆیی- مەلی دەریا- سەرکەوتوو نەبێت، چونکە ئەکتەرەکان بە قووڵی لە بیروبۆچوونی کەسانی ناو شانۆگەرییەکە تێنەگەیشتبوون".

هاوسەریەتی ئەم دووانە ساڵی ١٩٠١ دەستی پێکرد، واتا ماوەی هاوسەریەتیان تەنیا چوار ساڵی خایاند، چونکە چیخۆڤ لە ساڵی ١٩٠٤دا بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشیەکەی لەگەڵ ئۆڵگادا چوو بۆ ئەڵمانیاو لە شاری "بادن ڤیلەر" چەند هەفتەیەك مایەوە، هەر لەوێ‌و لەو ساڵەدا دوا ماڵئاوایی لە ژیان کردو، کنیپەر بە تەنیا تەرمەکەی هێنایەوە بۆ مۆسکۆ.

پێشەکی پێم خۆشە چەند سەرنجێکی خۆم لەسەر وەرگێڕانەکە بڵێم کە ڕەنگە پێش دەستیەك بێت بۆ ڕەواندنەوەی بەدحاڵی بوونی خوێنەرانی هێژا. سەرەتا نیازی ئەوەم نەبوو هەموو کتێبەکە بکەم بە کوردی، بەڵکو بەپێی هەلومەرج‌و دەرفەتی ڕەخساوی خۆم جارە جارە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا هەندێك لە نامەکان بڵاوبکەمەوەو لەهەر جێگایەکیشدا حەوسەڵەم نەما وازی لێبهێنم، بەتایبەتی کە هەندێك جار وەرگێڕانە فارسیەکەم زۆر ڕەوان

نەدەهاتە بەرزەین. بەڵام بە ڕێکەوت هاوڕێیەك دەقە ئینگلیزیەکەی، کە وەرگێڕە فارسیەکە- ئەحمەد پووری- هەر لەوێوە وەریگێڕاوە، ناردبوو بۆ دۆستێکم، بە ڕێکەوت پێش ئەوەی بگاتە دەست هاوڕێکەم هاتە بەردەستی خۆم، ئەمە دنەی زیاتری وەرگێڕانی هەموو کتێبەکەی دام، چونکە بەراوردکردنی دەقی جیا باشترین پرۆسەیە بۆ تۆکمە کردنی دەقە وەرگێڕاوەکە. بێجگە لەم فاکتەرە، من چیخۆڤم چ وەك چیرۆکنووس و چ وەك کەسایەتیە سادەو هێورو میهرەبانیەکەی خۆش دەوێت، هەست دەکەم ئەدەبی چیخۆڤ لەگەڵ کەسایەتیەکەی خۆیدا گونجاوەو یەك ئەوی دی تەواو دەکات. چیخۆڤ مرۆڤێکی خاکی و مرۆڤ دۆست و تەواو لێبوردەیە، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە ساڵی ١٩٨٤ کۆمەڵە چیرۆکێکیم لە فارسییەوە بەناوی (ئەنتۆن چیخۆڤ)ەوە کرد بە کوردی و، ساڵی ١٩٩٩یش، شانۆنامەی (ئیڤانۆڤ)یم هەر لە فارسیەوە وەرگێڕا. بێجگە لەوەی کە لە هەندێك بۆنەی پەیوەندیدار بە چیخۆڤەوە وتارم لەسەر نووسیوە یان نووسین و چیرۆکی تریم وەرگێڕاوە.

من بەپێی ئەزموونی خۆم لە بواری وەرگێڕاندا، بەتایبەتی لە هەردوو زمانی عەرەبی و فارسیەوە کە سەرچاوەی رووناکبیریمن، هەندێك لەو دەقە بیانیانەی خراونەتە سەر ئەو دوو زمانە و خوێندومنەتەوە، یان بۆ مەبەستی وەرگێڕان بەراوردم بە دەقی تر کردوون، گەلێك جار ئاڵۆزی مانا و شێواندن و نائەمینی وەرگێڕانەکە توشی ساکانیان کردووم، جار هەبووە ناتەواویەکان لە خودی وەرگێڕەوە بوون، جاری دیش تاوانەکە لە ئەستۆی ئەو سانسۆرە فیکریە ئیفلیجەوە بووە کە سیاسەت و دەسەڵاتدارانی زۆرێك

لەم جۆرە وڵاتانەی سەر بەو زمانانەن پیادەی دەکەن، لە تابۆکردنی بیری بەرانبەرو شێواندنی مەبەستی نووسەرو بڕینی هەندێك لە دیمەنی ناو دەقەکان کە لەگەڵ ئایدۆلۆژیا سەختگیرییەکەی ئەواندا نەگونجاوە. بێگومان ئەم دیاردەیە لە مێژووی دوورو درێژی کلتووری ئەم وڵاتانەدا ریشەی هەیەو، تا ئێستایش لەسەر جوانترین دەق و پڕ بەهاترین داهێناندا پراکتیزە دەکرێت، بۆیە هەر لە سەرەتاوە، لەگەڵ وەرگێڕانی زۆر هێورو لەسەرخۆی کتێبەکەدا، بەیارمەتی هاوڕێ ئینگلیزی زانەکانم بەراوردم دەکرد، بۆ ماوەیەکی کورت هاوڕێم -لاوك سەلاح- هاوکاری کردم، پاشان، بەدرێژایی وەرگێڕانی سەرتاپای کتێبەکەو، پێداچوونەوەیەکی تازەتری، هاوڕێی هێژام مامۆستا (سەدرەدین عارف) بە جیدی یارمەتی دام، بۆ ماوەی چەند مانگێك، هەموو رۆژێك، ئەوەی وەرم دەگێڕا بەراوردێکی وردمان لەگەڵ دەقە ئینگلیزیەکەدا دەکرد.

با ئەو راستیە بڵێم کە گومانەکەم لەجێی خۆیدا بوو، چەندان ڕستەی پەڕیو، وەرگێڕانی قورس، هەندێك هەڵە لە مانا تێگەیشتن، تەنانەت چەند نامەیەکیشی هەر نەکرابوون بە فارسی کە هۆکەیان نەدەزانی، (لە شوێنی خۆیاندا ئاماژەم بەو نامانە داوە کە لە فارسیەکەدا نین و ئێمە لە دەقە ئینگلیزیەکەوە گۆڕیومانە بۆ کوردی. بەڵام ئاماژەم بە کەم و کورتیەکانی تر نەداوە کە زۆری دەویست، لێ ئێمە بەپێی ئەسڵەکە دامانڕشتۆتەوە). ڕەنگە ئەو کەسەی بەراوردی دەقە فارسیەکە بە کوردیەکە بکات، لە هەندێك شوێندا پرسیاری لا دروست بێت کە ئەم ڕستەو پەرەگرافە زیادانە لەکوێوە هاتوون لە کاتێکدا لە دەقە فارسیەکەدا نین، یان مێژووی هەڵەو

بڕگەی قورس و ناجۆر. دیاره لەم حاڵەدا دەقە ئینگلیزیەکە راستە چونکە سەرچاوەی دەقە فارسیەکەیشە. منیش ویستوومە بەدەست پاکیەوە دەقی نامەکان وەك خۆیان بێت و کارەکەم لە هەڵەو ناتەواویەکانی ناو دەقە فارسیەکە ببوێرم، چونکە ئەمە سەرەکیترین ئەرکی وەرگێڕە، لەگەڵ پارێزگاریکردن لە ئەمانەتە فیکری و ئیستاتیکی هەر بەرهەمێك کە خۆی بە شایەنی وەرگێڕانی دەزانێت.

حەزدەکەم ئەوەیش بڵێم کە ناونیشانی کتێبەکە بە ئینگلیزی ( **Dear Writer. Dear Actress**)ە کە بە مانای نووسەری ئازیزو کچە ئەکتەری ئازیزە. لە نامەکانیشدا هەر بەو جۆره یەکتر ناودێر دەکەن. بەڵام وەرگێڕە فارسییەکە گۆڕیویەتی بە (دلبند عزیزترینم) منیش هەر بەو مانایەوە هێشتمەوە. بێجگە لەمانە کۆمەڵێك وێنەی دیکۆمێنتیم خستە پاشکۆی کتێبەکەوە کە لای خۆم هەبوون و لە ئینگلیزی و فارسیەکەدا ئەو کاره نەکراوە.

ماوەتەوە بڵێم بایەخی نامەکان لەوەدایە کە مێژووی سەردەمانێکی گرنگی بزوتنەوەی شانۆی ڕوسیایە، دامەزراندنی تیپی (شانۆی هونەری مۆسکۆ)یە کە ستانسلاڤسکی و مایرهولدو دانچینکۆو چیخۆڤ بناغەیان داناو درەوشاوەترین شانۆگەریان تیا نمایش دا.

سەرەڕای ئەمە، نامەکان، بە ڕۆحێکی شکۆمەندانەی دوو عاشق و دوو هاوسەری لێوان لێو لە خۆشەویستی و خاکەڕایی، شادی و تەبایی، بەتەنگەوە هاتن و ڕێزنان لە خودو هونەری یەکتر نووسراون.

هاوڕێیەتی و هاوسەرگیریی چیخۆڤ و ئۆلگا کنیپەر، یەکێکە لە چیرۆکە هەرە نائاساییەکانی دڵداری لە مێژووی شانۆدا. بۆیە ڕاستی و خۆشەویستیە مەزنەکەیان لەناخەوە دەتهەژێنن و، چاوت بە دنیایەکی جوانتری پڕ لە مرۆڤدۆستی و لێکبوردن و سادەیی و داهێنانی ناوازە هەڵدێنن، نامەکان بەڵگەیەکی نەمرن بۆ عاشق بوونی نموونەیی و هاوسەرگیریەتیەکی زۆر دەگمەن.

**ڕەووف بێگەرد**

**٢٠٠٨/٣/٢٥**

# هاوڕێ

# ١٨٩٩

## کنیپەر، یاداشت:

لە ژیاندا هەندێك چرکەسات هەن درەوشانەوەیەکی تایبەتیان هەیە، ساڵی ١٨٩٨ بۆ من وابوو. لەم ساڵەدا خوێندنی پەیمانگەی شانۆم تەواوکرد، لەم ساڵەدا شانۆی هونەری مۆسکۆ دامەزرا، هەر لەم ساڵەیشدا "ئانتوان چیخۆڤ"م ناسی، ساڵەکانی دواتریش هەروابوون، ساڵانێکی پڕ لە شادی و داهێنان، کار، خۆشەویستی، بڕوابەخۆبوون، هەستی ناوازەو باوەڕی قووڵ.

ڕێگای هاتنە سەر شانۆ بۆ من کارێکی دژوار بوو، لە خێزانێکدا لەدایك ببووم بەرگەی هەژاری نەدەگرت. باوکم ئەندازیارو زانا بوو، بۆ ماوەیەکی کورت بەڕێوەبەری کۆمپانیایەك بوو لە "گلازۆف" من لەو شارەدا لەدایك بووم، تەمەنم دوو ساڵ بوو کە باوكو دایکم لە مۆسکۆ نیشتەجێ بوون، ئیتر لەو کاتەوە من هەر لەو شارەدا ژیانم بەسەربرد. دایکم توانایەکی بێوێنەی لە مۆسیقادا هەبوو، دەنگی خۆشو زۆر بە چاکی پیانۆی دەژەند. بەڵام لە ژێر پێداگرتنی باوکمو لەبەر خاتری خێزانەکەمان هەرگیز پیانۆ لێدانی نەکردە پیشەو تەنانەت نەیشچووە کونسەر ڤاتوارەوە. دوای مردنی باوکم تا ڕادەیەك ژیانە خۆشەکەی دایکم کۆتایی هات. بوو بە مامۆستاو ئوستادی گۆرانی وتن لە قوتابخانەی "فیلارمونیك"داو، هەندێك جار لە کۆنسێرتەکاندا بەشداری دەکرد، بەڵام وەك پیشە خۆی بۆ مۆسیقا تەرخان نەکرد. من خوێندنی ناوەندیم لە قوتابخانەیەکی تایبەتیدا تەواوکرد، پاشان کەوتمە ناو ڕەوتی ژیانێك کە بۆ ئەو سەردەمە بۆ "خانمێکی گەنج" بگونجێت. هەموو کاتی خۆم بۆ فێربوونی زمان، مۆسیقا، شێوەکاری تەرخان کرد. باوکم بە هیوای ئەوە بوو ببم بە

وەرگێڕ یان شێوەکار، من هەر لە سەرەتای تەمەنمەوە حەزم بە وەرگێڕانی چیرۆك بوو. زۆر چێژم لەم کارە وەردەگرت. من تاقە کچی خێزانەکە بووم، لە ڕادەبەدەر بایەخیان پێ دەدامو لە ژیانی ڕاستەقینەیان دوورخستبوومەوە. لە سەردەمی منداڵیو سەرەتای لاویدا هەموو ساڵێك لەگەڵ هاوڕێکانمدا نمایشی شانۆییمان دەکرد. هۆڵێکمان لە ماڵەوە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردبوو، لەوێدا نواندنی ئارەزوومەندانەی خۆمان پێشکەش بە هاوڕێو ئاشناکانمان دەکرد، هەندێك جاریش لە ماڵی ئەواندا یان بە مەبەستی کاری چاکە نمایشمان سازدەدا، بەڵام لە تەمەنی بیست ساڵیمدا، بە جیدی بیرمان لە دامەزراندنی تیپێکی پیشەیی شانۆ کردەوە، باوکم کە بینی من زۆر سوورم لەسەری بە هێمنی، بەڵام زۆر یەك لاییکەرانە کۆتایی بەو بیرۆکەیە هێناو من تا ڕادەیەك کەوتمە ناو جۆرە زیندانێکی ژیانەوە، دەستم بۆ زۆر کار دەبرد بێ ئەوەی مەبەستم بێت.

دوای مردنی باوکم تووشی گەلێك ئاستەنگی دارایی بووین کە گۆڕانی بنەڕەتی بەسەر ژیانماندا هێنا، تەنانەت ناچاربووین بیر لە تاقە نانێك بکەینەوە. ئەوەی بۆمان مابووەوە بریتی بوو لە ئاپارتمانێکی گەورە کە بە کرێ گرتبوومان، پێنج کارگوزارو هەندێك قەرز. ئاپارتمانەکەمان گۆڕی، وازمان لە کارگوزارەکان هێنا، وەك ئەوەی گیانێکی تازەمان تێگەڕابێت بە توانایەکی نائاساییەوە کەوتینە کار، لەگەڵ خاڵەکانمدا جۆرە "کۆمۆن"ێکمان دروستکرد (یەکێك لە خاڵەکانم "کارل" پزیشكو ئەوی تریان "ساشا" ئەفسەری سوپا بوو) زۆر بە سەختی و بەردەوامی کەوتینە کارەوە. دایکم وانەی گۆرانی و من وانەی مۆسیقام دەوتەوە. برا بچوکەکەیشم کە هێشتا خوێندکار بوو سەرپەرشتی گروپی سەمای دەکرد. برا گەورەکەیشم کە ئەندازیار بوو لە "قەوقاز" کەوتە سەر کار، بۆ من ئەو قۆناغە سەردەمی گۆڕانو وەرچەرخانی کەسایەتیم بوو، لە (خانمێکی گەنجە)وە گۆڕام بۆ تاکێکی سەربەخۆ کە خۆم ژیانی خۆم بەڕێوە دەبرد. ڕۆژە بەراییەکانی ئەم ژیانە بۆ من زۆر خۆش بوو، بەڵام

ڕۆژ بە ڕۆژ تاسەی دێرینەم بۆ دنیای شانۆ هەر لە پەرەسەندندا بوو، وردە وردە تەختەی شانۆ دەگۆڕا بە خەونێك کە پێویست بوو بیکەم بە ڕاستیی، ئیدی بێجگە لە هونەری نواندن بیرم لە هیچی تر نەدەکردەوە. بە دزی دایکمەوە چوومە قوتابخانەی "مالی" بۆ شانۆ. بە گەرمیی پێشوازیان لێکردم، چەند مانگێك لەوێ مامەوە تا لە پڕا بلاوکرایەوە کە بڕیارە (تاقیمان بکەنەوە). دوای تاقیکردنەوەکە پێیان وتم دەبێت واز لە قوتابخانەکە بێنمو بە ڕاشکاوی وتیان کە ئیدی ناتوانم بخوێنم، ئەمە زۆر گاڵتەجاڕ بوو، پاشان لەوە گەیشتم کە من لەنێو چوار هونەرخوازی تردا تەنیا کەسێك بووم کە پشتگیرو ئاشنام نەبوو. ئەوان بە دوای یەکێکدا دەگەڕان کە پشتگیرێکی زۆر بەهێزی هەبێت، قوتابخانەکە نەیدەتوانی ئەم بڕیارە ڕەت بکاتەوە، ئەمە بۆ من کارەساتێکی گەلێك ناخۆش بوو. لە ڕاستیدا ئەو ڕۆژانە شانۆ لای من ببووە هەموو شتێك، بوون یا نەبوون، ڕوناکی یان تاریکی. کە دایکم ئەو ناڕەحەتیەی منی بینی، هەرچەندە کە پێشتر هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەبوو بچمە سەرشانۆ، لەگەڵ ئەوەیشدا کە مانگێك بەسەر ناونوسیدا تێپەڕیبوو، بە یارمەتی ناسیاوو هاوڕێکانی کارسازییەکی بۆ کردم کە لە قوتابخانەی "فیلارمونیك" لە بەشی شانۆدا وەربگیرێم. سێ ساڵ لە پۆلەکانی "نمیروڤیچ دانچنکۆ"[١] و "ئا ئا فیدتوڤ"[٢] وانەم خوێند، زۆر بە خێرایی پۆلەکانم بڕی، چونکە هەم دەبوو کاربکەمو هەم خەرجیی خوێندنەکەم بەدەست بهێنم.

لە زستانی ١٨٩٧-١٨٩٨دا کۆرسەکەم تەواوکرد. لەو ڕۆژانەدا دەمگۆیەکی نادیار بلاوببووەوە کە لە مۆسکۆدا شانۆیەکی (تایبەتی) دروست دەکرێت.

---

[١] Nemirovich Danchenko (١٨٥٩-١٩٤٣) ) شانۆ نووسو دەرهێنەری ڕوسی هاوکاری نزیکی ستانسلاڤسکی، ئەو لە پێش شۆڕشەوە دەستی دایە کاری هونەریو لە دوای شۆڕشیشەوە هەر بەردەوام بوو

[٢] AA. Fedotov

ئێمە لە قوتابخانە، قیافە شکۆمەندانەکەی "ستانسلاڤسکی"[٣] بە قژی ماش‌و برنجی‌و سمێڵی ڕەشەوە لەگەڵ "سانین"[٤]و تیپە تایبەتیەکەیان دیبوو. ڕۆژێك هەردووکیان بۆ پرۆڤەی "لا لوکاندیرا"[٥] هاتن. ئەو ڕۆژە لە تاوا هەموو کەوتبووینە دڵەکوتێ. لە ناوەڕاستی زستاندا "نمیروڤیچ دانچنکۆ" بە "ساوتیسکایا"[٦]، "مایرهولد"[٧] و منی وت کە بڕیارە ببینە ئەندامی شانۆو دەبێت باسەکەیش بە تەواوی نهێنی بێت. "نمیروڤیچ دانچنکۆ" زۆر بە پەرۆشەوە لەسەر "مەلی دەریا"[٨] قسەی دەکردو دەیویست ئەو شانۆگەریە بۆ دوا تاقیکردنەوەی ئێمە بخاتە سەرشانۆ، نمایشەکە لەسەر تەختەی شانۆی "مالی" پیشاندرا. خەونی من هاتبووە دی‌و بە ئامانجی خۆم گەیشتبووم، من لە یەکێك لە شانۆگەریە تازەو تایبەتیەکاندا ببوومە ئەکتەر.

لە نۆی سێپتەمبەری ١٨٩٨دا بۆ یەکەمجار (چیخۆڤ)م بینی: ڕۆژێکی تایبەتی پڕ لە یادەوەری. هەرگیز ناتوانم ئەو چرکەساتە لەیاد بکەم کە یاداشتی "نمیروڤیچ

٣ Konstantin Stanislavsky دەرهێنەرو شانۆنووسی ناوداری ڕوس‌و دامەزرێنەری شێوازی نوێی نواندن.

٤ Alexander Akimovich Sanin (١٨٦٩ -١٩٥٦) هاوڕێی ستانسلاڤسکی، شانۆنووس‌و دەرهێنەری هونەری.

٥ La Locandiera بەرهەمی کارلو گولدونی شانۆنووسی ئیتالی.

٦ Savitskaya

٧ Vsvold Emilievich Meyerhold (١٨٧٤-١٩٤٠) ) دەرهێنەرو ئەکتەری گەورەی ڕوسی، دوای شۆڕش لە ساڵی ١٩٣٨دا خرایە بەندیخانەوەو هەر لەوێ تیا چوو. لە کات‌و جۆری مردنەکەی چ زانیاریەك نیە.

٨ لە شانۆنامە دیارەکانی ئانتوان چیخۆڤ، ئەم نمایشنامەیە یەکەم جار لە شانۆی ئالکساندەرنیسکی لە سانت پترۆزبورگ نمایش کرا.

دانچنکۆ"م لە بەشی ئاگاداریەکاندا بینی. لە یاداشتەکەدا نووسرابوو بڕیارە "چیخۆڤ" رۆژی نۆی سێپتەمبەر لە پڕۆڤەی شانۆگەریی "مەلی دەریا"دا ئامادە بێت، هەرگیز ناتوانم ئەو حاڵەتە سەیرو غەریبەی خۆم لەیاد بکەم، کاتێك کە بۆ پڕۆڤەکردن چووین بۆ "هانتینگ کلاب" هەمووومان سەرمان لەو پیاوە سوورمابوو کە چەند کەسایەتیەکی هێورو سیحراوییە، چەندە سادەو بێدەنگە، لە نواندن و وانە وتنەوەدا بێ توانا بوو، ئێمە نەماندەزانی چی بڵێین.. ئەو تەماشەیەکی کردین، لە سەرەتادا زەردەخەنەیەکی هاتیو پاشان لە ناکاوێکدا زۆر بە جیدی کەوتە قسە. کە پرسیارێکمان لێدەکرد. وەڵامەکانی تا ڕادەیەکی چاوەڕێ نەکراو، بێ پەیوەندیو زۆر گشتی بوون. نەماندەزانی وەڵامەکان بە راستی وەربگرین یا بیخەینە خانەی تەنزەکانیەوە، بەڵام هەموو ئەم ئالۆزیە چەند دەقیقەیەکی خایاند، دوای ئەوە، لە قوڵایی ئەو سەرنجانەوە کە وا دەهاتنە بەرچاو پەیوەندییان پێکەوە نەبێت، مەبەستو ئاماژەگەلێکی ناوازەی ئەو بەدیار کەوتن. چیخۆڤ جارێکی تریش بۆ بینینی پڕۆڤەی نمایشنامەی "تسار فیۆدۆر"[9] لە شانۆی تازەماندا "هرمیتیج"[10] کە بڕیار بوو ئەو وەرزە لەودا دەور ببینین، هات. دوا نیوەڕوان لە حەسارێکی نیوەتەواوکراوی ساردی خۆڵەمێشیدا، لەسەر سەکۆیەك پڕۆڤەمان دەکرد کە مۆمەکان لەباتی مۆمدان کرابوون بە دەمی بوتڵە شوشەوە، ئێمەش بە پاڵتۆکانمان خۆمان داپۆشی. چەندە دڵخۆشکەر بوو کە دەمانزانی لەو هۆڵە چۆڵەو لەو سووچە تاریکەدا "ڕۆحێك" هەیە کە ئێمە عاشقی ئەوینو ئەو دەیەوێت گوێمان بۆ ڕادێرێت، پاشان لە ڕۆژێکی باراناوی غەمگیندا، بەرەو "یالتا" لە باشوور، کە خۆی هەرگیز حەزی بە بینینی

---

[9] **Tsar Fyodor Leonovich** بەرهەمی ئالکسی تۆلستۆی، ئەو شانۆگەریەی بۆ کردنەوەی شانۆی هونەری نمایش کرا.

[10] **Hermitage**

نەدەکرد، ئێمەی بەجێهێشت. لە بەهاردا هاتەوە بۆ مۆسکۆ. هەڵبەتە دەمانویست شانۆگەری "مەلی دەریا" ببینێت. بەڵام ئێمە شانۆی خۆمان نەبوو. لە هەر جێگایەکدا بوایە پرۆڤەمان دەکرد، شەوێك بڕیارماندا "پارادیز" کە شانۆیەکی گەڕۆك بوو بە کرێ بگرین. شانۆکە سارد بوو، دیکۆری سەرتەختەش هی ئێمە نەبوو، لەو زستانەدا بوو کە لەگەڵ "چیخۆڤ" و خێزانە دڵسۆزەکەیدا دۆستایەتی زۆرترم پەیداکرد. هەر ئەوسا لەگەڵ خوشکەکەیدا بووینە هاوڕێو هاودەمی یەکدی. لەبیرمە لە یەکێك لە نمایشەکانی "مەلی دەریا"دا "ڤیشنیڤسکی"[١١] ئەوی هێنایە ژووری خۆگۆڕینەوە، ئێستایش ئەو ڕۆژە پڕ لە شادیانە، ڕۆژانی خۆرەتاو، یەکەمین ڕۆژی جەژنی پاك، دەنگی شادی بەخشی زەنگەکان کە هەوای بەهارەکەی پڕ لە تامو چێژو ئارەزوو کردبوو، لە بیرناکەم. لە یەکەمین ڕۆژی جەژنی پاکدا بوو کە "چیخۆڤ" هاتە دیدەنیمان، ئەو هەرگیز دیدەنیی کەسی نەدەکرد. لەو ڕۆژە خۆرەتاوەدا، لەگەڵیا چووین بۆ بینینی نمایشگای بەرهەمی "لڤیتان"[١٢] لە مانگی مەیدا سێ ڕۆژی زۆر خۆشم لە "میلیخۆف"[١٣] — زەویە چکۆڵەکەی خودی چیخۆڤ خۆی- بەسەربرد. هەموو شتێك بۆنی ژیانێکی سادەو تەندروستی لێدەهات، بە ئاسانی هەستت بە بوونی خێزانێکی پڕ لە خۆشەویستی دەکرد. دایکی ژنێکی سەرنج ڕاکێش و هێوری ڕووسی بوو، لە ڕادەبەدەر خۆشم دەویست. گەلێك بەئاگاو شادمان بوو، "چیخۆڤ" موڵکەکەی خۆی پیشاندام، گۆمێك لەگەڵ ماسی کەپور کە زۆر شانازی پێوە دەکرد،

---

[١١] **Alexandr Leonidovich Vishnievsky** (١٨٦١-١٩٤٣)، ئەکتـــەرو ئەنـــدامی دامەزرێنەری شانۆی هونەری مۆسکۆ.

[١٢] **Isaac Ilyich Levitan** (١٨٦١ - ١٩٠٠)، شانۆکارێکی ناوداری ڕوسـیو بەرجەسـتەکەری سروشتە.

[١٣] **Melikhovo**

گەلێك حەزی لە ماسیگرتن بوو، هەروەها باخچەیەکیش کە خۆی شتەکانی تیا چاندبوو. چیخۆڤ عاشقی باخەوانی بوو، بە ڕاستیی بە پەرۆشەوە هەموو بەخشندەییەکانی سەرزەوی خۆشدەویست، هەموو شتەکانی ئەوێ ئەفسوناوی بوون: ماڵەکە، کوختێکی چکۆڵە کە "مەلی دەریا"ی لەوێدا نووسیبوو، باخ، گۆم، درەختی پڕ لە شکۆفەی میوە، گوێرەکەکان، قاز، مامۆستای قوتابخانەی گوندەکە کە لەگەڵ قوتابییەکانیدا لەسەر ڕێگاکەدا ڕایاندەکرد. هەموو ئەمانەی خۆشدەویست. ئەو سێ ڕۆژە پڕ لە خۆرو شادیە مزگێنی ئایندەیەکی قەشەنگی دەدا. کە وەرزی شانۆ تەواو بوو من چووم بۆ ماڵی براکەم و خێزانەکەی کە لە هاوینە هەوارێکی نزیك بە "مسخەت"[١٤] لە "قەوقاز" دەژیان. ئەوکاتەی لە مۆسکۆ بووم بەڵێنم دابووە چیخۆڤ کە لە "قەوقاز"ەوە بڕۆم بۆ قرم "کریمە". چیخۆڤ لەوێ زەویەکی کڕیبوو و خانووی تێدا دروستدەکرد.

---

[١٤] **Mskhet**

# نامەکان

چیخۆڤ

١٦ ژوون

"میلیخوڤ"

چی ڕوودەدات؟ تۆ لە کوێیت؟ وا دیارە بڕیارت داوە کە هەرگیز هەواڵی خۆت نەگەیەنیو ئێمە هەر چاو لە ڕێ بین —دەشێت ئێمەت هەر لە بیری خۆت بردبێتەوە- یان لە "قەوقاز" شووت بە یەکێك کردبێت، بە ڕاست ئەو کەسە کێیە؟ دەتەوێت دەستبەرداری شانۆیش بیت؟

نووسەر لەیاد کراوە، چەندە بێبەزەییت، چەند دڵڕەقیت، هەموو سڵاویان هەیە. ئێرە هیچ هەواڵی تازەی تیا نیە، لێرە هیچ مێشێك نافڕێت، هیچ، "تەنانەت جوانەگایش گاز ناگرێت"[١٥].

حەزم دەکرد خۆم بتگەیەنمە وێزگە، بەڵام خۆشبەختانە باران ڕێگای نەدا. چووم بۆ "پترزبورگ" و دوو وێنەم گرت. لە سەرماندا خەریکبوو ڕەق دەبوومەوە، تا پێش مانگی ژوڵای پێم ناکەوێتە "یاڵتا" ئەگەر ڕێگام بدەیت هەردوودەستت لە نێو دەستما دەگرمو، بە هێوای بەختەوەریتانم.

چیخۆڤەکەت

*　*　*

[١٥] تەنزێکی خێزانیە، کە دەیانویست لەبارەی ڕۆتینی ژیانو نەبوونی هەواڵەوە شتێك دەربڕن ئەمەیان دەوت.

کنیپەر

٢٢-٢٣ ژوون

مۆسکۆ

تکایە وا مەزانە ئەمە تەنیا وەڵامە بۆ نامەکەتان، من دەمێك بوو دەمویست نامەیەکت بۆ بنووسم، بەڵام سەرو دڵی نووسینی دێرێکیشم نەبوو، تەنیا ئەم دوو ڕۆژەی دواییە کە حاڵم چاکترەو دەمەوێت چێژ لە سروشت وەربگرم. ئەمڕۆ سەعات شەشی بەیانی لە خەو هەستام، ڕۆشتم پیاسەیەکی نێو چیاکە بکەمو بۆ یەکەم جار "خاڵ ڤانیا"[١٦]م بۆ خوێندنەوە لەگەڵ خۆمدا برد، وەلێ کتێبەکە لەسەر ئەژنۆم وەك خۆی مایەوە، چونکە من تەنیا چێژم لە دیمەنی چیاو ئەو بەیانە دلڕفێنە وەرگرت (...) هەستم بە شادمانیو خۆشیو تەندروستی کرد.

پاشان چووم بۆ بەڕێوەبەریەتی پۆست، تا ئەو نامەو کتێبانە وەربگرم کە بۆم هاتبوون، نامە کورتەکەی تۆیشم بەدەست گەیشتوو دنیایەك دڵخۆش بووم. تەنانەت بە خوێندنەوەی دامە قاقای پێکەنین. من وام دەزانی "چیخۆڤ"ی نووسەر "کنیپەر"ی ئەکتەری فەرامۆش کردووە، کەواتە تۆیش هەندێك جار یادم دەکەیت؟ سوپاس گوزارم دڵسۆزی بەڕێز. ئایا لە "میلیخۆڤ" سەرقاڵی هیچ کارێکی گرنگیت؟ هەوای ئەوێ ساردە؟

من بەوە خۆشحاڵم کە بە هەتاوی باشوور خۆم گەرم دەکەمەوە، مانگی مەی گەلێك سارد بوو "ماریا پاولونا"ی خوشکت چی دەکات؟ نیگار دەکێشێت یان بێکارە؟ سلاوی گەرمی منی پێ بگەیەنەو پێی بلێ نامەی بۆ دەنووسم، بە ڕاست

---

[١٦] "خاڵ ڤانیا" یەکێکە لە شانۆگەریە بەناوبانگەکانی چیخۆڤ، ئەم شانۆگەریە دوای سەرکەوتنی شانۆگەریی "مەلی دەریا" ساڵی ١٨٩٩ نمایشکرا.

جوانەگاکان بۆ گاز ناگرن؟ سەگەکانتان "برومید" و "کوینتین" هێشتا ماون؟ هێشتا هەر زۆر کات لەسەر قەنەفەی پاڵ دەرگاکەدا دادەنیشیت؟ بە ڕاستیی ئەوێ جوانە، زۆرجار یادی فەزای فراوانو کراوەی باکوری ئازیز دەکەم، چیاکان زۆر سەختن. ناتوانم زۆر لێرە بمێنمەوە. وەلێ ئێرەیش جوانی خۆی هەیە: کوێرەڕێ بێوێنەکان، شوێنەوارە کۆنەکان، لە "مسخەت" کلێسایەکی سەیرو زۆر کۆنی گورجیی هەیە، کەمێك دوور لە ڤیلاکەی ئێمەوە لە باخێکدایە، زیارەتگایەکی "سەنت نیسا"[١٧]یە کە بە حساب گیانێکە پارێزەری لە گورجستان دەکات، بێگومان چاك کراوەتەوەو دوو ژن کە عاشقی ئاشتیو تەنیاین لەوێ دەژین. چەند خۆش دەبوو ئەگەر بتتوانیایە بهاتیتایە ئێرە بۆ لامان. ئێرە گەلێك جوانە، ئەگەر بێیت پێکەوە دەچین بۆ "باتومی" و "یالتا" دەڵێی چی؟

"کارل"ی برامو (ئیلینا)ی ژنی زۆر مرۆڤی چاکن، بێگومان خۆشت لێ دەگوزەرێت، بیری لێبکەرەوە، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر بەو ڕێگا ئاسنەدا کە تازە دروستکراوە (کە هێشتا نەگەیشتۆتە قارس) سەفەرێکی کورتمان بۆ "ئالکساندروپل" کرد. گەلێك شایستە بوو، دوا فارگۆنمان بەدەربەست گرتو دیمەنەکانمان لە سەکۆی دواوە بە چاکی دەبینی، ناتوانم بە دوو سێ وشە وەسفی بکەم، ئەگەر یەکێك بیەێت لە بارەیەوە بنووسێت دەبێت بە سەعات پەڕە ڕەش بکاتەوە، وا چاکترە خۆم ڕووبەڕوو بۆتان باس بکەم.

دوێنێ نەمتوانی نامەکە تەواو بکەم، سەر لەئێوارەی دوێنێ نزیکەی هەشت میل بە پێ ڕۆیشتین، لە دۆڵیانێکی بچووکی سەرنجڕاکێشدا گەڕاین، جادەی نەبوو. دەبوو بەسەر بەردا بڕۆین، ماندو بوومو ئیدی نەمتوانی هیچ بنووسم، ئەمڕۆ سەعات شەشی بەیانی هەستام، کەمێك گەڕام، هەندێك کارم کردو بۆ یەکەمجار خۆم شت،

---

[١٧] Saint Nisa

حەوزێکی چاك لە باخەکەماندا هەیە کە سەرچاوەی بەناوبانگی "مسخەت"ی تێدەڕژێ ١٠ تا ١٢ پلەی سانتیگراد گەرمە، ئەگەر لە حاڵو بارێکی خۆشدا بوومایە هەر لە یەکەم ڕۆژی گەیشتنمەوە بۆ ئێرە کەڵکم لێدەبینی، نزیکەی دوو هەفتە حاڵم باش نەبوو.

ڕێگای "قەوقاز" هەزاران ساڵ درێژەی کێشا، لێرە سەفەرکردن هەرگیز ئاسان نیە، دوو ڕۆژ لە "کازبك" چاوەڕێمان کرد شەمەندەفەرمان دەست نەکەوت، ناچار بووین شتەکانمان لە باوەش بگرینو سواری ئۆتۆبوس بین، وەلێ سەفەرێکی خۆش بوو، یانزە کەسێك بووین کە نەمانتوانیبوو بلیتی شەمەندەفەر بەدەست بێنین، بە هەموومان گروپێکی بەختەوەری بچووکمان دروست کرد، ڕۆژێکی تەواوم بە نیوە گیانیو سەرئێشەیەکی زۆرەوە لە "کازبك" بەسەربرد، ئەسڵەن نازانم بۆچی ئەمانەت بۆ دەنووسم؟ بێزاربوویت؟ ئەگەر وایە لێم ببوورە، ئیدی ئەو کارەی ناکەم (...) خۆشەویستیم بۆ دایکتو خوشکت (...) بیگەیەنە، دەستەکانت دەگوشم.

ئۆلگا کنیپەر

ئایا دیسانەوە نامەم بۆ دەنێریت؟ بەڵکو ئەمە خوایە مێشێك لە "میلیخۆڤ" هەڵفرێت.

* * *

چیخۆڤ

١ ژوڵای

مۆسکۆ

تۆ بەتەواوی لەسەر هەقیت، "چیخۆڤ"ی نووسەر "کنیپەر"ی ئەکتەری فەرامۆش نەکردووە. ئەو دەربارەی پێشنیازی سەفەرکردنەکە لە "باتومی"ەوە بۆ "یالْتا" زۆری پێباشە. من بۆ ئەم کارە سێ مەرجم هەیە:

یەك: لەگەڵ گەیشتنی ئەم نامەیەدا، بێ چرکەیەك دواکەوتن، دەوروبەری ئەو ڕۆژەم بۆ دەستنیشان بکە کە دەتەوێت "مسخەت" بەجێبێڵیو ئەمەم بۆ تەلگوراف بکە. تەلگورافەکەتان شتێك بێت لەم بابەتە: مۆسکۆ، "چیخۆڤ" بیستەم. ئەمە وا دەگەیەنێت کە تۆ ڕۆژی بیستەم لە "مسخەت"ەوە بەرەو "باتومی" دەڕۆیت. دووەم مەرجم ئەوەیە کە من بە "تفلیس"دا تێناپەڕمو یەکسەر دەڕۆم بۆ "باتومی" و لەوێ تۆ دەبینم. سێیەم مەرجم ئەوەیە کە داوات لێدەکەم لەوێ زۆر سەرم لێ نەشێوێنیت. "ڤیشنیڤسکی" وا دەزانێت من مرۆیەکی ماقووڵو هاوسەنگم، من حەزناکەم وا بیر بکاتەوە، منیش وەك خەڵکانی دی قابیلی هەڵەکردنم.

هەرکە تەلگورافەکەتانم پێگەیشت نامە دەنووسم، هەموو شتێك زۆر باش دەڕوات. هیوادارم تەندروست بیتو دەستت دەگوشم. سوپاس بۆ نامەکەت.

**دڵسۆزت ئا، چیخۆڤ**

دەمانەوێت ماڵەکەی "میلیخۆڤ" بفرۆشین. وەك بیستوومە موڵکەکەی "کریمە"م لەم وەرزەی ساڵدا لە هاویندا زۆر خۆشە. دەبێت بۆ ماوەیەك بێیت بۆ ئەوێ. چووم بۆ پترۆزبورگو دوو وێنەم تیا گرت. وێنەکان زۆر جوانن، هەریەکەیان بە ڕۆبڵێك دەفرۆشم، پێنج دانەم بۆ "ڤیشنیڤسکی" ناردووە، کە گەیشتە دەستی دەبێت پارەکەیم بۆ بنێرێت.

دەربارەی ڕێکەوتنەکەمان وا چاکە ڕۆژی پانزەهەم تەلگورافم بۆ بکەیت، بەڵام هەرچۆنێکە لە بیستی مانگ تێنەپەڕێت.

* * *

## کنیپەر، یاداشت

لە کەشتیەکی هەڵمیدا لە "نوڤۆبروسیسك"[١٨] لە دەوروبەری بیستی ژولایدا یەکترمان دیو پێکەوە چووین بۆ "یالْتا" لەوێ من چوومە ماڵی دکتور "سیردین"[١٩] و خێزانەکەی کە ئاشنای کۆنی خێزانەکەمان بوو، "چیخۆڤ" لە هوتێل "مارینا"[٢٠] لە کەنار دەریا ژوورێکی گرتو، هەموو ڕۆژێك بۆ سەردان لەو خانووەی خەریکی دروستکردنی بوو دەچوو بۆ "ئایوتکا"[٢١]، چیخۆڤ کەم خۆر بوو، خۆی ماندوو دەکرد، چەند منو دوکتۆر سیردین بە بیانووی جیاوازەوە دەمانویست هەڵینێیینە سەرخواردن بەڵام سوودی نەبوو. چیخۆڤ بۆ میوانداری نەدەچوو. هەرچەندە سیردینی خۆشدەویست، بەڵام بێجگە لە ماڵەکەی خۆی لە جێگای دی هیچی نەدەخوارد.

ئەو شوێنەی چیخۆڤ بۆ خانوو دەستنیشانی کردبوو دوور لە دەریاو بەندەرو شار بوو، شوێنێکی تا بڵێی کەوێرو بێجگە لە دوو سێ درەختی هەرمێ هیچی تیا نەبوو، بەڵام لە ئەنجامی هەوڵو عەشقی زۆری ئەوەوە بۆ زەویو ئەوەی دەشێت لەوێدا

---

[١٨] **Novobrossisk**

[١٩] **Serdin**

[٢٠] **Marina**

[٢١] **Autka**

بڕوێت ئەو زەویە وشك‌و كەوێرە وردە وردە بوو بە باخێكی زۆر جوان‌و قەشەنگ. چیخۆڤ خۆی سەرپەرشتی دروستكردنی خانووەكەی دەكرد.

من‌و چیخۆڤ لە مانگی ئۆگەستدا بە گالیسكە لە ڕێگای "ئای- پتری"[٢٢] تا "باخچەسەرای"[٢٣] ڕۆیشتین بۆئەوەی لەوێوە بڕۆین بۆ مۆسكۆ، لە ڕێگا گالیسكەكە بە تەكانی نەرم چۆم‌و ڕووبارەكانی دەبڕی، هەوا پڕ لە بۆن‌و بەرامەكەی دار سنەوبەرمان هەڵدەمژی‌و چیخۆڤیش بە دەنگە تەنز ئامێزو ئارامەكەیەوە دەدوا، كە خۆری ئەو مانگە داخ دەبوو بێ حاڵی دەكردین‌و وەنەوزێكمان دەدا. بەدەربەندی خەیاڵ ئەنگێزی "كۆكوز"[٢٤] دا تێپەڕین، ئەو جوانیە ئەفسوناویە گەلێك خۆش بوو.

لەسەر ڕێماندا بە پاڵ نەخۆشخانەیەكدا تێپەڕین كە نزیك بە شەقامەكە بوو، كۆمەڵە خەڵكێك لەسەر سەكۆی بەردەرگای خەستەخانەكە وەستابوون‌و دەستیان بۆ ڕادەوەشاندین‌و بە دەنگی بەرز هاواریان دەكرد.. ئێمە سەرگەرمی قسە بووین‌و بێ گوێپێدان ڕێگامان دەبڕی. ئێمە لە بیری ئەوەدا نەبووین كە بشێت ئەوان كارێكیان پێمان هەبێت، وامان دەزانی شێتن، بەڵام دوایی دەركەوت شێت نەبوون. ئەوانە چەند پزیشكێك بوون كە لە "یالْتا" ناسیمانن‌و دەیانویست لایان لابدەین. چیخۆڤ چەند ڕۆژێك لە مۆسكۆ مایەوە، لە كۆتایی ئۆگەستدا (٢٦) گەڕایەوە "یالْتا" و كەوتینەوە نامەنووسین.

* كنیپەر پرۆڤەی وەرزیی ١٨٩٩-١٩٠٠ی بە شانۆگەریەكانی "مەرگی ئیڤانی ترسناك" دووەم بەشی لە سیێنەی "ئالكسی تۆلستۆی"[٢٥] "درامای هانچل"[٢٦] و

[٢٢] **Ai-petri**

[٢٣] **Bakhchisaraya**

[٢٤] **Kokkoz**

[٢٥] **Alexei Tolstoy**

"مرۆڤە تەنیاکان"ی "گێرهاردهاپتمن"[٢٧] و "خاڵ ڤانیا"ی "چیخۆڤ" و "شەوی دوانزەهەم"ی "شکسپیر" دەستپێکرد.

کنیپەر

٢٩ ئۆگەست

مۆسکۆ

چوار ڕۆژە ڕۆیشتوویتو وای دەبینم حەز بکەم نامەت بۆ بنووسم. زۆر زووە؟ بەڕاستیی دوێنێ بۆ ئەوەی لەگەڵتا بپەیڤم دڵم بە جۆش هاتبوو، حاڵم زۆر باشبوو، عەسری رۆژی شەممە ڕۆژی دڵخواستی هەفتەی منە، دەنگی زەنگی کڵێسا ئاسوودەم دەکات (گوێم لە دەنگتە کە دەڵێیت ئای ئەڵمانیی هەستۆکی (احساساتی)) لە ماڵی ئێوەوە گوێم لە زەنگی پەرستگای "ستراستۆن"[٢٨] بوو، بیرم لە تۆ کردەوە، بەڵام نەمتوانی هیچتان بۆ بنووسم. "نمیروڤیچ" لە دوای پرۆڤەکە لەگەڵما هاتو زۆر لامان مایەوە.

چیخۆڤی بەرێزو ئازیز، هاورێی خۆشەویست، دەزانیت ڕۆڵی (ئانا)یان لە شانۆگەریی "مرۆڤە تەنیاکان"دا بە من سپاردووە!! دەتوانیت بیر لەوە بکەیتەوە کە چەندە خۆشحاڵم! (...) لە بارەی شانۆوە ئیتر بەسە، پاشان دێینەوە سەری.

دوای ڕۆشتنت حاڵم باش نەبوو، دڵم پڕبوو لە خەم، ئەگەر "ڤیشنیڤسکی"م لەگەڵدا نەبوایە دەگریام، ئیدی نەمتوانی بنووم، بە خەیاڵ لەگەڵ تۆدا سەفەرم دەکرد،

---

[٢٦] **Drayman Henschel**

[٢٧] **Gerdhard Hauptman**

[٢٨] **Strastone**

حاڵت چۆنە؟ سەرمات نەبوو؟ هاوسەفەرەکانت چۆن بوون؟ بێزارکەر، ئاسایی یان باش بوون؟ ئەم پرسیارانە لە مێشکمدا گڕ دەخۆن، هیچ وەڵامیان هەیە؟

ئەو سەبەتە چکۆڵەو جوانەی توێشووی سەفەرەکەتان بەکەڵکت هات؟ شیرینیەکانت تاقی کردەوە؟ بەسە، خەریکە ماندووتان دەکەم.

دوای ئەو شیٚو هەورە نزمو خۆڵەمێشیەی ئێرە، دەبێت باشور ئێوەی هێنابێتەوە سەر خۆتان، بینینی خۆرو دەریای بریسکەداری باشوور گیانێکی تازە بە مرۆڤ دەبەخشێت، سەرقاڵی خانوو کردنیت، دەزانم دەتەوێت بچیت بۆ "سینانی"[٢٩]، لە کەنار دەریادا پیاسە دەکەیتو لە ئاوەکانی ئەویٚ دەنۆشیت، بەڵام کنیپەری ئەکتەرت لەگەڵدا نیە.

ڕۆژێك دوای ڕۆیشتنی تۆ، "ئەکتەر"[٣٠] ئەمەندە خەمبار بوو، لەگەڵ ئەوەیشدا کە بەڵێنی دابووە خوشکت، سەری لە ماڵەوەتان نەدا، ڕۆژی هەینی هەر لە جێگادا بوو تا بە سەرئێشەیەکی زۆرەوە تێی پەڕاند، دوێنیٚ خوشکت لێرە بوو، گوێم لە دەنگە خۆشو ئارامەکەیو پێکەنینەکەیەتی، زۆرم خۆش دەوێت.

دوێنیٚ لە پێش پرۆڤەدا چووم بۆ ماڵتان (...) لە ژووری کارکردنتا قەنەفەیەك هەیە، وێنە گەورەکەت بەسەر دیوارەکەوە زۆر دڵگیرە، من بۆ ئەو قەنەفەیە، ڕاست بەرانبەر وێنەکەت، بلیتێکی وەرزیم بڕیوە کە هەمیشە دەبێت بێمو لەوێدا دابنیشم، دوێنیٚ پرۆڤەی "ڤانیا" نەکرا. "نیمروڤیچ" هات، دەفتەری بەڕێوەبەریە گشتیەکەی خۆی کردەوەو دوای چەندو چونێکی زۆر پرۆڤەی دوێنیٚ دواخرا. عەسری دوێنیٚ هەموو تیپەکە، بەخێرهاتنەوەی

---

[٢٩] Sinani

[٣٠] لە نامەکاندا چیخۆڤو ئۆلگا بەردەوام بە ئاوەڵناوی "نووسەر" و "ئەکتەر" یەکتر ناودێردەکەن.

"ستانسلاڤسکی"یان کرد، حاڵی زۆر چاکتره، چالاك، به وزەو توانا بوو، ئەمڕۆ "ئیڤانی ترسناك"مان پێشکەش کرد. تێکڕا ستافەکه چاکبوون. "سانین" ئەوەنده چووبووه دەورەکەیەوه زۆری نەمابوو به پشتا بکەوێت.

ئەمڕۆ منو خوشکت چووین بۆ "مالی" بۆ ئەوەی دوا پرۆڤەی "ئیگمونت"[٣١] ببینین "فدوتوڤا"[٣٢] ئێمەی له ریزی دووەما دانا، له پێش سەرانو بەڕێوەبەران "تلیاکوڤسکی"[٣٣] و "نیلدۆڤ"[٣٤] و هاوڕێکانیانەوه.

من دەمتوانی به جوانی بیانبینم، شانازییەکی تەواو! که باری سەرنجی خۆیان دەردەبڕی به زۆر بەرمان له پێکەنینی خۆمان دەگرت. ژێر چەکمەکانی "یوژین"[٣٥] زۆر سپی بوو، کورسیەکه خراپ بوو، پشتێنه بارانیەکەی "یوژین"یان پێ خۆش نەبوو، یەك وشەیان دەربارەی نواندنەکه نەوت. ئەی حاڵەتی دەموچاویان! یادی تۆو باسەکەتم کردەوه که دەربارەی "خاڵ ڤانیا" کردت. لەناوەوەمدا خەریك بو له پێکەنیندا لێك ببمەوه "فدوتوڤا"ی بێچاره فرمێسکی دەڕشت، به ڕاستیی دەگریا، هەر تەواو به ڕاستیی، چونکه ئەو چیرۆکه مێژوویيه به ڕاستیی ڕوویداوه. لەم سەردەمەدا ئیدی کێ دەتوانێت گوێی له وشەکانی له بابەتی "مەرگ له ڕێی نیشتماندا" بگرێت؟(...) تۆیش نەتدەتوانی بۆ تەنیا چرکەساتێك لەگەڵماندا له پاڵ ئەم هاوڕێ تازانەدا بیت.

---

[٣١] **Egmont**

[٣٢] له ئەکتەره دیارەکانی (مالی)و مامۆستای نواندنی ستانسلاڤسکی.

[٣٣] **Telyakovsky**

[٣٤] **Nelidov**

[٣٥] **yuzhin**

بێگومان تیا دەچوویت. "کوندراتیف"[٣٦]م بینی، زۆری پیا هەڵدام‌و هانیدام بچمە تیپەکەیانەوە. بە کورتی دەتوانم بڵێم کە لە ماهیەتی ڕاستەقینەی هونەر شناسان شارەزا بووم. جەنابی نووسەر، دیارە دەمەوێت سەرتان بیەشێنم، وانیە؟

ئەگەر پێت باشبوو نامەیەکی کورت‌و خۆشم بۆ بنووسە، ئەگەر حەزیشت لێنەبوو هیچ (...) هەموو ڕۆژێك نانی نیوەڕۆ دەخۆیت؟ کەواتە باش بنوو، چاك بخۆو ئاگات لە تەندروستی لەشت بێت.. دەستت دەگوشم.

ئۆلگاکنیپەر

* * *

چیخۆڤ

٣ سێپتەمبەر

"یالتا"

ئەکتەری ئازیز، من وەڵامی هەموو پرسیارەکانت دەدەمەوە. سەفەرەکەم باش بوو، هاوسەفەرەکانم ڕێگایاندام لە قەرەوێڵەی خوارەوەدا بنووم. پاشان تەنیا من‌و ئەمریکاییەکی لاو لە فارگۆنەکەدا بووین. ڕۆژانە چەند جارێك و هەر جارەی چەند کوپێك چام دەخواردەوە، هەموو ئەو شتانەی لەناو سەبەتەکەدا بوون خواردمن، بەڵام وا دەزانم کە دەست بە سەبەتەو لە وێستگەکاندا بەملاو بەولادا گەڕان بۆ ئاوی گەرم، بۆ مرۆڤ گەلێك سووکەو زیان بە ئابڕووی شانۆی هونەری دەگەیەنێت. هەوای "کۆرسك"[٣٧] سارد بوو، وردە وردە گەرمی کردو کە گەیشتینە "سڤاستۆپۆل"[٣٨] ئیتر تەواو گەرم بوو، لە "یالتا" چوومەوە ماڵەوە، ئێستا لەگەڵ سەگە وەفادارەکەمدا "مستەفا" کە پاسەوانیم دەکات دەژیم، هەموو ڕۆژێك نانی نیوەڕۆ ناخۆم چونکە

[٣٦] **Kondrativ**

[٣٧] **Korsk**

[٣٨] **Svastopol**

شار لێرەوه دوورەو خواردن دروستکردن لەسەر وەجاخ بۆ ناوبانگی مرۆڤ باش نیه.
شەوان پەنیر دەخۆم (...) دیسان چوومەوه سەردانی دوکتۆر "سەردین" و خێزانەکەی. زۆر به خۆشییەوه تەماشای وێنەکەتیان کردو پێکەوه شیرینیمان خوارد، ئەویش حاڵی باشه، من ئیتر ئاوی کانزایی ناوچەیی ناخۆمەوه. چی تر؟ زۆر به دەگمەن دەچمه ناو باخ، له ماڵەوه دادەنیشمو بیر له تۆ دەکەمەوه. که به پاڵ "باخچەسەرا"دا تێپەڕیم یادی سەفەرەکەی هەردووکمانم کردەوه. ئەکتەری له ڕادەبەدەر ئازیز، خاتوونی گەلێك بەنرخ، خۆزگا دەتزانی خوێندنەوەی نامەکانت چ چێژێکم دەدەنێ، من بەرێزەوه سەرتان بۆ دادەنوێنم، تا ئەو ئەندازەیەی تەوێڵم له زەویی چاڵێك بدات که حەڤدە مەتر قووڵ بێت، خووم به تۆوه گرتووەو ئێستا زۆر خەمبارم، که بیر لەوه دەکەمەوه تا بەهار ناتبینمەوه خەریکه شێت بم (...) هەوای "یالتا" خۆشه، بەڵام لەم دوو ڕۆژەی دواییدا باران هێند دەبەنگانەو بێ وەستان دایکردووه هەموو لایەکی کردۆته قوڕو چڵپاو که ناچاری کردووین کەوشی لاستیك لەپێ بکەین، شێ هێند زۆره که هەزار پێ به دیواردا هەڵدەزنێو بۆقو بێچوه تیمساح لەناو باخەکاندا گەمه دەکەن. ماره ڕوو سەوزەکەی سەر گوڵدانەکه که تۆ پێتدام، من تا ئێره به سەلامەتی لەگەڵ خۆمدا هێنامو ئێستا خۆی لەبەر خۆر هەڵخستوه. هێزێکی دەریایی سوپا هاتۆته ئێرەو من به دووربین تەماشایان دەکەم. دەیانەوێت "ئۆپەرێتێك" لەسەر شانۆ نمایش بکەن، ئەم مێروه فێرکراوانەش له خزمەتی هونەری پیرۆزدان! پارەم نیه، میوانیش هەر بەردەوامه، زۆربەی کاتەکان تەمەڵت دەکەنو تەمەڵییش بێکەڵكو پووچه.

پشتی دەستان دەگوشمو ماچی دەکەم. تەندروست بیتو خۆشحاڵو شاد، کار بکه، چالاکبه، پڕ به له سۆزو گۆرانی بڵێو ئەگەر کاتیشت هەبوو کەمێك بیر لەم نوسەره بکەرەوه که هەمیشه له خزمەتت دایەو دڵسۆزانه دەستخۆشیت لێدەکات.

ئا. چیخۆڤ

* * *

کنیپەر

سەرەتای سێپتەمبەر

"مۆسکۆ"

سڵاوت لێبێت نووسەر، حاڵتان چۆنە؟ من تووڕەمو لەوە ڕەنجاوم کە تۆ ناتەوێت نامەیەك بنووسیتو ئەکتەرت فەرامۆش کردووە، هەرچۆنێکە خوا پشتو پەناتان بێت. هیوام شادیتانە، ئەمشەو شەوێکی نائاساییە، منو مانگەشەو، حەزدەکەم لە شار دەربچمو لە کەشێکی ئازاددا بژیم. تۆیش دێیت؟ خوات لەگەڵ، خوات لەگەڵ نووسەر، تەندروست بیت.

ئولگاکنیپەر

* * *

چیخۆڤ

٩ سێپتەمبەر

"یالتا"

(...)

سڵاو ئەکتەری بەنرخو ئازیز، سڵاو ئەی هاوسەفەری ئازیزی ڕێی "یالتا"! سڵاو ئەی بەختەوەریی من! "ماشا" دەڵێت نامەکەمت بە دەست نەگەیشتووە، چۆن دەبێت؟ من زۆر دەمێکە هەر لە دوای گەیشتنی نامەکەتەوە ناردومە.

حاڵت چۆنە؟ کاردەکەیت؟ پرۆڤەکان چۆنن؟ بە ڕاست هەواڵی تازە نیە؟ "ماشا" و دایکم هاتن، ڕاستە سێ کەسین بەڵام پێویستمان بە خانوویەکی گەورەترە، ئێرە بۆ ژیان دەشێت، تەلەفوون هەر سەعاتەو زەنگێکی بێزارکەر لێدەدات. بێ مۆسکۆیی بێزارت دەکات. هەروەها بێ تۆییش ئەکتەری ئازیز، کەی یەکتری دەبینینەوە؟

له "ئالیکساندەر لینسك"[٣٩] له (پترۆزبورگ)ەوە تەلگورافێکم پێگەیشت، دەیانەوێت "خالّ ڤانیا" بخەنە سەرشانۆ، دەمەوێت سەرێك له شارو بازاڕ بدەم، ئاگاداری خۆت بە، شادو بەختەوەر بیت، نووسەر له یاد نەکەیت، من لەبیر نەکەیت ئەگینا یان خۆم له ئاودا دەخنکێنم یان لەگەڵ مەغۆلی یەك چاودا دەبمە هاوسەر.

دەستەکانت چەند جارێك ماچ دەکەم.

ئانتوان چیخۆڤی هەمیشەییت.

* * *

کنیپەر

١٠ سێپتەمبەر

"مۆسکۆ"

دوێنێ ساڵێکی تەواو بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێپەڕی کە بۆ یەکەمجار بەیەکدی گەیشتین. له "هانتینگ کلاب" کاتێ پرۆڤەی "مەلی دەریا"مان دەکرد، له بیرته نووسەری ئازیز؟

کە بیستم بڕیارە نووسەر ئەو شەوە لەوێ بێت گیانم چ لەرزێکی تێکەوت، دەتوانیت لەوە تێبگەیت؟ کەچی وا ئێستا دانیشتووم و بێ هیچ ترسێك و تەنانەت بەوپەڕی دڵنیاییەوە نامە بۆ ئەو نووسەرە دەنووسم. ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر خۆشە. گەرمەو ئاسمان شینە. ئەگەر هەموو شتەکانم بە دڵ بێت دەمەوێت ئەمڕۆ بڕۆمە دەرەوەو بچمە ناو شارو هەوایەکی پاییزیی هەڵمژم. تا دەگەمە شانۆ چێژ له شەقامی "تورسکۆی"[٤٠] وەردەگرم، بە ڕاستی ئەو شەقامە لەم ڕۆژانەدا جوانە.

---

[٣٩] **Alexandoer Linsk**

[٤٠] **Torskoy**

منی داماو! شەقامەکان دەدەمە پێوە! دوێنێ زۆرم حەز لێبوو نامەت بۆ بنووسم، بەڵام تەنانەت دەقیقەیەك کاتم نەبوو، بەیانیەکەی پرۆڤەمان لەسەر "خاڵ ڤانیا" کرد. سەعات پێنج "ئیڤانی ترسناك" و پاشان ڕێك چووین بۆ قوتابخانەی "فیلارمونیك" بۆ ئەوەی لە بارەی "مرۆڤە تەنیاکان"ەوە لێدوان بکەین (...) ئەمڕۆ تەماشای پەردەی سێ‌و چواری "ڤانیا"مان کرد. بڕیارە سبەی دەست بە دوا پرۆڤەی "ترسناك" بکەین‌و پاشان تەواو بکەوینە سەر "خاڵ ڤانیا" ڕۆڵی "سۆنیا"[٤١] بۆ "لیلینا"[٤٢] ڕۆڵێکی زۆر مەزن دەبێت، بەڵام نازانم ڕۆڵی من لە "ئیلینا"[٤٣]دا چۆن دەبێت. من زۆرباش لەو تێدەگەم، بەڵام ئایا دەتوانم بە ئاسانی ڕۆڵەکەی ببینم؟

"سارا مورزۆڤ"[٤٤] هەمیشە لەوێ چەقیوە، ئامادەی پرۆڤەکان دەبێت‌و تا شەو دەمێنێتەوەو تەواو خۆی ماندوو کردووە. بێگومان هەموومان بەم کارەی پێدەکەنین.. لام وایە بەم زوانە یەکەم نمایش دەکات، بەڵام چۆن، خودا دەیزانێت. بەلای ئەوەوە منیش ناتوانم ڕۆڵی "ئیلینا" ببینم، چونکە من وەك ئەو مێردێکی خراپم نیەو ئەزموونی ڕۆڵەکە ناکەم، منیش بڕیارم داوە بە دوای مێردێکی وادا بگەڕێم، هیوادارم یارمەتیم بدەیت. ئەم کارەم بۆ دەکەیت؟ لە ڕاستیدا ئەمە لە بەرژەوەندی نمایشنامەکەی تۆیشدایە. ئەگەر کارێکی وام کرد لەوانەیە ئیدی ببمە ئەکتەرێکی زۆر سەرکەوتوو (...) سوپاس بۆ وێنەو شیرینیەکان‌و سوپاس بۆ نامەکەیشت. دڵم بۆ تاقە دێڕێکیش خەریکە دەبێت بە خوێن، نارەحەت بووم، وام دەزانی ئیتر ناتەوێت نامەم بۆ بنووسیت، تۆ وا بیرناکەیتەوە کە هۆگرت بووبم؟ لەسەر هەموو شتێك بۆم بنووسە، هەموو شتێك

---

[٤١] **Sonya**

[٤٢] **Lilina**

[٤٣] **Elena**

[٤٤] **Sara Morozov** هاوڕێی ستانسلاڤسکی‌و یەکێك لە گەورە هاوکارانی شانۆی هونەری مۆسکۆ کە زۆر یارمەتی ماڵی پێ دەکردن.

(...). خۆشحاڵم خانمەکان خواردنت بۆ دەکەن، چونکە دەزانم ئەگەر هەروا واز لە نووسەر بهێنیت هیچ ناخوات، هەموو رۆژێکیش چوون بۆ شار کێشەیە، وانیە؟ کەواتە تا نامەی داهاتوو هەوڵ بدە بێتاقەت نەبیت. بخۆ، لە باخەکەدا دابنیشەو بیر لە من بکەوە، دەستت بە کار کردوە؟

سلاوم بە خوشکتو دایکت بگەیەنە، هیوادارم هەموو شتێك بە باشیو خۆشی بەڕێوەبچێت. بە خەیاڵ دەستت دەگوشمو گۆنای ڕاستت ماچ دەکەم، شادبیت.

ئۆلگاکنیپەر

* * *

کنیپەر

٢١ دیسەمبەر

"مۆسکۆ"

وا دەزانم ساڵانێك بەسەر ئەو نامەیەدا تێپەڕیوە کە دواجار بۆم ناردیت، نووسەری ئازیز، من وا هەست دەکەم کە تۆ ئیدی بیر لە من نەکەیتەوە. بۆ لێرە نیت؟ هەوای ئێرە گەرمە، بە ڕاستیی هاوینە، حەزدەکەم دوای پرۆڤە چایەکت لەگەڵدا بخۆمەوە، بە کاغەزی یاری فاڵ بگرمەوەو لەبارەی شانۆوە قسە بکەم. ئەم ڕۆژانە گەلێك سەرقاڵم. هەموو ڕۆژێك پرۆڤەیەو تەنیا ئەمڕۆ ئازادم. بەم زوانە شانۆگەریەکان دەستپێدەکەن، ترسناکە، هەموویان تووڕەن، بۆ یەکەم شەوی نواندنەکە تاقە بلیتێکیش نەماوە. بلیتەکانی "هنشل" هەمووی فرۆشراوە، یەکەم یەك شەممە "مەلی دەریا" پێشکەش دەکەین، چەندە بەتامە بینینی ڕۆڵی ئەو ژنە دزێوە. دەیانویست "شەوی دوانزەهەم"یش لە کۆتایی هەفتەدا نمایش بکەن، بەڵام من زۆر بە توندی ڕەتم کردەوە. بەیانیان "ڤیولا"[٤٥] بەو دەورە قورسەوەوەو بەو نواندنە

[٤٥] Viola

خێرایەو، عەسر "ئارکادینا"[٤٦] تەواو شەکەتم دەکات، هەر نابێت بیری لێ بکرێتەوە. ڕەنگە نمایشی کۆتایی هەفتەیان "ئانتیگونە"[٤٧] بێت. "خاڵ ڤانیا" بێ "ساتروف" و (ستانسلاڤسکی) پرۆڤە دەکەین. ئەو بە "ئیڤانی ترسناك"ەوە گیری خواردووە. گوایە پەردەی سێیەم هەمووی خرۆشاندوون. هێند بە گەرمی کاردەکەین و وا ئارەقە دەڕێژین دەڵێی کەس ناتوانێت بۆ چرکەساتێك بمانوەستێنێت. ئاهـ چیخۆڤی نووسەر، خۆزگا شەوی یەکەمی نمایشەکە تۆیش لێرە بویتایە، چەند خۆش دەبوو! بەڵام دیارە شتێکی لە "مۆسکۆ" باشترت پەیدا کردووە، تۆ لەگەڵ "یاڵتا" و "ماڵی خۆتان"دا ڕاهاتوویت. مۆسکۆو، شانۆی ئێمەو، ئەکتەرەکانت لە بیری خۆت بردۆتەوە(...)

ئۆلگا کنیپەر

* * *

کنیپەر

٢٦ دیسەمبەر

"مۆسکۆ"

ئەرێ نووسەری ترسناك تۆ شەرم ناکەیت کە پێم دەڵێیت "وەك مار پێوە دەدەم؟" ئەی نووسەری بەدخوو، من کەم دەنووسم؟ ئەگەر کەمیش بنووسم لەبەرئەوەیە کە دەترسم نامەکانم سەرت بخەنە ئێش، ئەگەرنا من ئامادەم زۆر زیاتر لەگەڵتا بپەیڤم (...)

ئەو ڕۆژەی دەست بە بلیت فرۆشتن کرا خەڵکیی لە نیوەی شەوەوە لە چاوەڕوانیدا بوون، ڕیز، باوەڕ نەدەکرا، نزیکەی ٢٥٠٠ کەس ریزیان بەستبوو، (...) تەنانەت تاقە بلیتێك بۆ شەوی یەکەمی "ترسناك" نەماوەتەوە، تێکڕا هەموو بلیتەکانی "ترسناك" و "مەلی دەریا" و "فیودور" فرۆشراون. هەموو شاگەشکە بووین،

---

[٤٦] **Arkadina**

[٤٧] **Antigona**

گەلێك خرۆشابووین (...) وا ئەزانم پێتان خۆش بێت بزانن کە "شالیاپین"[٤٨] لە کۆتایی پرۆڤەی "ترسناك"دا ئامادە بوو، ئەمەندەی لا باش بوو لە خۆشیا مشتەکۆڵەیەکی بە دیوارەکەدا کێشا. دیکوری شانۆی "ترسناك" بێ وێنەیە.

ئەمڕۆ حاڵم چاکترە، دوای نیوەشەو بوو کە لە دوا پرۆڤە گەڕامەوەو شتێکم خوارد، وا ئێستا بۆت دەنووسم دەبێت بێ دواکەوتن بڕۆم بۆ دوا پرۆڤەی "فیودور" لەگەڵ "فیودور"ی تازەدا. ئاوو هەوا ناجۆرە. سارد، بارانو بەفر.

ئەمڕۆ زۆر بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش پرۆڤەی "شەوی دوانزەهەم"مان کرد. خەریکە وردە وردە فێری دڵەڕاوکێی دنیای ژنی جوان، پێش خزمەتەکان، ماچ، نیگای دڵخوازانە، هێوری، سەفەر، خۆشەویستی، مۆسیقا، لەگەڵ شانۆی لێبوكو بێماناو تەنزی گرانی ئینگلیز دەبین. من بزانم نمایشنامەیەکی سەرنجڕاکێش دەبێت. ئەم هەفتەیە پرۆڤەی "خاڵ ڤانیا" ناکەین.

(...)

ئیتر دەبێ پەلە بکەمو بچم بۆ شانۆ، خوات لەگەڵ تا نامەیەکی تر. نووسەری ئازیز، لە من تووڕەمەبەو خۆشت بوێمو کەمێك لە بیری مندابە، وێنەیەکی خۆتم بۆ بنێرە بە ئیمزای خۆتەوە، با تا ڕادەیەك گەورە بێت، چونکە ئەم وێنەیەت کە لە ناوەڕاستی مێزەکەمدا دامناوە بچووکەو چاویشت غەمگین دەنوێنێت.

سڵاوی گەرمم بە دایكو خوشکت بگەیەنە

دەستەکانت دەگوشم

ئۆلگاکنیپەر

* * *

---

[٤٨] **Fyodor chaliapin** (١٨٧٣-١٩٣٨) گۆرانیبێژی بەناوبانگی ڕوسیو هاوڕێی "ستانسلاڤسکی" بوو، دەوری سەرەکی ئەو لە ئۆپێرای "گودنف"دا بوو لە "موسورگسلی"دا.

چیخۆڤ

**٢٩ ی سێپتەمبەر**

(یالْتا)

نامە هزرمەندانەکەتم لەگەڵ ماچێکی لاجانگی ڕاستداو نامەیەکی ترتان لەگەڵ وێنەیەکی خۆتدا پێگەیشت. ئەکتەری ئازیز گەلێك سوپاسگوزارم. ئەمشەو نواندن دەستپێدەکات‌و من لەوەڵامی نامەکەتاندا پیرۆزبایی وەرزی نوێی دەستپێکردنی شانۆتان لێدەکەم‌و ملیۆنێك هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

بەتەمابووم تەلگورافێکی پیرۆزبایی بۆ هەردوو دەرهێنەرەکە بنێرم‌و پیرۆزبایی لەهەمووانیش بکەم، بەڵام کە ئەوان خۆیان هەواڵێکیان نەدابیێ‌و تەنانەت راپۆرتی ساڵانەش، وەك ئەوەی کە ماوەیەك لەمەوبەر لە چاپەمەنییەکاندا بڵاوبۆوە، بۆیان نەناردبم‌و لەلایەکیتریشەوە ئەو ژنە (ڕێکسانڤا)[٤٩] هێشتا لە "مەلی دەریادا" دەور دەبینێت، لەبەر ئەمانە وام بە چاك زانی وایان پیشان بدەم کە لێیان زویرم، بۆیە پیرۆزبایی تەنیا لە تاقە کەسێك دەکەم.

لێرە کەمێك باران باری، وەلێ ئاسمان بێگەرد بووەوە، ئێستا هەوا ساردە، دوێنێ شەو ئاگر بەر بووەوە، لە بالکۆنەکەوە چاوم لە بلێسەی ئاگرەکە بڕی‌و بە شێوەیەك هەستم بە تەنیاییەکی ناخۆش کرد. ئێستا هەمیشە لە ماڵەوەم، لە ژووری نان خواردندا فراوین دەکەین‌و دەنگی پیانۆیش بەرزە.

یەك پوولم نیە، ئەگەر شتێکیشم هەبێت دەبێت لە خاوەن قەرزەکانمی بشارمەوە، ئەم حاڵەتە تا هاتنی "مارکس"[٥٠] لە دیسەمبەردا هەروا دەمێنێتەوە.

---

[٤٩] ڕێکسانڤا یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە ڕۆڵی (نینا)ی دەبینی، چیخۆڤ نواندنی ئەوی هیچ پێ خۆش نەبووەو پێشنیازی ئەوەی کردووە ناوەکەی لە لیستی بەشداریکەراندا لابەرن.

[٥٠] **Marx**

حەزدەکەم شانۆنامەیەکی جوانتان بۆ بنووسم، بەڵام بە بیرمدا نایەت. بۆ ڕۆژی کردنەوە نە شانۆگەرییەکم هەیەو نە شتێکی تازەی سەرنجڕاکێش کە سەرقاڵی بم. هەر ئەوەم هەیە کە هەیە. چاوەڕێی هیچ شتێك نیم، بێجگە لە گۆڕینی ئاووهەوا کە دەشێت لە هەر چرکەساتێکدا ڕووبدات.

لە "ئەلکساندەر لینسکی"[٥١] "ئیڤانۆڤ"و "مەلی دەریا" نمایش دەکەن، هیوادارم تەندروست بیت ئەکتەری ئازیز، خانمە بێ وێنەکە، خودا یاوەرتان بێت، هەردوو دەستت ماچ دەکەمو سەرم لە بەردەمتدا دادەنەوێنم. لە بیرم نەکەیت.

دڵسۆزت

ئا. چیخۆڤ

* * *

کنیپەر

٢٩ دیسەمبەر

مۆسکۆ

خەوم نیە، شانۆگەری "ترسناك"مان نمایش کرد، هەموومان هەستێکی زۆر خراپمان تێگەڕا، هیچ ڕووناکیەکم لە زەینا نیە، وەلێ گومانم لەوە نیە کە نەدەبوو کردنەوەی وەرزی دووی شانۆی هونەری بەو شێوەیە بێت. لە پێش هەموو شتێکەوە "ستانسلاڤسکی" نەخۆشە، ئەو ویستی لە پێش نمایشەکەدا هەواڵی نەخۆشیەکەی ڕابگەیەنرێت، ئەگەرچی گشت گروپەکە لەگەڵ ئەو ڕایەدا نەبوون، ئەمە کاریگەرییەکی ناخۆشی لەسەر بینەر دەبێت، خەڵکی پەرۆشە خودی نمایشەکە ببینێت (...) جەماوەر زۆر بە ساردیەوە پێشوازی لە نمایشەکە کرد، پشتی پەردەیش دۆخێکی زۆر نائارامی هەبوو، من ئەم شتە تەنیا بۆ تۆ، جەنابی چیخۆڤی ئازیز،

---

[٥١] **Alexander Linsky**

تەنیا بۆ تۆ دەنووسمو بەس. حەتمەن تۆ باشتر دەرك بەوە دەكەیت كە دەڵێم چی، ناتوانم بلێم تا چ ڕادەیەك بێزارو نارەحەتم، ئێستا هەمو شتەكان بەسەریەكدا تێك چرژاونو سبەی خراپتر دەبێت (...) "نیمروڤیچ" ڕاستی كرد، دەبوو ئێمە ڕۆژی كردنەوەی شانۆمان بە "خاڵۆ ڤانیا" دەستپێبكردایە. لە ئێستاوە دەزانم سبەینێ ڕۆژنامەكان چۆن دەمارمان دەردێنن، ئەوان پێشتریش لە دەرفەتێكی وا دەگەڕان.

(...)

ئێستا بەرچاوڕوونیەكت هەیە، چەند ناخۆشە باس لە هەڵەو كەمو كورتیەكانی شانۆی خۆشەویستو تازەمان بكەین. بەوە دڵخۆشی خۆم دەدەمەوە كە نمایشی ئایندەمان ئەم هەستە ناخۆشە ناهێڵێت. تۆ بەتەواوی ئەكتەرەكەتت لەبیر چۆتەوەو ناتەوێت هیچی بۆ بنوسیت، ئەمە ئازار بەخشە. ئەی بۆ بێدەنگیت؟

ئەكتەرە خەمگینەكەت

* * *

چیخۆڤ

٣٠ سێپتەمبەر
"یاڵتا"

(...)

ئاووهەوای "یاڵتا" لەپڕێكدا ساردی كرد، (...) زۆرم پێ خۆش دەبوو ئێستا لە مۆسكۆ بوومایە. ئەكتەری ئازیز، من وێنەم بۆ نەناردوویت چونكە وێنەم لە خۆتەوە پێنەگەیشتووە، ماری ئازیز؟ من هەرگیز نەموتووە تۆ وەك "مار پێوە دەدەیت" بەڵام تۆ وەك مارێكی گەورە، وەك مارێكی مەزن وایت، ئایا ئەمە پیاهەڵدان نیە؟.

دەستەكانت دەگوشمو ئەوەندە سەرمت بۆ دادەنەوێنم تا بە زەویەوە بنووسێت. خانمی زۆر بەڕێز، بەم زووانە دیاریەكی ترت بۆ دەنێرم.

دڵسۆزت ئا. چیخۆڤ

* * *

کنیپەر

٢ ئۆکتۆبەر

"مۆسکۆ"

دوێنێ "مەلی دەریا"ی ئازیزمان خستە سەر شانۆ، بە خۆشحاڵیەوە نمایشمان کرد. شانۆکە پڕ بوو(...) نواندنەکان باش بوون، "ستانسلاڤسکی" دەڵێت ڕۆڵی من هەرگیز وا چاك نەبووە، ئەو دیمەنەی کە "تریگۆرین"[٥٢]ی تیایە ئێستا باشترە، لە یەکەم دیمەن زۆر ڕازی نیم. تووڕە دەبم و بە پەرۆشەوە جووڵەکانم بەجێ دێنم. نوسەری ئازیز لەم لایەنەوە دڵنیا بن، دەڵێن دوێنێ "رکسانڤا" زۆر باش بووە، شوێنی وەستانەکانی چاك ئەنجامداوە، بۆڵەی نەکردووە، "مایرهولد" پێی وتم تێکڕای بینەران بە حاڵەتێکی جیاجیاوە گوێیان لێدەگرت. پەردەی سێیەم ئاسایی بینەرانی زۆر خەمبار کردو پەردەی چوارەم زیاتر چێژی دانێ و وروژاندنی.

ئەو نامەیەم لەبارەی شانۆگەریی "ئیڤانی ترسناك"ەوە کە پڕ بوو لە نائومێدی گەیشتە دەستان؟ هەڵوێستی ڕۆژنامەکان زۆرباش بوو، لەملاو ئەولاوە ڕەخنەی چاك نووسرا، مانای وایە شانۆکەمان ئیتر ڕەگاژوەو من بەمە زۆر خۆشحاڵم، باری تەندروستی ستانسلاڤسکی هێشتا تەواو باش نیە، هەرچەندە دوێنێ لە ڕۆژانی دی باشتر دەوری دەبینی. ژەنراڵ "ترپوف"[٥٣] ئەو دیمەنەی قەدەغەکردووە کە "ئیڤان" لە کڵێسە دێتە دەرەوە، ڕێگا نادات ئەندامی دەستەی ئەمینداریەتی کڵێسە درودی میحراب بخوێنێت، یان ناهێڵێت چرای ئەیقونەکان بخەینە سەرشانۆ، تۆ دەڵێی چی؟ ئایا ڕوسیا وڵاتێکی شکۆمەندە! هەروەها وتوویانە دەبێت پەردە پێش ئەوە داگیرێت

---

[٥٢] **Trigorin**

[٥٣] سەرۆکی پۆلیس

کە خەڵکی "کریکین"[54] پارچەپارچە دەکەن. من لەگەڵ ئەمەیاندام، سەرشانۆ زۆر واقیعیو رەقە، من لە پرۆڤەکاندا دەچوومە دەرەوە، قێزەون بوون! بە هەموو ئەمانەوە "ترسناك" فرۆختێکی باشی هەیە، ڕۆژی دوو شەممە ئیدی کار لەسەر "خاڵ ڤانیا" دەکەین.

بۆچی بۆم نانووسیت؟ هەست بەوە ناکەیت پێویستت بە نووسین هەبێت؟ یاخود ناتەوێت بنووسیت؟ بمبوورە کە ئەم هەموو پرسیارانە دەکەم (...) ئاگاداری تەندروستی خۆت بە، بگەڕێ، هەوا پاکەکەی باشوور هەڵمژە، دەستت لە نێو دەستمدا دەگوشم، ماچێکی ڕاستەقینەم بۆ "ماشا"، دڵسۆزیەکی قووڵم بۆ دایکت. منیش لەمەودوا زوو زوو دەنووسم.

دڵسۆزت ئۆڵگا کنیپەر

* * *

چیخۆڤ

٤ ئۆکتوبەر

"یالْتا"

ئەکتەری ئازیز، بێگومان تۆ لە نامە خەمگینەکەی خۆتا بە ڕاستیی زێدەڕۆیت کردووە. ئەوە بە تەواویی ڕوونە، چونکە ڕۆژنامەکان لەبارەی شەوە بەراییەکانی نمایشەوە زۆر میهرەبانانە شتیان نووسیبوو. هەڵبەتە دەشێت دوو یان سێ نواندنی خراپی تێکەوتبێت. وەلێ ئەوە ناکرێ ببێتە هۆی بێزاریو شەو نەخەوتنت، هونەر، بە تایبەتی شانۆ، بوارێکە هەرگیز بێ قۆرت و خزان نابێت، هێشتا ڕۆژانی شکستی زۆرت لەرێدایە، تووشی گەلێك کێشەی ناجۆر دەبیت. زۆر نائومێدی ئەزموون

[54] Krikin

دەکەیت، وەلیٚ پێویستە خۆتیان بۆ ئامادە بکەیت، دەبێت چاوەڕیٚ بیتو نەکەویتو ڕێگای خۆت بەرنەدەیت، هەڵبەتە دەبێت تۆیش سوور بیت لەسەر کارەکەت (...)

بێگومان راستیش دەکەیت سیٚ چوار ڕۆژێکە نەخۆشمو لە ماڵەوەم.

ڕیزێکی دوورو درێژی ئەوانەی بێکارن دیدەنیم دەکەن، کەسانی بێکارو زۆربلیٚ لە هاتوچۆدانو بە تەواوی بێتاقەتیان کردووم، هەندێك جار توورە دەبمو خۆزگە بە جرجی ژێر تەختەی شانۆکەی ئێوە دەخوازم.

دوا نامەتان سەعات چواری بەیانیی نووسیبوو، ئەگەر دەزانیت (خالّ ڤانیا) تەواو بە دلّی ئێوە نیەو سەرکەوتوو نابێت، وا چاکترە بچیتە ناو جێگاکەتەوەو باش بنوویت. سەرکەوتن لە خۆتانی بابی کردوونو ئیدی شتی سادەو ئاسایی بە کەلّکی تۆ ناخوات.

(...)

وا چاکە کەمێك لەگەلّ ئەم ئەکتەرەدا دلّڕەقتر بمو ئیتر نامەی بۆ نەنووسم (...) هیوای تەندروستیت بۆ دەخوازم فریشتە چکۆلّەکە.

دلّسۆزت: ئا. چیخۆڤ

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٧ی ئۆکتوبەر

"یالّتا"

ئەکتەری ناودارو دەگمەنی ئازیز، سندوقچەیەکت بۆ دەنێرم تا زێڕو خشلّەکانتی تێبخەیت. لێم قبوولّ بکە. لە دوا نامەتدا گلەیی دەکەیت کە من ئەسلّەن نامە نانووسم. من زۆر نامەم بۆ نووسیویت، ڕاستە هەموو ڕۆژێك نا، بەلاّم لە نامەکانی تۆ زیاترە. (...).

❊ ❊ ❊

کنیپەر

١٥ ئۆکتۆبەر

"مۆسکۆ"

زۆر دەمێکە نامەم بۆ نەنووسیویت نووسەری ئازیزو بەڕێز. ڕقت لێم هەستاوە؟ نا تکایە مەتۆرێ، لە ڕاستیا خەتای منی تیا نیە، زۆر بێتاقەتم‌و هەنگوین لە دەمما ژەهری مارە، لە خۆم بێزارم، نەخۆش بووم، بۆیە نامەم بۆ نەنووسیویت. دەمتوانی چەند دێڕێکی لارو گەوێرت بۆ بنووسم، بەڵام ئەوە بەو مانایەیە کە تەنیا پێت بڵێم من زیندووم، هەموو شەوێك ڕۆڵم هەیە، تەنیا ئەو شەوانە نەبێت کە "هنشل" لەسەر شانۆیە. بە ڕۆژ پرۆڤەی "خاڵ ڤانیا"یە کە تا سەعات پێنج دەخایەنێت، دوایی لە سەعات ٦,٣٠ یشەوە دەبێت دیسان لە شانۆ بم، دۆخی شانۆ خراپەو هێشتا چاك نەبووە.

"هنشل" چاك بەرەوپێش دەڕوات، زۆر سەرکەوتووە، بەڵام فرۆختی باشی نیە.(...) شانۆگەریی "ترسناك" پارە پەیدا دەکات، بەڵام پێشوازی لێکردنی ساردە. ئەم هەفتەیە "مایرهولد" دەرکەوت، پرۆڤەیەکی باشمان لە "خاڵ ڤانیا"دا کرد، باری تەندروستی ئاستروف "ستانسلاڤسکی" باش نەبوو، بۆ پرۆڤە نەهات. "ستانسلاڤسکی"دەیەوێت هەموو سبەینێ بەیانی بۆ پرۆڤەی "خاڵ ڤانیا" تەرخان بکات. بۆ خواردنی نیوەڕۆ بچێتە چێشتخانەی "سلاڤیانسکی"[٥٥] و شەو بگەڕێتەوە شانۆ.. پێت خۆشە جەنابی چیخۆڤی نووسەر؟ "لیلینا"[٥٦] سەرپێچی کردووە، لەوە دەترسێت خۆی شەکەت بکات. بڕیارە بەیانی لەسەر تەختەی "ئاترۆف" پرۆڤە

---

[٥٥] ریستۆرانتێکی بەناوبانگی مۆسکۆیە کە مەکۆی هونەرمەندان بوو، لەوێدا بەرنامەی دروستکردنی شانۆی هونەری مۆسکۆ داڕێژرا.

[٥٦] لیلینا ژنی ستانسلاڤسکیە.

بکەین، شەویش یان لەسەر تەختەی شانۆ یان بە ئامێرەکانیەوە لە هۆڵی چاوەڕوانیدا پرۆڤەی دەکەین. بڕیارە لە چواردەی مانگدا نمایشی بکەین، هێشتا دیکۆر ئامادە نەکراوە. هەموو ئەم دواکەوتنانە بە هۆی شانۆگەری "ترسناك" و نەخۆشی "ستانسلاڤسکی"یەوەیە.

وا بڕیارە "خاڵ ڤانیا" وەك "مەلی دەریا" کە بۆ وەرزی پێشوو دانرابوو، لەم وەرزەدا نمایش بکرێت. ئەمە پێویستە، بەڵام جەنابی نووسەر با لە بیرت بێو، لە کاتی پرۆڤەدا ڕۆحتان لەگەڵماندا بێتو دوعامان بۆ بکەیت (...)

ئای چ مرۆڤێکی سەیرم! ئەم هەمووەم بۆ نووسیویت، کەچی هێشتا باسی ئەو سندوقچەیەم نەکردووە کە بۆت ناردووم، سوپاست دەکەم، تۆیش کوڕی باشیت جەنابی چیخۆڤ! بە ئەکتەرێکی سەرگەردانی شانۆی هونەر سنووقی (زێڕو خشڵ) دەبەخشیت! بە ڕاست ئێمە خشڵمان هەیە؟ من نامەی ئەو پیاوە هەرە خۆشەویستەی تێدەخەم کە لە یاڵتاوە بۆم دەنووسێت، بەڵام کەی بڕیارە وێنەیەکی خۆتم بە دووچاوی کراوەوە بۆ بنێریت؟ نەتتوانی وێنەیەکی وا وەك کوتوپڕیەك بخەیتە ناو سندوقچەکەوەو بۆم بنێریت! زۆر خراپ دڵم بۆ بینینتان تەنگ بووە، نابێت لە پێش بەهاردا بێیت؟ زۆر حەز دەکەم لێرە بویتایە، لەسەر قەنەفەکە بە ئیسراحەت دابنیشتیتایە، قاوەت بخواردایەتەوە (لەو قاوەیەی کە من زۆر بە خەستی دروستی دەکەم) خۆم و خۆت لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەمان بکردایە. لە بارەی شادی، لە بارەی خەم، بە کاغەزە ئازیزەکانم، کاغەزی دڕاوی یاری بەختم بگرتایەتەوە (...)

نازانم بۆ ئەو وێنەیەتم هەرگیز لەبیر ناچێت کە لە باڵکۆنەکەدا وەستاویت، لە دوور دەڕوانیتو هەست بە تەنیایی دەکەیت؟

بۆ هەندێك جار کە دەمەوێت شتی زۆرتان بۆ بنووسم کەچی ناتوانم؟ ئێمە جارێکی تر "مەلی دەریا"مان نمایش کردەوە، باشە (...)

شتێکی وای نەماوە بۆ سەعات ٣، کاتی خەوە، دوێنێ شەو ڕۆیشتم بۆ "مالی" بۆ بینینی "حسابە کۆنەکان"ی "بوبورکین"، نمایشێکی ترسناك بوو، زۆر خراپ بوو، بە خوشکت بڵێ دڵم گەلێك بۆی تەنگە، بە گەرمی ماچی دەکەم، بە تاسەوە چاوەڕێی هاتنیم. سڵاوم بە دایکت بگەیەنە، لەگەڵ ژیانی باشووردا لە چیدایت؟ نووسەری ئازیز، دەستت دەگوشم، سوپاس بۆ نامەکەتان، لەیادت بم.

ئۆلگاکنیپەرەکەت

* * *

کنیپەر

٢٣ ئۆکتۆبەر

"مۆسکۆ"

چ ئاووهەوایەکە ئەمڕۆ! ئارام، فێنك. هەتاوی خۆش، گەڵاو بۆنی ئازالیاو مۆردەکان کە ڕەنگێکی سەوزی هەرە قەشەنگیان گرتووە. تەنیا چیخۆڤی نووسەرە کە بەرەو ڕووم بە دوو چاوی خەماویەوە دانیشتووە، ئەم چاوانە من بەرەو شوێنێك دەبەن دوور لە مۆسکۆ، بەرەو فەزایەك کە بتوانم هەوایەکی ڕاستەقینە وەربگرم‌و خۆیشم بە چاوی ڕاستی ببینم، لێرە وام لێهاتووە سەر بە دیواردا بکێشم، وەك باڵندەیەکی ناو قەفەز وام، چی دەبوو ئەگەر چەند چرکەساتێك بە ئارامیەکی تەواوەوە، لە باخێکداو لەپاڵ تۆدا، لەسەر قەنەفەیەك دابنیشتمایەو بە ڕاستیی دەحەسامەوە.

ئەم ڕۆژانە گەلێك ماندووم، هەموو دوێنێ لە جێگەدا بووم‌و نەمتوانی دەست‌و قاچم بجولێنم، تەنانەت بۆ پرۆڤەی "خاڵ ڤانیا"یش نەچووم، ئەمڕۆ وا دەجوولێم دەڵێی لە نەخۆشیەکی گران هەستاومەتەوە، خۆزگا کەمێك بەختم یار بوایەو بمتوانیایە لە مۆسکۆ دەربچم‌و بمزانیایە چیم بەسەر دێ.

یەكەم پرۆڤەی "خاڵ ڤانیا"مان كرد، ئەمڕۆ دووەمو، سێیەم پرۆڤەیش ڕۆژی بیستو پێنج دەكەین. ڕۆژی بیستو شەشەمیش نمایش دەكرێت، هێشتا دیكۆری سێیەم پەردەم نەدیوە. تەواو نەبووە، هەمووومان نیگەرانین، گشت بلیتەكان فرۆشراون. پۆستەرەكەی سەرنجڕاكێشە، دیمەنێك لە دیكۆری پەردەی یەكەم، چەند ڕستەیەك لە "خاڵ ڤانیا" و وێنەیەكی چیخۆڤ. بیستوومە كاری "سیمۆف" زۆر بە باشی گەڕاوەو هێشتا نەمبینیوە. لە پەردەی دووەمدا بەڕاستیی دەنگی جوولەی لقو چڵی درەختو هەوره تریشقە لە دەرەوەی شانۆوە دەبیستین. دەترسم پێش یەكەم شەوی نمایش شتێك لەبارەی نواندنەكانەوە بڵێم، هەستم وام پێدەڵێت كە خەڵكیی چێژی لێدەكەن، هەڵبەتە تۆیش لە دڵەڕاوكێدایت، تەواو وەك ئێمە، هەر دوای نمایشەكە یەكسەر تەلگورافت بۆ دەكەم، لە بارەی كۆتایی دووەم پەردەوە ترسێكم هەیە. نووسینەكە بلیمەتیەكی ڕووتە، دوای پەردەی سێیەم ئەژنۆمان دەلەرزیو چۆقەی ددانمان دەهات، ئەو دیمەنانەم زۆر پێ خۆشە كە "ئاسترۆف"یان تێدایە.

ئێستا دەبێت بە پەلە بگەمە شانۆ، سەعات شەش پەردە لادەبرێت، زووتر لە جاران، سبەینێ نمایشی ئێوارانی دوا هەفتەی "مەلی دەریا"مان هەیە. خوات لەگەڵ جەنابی چیخۆڤی ئازیزو ئارام، چیخۆڤەكەم، هەر كە دەرفەتێكی كەمم هەبێت بەرهەمەكانت دەخوێنمەوە، ئەوەی ئەمڕۆ زۆرم حەزلێیە یادی ئەو سەفەرانەیە كە پێكەوە كردمانن، كەی بڕیارە یەكتری ببینین؟ دەستت دەگوشم، لە یادم مەكە.

ئەكتەرە چكۆڵەكەت

* * *

یەكەم شەوی نمایشكردنی "خاڵ ڤانیا" بیستو شەشی ئۆكتۆبەر بوو.

* * *

# کنیپەر، یاداشت

"خاڵ ڤانیا" ئەزموونێکی خۆش نەبوو، تا ڕادەیەك شەوی یەکەم شکستمان هێنا، هۆی چی بو؟ من وا دەزانم خۆمان بووین، نمایشکردنی شانۆی چیخۆڤ زۆر زەحمەتە، بۆ نواندنی ڕۆڵەکان تەنیا ئەوە بەس نیە کە ئەکتەر باش بێتو تەکنیکی هەبێت، دەبێت ئەو ئەکتەرە عاشقی چیخۆڤ بێت، بەرانبەری هەستیار بێت، دەبێت هەست بەوە بکات کە لە فەزای توێژێکی دیاریکراوی کۆمەڵگادایە، دەبێت عاشقی مرۆڤەکان بێت، وەك خودی چیخۆڤ ئەزموونی ژیانی ئەو کەسانە بکات کە دروستیان دەکات، ئێمە لە "خاڵ ڤانیا"دا بە تەواوی زاڵ نەبووین.

**("کنیپەر" و "دانچنکو" هەردووکیان هەوڵیاندا ڕاستیەکە لە چیخۆڤ بشارنەوە، لەوەیش دڵنیای بکەن کە نمایشەکە زۆر چاك بووە، بەڵام چیخۆڤ زۆر زوو پەی بە ڕاستیەکە برد).**

* * *

کنیپەر

٢٧-٢٩ ئۆکتۆبەر

مۆسکۆ

چیخۆڤی بەڕێز، نەمدەوەیست ئەمڕۆ نامەت بۆ بنووسم، باری ڕۆحیم تەواو خراپە. دوێنێ شەو "خاڵ ڤانیا"مان نمایش کرد، نمایشنامەکە سەرکەوتنێکی بەرچاوی هەبوو. پێویست بە وتن ناکات کە بینەران لە چ شەوقو خۆشیەکدا بوون. دوێنێ شەو تا بەیانی پێڵوم نەناوەتە سەریەكو ئەمڕۆ بچووکترین شت لە دینی دەردەکردم. نواندنی من زۆر ناشیرین بوو، بۆ؟ هەندێکی دەزانمو هەندێکی تری نا،

ئەمەندەم بیرۆکە لەسەردایە هەرگیز ناتوانم بە ڕوونی دەریان ببڕم، هەموویان وتیان لە دوا پرۆڤەدا زۆر چاك دەورم بینیوەو بەڵام ئێستا ناتوانم بڕوا بکەم. وا ئەزانم زۆر گرنگ نییە: ئەوان دەیانویست تێگەیشتنی خۆم لە "ئیلینا" فەرامۆش بکەم، لەبەرئەوەی "ستانسلاڤسکی" دەرهێنەر ئەو بۆچوونە پەسەند ناکاتو، من توانیم لە نواندنەکەدا بیروباوەڕی خۆم بسەپێنم. ئەوان دەیانویست کەسایەتیەکی جیاواز بکەن بە کوڵکی منەوە، دەیانوت ئەم نواندنە بۆ ئەو دەورە پێویستە، من ماوەیەك هیچم نەوتو تا کۆتایی هەر سەرپێچیم کرد، لە پرۆڤەکانی دواییدا ئارام بوومو، ڕەنگە هەر لەبەرئەوە بوویێت کە بە هێوریو سادەیی دەورم بینی. یەکەم شەوی نمایش بە شێوەیەکی ترسناك تووڕە بوومو دەیشترسام، هەرگیز پێش ئەوسا شتی وام بە خۆمەوە نەدیبوو، بۆ من سەخت بوو دەوری کەسایەتییەك ببینم کە بە زۆر بە سەرمدا سەپێنراوە. ئەگەر بمتوانیایە وەك خۆم دەمویست دەورم ببینیایە ڕەنگە شەوی یەکەم ئەوەندە دەستەوستان نەبوومایە. هەموویان لێرە لە نواندنەکەی من سەریان سوڕما (...) خودایا! زۆر هەست بە نائومێدی دەکەم، دەڵێی هەموو شتێك کاول بووە، نازانم پەنا بۆ کێ بەرم، تاوێك سەرم بە دیواردا دەکێشمو تاوێکی دی وەك بەرد بێ جووڵە دادەنیشم. نازانم ئەگەر دیسان ناچاربم بەرەنگاریی سەرسەختی دەرهێنەر بکەم چی ڕوودەدات. ئەمەیە کە ئارامو ئۆقرەی لێهەڵگرتووم. ئازار دەچێژم و قژی خۆم رادەکێشم، نازانم چی بکەم.

دوێنێ شەو نامەکەم تەواو نەکرد، لە ڕاستیا نەمتوانی تەواوی بکەم، ئەمڕۆ کەمێك باشترم، بەڵام هێشتا ناتوانم ڕووبەڕووی خەڵکی ببمەوەو هەر لە ماڵەوەم تەنیا چوومە ماڵی ئێوە، لەوێ دوو سەعات چاوەڕێی خوشکتانم کردو پاشان گەڕامەوە ماڵێ. ئەویش لەو ماوەیەدا هاتبوو بۆ ماڵی ئێمە. بە داخەوە چ شتێکی بێزارکەرە (...).

سەیرە، دوای "مەلی دەریا" لەشمماندوو بوو، دوای "خاڵ ڤانیا" دەروونم ماندوو بوو. ناتوانم پێت بڵێم چەند نارەحتم کاتێك لە چاکترین شانۆگەریی تۆدا نواندنی من خراپ بووە، "نمیروڤیچ" دەڵێت زۆر تووڕە بوومو بە ڕقەوە دەورەکەم بینیوە، دەنگم زۆر بەرز کردۆتەوە، لە کاتێکدا کە دەورەکە دەنگی مام ناوەندی دەخواست، دەشێ وابێت، بەڵام من تەنیا ئەوە دەزانم کە نواندنەکەم باش نەبووەو ئەمەیش بۆ من ناخۆشە. جەماوەرو ڕۆژنامەکان بێ سێو دوو کردن داماندەپڵۆسن، وەلێ ئەمە بە بەراورد لە چاو ئازاری بیرکردنەوە لەوەی چی بەسەر ڕۆڵی "ئیلینا ئاندریڤنا" و خودی تۆدا هێناومە هیچە. تکات لێدەکەم بمبەخشە. لەگەڵمدا زۆر دڵڕەق نەبیت، سبەی هەموو شتێك دەگەڕێتەوە دۆخی خۆی، دەبێت من توانای خۆم بەدەست بێنمەوە، ئەمە ئەو ڕۆژە ڕەشانەیە کە ئەکتەرەکەتان بەسەری بردووە (...)

نامەم بۆ بنووسە، تەنانەت ئەگەر چەند دێڕێکیش بێت بۆ ئاسوودەکردنم، وا ئەزانم سبەینێ "ماشا" دێت بۆ شانۆ.

بە گەرمی دەستەکانت دەگوشم، سەرە بە ئێش وەستاوەکەم لەبەردەمتاندا دادەنەوێنم، نوسەری ئازیز.

دڵسۆزتان

ئۆلگاکنیپەر

* * *

چیخۆڤ

٣٠ ئۆکتۆبەر

"یاڵتا"

ئەکتەری ئازیز، پرسیبووت کە ئایا منیش شپرزەو نیگەران دەبم یان نا، بەڵام ڕاستیەکە ئەمەیە کە "خاڵ ڤانیا" ڕۆژی بیستو شەشەم نمایش کراو من ڕۆژی بیستو حەوتەم کە نامەکەتانم بە دەست گەیشت پێم زانیبوو.

شەو لەناو جێگادا بووم کە تەلگورافەکان گەیشتن، بەهۆی تەلەفوونەوە بۆیان دەخوێندمەوە، هەموو جارێك بە خەبەر دەهاتمو بەو سەرما زۆرەو بە پێی پەتیو بە تاریکی بەرەو لای تەلەفوونەکە ڕامدەکرد. پاشان هەر کە دەمویست چاوێك گەرم بکەم دیسانەوە زەنگی تەلەفۆن لێی دەدا، ئەمە یەکەمین جاری تەمەنمە کە ناوبانگ نەهێلّێت باش بخەوم، ڕۆژی دوایی کە چووم بنووم دەمپاو جلی نووستنم ئامادەکرد کەچی تەلگورافم بۆنەکرا. هەموو تەلگورافەکان باس لە سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەرو خرۆشی بینەرانیان کردبوو، لیّ لە هەموویاندا سێبەرێکی سەیر بەدی دەکرا، ئاماژەیەکی زۆر تەنك بە شتێك کە من لەوەوە بۆم دەرکەوت حالّی ئێوە زۆرباش نیە. ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ ئەو گومانەی منیان سەلماند، بەلیّ ئەکتەری ئازیز، بۆ یەکەم جار هەموو ئەکتەرەکانی شانۆی هونەری ئێوە نواندنەکەیان مام ناوەندی بووە، بۆیە دوو سیّ جار ڕەخنە لە نواندن گیراوە، ئەگەر ڕاستت دەوێت ئەم هەموو قسەکردنە لەسەر سەرکەوتنی ئێوە لە خۆتانی بابیی کردوون، ئەم ژەهرە هەمووتانی ژەهراوی کردووەو تا یەك دوو سالّی دی نایەنەوە سەرخۆتانو هیچ شتێك قایلتان ناکات، بە خۆتاندا بچنەوە. دەی، ئەی تۆ خۆت چۆنیت؟ من هەروەك جاران وام، کاردەکەم، درەخت دەنێژم، میوانم هەبوو بۆیە نەمتوانی بنووسم، سەعاتێك مانەوەو حەزیان لە چا بوو، بۆیە ناچار بووین سەماوەر پێکەین، زۆر بێزارکەرە.

من لە یاد نەکەیت، نەهێلّێت هاوڕێیەتیەکەمان بمرێت، ئەوسا دەتوانین لە هاویندا پێکەوە بڕۆینە جێگایەك، خوات لەگەلّ، پێدەچێت لە پێش ئەپریلدا نەتوانین یەکدی ببینین. چی بوو ئەگەر هەمووتان لە بەهاردا بهاتنایە بۆ "یالّتا" و نمایشێکتان بکردایەو حەسانەوەیەکیش؟ کارێکی زۆر هونەرمەندانە دەبوو، یەکێك لە میوانەکان ئەم نامەیە دەباتو پۆستی دەکات. دەستت دەخەمە ناو دەستمەوە (...) ئەکتەری ئازیز، بە هەموو ئەو شتانە سوێندت دەدەم کە لات

پیرۆزن نامەم بۆ بنووسە، زۆر بێزارم، وا هەست دەکەم لە زینداندامو ئەمەیش زۆر شێتگیرم دەکات.

دڵسۆزت چیخۆڤ

* * *

چیخۆڤ

١ نۆڤەمبەر
"یالتا"

ئەکتەری ئازیز دەرکی میزاجەکەتان دەکەم، بە ڕاستیی دەرکی دەکەم، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەگەر من لەباتی تۆ بوومایە هێند نائومێد نەدەبووم، نە ڕۆڵی "ئانا"[٥٧] و نە نمایشنامە هیچیان ئەوە ناهێنن ئەوەندە دەماری خۆتیان بۆ بکرۆژیت، ئەمە نمایشنامەیەکی کۆنەو دەشێت هەموو کێشەیەکی تیابێت، ئەسڵەن ئەگەر نیوەی زیاتری ئەکتەرەکان بە چاکی ڕۆڵی خۆیان نەدیبێت کەواتە یەکەم خەتای شانۆگەریەکەیە، دووەم دەبێت بە یەکجاری پەشێویی شکستو سەرکەوتن بخەنە لاوە. کاری ئێوە ئەوەیە: هەموو ڕۆژێك پێکەوە ورد ورد کاربکەن، بەردەوام، خۆتان بۆ هەڵەو شکستە مسۆگەرەکان ئامادە بکەن، بە کورتی ڕێگای خۆتان بگرنو کێبڕکێ بۆ خەڵکی بەجێبێڵن. بۆ ئەو کەسەی لە سەرەتادایە، ئەوەی گرنگەو زۆر بە سوودیشە، ئەوەیە هەمیشە بنووسێت یا نواندن بکات بەڵام ئاگادار بێت کە کارەکەی وەك پێویست باش نیە. سێیەم "نمیروڤیچ" تەلگورافی بۆ کردم و وتی نمایشی دووەم بێ وێنە بووەو ئەو بە تەواویی لێی ڕازیە.

* * *

---

[٥٧] مەبەست ڕۆڵی ئانایە لە شانۆگەری "خاڵ ڤانیا"دا.

چیخۆڤ

١٩ نۆڤەمبەر

"یالتا"

ئەکتەری ئازیز "ڤیشنیڤسکی" بۆی نووسیوم کە تۆ ئامادەیت بۆ بینینی من واز لە سێ کوپیك بێنیت، ئەمە ئەو قسەیەیە کە تۆ پێت وتووە، سوپاس، چەندە دەستو دڵ فراوانیت! بەڵام دوو سێ مانگی تر تێپەڕێت تەنانەت دوو کۆپیکیش نادەیت، خەڵکی زۆر سەیر دەگۆڕێن. بەڵام من ئامادەم بۆ بینینی تۆ حەفتاو پێنج ڕۆبڵ بدەم.

* * *

کنیپەر

٢٣ نۆڤەمبەر

"مۆسکۆ"

نووسەری ئازیزو میهرەبان، کەواتە تۆ بە تەواوی فەرامۆشت نەکردووم؟ کە دەست خەتەکەتانم بینی خۆشحاڵ بووم. هەستم بە ئارامیو ئاسوودەیی کرد. ئەم ڕۆژانە گەلێك نەخۆشم.. بۆیە نامەم بۆ نەنووسیویت، دەزانیت؟ خۆت دەتوانیت هەستی پێبکەیت، وا نیە؟ بە ڕاست بڕوات بە قسەی "ڤیشنیڤسکی" کردووە کە دەڵێت من ئامادەم بۆ بینینتان سێ کۆپیك بدەم؟ ئەمە ئەوە دەسەلمێنێت کە پیاوەکانیش کەمێك ژنانین. نازانم بۆ ئەوەی تۆم هەبێتو لە مۆسکۆدا بمێنیتەوە دەتوانم چەند پارە بدەم! جەنابی نووسەر، توبیو خودا لە یادم مەکە، کەمێك خۆشت بوێم، چونکە پێویستم بە خۆشەویستیە، تۆ وەڵامی نامەکانم نادەیتەوە، بۆ؟ تەنیا وەڵامی ئەو نامەیەت دامەوە کە پڕبوو لە نائومێدیو ویستبووت بەشداری خەمەکانم بکەیت. ئایا نامەیەکی نائومێدانەی ترت دەوێت؟ نا، هەرگیز ئەو نامەیە نانووسم، هەرگیز.

خوشکت دەڵێت باری تەندروستیت باشە، دەزانم بەم دواییە کارێکت بەدەستەوەیە، ژووری کارکردنتان لەبارو دڵگیرەو دڵنیام بۆ کار گونجاوە، هەواڵی گوڵە خازەکانت لەچیدایە؟ لە پڕێکدا خۆم وا دێتە بەرچاو کە هاتوومەتە ماڵەکەت، دەموچاوت دەبینم، چاوە پێکەنیناویەکەت، خۆمان دەبینم کە پێکەوە قسە دەکەین، خۆم وا دێتە بەرچاو کە دەمەوێت لەبارەی زۆر شتەوە قسەت لەگەڵدا بکەم، بە بینینم شادمان دەبیت؟

باخەکەت چۆنە؟ ڕووەکە بیێ بەرەکەت وشك بوو؟ هەموو شتێك ڕەگاژوە؟ لە بەهاردا چ باخێکی جوانی لێدەردەچێت!

لە بارەی خۆمەوە چی بنووسم، ماوم، پرۆڤە لە "مرۆڤە تەنیاکان"دا دەکەین، کاری زۆری دەوێت، ڕۆڵی من گەلێك قورسەو تەمەڵی تیا دەکەمو نەفرەتیش لە خۆم دەکەم، بۆ تواناکەی جارانم نەماوە؟ (...) حەزدەکەم لەگەڵ تۆدا بم، حەزدەکەم دابنیشمو لەگەڵ خوشکتا بدوێم، خوشکت مرۆڤێکی دەگمەنە، دەمەوێت ئەمڕۆ بڕۆم بۆ خانەی "موزوروف" بۆ لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی، بڕیارە باسێك لە بارەی "مرۆڤە تەنیاکان"ەوە بکەین. زۆر چاکە، جارێك لەگەڵ خوشکت چووم بۆ یانەیەکی ئەدەبی، لەو بارەیەوە بۆی نوسیویت، من بۆ هیچ جێگایەك ناڕۆم، هیوای تەندروستیت بۆ دەخوازم، دەستت دەگوشم، زۆر زوو نامەت بۆ دەنووسم.

ئۆلگا کنیپەر

گوڵە ئازالیاکانی من پشکوتوون، زۆر حەزدەکەم لەم باکوورە ساردەوە گوڵتان بۆ بنێرم، بەڵام تەنیا بە پەڕەی گوڵەکان وازدەهێنم، سلاوم بە دایکت بگەیەنە.

ماوەیەکی زۆر لە وێنەکەت ڕامامو تێر گریام "ئەی ئەڵمانی هەستۆکی!" گوێم لە دەنگتە کە وا دەڵێیت؟ قەیدی چیە، با بیێت.

* * *

کنیپەر

١ دیسەمبەر

"مۆسکۆ"

هورا، هورا! ئێستا چیخۆڤی نووسەرم بە دوو چاوی کراوەوە هەیە! چەند دەقیقەیەك لەمەوبەر نامەکەتم بە دەست گەیشت، ئەگەر چەند دێرێکت بۆ نەنووسم ناتوانم بۆ پرۆڤە بچم. سوپاس، سوپاس، پیاوی ئازیز، پیاوی دەگمەن. هەردوو دەستت دەگوشمو گۆناکانت ماچ دەکەم.

چ وێنەیەکی دەگمەنو چ حاڵەتێکی جوانت هەیە! ئەکتەری چکۆڵە چەندە بەختی یارەو لەبەر ئەم کارە هەوڵی ئەوەیەتی پرۆڤەکەی باش ئەنجام بدات، ئاه درەنگ کەوتوومو دەبێت پەلە بکەم، بۆ شتێکت لە پشت وێنەکەتەوە بۆ نەنووسیبوم؟ لە بەهاردا بیکە، باشە!

تەندروستو ئاسوودە بیتو چاوەڕێی بەهار بکە.

هەموو سڵاویان بۆت هەیەو خۆشەویستیان بۆ خوشکت.

دڵسۆزیم بە دایکت بگەیەنە

جارێکی تریش سەری بەندەگیتان بۆ دادەنەوێنم.

ئۆڵگا کنیپەرەکەت

* * *

چیخۆڤ

٨ دیسەمبەر

"یالتا"

من لە دنیا دابڕاوم، دەزگای تەلگوراف شێویاگەو پۆستەیش ناگاتە ئێرە، سێ ڕۆژە کرێوەیەکە تا ئێستا نموونەیم نەدیوە.

ئەکتەری ئازیز، ژنی بێوێنە. هیچی وام بۆ نەنووسیویت، چونکە لەسەر کار دانیشتوومو نامەوێت هیچ شتێك مێشکم تێکبدات (...) تەنیا شتە سەرەکیەکانم بۆ بنووسە: ئایا ئەم بەهارە تیپەکەتان دێت بۆ "یالّتا"؟ هیچ بڕیارێکتان داوە یان نا؟

تۆ حەزت لەوەیە شت لە ڕۆژنامە ببڕیتو کۆی بکەیتەوە، بۆیە وا دوانم بۆ ناردیت، با تورەیە.

*     *     *

کنیپەر

١٢-٢٦ دیسەمبەر

"مۆسکۆ"

نووسەری ئازیز، نامەم بۆ نەنووسیویت چونکە زۆر ماندووم و لەپێ کەوتووم. ژیانێکی پووچو گەوجانە بەسەر دەبەم، ڕقم لە خۆمو لەم ژیانە خراپەمە، یەك تۆز توانام پێنەماوە. شانۆگەریی "مرۆڤە تەنیاکان" مۆرەمان لێدەکات، لە یەکەم ڕۆژی وەرزەکەوە تا ڕادەیەك هەموو شەوێك نمایشمان هەبووە، بێجگە لەوەی کە ڕۆژەکانیش پرۆڤەمان لە "خالّ ڤانیا" و "مرۆڤە تەنیاکان"دا کردووە، ئەمانە تا دوا دلۆپی توانایان مژیوم، ناتوانم لە مالّەوە کاربکەم، لەبەرئەمە "ستانسلاڤسکی" لێم تووڕەیەو ناتوانێت دەرکی حالّەتەکەم بکات. شانۆگەریەکە زۆر نالەبار بوو، دوای پرۆڤەیش هەر بە جلەکانمانەوە ناچاریان کردین هەندێکی لێ لابدەین، بینەرانیش زۆر سارد بوون لەگەلّیدا.

١٨دیسەمبەر: هەموو ئەم شتانەم پێش چەند ڕۆژێك نووسیوە، وەك دەیشبینیت ئەکتەر وێران بووەو ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جار هەست بە هێزو تەندروستی خۆی دەکات، "مرۆڤە تەنیاکان" سەرکەوتنێکی چاوەڕوان نەکراوو درەوشاوەی هەبوو، ئەمە لە کاتێکدا کە ئێمە خۆمان بۆ شکستێك یان سەرکەوتنێکی کەم ئامادە کردبوو، کەچی لە پڕێکدا خەلّکەکە کەوتنە دەستخۆشی کردنو دنەدانمان (...).

٢٦ دیسەمبەر: دەمەوێت پیرۆزبایی ساڵی نوێتان لێبکەمو هیوای هەموو ئەو شتانەت بۆ بخوازم کە پیاوێکی ئازیز ئارەزووی دەکات.

*　　*　　*

کنیپەر

٢٢-٢٦ دیسەمبەر

"مۆسکۆ"

سوپاسی کوتە براوەکانی ڕۆژنامەکەت دەکەم- زۆر پێکەنیم (...) پرسیوتە ئایا بەهار دێم بۆ "یالتا"یان نا، کێ چووزانێت. نووسەری ئازیز، خۆت چاك دەزانیت "نمیرۆڤیچ"ی دەرهێنەر چەندە بە نهێنیو بە پێچو پەنایە! بیستوومە بڕیارە بۆ گەشت بچین بۆ "پتروزبورگ" بڕیاریان داوە بەڵام بەڕاستی من بڕواناکەم (...).

هەر ڕۆژێك کە نامەت بۆ دەنووسم ناتوانم تەواوی بکەم، چونکە بێگومان وەك هەمیشە شتی بێمانا دەنووسم.

٢٦ دیسەمبەر: ڕۆیشتنمان بۆ "پتروزبورگ" بوو بە ڕاست، "نمیروڤیچ" هەواڵی لەوێوە هێنا، زۆر خۆشحاڵم بەم چوونە، بە تاسەوە چاوەڕێم دەکرد، نازانم بەرنامەی بەهارمان چۆن دەبێت.

*　　*　　*

# ١٩٠٠

چیخۆڤ

٢ ژانیوەری
"یالتا"

درووود ئەکتەری ئازیز! لێم تووڕەیت چونکە نامەت بۆ نانووسم؟ من زۆر دەنووسمو بە دەستتان ناگات. یەکێك لە بەڕێوەبەرایەتی پۆست کە هەردووکمان دەیناسین ڕێگا لە نامەکان دەگرێت.

بە بۆنەی ساڵی نوێوە درودو بەختەوەریتان بۆ دەنێرمو هیوای دوارۆژی چاکتان بۆ دەخوازم.

(...) بەختەوەربیت، دەوڵەمەند بیت، تەندروست بیت، شاد بیت، حاڵی ئێمە تا ڕادەیەك چاکە. باش دەخۆین، باش لە پاشملە باسی ئەمو ئەو دەکەین، زۆر لەبارەی تۆوە قسە دەکەین، کاتێك "ماشا" دێت بۆ مۆسکۆ باسی ئەوەت بۆ دەکات چۆن جەژنی کریسمسمان بەڕێکرد، پیرۆزبایی سەرکەوتنی "مرۆڤە تەنیاکان"ت لێناکەم، هێشتا تۆزە هیوایەکم ماوە کە بێنە "یالتا" و شانۆگەریەکە نمایش بکەن، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاوتر پیرۆزباییت لێبکەم (...)

خوشکم دەڵێت ڕۆڵی "ئانا"ت زۆر باش بینیوە، خۆزگا شانۆی هونەری بهاتایەتە "یالتا".

ئا. چیخۆڤەکەت

چەندە ناشارستانیت، باشە کەی وێنەکەی خۆتم بۆ دەنێریت؟

* * *

کنیپەر

١٣ ژانیوەری

"مۆسکۆ"

دەزانیت چ جۆرە ساڵی نوێیەکمان لە شانۆدا بەسەربرد؟ دیارە کە "خاڵ ڤانیا"مان نمایش کردو کارمان وەش بوو، دوای چوارەم پەردە لە نێوان چەپڵەڕێزاندا دەنگێکمان گوێ لێبوو کە داوای دەرهێنەریان دەکرد. "ڤیشنۆڤسکی" یەکەم کەس بوو هەستی کرد چی ڕوودەدات و داوای لێکردین پەردە دادەینەوە. کە بینەران هێور بوونەوە دەنگێکی بەسۆز لە ڕیزی یەکەمدا بەرز بووەوە، بە ناوی بینەرانی مۆسکۆوە سوپاسی هەموومانیان کرد لە بارەی ئەو ئەزموونەوە کە لە شانۆدا کردوومانەو، وتی ئەزموونی لەم بابەتە پێشتر تەنیا لە شانۆی "مالی"دا بەدی هاتووە. هەر لەو کاتەدا دەنگێك لە یەکێك لە باڵکۆنەکانەوە بەرزبووەوەو وتی ئەمیان چاکترە، ئەمیان چاکترە. بەدڵتە؟

دەڕۆین بۆ "پترۆزبورگ" بڕیارە لە کونسرڤاتوری ئەوێدا نمایش بکەین، نازانم چی چاوەڕێمانە؟ (...)

* * *

لە مانگی ژانیوەری ساڵی ١٩٠٠دا چیخۆڤ بە ئەندامی ئەکادیمی زمانو ئەدەبی روسی هەڵبژێردرا. ئەو ناودێرکردنە وەك هەموو ناودێریەکانی دی لای خودی چیخۆڤەوە بوو بە بیانوو بۆ گاڵتەپێکردنو قایل بوونێکی مامناوەندی ئەو.

* * *

کنیپەر

١٩- ٢٨ ژانیوەری
"مۆسکۆ"

هەر ئێستا لە پرۆڤە گەڕاومەتەوەو تا سەعاتێکی تر دەبێت بچم بۆ پرۆڤەکردنی "مەلی دەریا"- وەلیّ نووسەری ئازیز حەز دەکەم یەك دوو قسەی خۆشت لەگەڵدا بکەم. ئەم زستانە خۆم ماندوکردووە، ناتوانم بیرۆکەکانم ڕێك‌و پێك بکەم. هەڵبەتە بیرۆکەی زۆریشم لە مێشکا نیە، بۆ ئەوەی لەگەڵتا بژیم خەریکە کاسەی سەبرم لێی دەڕژێت.. تازە لای خوشکتەوە گەڕاومەتەوە، دەڵێت گوایا دەتەوێت کچی قەشەکە بهێنیت. پیرۆز نووسەری ئازیز، کەواتە نەتتوانی بەرگە بگریت. خودا عەشق‌و شادمانیتان پێببەخشێت، بێگومان بەشێکی دەریات بۆ کردۆتە مارەیی؟ وا نیە؟ لەوانەیە بێم بۆ ئەوێ‌و خۆم لە نزیکەوە پیرۆزبایتان لیّ بکەم‌و هیوای ژیانی خۆشتان بۆ بخوازم، ڕەنگیشە کەمێك تێکی بدەم چونکە من‌و تۆ ڕێککەوتبوین، ئەی وا نیە.. گردەکەی "کوکوز"ت لەبیر چوو؟

*　　*　　*

کنیپەر

٥ فێبروەری
"مۆسکۆ"

ئەمە مانای چیە نووسەری ئازیز؟ دوێنیّ لە خوشکتم بیست دەتەوێت هەموو وەرزی هاوین لە دەرەوەی وڵات بەسەر بەریت. ناتوانیت.. گوێت لێیە؟ خۆت نووسیبوت‌و ئێستا لە یادت کردووە. وایە؟ زوڵمە تۆ شتی وا بنووسیت. تا زووە بڵێ ئەمە ڕاست نیەو دەبێت هاوین من‌و تۆ پێکەوە بین، وا نیە؟ وا نیە؟ وا نیە؟ من ئێستایش هەر بەو جۆرە دەپەیڤم، لە بیرتە چۆن؟

لە هەموو تەمەنما ئەمە یەکەم جارمە ددانم دێشێت. چوومە لای پزیشك، لە کاتی پڕکردنەوەی ددانەکەمدا بەر دەمار کەوت‌و زۆر ئێشا، من کەوتمە ناڵەناڵ‌و هاوارکردن‌و گریام، زۆر ناخۆشبوو (...) شەقامەکە زۆر ساردەو من پێویستم بە گەرمیە (...).

لە بارەی هەڵبژاردنتەوە بۆ ئەکادیمیا هێشتا پیرۆزبایم لێنەکردوویت، ئایا پێت خۆشە یان گوێی پێنادەیت؟ (...) ددانم ئەوەندە خراپ دێشێت ناتوانم نامەکە تەواو بکەم. هەموو ڕۆژێك دەنووسم، بە ڕاست منت پشتگوێ خستووە؟ هەرگیز ئەوە لە تۆ ناوەشێتەوە. نامەوێت کاری وا بکەیت، بۆ خاتری خودا نامەم بۆ بنووسە. من دەنووسم‌و چاوەڕوانم، چاوەڕوانم.

ئۆلگا کنیپەر

ئەکتەرە چکۆلەکەتان

من زۆر ناشیرین دەنووسم، وەك کیژێکی قوتابخانە

*  *  *

چیخۆڤ

١٠ فێبروەری

"یالتا"

ئەکتەری ئازیز، زستان دوورو درێژە، حاڵم باش نەبووەو مانگێکە کەس هیچی بۆ نەنووسیوم. بڕیارم دابوو هەر ئەوەندە بۆم بکرێت بڕۆم بۆ دەرەوە، لەوێ مرۆڤ کەمتر بێزار دەبێت، وەلێ ئێستا دنیا گەرم‌و دلگیرترە، بڕیارم داوە تا پێش کۆتاییهاتنی هاوین بۆ نمایشگای "پاریس" نەچم.

تۆ بۆ ئەوەندە لایەنی ڕوحیت لاواز بووە؟ بۆ؟ دەژیت، کاردەکەیت، ئومێدو ئارەزووت هەیە، دەخۆیتەوە، چێژت لەو چیرۆکانە دیوە کە خاڵت بۆی گێڕاویتەوە، ئیدی لەمە زیاتر چیت دەوێت؟ بەڵام من جیاوازم، من لە خاکی خۆم هەڵکەنراوم،

ژیانم نیە، ناخۆمەوە ئەگەرچی زۆری حەزلێدەکەم، حەزم لە هەراو زەنایەو ئێرە هیچی تیا نیە. من وەکو درەختێك وام لە شوێنی خۆم گوێزراومەتەوەو کێشەیەکم هەیە کە دەبێت چارەسەری بکەم. ئایا ڕەگ دادەکوتم یان وشك دەبم؟ لە نامەکانمدا هەندێك جار سکاڵای بێتاقەتی دەکەم. من بەڵگەی باشم هەیە ئەی تۆ؟ "مایرهۆڵد"یش سکاڵای لە ژیانی خۆی هەیە، لە ڕاستیدا ئەو ناچارە لە بەر تەندروستی خۆی هەموو هاوین لە "کریمە" بەسەربەرێت، هەموو هاوین، هاوین گەلێك دوورو درێژە.

ئێستا باری تەندروستیم باشە، هیچ کارێك ناکەم بێجگە لە خۆئامادەکردن بۆ نووسینو پیاسەی ناوباخەکە.

نووسیوتە بۆ کەسانی چکۆڵەکەی وەك تۆ ئاینده مەتەڵێکە.

ماوەیەك لەمەوبەر لە "نمیروڤیچ"ی دەرهێنەرتانەوە نامەیەکم پێگەیشت، نووسیبووی گروپەکە یەکەمجار لە مانگی مەیدا دەچن بۆ "سڤاستاپۆل" و پاشان دێن بۆ "یاڵتا". تەنیا ئەندامە "بەنرخەکان"ی گروپەکە بۆ پرۆڤە دەمێننەوە، ئەوانی دی هەر جێگایەکیان بە دڵ بێت دەتوانن تیا بحەسێنەوە. هیوادارم تۆ لە "بەنرخ"ەکان بیت، بەنرخ لای دەرهێنەرو "بێ نرخ" لای نووسەر.

ئەمە بۆ مرۆڤی ئاقڵ ئاماژەیەکە. هەتا وێنەیەکم بۆ نەنێریت نامەت بۆ نانووسم، دەستە چکۆڵەکانت ماچ دەکەم.

**ئانتونیو ئەکادیمیەکەت**

تیپەکە لە بەهاردا دێتە "خارکۆف"یش، من دێم بۆ ئەوێو دەتبینم، بەڵام تکایە یەك وشە بە کەس مەڵێ (...)

بە بۆنەی ژن هێنانمەوە سوپاسی پیرۆزبایی کردنەکەت لێدەکەم. کاتێك بۆ تووڕەکردنی دەزگیرانەکەم پێم وت کە تۆ دەتەوێت بێیت بۆ "یاڵتا" وتی ئەگەر ئەو ژنە بەدە بێت ئیتر توند دەتگرم. من وەڵامیم دایەوە ئەم تەواو بە یەکدیەوە نوسانەو بەم دوورو درێژیەو لە وەرزی هاویندا لە باری تەندروستیەوە باش نیە، ئەو تووڕە بوو

هیچی نەوت. ئیتر هەر ئەوەندەی بیویستایە شتی تر بڵێ من لەو قسانەم دەکردو ئەویش بە لایەوە سەیر بوو کە من ئەو جۆرە وەڵامانە لە کوێوە دێنم. دوای کەمێك وتی شانۆ زۆر دزێوەو ئەو بەوە زۆر شادمانە کە ئیتر من بە تەما نیم نمایشنامە بنووسم، پاشان داوای لێکردم ماچی بکەم، لە وەڵامدا پێم وت لەم حاڵو بارەی ئێستادا کە من ناونیشانی ئەکادیمیستیم پێدراوە، ماچ کردن زۆر گونجاو نییە. ئەو دەستی بە گریان کردو منیش ڕۆیشتم.

*　*　*

چیخۆڤ

١٤ فێبروەری

"یالتا"

ئەکتەری ئازیز، وێنەکانت زۆر زۆر جوانن، بە تایبەتی ئەو وێنەیەی کە دەمو چاوت تیایدا خەمگینەو هەردوو ئانیشکت لە پشت کورسیەکەوەیە، خەمەکەی ڕوخسارت زۆرزانیەکی پێوە دیارە، ئەویشیان جوانە، بەڵام لە جوولەکەیەکی چکۆلانە دەچیت، وەك مۆسیقارێك کە دەچێتە کونسرڤاتۆر، کەچی لە هەمان کاتدا هەر کە دەرفەتی هێنا نهێنیەکانی پزیشکیی ددان دەخوێنێت (...).

لە باخەکەدا، لەو حەفتا گوڵەی لە پاییزدا ڕواندم تەنیا سیانیان گوڵی نەگرتووە، گوڵە شلێرو زەنبەقو گوڵە باخی سەدپەڕەیی‌و سونبول هەموو خەریکن پێدەگەن. دار بیەکە چرۆی کردووە. دەوری کورسیەکان پڕە لە گیا، دارچوالە سەرتاپای گوڵە، لە هەموو جێگایەکدا کورسیم داناوە، کورسیەکانم لە دار دروست کردووە نەك لە ئاسن کە تۆ حەزی لێناکەیت، بە ڕەنگی سەوز بۆیەم کردوون، لەسەر جۆگەلەکە سێ پردم داناوە، نیازم وایە دارخورما بڕوێنم، زۆر شتی تازە لە باخەکەدا هەیە تۆ نایانناسیت، خانووەکە، باخچەکە یان شەقامەکە. (...) لە پاییزەوە نە گوێم لە موسیقا بووە نە

گۆرانی، تەنانەت ژنێکیشم بەرچاو نەکەوتووە جوانیەکی ئاسایی هەبێت، تۆ لە باتی من بوویتایە تووشی دەردەدڵ نەدەبوویت؟

بڕیارم دابوو نامەت بۆ نەنووسم، بەڵام لە لایەکەوە کە وێنەی خۆتت بۆ ناردوومو لە لایەکی دیەوە کە وا دەزانم خەریکە وردە وردە لەبەرچاوتان دەکەوم، ئیتر وا نامەت بۆ دەنووسم (...).

ئەوەی کە نووسیومە لە جوولەکەیەکی چکۆلە دەکەیت بۆ گاڵتەیە، تووڕە نەبیت ئەی بەنرخترین کەسی من. بۆیە دەستت ماچ دەکەمو هەروایش دەمێنمەوە.

ئا چیخۆڤ

*   *   *

کنیپەر

١٦ فێبروەری

"مۆسکۆ"

خۆزگا دەتزانی نامەکەت چ چێژێکی پێ بەخشیم نووسەری ئازیز! بیری نامەکانتم دەکرد. خۆشحاڵم کە ئیدی خەمبار نیتو بۆ چوونە دەرەوە پلانت داناوەو لە باخەکەتدا پیاسە دەکەیت. پیاوی بەختەوەر!

ئەزانیت ئازالیاکانت خەریکن گوڵ دەگرن، بڕوام نەدەکرد وابێت، لە پاییزدا چاك گوڵی کردبوو، دار مۆردەکە گەشاوەتەوە، چێژ لە تەماشاکردنی وەردەگرم (...).

بیستوومە لە جەژنی پاکدا دێین بۆ یالْتا، واتا یەکتری دەبینین، پێت خۆشە؟ دەتوانیت وێنای ئەو دیدارەمان بۆ بکەیت؟

ئۆلگاکنیپەر

*   *   *

کنیپەر

١٨ فێبروەری

"مۆسکۆ"

دوێنێ هەواڵێکم بیستو وام بە چاك زانی بۆتی بنووسم، بیستوومە جەژنی پاك لە "کۆرش"[٥٨] نمایش دەکەینو هەمووو "چل ڕۆژەکە" لە پرۆڤەدا بەسەر دەبەین. زۆر لەوە دڵگرانم کە لە جەژنی پاکدا تۆ نابینم. دەمویست هێدی هێدی لەگەڵ هیوای دیدارتانا خۆم ڕابێنم. دەمویست خەون ببینمو کەچی لە پڕێکدا هەموو شتێك بوو بە دووکەڵو نەما. لەم هەموو نەخشەدانانو باسە هەمیشەییانەدا کە هیچی لێ سەوز نابێت زۆر بێزار بووم (...) ئەگەر کەش و هەوا گەرمو خۆش بێت، ئەوسا سەردانمان دەکەیت نووسەری ئازیز؟ ئێمە لە جەژنی پاکدا نمایشمان هەیە، دەتوانیت شانۆگەریەکەمان ببینیت، دەتوانین لەساڵیادی یەکەم دیدارماندا ئاهەنگێك سازبکەین، شەرابی سپی ژمارە ٢٤ بخۆین کە تۆ حەزی لێدەکەیت. وا نیە؟ من خواردنی خۆشت بۆ دروست دەکەم، قاوەی خەستو خۆڵی سەیرت بۆ لێدەنێم، پاشان دەڕۆین بە دەوری شاردا پیاسە دەکەین (...)ئەمڕۆ کارم نیە، سبەینێ وەك یەك شەممە نمایشی نیوەڕوانی "مرۆڤە تەنیاکان" و نمایشی شەوانەی "خاڵ ڤانیا"م هەیە (...) "تۆلستۆی" بۆ بینینی "مرۆڤە تەنیا"کان هاتو زۆری پەسەند کرد، وتی ژنەکان زۆر لە پیاوەکان باشتربوون.

تەندروست بیت، نووسەری ئازیز، دەستان لە نێو دەستما دەگوشم (...)

ئەکتەرەکەتان ئۆلگا کنیپەر

* * *

[٥٨] Korsh خاوەنی یەکێك لە سەرکەوتووترین شانۆ بازرگانیەکانی مۆسکۆ بوو.

کنیپەر

٢٢ مارس

"مۆسکۆ"

هەموو ڕۆژێك چاوەڕێی نامەیەکی بچکۆلانەی تۆم، کە لە ماڵ دەچمە دەرێ یەکەم شت کە بەرچاوم دەکەوێت مێزەکەو نامەکانەو هیچی تر. خۆزگا شتێکت دەربارەی ئاووهەوا، باخەکەت، لە بارەی ئەوەی کە ئایا دروستکردنی جادەکە تەواو بوە، یان ئایا بەوە خۆشحاڵیت کە شانۆی هونەری بێ نەزاکەتی نەکردووەو دێتە دیدارتان، دەتنووسی (...) دەپرسیت بۆ نامەتان بۆ نانووسم، لەبەر ئەوەی هەمیشە من لە هەستێکی ترسناکدا دەژیم‌و ڕقم لە خۆم دەبێتەوە، ئێستا سێ نامەی تەواو نەکراوی تۆم لەبەردەستایە، بەم زوانە دەتبینم، دەزانیت خەونم بینی کە یەکدی دەبینین، بەڵام بێگومانم ئەمە لە راستیدا نایەتەدی، ژیان بێ نامەی تۆ بێزارکەرە، وەڵامی ئەم نامەیانم بدەرەوەو ئەمەم لا ئاسانترە تا بێم بۆ لات، تۆ ئەمەت بەلاوە زۆر گەوجیە؟ وەلێ هەرگیز لە بیری ئەوەدا نەبووم کە تۆ یادم نەکەیت‌و من بە تۆ نامۆ بم، ئاووهەوا ناخۆش، پیس، خۆڵەمێشی‌و خەم هێنە، ئەمڕۆ ئازادم، پرۆڤەم نیە (...) دەبێت تا زووە بارو بنەم لێك بنێم، بێگومانم هەر ئەوەندە هەوای باشوور هەڵمژم حاڵم باشتر دەبێت (...).

ئاگات لەوەیە کە من لە پێش هەموویانەوە لەگەڵ خوشکتا دێم، کەواتە خوات لەگەڵ، تەندروست بیت، بەختەوەر بیت، کامەران بیت. خەڵکیی لە بارەی شانۆگەریە تازەکەتەوە قسەدەکەن، من هیچ نازانم، هیچیشم نەبیستووە، کاتێك ڕاستگۆیانە شان هەڵدەتەکێنم‌و بێئاگایی خۆمیان بۆ باسدەکەم بڕوام پێناکەن. حەتمەن خۆتان باشتری لێدەزانن، ژیان چەندە وەڕزکەرە، لەوە ناخۆشتر ئەوەیە کە خۆت بزانیت سەرچاوەی وەڕزیەکەت خۆتیت.

بمبەخشە جەنابی ئاکادیمی

ئۆلگاکنیپەر

* * *

چیخۆڤ

٢٦ مارس

یالْتا

ئەکتەری ئازیز، نامەکەت بۆچڕوکی ئازاری لیّ هەڵدەستێت، تۆ خەمباریت، زۆر بەدبەختیت، وەلیّ بە خۆت بڵیّ کە ئەو بەدبەختیە درێژە ناکێشێت، زۆر زوو سواری شەمەندەفەر دەبیتو زۆر بە ئیشتیهاوە خۆراك دەخۆیت. باشە کە دەتەوێت لەوانی دی زووتر لەگەڵ "ماشا"دا بێیت بۆ ئێرە، دەتوانین پێکەوە قسە بکەین، پیاسە بکەین، بچینە میوانیو بخۆین (...) من شانۆگەریی تازەم نیە، ڕۆژنامەکان درۆدەکەن، ڕۆژنامەکان هیچ کاتێك لە بارەی منەوە ڕاستی نانووسن، ئەگەر بڕیاری نووسینی شانۆگەریم هەبێت لە سەدا سەد تۆ یەکەمین کەس دەبیت کە بیزانیت. با هەڵی کردووە، هێشتا بەهار نەگەیشتووە، گالۆشەکانمان داکەندوە، بە کڵاوەوە دەڕۆینە دەرەوە، باخەکەمان چاکە، بەڵام زۆر ڕازاوە نیە، بەردار نیە، باخی کەسێکی شارەزا نییە.

"گۆرکی" لێرەیە، زۆر تاریف لە تۆو لە شانۆکەتان دەکات. بە یەکترتان دەناسێنم.

ئاه! وا یەکێك هاتە ژوورەوە، میوانە، ماڵئاوا ئەکتەر.

ئا چیخۆڤ

## کنیپەر، یاداشت

کۆتایی مانگی مارس، شانۆی هونەری بڕیاری دا "مەلی دەریا"و "خاڵ ڤانیا" و "مرۆڤە تەنیاکان" و "هیداگابلەر"[٥٩] بەرن بۆ "کریمە" من پێش ئەوان لە هەفتەی پیرۆزدا لەگەڵ "ماشا"دا ڕۆیشتبووم بۆ ئەوێ. ماڵە نوێیەکە کە هاوینی ڕابوردوو تازە دەستیان بە دروستکردنی کردبوو، زۆر خۆش و گەرم بوو، هەموو شتێك، تەنانەت بچووکترین شتیش قەشەنگ بوو.

چیخۆڤ حەزی لێبوو لەو ناوەدا پیاسە بکات، لەوە بدوێت کە دەبێت چی ئەنجام بدرێتو چ کارێکی تر بکرێت، وەلێ لە هەمووی زیاتر سەرقاڵی باخچەو باخەکە بوو، چیخۆڤ بە یارمەتی خوشکی نەخشەیەکی بۆ باخەکە دروستکردبوو، شوێنی هەموو درەختو سەکۆیەکی دەستنیشان کردبوو، لە هەموو سوچە دوورەکانی روسیاوە داوای درەختی بەرداری کردبوو. درەختە بەردارەکانی داڵیت کردبوو، ئەنجامی کارەکەی هەرمێ، سێو، قۆخ، شیلانەی باشی وەبەرهاتبوون. شانازی زۆری بەو گوڵە سوورانەوە دەکرد کە خۆی پێی گەیاندبوون. یۆکالیپتوسەکە کە تەمەنی زۆر درێژ نەبوو، لە نزیك ئەو سەکۆیەوە ڕواندبووی کە خۆی حەزی لێدەکرد. تەمەنی لە تەمەنی کاژەکە زیاتر بوو. ئەو زریانەی هەڵیکردبوو، یەکێك لە درەختە سپیو جوانەکان کە ئاسایی هێشتا لە خاکی بێگانەدا باش ڕیشەی دانەکوتابوو، چەماندبوویەوەو شکاندبووی، دار ئەکاکیای پاڵ ڕاڕەوەکە ئەوەندە خێرا پێگەیشتبوو کە بڕوات نەدەکرد. بەرزو ناسك دەهاتنە بەرچاوو بەدەم باوە دەلەرینەوە. هەر بە

[٥٩] شانۆگەریەکی بەناوبانگی درامانووسی نەرویژی هنریك ئەبسنە (١٨٢٨-١٩٠٦).

سروەی شەماڵێك دەچەمانەوەو بەرزدەبوونەوە، ئەم لەنجەو لارە دیمەنێکی دڵگیرو خەمگینی هەبوو.

.. چیخۆڤ هەمیشە لە پەنجەرە ڤینیسیەکەی ژووری کارکردنیەوە تەماشای دەکردن، درەختی ژاپۆنیشی تێدابوو، هەروەها داری هەڵووژە بە گەڵا سوورەکانیەوە. دار سەروەکان هەموویان لە ژێر چاودێریو سۆزو خۆشەویستی چیخۆڤدا پێدەگەیشتنو بەریان دەدا. تەنیا گرفت کەم ئاوی بوو، لەبەرئەوەی "ئۆتکو"[٦٠] هێشتا نەبەسرابووەوە بە "یاڵتا"وەو توانای ئەوەیش نەبوو کەنداو لێ بدرێت.

بەیانیان ئاسایی چیخۆڤ لەگەڵ هەردوو پاسەوانەکەیدا، سەگە دوورەگەکان کە نەتدەزانی لە کوێوە هاتوونو تەنیا میهرەبانی چیخۆڤ لەوماڵەدا هێشتبوونیەوە، دەیگوزەراند، دوو لەقلەقی باڵکراو لەوێ بوونو هەمیشە لە مرۆڤ نزیك دەکەوتنەوە، بەڵام نەیاندەهێشت کەس دەستیان بۆ بەرێت. ئەم لەقلەقانە زۆر ئالوودەی ئارسینی (نۆکەرو باخەوانەکە) ببوون، کە ئەو لەوێ نەبوایە مەلوولو خەمبار بوون. کە ئەم دوو باڵندە ڕەنگ خۆڵەمێشیە دەکەوتنە قیڕەقیڕو جووڵەیەکی سەیری وەك سەمای ڤاڵسیان دەکرد گشت ئەندامانی خێزانەکە دەیانزانی "ئارسینی" لە شار گەڕاوەتەوە، هەفتەی پیرۆز کە هەفتەی حەوانەوەو هێوریو ئاسوودەییەکی زۆرە، زۆر زوو تەواو بوو، دەبوایە من بگەڕێمەوە بۆ "سڤاستۆپۆل" و پەیوەندی بە تیپی شانۆی هونەریەوە بکەمەوە. دەستمان کردەوە بە نمایشکردنی ئەو شانۆگەریانەی بڕیارمان لەسەر دابوون. دوایی چیخۆڤ هاتو ژیان جۆشی سەند، بوو بە فیستیڤاڵی بەهاری. چووین بۆ "یاڵتا"و ژیانمان زیاتر لە جەژنو ئاهەنگی دەکرد، بە تەواویی گوڵ لەسەر ڕومان دەباری.. ئەم ئاهەنگو شادیانە لە سەربانی ڤیلای "تاتارینوڤا"[٦١] ئەو ژنە میوان

[٦٠] **Autko**

[٦١] **Tatarinova**

دۆستە کۆتایی هات. ئەکتەرەکان ئاسایی دەڕۆیشتنە دیدەنی چیخۆڤ، نانی نیوەڕۆیان لەگەڵیدا دەخوارد، لە باخەکەیدا پیاسەیان دەکردو لە ژووری کارەکەیدا دادەنیشتنو دەحەسانەوەو چێژیان وەردەگرت. چیخۆڤ عاشقی ژیانێکی پڕ لە بزاوت بوو. ئەو کاتە ئێمە لێوان لێوی ئومێدو شادی بووین. حەیف بوو کە باشوورو، خۆرو، چیخۆڤو ئەو خۆشیەمان لەدەست بچێت.. وەلێ ناچار بووین بۆ پرۆڤە بگەڕێینەوە بۆ مۆسکۆ.

* * *

کنیپەر

٢٤ ئەپریل

"سڤاستۆپۆل"

ڕۆژباش نووسەری ئازیز، شەکەتو نیوە گیان لە وێزگەی "سڤاستۆپۆل"داین، لە "سڤاستۆپۆل" خرتکەو پرتکەی هەمەجۆرم کڕی، کەشتیەکەمان بەردەوام سەردەکەوتو دادەکەوتەوە، هەندێك لە سەرنشینەکان بەلادا دەکەوتن. نانی بەیانیم لەگەڵ هاوڕێ خۆشەویستەکانمدا خوارد، دوای نانخواردن دیمەنێکی پەردەی چوارەمی "مرۆڤە تەنیاکان"مان لەگەڵ مایرهۆڵدا تەمسیل کردو هەندێك گۆرانیم وت. دوورکەوتنەوە لەوێ مرۆڤ بێزار دەکات، بەڵام من بێتاقەت نیم چونکە دەگەڕێمەوە بۆ "یالتا".

سڵاوی زۆر نووسەری ئازیزو سوپاس بۆ هەموو شتێك.

ئەکتەرەکەت

* * *

کنیپەر

٢٥ ئەپریل
لە نێوان "خارکۆف" و "مۆسکۆ"دا

گەیشتووینەتە "خارکۆف" هەوا وەك دۆزەخ گەرمو خنکێنەرە، "یالتا"کەی تۆ لە کوێیە؟ گەرما ناهێڵێت هیچ بکەین، دەخۆینەوە، دەخۆینو یاری کاغەزێن دەکەین. لێرە تەنیا ژنێکمان لەگەڵدایە. لەبەر مۆدێلی قژی ناومان ناوە "هێدا گابلەر" گۆڤارێکی ژنانەو جانتایەکی سەفەری پێیە. "گۆرکی" دەناسێت (...) نامەویت بۆ مۆسکۆ بگەڕێمەوە، ئیتر هەر نامەوێت!! سلاوم بۆ هەموانو بۆ "گۆرگیش" نامەم بۆ بنووسە، بە خەیاڵ دەستەکانت دەگوشم. "یالتا" خەونێکە!

* * *

کنیپەر

١ی مەی
"مۆسکۆ"

یەکەم ڕۆژی مانگی مەیە، نووسەری ئازیز، دنیا ساردو باراناویەو منیش دڵتەنگم، شەرمەزارم ماوەیەکە هیچم بۆ نەنووسیویت. هێشتا وەك پێویست لەگەڵ ژوورەکەمدا ڕانەهاتوومەتەوە، بێ ئامانج دێمو دەچمو نازانم چی لەگەڵ خۆمو کەسانی تردا بکەم. پێم خۆشە بچم بۆ باشوور، بۆ گەرما، بۆ ئەوەی خۆر لە دڵمدا هەڵبێت. ئەمە زۆر "ئەبیقوریە" تۆ لات وا نیە؟ هەندێك جار، جاری وایش هەیە زۆر خۆم بەدخوو دەکەم، بەڵام ئەمە بۆ من خراپە "یالتا" لە خەونێك دەچێت نەهاتبێتەدی، "یالتا" چێژێکم دەداتێ بۆ یادکردنەوەی ئەو ڕۆژە سەرەتاییانەی لەگەڵ تۆدا بەسەرم بردو هێشتا نەبووبووم بە ئەکتەر، پێم ناخۆشە تەندروستیت باش نیە. یادەوەری خراپم لە "سڤاستۆپۆل" هەیە، وا بزانم تۆیش هەروایت. بەڵام "یالتا" لە ئاهەنگێکی دوورو درێژو جەنجاڵ دەچوو، بینینی خەڵك، خواردنی چاك، ئەو شەوەی

شانۆمان کردەوە، چەپڵەلێدانو هەراوزەنا، پیرۆزبایی کردنو تاجی هەموو ئەمانەیش شێوخواردنی سەربانی ماڵی "تاتارنیۆڤا" بوو، هەر تەواو لە حیکایەتی شای پەریان دەچوو.

ئەی تۆ چۆنیت جەنابی نووسەر؟ چی بە دڵو مێشکتدا دەگوزەرێت؟ لە ژووری کارکردنتا چ خەونێك دەبینیت ؟ بە گشتی لە مانەوەی "یاڵتا"مان ڕازی بوویت. نامەی جوانو دڵسۆزانەم بۆ بنووسە. وەك هەمیشە سەنگەری پەناو پەسێری گاڵتەجاڕیم لیَ مەگرە. چیت هەیە بینووسەو من قبووڵمە، من بێزار بووم، تۆ هەرچیەکت دەوێت بینووسە، ئەوەی قەڵەمەکەت دەیەوێت، ئەوانە کێن بەردەوام سەرت لیَ دەدەن، ژنن؟ ئەمەیش پرسیارێکە.

هیوادارم لە مانگی ژووندا یەکتری ببینین، ئەگەر پێت خۆشە میواندارییم بکەیت. ماوەیەك ئاسوودە دەبین. بەڵام ئێستا بیرم کەوتەوە کە تۆ بڕیارت داوە بچیت بۆ پاریس. من بۆ شانۆ ناڕۆم. بانگهێشت نەکراوم. بێگومان کەسوکارم بە گەڕانەوەم زۆر دڵشاد بوون، ئەوان بەم دواییە هەستێکی نادروستیان تێگەڕابوو، دوێنیَ عەسر خاڵە "ساشا" و "ڤۆلۆدیا" بەو گاڵتەجاڕیەی خۆیانەوە "ماشا"یان شێت کردبوو.

گوڵەکان زۆر سەیر چرۆیان کردوە، ئاسوودەییەکی باشە بۆ ئەم بێتاقەتیەی من. پەرۆشی نامەیەکتم، زۆر حەزدەکەم بزانم چی دەکەیت.

"ئادیو"[٦٢] ئاکادیموکۆس. لە باخەکەدا پیاسە بکە، ئەگەر ژن لەو ناوە نیە، گوڵەکان بلاوێنە.

لەگەڵ گەرمترین سلاوودا دەستت دەگوشم.

ئۆڵگا کنیپەر

❊ ❊ ❊

---

[٦٢] **Addio** بە زمانی فەرەنسی واتا ماڵئاوا.

## کنیپەر، یاداشت

چیخۆڤ خێرا هات بۆ مۆسکۆ، دوای ئەو بەزمو خۆشیەی ئێمە بۆ ئەوێمان برد ژیانی یالْتای لا بێمانا بوو. بەڵام لە مۆسکۆیش هەستی بە باشی نەدەکردو زوو گەڕایەوە بۆ باشوور.

❊ ❊ ❊

کنیپەر

١٨ مەی

مۆسکۆ

دوێنێ لە کاتی ڕۆیشتننتا زۆر بێزار بوویت نووسەری ئازیز، بۆ؟ ئەم بیرە هەراسی لێ هەڵگرتووم‌و ناچارم چەند دێڕێکت بۆ بنووسم. دەزانم من‌و تۆ ڕۆژانێکی زۆر خۆشمان پێکەوە بەسەر برد، تۆیش وا هەست دەکەیت؟ وەڵامم بدەرەوە (...).

سبەینێ دەگەیتە ماڵی خۆتان، سلاو بە هەموویان بگەیەنە، هەر بژی‌و ورەت بەرز بێت، چاوەڕێم بە، دێم بۆ ئەوەی ژیانت پڕبکەم لە بەدبەختی. "ماشا"ی ئازیز ماچ دەکەم (...) تۆیش هەر ماچبکەم؟

ئۆلگاکنیپەر

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢٠ مەی

یالْتا

ئەکتەری ئازیز، دلْفڕێن، ڕۆژباش، ژیانت لە چیدایە؟ حالْت چۆنە؟ من لە "یالْتا"م، حالْم باش نەبوو، کە لە مۆسکۆ بووم سەرم دابوویە ئێش، تام لێهاتبوو،

بەڵام لە تۆم شاردەوە، وەك تاوانبارێك چۆن نهێنی دەشارێتەوە. ئێستا کە لێرەم ئیتر گرنگ نیە (...).

تەندروستو بەختەوەر بە، ئاگادارم کە "ماشا" نامەی بۆ نووسیویت، بۆیە بە پەلە ئەم چەند دێڕەم بۆ نووسیت.

ئا، چیخۆڤەکەت

* * *

کنیپەر

**٢٩ مەی**

مۆسکۆ

سبەینێ دوارۆژی منە لە مۆسکۆ، دنیایەك کارم هەیە بیانکەم، هێشتا جانتاکانم کۆنەکردۆتەوە، سەرم گێژ دەخوات، هەوا ساردەو دنیا خۆڵەمێشیە، شادمانم بۆ باشوور دەچم بۆ تۆزێك گەرمایی، هەوڵ ئەدەم بزانم لەگەڵ دایکما بڕۆم یان نا، ئێستاکە ئێرە چۆڵە، دایکم لە ڤێلایەو براکەیشم سبەی نیازی ڕۆیشتنیەتی، لەبەر ئەوە من تەنیام (...) پێم بڵێ بزانم پۆست ریستانستی تۆ "بورژوم"ە؟ ئایا دێیت بۆ "باتوم"؟ ڕات نەگۆڕیوە؟ هیوادارم نەتگۆڕیبێت، چۆن پەیوەندی بکەین؟ دەستت لە نێو دەستما دەگوشم.

* * *

ئۆلگاکنیپەر

## کنیپەر ، یاداشت

لە کۆتایی مانگی مەیدا لەگەڵ دایکما چووم بۆ قەوقاز، ئەوەی زۆری چێژ پێ بەخشیم‌و مایەی سەرسامیم بوو بینینی چیخۆڤو گۆرکی بوو لە شەمەندەفەری "تفلیس"دا کە بۆ "باتوم" دەچوو، شەش سەعات تا "میخایلوڤ"[٦٣] بە یەکەوە بووین، لەوێ من‌و دایکم شەمەندەفەرەکەمان گۆڕی.

*        *        *

کنیپەر

٣ ژون

ڤلادیسکاڤکا

سەعات ٧,٣٠ بەیانی

باشوور سەوزو جوانە، هەتاوی باشوور هەمیشە گەرم‌و لێوان لێوە لە بۆنی خۆش.. تۆ بڕوا ناکەیت، لێرە باران بە لێزمەیە، بیرکردنەوە لە سەفەری "ڤینوگرۆز"[٦٤] پڕ لە مەترسیە، هەموو لایەکی قوڕو چڵپاوە، دڵنیام لە ڕێگا پەکمان دەکەوێت، لە واگۆنێکی گەورەدا سەفەر دەکەین، دوو ژنی ئەرمەنیمان لەگەڵدان، پێکەوە ئازار دەچێژین، دایکم بێتاقەتە، ئەمە یەکەم سەفەریەتی بۆ قەوقازو هەمووی دەردی سەری بوو بۆی، خەریکە شەمەندەفەرەکەمان خێراتر دەبێت.

چی دەکەیت؟ خێرا نامەیەك بۆ "بورژوم" بنووسە. سڵاوم بۆ خۆت‌و دایکت (...) دایکم ڕێزی بۆت هەیە.

ئەکتەرەکەت

---

٦٣ **Mikhailovo**

٦٤ **Voenno- Gruz**

* * *

لە سەرەتای مانگی ژوڵایدا کنیپەر بۆ بەسەربردنی پشوو لەگەڵ خێزانی چیخۆڤدا چوو بۆ "یالْتا" لە پێنجی ئۆگەستا گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ، بە درێژایی ئەو ماوەیەی لەوێ مایەوە لەگەڵ چیخۆڤدا عاشقی یەکتر بوون.

# عاشق

کنیپەر

٦ ئۆگەست

له نێوان "سڤاستۆپۆل" و "خارکۆف"دا

ڕۆژباش ئازیزم، شەوێکی خۆشت گوزەراند؟

تازە له خەو هەستاوم، حەمامم کردووەو قاوەیەکی زۆر ناخۆشم خواردۆتەوە. وا ئێستا دانیشتوومو نامەت بۆ دەنووسم، له بەختی ڕەشم وا سەرو گوێلاکی دوو هاوسەفەر دەرکەوتن، ژنێکی پیر که تا خارکۆف دەڕواتو ژنێکی پۆڵەندی دەموچاو پان، که لەژێر تەختی قاتی دووەمدا نوستوە، حەزناکەم تەماشای بکەم، نازانم بۆ کوێ دەچێت.

واگۆنەکە زۆر خراپ تەکان دەخوات، دوێنێ، دوای ئەوەی لێت جیابوومەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر چاوم له تاریکیەکە بڕی. دڵم تەنگ بوو، هەڵبەتە گریام، ئەو ماوەیەی که لەگەڵ تۆدا بووم ژیانم گەلێك پڕ بوو، ناتوانم به چاکی بینووسم، چونکە شیرازەی بیرکردنەوەم تێکچووە، تەنیایی زۆر سەختو ترسناکە، به جارێ دابڕان له هەموو شتێك ئاوەژووی کردووم، هەموو بیرم لای تۆ بوو- ئێستا سواری ئوتوبیس دەبێت، دەڕوات بۆ میوانخانەی "کیست"[٦٥] کاری تەواو بووەو ڕۆشتوە بۆ پیاسەکردنی دەوری شارۆچکەکە.

سەفەری دوێنێمان زۆر شکۆدار بوو، وا نیە؟ گەلێك یاداشتی دەوڵەمەندم لا ماوەتەوە. تۆش هەروەها؟ دڵداره هەره ئازیزەکەم دەنووسمو چاوم له دەرەوەی پەنجەرەکە بڕیوە، پانتاییەکی تا چاو بڕبکات بەرینو بێ کۆتایی. دوای جوانیەکەی باشوور ئەم دیمەنەم پێ خۆشە، دەبێت ساڵی ئاینده هەوڵی ئەوە بدەین له باکوور

---

[٦٥] **Kist**

بژین، وایە؟ ئەگەریش نەبوو خەونی پێوە دەبینین. گەڕانەوەم زۆر پێ سەیرە، هەست بە ئاسوودەیی ناکەم. لە "سڤاستۆپۆل" چیت کرد؟ بۆم بنووسە. ئاخ.. واگۆنەکە وای هەڵتەکاندین ناتوانم بنووسم.

سەعات ٣ دەگەینە خارکۆفو ئەم نامەیەت بۆ پۆست دەکەم، تەلگورافێك بۆ ماڵەوە دەکەمو شێو دەخۆم (...).

خۆش بیت، بژیت، مەهێڵە دڵت خەمگین بێت، بۆ هەموان بنووسە بە تایبەتی بۆ من، سەری هزرمەندانەت ماچ دەکەم، هەست بە ماچە گەرمەکانم بکە. ئادیو، ئاکادیمیەکەم. خۆشت بوێمو بۆم بنووسە.

ئەکتەرەکەت

*  *  *

کنیپەر

٧ ئۆگەست

مۆسکۆ

ئازیزترین ئازیزم، من ئێستا لە مۆسکۆم. درەنگە، گەلێك شەکەتم، بیرم ئاڵۆزە، دەمەوێت چەند دێڕێکت بۆ بنووسم.

تۆیش ئەمڕۆ گەیشتیتەوە ماڵەوە؟ پیاسەت بە "سڤاستوپۆڵ"دا کرد؟ لە کورسك کچێك سواری شەمەندەفەرەکە بوو، تازە دواناوەندی تەواو کردبوو، کچێکی بێ وێنە، هەموو گیانی ژیانو چالاکی بوو، لە ماوەی پێنج دەقیقەدا گشت شتێکی لە بارەی خۆیو خێزانەکەیەوە بۆ باس کردم، هەموو شتێك، لە هەناسەیەکی بەهاری دەچوو، ژنە نادروستە پۆڵەندیەکە لە کۆرسك دابەزی، ترسم لێ نیشتبوو لە واگۆنێکدا لەگەڵیا بخەوم. مرۆڤێکی زۆر سەیر بوو، کچەکە بۆ شانۆی ئێمە خۆی تەرخان کردبوو، بە تایبەتی دراماکانی چیخۆڤ "مەلی دەریا"ی چوار جار بینیبوو، نەیدەزانی لەگەڵ ئاکادینادا قسە دەکات. من هیچم پێ نەوت. شەمەندەفەرەکە درەنگ کەوت، بۆیە

سەعات ١١ گەیشتمە ماڵەوەو هەواڵێکی تیپی شانۆم بینی کە سەعات ١٢ پرۆڤە دەستپێدەکات. لەو ماوە کەمەدا حەمامێکم کرد، کەمێك چام خواردو بە پەلە بۆی دەرچووم، پرۆڤە دەستی پێکردبوو، هەموویان بە گەرمی پێشوازیان لێکردم، هەواڵی تۆیان لێپرسیم، دەیانویست بزانن کەی دێیت؟ جا من چ وەڵامێکیان بدەمەوە؟ (...)

"نمیروڤیچ" پرسی کەی شانۆگەریەکە دەنێریت، هەموویان پرسیاری شانۆگەریەکەیان لە من دەکرد. ئەوان وایان دەزانی هەواڵی ڕاستی لای منە، بەڵام بە ڕاست من دەتوانم قسەیەك لە ئانتون چیخۆڤ دەربێنم؟ خۆت داوەری بکە (...).

توو خودا شانۆنامە بنووسە، هەموومان لە چاوەڕوانیدا گیر مەدە، تۆ ئێستا تا ڕادەیەك بە تەواوی بیرەکە لە مێشکتدا گەڵاڵە بووە.

چاکە، شەوت ئارامو خەوت خۆش بێت، عاشقم بە، لەگەڵ ماشاو دایکت میهرەبان بە.

ماچت دەکەم نووسەری ئازیز (...)

ئۆلگاکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٩ ئۆگەست

"یالتا"

سڵاو ئۆلیای ئازیزم، شادمانیم، ئەمڕۆ نامەکەتم بەدەست گەیشت، یەکەمین نامەی دوای گەڕانەوەت، خوێندمەوە، جارێکی تریش خوێندمەوە، وا ئێستا نامەت بۆ دەنووسم، ئەکتەرەکەم، دوای ئەوەی ڕەوانەم کردیت بۆ وێزگە چووم بۆ میوانخانەی "کیست" شەوم لەوێ بەسەر بردو، ڕۆژی دوایی لەبەر بێتاقەتیو سەرودڵ گیراویی

چووم بۆ "بالاکلاڤا"[٦٦] هەموو کاتی ئەوێم تەرخان بوو بۆ دوورکەوتنەوە لەو خانمانەی مودێل بازن، منیان ناسیبوو دەیانویست لەسەر شەرەفی من میوانداری سازبکەن. شەو مامەوەو بەیانی بە کەشتی ڕۆشتم بۆ "یالْتا" دەریا لە چەپۆکانێکی پڕ لە مەترسیدا بوو، ئێستا لە "یالْتا"م، بێ حەوسەڵەم، خولْقم نیە، "ستانسلاڤسکی" هاتە دیدەنیم، لە بارەی نمایشنامەکەوە قسەمان کرد، گفتم دایە ئەوپەڕی تا کۆتایی سیپتەمبەر تەواوی بکەم، دەبینیت چەند کوڕێکی چاکم! هەمیشە لە بیری ئەوەدام کە ئێستا دەرگاکە دەکرێتەوەو تۆ دێیتە ژوورەوە. بەڵام تۆ نایەیت، تۆ لە "مۆسکۆ" پرۆڤە دەکەیتو زۆر دوریت لە "یالْتا" و لە منەوە.

خوات لەگەڵ، فریشتەکان بتپارێزن، خوات لەگەڵ کچۆڵە جوانەکەم.

ئانتونیوکەت

* * *

کنیپەر

٩ ئۆگەست

مۆسکۆ

بێ تۆ هەموو شتێکم لێ بێزراوە، دڵم بۆ دیتنت، بۆ لاواندنت، بۆ تەماشاکردنت تەنگە. وا هەست دەکەم لە هەموو دنیا تەریکم، ئەی تۆ؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

هەموو شتێك ترسناكو غەمگینە، شەکەتم، حەسانەوەم نیە، ئەمڕۆ پرۆڤەمان کرد، دەبێت زیاتر کاربکەین، دەمەوێت بە ڕاستیی کاربکەم، ئەگینا نواندنم وەك نواندنەکانی دوو وەرزەکەی پێشوو بێکەڵك دەردەچێت (...) لەگەڵ مامە پزیشکەکەمدا قسەم کرد. بەڵام بە شەڕ نەهاتم.

---

[٦٦] **Balaklava**

کە باسی سەر ڕووتانەوەکەمو پەڵە قاوەییەکانی سەر ڕوومو دەستم بۆ کرد، وەڵامەکەی ئەوە بوو کە ئەعسابم زۆر ماندووە. خۆی منی بردە لای پزیشکێکی پسپۆڕی قورگ، تەماشا چ مرۆڤێکی بەڕێزە (...).

نامەی تۆم پێنەگەیشتووە، تا پێش یانزەی مانگیش هەر نامەم پێناگات؟ ڕەنگە ئیتر منت لەبیر نەمابێت، بنووسە، پڕ بە دڵ ماچت دەکەم، ئانتونی ئازیزم (تۆ بە چ ناوێکەوە بانگم دەکەیت؟) کاردەکەیت؟

ئۆلگاکەت

* * *

کنیپەر

١٠ ئۆگەست

مۆسکۆ

دانیشتم، مێزەکەم ڕێکخست، وێنەکەتم دەرهێنا، لێی وردبوومەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ بیرم کردەوە، لە ناوەوەمدا هەستم بە شادیەکی سەیر کرد، کە بیرم کردەوە تۆ منت خۆش دەوێت دڵم بە تەواوی داخورپا، بۆیە حەزم کرد دیسان نامەت بۆ بنووسم.

من سەردەکەمە سەرت؟ نا، باشە، کە ئێستا بۆت دەنووسم، بە تایبەتی دوای ئەوەی دوێنێ نامەیەکی نائومێدیم بۆ نووسیت. دوێنێ زۆر بێ تاقەت بووم (...).

با پرسیارێکی گرنگت لێبکەم: تۆ کەی دێیت؟ تۆ دەبێ بێیت، سەختە بە درێژایی زستان منو تۆ لە یەکدی جیا بین، هەوا گەرمو وشکە، دەتوانم خەیاڵ لە بینینت بکەمەوە، دەتوانم ڕووت ببینم، زەردەخەنەت، دەتوانم گوێم لە وشە بەراییەکانت بێت.

لە ڕاستیا ناتوانم خۆم لە مۆسکۆ دەربخەم، زۆر کەس لەو باوەڕەدان کە منو تۆ بووینەتە هاوسەری یەکتری: "ساڤیتسکایا"[٦٧] لە "کاستروپول"[٦٨] ئەمەی وەك هەواڵێکی ڕاستو دروست ڕاگەیاند، "ئیلکا"[٦٩] لە گەرماوێکی گشتیدا لە "ئالوپکا"[٧٠] ئەمەی بیستووە (...) تۆ ئەمەت بەلاوە سەیر نییە؟ لەوە دەچێت پێبکەنیت؟

شەوێکی خۆش بەسەربەریت، درەنگە (...) ماچی گەورە گەورە.

ئازیزم، سبەی چاوەڕێی گەیشتنی نامەتم، دەگات؟ ئەگەر نەگات زۆر ناڕەحەت دەبم.

ئۆلگاکەت

* * *

چیخۆڤ

١٣ ئۆگەست

یالتا

ئەکتەری گەورەو پڕ شکۆی ئازیزم، ماوم، حاڵم چاکە، بیر لە تۆ دەکەمەوە. خەونت پێوە دەبینمو سەرگەردانم. سێ ڕۆژ لە "گۆرازۆف" بوومو ئێستا لە "یالتا" زیندانیم. ڕەشەبایەکی توندە، بەلەمەکان هاتوچۆی دەریا ناکەن، دەریا لە شەپۆلانێکی سامناکدایە، خەڵکی لە نوقوم بووندان، دڵۆپێك باران نابارێت، هەموو شتێك وشکبۆتەوەو ڕەنگی پەڕیوە، بە کورتی لەو کاتەوە کە تۆ ڕۆیشتوویت گشت شتەکان سامناکن. بێ تۆ خۆم دەخنکێنم.

---

[٦٧] Savitskaya

[٦٨] Kastropol

[٦٩] Elka

[٧٠] Alopka

تەندروستو بەختەوەربە ئەڵمانیە چکۆلانەکەم، غەمگین مەبە، خەوی باش بکەو زوو زوو بنووسە.

ماچی گەورە، ٤٠٠ ماچ.

ئانتونیوکەت

* * *

چیخۆڤ

١٤ ئۆگەست

یاڵتا

ئازیزترین، نازانم کەی دێم بۆ مۆسکۆ، نازانم، چونکە دەمەوێت نمایشنامەیەك بنووسم، بڕوا دەکەیت؟ نمایشنامە نیە، شەقلیو پەقلیەکە بۆ خۆی. گەلێك کاراکتەری تیایە. ڕەنگە هەر نەتوانم بەردەوام بمو وازی لێبهێنم (...).

* * *

کنیپەر

١٤ ئۆگەست

مۆسکۆ

ئاخری نامەیەکت گەیشت ئانتونی ئازیزم، تەنانەت بە بیرمدا نەدەهات، چاوەڕوانی نەخۆشی خستبووم، ئازارم دەچەشت، دوێنێ نامەیەکی نائومێدانەم بۆ "ماشا" نووسی. ئەمڕۆ بەیانی خێرا چووم بۆ لای سندوقی پۆستو نامەکەی تۆم بینی، زۆر زۆر خۆشحاڵ بووم، بڕوام نەدەکرد، پێدەکەنیت؟ با وابێت، خۆشم دەوێیت کە پێدەکەنیتو پاشان یەکسەر هەموو لۆچەکانی ڕووت تێکدەڕژێن.

لە "گروزوف" کاردەکەیت یان نا؟

بۆم بنووسە بزانم نمایشنامەکە چۆن دەڕواتە پێشێ، چۆن کاردەکەیت؟ گران؟ نمایشنامەکە ئاسان بەرەو پێش دەڕوات؟ تووڕە مەبە، بێتاقەت مەبە، ناڕەحەت مەبە، یەکتری دەبینینەوەو هەموو شتێك فەرامۆش دەکەین. حەزدەکەم لە هەوایەکی تازەو تەندروستاییت. لە کوێ یەکتری ببینین؟ تۆ هیچ نالێیت (...).

❊ ❊ ❊

کنیپەر

١٦ ئۆگەست

مۆسکۆ

وا دەزانم زۆر دەمێکە نامەم بۆ نەنووسیویت ئانتۆنی ئازیز. وەلێ هێشتا نامەکانت فریویان نەداوم، زیاد لە هەفتەیەکە لە مۆسکۆمو هێشتا نامەیەکی تۆم پێنەگەیشتووە. هەست بە غەمباری دەکەم، گوێم لە دانپێدانانەکانی "خاڵە ساشا" گرت. بە ناڕازی بوونەکانی، بەوەی کە ژیانی بە گەوجایەتی دەزانێت، بە خۆشگوزەرانیەکەی، بە سەرخۆشیەکانی، هەوڵی بێوچانی بۆ دۆزینەوەی گەردیلەیەك لە پاکی، لە مرۆڤایەتی، مەیلی بۆ پەشیمان بوونەوە لە کردارەکانی ڕابوردوی، هەموو ئەمانەی لەبەر ڕووناکی مۆمێکداو بە ئاوازێکی وشك دەوت. لەسەر مێزەکە دەوریەكو سۆسەج دانراوە. من بە دەم گوێگرتنی ئەوەوە لێم دەخوارد. مرۆڤێکە جێگای بەزەییە. باسی خۆکوشتنی کرد کە هەڵبەتە هەرگیز نابێت دەست بۆ کاری وا بەرێت. بەردەوام لێی دەپرسیم کە ئایا بڕوا بە قسەکانی دەکەم یان نا، ئایا باوەڕ بە خۆم بێنم کە دوای ئەو ژیانەی لە ئۆردوگای سەربازیدا بەسەری بردووە ژیانی باشتر بوویێت یان نا. بە داخەوە نەمتوانی زۆر لەگەڵیا میهرەبان بم، بەڵام بە ڕاستی ئەو کارە دزێوانەی هاوین کردوونی تەواو بێزاری کردووم، تەنیا لە بێدەنگیدا گوێم ڕاگرتو وەڵامیم نەدایەوە. ئەو هەستی پێ کردو، ئاماژەی دا کە ڕەنگە هەموو شتێکت پێ بڵێت. دەشێت تۆ لە من باشتری لێ تێبگەیت.

بە ڕاستیی خەفەتی بۆ دەخۆم، ئەمانەی وتم بێزاریان نەکردوویت؟ زۆر حەزدەکەم لە سووچێکی ژووری کارەکەتدا دابنیشمو زۆر زۆر بێدەنگو هێور بم، حەزدەکەم لە پالّتا بحەسێمەوە، پاشان ئازارت بدەم، قسەی قۆڕ بکەمو سەر بنێمە سەرت. لە بیرتە کە دەتبردم بۆ ژووری سەرەوە چۆن پلیکانە دارینەکان دەکەوتنە جیرەجیڕو ئاشکرایان دەکردینو من زۆرم پێ خۆشبوو. خوا گیان خەریکم وەك کچۆڵەیەکی قوتابی دەنووسم.

باش حەساوەمەتەوە، دەستم هەڵپێکاوەو لە وێنەکەت ورد دەبمەوە، بیر لە تۆ، لە خۆمو ئاینده دەکەمەوە. تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە؟

منو تۆ کەمان قسە کردو هەموو شتێك زۆر مەنگە، وا نیە مێردی ئایندەم؟

لە بیرت چۆتەوە من چۆنم؟ منت خۆش دەوێت؟ بڕوا بە قسەکانم دەکەیت؟

بێ من هەست بە تەنیایی ناکەیت؟ باش شێو دەکەیت؟ لەگەڵ دایکتا بە شەڕ دێیت؟ لەگەڵ "ماشا"دا میهرەبانیت؟ هەوڵ بدە لە مەودوا وەڵامی هەموو پرسیارەکانم بدەیتەوە. زۆرم دەربارەی خۆت بۆ بنووسە. هەموو شتێکم پێ بڵێ. ئێستا بهێڵە سەرت بنێمە سەر باسکمو شەو باشت لێبکەم.

ئۆلگاکەت

* * *

چیخۆڤ

١٧ ئۆگەست

یالتا

ڕۆژباش ئەکتەری ئازیزو گچکەلانەکەم، دەمەوێت نمایشنامەیەك بنووسمو ئەم میوانە ملۆزمانە ناهێڵن، دوێنێ لە سەعات ٩ی بەیانیەوە تا شەو لێرە بوونو ئەمڕۆیش بۆ نانی نیوەڕۆ مانەوە. بیرم پەرتو خولقم پەرێشانە، لە پێستی خۆم دەردەچمو ناچارم هەموو ڕۆژێك لە نووکەوە دەستپێبکەمەوە. خانمی بەڕێوەبەری

قوتابخانەی کچان لەگەڵ دوو خزمیدا هاتن. هەرکە گەیشتن لە ژووری کارکردنمدا دابەزینو وا ئێستا چا دەخۆنەوە. ژنەکەی "نمیروڤیچ" لە ڕۆسیە[٧١] چاوەڕێیەتی. با تا دێت توندتر هەڵدەکات. لە ژووری کارەکەم هاتوومەتە دەرێو لە سووچێکی ژووری نووستندا دەنووسم. ئەگەر ئەم میوانانە وازم لێبهێننو منیش تووڕە نەبم نمایشنامەکە لە نێوان یەك تا پێنجی سێپتەمبەردا تەواو دەکەم. دەینووسمو پاکنووسیشی دەکەم. پاشان زۆر لەوە دەچێت بێم بۆ مۆسکۆ.

ماوەیەکی زۆرە نامەت نیە، ئەسڵەن کارێکی باش نیە ئازیزەکەم، تەندروست بیتو ناخۆشیت لە دڵ نەگەڕێت.

ئانتەکەت

* * *

چیخۆڤ

١٨ ئۆگەست

یالتا

ئازیزم وەڵامی هەموو پرسیارەکانت دەدەمەوە، لە "یالتا" کاردەکەم نەك لە "گۆرزۆڤ"[٧٢]، هەموو چرکەساتێك بە شێوەیەکی نەفرەتی بێزارو ماندوو دەبم، نمایشنامەکە لەسەرمدا گەڵاڵە بووەو بەرەوپێش دەچێت، تەنیا ئەوەی ماوە بیخەمە سەر کاغەز. هەر ئەوەندە پەڕە کاغەزێکی سپی بگرمە دەست سەرو گوێی کەرێك دەردەکەوێت. لە سەرەتاوە پێدەچوو ئاسان بێتە سەر کاغەزو نازانم دوایەکەی چۆن دەبێت.

ئایا یەکتری دەبینین؟ بەڵێ، حەتمەن، کەی؟ ڕەنگە سەرەتای سێپتەمبەر، بێ تاقەتو کەم خولقم، پارە لە فڕیندایە، خەریکە نابووت دەبم، ئەمڕۆ بایەکی سەخت

[٧١] Rossya

[٧٢] Gorzov

هەڵیکردووه، زریانێکه بۆ خۆی، درەختەکان وشك بوون، یەکێك لە لەقلەقەکان باڵی گرتوەو ڕۆیشتووه.

ئەکتەری ئازیزو چکۆلانەم، خۆزگا بمتوانیایه بە شادییەکی پاكو منداڵانەوه لە دارستانێکی کەنار ئاوو مێگەلدا ڕابکەم، ڕەنگە ئەمە زۆر پێکەنینهێنەر بێت، بەڵام دەبێت بڵێم کە دوو ساڵە سەوزاییەکی ڕاستو دروستم نەدیوە، ئازیزم ئەمە گەلێك شەکەتم دەکات.

دایکم سبەی دەڕوات. تەندروست بیت. نە "ستانسلاڤسکی" و نە ژنەکەیو نە ژنەکەی "نمیروڤیچ"م نەدیوه.

ئانتونیوکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

١٩ ئۆگەست

مۆسکۆ

ڕۆژباش ئانتونیوی ئازیز، درەنگەو من تازه لە باخی "هرمیتاژ" گەڕاومەتەوه، لەوێ ویستم گوێ لە ئۆپێراتایەك بگرم، وەلێ زۆر بێکەڵكو هیچ و پووچ و بازاڕی بوو (...).

حەزم نەدەکرد بە تەنیا لە ماڵەوه بم، ئەم ڕۆژانە زۆربەی کاتم لە ماڵەوه بەسەربردووه، بە تایبەتی دوێنێ کە حاڵم خراپو هەموو ڕۆژەکە بە تەنیا لە ماڵەوه ڕاکشابووم. ئەمڕۆ پرۆڤەم هەبوو (...) سەعات ٧، بۆ مووچە وەرگرتن ڕۆیشتم بۆ شانۆو کەمێکم لە "دوژمنی گەل"[٧٣] بینی، پاشان لەگەڵ "ڤیشنیوڤسکی" چووم بۆ ئۆپێراتە، هاوڕێیەکی باشە، تۆ دەڵێی چی؟ لێرە "سانین"م بینی، پەردەو نیوێکم لە

---

[٧٣] "دوژمنی گەل" نمایشنامەیەکی هنریك ئەبسنە.

نمایشەکە بینی‌و کە سەرما گەیشتە سەر ئێسقانم گەڕامەوە ماڵەوەو دانیشتم تا بۆ ئازیزێکی دورم نامە بنووسم.

ئەمڕۆ نامەیەکی غەمگینانەت بۆ ناردم، وایە؟

بەیانی چووم بۆ پرۆڤە، کە لە پلیکانەکان دەهاتمە خوارەوە، بە ئارەزووی نامەیەکەوە تەماشایەکی سندوقی پۆستەکەمم کرد. هەرکە زەرفی نامەکەتم بینی دڵم داکەوت. بە دەگمەن نامەم بۆ دەنووسیت، بە هەرحاڵ ئەوەی تۆ بناسێت گلەیت لێناکات. هیوادارم ڕستەی "هەوڵی گۆڕینم نەدەیت" بۆ گاڵتە بێت، تەریق نابیتەوە؟

زۆرم پێ خۆشە سەرگەرمی کارێکیت، دەبێت نمایشنامەکە لە پلەی یەکەمدا بێت، گوێت لێیە؟ هەست دەکەم نمایشنامەیەکی سەرنج ڕاکێش بێت. چەند حەزدەکەم بە جووتە بیخوێنینەوە. نابێت هیچ شتێك ڕێگای کارمان لێبگرێت. خودا گیان کە تۆ دەبینم چ حاڵێکم بەسەردا دێت، کۆترەکەم، وات پاك دەکەمەوە کە بریقێبێتەوە، کەوشەکانت پاك دەکەمەوەو هەموو تۆزو خۆڵێکی لێ لادەبەم‌و ئینجا نۆرەی دڵمان دەگات. پێم نەڵێی ئەڵمانی ها؟ گوێت لێیە، "ماشا" بەیانی دێت بۆ ئێرە. من زۆر خۆشحاڵم، زۆر، ئێوە هەردووکتان منتان بە خۆتانەوە بەستۆتەوە، پیس‌و چەپەڵینە، نامەوێت بەڵام پێم خۆشە هاوڕێتان بم!

هەرگیز تاقەتی ڕێك‌و پێك کردنی ژوورو هیچ کارێکی ترم نیە، حەز لە هیچ ناکەم، چووم بۆ لای پزیشك، بڕیارە گەرووم ماساژ بدەن‌و پاکی بکەنەوەو نەرمی بکەن. نامەوێت بچم بۆ هیچ شوێنێك، نامەوێت کەس ببینم، تەنیا تۆ نەبیت، تۆ، تۆ، تۆ، تۆ، تۆ، تۆ، تۆ، تۆم دەوێت.. ماچت دەکەم، چەندین، چەندین ماچی گەورە، ئازیزم.

ئۆڵگاکەی تۆ، تۆ

* * *

چیخۆڤ

٢٠ ئۆگەست

یالّتا

ئەوە تۆ دەڵێی چی؟!! ئازیزەکەم، تۆ نووسیوتە کە تەنیا نامەیەکی منت پێگەیشتووە، بەڵام من تا ڕادەیەك هەموو ڕۆژێك نامەت بۆ دەنووسم، یانی چی؟ هەرگیز نامەی من ون نابێت.

دوێنێ بۆ حەسانەوە چوومە باخەکە، لە پڕێکدا "شتێکی زۆر ترسناك"! ژنێکی بەرگ خۆڵەمێشی لێم نزیك کەوتەوە (...) قسەی بێمانای کرد، بەڵام تێی گەیاندم کە دەتوانێت تەنیا لە سەعات یەکەوە تا سەعات سێ لام بمێنێتەوە، هەر ئەوەندە! (...).

پێم وابوو نمایشنامەکە باش دەڕوات کەچی ئێستا دەستپێکردنەکەیم بە دڵ نیە. هەست دەکەم بێکەڵکەو نازانم چی بکەم، نمایشنامە دەبێت بە یەك وچان بنووسرێتو وەستانی تێنەکەوێت، وەلێ ئەم بەیانیە تاقە ڕۆژێك بوو کە بە تەنیابمو کەس سەرودڵم نەگرێت. بەهەرحاڵ کەی مەسەلەیە؟ (...).

* * *

کنیپەر

٢٣ ئۆگەست

مۆسکۆ

دوێنێو ئەمڕۆ نامەتم پێگەیشتوە ئانتونی ئازیزم زۆر دڵخۆش بووم. شادمانم بەوەی نمایشنامەکە باش دەڕوات، وەلێ تێناگەم بۆ ناتوانیت لەم حاڵەی ئێستادا خۆت لە گوشاری ئەو میوانە چەتوونانە ڕزگار بکەیت، بە تەواوی تێدەگەم کە ناهەقت نیە بێ خولّقو تووڕە بیت، کاتێك ئەم شتە بچووکانە ناهێڵن بە ئاسوودەیی

کارەکانت بکەیت (...) هەی سلاڤی تەمەڵ من بێگومانم ئەگەر بتەوێت لە شەڕی ئەو میوانانە خۆت دەپارێزیت.

دوو ڕۆژ لەمەوبەر نامەم بۆ نووسیت. ماوەیەکی زۆرە، وا نیە؟ (...) کەواتە دێیت بۆ ئێرە، ئازیزم؟ لە سەرەتای سێپتەمبەردا؟ دەتەوێت ببینیت؟ یان بێ منیش هەر خۆشت لێدەگوزەرێت؟ دەزانم لە داهاتوودا تۆ پیاوێکی سارد دەردەچیت! ئێستا دەبێت بوەستم، بەرەو پرۆڤە رابکەم، ئازیزم. ئازیزەکەم، ماچت دەکەمو چاوەڕێتم.

ئۆلگاکەت

نامەکانت هێند پڕ لە خۆشەویستی نین.

* * *

چیخۆڤ

٢٣ ئۆگەست

یالتا

ڕۆژباش ئازیزم، لە نامەی (١٩ ئۆگەستا) لەوە تووڕەیت کە بۆ کەم دەنووسم، وەلێ دەزانیت من بەردەوام نامەم بۆ نووسیویت!

دوێنێ "ستانسلاڤسکی" لێرە بوو، تا سەعات (٩) مایەوەو پاشان ڕۆیشتین (لە ڕاستیدا من بردم) بۆ بینینی کچە بەڕێوەبەرێکی قوتابخانە، ژنێکی زۆر باشی مەجەری لە قوتابخانەکەیە ڕووسیەکی زۆر سەیر قسە دەکات، ژنەکە چەنگی لێداو هەمووومانی هێنایە پێکەنین، تا سەعات ١٢ لەوێ بووین (...) هێشتا باران نەباریوە، دەیانەوێت ئەمبارێك لە حەوشەکەدا دروست بکەن، لەقلەقەکە بێزارە، خۆشم دەوێیت.

بۆ بینینم دێیت بۆ ویزگە؟ دەبێت لەکوێ بم؟ لە کامە ئوتێلدا؟ ئایا ئوتێلێکی خۆش کە زۆر گران نەبێت لە نزیك ئێوەوە هەیە؟ وەڵامی ئەمانەم بۆ بنووسە ئازیزەکەم.

ماڵەوه کرو بێدەنگە، لەگەڵ دایکمدا رێك کەوتووینو بێ هەراین. لەگەڵ "ڤیشنیڤسکی" بۆ ئۆپێرا دەچیت؟ باشه بەڵام.. بێ فەر مەبەو نامەم بۆ بنووسە، پاداشتەکەی دەبینیت، وەك عەرەبێکی کێوی خۆشم دەوێیت، تەندروستو شادبیت. ئۆلیا فەرامۆشم مەکە، بنووسەو زۆر بیر بکەرەوه لە: ئانتۆن.

*   *   *

کنیپەر

٢٤ ئۆگەست

"مۆسکۆ"

تازه لە حەمام گەڕاومەتەوەو کەس لە ماڵەوه نیه، هەموو شتێك هێورەو من حەزدەکەم قسەت لەگەڵدا بکەم ئانتۆنی خۆم، ئایا تۆ موڵکی منیت؟ تۆ هەرگیز بە ناوی ڕاستەقینەی خۆمەوه بانگت نەکردووەو تەنیا لە نامەی یەکەمتا ئەوەت نووسی. پێت خۆشه (...).

ئازیزم، کۆترەکەم، خۆت لە دەست خەڵکیی ڕزگاربکە، کارێکی وا بکە بتوانیت بێ تەنگپێهەڵچنینی خەڵکیی زۆر بە هێوری بنووسیت. ئەگەر من لە بارودۆخی نووسینی تۆدا بوومایە، بێزارو تووڕە دەبووم، ڕاستە کارەکەی من بە کارەکەی تۆ بەراورد ناکرێت، بەڵام من خۆم لە میوانی بێکەڵك دووردەخەمەوه، دوورەپەرێزم لە هەر کەسو هەر شتێکی وا، بۆیە دەتوانم بنووسم، خۆیشت ئەمانه باش دەزانیت. من نامەیەکم لە تۆ دەوێت کە تیایدا بنووسیت ئیتر لە مەودوا تۆ خۆت بۆ نووسین تەرخان کردووه. باشه؟ زۆرم پێ خۆش دەبێت؟

*   *   *

کنیپەر

٢٦ ئۆگەست

"مۆسکۆ"

ئاووهەوا ترسناکە، بارانێکە ئانتۆن، هەروا پێش چرکەساتێك لە پرۆڤە گەڕاومەتەوە، بە پیٚ‌و پلی تەڕەوە، گالۆشەکانم لە پێدا نەبوو، پێڵاوەکانم هەموو کون بوون، "ڤیشنیڤسکی" ناوی لێناوم "بووکی بیٚ جیازی"[٧٤] هەرکە بە پاڵتاوو پێڵاوی کونەوە دەمبینێت بۆ ماوەیەکی درێژ دەداتە قاقای پێکەنین (...).

دوێنیٚ‌و ئەمڕۆ نامەتم پێنەگەیشتووە، خەمبارم (...).

* * *

کنیپەر

٢٨ ئۆگەست

"مۆسکۆ"

ئێستا سەعات یەکی بەیانیە ئانتونی ئازیزم‌و من تازە لە پرۆڤەی "کچی بەفر"[٧٥] گەڕاومەتەوە (...).

پرسیارت لە بارەی ئوتێلەوە کردبوو؟ من وام دەزانی تۆ دەتەوێت لەگەڵ "ماشا"دا بمێنیتەوە، بەم زوانە خاوەن ماڵەکەی ناگەڕێتەوەو لە ماڵەکەیدا ئاسوودە دەبیت. وا نیە؟

باری تەندروستی میزاجت چۆنە؟ حاڵ‌و ڕۆژگارت چۆن لیٚ بەسەردەچێت؟

پێویستە زیاترم پیٚ بڵێیت، دەبێت من‌و تۆ زیاتر قسان بکەین، باشە؟

---

[٧٤] ناونیشانی شانۆگەریەکی ئۆستڕۆڤسکیە.

[٧٥] شانۆگەریەکی ئوستڕۆڤسکیە کە لە ٢٤ سیپتەمبەری ١٩٠٠دا نمایش کراوە.

من بێجگە لە شانۆو ماڵی "ماشا" بۆ جێگای تر ناچم (...) شەوێکی ئارام بەسەردەبەم نووسەری ئازیزم، سبەینێ چاوەڕێی نامەتم، توند ڕات دەمووسم، وەك عەرەبێك کێویانە خۆشت بوێم: ئەی من چۆن تۆم خۆش بوێت؟

ئۆلگاکەت

بۆ چاخواردنەوە میوانی "ڤیشنیڤسکی" بووم "نمیرۆڤیچ"یش لەوێ بوو. "ڤیشنیڤسکی" ژیانێکی جوانی هەیە، هەموو شتێکی ناوماڵەکەی پاكو خاوێنەو بیرم کردۆتەوە شووی پێبکەم، تۆ دەڵێی چی؟

* * *

چیخۆڤ

٣٠ ئۆگەست

"یالتا"

ئۆلگای ئازیزم، من زیندووەو تەندروستیم باشەو هیوادارم تۆیش وابیت، کە نامەم بۆ نەنووسیویت، هۆیەکەی ئاووهەوایە لەبەر ئەوەیش کە شانۆنامەکە دەنووسم، کەمێك بێزارکەرە بەڵام بە گشتی قووڵە، وەك خۆم چاوەڕوان بووم زۆر لەسەرخۆ دەنووسم، ئەگەر شانۆگەریەکە وا دەرنەچێت کە خۆم چاوەڕوانی دەکەم دەیخەمە سەر ڕەفە بۆ ساڵێکی تر. بەهەرحاڵ ئەگەر ئەمەیش نەبوو هەرچۆنێکە دەبێت تەواوی بکەم. خۆزگا دەتزانی چەندە پەستم، هەرگیز بەدەست خۆم نیە، ناتوانم بینینی خەڵکی ڕەت بکەمەوە، ناتوانم، "مۆسکۆ" ساردە؟ ئای کە چەند خراپە. کەواتە تەندروست بیت، لەوە بێتاقەتیت کە بۆ لە هەندێك نامەی خۆمدا بە ناوی ڕاستەقینەی خۆتەوە ناوت نابەم، بەشەرەفم دەست ئەنقەست نیە.

حەفتا جار ماچت دەکەم.

حاڵم زۆر باش نەبوو وەلێ ئێستا باشترم، دیسانەوە ورەم بەرزە.

ئانتۆنەکەت

*　　*　　*

کنیپەر

١ سێپتەمبەر
"مۆسکۆ"

لە ۲۳ی ئۆگەست بەم لاوە نامەی تۆم پێنەگەیشتووە ئانتۆنی ئازیزم، ئەمە ئەوپەڕی نامیهرەبانیە، من چاوەڕوانم، چاوەڕوانم، وەلیٚ ئەگەر بە ڕاستیی سەرگەرمی کارکردنیت لێم ببوورە. بۆ "ماشا"یش هەر نانووسیت هەی بوونەوەری کێوی! تەندروستیت باشە؟ نامەوێت ئەوقت بکەم ئیتر گلەیی ناکەم. بەڵام ئەم بێدەنگیە دوورو درێژە بۆ؟ ناتەوێت نامە بنووسیت؟

ساردیەکەی ئێرە ترسناکە، منی داماو هەندێك جار لە ماڵەوەم، هەندێك جار پەنا دەبەمە بەر "ماشا" هەرچەندە ئەم جۆرە ژیانەیشم پیٚ ناخۆش نیە. حەوسەڵەم هەندێك جار خۆشەو هەندێك جاری تر نا، زۆر ناڕەحەتم (...)

ئۆلگاکەت

*　　*　　*

کنیپەر

٤ سێپتەمبەر
"مۆسکۆ"

بۆ دواجار نامەتم پێگەشت ئانتوانی ئازیزم! چەندم پێخۆشە تەندروستیتو کاردەکەیت، حەزئەکەم شادبیتو ورەت بەرز بێت بۆ ئەوەی زووتر بێیت بۆ ئێرە، ئای کە بیرم پەرتە..

ئەمڕۆ زۆر سەرم دێشێت، دوو ڕۆژی دوایی لە پێی خستبووم (...) دەزانیت "گۆرگی" و "سولرژیتسکی"[٧٦] لێرەن. لە بارەی تۆوە زۆرمان قسە کرد. "گۆرکی" بۆ پرۆڤە دێت، چەندین جار فرمێسک کەوتۆتە ناوچاوی، پێرێ بۆ نانی نیوەڕۆ لامان بوو، هەمووماننی سەرگەرم کرد، زۆر چیرۆکی گێڕایەوە، لە بارەی خۆیەوە دوا، وتی کە چۆن لەم هاوینەدا چیرۆکی "لە شیوێکدا"ی تۆی بۆ چەند جوتیارێك خوێندۆتەوەو چیرۆکەکە چ کاریگەرییەکی لەسەریان هەبووە. کە ئەمەی دەگێڕایەوە بەردەوام ئەملاو ئەولای دەکردو فرمێسك لە چاویدا قەتیس مابوو، جوتیارەکان ماتی کەرانەو بە خۆشەویستیەوە تەماشای وێنەکەی تۆیان دەکردو گوێیان بۆ خوێندنەوەی ئەو شلکردبوو (...).

ئۆڵگاکەت

*　*　*

چیخۆڤ

٥ سێپتەمبەر
"یالتا"

ئازیزترینم، فریشتەکەم، نامەم بۆ نەنووسیویت، بەڵام تووڕە مەبە، بوار بە لاوازیەکانی مرۆڤ مەدە، هەموو ئەم ماوەیە کارم لە شانۆنامەکەدا کردووە، زیاتر بیرم کردۆتەوە تا نووسین (...) شانۆنامە دەنووسم. بەڵام پەلە ناکەم. زۆر ڕێی تێدەچێت بێ شانۆگەریەکە بێم بۆ مۆسکۆ. ئەکتەری زۆری تێدایە، پڕەو دەترسم لە دواییدا بێ

---

[٧٦] **Leopold Sulerzhitski** هاوڕێو لایەنگری تۆلستۆی کە پاشان بوو بە هاوڕێو یارمەتیدەری "ستانسلاڤسکی".

سەرەو بەرە بێت، یان تامو بۆیەکی نەبێت. بۆیە وا چاکترە هەڵی بگرم بۆ وەرزی ئاینده (...).

میوانم هەیە (...) لە یالتا باران نابارێت، درەختەکان وشك بوون، لە مێژە ڕووبارەکە خوڕەی نایەت، هەموو ڕۆژێك بای دێت، هەوا ساردە.

زیاتر بنووسە، نامەکانت دڵم خۆش دەکەن، گیانم دەحەسێننەوە کە وەك خۆڵی "کریما" غەمبارو بیّ تینە ئازیزم، لێم تووڕە مەبە. میوانەکانم لە ڕۆیشتندان دەبێت ڕەوانەیان بکەم.

ئانتوانەکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٦ سێپتەمبەر

"یالتا"

ئازیزم، ئۆلیا، فریشتەکەم، بە بیّ تۆ ژیان بێزراوە، کە پرۆڤەکانت تەواو بوونو دەست بە نمایش کرا دێم بۆ ئەویّ. هەر لەو کاتەدا کە مۆسکۆ ساردە، واتا دوای ٢٠ سێپتەمبەر. لە ماڵەوەمو لەوە دەچێت بنووسم، تەندروست بیت، پیرێژن.

ئانتوانەکەت

ئەوەی کە دەیلێم، بۆ نموونە، لەبەرئەوەیە کە لە پشت مێزەکەمەوە دادەنیشم، پیاسە دەکەم، بیردەکەمەوە، پاشان دەچمە سەر کورسیەکەم دادەنیشم، پەنا دەبەمە بەر کاغەز و لەبارەی ئەم شتەو ئەو شتەوە بیردەکەمەوە، پیرێژنە ئازیزەکەم، بنووسە.

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٨ سێپتەمبەر
یاڵتا

(...)

٢٠ سێپتەمبەر بەرەو مۆسکۆ دەجولێم، یەکی ئۆکتۆبەر لەوێ دەبم، هەموو ڕۆژەکە لە ئوتێل دەبم و دەنووسم، دەنووسم یان پاکنووس دەکەم؟ نازانم پیرێژنی ئازیزم، یەکێك لە کارەکتەرەکان ژنێکی تۆزێ تەمەڵە نازانم چی لێبکەم، نارەحەتی کردووم (...).

بە داخەوە کە لە من ئومێد بڕاو دەبیت، قژم هێند خراپ دەڕوتێتەوە تا هەفتەیەکی تر سەرم وەك هێلکە ساف دەبێت. وا دیارە خەتای سەرتاشەکەیە، باشە، ئەی بۆ ئەوەی ببم بە قەشە دەبێت چی بکەم؟

ئایا "گۆرکی" شانۆنامە دەنووسێت یان نا؟ بۆ لە "نۆڤۆستی دنیا"[٧٧]دا نووسیویانە کە خەڵکی ناونیشانی سێ خوشك پەسەند ناکەن؟ قسەی قۆڕە، دەشێت پێیان خۆش نەبێت بەڵام من هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە ناوەکە بگۆڕم.

زۆر سەیر بێ تاقەتم، تێدەگەیت؟ زۆر سەیر، خواردنم شۆربایە، شەوانە دنیا ساردەو من هەمیشە لەماڵەوەم. هیچ کچێکی جوانیشم لا نیە، پارە داویەتە کەمی، ڕیشم وردە وردە دەبێتە ماش و برنج (...).

ئانتوانەکەت

* * *

[٧٧] **Novosty Dnya**

کنیپەر

١٠ سێپتەمبەر

مۆسکۆ

چەند رۆژێك لەمەوبەر نامەم بۆ نووسیت ئەنتوانی ئازیزم!! نارەحەتیت؟ پیاسە دەکەم، دوو ڕۆژ چوومەتە دەرەوەی شارو هەوای پاکی پاییزم هەڵمژیوە. تەماشای رەنگی پایزم دەکرد، ئێستایش دوای دوو هەفتە یا زیاتر یەکەمجارە لە ماڵەوە تەنیام، پاشان هێند بێ حەوسەڵە بووم نەمتوانی لەسەر مێزەکەم دابنیشم.

سەفەر بۆ چیای "ڤورویڤی"[٧٨] لەوە چاکتر بوو کە چاوەڕێی بووین، بە داخەوە "ماشا" نەیتوانی لەگەڵماندا بێت، لە قوتابخانە کاری هەبوو، گروپەکەمان بریتی بوون لە: خاڵە "ساشا" "ڤلودیا"ی برامو دەزگیرانەکەی، "لیو"ی ئامۆزام کە لە "ترانسڤال"[٧٩] گەڕاوەتەوەو بەندەی دڵسۆزیشتان، بێ ئەوەی بەرنامەمان بۆ دارشتبێت هەمووومان سەرلەبەیانی کۆبووینەوە، ئاووهەوا خۆش بوو، هەناسەدان گەلێك ئاسان بوو، بە ئاسانی بە پێ دەڕۆیشتین، هەموو شتەکانی دەوروبەرمان دڵخۆشکەرو ئارامو شادی بەخش بوون (...) چەند ڕۆژێك پێش ئەوە کە چووبووم بۆ شەقامی "تڤیرسکوی"[٨٠] و چاوچنۆکانە بۆنی گەڵا پایزیەکانم دەکرد، هاتبوومەوە سەر خۆمو حەزم لێبوو بچمە دەرێ.

سواری ترامواى ئەسپی بووینو چووینە پەرستگای "نۆڤۆدیڤیچی"[٨١] دوای یەك دوو میل بە ناو بێستانی پڕ لە بۆنی شویتو کەلەرمدا تێپەڕین، لە ڕووبارێك

---

[٧٨] Vorobevy

[٧٩] Transvaal

[٨٠] Tverskoy

[٨١] Novodevichi

پەڕینەوەو گەیشتینە "ڤورویبڤکۆ"[٨٢] خۆشبەختانە کەس لەو دەوروبەرە نەبوو، بێدەنگیەکی نائاسایی هەموو ئەو ناوەی گرتبووەوە. سووسەی نەدەهات. تەنانەت گەڵایەك نەدەجوولا. لەو چرکە ساتەدا بوو کە حەزم دەکرد تەنیا بم، زۆر تەنیا لەگەڵ تۆدا دانیشم لەو بەهەشتە پایزیەدا، سروشتی دەوروبەرم هەست پێبکەم، لە مەبەستم تێدەگەیت، ئێستا هەست بەوە دەکەی تیایدا دەژیم. کاژو سەروەکانی دارستان ڕەنگی ئالتونیان گرتووە. چنارەکان خەریکن سووردەبن، بەڕووەکان هێشتا سەوزن، زەوی شێدارە، لێرە بۆنی قارچك لە هەوادا بلاوبۆتەوە، ئەو گوڵە پایزیانەی کە خۆشم دەوێن لە هەموو جێگایەکدا هەن. بە کورتی جوانی لە ڕادەیەکدا بوو کە هەناسەی لە سنگدا بە گیر دەهێنا. خۆر جوانو وەك زیندەخەون هەورەکان وێنەی ناسکیان پێکدەهێنا، ماوەیەکی زۆر لەوێ وەستاین، گومەزە ئالتوونیەکەی مۆسکۆی دایك، کە لەنێو تەم و مژدا ون ببوو هەندێك جار پەڵەیەك هەتاوی بەسەردا پەخش دەکردو دڵی دەکردینەوە. ئەم دیمەنەم لە منداڵیەوە خۆش ویستووە. لە باڵکۆنەکەدا چامان خواردەوە، کەمێك قەشمەریمان کردو پێکەنینو پاشان بۆ ناو دارستانو دەربەندەکەمان تێکێشا، خاڵە "ساشا" و من لە بارێکی شاعیرانەدا بووین، من گەڵێك گەڵاو گیاو گوڵە پاییزەی جۆراوجۆرم کۆکردەوەو باقە گوڵێکی گەورەم بۆ ماشا هێناو زۆری پێخۆشبوو. کە گەڕاینەوە لەسەر ڕێگاکەماندا، سواری کەشتی بووینو تا پردی "دورۆمیلۆڤسکی"[٨٣] چووین. قاز کەناری ڕووبارەکەی داپۆشیبوو، هەروەها لەو ناوە دوو مراوی کێویشمان بینی. بە گیانێکی خۆشو شادمانیەوە گەڕاینەوە ماڵێو نیوەڕۆژەیەکی پڕ لە هەراو زەنامان خوارد (...).

---

[٨٢] **Vorobevko**

[٨٣] **Doromilovski**

هەر ئێستا نامەیەکی تۆم پێگەیشت ئازیزم. بە پەرۆشەوە دەمەوێت بتبینم، بەڵام چۆن دەبێت بەم سەرمایە بێیت؟ دەزانیت ئازیزم زۆر دڵم لاتە، هەڵبەتە تۆ لەگەڵ "ماشا"دا دەبیتو لە لایەنی خەوو خۆراکەوە دوودڵ مەبە. ئێمە خۆشمان دەوێیتو چاودێریت دەکەین- هەڵبەتە من نا. نامەکانم بەڕاستیی خۆشحاڵت دەکەن تاقە ئازیزم؟ ماچی گەورە

ئۆڵگاکەت

* * *

کنیپەر

١٢ سێپتەمبەر

"مۆسکۆ"

بۆ دەتەوێت دوای ٢٠ سێپتەمبەر بێیت بۆ ئێرەو ئێستا نایەیت؟ دنیا گەرمەو هەتاوە. بۆ تۆ وا چاکترە لێرە بنووسیت نەك لە کریمەی تاراوگەکەتدا. ڕاست ناکەم؟ بیری ئوتێل لە سەرت دەربکە، ماڵی "ماشا" زۆر چاکە. بۆ سەر ڕووتانەوەکەت دەرمانێکی زۆر باشم هەیە. نیو قاپ ئالکول بکەرە ناو نۆگرام نەفتالینەوەو بیدە لەسەرت. گەلێك کاریگەری هەیە. هەر ناشێت تۆ بەسەری تاسەوە بێیت بۆ مۆسکۆ، هەموو وا دەزانن من تاڵە تاڵەی قژتم ڕنیوەتەوە، گوێت لێمە؟ (...).

* * *

چیخۆڤ

١٤ سێپتەمبەر

"یالتا"

(...) شەش حەوت ڕۆژە لە ماڵەوەمو هەر نەچوومەتە دەرێ، زۆر نەخۆش بووم، تا، کۆکە، ئاوساوی. ئەمڕۆ تۆزێك باشترمو خەریکە دێمەوە سەر خۆم، بەڵام کە بیر لەوە دەکەمەوە هەفتەیەکە هیچم نەکردووەو شتێکم نەنوسیوە تێکدەچم. شانۆنامەکە

لەسەر مێزەکە تەماشایەکی هەڕەشەئامێزم لێدەکاتو منیش بە خەجاڵەتیەوە لێی دەڕوانم.

ئامۆژگاریم دەکەیت نەیەم بۆ مۆسکۆ؟ دایکم لە سەرەتای ئۆکتۆبەردا دێت، هەر دەبێت ئەو لە پێشا بنێرمو ناتوانم بێمە لات، ئەمە بەو مانایەیە کە لە زستاندا تۆ من لەبیر دەکەیتو منیش دڵ بە یەکێکی تری وەك تۆ دەدەمو هەموو شتێك سەرلەنوێ دەستپێدەکاتەوە.

سبەینێ دووبارە نامەت بۆ دەنووسمەوەو لەوەیش دەچێت تا ئەو کاتە حاڵم باشتر بێت. دوکتۆر "ئالچولەر"[٨٤] هات، شادو تەندروست بیت.

ئانتەکەت

*   *   *

چیخۆڤ

١٥ سێپتەمبەر

"یالتا"

لەبارەی شانۆنامەکەوە دەبێت بڵێم کە زوو یان درەنگ تەواوی دەکەم، ڕەنگە لە سێپتەمبەر یان ئۆکتۆبەر یان نۆڤەمبەردا بێت، وەلێ تەواوکردنی بۆ ئەم وەرزەی شانۆ هێشتا ناتوانم هیچ بڵێم مەیموونە ئازیزەکەم، ڕەنگە لای منەوە بڕیارێکی پێچەوانە هەبێت، لەبەرئەوەی یەکەم لەوانەیە تەواو نەبێتو هەروەك ئێستا لەسەر مێزەکەم ڕاکشابێتو جێگا خۆش بکات، دووەمیش دەبێت خۆم لە کاتی پرۆڤەکردندا ئامادەبم، دەبێت! چوار ڕۆڵی زۆر گرنگی ژن، چوار ژنی گەنجی ڕووناکبیر، لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا بۆ هەستو هۆشی "ستانسلاڤسکی" بەڵام ناتوانم بیدەمە دەستی. دەبێت خۆم نیمچە چاودێرییەکی پرۆڤەکەی بکەم (...).

---

٨٤ **Altshuler**

نامەی تری سەرنج ڕاکێشم بۆ بنووسە، بڕۆ بۆ چیای "ڤۆروبیڤی" و بنووسە، تۆ ژنێکی زیرەکیت. شتە زۆر گرنگەکان بنووسە بۆ ئەوەی ناچار نەبیت دوو پوول بە زەرفەکەوە بنێیت. بەڵام کە ئێستا تاقەتی نووسینت نیە، یەکەم لەبەرئەوەی سەرت قاڵەو دووەمیش کە دەتەوێت لە من دووربکەویتەوە، وایە؟ زۆر زۆر ساردیت، ئەمە لە ئەکتەر بەدوور نیە، تووڕە مەبە ئازیزەکەم خۆت دەزانی من هەروام.

نە باران هەیەو نە ئاو، گیا لە وشك بووندایە، دیسانەوە گەرما دەستی پێکردۆتەوە، ڕەنگە ئەمڕۆ بچم بۆ شار، لە بارەی تەندروستیتەوە هیچ نانووسیت، چۆنیت؟ چاکیت؟ قەڵەو بوویت یان خەریکی لاواز دەبیت؟ لەبارەی هەردووکیانەوە بۆم بنووسە.

ئەوەندەت ماچ دەکەم تا دەبووریێیتەوەو شێت دەبیت، لە بیری نەکەیت..

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

١٩ سێپتەمبەر

"مۆسکۆ"

ئازیزەکەم شتی سەیر دەنووسیت. من نامەوێت تۆ بێیتە مۆسکۆ؟ من نامەوێت؟ ئەمە لە کاتێکدا کە گەرمای ئێرەو نەبوونی تۆ دەماری وردو خاش کردووم؟ من وا دەزانم تۆ لە من سارد بوویتەتەوەو حەزناکەیت بێیت بۆ "مۆسکۆ". خوا گیان، من عاشقی ئەو چرکەساتانەم کە تۆ لێرەیت، لە پرۆڤەکاندا ئامادە بیتو من سەر بنێمە سەرشانت، وام بە خەیاڵدا دێت لەوانەیە بمریت! لەمە تێدەگەیت؟ من وا دەزانم تۆ لێرە حاڵت باشتر بێتو لە ڕووی جەستەو ڕۆحەوە ئاسوودە بیت. وا نیە هەرە ئازیزم؟ دایکت بێنەو چەند دەمێنێتەوە تۆیش لێرە بە. باوەڕ بکە تەندروستیت

باشتر دەبێت. من خۆشم دەوێیت، دڵنەواییت دەکەم، گۆرانیت بۆ دەڵێم، بە هۆی ئەو ماساژەوە کە کردوومە گەرووم خەریکە بەهێزتر دەبێت. تەندروستیم باشەو کێشم زیادی نەکردوە، دەمەوێت لە کێشم کەم بکەمەوە، قژیشم خەریکە دەڕوێتەوە ئیدی دەبمە هاودەردت، ڕاستیەکەی فیڵم لێکردیت تۆ پێویستت بە ١,٥ گرام نەفتالین هەیە نەك ٩ گرام لە نێوە قاپێك ئالکولدا. ئەمجارەیان دڵنیا بەو کارەکە ئەنجام بدە، سێ یان چوار ڕۆژ سەرتی پێ چەور بکە.

دەزانیت نامەی ١٥ سێپتەمبەرەکەتم دوێنێ بەدەست گەیشتو ئەوەی ١٤ سێپتەمبەریش ئەمڕۆ. سەیر نیە؟ ئاخری نامەیەکی ئینسانیانەت نووسی بە یاداشتێکی کورتەوە. وەك ئەوەی کۆڵێك بەسەرشانتەوە بوویێتو بتەوێت دایبنێیت (...).

باشە، کەواتە بڕیارت داوە فەرامۆشم بکەیتو عاشقی یەکێکی تر بیت؟ ئەو کارەی بکە، منیش دڵی یەکێکی دی دەفڕێنم، قسەی بێ تام بۆ یەکدی دەکەین (...).

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢٠ سێپتەمبەر

"یالتا" تەلەگرام

دایکم بەیانی دێت بۆ مۆسکۆ، نمایشنامەکە تەواو نەبووە، دوایی دێم، سڵاو، دەستت ماچم دەکەم.

ئانتونیۆس

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢٢ سێپتەمبەر
"یالتا"

ڕۆژباش ئۆلگای ئازیزم، کۆترەکەم، چۆنیت؟ دەمێکە نامەم بۆ نەناردوویت، ویژدانم ئازارم دەدات، هەرچەندە ئەوەندەیش گوناهبار نیم، نامەوێت بنووسم، چی بنووسم؟ لەسەر ژیانی خۆم بنووسم لە "کریمە"؟ (...) دایکم سبەینێ دێت بۆ مۆسکۆو منیش بەم زوانە دێم. هەرچەندە نازانم بۆ بێم؟ بۆ؟ بۆ ئەوەی تۆ ببینمو دیسانەوە لێت دووربکەومەوە؟ سەیرە! بگە، کۆمەڵێك لە کەسانی شانۆ ببینەو دووبارە لێیان جیابەرەوە. دەڕۆم بۆ پاریس ڕەنگە پاشان بچم بۆ "نیس" و لە "نیس"ەوە بۆ ئەفەریقا ئەگەر تاعونی تیا نەبێت، هەرچۆنێك بووە دەبێت ئەم زستانە بەڕێ بکەم (...).

ئازیزم لە من تووڕەیت؟ جا دەتوانم چی بکەم؟ دنیا بۆ نووسین تاریك بووەو مۆمەکانم باش ناسوتێن. ماچت دەکەم، بمبوورە، ئاگات لە خۆت بێت، شادبە! (...).

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٢٤ سێپتەمبەر
"مۆسکۆ"

ئانتونی ئازیز. بۆ نایەیت، سەری لێدەرناکەم، من نامەم نەنووسی چونکە بە تەمای هاتنت بوومو دەمویست دیسان بتبینمەوە. چی ڕێگای هاتنی لێگرتیت؟ چی نیگەرانی کردوویت؟ من نازانم چی بڵێم، گەلێك نیگەرانم.

ڕەنگە مەبەستت نەبێت بمبینیت، بە ڕاستی من بریندارم، چونکە لەگەڵما کراوەنیت. حەزدەکەم هەموو ڕۆژێك بگریم، هەموو پێم دەڵێن تۆ دەتەوێت بڕۆیتە دەرەوەی وڵات. نازانیت چەند ناخۆشە گشت ئەم شتانە ببیستمو ناچاربم وەڵامی سەدان پرسیار بدەمەوە؟

هیچ نازانم، بە پێچو پەنا دەنوسیت (دوایی دێم) یەعنی چی؟ ئێرە هەمیشە گەرمو خۆشە، باری تەندروستیت لێرە بە تەواوی چاك دەبێت، دەتوانین پێکەوە بینو یەکمان خۆش بوێت، بەو جۆرە دەتوانین ئەو چەند مانگەی لە یەکتر دابڕاوین بە باشی قەرەبووی بکەینەوە. ئەگەر نەتبینم ناتوانم ئەم زستانە بەرێخەم، تۆ دڵێکی پڕ لە خۆشەویستیو بەزەییت پێوەیە، بۆ دەتەوێت بیکەیتە بەرد؟ لەوە دەچێت قسەی هەلەقو مەلەق بنووسم، نازانم، بەڵام شتێك لەبیرمدایەو هەمیشە پێم دەڵێت کە دەبێت یەکتر ببینین، دەبێت تۆ بێیت، کە بیری لێدەکەمەوە تۆ تەنیایتو هەمیشە بیردەکەیتەوە، بیری بێ کۆتایی، سام دامدەگرێت.

ئانتونی ئازیزو خۆشەویستم، وەرە بۆ لام، ناتەوێت قسەم لەگەڵدا بکەیت؟ ئایا بیرکردنەوە لەوەی کە چارەنووسی تۆ لەگەڵ مندایە بەو ڕادەیە بێزاری کردوویت؟ بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە بۆم بنووسە، دەبێت هەموو شتێك لە نێوان منو تۆدا بێ پەردە بێت، پێم بڵێ چیت لەدڵدایە. چیت دەوێت لێم بپرسە وەڵامت دەدەمەوە. خۆشت دەوێم؟ ڕەنگە ئەو هەستەت پێ خۆش بێت، من پێویستم بەو هەستە گەرمەتە نەك سەرم لێ بشێوێنیت. دەبێت منو تۆ بە راشکاویو ڕوونی لە بارەی گەلێك شتەوە قسە بکەین. قبووڵتە؟

من تا ڕادەیەك ڕۆژانە بەتەماتم. ئەمشەو وەرزی شانۆ دەست پێدەکات. من دەورم نیەو لەگەڵ "ماشا"دا دەبم، "گۆرکی" لێرەیە، "سولرژیتسکی" دێت بۆ بینینمان، حالم باش نیە، دلم تەنگەو پەشێوە، کەم دەخۆم و کەم دەخەوم، دەربارەی ئەم شتانە بیربکەرەوەو نامەیەك بنێرە بۆ ئۆلگاکەت.

ببوورە کە نامەکەم ئەمەندە تێکەڵو پێکەڵە.

*　*　*

چیخۆڤ

٢٧ سێپتەمبەر
"یالْتا"

ئۆلْگای ئازیزم، ئەکتەری چکۆلانەو قەشەنگ، بۆ تۆنی دەنگت ئەمەندە تاڵو خەمبارە، ئایا من ئەوەندە هەڵەم کە تۆ دەیڵێیت؟ ئەگەر وام لێم ببورە ئازیزەکەم. بەڵام لێم زویر مەبە. من بەو ڕادەیە خراپ نیم کە تۆ گومانی لێدەکەیت، هۆی نەهاتنم بۆ مۆسکۆ نەخۆشیم بوو، بێگومانبە هیچ هۆیەکی دی لە ئارادا نیە، هەرگیز، من گفتی خۆمت دەدەمێ، گفتی شەرەف. ئایا بڕوام پێدەکەیت؟

تا ڕۆژی دەی ئۆکتۆبەر لە "یالْتا" دەبمو کاردەکەم، پاشان دەڕۆم بۆ مۆسکۆ یان بۆ دەرەوەی وڵات. ئەوە پەیوەندی بە تەندروستیمەوە هەیە. هەر چۆنێك بێت من نامەت بۆ دەنووسم. یەك دێڕ نامەم نە لە ئیڤانی برامو نە لە خوشکمەوە پێ نەگەیشتووە. وا دیارە لە شتێك توورەن، نازانم چیە؟ دوێنێ سەرم لە دکتۆر "سریدین"[٨٥] دا، میوانی زۆری لابوو، من گەلێکیانم نەدەناسی (...) تووشی ڕۆماتیزم هاتووە، لە بارەی "کچی بەفر"ەوە بۆم بنووسە، پێم بڵێ وەرزی دەست پێکردنتان چۆن بوو. ئەکتەرەکان لە چ حاڵو دەماخێکدان، بینەران چۆن بوونو هتد.. تۆ وەك من نیت، تۆ شتت زۆرە بینووسیت، هەواڵت زۆرە پێمی بڵێیت —لە کاتێکدا کە من هیچ شتێکم نیە بە تۆی بڵێم- جا بۆ شتێك هەیە: ئەمڕۆ دوو مشکم گرت.

هێشتا باران لە یالْتا نەباریوە، وشکە ساڵییەکی بێ وێنەیە، درەختە بێچارەکان، بە تایبەت ئەوانەی ئەم دیو چیا، تەنانەت دڵۆپێك بارانیان نیەو خەریکن زەرد دەبن،

---

[٨٥] یەکێکە لەو پزیشکانەی چارەسەری چیخۆڤی دەکرد.

ڕێك وەك ئەو مرۆڤانەی کە دڵۆپێك بەختەوەریان لە ژیانیاندا نەدیوە. وا دەزانم کارێکی ناچاریە.

نووسیوتە: "تۆ دڵێکی نەرمو پڕ لە خۆشەویستیت هەیە مەیکە بە بەرد" چەندە بیردەکەمەوە ناتوانم لەوە بگەم کەی من ئەوەندە دڵ ڕەق بووم. من هەمیشە لە ناخی دڵەوە تۆم خۆشویستووەو دڵم داویتێ، کەی دڵڕەقیم نیشان داوە؟ هەرگیز ئەمەم نەشاردۆتەوەو تۆ لەسەر هیچە من تاوانبار دەکەیت. لە نامەکەتدا وا دیارە چاوەڕێی منیت تا پێکەوە کێشەکان چارەسەر بکەین. تۆ دەتەوێت گفتوگۆیەکی دوورو درێژو زۆر جیدی پێکەوە بکەین. بەڵام من ناتوانم لەوە زیاتر بڵێم کە زیاد لە دە هەزار جار بە تۆم وتووە، زۆر لەوانەیشە بەردەوام بم و بڵێم "من تۆم خۆشدەوێت" ئەمە هەموو شتێکە، بۆ ئەوەیش کە بۆچی منو تۆ پێکەوە نین، ئەوە نە خەتای منەو نە هی تۆ، خەتای شەیتانە کە ئەم شەیداییەی لە منداو ئەو عەشقی هونەرەی لە تۆدا دروست کردووە.

خوات لەگەڵ ئەی ئازیزترین فریشتەم، هەموو فریشتەکان ئاگادارت بن، لێم توورە مەبە کۆترەکەم، خەمبار مەبە، میهرەبان بە. دەنگوباسی شانۆ لە چیدایە؟ تکایە هەواڵم بدەرێ.

ئانتوانەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٨ سێپتەمبەر
"یالتا" تەلەگرام

دوێنێ نامەیەکی گەلێك جوانی تۆم پێگەیشت، لەوە دەچێت ئۆکتۆبەر بێم بۆ ئەوێ.

ئانتونیو

* * *

کنیپەر

٣٠ سێپتەمبەر

"مۆسکۆ"

ئایا لە نێوان منو تۆدا هیچ بەدحاڵیبوونێك هەیە ئازیزم؟ من لێرە چاوەڕێم، لە چاوەڕوانیەکی بێکۆتاییدام، هەموو ئەو شتەی تۆ بە منی دەڵێیت تەنیا ئەمەیە کە "لەوە دەچێت بێم" من -لەوەدەچێت-م ناوێت، دەبێ ڕاستو ڕەوان بڵێیت دێم.

دوو نامەی سەیرم بۆ ناردیت. تووڕە نیت لێم؟ ببوورە کۆترەکەم، زۆر دڵم تەنگبوو، هێشتا نەهاتوومەتەوە سەر خۆم، بەڕاست هیچ منت لە یادە؟ ئەگەر خۆشت بوێم لێم تێدەگەیت..

زستان بۆ هەردووکمان خراپە، بەڵام زوو بەسەردەچێتو پاشان لە بەهاردا گەرما دەگاتو گەلێك شتی تریش.

تۆ زۆر کەم بڕوا بە من دەکەیت! ئەمەم بەلاوە سەیرە! تۆ لە بارەی منەوە چۆن بیردەکەیتەوە؟ وا مەزانە من ئاماژەی ناو نامەکانت بە جیدی وەردەگرم. کە دەیانخوێنمەوە بە هێوری پێدەکەنم، ئاە نووسەری ئازیزم، تۆ تەریکە دنیایت، زوو وەرە. دەڵێی حەز بە نووسین ناکەیتو پێتخۆشە قسەبکەیت، منیش وام، هەفتەیەکە نامەم بۆ نەنووسیویتو چاوەڕوانی شتێکم، کە تەلگورافەکەت گەیشت، دڵم داخورپا، وامزانی ڕۆژی گەیشتنە مۆسکۆت بۆ نووسیوم. بەڵام کە خوێندمەوە ئەمەندە خەم دایگرتم خەریکبوو بگریم، وەرە، هەرچیەکم لەدەست بێت بۆتی دەکەم تا تۆ هەست بە ئاسوودەیی بکەیت. غەم لە دڵتا بتەرێتو لە گەرمای خۆشەویستی مندا تەندروستیت چاکتر بێت. منیش لە پەنای عەشقی تۆدا هەست بە ئارامی دەکەم، ئازیزم، ئازیزم، حەزدەکەم ژیانێکی پڕم هەبێت. پێم خۆش نیە لە بارەی ڕووداوو

هەواڵی ڕۆژانەوە قسە بکەم. ئێستا ئەم شتانە لەبەرچاوم بێبایەخن. وەك هەمیشە دەخۆم، نیگەران دەبم، ئەمڕۆ لە نمایشی "خاڵ ڤانیا" زۆر شادمان بووم.

خەڵکیی لە بارەی تۆوە منیان هەراسان کردووە کە ئایا کەی دێیت. "ماشا" خەڵك دەنێرێت بۆ لای من. ئایا من چیان پێبڵێم؟ (...).

منت خۆش بوێتو بڕوام پێبکە.

ئۆڵگاکەت

*   *   *

کنیپەر

٣٠ سێپتەمبەر

"مۆسکۆ" تەلگورام

زوو وەرە- ئۆقرەم لێبڕاوە.

*   *   *

کنیپەر

١ ئۆکتۆبەر

"مۆسکۆ"

دوێنێ "خاڵ ڤانیا"مان نمایش کرد ئازیزترینم، چ چێژێكو چ بەهرەیەك! ئەمە یەکەم نمایشنامەیە کە لەم وەرزەدا بینەر ئەوەندە بە گەرمیو خۆشەویستیەوە پێشوازی لێبکات (...). بیرم لە تۆ کردەوە ئازیزم، پێم خۆشبوو لێرە بویتایە بۆ ئەوەی بزانیت ئەکتەرو بینەر چەندە تۆیان خۆشدەوێتو چەندە بە سەرکەوتنت شادن (...).

لەوە دەچێت زۆر بە گەرمی کاربکەیت، هەستی پێدەکەم، چونکە لە بارەی نمایشنامەکەتەوە هیچ نالێیت، بۆم بنووسە ئازیزم، نمایشنامەی جوان بنووسە بۆ ئەوەی منو تۆ کاتێکی زۆر شاد پێکەوە بەسەربەرین (...).

*　*　*

چیخۆڤ

٤ ئۆکتوبەر
"یالتا"

ئازیزترینم، ئەگەر بێم هەرگیز لە پێش ڕۆژی دوانزەدا ناتوانم، حەتمەن بۆت دەنووسم، نمایشنامەکەم گرفتێکی چکۆڵەی تیایە، دە ڕۆژ زیاترە هیچم نەنووسیوە، چونکە نەخۆش بووم‌و لەبەر ئەوەیش کە ماندووی کردبووم. نەمدەزانی بۆت بنووسم یان نا، تووشی هەڵامەت هاتبووم، قوڕگم دەیەشا، کۆکەیەکی وشکم هەبوو، بە دەگمەن دەڕۆیشتمە دەرەوە، هەمیشە سەرم دەیەشا، ئێستا خەریکە تەندروستیم باشتر دەبێت‌و دەتوانم بچمە دەرێ، هەرچیەك ڕوبدات نمایشنامەکە دەنووسرێت. بەڵام بۆ ئەم وەرزە پێناگات.

بیری ئوتێلێك‌و ژوورێکی فەرشکراوم بۆ بکەرەوە. تکایە ئەم کارە بکە! ژوورێك کە ڕاڕەوە درێژەکەی ماندووم نەکات‌و بۆنی ناخۆش نەبێت. ڕەنگە لە مۆسکۆ پاکنووسی بەرهەمەکە بکەم، لە مۆسکۆوە دەچمە پاریس (...).

کیژی خۆشەویست، زێڕەکەم، تەندروست بیت (...)

ئانتۆنەکەت

*　*　*

کنیپەر

٧ ئۆکتۆبەر
مۆسکۆ- تەلەگرام

ڕۆژی گەیشتنتم بۆ تەلگراف بکە. نامە مەنووسە.

*　*　*

چیخۆڤ

٨ ئۆکتۆبەر
"یالْتا" تەلەگرام

ڕێك یانزەی ئۆکتۆبەر

*　　*　　*

کنیپەر

١١ ئۆکتۆبەر
"مۆسکۆ"

چاوەڕێی نامەیەکیت ئانتونی ئازیزترینم، سەرسامیت، یان تووڕەیت لەوەی کە نامەم بۆ نەنووسیویت، نووسیوتە ڕۆژی دوانزەهەم دێیت بۆ "مۆسکۆ" پاشان تەلگراف دەکەیت کە حەتمەن ٢١ ئۆکتۆبەر دێیت. وای بۆ دەچووم هەڵەیەك لە ئارادایەو ژمارەکەت پاش‌و پێش نووسیوە (...).

دوێنێ بە ڕێکەوت لە "نمیروڤیچ"م بیست کە ڕاستە تۆ بیست‌و یەکی مانگ دێیت، بۆیە ئازیزەکەم وا بە پەلە بۆت دەنووسم، بۆ تەنیاییەکەت ئازار دەچێژم، خۆم بۆ ناگیرێت، بۆ دەبێت جوانیی ئەم مانگانەی پاییزمان لە کیس بچێت؟

من ئاسایی داخ لە ڕابوردوو ناخۆم، بەڵام بیری ئەو دوارۆژانەی تێپەڕین‌و ئەم چرکەساتانەی کە دەیانەوێت بەسەربچن، گەلێك خەم‌و پەژارەم دەدەنێ، ئەی تۆ؟ نازانم ئەم زستانە چۆن بەسەر بەرم، نازانم دەبێت لە کوێ بە دوای شادیدا بگەڕێم، لەوانەیە تەنیا لە کاردا بیدۆزمەوە. لێم تووڕە مەبە، ئەگەر تۆزێ گلەیی بکەم، دەزانم تۆ خۆیشت بێتاقەتیت. بەڵام ئازارەکانمان موژدەی کۆتاییەکی خۆشیان پێیە، وا نیە؟ بەهار ڕووناکی، گەرما، شادی‌و تازەبوونەوەمان بۆ دێنێت. حەتمەن بە خوێندنەوەی ئەم دێڕانە خەریکە لە پێکەنیندا لێك بیتەوە، بەڵام لە ناخی دڵتەوە دەزانیت من لەسەر هەقم، بێجگە لەمە شتی تر هەیە؟

باری تەندروستیت چۆنە؟ (...) مەترسە، نامەوێت قسەکانم بە ڕوویەکی جیدیو ئەنجامی جیدیەوە وەربگریت، چونکە دەزانم چەندە لەوە دەترسیت (...).

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

١٤ ئۆکتوبەر
"یالْتا"

ئازیزم، ڕۆژی ٢٣ ئۆکتۆبەر، سەعات ٥,٣٠ ی دوای نیوەڕۆ لە "مۆسکۆ" دەبم. شەمەندەفەری ئیکسپرێس بۆ ئەو ڕۆژە نیە، ئەگەر نمایشی شانۆییت هەیە پێویست ناکات بۆ بینینم بێیتە وێزگە.

ئاوو هەوای "یالْتا" دڵگیرە، تۆ ئاووهەوای وات نەبینیوە، هەموو شتێك بە تەواوی چرۆی کردووە، درەختەکان سەوزن، خۆر لە درەوشانەوەدایەو دنیای گەرم کردووە، بەڵام زۆر گەرم نیە.

سێ ڕۆژی ڕێك بەدوێنێوە، باران بە لێزمە دەباری، وەلێ ئەمڕۆ هەتاوە، پرسیاری نمایشنامەکەم لێ مەکە، گرنگ نیە ئەمساڵ ئامادە بێت یان نا.

لە مۆسکۆوە دەڕۆمە دەرەوەی وڵات (...)

بێگومان ڕۆژی ٢٣ ئۆکتۆبەر لە شانۆ دەبم.

ئانتۆنەکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

١٦ ئۆکتۆبەر
"مۆسکۆ" تەلەگرام

نیگەرانم، نامەم بۆ بنووسە.

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

١٧ ئۆکتۆبەر

"یاڵتا" تەلەگرام

دوو شەممە دێم، حەتمەن.

* * *

کنیپەر

١٨ ئۆکتۆبەر

"مۆسکۆ" تەلەگرام

زوو وەرە، دەمەوێت بتبینم

* * *

چیخۆڤ

٢٢ ئۆکتۆبەر

"لۆزۆڤایا"[٨٦] تەلەگرام

خەریکی مەلەکردنم.

* * *

کنیپەر

؟ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ

بە داخەوە بۆ پەردەی یەکەمی (کاتێك ئێمەی مردوو زیندوو دەبینەوە) پرۆڤەی سەر شانۆکە هیچ سەرنجی ڕانەکێشاوم. خوات لەگەڵ ئازیزم، دوای پرۆڤە دێم.

ئۆلگاکەت

---

٨٦ **Lozovaya**

چیخۆڤ بە نیازی مانەوەی چەند ڕۆژێك چوو بۆ مۆسکۆ، بەڵام حەوت هەفتە لەوێ مایەوە. ڕۆژەکانی زیاتر لەگەڵ ئۆڵگادا بەسەر دەبرد، شەوانیش لە ئوتێل "دیرسدن"[٨٧] دەمایەوە. ئەوە بووە هۆی ئەوەی بێ هیچ گرفتێك پێکەوە سەر لە خوشكو دایکی چیخۆڤ بدەن، هەرچەندە خوشكو دایکی ئاگاداری ئەو حاڵەتە بوونو ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە مەسەلەکە بێتاقەت دەبوون.

❊ ❊ ❊

## کنیپەر، یاداشت

کە نووسەری خۆشەویستمان، نمایشنامەی (سێ خوشکەکەی) بۆ ئەکتەرو دەرهێنەرەکان خوێندەوە کە ماوەیەکی زۆر بوو چاوەڕێمان دەکرد، بێدەنگییەکی سەرسامکەر هەموو ئەو ناوەی داگرت.

چیخۆڤ زەردەخەنەیەکی بێدەسەڵاتانەی کرد، چەند جارێك بە تووڕەییەوە کۆکەی لێهات. هەستاو کەوتە پیاسە. هەندێك باری سەرنجمان گوێ لێبوو "ئەمە هێڵی گشتیەو نمایشنامە نیە، ئەمە بۆ نواندن نابێت.. کاراکتەرەکانی واقیعی نین. ئەمە چەند ئاماژەیەکەو هیچی تر".

چیخۆڤ لە مۆسکۆ چاوی بە دوو پەردەی سەرەتای شانۆنامەکەدا گێڕایەوە. پاشان چوو بۆ فەرەنساو ئیتالیا تا پاشماوەکەی لەوێ تەواو بکات. سستی پۆستو جێ بە خۆنەگرتنی بەردەوامی چیخۆڤ کاری خراپی کردە سەر نامە نووسینی بۆ ئۆڵگاو کەسانی ترو بارگرژییەکی دروست کرد.

چیخۆڤ کە چاوی بە نمایشنامەی سێ خوشکەکەدا گێڕایەوەو پیایدا چووەوە، تەواوی کردو ناردیەوە بۆ مۆسکۆ.

❊ ❊ ❊

---

[٨٧] Dersden

كنیپه‌ر

١١ دیسه‌مبه‌ر

"مۆسكۆ"

ناتوانم خۆم له‌گه‌ڵ بێ تۆییدا ڕابێنم. بۆ ئه‌و كاته‌ وازت لێهێنام كه‌ ده‌مانتوانی پێكه‌وه‌ بین؟ دوێنێ كه‌ شه‌مه‌نده‌فه‌ره‌كه‌ به‌ڕێكه‌وت‌و تۆی له‌گه‌ڵ خۆیدا برد، بۆ یه‌كه‌م جارو له‌ پڕێكدا هه‌ستم به‌وه‌ كرد كه‌ ئه‌م جیابوونه‌وه‌ ئازاراویه‌ ڕاسته‌. له‌ دوای شه‌مه‌نده‌فه‌ره‌كه‌وه‌ به‌ڕێكه‌وتم، ده‌تووت باوه‌ڕم به‌وه‌ نیه‌ شتێكی وا ڕوویدات، له‌ ناكاوێكدا قوڕگم پڕ بوو، دامه‌ گریان، گریانێك زۆر ده‌مێك بوو بۆ كه‌مترین كه‌سم كردبێت. به‌وه‌ خۆشحاڵ بووم كه‌ "سولرژیتسكی"م له‌گه‌ڵدا بوو، تێمده‌گه‌یشت‌و له‌ به‌رده‌می ئه‌ودا شه‌رمم نه‌ده‌كرد فرمێسك بڕێژم، ئه‌و گه‌لێك به‌ ئه‌ده‌ب بوو و ئاگادارم بوو. به‌ بێده‌نگی پێكه‌وه‌ ده‌ڕۆیشتین. زۆر وه‌ستاین تا سه‌كۆیه‌كمان ده‌ستكه‌وت له‌ سه‌ری دابنیشین‌و ئه‌وانه‌ی بۆ به‌ڕێكردنی تۆ هاتبوون ئه‌وێیان چۆڵ كرد، به‌ ڕاستیی حه‌زم له‌ بینینیشیان نه‌ده‌كرد. له‌ هه‌موویان بێزار بووم، گریان هه‌ستێكی دڵنیایی به‌ من ده‌گه‌یاند، فرمێسكه‌كانم گه‌رم‌و به‌ خوڕ بوون، له‌م چه‌ند ساڵه‌ی دواییدا فرمێسكم له‌بیرچووبووه‌وه‌. گریام‌و حاڵم باشتر بوو، چووم بۆ بینینی "ماشا" و هه‌موو كاته‌كه‌ له‌ سووچێكدا دانیشتم‌و فرمێسكم ڕشت. "ماشا" لام دانیشت‌و هیچی نه‌وت "ماریا تیموفیڤنا"[٨٨] له‌ یه‌كێك له‌ ژووره‌ هێوره‌كاندا له‌گه‌ڵ "سولرژیتسكی"دا قسه‌ی ده‌كرد، پاشان هه‌موویان هاتن بۆ ماڵی ئێمه‌ "سولرژیتسكی" بۆ ئه‌وه‌ی بمانخاته‌ پێكه‌نین پرسیاری فیزیاو ئه‌ندازه‌ی لێده‌كردین. سه‌رم له‌نێو سه‌رینه‌كه‌دا شاردبووه‌وه‌. وه‌ك له‌ خه‌ودا بم هه‌موو ئه‌و شتانه‌م به‌رگوێ ده‌كه‌وت. ئه‌و زۆر شتی له‌ باره‌ی ژیانی خۆیه‌وه‌ باسكرد، ته‌ڕده‌ستی بۆ ده‌كردن‌و منیش هه‌ر به‌ خه‌یاڵمدا

---

[٨٨] **Marya Timofeievna**

نەدەهات. بە تەواوی بیرم لای تۆ بوو، ریتمی جوولآنی شەمەندەفەرەکە لە سەرمدا دەنگی دەدایەوەو بۆنی تایبەتی واگۆنەکانیش بە لووتما دەهات. دەمویست بزانم بیر لە چی دەکەیتەوە، چیت لەسەردایە، باوەڕدەکەیت من...

پاشان لە دۆخێکی ئارامدا نانمان خوارد "سولرژیتسکی" و "درۆزدوڤا"[٨٩] دەیانهێنایە پێکەنین، لاسایی زۆریان دەکردەوەو قسەی سەیریان دەکرد، دوای ڕۆیشتنی ئەوان چوومە ناو جێگاوە، خەوێکی زۆر خراپم کردو درەنگیش لە خەو هەستام. نزیك سەعات ١٢ چووم بۆ شانۆ، زانیم پرۆڤەی "دوژمنی گەل"مان نیە "ڕاڤسکایا" نەخۆشەو "کۆچیڤروڤا"[٩٠] لە باتی ئەو ڕۆڵ دەبینێت. بۆیە ئیدی پێویست بە دواخستنی نمایشەکە ناکات. کە لە شانۆ گەڕامەوە چووم بۆ هەواڵ پرسی "ڕاڤسکایا" حالّم باشتر بوو، چێژم لە بینینی بەفر بارین وەرگرت، من حەزم لەم بێدەنگیو هێوریەیە. "ڕاڤسکایا" بە زەحمەت قسەی بۆ دەکرا، دەماری سیەکانی زۆر خراپ هەویان کردووەو تایەکەی ٣٩ پلەیە. دوایی چوومەوە بۆ مالّەوەو لەگەڵ "رالیا" و "لوریا"دا کەمێك قسەم کرد. نیوەڕۆژەم کردو کتیبێکم خوێندەوەو، کەوتمە نووسین بۆ تۆ ئانتۆنی ئازیزو دلۆڤانم.

ڕۆژی شەممە ئەم نامەیەت پێدەگات، پێنج ڕۆژ بەڕێوە دەبێت. وا نیە؟ چۆن گەیشتیتە ئەویٚ؟ هاوسەفەرەکانت چۆن بوون، جگەرە کێشانیان بێزاری نەکردیت؟ قسەت لەگەڵدا کردن؟ هێشتا سەعات پێنج نەبووەو تۆ سەعات نۆ دەگەیتە وارشۆ. خۆت باش داپۆشەو ئاگاداربە کە شەمەندەفەرەکە دەگۆڕیت بۆ خاتری خوا سەرمات نەبێت، لێم توورە مەبە کە بەم شێوەیە قسەت لەگەڵدا دەکەم. تکایە هەر بە "دلّدارەکەم" و "تووتەڵەکە" و "کچۆڵە شکۆمەندە"کە بانگم بکە.

---

[٨٩] **Drozdova**

[٩٠] **Kocheverova**

دەزانیت ئانتون من لە خەوبینین دەترسم، مەبەست لە لێکدانەوەی خەونەکانمە. بەڵام وای بۆ دەچم لە هەستی ئێمەدا شتێکی باش‌و بەهێز چەکەرەی کردبێت، کەوا بیردەکەمەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەم. دڵم ڕووناك دەبێتەوەو حەزدەکەم بژیم‌و کاربکەم. شتە وردەڵەکان لام بێبایەخ‌و ژیانی ڕۆژانە ئازارم پێناگەیەنێت، ئیتر لە بارەی مانای ژیانەوە بیرناکەمەوە. تۆیش هەر لەو باوەڕەدایت‌و ئەو هەست‌و ئومێدەت هەیە کە ئێمە بتوانین سێ مانگ بە بێ یەکتری خۆمان پێببگرێت ئازیزەکەم؟ نازانم، بەڵام من وا بیردەکەمەوە کەتۆ سەرلەنوێ توانای کارکردن پەیدا بکەیتەوە، دەتوانیت لە "نیس" بە چاکی بحەسێیتەوە. پیاسە بکەیت‌و لەسەر مێزەکەت دابنیشیت‌و بنووسیت.

دەتوانیت پێم بڵێیت چی دەنووسیت؟ تەنیا چەند وشەیەك مادامەکی لە یادی ماڵێ ئاوایمان لە "سڤاستۆپۆل" و دوێنێدام، دوێنێ کە لە یەکتر جیابووینەوە هەستمان توندترو ڕوونتر بوو، وا نیە؟ من بەردەوامم لەسەر کارو ژیان، غەم دامناگرێت‌و بیر لە بەهارو پێکەوەبوون دەکەمەوە. ئەی تۆ ئازیزم؟ لە ئامێزت دەگرم، سەری ئازیزت، چاوە جوانەکانت، قژە نەرمەکەت، لێوو گۆنات، نێوچاوانی پڕ لە بیرکردنەوەت ماچ دەکەم. خۆشت بوێم‌و چەند دەتوانیت بۆم بنووسە.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١١ دیسەمبەر

"برست" ٤ی دوای نیوەڕۆ

گەیشتوومەتە "برست" هەموو شتێك چاکە، هێشتا خۆر دیارنیە، هیوادارم تەندروست‌و بەختەوەربیت.

ئا. چیخۆڤ

* * *

چیخۆڤ

١٢ دیسەمبەر

ڤیەنا

ئازیزم، تەواو هەست بە گەمژەیی دەکەم، هەرکە گەیشتمە ئێرە بینیم هەموو پیشانگاکان بە بۆنەی جەژنی کریسمسی ئەڵمانیاوە[٩١] داخراون، لەبەرئەوە بێکار لە ژوورەکەمدا دانیشتوومو نازانم چی بکەم، سەد جار نەفرەت لە خۆم دەکەم (...) هەندێك لە ڕستوورانەکان کراونەتەوەو پڕن لە کەسانی کەشخە کە من لە نێوانیاندا وەکوو داهۆڵ دەنوێنم. کەواتە چی بکەم؟

سبەی بەرەو نیس دەچم، زۆر بە هەوەسەوە لە قەرەوێڵە دوو کەسیەکەی ناو ژوورەکەم دەڕوانم، دەبێت بنوومو خەون ببینم! تاقە خەمم ئەوەیە کە تۆ لێرە نیت خۆشەویستم، تووتکە سەگەکەم، گیانە شیرینەکەم. ڕۆژانی "مۆسکۆ"ت چۆن لێ دەگوزەرێت؟ پرۆڤە دەکەیت؟ پرۆڤەکانتان چووەتە پێشێ؟ هەرە ئازیزم، بە دوورو درێژی و بە وردی لەسەر ڕۆژانی خۆتم بۆ بنووسە. ئەگینا خوا خۆی دەزانێت چیم بەسەردێت!

لە "برست"ەوە تا "ڤیەنا" هەوالێك لە بەفر نیە، ئەمڕۆ زەوی وەك ڕۆژانی بەهار تەڕ بوو، هەر لە زستان ناچێت، هەموو هاوسەفەرەکانم جاڕزکەرن، بۆ نانی نیوەڕۆ یان شێوکردن دەچمە خوارێ، تیاماوم چ ناوێکی لێبنێم، پاشان دەچم بۆ نووستن، ماچی هەراو، دەستەکانت دەگوشم، خانمە زۆر نایابەکەم، کە گەیشتمە "نیس" دەڕۆمە دایەرەی پۆست- لەوانەیە نامەیەکتان گەیشتبێت.

---

[٩١] بە هۆی جیاوازی ساڵنامەی ڕوسیا لەگەڵ وڵاتەکانی تری خۆراوا، ١٢ی دیسەمبەر لای چیخۆڤ ٢٥ی دیسەمبەری نەمسایە.

نامەم بۆ بنووسە، چکۆڵەکەم.

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

١٢ دیسەمبەر

"مۆسکۆ"

ئازیزەکەم تۆ ئێستا لە ڤیەنایت (...) پێش سەعات ١٢ لە شانۆوە گەڕامەوە، نانم خوارد، جلەکانم داکەند، خۆم شۆرد، جلی ماڵەوەم لەبەرکردو دانیشتم تا نامەت بۆ بنووسم. ئەگەر گەلێك شەکەت نەبم هەموو شەوێك ئەم کارە دەکەم، سبەی یان دوو سبەی حەتمەن دێڕێکی تۆم بەدەست دەگات (...) بەبێ تۆ ژیان بەتاڵە، زۆر بەتاڵە، هێشتا زۆر بە ڕوونی دەم‌و چاوت بە گەشی دەبینم، هەروەها دەنگیشت گەلێك بە ڕوونی دێتە گوێم (...).

* * *

کنیپەر

١٢ دیسەمبەر

"مۆسکۆ"

ڕۆژباش ئانتۆن. هێشتا بەڕێوەیت؟ سبەینێ دەگەیتە "نیس" خۆرو دەریاو سەوزەڵانی دەبینیت، خۆزگەم بە خۆت، پیاوێکی بەختەوەریت، دوای "مەلی دەریا" کە لە شانۆ گەڕامەوە پۆست کارتەکەتم بینی کە لە "برست"ەوە ناردبووت، نوقمی شادمانی بووم (...) ئازیزم، ئەمڕۆ پرۆڤەیەکی شکۆدارانەی "سێ خوشکەکە"مان کرد، وردە وردە دەکەوینە ناو هەستی گشتیی "سولیونی" "چیبورتی کین"[٩٢] و

[٩٢] **cheburtykin**

"ناتاشا" و "ئیرینا" و خۆمەوە[٩٣]، شێوازی بەڕێداڕۆیشتن فێربووم، بە دەنگێکی هێورو لە سینەوە قسە دەکەم، وەك خۆت دەیزانیت بەو دەنگە زبرو بە هەوایانەی ژنە خانەدانەکان هەیانە، وەلێ نیگەران مەبە زۆر زیادەڕۆیی تیا ناکەم. دوێنێ "مەلی دەریا"مان نمایش کرد، قازانجەکەی بۆ یارمەتیدانی ئەو سەربازە دێرینانە بوو کە لە شەڕ[٩٤] گەڕاونەتەوە.

خەڵکەکە زۆر پێکەنین. منداڵێکی تەمەن چوار ساڵان لەناو بینەراندا بوو، بەردەوام قسەی خۆشی دەکرد، کە دیکۆری پەردەی یەکەمی بینی بە دەنگی بەرز وتی: "دایکە هەستە با بچینە ناو ئەو باخەوە کەمێك ڕاکەڕاکە بکەین" دیارە هەموو بینەران دایانە پێکەنین.

"لەوێ سەماوەر دانراوە" "ئەو ژنە ئاودەخواتەوە" (بە ئێمەی دەوت لە پەردەی سێیەمدا) ئێمە لەسەر شانۆکە بە زۆر خۆمان پێدەگیرا (...).

* * *

چیخۆڤ

١٤ دیسەمبەر

نیس

ئەکتەری ناوازەو گچکەی خۆم، فریشتەکەم، جوەکەم، ڕۆژباش، کە گەیشتمە "نیس" نانم خوارد، پاشان یەکەم کارم نامەنووسین بوو بۆ تۆ..

سەرم لە شەکەتی سەفەر گێژدەخوات، ئەمڕۆ نەمتوانیوە هیچ بنووسم، بەیانی دەست پێدەکەم، وەلێ بۆ ئەمڕۆ دە هەزار جار ماچت دەکەم کیژۆڵە بچکۆلەکە. لە

---

[٩٣] ناوی یەکێك لە خوشکەکانی ناو شانۆنامەی "سێ خوشکەکە"ی ئۆڵگایە. مەبەستی لە خۆم ئۆڵگای ناو نمایشنامەکەیە.

[٩٤] مەبەست شەڕی رووس و ژاپۆنە.

دەرەوە نمەنمە بارانە، وەلێ هەوا گەرمو دڵگیرە، گوڵەکان چرۆیان کردووەو هەموو لایەك پڕە لە گوڵ، باوەڕ بە چاوی خۆت ناکەیت، هەموو لایەك پڕە لە گەنج، بەرگی سووکەڵەیان لەبەردایە، تەنانەت شەپقە بەسەر کەسیانەوە نیە (...).

"ڤیەنا" وەڕز کەرە، دەرگای پیشانگاکان هەموو داخرابوونو من لەسەر قسەی تۆ لە ئوتێل "بریستول" —کە وا دیارە چاکترین ئوتێلی شارە- مامەوە، ئەمانە زۆر مۆنو نەگریسن، ڕێگەنادەن لە هۆڵی نانخواردندا ڕۆژنامە بخوێنیتەوە، هەموویان بەرگی ڕەسمیان لەبەردایەو من لە نێوانیاندا لە لادێیی دەچم، بە شەمەندەفەری خێرای پلە یەك لە "ڤیەنا"وە کەوتمەڕێ (...)، واگۆنێکی تایبەتیم بۆ خۆم گرت.

دڵدارە ئازیزەکەم، تەندروست بیت، خوداو فریشتەکانی ئاسمان ئاگادارت بن، تەنانەت بۆ چرکە ساتێکیش ئێمەت لەبیر نەچێت. بۆم بنووسەو پێم بڵێ پرۆڤە چۆن دەڕواتە پێشێ (...) تکات لێدەکەم.

ئانتەکەت

*  *  *

کنیپەر

١٥ دیسەمبەر
"مۆسکۆ"

دوێنێ نەمتوانی نامەت بۆ بنووسم ئازیزەکەم، درەنگ چوومە ناو جێگاو سەرم دەیویست بتەقێت (...) ئەمڕۆ حاڵم چاکترە.

ئازیزم، لە کاتێکی باشدا ڕۆیشتیت، ئەمڕۆ ١٤ پلە لەژێر سفرەوەیەو هەوا زۆر ساردە! لەم سەرما سەختە بێزارم، پەکم دەخات، تۆ لە "نیس"یت، سەرمات نیە، خۆشی لە خۆت، بۆم بنووسەو پێم بڵێ چۆنیت، ئایا لە جێدا کەوتوویت، ژوورەکەت چاکە، ڕووناكو گەرمە؟ چونکە لە باشوور ئاسایی لە زستاندا ژوورەکان دەیبەستێت (...).

هەمیشە بیرم لاتە، باشتری بڵێم تۆ هەمیشە لەگەڵمایت بۆ هەر کوێیەك بچم. ئاخ بۆ بەهار، بەهار.

* * *

چیخۆڤ

١٥ دیسەمبەر

نیس

ئازیزم، بە لاتەوە سەیرە، بەڵام من هەست دەکەم پێم ناوەتە سەرمانگ، هەوا گەرمەو هەتاو هەموو لایەکی داگیرکردووە، ناتوانیت پاڵتاو لەبەر بکەیت، خەڵکی وەك هاوین بە هەموو شوێنێکدا دەگەڕێن، پەنجەرەی ژوورەکەم وەك دڵم کراوەتەوە.

خەریکم شانۆنامەکەم دەنووسمەوە، پێم سەیرە کە چۆنو بە چ هۆکارێك دەتوانم ئەم گاڵتەجاڕییە بنووسم.

ئای دڵدارەکەم بۆ لێرە نیت؟ دەبوو لێرە بیتو بحەسێیتەوە، گوێ لە گۆرانیبێژو موسیقارەکانت بگریت کە جارجارە لە دەرەوە دەردەکەون، لە هەموو ئەمانە چاکتر ئەوەیە کە دەت توانی لەبەر خۆری ئێرەدا خۆت گەرم بکەیتەوە. پێم خۆشە ئێستا بڕۆمە رۆخی دەریاو ڕۆژنامە بخوێنمەوە، پاشان بگەڕێمەوە ژوورەکەمو بنووسم، سبەی پەردەی سێیەمو دوو سبەی پەردەی چوارەم بۆ "نمیروڤیچ" دەنێرم. یان ڕەنگە هەردووکیان پێکەوە بنێرم، چەند گۆڕانێکم بەسەر پەردەی سێیەمدا هێناوە، بە کورتی هەندێك شتی ترم لێ زیادکردووە، بەڵام زۆر نا.

ئازیزم، وێنەم بۆ بنێرە، گەورەیی بنوێنەو بینێرە، هەموو لایەك پڕە لە مێش (...).

لە ئامێزت دەگرم، هەزار جار ماچت دەکەم، بێئۆقرەی نامەیەکی تۆم، نامەیەکی دوورو درێژ، سەرم لە بەرانبەرتدا دادەنەوێنمو بۆت دەکەومە سەرچۆك.

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

١٦ دیسەمبەر

"مۆسکۆ"

هەر ئێستا لە پرۆڤە گەڕاومەتەوە، سەرما بەستوومیو بێ تاقەتم، لە ئاوو هەوای وادا گەلێك سست دەبم، ٢٧ پلە لەژێر سفرەوە، وێنای دەکەیت؟ مرۆڤ شێت دەکات. لەسەر شەقامەکە کەوتمە گریان. چاوم دایە ئێش، گۆنام، لێوم، هەموو لەشم دەیەشێت. لەوە دەچێت وزەم تیا نەمێنێت.

نامەکەی ڤیەنات کە چاوەڕوانیم دەکرد گەیشتە دەستم (...) بۆ ئەوەندە ناڕەحەتیت؟ دەتوانیت ڕێگای خۆت لەناو ئاپوورەی ئاهەنگ گێڕاندا بدۆزیتەوە، دەت توانی ئەو شتانە بکڕێت کە لە شتەکانی "نیس" باشترو هەرزانترن. ئایا ناچار بوویت لە ژوورەکەتدا خۆت زیندانی بکەیت؟ نەچوویت لە شەقامی "ڕینگ ستراسە"[٩٥]دا پیاسە بکەیت؟ نەچوویت بۆ شانۆ؟ لە ڕاستیدا تۆ سلاڤیەکی بەنازو نوکیت. نەدەبوو بهێڵم بچیت بۆ دەرەوەی وڵات. بەڵام بەڕاستیی لە خۆراوادا مرۆڤ هەست بەبێ کاری دەکات. من لە "ڤیەنا"دا هەستم بە تەمەڵیو تەوەزەلی دەکرد، خەڵکی ئەوێ زۆر شیکن، خێراو بە جوانی بەلاتدا تێدەپەڕن. ڕووسەکان لە هەندەران گەلێك پەڕپووت دێنە بەرچاو (...).

ئاخری تۆلستۆی بۆ بینینی "شەوی چیخۆڤ" هات، دەڵێن ئەمەندە پێکەنیوە خەریك بووە لە هۆش خۆی بچێت. زۆری پێخۆشبووە.

* * *

٩٥ **Ringstrasse**

چیخۆڤ

١٧ دیسەمبەر
"نیس"

یەك شەممە. لە بیرم نیە چەندی مانگە.

سێ شەوە لە (نیس)م‌و تا ئێستا تەنانەت دێڕێك نووسینی تۆم پێنەگەیشتووە (...) ئۆلیای ئازیزم، ئەوەندە تەمەڵ مەبە، فریشتەکەم، نامەیەك بۆ ئەم پیرەمێردە بنووسە، ئێرە گەلێك دلڤڕێنە. ئاوو هەوا زۆر زۆر خۆشە. لە دوای "یالْتا"وە ئەم دیمەنی دەشت‌و دەرە لە بەهەشت دەچێت. چاکەتێکی هاوینەم کڕیوەو پۆزی پێوە لێدەدەم. دوێنێ پەردەی سێیەمم بۆ مۆسکۆ ناردو سبەینێش چوارەم پەردە دەنێرم. گۆڕانێکم بەسەر پەردەی چوارەمدا هێناوەو دیالۆگەکانی تۆم زیاتر کردووە (دەست خۆشیم لێ بکە) پاشان بۆم بنووسەو بیلێ پرۆڤەکان چۆنن، لە بارەی هەموو شتێکەوە پێم بلێ. لەبەر ئەوەی تۆ بۆم نانووسیت منیش دەستم ناچێتە هیچ کە بۆتی بنووسم. ئیتر بەس بێت (...).

ئەگەر "ڤیشنیڤسکی" داوای ئادرەسی کردم بیدەرێ.

ئەمانە لێرە زۆر خۆراکت دەدەنێ، دوای نانی نیوەڕۆ دەبێت چاوێك گەرم بکەیت‌و هیچ کارێك نەکەیت. هەرگیز ئەمە باش نیە، دەبێت کەم بخۆم‌و بەرنامەی ڕۆژانەم بگۆڕم.

دانیشتوانی پانسیۆنەکە روسین‌و تەواو وەڕسکەرن. زۆربەیشیان ژنن.

لە ئامێزت دەگرم‌و ماچی گەورەت دەکەم، خۆشەویستە دێرینەکەم، فەرامۆشم مەکە، هەفتەی جارێك یادم بکە. جارێکی ترو جارێکی تریش لە ئامێزت دەگرم.

ئانتۆنیۆکەت

* * *

کنیپەر

١٨ دیسەمبەر
"مۆسکۆ"

بمبوورە کە نامەکەم بە قەڵەمی رەساس نووسیوە. ئازیزەکەم. من ئەمڕۆ لە ترسی نەخۆشی هەوکردنی بۆری هەوا هەر لەناو جێگادا بووم، پزیشکی شانۆ هات، وردبینی لێکردم، وتی گەرووم هاتۆتەوەیەك بەڵام تووشی هەوکردن نەهاتووم، کەمێك تایشم بەرزە، نازانم دەتوانم بەیانی دەور لە "مرۆڤە تەنیاکان" و دووبەیانی لە "مردووەکان"دا ببینم یان نا، بڕیارە جارێکی تر پزیشکەکە بێتەوە لام‌و هەواڵەکەیش بە شانۆ بگەیەنێت. ئەوان هەندێك نیگەرانن، "نمیروڤیچ" لە پترۆزبورگ گەڕایەوەو هات بۆ هەواڵ پرسینم. پلەی تایەکەم ٣٧,٥ و کۆکەرەشەمە، هەڵبەتە دەتوانم دەورەکە ببینم بەڵام دوای ئەوە چی؟ ماوەیەکە رەنگم پەڕیوە، سێ جار گرتوومی بەڵام بە خواردنی کنین تێم پەڕاندووە، دوێنێ زۆر خراپ بووم، بە حاڵە حاڵ لە شانۆ گەڕامەوە ماڵەوە، تەنانەت نەمتوانی نامەیەکت بۆ بنووسم، نەمدەزانی چۆن دەتوانم شەو لە "خاڵ ڤانیادا" رۆڵ ببینم، دەنگم گیرابوو، بەڵام پەردەی دووەمم باش‌و رۆڵی جیاجیام بینی. دوێنێ کۆمپرێسەرتەرپەنتینم خستە سەر سنگم، چام لەگەڵ رۆمدا خواردەوە، هەروەها کنینیشم خوارد، ئەمڕۆ هەر لەناو جێگادام، گەلێك بێزارو ماندووم (...).

بۆ نامەیەکت بۆ نەناردووم؟ نە دوێنێ‌و نە ئەمڕۆ هیچ دیارنیە، دەتوانی چەند دێڕێك بنووسیت. سەرلەبەیانی ئەمڕۆ هەر بە ئەنقەست نامەم بۆ نەنووسیت چونکە چاوەڕێی نامەی تۆ بووم، وا خەریکە خۆرئاوا دەبێت‌و هێشتا هیچ نەهاتووە. دەزانیت ئازیزم فڕوفێڵ کردن بۆ تۆ چاك نیە.

تا ئێستا لە نیسەوە هیچ نامەیەکی تۆم پێنەگەیشتوە، چۆنیت؟ تەندروستیت چۆنە؟ باری دەروونیت لە چیدایە؟ ئایا پیاسە دەکەیت؟ کاتی خۆت چۆن دابەش

کردووە؟ ئایا بەم زوانە دەست بە نووسین دەکەیتەوە؟ بۆ چەند دێڕێك بۆ دایکت نانووسیت؟ من گەوجانە درکاندم کە نامەیەکم لەتۆوە بۆ هاتووەو لە تاوا زوو لێی بێدەنگ بووم. هەستم کرد پێی ناخۆشبوو. تۆ هەمیشە یەکەمجار نامەت بۆ ئەو دەنووسی. بۆ ئێستا ئەو شتانەت لەبیرکردووە؟ ئەو وا دەزانێت لەبەر منە کە تۆ ڕەفتارت لەگەڵیدا گۆڕاوە. تکایە لەگەڵیدا میهرەبانتر بە. ئەو تۆی خۆش دەوێت. پەیوەندی ئێوە هەمیشە لەگەڵ یەکتردا چاك بووە، ئەی بۆ وا گۆڕاویت؟ کەواتە ئازیزەکەم نامەی بۆ دەنووسیت؟ نووسین بە پاڵکەوتنەوە گەلێك ناخۆشە، لەبەرئەوەیە دەبێت تەواوی بکەم. "درسدن"ت لەبیرە؟ خەون بە بەهارەوە دەبینیت؟ ماچت دەکەم، تاقە ئازیزم، بنووسەو بنووسەو ئەم کیژە تووتەڵەیەی خۆتت خۆش بوێت.

* * *

کنیپەر

١٩ی دیسەمبەر

مۆسکۆ ٨ی دوای نیوەڕۆ

ئێ، ئانتۆنیۆی ئازیزم، دواجار نامەی تۆم لە "نیس"ەوە پێگەیشت. لە نامەکەتدا دیارە کە گوڵەکان پشکوتوون، ئاووهەوا گەرمو خۆشە، نامەکانت بە شەوقن، ئەگەرچی دەبوایە وەك شەیتان زۆر ماندوو بیت لەدەست سەفەرو ئەو ڕوسیە تەمبەڵانەی تەنانەت لە شەمەندەفەری دەرەوەیشدا لێت بوون بە مووی لووت. بەڵام من عاشقی ئەو ڕووسانەم!

من ئەمڕۆیش لەناو جێگادام، پزیشکەکە دوو جار هاتو هەموو جارێك ڕاچێتی نووسی (...) کۆکەیەکی زۆر خراپم هەیەو بەڵغەمم خەستە، شەو مشەما لە سنگم دەگرم، پزیشکەکە دەیوت سپڵت پەرێشانە منیش پێکەنینم پێدەهات. "نمیروڤیچ" هاتو قژی شانە کردم، ئەمڕۆ لە باتی "مرۆڤە تەنیاکان" "فیۆدۆر" نمایش دەکەن، سبەی "مردووەکان" لە باتی "ترسناك" نمایش دەکەن. ئەم کارە بۆیان نزیکەی

٧٠٠-٨٠٠ ڕۆبل زیان دەگەیەنێت، هەموویشی بەهۆی منەوەیە. بەم پێیە من تا بیست و شەشی مانگ دەور نابینم.

لەبەر پرۆڤەکانی "سێ خوشکەکە" گەلێك نارەحەتم، تا دوو ڕۆژی دی بە چاکی خۆم دەپێچمەوەو دەچم بۆ شانۆ. من هەر کەوتووم، دەخوێنمەوە، دەحەسێمەوە، ئاسوودەمو چ نارەحەتیەکم نیە (...).

* * *

کنیپەر

٢٠ دیسەمبەر

"مۆسکۆ"

هێشتا هەر بە قەڵەم ڕەساس دەنووسم ئانتونی ئازیزم، تا ئێستا هەر لەناو جێدام، ئەم سەرمایە لە کۆڵم نابێتەوە، دوێ شەو چاوم نەناوەتە سەریەك، کتێبم خوێندەوە، سەرمایەکی زۆر سەختو بێ مانایە —نازانم بۆچی سەرم وەك قورقوشم قورسە- کۆکەم باشترەو خورانی گەرووم کەمترە. لە ژوورەوە ناچمە دەرێ، خۆم باش پێچاوەتەوەو "ئاپومورفین" دەخۆم، ئاگام لە شانۆ نەماوە "ترسناك" خرابووە شوێنی "مردووەکان" وەلێ سکرتێری شانۆ هاتو وتی "مایرهۆڵد" گەرووی هاتۆتەوە یەكو ناتوانێت دەور ببینێت. ئیتر چی بەمە دەڵێیت؟ گریمانەی ئەوە هەیە کە نمایشەکە دوابخەن، لەوە ناچێت سەرمایش ئەوەندە سەخت بێت.

دەمەوێت بتبینم ئانتۆن، لەگەڵتا بدوێم، لە پاڵتا دابنیشم، چاو لە چاوت ببڕم، تۆ کاتت چۆن بەسەردەبەیت؟ حەزم لە خوێندنەوەی شیعری زۆر جوانو قووڵە، "هاینە" بە دەستەوە دەگرمو کتێبی "گۆرانیەکان"[٩٦]ی ئەو دەخوێنمەوە، چونکە زۆرم خۆش دەوێت (...).

---

٩٦ **Buchder leider**

* * *

چیخۆڤ

٢١ دیسەمبەر
"نیس"

نامەکەتم هەر ئێستا بەدەست گەیشت ئەکتەرە چکۆڵەکەم (...) نمایشنامەکە تەواو بووەو بۆم ناردوون. بۆ ڕۆڵی تۆ لە پەردەی چوارەمدا گەلێك شتم لێ زیادکردووە. لە ڕاستیدا کە دەگەمە سەر ڕۆڵی تۆ ئیدی هەموو توانام بەکاردەهێنم، درێخی ناکەم، هەموو توانام، دەربارەی پرۆڤەکان بۆم بنووسەو بڵێ بزانم ئایا شوێنی وای هەیە کە بەدحاڵی بوونی تێدا بێت، ئایا "نمیروڤیچ" دێت بۆ "نیس"؟ ئەگەر وا بوو کەی دێت؟ من لەناو خەڵکێکی گەلێك ئاپوورەدا نان دەخۆم، تا ڕادەیەك هەموویان ژنن‌و زۆریشن. هێشتا نەچووم بۆ مونت کارلۆ.

بالارینە چکۆڵەکەم ژیان بەبێ تۆ وەرسیە (...).

ئێستا دوو ژوورم هەیە، یەکێکیان گەورەو ئەوی دی بچووکترە. هەرچەندە دەچمە ژوورەوە قەرەوێڵەکەم دەمهێنێتە پێکەنین. زۆر گەورەو نەرم‌و پانە، کەمێك بە فەرەنسی قسە دەکەم، بەڵام هەمیشە لەبیرم دەچێتەوە کە چەندە کەمی لێدەزانم. زۆرجار خەوت پێوە دەبینم، کە چاو دەنووقێنم، تۆ زۆر ڕوونتر دەبینم. تۆ ئەو ژنەی کە پێویستم پێیەتی.

تەندروست بیت، خۆشەویستەکەم، خودای ئافەریدەمان ئاگای لێت بێت. شادو کارامە بیت. بەهار وەرە بۆ ئێرە، شتێکم بۆ گوێچکەت هەیە. ماچێکی گەورە. ئامێزێك‌و ماچێکی دی.

ئانتۆنیۆکەت

بۆم بنووسەو لە بارەی گشت پرۆڤەکانەوە شتم پێ بڵێ.

ساڵی نوێت پیرۆز، لێره‌ ساڵی نوێیه‌، سێیه‌م ڕۆژی ژانیوه‌ری. به‌م زوانه‌ به‌هار ده‌گات.

* * *

کنیپه‌ر

٢٣ دیسه‌مبه‌ر "٥ ژانیوه‌ری"
"مۆسکۆ"

دوێنیێ منت چه‌واشه‌کرد نووسه‌ری ئازیزم، تا ١٧ دیسه‌مبه‌ر نامه‌ی منت پێنه‌گه‌یشتووه‌ که‌ به‌ لایه‌نی که‌مه‌وه‌ ده‌بێت دوو نامه‌ت به‌ده‌ست گه‌یشتبێت، به‌گشتی هه‌شت نامه‌م بۆ ناردوویت. سه‌یره‌! له‌ وه‌ڵامی ئه‌م نامه‌یه‌دا چاوه‌ڕوانی پۆست کارتێکم. ڕه‌نگه‌ وا چاکتر بوایه‌ که‌ نامه‌کانم به‌ پۆستی "رستانت"دا بۆ بناردیتایه‌. نه‌ده‌بوو به‌ قسه‌م بکردیتایه‌، هه‌رچه‌نده‌ گوم بوونی نامه‌ له‌ هه‌نده‌ران خۆی بۆ خۆی قسه‌ هه‌ڵده‌گرێت.

ئه‌مه‌ یه‌که‌م ڕۆژمه‌ که‌ چه‌ند هه‌نگاوێك له‌ ژووره‌که‌مدا ده‌گه‌ڕێم. ته‌ندروستیم باشتره‌، به‌ڵام زۆر بێهێزم، دوێنیێ چاك نه‌بووم بۆیه‌ نامه‌م بۆ نه‌نووسیت. ده‌بێت له‌ بیست‌و شه‌شی مانگدا له‌سه‌ر شانۆ بم. له‌م که‌وتنی ناو جێگایه‌ وه‌ڕز بووم (...).

ده‌تهێنمه‌ به‌رچاوم به‌ چاکه‌تی هاوینه‌وه‌ پیاسه‌ی سه‌رشه‌قامه‌کان ده‌که‌یت، له‌ که‌نار ده‌ریای دره‌خشاندا داده‌نیشیت، له‌ پانسیۆندا ئه‌و ژنه‌ وه‌ڕزکه‌رانه‌ کۆده‌که‌یته‌وه‌. هه‌وڵی خواردنی زۆرو حه‌سانه‌وه‌یه‌کی درێژی دوای نانی نیوه‌ڕۆ بده‌، زیانی نیه‌، وه‌ك خووت پێوه‌گرتووه‌ خۆت به‌ برسیه‌تیه‌وه‌ ماندوو مه‌که‌، حه‌زده‌که‌م تۆ به‌ چاکی‌و خۆشی ببینم، تێگه‌یشتی دلداره‌که‌م؟ به‌ ڕاست پێویست ده‌کات خه‌ڵکی زۆر له‌وێ ببینیت؟

هەموو شتێکم بۆ بنووسە. لەبارەی پرۆڤەکانەوە ناتوانم شتێکی وا بنووسم. شەش ڕۆژە نەچووم بۆ شانۆ، پزیشکەکەمان دەیوت دوێنێ ئەکتەرەکان پەردەی دووەمیان بە شەوق‌و توانایەکی زۆرەوە تا سەعات یەکی بەیانی پرۆڤە کردوە (...)

وێنەیەکی خۆت بگرەو بۆم بنێرە. هەموو شتێکی خۆشەویستانەی لەسەر بنووسە. دوور لە چاوان دەتپارێزم (...)

* * *

کنیپەر

٢٤ دیسەمبەر

(٥ ژانیوەری)

"مۆسکۆ"

ئازیزترینم ئانتونی خۆشەویستم، پێدەچێت من گەیشتبێتمە ئەو ئەنجامە ترسناکە کە تۆ وەڵامی نامەی من نادەیتەوە، بڵێی بەدەستت نەگەیشتبن؟ هەرگیز لەمە تێناگەم.

ئەم شەو شەوی کریسمسەو ڕاکەڕاکە سونەتیەکە لەماڵەوە بەرقەرارە. لەبیرمە ئەو سەردەمانەی خۆیشم بەشێك بووم لەوەو هەوڵم دەدا شتەکان ڕێك‌و پێك بن‌و، هەرکەسەو ئەو شتەی بۆ دابین کرابێت کە چاوەڕێی ناکات. وەلێ ئێستا بەلامەوە گرنگ نیە.

لە ڕاستیدا بارێکە بەسەرمەوە، من حەزدەکەم تەنیا تۆم لەگەڵدابیت، یان من لەگەڵ تۆدابم‌و شتەکان وەك ئێستا نەبن(....)

* * *

چیخۆڤ

٢٦دیسەمبەر
"نیس"

ئەکتەری ئازیزو چکۆڵەم، ئەم نامەیەت لە ساڵی نوێدا پێدەگات، ساڵی تازەو چارەنووسی تازە، ئەگەر ڕێگام بدەیتێ هەزار جار ماچت دەکەم، لەم ساڵی تازەیەدا هەموو ئەو شتانەت بۆ دەخوازم کە خۆت حەزیان لێدەکەیت، هیوادارم هەر لە هەمان باشیو شکۆمەندیدا ببێنیتەوە.

بە ڕاست تەندروستیت چۆنە؟ ئەو دوو نامەیەی دوایی کە بە قەڵەم نووسیبووت نیگەرانی کردم، وەلێ ئەو وەرەمی سپڵە قەناعەتی پێنەکردمو لەوە دەترسم تووشی تایەکی سووکی تیڤۆیدی بوویت، ئەمەیش بەو مانایەیە کە ڕێگای شانۆت نەدەنو نمایشنامەکەی من نەکرێتو ناچارم بکەومە یاری ڕۆڵێت. بەڵام حاڵت باشە؟ بەڵێ؟ باشە ئازیزم، ئارەزووی بەختەوەریت بۆ دەکەم.

دنیا لێرە بە تەواوی ساردبوە، سەهۆڵبەندانە، باوەڕدەکەیت؟

پێشتر شتی وا ڕووی نەداوە. لە مارسیلیا بەفر چیاکانی داپۆشیوە، گوڵەکان لە ناکاوێکدا پەژموردە بوون، من بە چاکەتێکی هاوینەوە بەملاو ئەولادا دەسووڕێمەوە، ڕۆژنامەکان لەدەست ئەم سەرما نائاساییە سکاڵایانە (...).

* * *

کنیپەر

٢٧ دیسەمبەر
(٨ ژانیوەری)
مۆسکۆ- تەلگوراف

بە تاسەوە چاوەڕوانی وەڵامی دە نامەکەمم.

ئۆلگا

* * *

چیخۆڤ

٢٧ دیسەمبەر

"مونت کارلو" تەلگوراف

سڵاو جوانکیلەکەم salue.. belle

* * *

کنیپەر

٢٧ دیسەمبەر

(٨ ژانیوەری)

مۆسکۆ

سەر لەمە دەرناکەم ئانتون، پێدەچێت نامەی منت پێنەگاتو نازانم بۆ؟ من تەلگورافێکم بۆ ناردیت کە تەنیا بە وشەیەك پێم بڵێیت نامەکانم گەیشتوون یان نا، بڕوانە، لە دوا نامەتدا نووسیوتە کە هیچت بەدەست نەگەیشتووەو تۆیش نامە نانووسیت. لەو ڕۆژەوە من هیچم نەناردووە، ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ چ نامەیەکت بەدەست نەگەیشتووە؟ تۆ ئەمە بە چی دەزانیت؟

وەك لە تەلگورافەکەدا نووسیبووم دە نامەم بۆ ناردوویت، بە تەلگورافەکەتدا دیارە تۆ لە "مونتی کارلۆ"یت، یاری ڕۆلێت دەکەیت یان نا؟ (...).

دوێنێ بۆ یەکەم جار پرۆڤەی "خاڵ ڤانیا"م کرد، ئەمڕۆ "مرۆڤە تەنیاکان" نمایش دەکەمو سبەینێ دەڕۆم بۆ پرۆڤەی "سێ خوشکەکە" (...).

دەڵێن "سولیونی گروموف" باش نیە. ڕەنگە "سانین" ڕۆڵەکە ببینێت.

"ڤیشنیڤسکی" (کولیاگین) لە هەموویان باشترەو گشتیان دەست خۆشی لێدەکەن. مایرهۆڵد" (توزن باخ)ی ئاساییەو "ئارتیوم" (چبوتیکین) هێشتا بە

تەواوی گفتوگۆکانی کۆنترۆڵ نەکردووە، ئەمانە قسەی ئەوانی ترە چونکە خۆم نەمدیون (...).

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢٧ دیسەمبەر

نیس- ئێوارە

ئەکتەری چکۆلانەم، بۆ هێند نیگەرانیت؟ ئەمڕۆ تەلگورافەکەتم بەدەست گەیشتو نەمزانی چیت بۆ بنووسم. ئایا بۆت بنووسم کە وەك گایەك* بەهێزم؟ باری تەندروستی تۆ چۆنە؟ هێشتا لەناو جێگادایت یان دەچیت بۆ شانۆ؟ ئازیزترین ئازیزم، وا چاکە مرۆڤ نەخۆش نەبێتو بێگومان لەوەش چاکتر ئەوەیە کە دڵی مرۆڤ نەخۆش نەبێت، کاتێك لێم دووریت، هەموو جۆرە بیرێکم بەسەردا دێت، هەندێك جار بیری زۆر ترسناکیش. ئازیزم هەرگیز بۆ من نیگەران مەبە.

ئەمڕۆ چووم بۆ مونت کارلۆو ٢٩٥ فرانکم بردەوە. لە "نمیروڤیچ"ەوە تەلگورافێکم لە "منتون" پێگەیشتووە، بڕیارە سبەی یەکتری ببینین، کڵاوێکی تازەم کڕیوە، ئیدی چی؟ ئایا نوسخەی تازەی ڕۆڵەکەتت پێگەیشتووە یان نا؟

نووسیوتە دە نامەت بۆ ناردووم، لەوە دەچێت هەر لە مۆسکۆ بۆ ناونیشانەکەی منیان ناردبێت، ئەگەر ناردبێتیشت پێم نەگەیشتووە. بە ڕۆژنامەکاندا وا دیارە لە "یالتا" هەوا زۆر ساردەو زریانو سەهۆڵبەندانە. دایکم لە بێتاقەتیدا خەریکە دیق دەکات.

دوا نامەت لە (٢١ دیسەمبەر)دا گەلێك کاریگەرو شاعیرانە نووسرابوو (...).

❊ ❊ ❊

* لە فارسیەکەدا بە "ئەسپ" وەرگێڕاوە و لە ئینگلیزیەکەیدا گایە.

چیخۆڤ

٢٨ دیسەمبەر
"نیس"

تووتەڵەکەم، شتێکی زۆر ترسناکت بۆ باس بکەم، دوو سێ ڕۆژ لەمەوبەر پێیان وتم پیاوێك هاتووە بۆ لات، منیش چوومە خوارەوە، پیرەمێردێکم بینی کە بە ناوی "چێرکۆف"ەوە خۆی پێناساندم، چەند نامەیەکی بەدەستەوە بوو کە بە ناونیشانی منەوە گەیشتبوونە دەستی. چونکە ناوەکەی لەناوی من دەچێت. یەکێك لە نامەکانت (سێ نامەی تۆی پێبوو) کرابووەوە.

سەرکۆنەکردنەکانت لەو کاتەدا کە لە ڤیەنا بووم، ناوهێنانم بە "سلافیەکی نازو نووك کەر" زۆر درەنگ بەدەستم گەیشت، ١٥ ساڵ لەمەوبەر هەڵەیەکم کردو ئەو جێگایەی دەبوو بۆی بچم نەچووم. بەڵام ئەمجارەیان تاقە جێگایەك کە دەبوو بۆی بڕۆم، واتا شانۆ، چووم. بلیت نەمابوو، کیفێکی گەورەی پارەم لە ڤیەنا کڕی. پیشانگاکە لە ڕۆژی دووەمی پشوودا کرابووەوە. قایشم بۆ جانتاکانم کڕی، دەبینیت ئازیزەکەم چ ئەقڵێکی سات‌و سەودایم هەیە.

باسی ئەوەت کردووە کە بۆچی نامە بۆ دایکم نانووسم، هەرە ئازیزم، من بۆ ئەوو بۆ "ماشا"یش چەند جارێك نامەم ناردووە، بەڵام هەرگیز وەڵامیان نەداومەتەوە، لەوەیش ناچێت هەر وەڵامم بدەنەوە. ئیدی منیش لێگەڕام. تەنانەت بە دێڕێکیش هیچ کامیان وەڵامی نامەیان نەداومەتەوە. ڕاست دەکەیت من هەمیشە بە نازونوکم‌و هەر وایش دەبم، نازانم (...)

دنیا ساردبوو وەلێ ئێستا چاکترەو من چاکەتی هاوینەم لەبەردایە، لە یاری رۆلێتدا ٥٠٠ فرانکم بردەوە. دڵدارەکەم ڕێم پێدەدەیت یاری رولێت بکەم؟ (...)

پەردەی کۆتایی شانۆنامەکەم گەلێك خێرا نووسی. وام بەبیردا هات زۆرتان پێویستە، وەلێ ئێستا پێدەچێت تا "نمیروڤیچ" نەگەڕێتەوە دەست بە پرۆڤە ناکەن.

ئەگەر بمتوانیایە دوو یان سێ ڕۆژ زیاتر لەسەر ئەو پەردەیە کاربکەم زۆر باشتر دەردەچوو (...)

گەلێك لە ژنەکان لەگەڵ مندا نان دەخۆن، خەڵکی مۆسکۆی زۆر لێیە، وەلێ من وشەیەکیان لەگەڵدا نالێم، لە سووچێکدا دادەنیشمو دەڕۆمە پێستی خۆمەوە، تەنیاو تەنیا یان دەخۆم یان بیر لە تۆ دەکەمەوە.

مۆسکۆییەکان هەندێك جار دەیانەوێت قسە لەسەر شانۆ بکەن. ئاسایی دەخوازن منیش بهێننە قسە، وەلێ من هیچ نالێمو لەسەر خواردنی خۆم بەردەوام دەبم. کە باسی تۆ دەکەن، دڵخۆش دەبم، بە ڕاستی دەزانیت زۆر تاریفت لێدەکەن. لەوە دەچێت تۆ ئەکتەرێکی زۆرباش بیت. کەواتە چکۆلانەکەم ئاگات لە خۆت بێتو شادبیت.

ئانتۆنەکەت

* * *

چیخۆڤ

٣٠ دیسەمبەر

"نیس"

ئەکتەری ئازیز. ئەمڕۆ تەواو لە هاوین دەچێتو ڕۆژەکە بە نامە نووسین بۆ تۆ دەستپێدەکەم. دوا نامەت هەندێك خەمگین بوو بەڵام گرنگ نییەو ئەویش دەگوزەرێت. گرنگ ئەوەیە تەندروست بیت ئازیزم (...)

دوێنێ لە "ڤیشنیڤسکی"یەوە نامەیەکم پێگەیشت، تیایدا دەڵێت لە دوو پەردەی یەکەمدا زۆر باش رۆڵی دیوە، ئایا لە ماڵ هاتوویتە دەرەوە؟ بۆ پرۆڤە دەچیتە شانۆ؟

دەزانیت گۆڕانێکم بەسەر پەردەی سێیەمو چوارەمدا هێناوە، ئەی ئاگات لە پەردەی یەکەم هەیە؟ ئایا جارێکی تر دەورەکەتیان بۆ نووسیویتەوە؟ یان هەر لەسەر ڕەش نووسە کۆنەکە کاردەکەیت؟ (...).

نامەم لە دایکمو ماشاوە پێنەگەیشتووەو پێشم ناگات. نامەم بۆ پزیشکێك نووسی لە یالتاو داوام لێکرد هەواڵی ماڵی خۆمانم بۆ بنووسێت، دەبینیت لە ماڵەوە زۆر نازم هەڵناگرن، بەڵام من ئەوەندە دڵڕەقو بێوەفا نیم. ئایا لە ماڵ هاتویتە دەرەوە؟ بۆ پرۆڤە دەچیت؟

* * *

# ١٩٠١

کنیپەر

١ ژانیوەری

مۆسکۆ

ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جار بەلای "درسدن"دا تێپەڕیمو بیرم کەوتەوە کە (...) دوێنێو ئەمرۆ چووم بۆ پرۆڤە. ئەمڕۆ پەردەی سێیەمان بێ ستانسلاڤسکی ڕێك خست، سبەی خۆی دێت بۆ پرۆڤە. دوێنێ "سانین"پەیوەندی بە کاستەکەوە کرد، نازانم چۆن دەور دەبینێت، نەخۆش بوومو تەنانەت پرۆڤەیەکم نەدیوە (...).

لە شانۆنامەکەدا نووسیوتە بە درێژایی پەردەی چوارەم دەبێت "ماشا" بەرگی ڕەشی لەبەردا بێت، ئەی نابێت بلووزی سپی یان خۆڵەمێشی لەبەر بکات؟

ئەکتەرە چکۆڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢ ژانیوەری

نیس

دلّدارەكەم، كچی شكۆمەندو ئازیز، نامەكەی ١١ دیسەمبەرت ئێستا گەیشتە دەستم، نامەیەكی گەورەو گران، سوپاس بۆ خودا كە ون نەبوە (...) لە دایكمو "ماشا"وە نامەم بۆ نایەت، هەرچەندە لە ٢٠ دیسەمبەرەوە ناونیشانی راستیی منیان لا هەیە.

لێرە ئارام دەژیم، لە "یالّتا" زیاتر خەلّك دەناسم. شوێن نیە خۆتی تیا بشاریتەوە، وەلیٚ نازانم چی بكەم، "ستانسلاڤسكی" نامەیەكی درێژی بۆ ناردووم، لە پێش ٢٣ دیسەمبەردا نووسیویەتیو دوێنی پێم گەیشتووە، نامەكەی لە بارەی نمایشنامەكەوە نووسیوە، زۆرباش باسی ئەكتەرەكان دەكات، بە تایبەتی لە تۆ (...).

ئاووهەوای ئێرە دەگمەنە. من بەرگی هاوینەم لەبەردایە، دوو جار چووم بۆ "مونت كارلۆ" تەلگورافێكو نامەیەكم بۆ ناردوویت، ئازیزترین ئازیزم، لەوە تووڕەیت كە من نامەت بۆ نانووسمو لەوەیش دەترسیت كە نامەم بۆ نەنووسیت. وەلیٚ من بیٚ نامەی تۆ دەمرم، زیاترو درێژتر نامەم بۆ بنووسە، نامەكانت زۆر باشنو من عاشقیانم، چەند جارێك دەیان خوێنمەوە، نەمدەزانی تۆ ئەوەندە وریایت (...).

❊ ❊ ❊

كنیپەر

٢-١٤ ژانیوەری

مۆسكۆ

ڕۆژباش ئانتونە هەرە ئازیزەكەم، وا دەزانم سالآنێكە نامەم بۆ نەناردوویت كەچی لە ڕاستیدا تاقە ڕۆژێكم لەدەست داوە. سوپاس بۆ تەلگورافەكەت، شادمانم كە

دیسان تەندروستیت چاکە، "نیس" گەرمە؟ "نیروڤیچ"ت دیوە؟ کوڕی چاکبەو هەموو شتێکم بۆ بنووسە. دەستت کردووە بە نووسینی شتێك یان داوتەتە تەمەڵی، هەردووکیان چاکن. دیسانەوە هاتوومەتەوە سەر خۆم، ئەگەرچی هێشتا دەکۆکمو گەرووم هەوی کردووە، ئەمڕۆو سبەی بێ کارم (...).

دوێنێ ساڵیادی لەدایکبوونی "لۆژسکی" بوو. هەموومان چووین بۆماڵیان "مرۆڤە تەنیاکان"مان نمایش کردو پاشان گشت تیپەکە ڕۆیشتین. خانوەکە بینایەکی کۆنی بورژوازیانەی گەورەو پتەوە، دایکی ژنێکی بەخۆوەیەو "مانتیلا" بەسەروشانیدا دەداتو گەلێك بە وێڵە. سوپایەك نۆکەریان هەیە، خواردنیان هەمەجۆر گۆشتو مریشکی سوورەوەکراوو لاوەکانیش بە زۆر دەیان کێشایتە ناو هۆڵی سەماوە، ئەگەر کچێکی زۆر گەنجو لە خێزانێکی باشی وەك سەردەمی لاویەتی خۆم بوومایە، زۆر لەو دانیشتنە بێتاقەت دەبووم، وەلێ ئێستا هەستم جیاوازە، مرۆڤ دادەنیشیێو تەماشا دەکاتو دەپەیڤێت. بە کورتی مرۆڤ هەستێکی خۆشی دەبێتو بەوە شادە کە بەشێك نیە لەو کۆمەڵە، ماڵەکەی "لۆژسکی" زۆر گەورەیەو ژوورەکانی لە ژمارە نایەن (...) هەردوو خانە خوێکەمان گەلێك میهرەبانو بە ئەدەب بوون "پیرتا"ی ژنی "لۆژسکی" نموونەی ئافرەتێکی دڵسۆزو چاکەخوازە. هەموو شتێکی دنیای خۆش دەوێت، سوپاس لە هەموو شتێك دەکات. دوو تیپی پانتومیمیش هاتبوون، یەکەمیان ١٥ تا ٢٠ کەس بوون، ماسیگرو قەرەجیش بە تەمبوورەکانیانەوە.

ماسیگرێکی تا ڕادەیەك قەڵەویان کە باریتونی دەچڕی، گۆرانی ئیتالیی وت. لەگەڵیدا کۆرس بە تەموورەو چەقەنە کردیانە هەراوزەنا، ویستیان پانتومیمێك نمایش بکەن، دوایی لە نمایشێکی لاوازدا "تارانتیلا"[٩٧] یەکی توندیان پیشاندا (...).

---

[٩٧] سەمایەکی میللی ئیتالیە.

بەڵام تیپی دووەم تامو چێژیان زیاتر بوو. ئەمە پێشنیازی ڕابەری ئەنجومەنی بیرو هونەری ئەدەبیات بوو، پیاوەکە بە قژێکی سووری دەستکردو لووتی درێژیەوە هەرچی لە بووکەڵەکانیدا هەبوو نمایشی کردو (...) ئێمەی وا هێنایە پێکەنین لەوەدا بوو ڕیخۆڵەمان بێتە دەرێ (...) "شاژنی بەفر" لە هەمووی خۆشتر بوو، ناوی لێنابوو بووکەڵە گەردان "بووکەڵەیەکی بێسوود کە لە شانۆی هونەریدا هەراجیان کردبوو" بووکەڵەکە لە ترسی ئەوەی لە مۆسکۆ ونبێت دەستی بە خوێندنەوەی هەر پێنج بەشەکە کرد. جارجارەیش ئاماژەیەکی زرنگانەی بە "ستانسلاڤسکی" دەدا، گەلێك مایەی پێکەنینو سەرگەرم کردن بوو، (...) دەستی "ستانسلاڤسکی"م گرتو پێکەوە سەمایەکی خاوی مازورکامان کرد. "لۆژسکی"یش کە سەما نازانێت ئەو سەمایەی کرد. تا ڕادەیەك سەماکەمان باش بوو، کە بێگانەکان ڕۆیشتن ئێمە لە کتێبخانەیەکدا ئاسوودەو لە تاریکیدا کۆبووینەوەو گۆرانی قەرەجەکانمان وت، "بۆریس"ی برای ستانسلاڤسکی بە گیتارەوە هاوکاری کردینو ژنەکەیشی گۆرانی دەوت. دەنگی خۆشە، پاشان دانیشتینو کەوتینە قسەو سەعات ٧ لە یەکدی جیابووینەوە.

من سەعات ١١,٥ هەستام، ئاساییە کە ئەمڕۆ پرۆڤە نیەو من لە ماڵەوەو بۆ تۆ، ئانتونی ئازیزو دوورم نامە دەنووسم (...).

خۆزگا زستان زوو کۆتایی بهاتایە.

سبەینێ بێ کتێب پەردەی سێیەم پرۆڤە دەکەین، دیکۆرێکی جوانی بۆ کرابوو. کەواتە دوو سبەی نامەت بۆ دەنووسم، هێشتا پەردەی چوارەمم نەخوێندۆتەوە. بیستوومە دیمەنێکم لەگەڵ "چبوتیکین"دا هەیە، پێم خۆشە. حەزدەکەم باش دەوری ماشا ببینم، زوو سێ پەردە پێکەوە پرۆڤە دەکەینو من لە بارەیانەوە بۆت دەنووسم.

ئەمەیش نامەی ئەمڕۆی من، ئیتر هەقی ئەوەت نیە زیزو خەمبارییت. ئێمە حەتمەن دەژین، دەژینو خۆشەویستیش دەکەین، وانیە ئازیزترینم؟ خۆشت بوێم (...) زیاتر بیرم لیٚ بکەرەوەو هەمیشە بیرم لیٚ بکەرەوە. ماڵئاوا تا نامەیەکی تر (...).

* * *

چیخۆڤ

٢ ژانیوەری

نیس

لە خۆشەویستان خۆشەویست تر، خەمباریت یان شاد؟ خەمبار مەبە شیرینەکەم. کاربکەو بۆ خاوەن شکۆ ئانتۆنیۆی دانا نامە بنووسە. ماوەیەکە نامەی تۆم پێنەگەیشتووە، بێجگە لە نامەی دوانزەی دیسەمبەر کە ئەمڕۆ گەیشتە دەستمو تیایدا نووسیوتە کە من ڕۆیشتم تۆ گریاویت، چ نامەیەکی نائاسایی، بە ڕاستی نائاسایی، دیارە خۆت نەتنووسیوە، داوتە بە یەکێك بۆت بنووسێت، وا نیە؟ نامەیەکی زۆر ناوازەیە. هێشتا "نمیروڤیچ" نەهاتووە بۆ دیدەنیم، پێریٚ تەلگورافێکم بۆ کردو پێم وت بە تەنیا بێت بۆ لام، دەبێت یەکتر ببینینو لە بارەی ئەو نامەیەوە کە "ستانسلاڤسکی" بۆی نووسیوم قسە بکەین، ڕۆژەکانم لە ماڵەوە بەسەردەبەم، وەك دوێنیٚ، من ناچمە دەرەوە لەبەرئەوەی کە یەکێکی زۆر گرنگ داوەتی کردووم، بەرگی ئاهەنگم نیەو حەزیشی پیٚ ناکەم، ئەمڕۆ "مالاکوڤ"[٩٨] لە مۆسکۆ هاتە دیدەنیم ئیدی چی؟ هەر ئەمە.

هیچ نەبێت باسی پرۆڤەیەکی "سیٚ خوشکەکە"م بۆ بکە. ئایا دەکرێت شتی بۆ زیادبکەیت یان لێی کەم بکەیتەوە؟ تۆ باش دەور ئەبینیت ئازیزەکەم؟ بڕوانە، خۆت وا پیشان مەدە کە خەمباریت، لە هیچ کام لە پەردەکاندا، تووڕە بە بەڵام خەمگین

---

٩٨ **Malakov**

مەبە. ئەو کەسانەی لە ناوەوەیاندا خەمبارین ناتوانن قسە باش بکەن و لەبیرکردنەوەدا ون دەبن. زۆرجار لەسەر شانۆ کە خەڵکی قسە دەکەن تۆ خەم دات دەگرێت.. تێدەگەیت؟ بێگومان تێدەگەیت چونکە تۆ زیرەکیت (...).

توتوەکەت

* * *

کنیپەر

٤ ژانیوەری

مۆسکۆ

ئازیزم دەمەوێت چەند دێڕێکت بۆ بنووسم. هەر ئێستا لە پرۆڤە گەڕامەوەو دانیشتووم نان بخۆم "خوتیاینتسیڤا"[٩٩] و "زڤانتسۆڤا"[١٠٠] هاتوون بۆ بینینیم و لێرەن، تا چارەکێکی تر دەبێت دیسانەوە بۆ نمایشی "مردووەکان" بگەڕێمەوە بۆ شانۆ. بۆ نەگبەتی هەلامەتمە، دەنگم هەر دەرنایەت، ئەم هەلامەتەم لێنابێتەوە، دوێنێ شەو نەنووستووم، نامەکەتم پێش چەند چرکەساتێك پێگەیشت. نامەکانت هێورن و ورەت باشە، هەوڵ بدە لەوێ بە چاکی بیگوزەرێنیت، دەتوانیت بگەڕێیتەوە، خۆ تۆ لە هیچ شوێنێك توێتکە ناگریت. هەقمە نیگەرانی نامەکانم بم نەوەك بکەوێتە بەردەستی خەڵکانی تر (...) سبەینێ بەیەکجار سێ پەردە پرۆڤە دەکەین.

لە نواندنی ڕۆڵی "ماشا"م قایلم، وەلێ هێشتا دەقی تازەی پەردەی چوارەمم بەدەست نەگەیشتووە لەبەرئەوە نازانم (...).

* * *

---

٩٩ **Khotyaintseva**

١٠٠ **Zvantsova**

چیخۆڤ

٦ ژانیوەری
"نیس"

خانمە هوشیارو ئازیزەکەم، زۆر دەمێکە نامەیەکم لە تۆوە پێگەیشتوە، تەواو لە یادت کردووم، پێم خۆشە کە پێت بڵێم گشت ئەو نامانەی بۆت ناردووم هەموویم پێگەیشت (...).

بۆ دواجار نامەیەکم لە "ماشا"وە بۆ هات. ئیتر هەرسێ ڕۆژ جارێك نامەیەك بۆ دایکم دەنووسم تا بێتاقەت نەبێت (...)

"سێ خوشکەکە" چۆن بەرەوپێش دەچێت؟ تەنانەت یەکێکیش لەو ئاژەڵە بەدبەختانە شتێکی لەو بارەیەوە بۆ نەنووسیوم، تۆیش مەینووسە، بۆ ئەوەی لێدانێکم بەدەست بخۆیت (...).

* * *

کنیپەر

٧ ژانیوەری
مۆسکۆ- سەرلەبەیانی

ئازیزم، هەرچەندە سەعات یەکی بەیانیە من هەستاوم، چونکە لە دوا نامەتدا نووسیوتە من نازانم تۆ چەند منت خۆشدەوێت، دوێنێ ئێوارە کە ئەوەم خوێندەوە وام بەبیردا هات کە تۆ شتێکی وات وتووە، پاشان بیرم کردەوە نەکا بە ڕاستی مەبەستت ئەوە بێت. وایە یان نا؟

تۆ وا دەزانیت چما هەست بەوە ناکەم کە تۆ چەند منت خۆشدەوێت؟ تەواو بە پێچەوانەوە، ئازیزم، من دەزانم تا ئێستا هیچ کەسێك ئەوەندەی تۆ منی خۆشنەویستووەو خۆشیشی ناوێم. مەسەلەکە چیە؟ بێتاقەت بوویت؟

دوو ڕۆژە نامەم بۆ نەنووسیویت. دوێنێ لەگەڵ دایکمدا سەرمان لە چەند شوێنێك دا، تووشی سەرئێشە هاتم‌و پاشان سەرئێشەکەم بوو بە لاسەرئێشە (شەقیقە) دوایی چووم بۆ نمایشی "مرۆڤە تەنیاکان" دوێنێ ڕۆیشتم بۆ بینینی "فیدۆتۆڤا"[١٠١] ئەوەندەی قسە کرد سەری بردم (...) پۆستەری کۆن‌و وێنەو دیاریە کۆنەکانی پیشانداین.

لە نێوان قسەکانیدا سەرم لەو جیاوازیە سووڕما کە لە نێوان شانۆی تازەو کۆندا هەیە (...).

ڕۆژی ١٤ی ژانیوەری سێ پەردە لە "سێ خوشکەکە" لەسەریەك پرۆڤە دەکەین، هێشتا "سانین"م بەدڵ نیە، نازانم ئەو ڕۆژە چۆن دەبێت، "مایرهۆڵد"یشم هەر بە دڵ نیە، دەورەکەی زۆر بێزارکەرە، نە جووڵەی تیایەو نە توانا، گیانی تیا نیە، تۆ هیچ مەڵێ، با ئەوانی تر باس لە کەم‌وکوڕیەکان بکەن.

هێشتا هەر خیزەی سنگم دێت، هەڵامەت دەستبەردارم نابێت، هێشتا لەدەست یەکەم ڕزگارم نەبوو دووەم پەلاماریدام، هەرکە چاك بوومەوە وێنەیەك دەگرم‌و بۆتی دەنێرم، پێت خۆشە (...).

زۆر لە بیرمدایت ئازیزم، کەی یەکدی دەبینین، چۆن، لە کوێ؟

خۆشحاڵم بەوەی ئەوێ گەرمەو تەندروستیت چاکە، زۆر حەز دەکەم بێم بۆ لات‌و ئەگەر بکرێت چەند سەعاتێك لەگەڵتا بپەیڤم، ماچت بکەم، ڕەخنە لە قژت بگرم، ئاه ببوورە ئاکادمیکۆس. ماچت دەکەم، لە ئامێزت دەگرم، خۆشم دەوێیت.

کێی _ تۆ؟

* * *

---

[١٠١] Fedotova

چیخۆڤ

٧ ژانیوەری

نیس

مەستە چکۆڵەکەم، نامەکەتو باسی ئاهەنگی شەوانەی ماڵی "لۆژسکی"م خوێندەوە، پرسیببووت ئەو سێ نامەیە، یان باشترە بڵێم ئەو سێ نامەیەی لە زەرفێکدا بوون چیان بەسەرهات. نیگەران مەبە ئازیزترینم هەموویانم بەدەست گەیشتووە. سوپاس گوزارم (...).

بۆت نەنووسیوم نمایشنامەکە چۆن دەڕوات. من دەتوانم لەسەر چی کاربکەمو شتی تریشو تریش.. زۆر لەوە دەچێت ١٥ ژانیوەری بچم بۆ جەزایر، بەڵام تۆ هەر بە ئادرەسە کۆنەکەی "نیس" نامەم بۆ بنێرە. ئەوان لە جەزائیر بەدەستم دەگەیەنن. دەمەوێت بیابان ببینم (...)

* * *

کنیپەر

٧ ژانیوەری

مۆسکۆ

لەبەر چەند هۆیەك حاڵم زۆر خۆشە ئانتونی ئازیزم، تەنیا حەزم کرد ئەمەت پێ بڵێم، ئەوەندە ئارەزوویەکی زۆر لە ڕۆحم گەڕاوە بۆ ژیانی شادو تێگەیشتنو هەستکردن بە هەموو شتێك، هەموو جوانیەکانو گەورەیی ژیان، هەر مەپرسە. حەزدەکەم بە دەم هەموو کەسێکەوە پێبکەنم، هاوکاری هەموو کەسێك بکەم بۆ ئەوەی دەوروبەرم پڕبێت لە ڕووناکیو گەرمی.

تۆ مەسخەرەم ناکەیت؟ تێدەگەیت؟ ئاه ئانتۆن چەندم پێخۆشە ئێستا لەگەڵت بم. پێم بڵێ ئایا ئێمە تەنانەت گەردیلەیەك لە ژیان تێدەگەین؟ (...).

* * *

کنیپەر

٩ ژانیوەری

١ بەیانی- مۆسکۆ

توتوی ئازیزم شەوێکی هێورە، تازە لە شانۆی "بۆلشۆی"[١٠٢] گەڕاومەتەوە. ئەڕۆم بۆ سەر جێگاکەم تا "کارمەن"[١٠٣] بخوێنمەوە (...) ئێمە ئەمڕۆ پەردەی چوارەممان ئامادە کرد. دەوری زۆرت بە من داوە گیانە، ڕۆڵ بینینی سەختە، بەڵام من پێم خۆشە. دەربارەی پەردەی سێیەم "ستانسلاڤسکی" وتی کە من وەك "کارمین"[١٠٤] وامو دەبێت زیاتر خەونیو خۆگربم. دیکۆری پەردەی چوارەمم حەز لێیە، دەبێت بەیانی چاوەڕێ بینو بزانم "نمیروڤیچ" چی دەڵێت، وا بزانم لە بیستو چواردا دەیکەینەوە (...) نازانم نامەکانم بۆ کوێ دەچن، من تا ڕادەیەك هەموو ڕۆژێك دەنووسم. زیاد لە دوو ڕۆژم بەسەردا تێنەپەڕاندووە، هەواڵێك لە پۆستەخانە بپرسە (...)

* * *

چیخۆڤ

١١ ژانیوەری

نیس

هەی ژنی دڵڕەق و کێوی، یەك سەدە تێپەڕیوەو نامەیەکی تۆم پێنەگەیشتوە. ئەمە یانی چی؟ من کە ئێستا نامەکانت بەڕێك و پێکی بۆ دەنێرم ئەگەر بە دەستت نەگەیشتبن تۆ بەرپرسیاریت هەی بێ وەفاکەم.

---

١٠٢ **Boloshoi**

١٠٣ نمایشنامەیەکی گیرهارد هاپتمەنە کە لە ٢٧ی ئوکتوبەری ١٩٠١دا کرایەوە.

١٠٤ **Carmen**

ئەگەر ڕۆژانی داهاتوو دەریا لە چەپۆکاندا نـەبێت دەچـم بـۆ ئـەفریقا (...) زۆر نامێنمەوە، تەنیا دوو هەفتە، ئێرە بەردەوام هەوایەکی هاوینەی بـێ وێنـەی هەیـە، گەرم، گوڵ، ژن، پاسکیل. بەڵام بۆ من زیاتر لـە تابلۆیـەکی ڕەنگکـراو دەچـێت تـا وێنەیەك.

نامەم بۆ بنووسە تووتەڵەکەم، تووتەڵە قژ سوورەکەم، ئەمە ئەوپەڕی بێ ماناییـە کە نامەم بۆ نانووسیت. خۆزگـا پێـت دەوتم شـانۆگەری "سـێ خوشـکەکە" چـۆن دەڕوات. هێشتا هیچت لە بارەیەوە بۆ نەنووسیوم. هەر هیچ. مەگەر تەنیا لە بـارەی پرۆڤەکانەوە کە ئەمڕۆ پرۆڤە هەبوە یان نا. تۆ پێویستت بـە بیرازکردنێکـی قامـچی هەیە (...)

تووتووەکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

١١ی ژانیوەری

مۆسکۆ — یەکی بەیانی

ئازیزترینم، گلەیی ئەوەم لێ دەکەیت کە نامەی منت پێنەگەیشتووە! بەڵام مـن بەردەوام نامەت بۆ دەنێرم، هەموو ڕۆژێك یان ڕۆژە نا ڕۆژێك. بۆ چ بۆڵە بۆڵم بەسەردا دەکەیت؟من ئەمڕۆ زۆر ماندووم، کاکم لەگەڵ ژن و کچە چـکۆڵەکەیان تـا بیـست و پێنجی مانگ لێرە دەبن و دوای سێ هەفتە دەڕۆن بۆ پترۆز بورگ. دوێـنێ پـەردەی چوارەمم خوێندەوە، ئەمڕۆ بەیانی زوو لە زۆر بلێییـە خۆشـەکەی "ئادۆشـکا"[١٠٥]ی پێنج ساڵان بە ئاگاهاتم (...) پەردەی سـێیەمان دووجـار پرۆڤـە کـرد "نمیروڤـیچ" پرۆڤـەکانی بـینی و هەنـدێك شـتی لێگـۆڕین "ستانسلاڤـسکی"لەسـەر شـانۆ

---

[١٠٥] Adochko

هەموومانی بە جۆش هێناو هــەراو زەنایــەکی مــەزنی نایــەوە. وەلــیٚ "نمیروڤــیچ" پێشنیازی ئەوەی کرد کە ئەگــەر هــەراو زەناکــە لــە دەرەوەی سەرشــانۆکە بێــت و سەرشانۆ جۆرە ئارامیەك لە خۆ بگرێت بەهێزتر دەردەچێت. هەموو ئەکتــەرەکان بــە چاکی رۆڵی خۆیان دەبینن و ئومێدی ئەوە هەیە نمایشەکە ســەرکەوتو بێــت. دوێــنیٚ "ستانسلاڤسکی" زیاد لە دوو سەعات قسەی لەگەڵدا کردم، منی وەك ئەکتــەرێك هەڵسەنگاند و وتی لە ماوەی ئەم سیٚ ساڵەدا رۆڵم زۆر دیوەو هیچ کاتێك لە شــەوی یەکەمی نمایشدا خۆم باش ئامادە نەکردوە. تەنیا لــە دوای نمایــشی پانزەهەمەوەیــە کە.. و شتی تریش.

قسەکردن لەگەڵێدا زەحمەتە (...) نمیروڤیچم نەبینی. بــەڵام بەیــەك دوو قــسەی تێك چووم کە بە "سانین"ی وت ئەوانەی دەوروبەرت وێرانیان کردوویت بۆیە دەتەوێت بڕۆیت بۆ ئەفەریقا ؟!!

هەواڵی سەرسوورمێن بوو. کۆترەکەم تووڕە مەبە کە زوربــەی نامــەکانم خــراپ دەنووسم. مەسەلەی "سیٚ خوشکەکە" خەریکە تەواو پێدەگات. پرۆڤەکانی، جــل و بەرگی، نمایشەکانی دوا نیوەڕوانی (...) بۆ رۆڵی پەردەی چوارەم دەبێت تەواوی کاتی خۆمی بۆ تەرخان بکەم.

قسەی بیٚ مانا مەکە کە من عاشقم و تۆم لەیادکردوە. ئەگەر نیــازێکی وایــشم هەبێت ئێستا کاتم نیە ئەی ئانتۆنیۆی (دانا) دەبەنگەکەی خۆم، (...) کــەی بڕیارتــە یەکدی ببینین و لە کویٚ؟ (...)

ئۆلگا

* * *

کنیپەر

١٣ ژانیوەری

مۆسکۆ ٢ نیوەشەو

دیسان شەوەو دیسانەوە درەنگە و وا من نامەت بۆ دەنووسم ئەی هەرە ئـازیزم. سوپاس گوزارم کە لە یادت نەکردووم و بەردەوام نامەم بۆ دەنێریت. نامەکانت ژیـانم بۆ خۆشتر دەکەن. باشە، با وردە وردە دەست پێ بکەم:

"ستانسلاڤسکی" داوای لێکردم لە بارەی پـەردەی چـوارەمەوە پرسـیارت لـێ بکەم. ئایا دەتوانین واز لە هەڵگرتنی تەرمی "توزنباخ"[١٠٦] بهێنین؟ چونکە ئەو کـارە بە تەواوی سەر شانۆکە سەرقاڵ دەکات و ئارایشتی هـەر "سـێ خوشـکەکە" تێـك دەدات. لەلایەکی ترەوە لەبەرئەوەی سەر شـانۆکەمان زۆر فـراوان نییـە، ئـەو کـارە دەبێتە هۆی لەرزینی دیکۆرەکە، ئێستا ئەو بەشـەمان پرۆڤـە نـەکردوە. توخـوا زوو وەڵامم بدەرەوە و دوای مەخە، دیارە کاتێك تەرمێك دەهێننـە ماڵـەوە خوشـکەکان ناتوانن هەر ئاوا ئاسایی دابنیشن، تۆ ئەڵێی چی؟

سبەینێ سەعات دوانزە یەك ژەمی پرۆڤەی سێ پەردەیە، واتا دەبێت من زوو لە خەو هەستم. ئەم "ترام ترام"[١٠٧]ەیـش کێـشەی بۆدروسـت کـردووین. "نمیروڤـیچ" باوەڕی وایە کە ئەم نیشانانە دەبێت وەك ئاوازی شەیپور و لەگەڵ ئامـاژە و جووڵـەدا بکرێت.. ئەگەر بە تەنیا هەر ئەو دوو وشەیە بڵێین بێ گیان دەردەچێت و کەس تێـی ناگات. لەم بارەیشەوە باری سەرنجی خۆتم بۆ بنووسە (...) هەر ئێـستا لـە شـانۆوە گەڕاوەمەتەوە، نەوەدو نۆهەمین نمایشی "فیۆدۆر"مان هەبوو. ئێـستا سـەعات دووی

---

[١٠٦] **tozenbakh**

[١٠٧] "تـرام تـرام" پەرلەیەکـە لـەنێوان "ماشـا" و "ڤیرشـینین"دا لـە شـانۆگەریەکەدا بەجێدەهێنرێت

بەیانییە. دەبێت "سێ خوشکەکە" لە هەوەڵەوە تا کۆتایی بخوێنمەوە، زۆر کەم پەردەی یەکەم و دووەمم پرۆڤە کردووە، ئەو ماوەیە هەمووی نەخۆشبووم "نمیروڤیچ" لە بارەی وەرزی تازەی شانۆوە قسە لەگەڵ ئەکتەرەکاندا دەکات "سانین"وتی بڕیارە چوارسەد رۆبلّم بۆ زیاد بکەن من تەماع کارنیم، بەڵام بە ویژدانەوە بەپێی ئەو کارەی من دەیکەم ئەو بڕە پارەیە زۆر نییە. بەتایبەتی کە من لەوانی دی زیاتر پارە بە جل و بەرگ دەدەم. بەهەرحاڵ هەوڵ ئەدەم بەڕێوەبەرایەتی بەوە قانع بکەم کە خۆیان جل و بەرگ بکڕن. پاشان دەبێت خۆم بەوە دڵخۆش بکەم کە بۆ وەرزی ئایندە رۆڵی تازەم نیە. باشە بابزانین چۆن دەبێت (...)

ئۆڵگاکەت

خاڵە ساشا "سێ خوشکەکە"ی خوێندەوە، وتی ئەم کارە لە کارە هەرە چاکەکانی تۆیە.

* * *

چیخۆڤ

١٤ی ژانیوەری

نیس

ئەکتەری ئازیز، نیگەرانم، یەکەم لەبەرئەوەی کە نووسیوتە نەخۆش بوویت، دووەم لە "روسکی ڤید"[١٠٨] ا خوێندمەوە کە نمایشی "خاڵ ڤانیا" وەستاوە، بۆ؟ بۆ خانمە ئازیزەکەم؟ نەخۆشیت؟کە نەخۆشیت بۆ ئاگاداری خۆت نابیت؟ بۆ بەملاو بەولادا هەڵپەتەو بەیانیان تاحەوت ناخەویت؟ دەبێت زۆر ئاگاداری تەندروستی خۆت بیت. بەردەوام نامەکانتم پێ دەگات. بۆ لە بارەی "سێ خوشکەکە"وە هیچ نانووسیت، نمایشنامەکە چۆن دەڕوات؟ هەر دەربارەی "سانین" و "مایرهولد" دەنووسیت و

---

[١٠٨] **Russkie ved**

کەمێك گومانم پەیدا کردووە کە کارەکەم بێ نرخ بێت. کە "مایرهولّد"یش هات بۆ ئێرە حەوسەڵەم نەما، هەستم دەکرد نمایشنامەکە بە تەواوی شکستی هێناوەو ئیدی هیچ بۆ شانۆی هونەری نانووسم.

بە کورتی حاڵم خراپ بوو، وا ئێستا هاتوومەتەوە سەرخۆم (...) هەرە ئازیزەکەم، لە ناو پاپۆڕەکەداو لە جەزائیرەوە هەموو ڕۆژێك نامەیەکت بۆ دەنووسم. بۆ ئەوەی هەمیشە لە یادتدا بم.

سکرتێری کۆنسولگەری هات بۆ لام بۆیە نەمتوانی نامەت بۆ بنووسم. ئەو کاتەی کە ئەو لێرە بوو نامەکەت بە دەستم گەیشت. هەموو نامەکانتم پێ دەگات، بەڵام ڕۆژە نا ڕۆژێك و هەندێك جار کەمتریش، نانووسیت، باشە، خودات لەگەڵ (...)

توتووەکەت، کۆنە پزیشك و شانۆ نووسی کاتی

* * *

کنیپەر

١٥ ژانیوەری

مۆسکۆ

لە دوانامەکەتدا زۆر لەوە دڵگرانیت کە بۆ نامەت بۆ نانووسم. وەلێ دەبێت دیسانەوە پێت بڵێم کە تەنانەت نێوان نامەکانم دوو ڕۆژیش ناخایەنێت. تەنانەت دەتوانم بڵێم ڕۆژێکیش نابات، نازانم نامەکانم چیان بەسەردێت، ڕەنگە بەدەستی بەرێزێکی تر بگەن. من ناونیشانی سەر زەرفەکە بە تەواوی دەنووسم. هێشتا ناتوانم لە بارەی شانۆگەریەکەوە هیچ بنووسم، چونکە هەر لە پرۆڤەی سەرمێزداین.

دوێنێ پەردەی دووەمان بە جلەوە پرۆڤە کرد، هەرچەندە هێشتا زۆری ماوە، بەڵام هەموان لێی ڕازی بوون. دەربارەی نمایشەکە هیچ ناوترێت. بینەران زۆر بە پەرۆشەوە

تەماشای دەکەن. بەڕاستیی مامۆستایەکی دەگمەنیت. زۆر لە "مایرهۆڵد" رازی نیین. "ئاندریڤا" و "ساڤینسکایا" باشن. هەروەها "لوژسکی و ڤیشنیڤسکی"یش. هێشتا "ستانسلاڤسکی" نەهاتۆتە کاستەکەمانەوە[١٠٩] دەربارەی دەوری "ماشا"م دوێنێ بە دورو درێژی لەگەڵ "نمیروڤیچ"دا قسەم کرد "ستانسلاڤسکی" دەڵێت من زۆر زیادەڕۆیی دەکەم لە رۆڵەکەمدا، جارێ رۆڵەکە تەواو سەقامگیرنەبوە. من لە نوختەیەکدا لەگەڵ "نمیروڤیچ"دا جیاوازیم هەیە ئەویش دان پێدانانی ماشایە لە پەردەی سێیەمدا. من دەمەوێت رۆڵەکەم لە پەردەی سێیەمدا بە توورەییەوە ببینم، ئەمە مانای دان پێدانانێکی کاریگەر و دراماتیك و نالەباری دۆخەکەیە کە تاریکیەکەی لە چێژی خۆشەویستیەکەی زیاترە "نمیروڤیچ" دەیەوێت عەشقەکە ئەمەندە بالا بێت لەگەڵ هەموو شتە ناخۆشەکاندا رێگا لە دان پێدانانەکە بگرێت، پەردەی دووەم پڕە لەو خۆشەویستیە. بۆ "نمیروڤیچ" پەردەی چوارەم لووتکەیەو بۆ من پەردەی سێیەم وایە، رای تۆ چۆنە؟ "نمیروڤیچ" پێشنیازی ئەوە دەکات کە: "ماشا" لە ژێر لێوەوەو هەڵبەتە بە روویەکەوە کە بە تەواوی هەستەکە دەربڕێت، بەردەوامی بە هەستی دەروونی "ڤورشنین"[١١٠] بدات. رێکخستنی سەرشانۆ بۆ ئەم کارە زۆر گرنگە من لەوە دڵنیا نیم کە "ستانسلاڤسکی" دەرەقەتی بێت. رەنگە ناچاربین بە گۆڕینی. ئەو جارێکی تر دەپرسێت، ماشا پرسیاری لێ دەکات (بێ ئەوەی لە ژێر لێوەوە بیلێت) وەلێ تەماشای ناکات و دەستەوستان رووبەرووی رادەمێنێت. بە کورتی دەمەوێت بڵێم کە دەبێت لەوە دڵنیابین ئایا بینەر لە مەسەلەکە تێدەگات یان نا، دەبێت گەلێك رێگا تاقی بکەینەوە. (...)

*   *   *

[١٠٩] ستانسلاڤسکی پێش دە رۆژ دەوری ڤیشنڤسکی وەرگرت.

[١١٠] Vorshnin

چیخۆڤ

١٧ ژانیوەری

نیس

خۆشەویستەکەم نیگەران مەبە، نامەکانت زۆر بەسەلامەتی دەگەنە ئێرە، بێگومانم یەکێکیشیان لەناونەچوە، سوپاست دەکەم تووتەڵەکەم، ئەگەر هەر بەو جۆرەی کە خۆت نوسیوتە نامەی کورت ئەگەر زۆریش نەبێت لە تۆوە بەدەستم بگات باکم نیە. تۆ کارت زۆرە و سەرت قاڵە، هەرچەندە وا دەزانم نمایشنامەکە بۆ ئەم وەرزە ناخرێتە سەر شانۆ، مەگەر لە پترۆزبورگ (...) من زۆر باشم. بە نیازین بچین بۆ جەزایر، بەڵام بڕواناکەم بەم زوانە رێك بکەوێت چونکە دەریا زۆر نائارامە. بۆ نموونە ئەمڕۆ زریانە، خەڵکێکی زۆر دێن بۆ لام و ناهێڵن کار بکەم و دەمارم ورد دەکەن، کە تووڕە دەبم ئیدی توانای نووسینم نامێنێت، دوای جەزایر دەمەوێت ڕاست بگەڕێمەوە بۆ یالتا (...)

خاوەن ڕێزو ئاوەزەکەت ئانتۆنی

* * *

کنیپەر

١٨ی ژانیوەری

مۆسکۆ — یەکی دوای نیوەشەو

دوا نامەی ١٥ی ژانیوەری

ئانتۆن، هەرە ئازیزەکەم، بۆ نامەی خەمگین و نائومێدانە دەنووسیت؟ بۆ دڵت ژەنگی لێنیشتووە؟ (...) کۆترەکەم خەم لە دڵت دەربکە، ئازیزم، خۆشت ناوێم؟ ئێمە بەم زوانە پێك دەگەین، دوێنێ تەلگورافی پیرۆزبایم بۆ ناردیت (بە بۆنەی لەدایك بوونتەوە) لە بەڕێوەبەریەتی پۆستە بپرسە، وەلێ دوای نیوەڕۆ وەلامێکم پێگەیشت کە: چیخۆڤ نەناسراوە و ئادرەسەکە تەواو نیە. دەزانیت چۆن بووە؟ لە بیرم چوو بوو ناوی ئوتێلەکە بنووسم، نەفرەتم لە خۆم کرد، بەڕاست لەو باوەڕەدای

که ئەکتەر ١٧ی ژانیوەری لەبیرچوبێتەوە؟ تۆ خۆت لەبیرت بوو؟ لە بارەی نمایشنامەکەوە پرسیوتە؟ بیرکردنەوەیەکی گەوجانەیە ئەگەر وابزانیت سەرناگرێت. کارێکی زۆر نایابە و هێشتا تەواومان نەکردوە و هەموو شتەکان باش دەڕۆن، تەنیا "مایرهولد"ە کە لە نمایش کردنەکەدا زۆر باش نییە و "سانین"یش هێشتا نەکەوتۆتە سەر تۆنی خۆی. ئەمڕۆ لەسەر پەردەی دووەم کاری باشمان کرد، لەوە زیاتر لەو بارەیەوە نانووسم چونکە هێشتا لە هەمووی دڵنیا نیم. تۆ ناتەوێت لەسەر ئەو شتانەی کاریان تیا دەکەیت زۆر بدوێیت، منیش نامەوێت زۆری لەسەر بڕۆم، ئازیزەکەم لە من پەست و نیگەران مەبە.

عەسری ئەمڕۆ "نمیروڤیچ" و من لە رۆڵی "ماشا"دا کاری چاکمان کرد. ئیتر بۆ من هەموو شتەکان باش بەڕێوە دەچن. ئەو رۆڵەم زۆر زۆر خۆش دەوێت و رۆڵەکە زۆر گونجاوە، وانیە؟

من دیمەنی دان پێدانانەکە بە دەنگی بەرز نمایش ناکەم، بەڵام ئەگەر بتوانم هەستێکی بەهێزی دەروونی و خۆشی تیا دروست دەکەم. لەو دیمەنەدا تاڕادەیەك بێجگە لە چاو هیچ جوولەیەکی تری تیا نیە.. ئاخ من دەمەوێت وەك ئەکتەرێك زۆر بڵێم و تۆ تێم ناگەیت. لە پەردەی دووەمدا "نمیروڤیچ" جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە "ڤرشنین" و "ماشا" تەنیا نەبن و ئەو هەستە بگەیەنن کە یەکتریان دۆزیوەتەوەو هەست بە چێژی خۆشەویستی دەکەن (...)

(ستانیسلێ بڕیاردەدات کە دەبێت (ئارینا و رودێ) لەسەر ئەو ڤالسە، کە توسنباخ دەیژەنێت سەما بکەن، لە هەمان کاتدا ماشا تووڕە دەبێت لە رستەی "بارۆن سەرخۆشە". فیدوتك دەیگرێت و بەڵام ئەو پاڵی پێوەدەنێت، بەتەنیا لەو ناوەدا دەخولێتەوە، لەدیمەنی سێیەمدا ناڕەحەتم لەوەی ستانیسلێ وا لە ماشا دەکات کە ئاگاداری ئارینا بێت. ئارینا لەو کاتەدا بەشێوەیەکی هیستیری دەگری، بە هاتنی (ئەندرێ) وا لە خوشکەکان دەکات کە بیبەنە ئەودیوی پەردەوە چونکە نایەوێت

ئەندریٚ ببینێت، بەڵام وا دەزانم ئەم دیمەنە دەگۆڕین، چونکە خوشکەکان بەلارە لارە دەڕۆنە خوارەوەی شانۆکە)* .

دیکۆرەکە جوانە، شەقامێکی باریکی بێوێنە کە لە هەردوو بەریەوە درەختی سەروو هەیە. خانوویەکی تێدایە بە هەیوانێکی فراوانەوە کە ئەفسەرەکان پیایدا تێدەپەڕن و "ماشا"و "ڤرشنین" لەوێدا لە یەکتری جیادەبنەوە، لە دوادیالۆگمدا ئەگەر بە پێویستم زانی کەمێکی لێ لابدەم هیچ خەوشی هەیە؟ هیچ فەرق دەکات؟ من شێوازی "ماشا"م لە دوا پەردەدا پێ خۆشە. ڕۆڵێکی زۆر نایابە، ئەگەر خراپی بکەم ئیدی تەواو لە خۆم نائومێد دەبم (...)

ئازیزەکەم، من خراپ نیم، ئەگەر خۆم ماندوو نەکەم و باش بخەوم، واتا شەش حەوت سەعاتێك بتوانم بخەوم چاك دەبم، دەتوانم بێ خواردن بژیم بەڵام بێ خەو نا. ئایا هەندێك جار خەوم پێوە دەبینیت، (...) لە ئەفەریقا هەموو ڕۆژێك نامەم بۆ بنووسە، بێ دواکەوتن، تەنانەت ئەگەر کارت یان چەند دێرێکیش بێت. ئەگەر ئەم کارە نەکەیت نیگەران دەبم.

ئۆڵگاکەت

* * *

کنیپەر

١٩ ژانیوەری

مۆسکۆ — تەلگراف

**Telegraphie sante inguiete**[111]

**olga**

---

*پەرەگرافی نێو دوو کەوانەکە لە دەقە فارسیەکەدا نییە.

[111] تەلگوراف بکە نیگەرانی تەندروستیتم. ئۆڵگا.

*         *    *

کنیپەر

١٩ ژانیوەری

مۆسکۆ- ٢ بەیانی

تەنیا چەند دێڕێکت بۆ دەنووسم ئازیزەکەم، هەموو ڕۆژێك ئەم کـارە دەکـەم بـۆ ئەوەی بۆڵە بۆڵم بەسەردا نەکەیت. بۆ ماشات نووسیوە کە تەندروستیت بـاش نیـە، دەبێت بەدرێژیی بۆم بنووسیت مەسەلەکە چییە. من بووکە شووشە نیم، ئـەم جـۆرە هەڵوێـستە زۆر تـووڕەم دەکـات. ئـەمڕۆ لەوپـەڕی بێتاقەتیـدا تـەلگورافێکم بـۆ ناردیت(...) ئێستا زۆر شەکەتم، بە تەواوی ئیسراحەتم لێبڕاوە، هەموو کاتی بێکاریم لە شانۆ دوورم و لەگەڵ خێزانەکەمدام، دایکیشم بە درێژایی ڕۆژ هـەر کـار دەکـات، بەردەوام دەوروبەرم ئاپوورەیەو من لەوە زۆر قەڵسم. هەر لە دوای شانۆگەری "مرۆڤە تەنیاکان"ەوە لەگەڵ کوسیتای برامدا بەشەڕهاتم، ئاسایی من هێـورم، تـەنیا حـەزم لەوەیـە بڕۆمـە نـاو جێگـاو بـێ جووڵـە ڕابکـشێم. هـیچ ناخوێنمـەوە، تەنانـەت ڕۆژنامەیش. خەجاڵەتیە! بۆ کات ئەمەندە کەمە؟ پەردەی دوەممـان ڕێـك خـستووە، سـبەینێ نـۆرەی پـەردەی سـێیەمە، ڕۆژی بیـست و شـەش سـەدهەمین نـۆرەی نمایشکردنی "فیودۆر"ە. ئازیزترین ئازیزم، ژیان چەند خێرا دەگوزەرێت، با زستان زوو تەواو بێت، زۆر دەمەوێت لەگەڵ تۆدا بحەسێمەوە! نازانم ئەگەر ئومێدی دیـداری تـۆ نەبوایە ژیانم چۆن بەسەردەبرد. شەوێکی ئارام و خەونێکی ئارامتر ئازیزەکەم.

*         *    *

چیخۆڤ

٢٠ ژانیوەری

نیس — تەلگراف

Sante Meveilleuse[١١٢]

Antonine

* * *

چیخۆڤ

٢٠ی ژانیوەری

نیس

ئەکتەری چکۆڵەو ئازیزی خۆم، چەوسێنەری دڵم، بۆ تەلگورافت بۆ ناردووم؟ لە باتی ئەو پرسیارە گەوجانەیە وا چاکتر بوو شتێکم لە بارەی خۆتەوە بۆ بنووسیت. "سێ خوشکەکە" چی بەسەرهات؟ لە نامەکانتا وا دەردەکەوێت کە هەمووتان هەر لە فشەتان داوە، دەنگە دەنگ لە پەردەی سێیەمدا؟ بۆ دەنگە دەنگ؟ دەنگەکان هەموویان دورو لە دەرەوەی شانۆکەو لەسەرخۆن، بەڵام لەسەر شانۆکە هەموویان خەواڵوون و وەنەوز دەدەن، ئەگەر پەردەی سێیەم خراپ بکەن هەموو نمایشنامەکە خراپ دەبێت و لەم سەرەتای کاری نمایشنامە نووسینەمدا ناوم دەزڕێنن و لە شانۆم وەدەردەنێن. "ستانسلاڤسکی" لە نامەکەیدا زۆر بە چاکە باسی تۆو "ڤیشنیڤسکی" دەکات. ڕاستە من ناتوانم بتبینم وەلێ منیش دەست خۆشیت لێدەکەم. "ڤیرشینین" "ترام — ترام — ترام"ە کە بە پرسیار تێدەگات و تۆ بە وەڵام، لای تۆوە ئەم "ترام — ترام"ە ئەوەندە بە گاڵتەیەکی سەرنج ڕاکێشەوە دەردەکەوێت کە لەگەڵیا پێدەکەنیت، ئەو دەڵێت "ترام — ترام" و پێدەکەنێت. بەڵام نەك بە

[١١٢] تەندروستیم زۆرباشە. ئانتوان.

دەنگی بەرز، تەنیا تۆزێك. ئێمە کەسایەتیەك دەخوازین گەنج و چالاکتر لەوەی کە لە "خاڵ ڤانیا"دا هەبوو. لەبیرت نەچێت دەبێت تۆ زوو خۆشحاڵ بیت و بە ئاسانیش تووڕە بیت. من ئومێدم بە تۆیە، ئازیزەکەم تۆ ئەکتەرێکی چاکیت.

من پێشتریش وتبووم کە بردنی لاشەی "توزنباخ" لەگەڵ بارودۆخی شانۆکەتاندا ناگونجێت، بەڵام "ستانسلاڤسکی" جەختی دەکرد کە هەڵگرتنی لاشەکە پێویستە. بۆم نووسی ئەو کارە پێویست ناکات، نازانم نامەکەمی پێگەیشتووە یان نا. ئەگەر نمایشنامەکە سەرنەکەوێت دەڕۆم بۆ مۆنت کارلۆو ئەمەندە دەخۆمەوە و قومار دەکەم تا گەوج دەبم.

زۆر حەز دەکەم لە "نیس" بڕۆمە دەرەوە، بەڵام بۆ کوێ بچم؟ ئێستا ناتوانم بڕۆم بۆ ئەفریقا چونکە دەریا زۆر نائارامە، نایشمەوێت بچم بۆ "یالتا" دەبێت لە مانگی فێبروەریدا لە "یالتا"بم و لە سەرەتای ئەپریلدا بڕۆم بۆ مۆسکۆ. پاشان دەتوانین لە مۆسکۆوە بڕۆین بۆ شوێنێك.

من ئاگام لە هیچ نییە. ئاگاداری تەندروستیت بە، دڵدارەکەم، ئەکتەرە نائومێدەکەم، من لە بیرنەکەیت، کەمێك خۆشت بوێم، تەنانەت ئەگەر بە ئەندازەی پولێکیش بێت.

ماچت دەکەم، لە ئامێزت دەگرم، حەزدەکەم شادمان بیت.

سڵاو.

خاوەن رێزو ئاوەزەکەت ئانتۆنی

* * *

کنیپەر

٢٢ی ژانیوەری

مۆسکۆ

ئانتۆنی ئازیز و خۆشەویستم! دیسان خەڵکی دێنە سەرت و نارەحەتت دەکەن. بۆ ناچیتە ئوتێلێکی تر؟ ئێستا کە ئەم نامەیە دەنووسم ئەوانەی دەوروبەرم قسە دەکەن و هەموویان پرسیارم لێدەکەن. لەگەڵ "ماشا"دا لە ئاپارتمانە تازە و ئاسوودەکەیدا کە تارادەیەك لە دەرەوەی شارە و کە زۆر تەریك و ئارامە شەوم گوزەراند. دوێنێ نمایشێکی باشی "مەلی دەریا"مان کرد (...) شەو بە تەواوی بڕیار لەسەر ئەوە درا کە "سێ خوشکەکە" لە ٣٠ ژانیوەریدا دەست پێبکات، (ستانسلاڤسکی)یش هاتە ناو دەستەی کارەکەوە. "نیمروڤیچ" دەڵێت دەبێت "کاچالوڤ"[١١٣] ڕۆڵی "توزنباخ" ببینێت. تۆ دەڵێی چی؟ بۆ هیچت لە بارەی تەرمی "توزنباخ"ەوە نەوتوە؟ (...)

دەبێت بە پەلە بڕۆم بۆ پرۆڤە، ماچت دەکەم و لە ئامێزت دەگرم. بیر لە بەهار و جوانی ژیان بکەرەوە، تۆ هەردووکیانت خۆش دەوێت، وانیە شاعیرەکەی خۆم؟

تووتەڵەکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٢٣ی ژانیوەری

مۆسکۆ — نیوەی شەو

ڕۆژێکی تر تێپەڕی و نامەیەکت نەگەیشت هەرە ئازیزەکەم! ژیان بێ نامەکانت چەندە بێزراوە. کە لە پرۆڤە دەگەڕێمەوە بەسەر ئەم مێز و ئەو مێز و گۆشە و کەناری ژوورەکەدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی بزانم شتێکم لە "نیس"ەوە پێنەگەیشتوە. گێژ و وڕ بە دەوری خۆمدا دەسووڕێمەوەو هەندێك جار تووڕە دەبم، ناتوانم بۆ چرکە ساتێك تەنیابم

---

[١١٣] kachalov

و ئەمەیش هەرگیز بۆم چاك نیە، رۆژ بە رۆژیش تادێت خراپتر دەبم، براکەم و ژنەکەی لە بیست و حەوتەمدا دەڕۆن بۆ پترۆزبورگ، من لە پێش "سێ خوشکەکە"دا دەتوانم پشوویەك بدەم. رۆژی بیست و حەوتەم دوا پرۆڤەی پەردەی چوارەم لەگەڵ "ستانسلاڤسکی"دا دەکەین. "ماشا". ئەو ژنە نازەنینە، نامەت بۆ دەنووسێت. من دەترسم پێش وەخت لە بارەیەوە هیچ بڵێم.

ئیتر قسەکردن لە بارەی شانۆوە بەسە، تەلگورافی ١٧ی ژانیوەریمت پێگەیشت یان نا؟ زۆر خۆشحاڵم بەوەی تەندروستیت باشتر بووە، بۆچی بۆم نانووسیت حاڵت چۆنە؟ ئەمە من خەمبار دەکات. وا هەست دەکەم تۆ بەرانبەر بە من ساردیت، دەبێت وێنەیەکی خۆتم بۆ بنێریت (...) هێشتا نازانم هاوین لە کوێ بەسەر بەرم، لە کوێ پێکەوەبین، لە کوێ دوور لە بێزارکردنی خەڵکیی خۆشەویستی خۆمان بکەین، دەمەوێت لەگەڵما هەست بە بەختەوەری بکەیت، حەز دەکەم سەربەخۆ بژین و کەس دەست نەخاتە نێوانمان، من دەزانم تۆ چ جۆرە ژیانێکت پێ خۆشە شاعیرەکەم، تۆ چێژ لە هەموو شتێکی جوان و قەشەنگ وەردەگریت (...)

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢٤ی ژانیوەری

نیس

دڵدارەکەم، ژنی دانسقە، لەبەرئەوەی دەریا ئارام نیە نارۆم بۆ جەزائیر، هاوڕێکانیشم هەرناچن، ئیدی بیری ئەو سەفەرەم لەسەرم دەرکردووەو بە تەمام بچم بۆ "یالتا" خۆشبەختانە بیستوومە ئاوو هەوای ئەوێ خۆشە و دایکیشم تەنیایە، وێنەکەی خۆمت بۆ دەنێرم (...)

بیستم لە پەردەی سێیەمدا تۆ دەستی "ئایرینا" دەگریت و لەگەڵ خۆتا دەیبەیت، بۆ؟ لەبەرئەوەیە کە لەگەڵ باری دەروونی خۆتدا دەگونجێت؟ نابێت تۆ

لەسەر کورسیەکە بجولێیت، ئەی "ئایرینا" بەرەو لای تۆ نایەت؟ ئەگەر ڕاستت دەوێت کۆلۆنیل (پتروف) نامەیەکی دوورو درێژی بۆ نوسیوم، لە نامەکەدا گلەیی لە "فدوتیك" "رودو"، "سولیونی" دەکات، لەبارەی "ڤرشنین" و بێ ڕەوشتیەکانیەوە نارازیە. دەڵێت ئەو لەگەڵ ژنی یەکێکی تردا پەیوەندی هەیە (...)

خۆشبەختانە ستایشی سێ خوشکەکە و "ناتاشا"ی کرد. زۆریش بە شان و باڵی "توزنباخ" یا هەڵدا.

باوت ئانتۆنی

* * *

کنیپەر

٢٦ ژانیوەری

"مۆسکۆ"

**Bonjour, mon tres cher Antonio! Comment ca va? La sante et lhumeur vont bien, sans doute?***

هەموو نامەکانتم بەدەست دەگات، بۆیە ماچێکی گەورە پێشکەش بە ئاکادیمیەکەی خۆم دەکەم، بەڕاستیی نازانم چ هەستێکم هەیە، تەواو لەوە دەچێت یەکێك دەست و قاچم بەدەزوویەك رابکێشێت و منیش بێ بیرکردنەوە گوێڕایەڵی بم، تەنها لە کاتی نووستندا تەنیام و ئەمەیش مانای وایە من خۆم نیم، بێ ئاگایانە لە تەمەڵیدا دەژیم، ئەمەیش ترسناکە!

سبەی دوا پرۆڤەی "سێ خوشکەکە"یە، لە پەردەی چوارەمدا گەلێك هەستم دەوروژێت، دەڵێن نواندنەکەم زۆر سروشتیە. لە پەردەی سێیەمدا لەگەڵ خوشکەکانمدا قسە دەکەم، باشترە بڵێم دان بە شتەکاندا دەنێم، پچڕ پچڕ و لەسەرخۆ، زۆر ئەستەمە

*سلاّو ئانتۆنیوی زۆر ئازیزم، خوا بیکات تەندروستیت باش بێت، بە دەماخیت؟

دانپییانان بە دەنگی بەرز نەبێت. تەنیا لەیەك شوێندا دەتوانم هاوار بکەم: "ئۆهـ ئولیـا تۆ چەند سادەیت! من عاشقم، ئەمە چارەنووسی منە.." و هتد..

پاشان دیسانەوە ئارام دەبمەوە و گرژدەبم، ئـەو تـەواو بـێ جوولـە دادەنیـشێت، دەستی لەسەر ئەژنۆی هـەڵپێکاوە تـا لـە دەرەوەی شـانۆوە دەنگـی "تـرام تـرام" دەبیستێت، ئینجا سەر بەرز دەکاتەوە، ڕووی دەکرێتەوە، بە تووڕەییەوە هەڵدەستێت، خوشکەکانی بەجێدێڵێت، وا دەزانم ئەو بەدەم "ترام ترام" وتنەوە (لە دەستنووسەکەی تۆدا ژنەکە بە دەنگی بەرز دەیڵێت و پیاوەکە وەڵامی دەداتەوە) دەیەوێت بڵێـت ئـەو خۆشی دەوێت، واتا بە ئەرێ وەڵامی دەداتەوە گوایـا پیاوەکـە ماوەیەکـە چـاوەڕێی دانپێدانانەکەیە. من لەسەر مێزێك دادەنیـشم، لـە نزیـك ڕووناکیـەکانی پێـشەوە، وروژاوم، بە قەڵەمێك خەت خەتێن دەکەم، کاتێك کە ئـەو گـۆرانی دەڵێـت ژنەکـە سەیری دەکات و بزەی دێتێ، ئینجا ڕوو وەردەگێڕێ، سەری دادەنەوێنێت و دەپرسێت (ترام ترام) پاش کاردانەوەکەی ژنەکە بە پەرۆشـترەوە دەڵێـت (تـرا، لا)و پاشـان بـە جەخت لەسەر کردنەوە دەڵێت: (ترام ترام) ئەگەر هـەموو ئەمانـە بـە زەردەخەنـەوە بوترێن بازاڕیی نیە، چونکە ئەمە ژوانێکە. لەبەرئەوەی هەتا ئەو شەوە پەیوەندییەکان پاکبووە، وایە؟

وا دەزانم ئێستا هەموو شتەکان بە چاکی بـەرەو پـێش دەچـن، دەڵـێن پـەردەی چوارەم کە بە لێکدابڕانی "ماشا" و "ڤرشـنین" دەسـت پێـدەکات هەسـتێکی زۆر بەهێز دەوروژێنێت. لە بارەی دوا پرۆڤەوە، دوو سبەی بۆت دەنووسم. ئەمڕۆ سەدەمین نمایشی "فیۆدۆر" بوو. (...).

* * *

چیخۆڤ

٢٦ ژانیوەری

"نیس"

خۆشەویستەکەم، زۆر لەوە دەچێت بچم بۆ جەزائیر، نامەکانت هەر بە ئادرەسی "نیس" بنووسە، یان دەتوانیت یەك دوو نامە بۆ پۆستی ریستانتی جەزائیر بنووسیت، لە جەزائیرەوە دەڕۆم بۆ "یالتا" و پاشان لەگەڵ تووتکەکەمدا دەچم بۆ شوێنێك (...)

سێ خوشکەکە چۆن بوو؟ بۆ پۆستی ریستانتی جەزائیر بۆم بنووسە، پشتگوێی مەخە، ئەم چەند رۆژەی دوایی ئێرە ساردبوو، تەواو وەك "یالتا". پێم خۆشە کە بەجێی دێڵم، ئەگەر ئەمشەو دەریا نائارام بوو ئازیزەکەم بە قسەی هاوڕێکانم دەکەم و دەڕۆم بۆ ئیتالیا، نەك بۆ جەزائیر بۆ ناپۆلی، وەلێ پێش ئەوەی شەودابێت نامەکەمت بۆ دەنووسم، شەو دەچم بۆ مارسی.. ئاه..!

بەڵام ورەم چاکە، حەزم لە سەفەرە، ئەم رۆژانەی دوایی بیرم لەوە کردۆتەوە کە هاوین بڕۆم بۆ "سپیتز بێرگن"[١١٤] یان بۆ "سلۆڤکا"[١١٥]

* * *

چیخۆڤ

٢٨ی ژانیوەری

نیس — یەکشەممە

ئەم نامەیەت لە نیسەوە بۆ دەنووسم، دڵدارەکەم، لێرەوە دەچم بۆ فلۆرانسە و پاشان بۆ رۆما و ناپۆلی. لەوێ نامەکانی "نیس"تم پێ دەگات. ناونیشانم بۆ نامە و

---

[١١٤] spitzbergen

[١١٥] solovka

تەلگوراف بەم جۆرەیە: پۆستی ریستانتی ناپۆلی. شانۆگەریەکەم کراوە یان نا؟ ئاگـام لە هیچ نییە (...)

تا "چلەی رۆژوو" لە ماڵەکەی خۆمدا دەبم لە "یالتا" رەنگە لـە ئیتالیـاوە بـە کەشتی و بە ریگای "کۆرفو"[١١٦]دا برۆم.

ئانتۆنیۆکەت

***

چیخۆڤ

٢٨ی ژانیوەری

نیس، یەکشەممە

هەرە ئازیزەکەم، دانپیدانانەکەی "ماشا" لە پەردەی سییەمدا زیاتر گفتوگۆیەکی راستەوخۆیە، هەرگیز نائومیدانە مـەیلێ، بـەڵام دەنگیـشت زۆر بـەرز مەکـەرەوەو جارجارە زەردەخەنەیەکی لەگەڵدا بکە. بێ لەمانە رۆڵەکەت وا ببینـە هەسـت بـەوە بکریت شەوەو ماندوویت، وایش هەسـت بکریـت کـە تـۆ لـە خوشـکەکانی تـرت زیرەکتریت یان بەلایەنی کەمەوە خۆت وا بزانیت. لە بارەی "ترام ترام"ەکـەوە خـۆت چۆنت پێ باشە وای بکە، تۆ لە باتی منیت.

هەڵبەتە ئەمە زۆر بە ئارەزووەوە نانووسم. بەڵام پێ دەچیت "سـێ خوشـکەکە" شەکەتیان کردبم یان لە راستیدا لە نووسین و کەوتنە ساڵەوە مانـدوو بـووبم، نـازانم، رەنگە بۆ ماوەی پێنج ساڵ واز لە نووسین بهینم و بکەومـە سـەفەر کـردن و پاشـان دەست بە نووسین بکەمەوە.

باشە ئەی بریار نیە "سێ خوشکەکە" لەم وەرزەدا لە مۆسـکۆ نمـایش بکریـت؟ دەتەویت کردنەوەکەی لە "پتروزبورگ" بیـت؟ بـەڵام لـەبیرت نەچیـت لـە "پـتروز

---

[١١٦] corfu

بورگدا" چ ئومێدێکی سەرکەوتنی نیە (...) لەویٚ زۆر ئاپوورە و جەنجاڵ دەبێت بەڵام هیچ سەرکەوتوو نابێت، بە داخەوەم (...)

"توتو"ی ئاکادیمی

❊ ❊ ❊

کنیپەر

۲۹ی ژانیوەری

مۆسکۆ

زۆر زۆر سوپاس گوزارم بۆ وێنەکە، وەك هەموو وێنەکانی ئاماتوریو بیٚ ڕەونەقەو شەکەت دێتە بەرچاو (...)

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

۲۹ی ژانیوەری

فلورانسە، دووشەممە

هەرە ئازیزەکەم، لە فلورانسەوە بۆت دەنووسم و لەوانەیە دوو ڕۆژ لێرە بمێنمەوە، تەنیا ئەتوانم بڵێم ئێرە زۆر خۆشە، ئەوەی ئیتالیای نەدیبێت نەژیاوە، ژوورەکەم هێند ساردە ئەگەر پاڵتۆیەکی فەروم پێبوایە لەناو ژوورەکەدا لەبەرم دەکرد.

"سیٚ خوشکەکە"نمایشکرا؟ ورەت باشە؟ هەموو ئەم قسانە بیٚ مانان (...)

ئانتۆنیوکەت

❊ ❊ ❊

"سیٚ خوشکەکە" ڕۆژی ۳۱ ژانیوەری ۱۹۰۱ چوە سەر شانۆ، دوای نمایشکردنەکە بەردەوام کنیپەر تەلگورافی بۆ چیخۆڤ دەنارد

❊ ❊ ❊

کنیپەر

۳۱ی ژانیوەری

مۆسکۆ — تەلگوراف

Grand success embrasse mon bien aime[117]

ئۆلگا

* * *

بەداخەوە تەلگورافەکە لە جەزائیرەوە بۆ "یالتا" نێررابوو، چیخۆڤ دوای گەڕانەوەی بۆ ماڵەکەی بینی و وەك ئەنجام ماوەیەك لە سەرکەوتنی نمایشنامەکە بێ ئاگا بوو.

* * *

چیخۆڤ

۲ی فێبروەری

ڕۆما

نازەنینترین کچ، لە ڕۆمام، دوای هەفتەیەکی ڕێك ئەمڕۆ نامەکەتم پێگەیشت، وا ئەزانم خەتای شکست هێنانی نمایشنامەکەی من بێت، تەنانەت وشەیەکیشت لە بارەیەوە نەنووسیوە، گومان لەوەدا نیە کە سەرنەکەوتوە.

ئەم ئیتالیایە سەرزەمینێکی زۆر خۆشە، ولاتێکی بێ وێنەیە، لەم ولاتەدا تەنانەت ئینجێك نادۆزیتەوە زاخاوی مێشکت نەداتەوە، من ئێستا لە ڕۆمام و لێرەوە بۆ ناپۆلی دەچم و پێنج ڕۆژ لەوێ دەمێنمەوە (واتا ئەگەر نامە بنووسیت دەتوانم لەوێ وەریان بگرم) پاشان دەچم بۆ "بریندیسی"[118] و لەوێوە بەدەریادا بە

---

[117] سەرکەوتنی زۆر، دلّدارەکەم لە ئامێزت دەگرم.

[118] Brindisi

ڕێگای "کورفیو"دا دەڕۆم بۆ یالْتا. بڕوانە چ گەڕیدەیەکم. جێگا گۆڕین و شتی تازە بینین زۆر لەوە باشترە لە ماڵەوە دابنیشیت و بنووسیت. تەنانەت ئەگەر بۆ شانۆ نووسینیش بێت. ئێمە، واتا تۆ و من دەچین بۆ سوید و نەرویژ. باشە؟ بۆ یادەوەریەك بۆ کاتی پیربوونمان.

من لە لووتکەی تەندروستیدام، لە لووتکەدا، ئازیزم، نیگەرانی من مەبەو ئاگات لە خۆت بێت (...) ئەم ڕۆژانە بە جۆرێکی ترسناك زۆر نان دەخۆم. نامەیەکم لە "نمیروڤیچ"ەوە پێگەیشتووە زۆر بە چاکی باست دەکات.

ئانتۆنیۆی خاوەن ڕێز و ئاوەزەکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٤ی فێبروەری

ڕۆما

خۆشەویسترین خۆشەویست، هێشتا لە ڕۆمام، لێرەوە دەچم بۆ "ناپۆلی" و لەوێوە بۆ "کورفیو" ئەگەر ببیستم کە هێشتا لە کوستەنتینیە تاعوون هەیە لە ڕێگای ڤیەناوە دەڕۆم بۆ ڕوسیا (...) دوێنێ لە ناپۆلیەوە تەلگورافی "نیمروڤیچ"یان بۆ ناردم کە باس لە نمایشکردنی "سێ خوشکەکە" دەکات. دەڵێت ڕۆڵی ژن چاکترین ڕۆڵ بوو، ئێستا چاوەڕێی نامەی تۆم، سبەینێ بەرەو ناپۆلی دەچم و ڕەنگە چوار یان پێنج ڕۆژ لەوێ بمێنمەوە. نامەکانی تۆیان لە نیسەوە بۆ ئێرە ناردووە، بێ ئەوەی دانەیەکی لێ ون بێت، کەواتە هەر لە فێبروەریدا دەگەڕێمەوە بۆ یالْتا، لەوێوە نامەی زۆرت بۆ دەنووسم تا یەکدی دەبینین و پێکەوە دەڕۆین بۆ شوێنێك، باشە؟ ماچێکی گەورە، تەندروست بیت و وڕەت دانەبەزێت.

ئانتەکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٥ی فێبروەری

مۆسکۆ

ئانتۆنی ئازیزم، چەندم پێخۆشە لەگەڵتدا بدوێم. زۆر شت هەیە دەبێت پێت بڵێم! (...) لە مۆسکۆ تەنیا باس باسی "سێ خوشکەکە"یە، سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ چیخۆڤ و شانۆکەمان. تووتەڵەکەت بە تەواوی ناوی دەرکردوە. "نوڤوڤێرمیا"[119] نووسیویەتی کە خاتوو کنیپەر و جەنابی "گرۆمۆف" بە درێژایی نمایشەکە — جووتێکی بەرجەستەبوون. ئەمە گەورەیی نیە؟ (...) نامەیەکم لە براکەمەوە پێگەیشتووە دەربارەی ژوورەکان لە پترۆزبورگ. ژوورێکی باش بە نزیکەی ٨٠ رۆبڵە لە مانگێکدا کە ئەگەر دوو کەس بیگرن نرخەکەی کەم دەکەوێت و ئاسانترە. هەموو لە بارەی گرانیە ئەفسانەییەکەی ژیانی ئەوێوە قسە دەکەن، ترسناکە. (...) هەموو شەوانی هەفتەی پێشوو نمایشم هەبوو بێجگە لە هەشتەم شەو کە "مردوەکانیان" لەگەڵ "مانت"[120] دا نمایش کرد. ئایا تۆ لە نامە نەناردنم بێتاقەتیت؟ من زۆر خۆشحاڵم، وەلێ ئازیزم نامەکانم هەموو ترسناکن و من خەجاڵەتم. تۆ لە من تووڕەنیت؟ هێشتا هەر خۆشت دەوێم؟ نەگۆڕاویت؟

ئانتۆن هێشتا هەر هەمان کەپوو، ددان، قژ، چاوو ڕیشت هەن؟ گەلێك بەوە دڵم ناخۆشە کە ناتوانیت نواندنی "ماشا"کەم ببینیت، ئەگەر تۆ لێرە بویتایە زۆر بە خۆشی و دڵ و داوەوە ڕۆڵم بۆ دەبینیت.

---

[119] **Novovermya**

[120] راکاترینا میخایلوڤنا مانت ئەندامی تیپی هونەری شانۆ، خوشکی یەکەم ژنی مایرهۆڵدە.

کەواتە شەوێکی ئارامت بەسەر بردووە ئازیزەکەم؟ باری دەروونیت چۆنە؟ ڕاستە فلورانسا جوانیەکی رووتە؟ توانیوتە "پلازو پیتی"[١٢١] و کاتدرائیەکە بەو دیمەنە جوانەوە ببینیت؟

بۆ من لەوێ لەگەڵتا نیم؟ ئەگەر لەگەڵتا بوومایە پێکەوە پیاسەمان دەکرد و زۆر چێژمان لەو ساتانە دەبرد (...)

ئەکتەرە چکۆڵەکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٧ فێبروەری

"ڕۆما"

ئازیزەکەم، دوو سەعاتی تر لە ڕێگای باکوورەوە دەچم بۆ روسیا، دنیا زۆر ساردەو بەفر دەبارێت و من هەرگیز حەز بەوە ناکەم بۆ ناپۆلی بڕۆم. کەواتە بە ناونیشانی یاڵتاوە بۆم بنووسە، هیچ نامەیەکم لە تۆوە دەربارەی "سێ خوشکەکە" پێنەگەیشتووە، هەرچەندە بە تەلگورافێك پێیان وتم کە لەسەردەمی نوێ "نوڤوڤیرمیا" تۆی بە چاکترین ئەکتەر ناودێر کردووە.

لێت دەپاڕێمەوە گشت وردەکارییەکانم بە ئادرەسی یاڵتا بۆ بنووسیت (...)

ئانتۆنیۆکەت

❊ ❊ ❊

---

[١٢١] **palatzoo pitti**

کنیپەر

٨ فێبروەری

مۆسکۆ

تەنیا دەمەوێت ئەوەت بۆ بنووسم کە من ئەمڕۆ چەندە لە بیری تۆدا بووم و ئەمەیش ئاسوودەیی بە دڵم بەخشی. ئازیزم، چەند لە من دووریت! من ناتوانم تا کۆتایی زستان و کۆتایی وەرز کە ئیتر هەموو رۆژ و سەعاتێك لەگەڵتا دەبم ئارام بگرم. خۆزگا دەتزانی چەندە پەرۆشی ئەو رۆژانەم، لە کوێ یەکدی دەبینین؟

ئەگەر شانۆگەریەکە بەبێ من نمایش بکرێت رەنگە لە مانگی مەیدا ئیتر ئازاد بم، گەلێك ماندووم، لە پێکەوتووم، وا هەست دەکەم یەکێکی ترم، لام وایە پێم پێبکەنیت، هەموو دەڵێن ئەم کچە هێندە خۆی ماندوو دەکات دەیەوێت لە پێ بکەوێت. وەك سمۆرەی ناو قەفەس شڵەژاوەو وا دەزانێت کارێکی ڕاست و زرنگانە دەکات.

باوا بێت، پێبکەنە ئانتۆنی ئازیز بەڵام من ناتوانم بێ ئەم شتانە بژیم. هەرگیز، هەرگیز شەکەت نابم، هەندێك جار هێورم و دەتوانم وەك خۆم دەمەوێت بژیم، ناتوانم ئەو ژیانەی کە خۆم دەمخوازم لێرە بیکەم، واتا ژیانێك کە کاتی تیا بە فیڕۆ نەڕوات و ناچار نەبم لەگەڵ کەسانێکدا بم کە خۆشم ناوێن و شێتم دەکەن. زۆر حەز دەکەم ئانتۆن بتبینم، تەماشای وێنەکەت دەکەم و گوێم لە پێکەنینتە، هەموو شتێکت دەبینم، لەو چاوە نائاسایانەتدا نیگایەك بەدی دەکەم، گوێم لێیە کە پێم دەڵێیت "کچی شکۆمەند" ئەمەم زۆر پێ خۆشە.

ئیتالیات پێ خۆشە، لەوێ ژیان چەندە تەژیە. سروشت، شیعر و مێژوو!! (...)

ئۆلگاکەت

"سێ خوشکەکە" هەرای ناوەتەوە، دوێنێ دوای پـەردەی چـوارەم زۆر ئافـەرین کرا، ڕۆژی چواردەهەم دەڕۆین بۆ پترۆزبورگ، بلیتی دوونمایش پێشتر تەواو بـوە. بـە "خالێ ڤانیا" دەست پێدەکەین.

* * *

کنیپەر

١٠ فێبروەری

"مۆسکۆ"

دوێنێ و ئەمڕۆ چاوەڕێی نامەی تۆ بووم و سەرئەنجام گەیشت، چـەندە جیـاوازی نێوان ژیانی تۆ و ئەم ژیانە بێ سەرەو بەرەیەی من هەیـە لێـرە! تـۆ لـەوێ ئـازاد و ئاسوودەیت، هەستی بەهێزت هەیە و منیش لێرە زۆر بەشەکەتی وەرزەکە تێدەپەڕێنم و گوێ بە هـیچ نـادەم و تـەنیا بـە ئومێـدی ڕوناکیـەکی کـەمم کـە لـە دوورەوە دەدرەوشێتەوە، واتا پشووی هاوینە کە لە شوێنێکدا بـە ئاسـوودەیی پێـك بگـەین، ئەمەوێت زۆر قسەت لەگەڵدا بکـەم، ئەمەنـدە پەرۆشـی بینینـتم کـە وا دەزانم تـا بەیەکدەگەین بۆ چرکەساتێکیش خۆم پێناگیرێت، ئەمە ئەو خەونەیە کە دەبیبیـنم! .. ئەی تۆ خەون بە چیەوە دەبینیت؟

ئەمڕۆ "مەلی دەریا"مان نمایش کـرد، دوای چـوارەم پـەردە بـوە هـەراو زەنـا، سبەینێ دوای "سێ خوشکەکە" بڕیارە ماڵئاوایی لە بینەران بکەین، دەتوانم وێنـای ئەوە بکەم کەچی ڕوودەدات، هەموویان لە بارەی "سێ خوشکەکە"وە قسە دەکـەن، قسە لەسەر چیخۆڤ دەکەن، قسە دەکەن..

* * *

چیخۆڤ

۱۱ی فێبروەری

ڤۆلۆتیسك — تەلەگراف

تەلەگراف بۆ "ئۆدیسا"[۱۲۲] (ئوتێل) لەندەن بکە. دەڕۆم بۆ یاڵتا — سڵاو.

چیخۆڤ

* * *

کنیپەر

۱۲ فێبروەری

"مۆسکۆ"

ئازیزم تەلگرافێك و نامەیەکتم پێگەیشت. کەواتە بەمزوانە لە یاڵتا دەبیت، بۆ نەڕۆیشتیت بۆ ناپۆلی؟ بابڵێین ڕەنگە لەبەر ئەوە بوو‌بێت کە زستانی ئیتالیا خراپە و خانوەکانیشیان لەبەر زریانێکی زۆردان و زۆپایشیان نیە، من خۆم هەمیشە بە نائومێدییەوە دەلەرزیم، مرۆڤ تەنیا لە شەقام و بەرخۆردا لەشی گەرم دەبێتەوە، تۆ بەم زوانە لە یاڵتا دەبیت و منیش زیاتر هەست بە نزیکیت دەکەم، وا هەر ئێستا لە ژووری میوان دانیشتووم و نامەت بۆ دەنووسم، هەموو لایەك بێدەنگە، "ئادوچکای" چکۆڵەو ئازیز لە ژوورەکەی تەنیشتمدا خەوتووە، لەم شەش هەفتەیەدا زۆر ئالوودەی بووم و دوورکەوتنەوە لێی سەختە بۆ من، سەماوەری سەرمێزەکە گیزە گیزیەتی، هەموو شوێنێك پڕە لە کەرەسەی یاریی منداڵەکە. کەس لە ماڵەوە نیە، هەموو شتێك بێدەنگە و منیش دەمەوێت وردە وردە بیری خۆم کۆبکەمەوە، دوو بەیانی بەرەو پترۆزبورگ دەچم، دەبێت جانتاکانم و زۆرشت کۆبکەمەوە، کارم زۆرە، دەبێت هەرشتێکی بچووك و هیچ و پووچیش لە بیرنەکەم، تەنانەت پارچە جلێکیش.

---

[۱۲۲] odessa

دوێنێ وەرزەکە بە "سێ خوشکەکە" تەواو بوو، حەوت جار نمایشمان کرد، گشت کابینەی باڵکۆنەکان پڕبوون، هەموویان بلیتیان کڕیبوو، دوێنێ شەو هەرای نایەوە، هەر باقە گوڵ بوو بە "لیلینا" و "ئاندریڤا" دەدرا، دوای پەردەی چوارەم هەموو ئەندامانی کارەکە سەریان بۆ بینەران دانەواند، بینەران شێت ببوون، هەموومان گوڵی سەرتەختەی شانۆکەمان هەڵدەگرت و بەرەو لای خەڵکەکە دەمانهاویشت، چەپڵە ڕێزان و دەست خۆشی لە گوێماندا دەزرنگایەوە، بەڵام من هەمیشە لە ساتەوەختی وادا هەست بە نارەحەتی دەکەم، دوێنێ حەزم لە گریان بوو، زۆر هەستم بە تەنیایی دەکرد. نەمتوانی لەسەرەتاوە هەستی خەم و پەژارەی خۆمت بۆ باس بکەم. بێجگە لەمە زۆر شەکەتم و بۆ دوا نمایش هەموو توانام بەخت کرد. لە دوا نمایشدا بینەران دەوریاندام، دەستیان گوشیم، کچەکان ماچیان کردم، منیان خستە سەر شانیان و لە هۆڵەکە بردیانمە دەرەوە، خەریك بوو شێت بم لەبەر گەرما و شتەکەیشم زۆر پێ ناخۆشبوو ئەوان "ماشا"یان لە من جیا کردەوە، شەو لەگەڵیا بووم، ئەمڕۆ چووم بۆ شت کڕین، سبەینێ هەموو ڕۆژەکەم بۆ ئەوە داناوە بەپێ بڕۆم، دەبێت لە پترۆزبورگ چاك بحەسێمەوە بۆ ئەوەی بتوانم ڕۆژی نۆزدەیەم لە "خاڵ ڤانیا"دا باشتر و بە توانایەکی نوێوە ڕۆڵ ببینم.

چەند نامەیەکم بۆ ناپۆلی بۆ ناردوویت، "نمیروڤیچ"یش تەلەگرافی بۆ کردوویت و بۆ تا ئێستا هیچ لای تۆوە نیە؟ لە خۆم دەپرسم کە ئایا بەڕاست چوە بۆ ناپۆلی یان نا، بەو مانایەی کە دەشێت ئەم نامەیە زووتر لە نامەکانی ئیتالیا بگاتە دەستت و ئەوسا تێدەگەیت "سێ خوشکەکە" چ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە، هەم نمایشنامەکەو هەم پیشاندانەکەی چ هەستێکی زۆر قووڵی وروژاندوە (...) من زۆر بەخۆشیەوە ڕۆڵی "ماشا" دەبینم، ڕاستت دەوێت ئەو یارمەتیەکی مەزن بوو بۆ من، من لەوە گەیشتووم چ ئەکتەرێکم، من خۆم ناسیوە، سوپاس چیخۆڤ! ئافەرین!!!

ئۆلگاکەت.

شانۆی هونەری لـە چـواردەهەمی فێـبروەری "١٩٠١"دا یەکـەم سـەفەری بـۆ پترۆزبورگ کرد، هەموویان لە مەترسی ئەم کارە ئاگـاداربوون، رەفتـاری سـوکایەتی پێکردنی خانەدانەکانی پترۆزبورگ لەگـەڵ "بازاڕیـەکان"ی مۆسـکۆدا وەك یـەك وا بوون.

لای ئەوان کارێکی هونەری کە لە مۆسکۆوە هاتبێت نابەجێ بـوو. چـیخۆڤ کـە هەر لە بنەڕەتەوە بڕوای بە رەخنەگرانی پترۆزبورگ نـەبوو، تـەنیا پێـشبینی خـەم و ئازاری بۆ ئۆلگای خۆشەویستی دەکرد.

* * *

کنیپەر

١٥ فێبروەری

سنت پترۆزبورگ

لە پترۆزبورگم ئازیزم، بە قەڵەم رەساس بۆت دەنووسم چونکە مەرەکەبەکەم تەواو بووە، براکەم و براژنم لە ژووری خوارەوە نان دەخۆن و دەرگاکەیان داخراوە، ئەم بەیانیە بە شەمەندەفەری خێرا گەیشتمە ئێرە. سەرێکم لە ماڵـەوە دا، پیاسـەیەکم بەشـاردا کرد، سەرم لە شانۆ داو وا ئێستا دوای وەنەوزێك هەستاوم، لە ژمـارە ١٦ شـەقامی "مورسکا"[١٢٣] ژووری ژمارە ٣٧ دام. دەبێت بەم ئادرەسـە نامـەم بـۆ بنووسـیت. بیستوومە ئەم ژوورە فەرش کراوانە زۆر باشن. بابزانم تا چەند رۆژێکی دی ژوورێك بە بڕی ٦٠ رۆبڵ دەگرم، بەڵام ئێستا بـە ڕاسـتیی خـەرجیم گـەلێك زۆرە، ئـەم جـۆرە تەنیاییە زۆر چاکە، هیچ نەبێت دەتوانم بحەسێمەوە، سەفەرەکەم تـا ئێـرە بـاش بـوو "ئاندریڤا" و "ستانسلاڤسکی" و "نمیروڤـیچ" واگونێکیـان بـە تایبـەتی گرتبـوو. بەیانی رۆژی سەفەرەکەمان لە ژووری میوانەکەیاندا دانیشتم، بە دەنگی بەرز ئەو دوو

---

١٢٣ **murska**

وتارەم خوێندەوە کە لە "نۆڤۆڤیرمیا" بلاوکرابوونەوەو رەخنەیان لـە ئێمـە گرتبـوو. "پترۆزبورگ" شێت بوە، هاتنی ئێمە هـەراو زەنـای دروسـت کـردووە، چـاوەڕوانی کارێکی تایبەتن کە بێگومان بێ ئومێد دەبن، بلیت بە خێراییەکی بـاوەڕ پێنـەکراو دەفرۆشرێت. خوا دەزانێت چی روودەدات؟!!! من گەلێك نیگەرانم، وا هەست دەکـەم یەکەمجارمە "خالّ ڤانیا" نمـایش دەکرێـت، بـیر لـە دەورەکـەم دەکەمـەوە، دەڵێـی دەورێکی تازەیە. رۆژی نۆزدەیەم کردنەوەیە و بیستەم "مرۆڤە تەنیاکان" پێـشکەش دەکەین، بیست و یەکـەم جـارێکی تـر "خـالّ ڤانیـا" و بیـست و دووەم "مرۆڤـە تەنیاکان"، ئایا بیرم دەکەیت؟ دوای یەکەم نمـایش نامـەت بـۆ دەنووسـم (...) بـە پەرۆشەوە چاوەڕێی نامەیەکتم. سەفەرەکەی تۆ چۆن بوو؟ حاڵی خـۆت چـۆنە؟ (...) ماچێکی گەورەت بەسەردا دەپرژێنم. لەبری ئەوە ماچم دەکەیتەوە؟ نوسـەرەکەم لـە باوەش دەگرم.

تووتەڵەکەت

*　　*　　*

کنیپەر

٢٠ فێبروەری

سنت پترۆزبورگ — تەلەگراف

سەرکەوتنێکی مەزن بۆ چیخۆڤ و شـانۆ، تەندروسـت و خۆشـحاڵ بیـت، هـیچ نامەیەکت نەگەیشتووە.

*　　*　　*

چیخۆڤ

٢٠ فێبروەری

یالْتا

ئازیزترینم، خۆشەویستە دەگمەنەکەم، ئامێزێك و ماچێکی گەورەت بەسەردا پەخش دەکەم، دوو هەفتەیە لەسەفەر بووم و تۆ نامەت نەبوو، وردە وردە هەستم دەکرد بەرانبەر بە من ساردیت، لە پڕێکدا گشت نامەکانت لە مۆسکۆ و پترۆزبورگ و دەرەوەی وڵاتەوە داباریین. بۆیە زوو ئیتالیام بەجێهێشت چونکە سەرما و بەفر بوو، بێجگە لەوە بەبێ نامەی تۆ ژیان بە تەواوی ناخۆش و دنیام لێ تاریکبوو، لە یالْتا توانیم هەواڵی "سێ خوشکەکە" بخوێنمەوە، لە ئیتالیایش تەنیا (ئەگەر و بەڵامەکەیم) بیستبوو. پێدەچوو سەرنەکەوتوو بێت، چونکە هەرکەسێك رۆژنامەکانی خوێندبوەوە قسەیەکی لەسەر نەدەکرد، تەنیا "ماشا" لە نامەکانیدا تاریفی لێ دەکرد. بەهەرحاڵ گوێ مەدەیە. (...)

*  *  *

کنیپەر

٢١ فێبروەری

پترۆزبورگ —شەو

دڵم بۆ دیدارت گەلێك تەنگە ئانتۆنی ئازیزم! زۆر حەزدەکەم دەربارەی رووداوەکانی ئەم چەند رۆژە قسەت لەگەڵدا بکەم. ئێستا زۆر تەنیام، "کۆستیا" و ژنەکەی ئەمڕۆ بەرەو مۆسکۆ رۆیشتن.

"خاڵ ڤانیا"مان بۆ دووەم جار نمایش کرد، بینەران بە گەرمییەوە پێشوازیان لێکرد. بەڵام رۆژنامەکان بێ شەرمانە برژاندیانین، بەڕاستی بێ شەرمانە. چۆن برژاندنێك! رەخنەی بێ مانا، بە تەواوی لەت و پەتیان کردین، رەخنەکان گەوجانە و ژەهراوی بوون. بەڵام ئێمە خۆمان گرتوەو بەردەوامین لە سەر نمایشەکە. لە یەکەم

نمایــشدا هــەمووومان دەســتە پاچــە بــووین، وەك منــدالآنی قوتابخانــە "مرۆڤــە تەنیاکان"یش چ وەك دەق و چ وەك نمایش زۆری پێ کرا.

شەو داکەوتوەو ڕۆژی من تەواو بووە، "سانین" هەموو ڕۆژنامــەکانی پیــشاندام — کەڵکاوەژۆیەکی ترسناك —هیچ کام لە ئێمەی ئەکتەر باش باس نــەکراوە بێجگــە لــە "سانین" و "ستانسلاڤسکی" "مایرهۆڵد" و من لــەت و پــەتکراوین، "ئانــدریڤا" و "مسکوین"[١٢٤]یش هەروا. بە کورتی ئازیزەکەم ترسناکبوو. ڕێك و راســت پێــت بڵــێم ئەمڕۆ زۆر ناڕەحەتم، ئەسڵەن ناتوانیت وێنای بکەیت چەندە بە سووکی تەماشای شانۆی ئێمە دەکەن. تەواو غەمبارم، هێرش دەکەنە ســەر هــەموو پرۆژەکــەمان "ئــەلنا"یــان وردوخاش کردووە، بێگومان هەمان ڕەفتار لەگەڵ "سێ خوشکەکە"یشدا دەکەن. وەلێ من سەرسەختم و بەرگە دەگرم، ڕەنگە هەموو ئەمانە لە قازانجی من بن(...)

ئێستا ئێوارەی ڕۆژی بیست و دووەمە، دوێنێ نەمتوانی نامەکەم تــەواو بکــەم، دڵ و ســەرم پێــوە نــەبوو، نەبوومەتــە بێگانــە بــۆت ئــانتۆن؟ لــەبیرت نــەکردووم؟ خۆشەویستی منت لەسەر دەرنەکردووە؟ تەلەگرافەکەتم لە کــاتێکی زۆر شــادمانیدا پێگەیشت. دوای نمایشێکی سەرکەوتوانەی "خاڵ ڤانیا" ئەمە ســەرکەوتنی تــۆیش بوو، بینەران جەختیان دەکرد تەلەگرافێکت بۆ بنووسین، کە پەردە لادراو "نمیروڤیچ" تەلەگرافەکەی بۆ تۆ نووسرابوو خوێندەوە هەموو هاواریان لێ هەستا: "زیاتر بنووسە، زیاتر هاندانی تیا بێت" بینەرەکان بە پێــچەوانەی هێرشــی ڕۆژنامەکانــەوە ئێمــەیان خۆش دەوێت (...)

باشە، خەوێکی خۆش (...) بنووسە. تەمەنێکە لە تۆوە نامەم پێ ناگات، ئەمە یانی چی؟

تووتەڵەکەت

---

[١٢٤] moskovin

* * *

چیخۆڤ

٢٢ فێبروەری

یاڵتا

خۆشەویستم، ژیان لە پترۆزبورگدا چۆنە؟ وا دەزانم بەمزوانە باری هەمووتان لەم شارەدا تێك دەچێت و لە سەرما و باسە بێ کەڵك و سووکەکاندا بێزار دەبن. خۆشەویستە بێ چارەکەم. هەموو ئەم شتانە ماندووت دەکەن، دوێنێ تەلەگرافێکم لە "نمیرۆڤیچ"ەوە پێگەیشت، تیایدا دەڵێت "مرۆڤە تەنیاکان" سەرکەوتوو نەبوو. مانای وایە کێشەیەك لە ئارادایە. چی دەبێت با ببێت. دڵنیام ئیدی ئارەزووی چوونە "پترۆزبورگ" لەسەرت نادات (...)

بۆ نانووسیت؟ تا ئێستا نامەیەك و تەلەگرافێکی تۆم پێ نەگەیشتووە. حاڵت باشە. سوپاس بۆ خودا خۆشحاڵیت. بێگومان تا هەفتەی چوارەمی چلەی رۆژو بلیتتان فرۆشتووە. دوای ئەوە چی؟ ئایا بۆ مۆسکۆ دەگەڕێیتەوە؟ بۆم بنووسە ئازیزەکەم (...)

ئانتۆنی باوکت

* * *

چیخۆڤ

٢٣ فێبروەری

یاڵتا

ئەکتەری گچکە و ئازیزم، تووتەڵە بێ هاوتاکەم، بۆ لەمن تووڕەیت، بۆ نامەم بۆ نانووسیت؟ بۆ نامەم بۆ نانووسیت؟ تەلەگراف پارەی تێدەچێت؟ تۆ ٢٥ رۆبڵ بدە بە تەلەگراف من سوێندی شەرەفت بۆ دەخۆم کە ٢٥ ساڵ خۆشم بوێیت.

سێ ڕۆژە نەخۆشم، ڕەنگە زۆر گرنگ نەبێت. تەندروستیم کەمێك چاکترە. نەخۆش و تەنیا بووم، لە نێو ڕۆژنامەکانی پترۆزبورگدا تەنیا "نوڤوڤیرمیا"م پێدەگات. بۆیە بە هیچ جۆرێك ئاگام لە سەرکەوتنتان نییە، ڕۆژنامەی تر و ئەو لاپەڕانەی لە بارەی شانۆگەریەکەتانەوە شتێکی نووسیوە بۆم بنێرە. ڕەنگە بۆ تۆ زەحمەت بێت- چاویان دەردەهات-

نەتنووسیوە دەتەوێت چەند لە پترۆزبورگدا بمێنیتەوە، لەوێ کێ دەبینیت، چی دەکەیت(...)

لێرە هیچ شتی تازە رووی نەداوە، کەواتە ئەی ئەکتەری شکۆمەند و چکۆڵەم، من چاوەڕێی نامەتم. (...)

باوکت

* * *

کنیپەر

٢٤ فێبروەری

پترۆزبورگ

ئاگات لێیە دوانامەت لە حەوتی فێبروەریدا نووسیوەو ئەمڕۆ بیست و چواریەتی و هێشتا نامەیەکی تۆم پێنەگەیشتووە. دەبینیت بە چ تووڕەییەکەوە نامە دەنووسم، باشبوو لەسەری نەڕۆیشتم، چونکە دوای چەند سەعاتێك سەرئەنجام نامەیەك لە باوکمەوە گەیشت. نامەکەت، ئانتۆنی ئازیز، ئەوە دەردەخات کە تەندروستیت، دوێنێ ڕۆژێکی ناخۆشبوو. خۆزگا ئەم سەفەرو چلەیە زوو دەڕۆشت، دەبێت دوای چەند چرکەیەکی تر بڕۆم و لە "ئەلنا"دا رۆڵ ببینم. ڕۆژنامەی "ڕوسیا" زۆر کێویانە لەسەر نواندنی منی نووسیوە، بۆ ئەمەندە تووڕەن؟ منیان بە ئەکتەرێکی دەرەکی و بێگانە داوەتە قەڵەم. بەلای ئەوانەوە دەبوو من لە دەورەکەمدا "جانەوەرێکی هەوەس باز"بم. (چ قسەیەکی نەفرەتیە!)

بۆیە گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە من ئەکتەرێکی باش نیم و نەمتوانیوە بـبم بە کەسایەتی. لە حاڵێکدا کـە بـەڕای مـن، ئـەم کاراکتـەرە بێزارکـەرە، تـەریك و نەگونجاوە. ئەو تەنیا بۆ "ئاستڕۆف" کە "ئەروستوکراتیەکی" بێکارەیە، هەوەسـبازە (...)

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٢٥ فێبروەری

پترزبورگ — تەلەگراف

تەلەگراف بکە، نامە نەگەیشتوە. سەیرە!

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢٦ فێبروەری

یالتا

سێ نامەم ناردووە. بە خۆشیەوە چاوەڕێی تەلەگرافم. حاڵم زۆر باشە.

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢٦ فێبروەری

یالتا

ئازیزترینم، ئەمڕۆ ٢٦ی فێبروەریە و هەرنامەت نەگەیشتوە! بۆ؟ ئایا قسەیەك بۆ وتن نیە، یـان بڵاوکراوەکـانی پترزبـورگ وایـان تـووڕە کردوویـت کـە ئێمەیـشت لەیادکردووە؟ ئازیزم ئـەم شـتانە گـەلێك بـێ بایـەخن. مـن تـەنیا "نوڤوڤیرمیـا"

دەخوێنمەوە، هەر گوێ بە ڕۆژنامەی پترۆزبورگ نادەم. زۆر پێشتریش دەمزانی. مــن نە پێشتر و نە ئێستا بێجگە لە گاڵتەجاڕی چاوەڕێی شتێکی تــر لــە "نوڤوڤرمیــا" ناکەم. (...)

حــاڵم بــاش نــەبوە، دەکــۆکم و هتــد.. وەلــێ ئێــستا چــاکترم و تەنانــەت بــۆ پیاسەکردنیش چووم بۆ ڕۆخی دەریا. (...)

ئانتونی باوکت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

١ مارس

پترۆزبورگ

بەیانیت باش ئازیزم. بەهار بەڕێوەیە! لەم کاتەدا کە بــۆت دەنووســم، پەنجەرەکــە نیوە کراوەیە و خۆر لە درەوشانەوەدایە. هەوا تەواو گەرم بوە. دەتوانم لە دەرەوە گوێم لە دەنگ و تەقەتەقی تایەی ئەرەبانەکان بێت. هەوا کاری خۆی کــردووە. وەك ئــەوە وایە بۆ گەڕان چووبم. چونکە هەوای ژوورەوە وەنەوزم پێــدەدات، مــن شــەیدای ئــەم حاڵەتەم، بــەهاری ڕاســتەقینە بەمزوانــە دەگــات. بیــستوپێنجی مــانگ ســاڵانەی دیدارمان بوو. هەستت پێکرد؟ داخ لە دەستی تۆ! ئێمە پەنجاهــەمین نمایــشی "خــاڵ ڤانیا" و سەدەمین نمایشی شانۆگەریەکی چیخۆڤمان تێپەڕاند "نمیروڤــیچ" گــوڵی زۆر دەگمەنی نارد بۆ شوێنی خۆگۆڕین (...) دوای نمایــشەکە شــامپانیامان خــواردەوەو ئاسایی یەکەم پێکمان بە سلامەتی تۆ بوو. لەگەڵ ژاوەژاوی ڕۆژنامەکانیشدا ورەمان چاکە.

لەبارەی سەرکەوتنمان لە نێو بینەراندا چ گومانێك نییە، ئەوان دەڵێن تــا ئێــستا لە پترۆزبورگدا شانۆ بەم جۆرە هەستی نەوروژاندووە، "خاڵ ڤانیا" و "دوژمنی گەل" ئەستێرەی درەوشاوەن. دوێنێ "سێ خوشکەکە"مان نمایش کرد. زۆربــاش بــوو، بــە

چاکی پێشوازی لێکرا. وەك دەڵێن لە نمایشەکەی مۆسکۆ باشتر بـوە، چـوارەم ڕۆژی مارس یـەکێتی نووسـەران ئێـوارە خوانێکیـان لـە "کونتانـا"[١٢٥] بـۆ سـازداوین. ریکلامێك لە ڕۆژنامەدا بڵاوبۆتەوە، زۆرباش نییە؟ ڕۆژی شەممەیش بۆ میوانی عەسر بانگهێشتیان کردووین.

دوێنێ لە ڕۆڵی "سێ خوشکەکە"دا جانانەبازیم کرد و لـە کۆتـایی نمایـشەکەدا ئیتر لەپێکەوتم. دیـسان دەیلێمـەوە، ئـەوە ڕۆڵـی دڵگـیری منـە. تـۆیش هەسـتی پێدەکەیت؟ شانۆ شەکەتی کردووم، فەزایەکی کراوەم پێویستە، دەمـەوێت دوای ئـەم زستانە سەخت و قورسە و دوای ئەم هەموو کێشمە کێشە سیەکانم پڕ بکەم لە هەوا. کە نامەکـەم تـەواو کـرد بـۆ پیاسـە و گـەڕان دەچـمە دەرەوە. حـەزم لـە دیمـەنی "پترۆزبورگ"ە، پێم خۆشە بە کەناری ڕووبارەکەدا پیاسە بکەم، خەڵکەکەی، شۆستە پانەکانیم پێ جوانە، هەموو شتێك ئاوو هـەوای ئەوروپایـە، بـەڵام تـۆ حـەزی لـێ ناکەیت، وانیە؟

* * *

چیخۆڤ

١ مارس

یاڵتا

ئازیزم، ڕۆژنامەکان مەخوێنەرەوە ئەگینا دیق دەکەیت. لێگەڕێ با ئەمە وانەیەك بێت بۆ تۆ. تـەنیا گـوێ لـەم شـکۆمەندە ئاقڵـەی خـۆت ڕابگـرە. مـن وتم و بـە دڵنیاییشەوە وتم کە لە "پترۆزبورگ"دا چی دەقەومێت — دەبوا گوێت لێ بگرتمایـە. ئیتر شانۆتان ناڕواتە پترۆزبورگەوە، سوپاس بۆ خودا.

---

[١٢٥] یەکێکە لە باشترین رستورانتی پترۆزبورگ.

من وەك خۆم واز لەشانۆ دەهێنم، ئیدی هیچ بۆ شانۆ نانووسم. لە ئەڵمانیا، سوید و تەنانەت لە ئیسپانیادا دەشێ نمایشنامە بنووسیت، بەڵام لە ڕوسیادا شانۆ نرخی نییە، شانۆنووس هیچی بەرناکەوێت شەق خواردن نەبێت. نە لە سەرکەوتنیان خۆش دەبن نە لە نوشوستیان.

ئەمە یەکەمین جارتە پەلامار دەدرێیت و توانجت تێدەگیرێت. بۆیە وا نارەحەت و بێزاریت، بەڵام هەموو شتێك دەگوزەرێت و ڕادێیت.

هەوای ئێرە زۆر چاکە، گەرم، هەتاو، درەختەکانی قەیسی و بادام شکۆفەیان کردووە. بۆ هەفتەی پیرۆز چاوەڕێتم ئەکتەری چکۆڵە و بێچارەو ستەم دیدەکەم کە قەدریان نەگرتوویت. چاوەڕێتم، چاوەڕێتم، لە بەینی ٢٠ و ٢٨ دا پێنج نامە و سێ تەلەگرافم بۆ ناردوویت، داوام لێکردبوویت تەلەگرافم بۆ بکەیت و نەتکرد (...)

باری تەندروستیم باشە باوەڕ بێت. لە ئامێزت دەگرم.

باوکت

* * *

کنیپەر

٢ مارس

پترۆزبورگ

حاڵت باش نییە؟ ئانتوانی ئازیزترینم؟ هەست بە تەنیایی دەکەیت؟ ئازیزە بێنەواکەم! خۆزگا لێرە بویتایەو چاودێریم بکردیتایە، نازم هەڵدەگرتیت و دڵم دەدایتەوە! دوێنێ دوو تیکەم لە "روسیا" بۆ ناردیت. بەڵام ئەم ڕۆژنامە لاکۆڵانانە هەموویان بێ کەڵکن. بۆیە هیچیان ناکڕم و بۆت نانێرم. بۆ زەحمەت بە خۆت دەدەیت و تەلەگرافم بۆ دەنێریت، لە تەلەگرافەکەدا چیت بۆ نووسیوم؟ لێرە هیچ شتی تایبەت ڕووینەداوە. دەژین ، نمایشی شانۆ دەکەین، هەموو باشین.

ئەمڕۆ "خاڵۆ ڤانیا" نمایش دەکەین و پاش هەفتەیەکی تەواو پشوو دەدەین.

*     *     *

کنیپەر

٣ مارس

پترۆزبورگ — ٢ی بەیانی

ئەگەر تەنانەت دوو دێڕیشت بۆ نەنووسم ناتوانم بنووم، هەر ئێستا لە میوانداریەکەی یەکێتی نووسەران گەڕاومەتەوە، دانیشتنەکە زۆر سادە و دڵگارانەبوو. زۆر کەس هاتبوون، هەموو تاریف و دەستخۆشیان لە شانۆکەمان دەکرد. دەربارەی ئێمەی ئەکتەر هەستیاریەکی زۆر هەبوو! لە ڕادەبەدەر هەستم جوولا، "وین بێرگ"[١٢٦] وتاری کورتی پێشوازی خوێندەوە، وتی ئەمە یەکەمین جارە بتوانین پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و شانۆ ببینین و.. هتد. چەپڵە (...)

بەڵام من لە جەژنی پاکدا نایەم بۆ "یاڵتا" دەزانیت بۆ، بیری لێ بکەرەوە. تۆی زۆر خۆشەویست داوەتیت کردووم و نایەم! کەچی تێناگەیت؟ (...)

تووتەڵەکەت

*     *     *

کنیپەر

٥ مارس

پترۆزبورگ

لە پترۆزبورگەوە نامە دوای نامەت بۆ دەنووسم کەچی دەڵێیت بە دەستم ناگات. بۆ هونەرمەندە چکۆڵەکەت کە ڕێزیان لێ نەگرتووە دڵتەنگ مەبە ئازیزەکەم. ئەگەر بڵاوکراوەکانی ئێرە توند لە سەرمان دەنووسن، بەڵام لەبری ئەوە خەڵکی خۆشیان دەوێین و هەموو ئەوانەی پاشملە قسە دەکەن شەرمەزار بوون. ڕۆڵی منیان لە "سێ

---

[١٢٦] **weinberg**

خوشكەكە"دا زۆر لا پەسەند بوەو تەنانەت دوێنێ، لە نیوەڕۆ خوانەكەی یەكێتیی نووسەراندا، یەكێك باسی لە دیمەنی جیابوونەوەی "ماشا" و "ڤرشنین"دا كرد و هەموو ئەوانەی ناو هۆڵەكە كە ١٥٠ كەس بوون چەپڵەیان بۆ لێدام، لە بارەی پەردەی چوارەمیشەوە زۆر شتم بیستوە. گەلێكیان كە باسیان دەكرد، دەگریان. تۆ بۆ ئەوەندە لە دەست شانۆ تووڕەیت؟ هیوادارم لەبەر ئەو قسە هیچ و پووچانە نەبێت. ئەمانە كۆمەڵە كەسێكن توانایان سنووردارە.

بەڕاست بەمانە دەڵێیت ڕەخنەگر؟ دەماری خۆت بەوانەوە نارەحەت مەكە. تفیان لێ بكە، (...) ئیتر بە هیچ جۆرێك بە خۆت مەڵێ باوك. بەڕاستی حەزی لێ ناكەم.

* * *

چیخۆڤ

٧ مارس

یاڵتا

نامەیەكم لە نەناسێكەوە پێگەیشتووە نووسیویەتی كە تۆ لە پترۆزبورگ نوقمی عەشق بوویت و تەواو، ماوەیەكی زۆر بوو لە بیری ئەوەدابووم كە تۆ لەو ڕژدانەیت هیچ لە دەستت نایێتەوە. پێ دەچێت خۆشت نەوێم، لەبەرئەوەی كە من دەست بڵاوم و ویستم تەلگوراف بنێریت تا نابووتت بكەم، جا چییە؟ وەلێ من هەرخۆشم دەوێیت، ئیتر ئەمە خوویەكە (...)

پیسكە، بۆ نامەت بۆ نەنووسیم كە پێم بڵێیت لە پترۆزبورگ دەمێنیتەوە و بۆ مۆسكۆ ناگەڕێیتەوە؟ من لێرە چاوەڕێت بووم و ئیدی هیچم بۆ نەنووسیت چونكە وام دەزانی دەگەڕێیتەوە ماڵێ.

ئاشكرایە كە من زیندوو تەندروستم، هەرچەندە وەك جاران بە توندی دەكۆكم، كار لە باخەكەدا دەكەم. درەختەكان چرۆیان كردووە، هەوا خۆشە وەك ئەو نامانە وایە كە تازە لە دەرەوە بە دەستم دەگەن، دوا نامە ئەوانەن كە لە ناپۆلیەوە گەیشتوون، تۆ

چەندە دلۆڤانیت، چەندە زیرەکیت ئازیزم! هەر نامەیەکیانم بەلایەنی کەمەوە سێ جار خوێندەوە. بەڵام کار لە باخەکەدا دەکەم و کاری پشت مێزم بە سستی دەڕوات، حەز ناکەم هیچ بکەم، زۆربەی کاتم بە هەڵچنی ڕەش نووسەکان بەسەردەبەم و بەوەیش خۆشحاڵم. بە دەگمەن بۆ یالتا دەچم، هیچی تیانیە سەرنجم ڕابکێشێت، وەلێ لەلایەکی ترەوە یالتاییەکان کاتێکی زۆریان لێرە بەسەر دەبەن و بێزارمان دەکەن. هەموو جارێك سوێند دەخۆم کە لێرە دەڕۆم یان ژن دێنم، بەڵکوو ژنەکەم بتوانێت ئەمانە لێرە دەربکات، مەبەستم میوانەکانە.. بە ڕەسمی خوازبێنیت دەکەم.

لەگەڵ خۆمدا عەتری دەگمەنم هێناوە، دە وەرە ئازیز و فریشتەکەم لە هەفتەی پیرۆزدا لێم وەربگرە، بێیت ئازیزم. بەڵام ئەگەر بڕیاری نەهاتنت دا بێگومان نارەحەت دەبم و ژیانم لا بێکەڵك دەبێت. لە ئێستاوە چاوەڕێتم و ڕۆژو سەعات دەژمێرم. ئەگەر عاشقی یەکێکی تریت و ناپاکیت لەگەڵدا کردووم گرنگ نیە، تۆ هەر وەرە تکایە، گوێت لێمە تووتکەکەم؟ من خۆشم دەوێیت و تۆ ئەمە دەزانیت و ژیان بێ تۆ سەختە. ئەگەر شانۆ داوات لێدەکات کە هەفتەی جەژنی پاك دەبێت پرۆڤە بکەن، بە "نمیروڤیچ" بڵێ ئەمە فێڵێکی ناشیرینە.

چوومە خوارەوە بۆ کێك و چا خواردن، نامەیەکم لە پترۆزبورگەوە بۆ هاتوە لەلایەن "کۆندراکوڤ"[١٢٧]ی ئاکادیمیەوە، "سێ خوشکەکە"ی دیوە و زۆری لا خۆشبوە. شتێکت دەربارەی ئەو میواندارییە نائاساییانە بۆ نەنووسیوم کە بەشداریت تیا کردوون. بنووسە. تکایە بەلای کەمەوە تەنیا لەبەر دۆستایەتیمان ئەمە بکە. من هاوڕێی تۆم. هاوڕێی ڕاستەقینەی تۆ تووتەڵە جوانەکەم.

---

١٢٧ **Kondrakov**

تەلگورافێکی درێژم لە "سۆلۆڤتسۆڤا"[١٢٨] لە "کیف"[١٢٩]ەوە پێگەیشتووە، نووسیویەتی "سیێ خوشکەکە" لە "کیف" بە جۆرێکی سەرسووڕمێن سەرکەوتوو بوو. شانۆگەری دوابیم پێکەنین هێنەر دەبێت، زۆریش پێکەنین هێنەر. هیچ نەبێت من وای دەبینم.

باشە پیرێژن، ئاگات لە خۆت بێت، شادبە نەك خەمبار، نیگەرانی هیچ مەبە (...) هەشتاجار ماچت دەکەم و لە ئامێزت دەگرم، لە بیرت نەچێت چاوەڕێتم، لە یادت بێت.

خاوەن ڕێزو ئاوەزەکەت ئانتۆنی

* * *

کنیپەر

٩ مارس

پترۆزبورگ

هەرە ئازیزەکەم، دەمەوێت کەمەکێك قسەی خۆشەویستانەت لەگەڵدا بکەم، بۆ ئەوەی لە دەست ئەم ئەکتەرە چکۆڵەیەت، کە ساردبۆتەوەو لە پترۆزبورگەوە نامەی بیێ هەستت بۆ دەنووسێت، تووڕە نەبێت.

بە ڕاستیی ئەم ڕۆژانە سەرم زۆر قاڵە، شەرمم لە نامەکانم دێت، زۆریش، هیچ شتێکیان لە من و لە گەرمایی من تیانیە. دەزانم هەستت پێکردووەو سوپاس گوزارم کە هیچت نەوتوە. تۆ مرڤێکی زۆر چاکیت ئانتۆن! دەبینیت کە من لەمە تێگەیشتووم و ئەگەر بەتاقە وشەیەك سەرکۆنەت بکردمایە لەوانە بوو سەرسەخت بوومایە. بەڵام هیچ لە هەستم تێدەگەیت؟ وا دەزانم ئەپریل و مەی ئازاددەبم. پێت

---

[١٢٨] **Solovtsova**

[١٢٩] **Kiev**

خۆشه؟ ئەگەر بڕیارەکه وابێت که ئەوان "کرامەر" و "قالاوی کێوی" "ئەبسن"[١٣٠] پڕۆڤه بکەن، ئیتر من بێ کار دەبم، هێشتا گریمانەی ئەوه هەیه که له "کرامەر"دا رۆڵی کچەکەم بدەنێ بەڵام بڕواناکەم. ئیدی من چوار مانگ ئازاد دەبم و دەبێت بیر لەوه بکەمەوه چۆن ئەو ماوەیه به چاکترین شێوه و له باشترین شوێندا بگوزەرێنم، رازیت؟ خێرا وەڵامم بۆ بنووسه. به درێژی و سۆزەوه چیت دەوێت و چیت به خەیاڵدا دێت. تەنیا ئەوه له بیر مەکه بەڕاستیی من ناتوانم بێم بۆ "یاڵتا"، چ سوودێکی هەیه دیسانەوه خۆم بشارمەوه و دایکت به خەمباری ببینم. بەلامەوه زۆر سەختە، باوەڕ بکه. یان درکی پێ ناکەیت یان ناتەوێت درکی بکەیت. بۆ من قسەکردن لەو بارەیەوه سەختە. وەلێ دەزانیت که چەنده هاوینی پار سەخت و ئازاراوی بوو. دەبێت تا کەی یاری پشیله و مشك بکەین؟ بۆچی؟ لەبەر خەڵکی دی؟ ئەوان که بزانن هەموو شتەکان راستن ئیتر بێدەنگی لێ دەکەن و وازمان لێ دێنن. ئەوسا هەموو شتەکان ئاسانتر دەبن. ناتوانم بەرگەی ئەم هەموو نهێنیه بگرم. بۆ دەبێت ژیانم به گرێ و گۆڵ بێت؟ تێدەگەیت مەبەستم چییه؟ لەگەڵمایت.

* * *

چیخۆڤ

١١ مارس

یاڵتا

کەواته ناتەوێت بێیت بۆ "یاڵتا" ئازیزەکەم. باشه هەرچۆنێك تۆ پێت خۆشه با وابێت، نامەوێت ناچارت بکەم. بەڵام ئەوه بزانه که بەڕاستیی من ناتوانم ئێره بەجێ بهێڵم! نامەوێت دیسانەوه تووشی سەرئێشەی شەمەندەفەر و ئوتێل و ئەو جۆره شتە

[١٣٠] Ibsen

لاوەکیانە ببمەوە.. بە هەرحاڵ تەنانەت ئەوانەیش گرنگ نین. من دێم بۆ مۆسکۆ- کەواتە لەمە زیاتر ئەو مەسەلەیە قسە هەڵناگرێت!

تۆ باش و شادیت و ئەمەیش نیشانەی هۆشیاریتە ئەی کچی زیرەك و شکۆمەند. نووسیوتە من خۆشم لە پترۆزبورگ نایەت. کێ وا دەڵێت؟ من عاشقی پترۆزبورگم، ئەسڵەن ئەمە نوختەی لاوازیی منە، من زۆر یادەوەری ئەو شارەم هەیە. تەنیا شانۆکەیم بەدڵ نیە. (...) هەرگیز لەگەڵ مەیلی مندا ناگونجێت، هیچ حەزی پێ ناکەم.(...)

نامە شیرین و دەگمەنەکانت چێژێکی نائاساییم پێ دەبەخشن، بۆ حەزناکەیت بە ناوی باوکەوە نامەت بۆ واژۆ بکەم. بەڕاستیی من وەك قەشەیەکی رەبەن دەژیم. باشە ئیتر شتی وا ناکەم (...) چاکە دڵدارەکەم شەوێکی ئارام و پڕ لە ئاسوودەییت هەبێت. تەندروست و شادبە، لە بیرم نەکەیت.

ئانتۆنەکەت

* * *

کنیپەر

١١ مارس

پترۆزبورگ — شەو

ئازیزترینم، پێش ئەوەی بنووم نامەت بۆ دەنووسم، نامەکەی (٧ی مارس)ت شادی کردم، کە دەمخوێندەوە بزەم دەهاتێ، نامەی نەناس هەمیشە لە ڕاستیی دەدوێت. من عاشق دەبم و هەموو کات ناپاکیت لەگەڵدا دەکەم و گومان لەمەدا نیە. بەڵام لە دواییدا هەر دێمەوە لای تۆو تەنیا بۆ تۆ دەبم، هەردووکیشمان بەختەوەر دەبین، تۆ پێم بڵێ لە کوێ یەکتر ببینین؟ من تەنیا ئەوەم دەوێت کە ببم بە هی تۆ. پێت ناخۆشە دوور بکەوینەوە؟ باشە زۆر ناڕۆین.. ئا یان نا؟ لە دەرەوە چەند نامەی منت پێگەیشتووە؟ گەوجانەیە؟ من بەردەوام نامە دەنووسم، کەواتە تکایە سکاڵا

مەکە. ئەگەر منت لەگەڵدا بم دەتوانیت کاربکەیت؟ کە منت لا بم ژیان لە ڕۆژانی تەنیایی خۆشتر نابێت؟ هەی دووره پەریزی سامناك وەڵامم بدەوه (...)

دەبێت لە هەفتەی پیرۆزدا لە مۆسکۆ بم، چونکە لە بارەی ئاپارتمانەکەوه کێشەیەك هاتۆتە پێش. خانووەکەمان فرۆشراوەو دەبێت تا هەوەڵی مانگی مەی چۆڵی بکەین. دایکم تەواو نائومێدە، دەبێت هاوکاری بکەم چونکە هەموو ڕۆژێك سەرقاڵە، تێدەگەیت ئازیزم؟ ئەگەر هەوا خۆش بێت دەتوانیت بێیت بۆ مۆسکۆ، وانیە؟ لە هاویندا دەتوانین بڕۆین بۆ سوید یا نەرویژ؟ بیرێکی زۆر چاکە. نەڵێی نا (...)

ئەکتەری چکۆڵەت

*     *     *

کنیپەر

١٥ مارس

پترۆزبورگ — شەو

(...) نمایشێکی زۆر ناخۆشی پەردەی چوارەمی (سێ خوشکەکە)م کرد نووسەری ئازیز. جوێنمەدە، ئەسڵەن نەمتوانی تا کۆتایی نمایشەکە خۆم بگرم، لەم چەند ڕۆژەی دواییدا گەلێك هەست بە بێ هێزی دەکەم. ڕۆژی سێ جار قەترەی "ڤالریان" لەگەڵ "برومید"ا دەخۆم.

حاڵم تۆزێ باشترە، وا دەزانم زۆر یارمەتی داوم.

لەوه بگەڕێ (...) لە کوێ یەکدی ببینین؟ بێجگە لە یالْتا تۆ هەر شوێنێك بڵێی من دێم "ڤیشنیڤسکی" لەوه ڕەنجاوه کە وەڵامی وێنەکەت نەداوەتەوه. ماچت دەکەم ئانتۆن، لە ئامێزت دەگرم، نەکەیت بکۆکیت.

*     *     *

چیخۆڤ

١٦ مارس

یالْتا

ڕۆژباش چکۆڵە. بێگومان دێم بۆ مۆسکۆ، بەڵام نازانم ئەمساڵ دەتوانم بچم بۆ سوید یان نا. سەفەر بێزاری کردووم، تەندروستیم لە تەندروستی پیرەمێردێك دەچێت، زیاتر لە باپیرت دەچم تا مێرد. ڕۆژم بە پیاسەی ناو باخ دەگوزەرێنم. هەموو شتێك زۆر باشە. دنیا گەرمە، هەموو شتێك لە گوڵ و شکۆفەدایە، باڵندە دەخوێنێت، میوانم نیە، ئەمە ژیان نیە، بەهەشتێکی ڕووتە.

تەواو وازم لە ئەدەبیات هێناوە، کە تۆم هێنا وات لێدەکەم تۆیش دەست لە شانۆ هەڵگریت، بۆئەوەی بە جووتە وەك جوتیار بژین، پێت باشە. باشە ئەگەر پێنج ساڵی تر ئەکتەری بکەیت تێی دەگەیت (...)

نامەم بۆ بنووسە ئازیزم، نامەکانت زۆر بەتامن.

تۆ دەتەوێت فیلْم لێ بکەیت کە بۆم دەنووسیت تۆ دوو کەسیت، یەکێکیان مرۆڤ و ئەوی تر ژن. باوابێت، ئەگەر پێت خۆشە فیلْم لێ بکە، بەڵام هەر وەك ژنێکی شکۆمەند بمێنەرەوە و منیش پیرەمێردێکم، ئەگەر بە ڕێکەوت من تەفرەت بدەم تۆ دەمبەخشیت و درکی ئەوە دەکەیت کە مووی سپیم لە ڕیشدایە بەڵام جنۆکەیەکم لەناو دڵدایە. وا نییە؟ (...)

لە ئامێزت دەگرم ناپاك، سەد جار، ماچێکی گەورەیشت بەسەردا پەخش دەکەم. بنووسە. بۆم بنووسە، ئەی خۆش بەختیەکەم، چونکە دوای خواستنت لێت دەدەم.

خاوەن ڕێزو بە ئاوەزەکەت ئانت

* * *

چیخۆڤ

١٨ مارس

یاڵتا

کەواتە، ئەکتەری چکۆڵە، دوای چەند رۆژێکی تر دەگەڕێیتەوە بۆ مۆسکۆ، مانای وایە ئیتر من نابێت بە ناونیشانی پترۆزبورگ بۆت بنووسم. ناونیشانی مۆسکۆت چییە؟ دەبێت بە ئادرەسی کۆن بۆت بنووسم یان چاوەڕوانی ئادرەسی تازەبم؟

ئاوو هەوا گەلێك باشە، یەکێکە لە چاکترین بەهاری ساڵ، پێم خۆشە، وەلێ کێشەکە لەوەدایە کە تەنیام، تەواو تەنیام! یان لە ژووری کارکردندام یان لە باخدام.

ئەکتەری شکۆمەندی من لە "میشیل کریمەر"دا رۆڵ مەبینە، چونکە ناچار دەبیت هەموو مانگی مەی و حوزەیران لە مۆسکۆ بیت و پرۆڤە و نمایش بکەیت. گوێم لێ بگرە ئازیزم. ئەگەر هەردووکمان بمێنین و تەندروست بین تۆ دەتوانیت هەزاران دەور ببینیت. ئای چ هەوایەکی ئەفسوناویە، پلەی گەرما زۆر بەرزبۆتەوە. (...)

خاوەن رێز و بە ئاوەزەکەت

* * *

کنیپەر

٢١ مارس

پترۆزبورگ — بەیانی

دوێنێ نامەیەکی سەرتاپا فریودەرانەت بۆ ناردم، خۆت زانیوتە؟ هیچ هەبوە؟ گاڵتەم کرد، گاڵتەم کرد؟

ئەو شتانەی لە بارەی تەندروستیتەوە نووسیوتە چیە؟ نیگەرانی ئەوەم کە رەنگە تەندروستیت باش نەبێت. لەوەیش هەر نیگەرانم کە دەتەوێت بێیت بۆ مۆسکۆ. نازانم هەوای مۆسکۆ چۆن دەبێت. خوازیاری بینینتم، رەنگە من بێم بۆ لات، بەڵام

بڕوا بکە ناتوانین وەك دوو هاورێ بە چاکی بژین، دەبێت تۆ ئەمە بزانیت، من لەم یاریە گومانایە شەکەت بووم. ئەو ئازارەی دایکت دەیچێژێت و نیگاکانی "ماشا" بۆ من ترسناکن. لە ماڵی ئێوەدا وا هەست دەکەم لە نێوان دوو ئاگردا بەگیر هاتووم. ڕای خۆتم لەم بارەیەوە بۆ بنووسە، هێشتا هەر هیچ ناڵێیت. ئەم ڕۆژانە گەلێك ماندووم، زیاتر لە ناو جێگادام، تەواوی ڕۆژەکەم لە ناو جێگادا ڕادەکشێم و تەنانەت توانای بەرزکردنەوەی پەنجەیەکم نیە، ئەمڕۆ باسی ئەوەیان دەکرد کە "مرۆڤە تەنیاکان" بخەنە جێی "دوژمنی گەل"، بەڵام من خەوێکی خۆشم کرد و بەیانیش بە هەستێکی زۆر چاکەوە لە خەو ڕابووم "نمیروڤیچ" هات بزانێت کە ئایا من دەتوانم دەورببینم یان نا (...)

ئازیزم هەر بە گەیشتنی ئەم نامەیەم ڕاست وەڵامم بدەرەوە، پێم بڵێ دەتوانین لە کوێ یەکدی ببینین، لە بارەی تەندروستیتەوە تەلگورافێکم بۆ مۆسکۆ بۆ بنێرە، دەبیستیت؟ ئەگەر دەزانیت مۆسکۆت بۆ چاك نیە هەق نیە بێیت. ئەگەر نەمانەوێت لە "یالتا" بین دەتوانین لە شوێنێکی تری باشوور یەکتری ببینین. من دێم، ڕۆژی بیست و چواری مانگ ئێرە بەجێدێڵم (...)

ئەکتەری چکۆلەکەت.

* * *

چیخۆڤ

٢٦ مارس

یالتا —تەلگوراف

باشم، دوای جەژنی پاك دێم بۆ لات، سلاو، چاوەڕێی نامەتم.

ئانتونیۆ

* * *

کنیپەر

٢٧ مارس

مۆسکۆ —تەلگوراف

سبەینێ دێم بۆ یالْتا

ئۆلْگا

* * *

کنیپەر دوو هەفتەی لەگەڵ خێزانی چیخۆڤدا لە یالْتا بەسەر برد، پاشان لەگەڵ "ماشا"دا گەڕایەوە بۆ مۆسکۆ. بڕیاری تەواوی لەسەر شوکردن دا.

* * *

## کنیپەر، یاداشت

سەرەڕای نەخۆشی چیخۆڤ و عەشقی من بۆ شانۆ، بڕیارمدا ژیانی خۆم بە ژیانی چیخۆڤەوە ببەستم، بیرم کردەوە کە ژیان بەم جۆرەیان جوانتر دەبێت، لە ڕاستیدا، لەگەڵ ئەوەیشدا کە خەمی ئەوەم هەبوو دەبێت زوو زوو لە یەکتر دابڕێین، بەڵام هەر وا شکایەوە.

* * *

کنیپەر

١٤ئەپریل

سڤاستۆپۆل

زوو سواری شەمەندەفەر بووین، ددانم زۆر دێشێت، لە "سڤاستۆپۆل" چوومە لای پزیشکی ددان، پووکی بۆ توێکاری کردم و مەرهەمێکی دامێ، ماشا ماساژی

دەم و چاوی کردم، ناتوانم دەم بکەمەوە. حاڵم خراوە، خۆزیا زوو دەگەیشتینە مۆسکۆ، کەشتیەکە بەهێمنی دەڕۆشت، خانمێکی جوانم بینی تاریفی چیخۆڤی دەکرد، دڵخۆش بوو کە لە بەندەردا ئەوی بینیوە، دەڵێت تەمەنی چیخۆڤ ٣٨ ساڵە، دەربارەی شانۆی هونەری قسەمان کرد و (...)

* * *

کنیپەر

١٥ ئەپریل

خارکۆف

سڵاو ئانتۆنی ئازیز، ئێمە لە خارکۆفین، تا ئێرە سەفەرەکەمان باش بووە، کابینەی نووستن خاڵی بوو، بەڕاستیی موجیزە بوو، بە درێژایی شەو لە تاو دان ئێشە خەو نەچووە چاوم و "ماشا"یشم بێزار کرد، وەك منداڵی ترساو هەردەگریام، ماشا وەك فریشتەیەك ئاگاداری لێ دەکردم، سەر لە بەیانیەکەی باشتر بووم، ئەم هەوکردنە نەحلەتیەی پووکم گەلێك ترسناکە و لەوانەیە خراپتریش بێت. بە درێژایی تەمەنم ئازاری وام نەچەشتووە، جوێنم بە عەرش و قورش دەدا (...) لە مۆسکۆوە نامەیەکی چاکترت بۆ دەنووسم (...)

ئۆڵگاکەت

* * *

چیخۆڤ

١٦ ئەپریل

یاڵتا

کنیپ چیتزی ئازیز (...) ژیان بە بێ تۆ سەراپا بێزاریە، ئەمڕۆیش نامەیەکتم پێ گەیشت کە سکاڵا لە ددان ئێشەکەت دەکەیت، چکۆڵە بەسزمانەکەم، بنووسە بزانم ئێستا ددانت چۆنە، بە گشتی حاڵت چۆنە؟ ئازیزترین ئازیزم، وام دەزانی دەمتوانی لە

پشت مێزەکەمەوە بەبێ تۆ دابنیشم، بەڵام ئاسایی چ کارێك ناکەم و هەست بە نائومێدی دەکەم(...)

* * *

چیخۆڤ

١٧ ئەپریل

یاڵتا

ئەمڕۆ پۆستەرێکی گەورەم پێگەیشت "خاڵ ڤانیا" کەم لە"پراگ" سەرکەوتنێکی نائاسایی بەدەست هێناوە. ئازیزم هەموو ڕۆژێك لە "یاڵتا" باران دەبارێت، هەوا شێدارە، بەهۆی ئەو شێ زۆرەوە لاڵەکانم دەبێت هەڵاڵەکانم زۆر گەورەبن. لە مۆسکۆ چی دەکەیت؟ بنووسە چکۆڵە ، تەمەڵ مەبە، بەبێ تۆو نامەکانت دەستم ناچێتە هیچ کارێك ( .... ) گوڵە باخەکانم هێشتا نەپشکوتوون بەڵام بەم زوانە دەپشکون{...}

* * *

کنیپەر

١٧ ئەپریل

مۆسکۆ

ئاخری گەیشتینە مۆسکۆ ئانتۆنی ئازیز! ئێستایش ناتوانم ئەو بیرە لەسەرم دەربکەم کە جیابوونەوەکەمان هۆیەکی ماقووڵی نەبوو تەنیا ئەوە نەبێت کە من ژنێکی ئازادم. ئەمە هەر بۆ ڕواڵەت بوو وانیە؟ تۆ دەڵێی چی؟ کە وتیشم من لەگەڵ "ماشا"دا دەڕۆم تۆ تەنانەت یەك وشەیشت نەوت کە نەتەوێت من بڕۆم. تۆ هیچت نەوت، منیش بەو ئاکامە گەیشتم کە ناتەوێت ئەو کاتەی "ماشا" لە ماڵەوە نیە

من لەگەڵتا بم que dirale monde [١٣١] ئایا ئەمە ڕاستیەکە بوو؟ من وای نابینم، مێشکی خۆم گوشیوە تا هەموو شتێك بزانم ، هەرچەندە هیچ گومانێکم لە هەستی تۆ نیە، یان لەوانەیە بەتەواویی نەتوانم ئەو شتانەی لای من زۆر گرنگ بوون بە ڕاشکاوی پێتی بڵێم. لەبیرتە ئاخر ڕۆژ چەندە چووبوومە پێستەکەی خۆمەوە؟ وات دەزانی لە تۆ تورەم. ئێستا گەلێك بێزارم و حەزدەکەم زۆر شتت بۆ بنووسم .هەر شتێك کە هەستی پێ دەکەم و تۆیش بتوانیت درکیان پێ بکەیت، داوات لێدەکەم وەك هەمیشە خۆتی لێ گێل نەکەیت. دەڵێی چی؟ ئایا لەبارەی ئەو شتانەوە کە ناتوانین قسەیان لەسەربکەین هەروا تێپەڕین و بێدەنگ بین؟ من دەزانم تۆ لە باسی جیدی و کێشەو چارەسەرکردنیان کەمتەرخەمیت، بەڵام من بەدوای چارەی کێشەیەکەوە نیم. دەمەوێت وەك هاوڕێیەکی نزیك لەگەڵتا بدوێم. ڕاستت دەوێت لەگەڵ ئەوەیشدا کە ماوەیەکی زۆرخۆشم لە"یالتا" لەگەڵ تۆدا بەسەربرد، بەڵام کە بیر لەو دوا دیدارە لەگەڵ تۆدا دەکەمەوە پێم ناخۆشەو هێشتا شتێکم هەر لە دڵدایە، هەستم بەشتێك دەکردو نەمدەتوانی بیڵێم، شتێکی نهێنی. ڕەنگە تۆ پێت خۆش نەبێت دەربارەی قسەبکەم، ئەگەر وایە بەڕاشکاوی پێم بڵێ، نامەوێت نارەحەتت بکەم. من تەواو چاوەڕێی بەهاربووم کە بتوانم لەجێگایەکدا پێکەوە دابنیشین. پێم خۆشبوو هەرنەبێت دووسێ مانگ لەگەڵ یەکتردا بین و لەیەکەوە نزیکتربین، بەڵام لەم دیدارەدا دیسانەوە من "میوان"ێك بووم لە "یالتا"، بەڕاست بەلاتەوە سەیرنیە؟ وانیە؟ من کەمتر لەم لایەنەوە نووسیومەو ئێستایش لە نووسینی پەشیمانم، بەڵام دەزانم تۆ دەتوانیت هەستی پێ بکەیت و بەتەواوی تێی بگەیت. ئەگەر دەتەوێت بەڕاستی وەڵامی ئەم قسانە بدەیتەوە، یەکسەر وەڵامی نامەکەم بدەرەوە. تەنانەت

---

[١٣١] خەڵکی چی دەڵێن؟

ئەگەر لەگەڵ مندا تەواو پێچەوانەیشی هەرشـتێك بڵـێ. ئێـستا ئازیزەکـەم ماچـت دەکەم ، مۆڵەت هەیە؟

له مۆسکۆ هەموویان لە گەڕانەوەکەم سەریان سووڕماوە، نازانن بـۆ، بەگـشتیانم وتوە دایکم حەزی کردوە بێمەوەو کێشەی ئاپارتمانەکـە چـاریکەم. ئـەمڕۆ سـەرێکم لەشانۆ دا. لافاوی پرسیار بەسەرما ڕژا. ئێستا تـۆ چـۆنیت، بەسـەرکەوتنی "سـێ خوشکەکە" شادمانیت؟ کەی دێیت و پرسیاری بێ کۆتایی. "ڤیشنیڤسکی" دەڵێت نامەیەکی زۆر غەمگینت بۆ ناردوە، ڕاستە؟ عەسری ئـەمڕۆ سـەعات ٧ لێـدوانێك لەسەر "کریمەر" هەبوو، بەڵام زۆر سەرنج ڕاکێش نەبوو"نمیروڤیچ" بەم زوانە دێت بـۆ یالتا، دەیبینیت، هەوای "یالتا" چۆنە؟ باخەکە چۆنە؟ گوڵە سۆسنەکان پشکوتوون؟ چیمەنەکە ڕواوە؟ (...) دایکم بەگەڕانەوەم زۆر خۆشحاڵە"ئیگروڤنـا"[١٣٢] خـەریکی دروست کردنی کێکی جەژنی پاکە. هــەموو نــازم دەدەنــێ، بڕیــارە ســبەینێ ددانم بکێشن. هێشتا چەناگەی خوارەوەم دێشێت. ئازارێکی وام چەشتوە حەز ناکەم بـیری لێ بکەمەوە. وەلێ شتێك دەزانم. ئەگەر نەخۆش بکـەوم تاقـە کەسـێك کـە بهـێڵم بەسەرمەوە بێت "ماشا"یـە، زۆر چـاك لـێم تێـدەگات، تـۆ ئاگـاداریم دەکـەیت؟ هەمووکەسێك پێم دەڵێت باشم ، کێشم زیادی کردوە، ڕەنگم گەشاوەتەوە، بەڵام تـۆ هەر تێبینیت دەردەبڕی... خـەوێکی خـۆش. سـبەینێ دیـسان بـۆت دەنووسـمەوە. ماچێکی گەورە. دەتەوێت؟

(کنیپ شیز)

[١٣٢] ئانا ئیگرۆڤنا سوتوگینا ماوەیەکی زۆر چێشتلێنەری ماڵی کنیپەر بوو.

زوو وەرە، زەماوەند دەکەین و پێکەوە دەژیــن، وایــە ئــانتۆنیۆنی خۆشەویــستم؟ ڕۆژەکانت چۆن دەگوزەرێنیت؟ بە وردی شتەکانم بۆ بنووسە و پەنامەبەرە بەر قــسەی بێ مانا و گاڵتە.

ماچت دەکەم: ئۆلگا

سلاوی زۆرم بە دایکت بگەیەنە، هەوا خۆشەو هەتاوە، بە دەزماڵێکــەوە دەچــمە دەرەوە هەرچەند هەوای عەسران کەمێك ساردە، دەشتەکان پڕن لە شکۆفە.

* * *

کنیپەر

١٨ ئەپریل

مۆسکۆ

سەعات دووی بەیانیەو من دیسانەوە نامەت بۆ دەنووســم ئــانتونی ئــازیزترینم! ناتوانم یادت لە سەرم دەربکەم، هەر کە بیرت لێ دەکەمەوە، لەپڕ هەست دەکەم کــە تۆ لە من بێتاقەتیت، تۆ منت وەك جاران خۆش ناوێت و تەنیا دەتەوێت بە جۆرێــك لەلاتەوە بم، بە چاوی کەسێکەوە تەماشام ناکەیت کە لێتەوە نزیکە. من ناتوانم بــێ تۆ بیر لە ژیان بکەمەوە، ببوورە ئازیزم کە دیسانەوە باس لەم مەسەلەیە دەکەمەوە، تۆ حەزت بەم قسە ژنانەیە نیە، جارێکی تر وا ناکەم، لێم تووڕە مەبە.

ئاخری ئەمڕۆ چووم بۆ لای پزیشکی ددان، وتی پێویست ناکــات ددانم بکێــشم، ئەوەیشی وت کە وام بۆ پڕ دەکاتەوە تا بیــست ســاڵ هیــچی لــێ نەیــەت، ئــەمڕۆ ئاپارتمانێکی زۆر بچووکم نزیك بە کۆلانی "لیونتیڤــسکی"[١٣٣] پەیــدا کــرد. دایکــم ناڕاستەوخۆو بە پێچ و پەنا لێی پرسیم ئایا لەگەڵ تۆدا دەژیم یان بیرێکی تــرم هەیــە.

[١٣٣] Leontievski

ئێمه هێشتا بڕیارمان نەداوه و نازانم چ وەڵامێکی دایکم بدەمەوه. من ناتوانم تەنیا به مووچەکەی خۆم بژیم. هەڵبەته ئەگەر کاربەدەستی دەوڵەت بوومایه و له شانۆدا کارم نەکردایه دەمتوانی بژیم. ئەوسا دەمتوانی داهات و خەرجیەکانم ڕێك بخەم. ئەم کاره له شانۆدا زۆر دژواره. وام بیر لێکردۆتەوه که شتەکان بەم جۆره ڕێك بخەم: له ئاپارتمانه تازەکەدا دوو ژووری جیا دەگرم و ٢٠٠ ڕۆبڵ به دایکم دەدەم. چونکه ئەم ئاپارتمانه به ٢٠٠ ڕۆبڵە. بێجگه لەوه من چەند بتوانم دەبێت به دایکمی بدەم. ئەگەر لەگەڵ ئەودا نەژیم دەبێت له شاردا کرێچی باشی بۆ پەیدا بکەم، چونکه ئاپارتمانەکه ١٤٠٠ ڕۆبڵ دەهێنێت و زۆر ڕەحەت و زۆریشی تێ ناچێت. دایکم گەلێك خەمباره، که دەیبینم دڵم دەگوشرێت. دەبێت ئێمه تا ١٥ی مەی ئاپارتمانێك پەیدا بکەین. ئەگەر زوو بێیت حەزدەکەم لەم بارەیەوه قسەت لەگەڵدا بکەم. تۆ وەڵامم دەدەیتەوه؟ یان له نووسینی شتی بێ نرخ لێم تووڕه دەبیت؟ وەلێ بۆ من ئەم شتانه بێ نرخ نین. دەمەوێت بۆ زستان گۆشەیەکی ئارام پەیدا بکەم و ئیدی ئەم ئازار و زەحمەتانەی رابووردووم له کۆڵ بکەوێت.

* * *

چیخۆڤ

١٩ ئەپریل

یالتا

ئەکتەری ئازیز، دڵدارەکەم، دەتوانین به درێژایی ڕووباری "ڤۆلگا"دا بەرەو خوار بڕۆین، بۆ نموونه بۆ "ئاستراخان" دەڵێی چی؟ بیرێکی لێ بکەرەوه. من دەتوانم خێرا بێم بۆ "یار و سلاڤل" یان "نیژنی"[١٣٤] یان بۆ "ریبینسك"[١٣٥] دەبێت چەند بتوانین

---

١٣٤ **Nizhni**

١٣٥ **Rybinsk**

ئەم هاوینە خۆش بەسەربەرین، واتا چەند بتوانین بۆ شوێنێك بڕۆین دوور لە خەڵك. لە یالتا باران دەبارێت(...)

* * *

چیخۆڤ

١٩ئەپریل
یالتا

تووتەڵە چکۆڵەکەم، ئۆلگا! لە سەرەتای مەیدا دێم. هەر کە تەلگورافەکەم گەیشت لە ئوتێل "درسدن" بپرسە کە ئایا ژووری ژمارە ١٤ خاڵییە. مەبەستم ئەوەیە ژوورێکی هەرزان پەیدا بکە(...)

ئەگەر قایل بوویت وەك دوو ماسی بە "ڤۆلگا"دا دەڕۆینە خواریٚ (...) ئەگەر قەولم دەدەیتیٚ کە لە مۆسکۆ کەس نەزانێت زەماوەندمان کردووە مەگەر دوای تەواو بوونی ریٚ و رەسمەکە، ئەوسا هەر تەواو ئەو رۆژەی کە دەگەم دەتوانین ببینە ژن و مێرد، لەبەرئەوەی لە زەماوەند دەترسم، لە پیرۆزبایی لێکردن و شامپانیا، لە وەستانی ناو هۆڵ و پێك بەدەستەوە گرتن و زەردەخەنەیەکی بیٚ کۆتایی بە روخسارەوە(...).

* * *

کنیپەر

٢١ئەپریل
مۆسکۆ

دوێنیٚ شەو خەوم بە تۆوە بینی ئازیزترینم! دەزانیت لە کوێدا؟ لەواگۆنی شەمەندەفەرێکدا کە پێکەوە لە سەفەردابووین، تۆ ماچت دەکردم و من لە خەو ڕابووم. بەم زوانە دێیت، وانیە؟

تۆ خاوەنی خۆت نیت، ئەمە هەستی هەمیشەیی منە، نامەکەی دوێنێت ئەمە دەسەلمێنێت. ئانتونی ئازیز لەگەڵمدا سانا و کراوەتر بە، لەگەڵمدا راستگۆتر بە. ئەمە زۆر باشترە لەوەی کە خۆت بگریت. دیارە کارناکەیت، هەرناچیت بۆ شار؟ کێ دێت بۆ بینینت؟ ئایا لەگەڵ "ئۆلگا میخایلوڤنا"دا بەم زوانە هاوسەرگیری دەکەیت؟ شیربابییەکەی چەند دەبێت؟

*     *     *

چیخۆڤ

٢٢ ئەپریل
یالتا

کنیپ شیزی ئازیز و شیرین. من بۆیە داوام لێ نەکردیت بمێنیتەوە چونکە خۆم لە "یالتا" بێزارم، بیرم لەوە کردەوە هەرچۆنێکە دەبێت بە زوویی لە هەر شوێنێکدا دڵمان پێی خۆش بێت یەکدی ببینین، دڵدارەکەم تۆ بێ هۆ ئازاری خۆت دەدەیت، من هیچ نهێنییەکم نیە، من ئەوەی بە بیرمدا دێت دەیڵێم.

لە سەرەتای مانگی مەیدا لە مۆسکۆ دەبم، ئەگەر رێ بکەوێت زەماوەند دەکەین، سەفەرێك بەرەو رووباری "ڤۆلگا" یان "گا" و پاشان زەماوەندەکە دەکەین. تۆ چۆنت پێ خۆش بێت وا. دەتوانین بەلەمێك لە "یاروسلاڤل" یان "ریبوسك"[١٣٦] بگرین و تا "ئەستراخان" بچین. لەوێوە بۆ "باکۆ" و لە باکۆیشەوە بۆ "باتوم". ئەمە بۆ تۆ باشە؟ یان ئەگەر پێت چاکە بەرەو باکوور لە "دڤینا"[١٣٧] وە بۆ "ئارخان گلسك"[١٣٨] و لەوێوە بۆ دوورگەکانی "سولوڤیتسکی" برۆین، تۆ هەر شوێنێکت پێ

---

[١٣٦] **Rybiusk**

[١٣٧] **Dvina**

[١٣٨] **Arkhangelsk**

خۆش بێت دەچین. پاشان زۆربەی زستان لەگەڵ تۆدا، لـە مۆسـكۆ و لـە ئاپارتمانـدا دەمێنمەوە. بەو مەرجەی نەخۆش نەبم. كۆكە وزەی لێ بڕیوم، ناتوانم گەشبینانە بـیر لە ئایندە بكەمەوە، ئەمەیش هەر بەبێ شەوق و شادی دەنووسم. بەڵام تۆ دەتوانیـت بیر لە ئایندە بكەیتەوە، مامۆستامبە، وەك چۆن خۆت دەیڵێیت و منیش دوایی هەر لەم بارەیەوە بیر دەكەمەوە، ئەگەر وانەبێت ناتوانین ژیـانی تـەواو بەسـەربەرین. وای لێدێت كە هەر ساتەو كەوچكێكی لێ بخۆین.

باشە، كەواتە تۆ نەخشەی تازەت نیە؟ زۆر چاكە، ئەمڕۆ وتارێكیـان لـە بـارەی "سێ خوشكەكە"وە لە بڵاوكراوەی "ریڤویلانش"[١٣٩] ەوە بـۆ نـاردوم، وەڵامەكـەی تۆلستۆیشم پێ گەیشت كە بۆ شورای كڵێسەی ناردبوو، دەربارەی دەركردنی ئەو لـە كڵێسە. هەروەها گۆڤاری "لیس فلاوەرز دو نورد"[١٤٠] یان بۆ نـاردووم كـە چـیرۆكی "شەو لە دەریادا"ی منیان تیا چاپكردووە. "ئیڤان" نووسیویەتی كە نەخۆشـە، لـە شـانۆی ئولۆمپیـاوە تـەلگورافێكم پێگەیـشتوە مۆڵـەتی نمـایش كردنـی "سـێ خوشكەكە"م لێ دەخوازن. ئەمڕۆ بارانە، بایەكی ترسناك هەڵیكردووە، بـەڵام دەرەوە گەرمە و زۆر خۆشە، لاقی سەگەكەم "شاتان"[١٤١] یان شەل كردووە كە تۆ ناوت لێ نابوو "لەرو"[١٤٢] ناچار بووم بیپێچم و ئێستا هەموو ئەم ناوە بـۆنی یـۆدی گرتـووە. ڕۆبڵێكت لەسەر مێزەكە لێ بـەجێماوە (...) مـن ئەسـڵەن نامـەی خـەمگینم بـۆ "ڤیشنیڤسكی" نەنووسیوە.

---

[١٣٩] revue blanche

[١٤٠] Les fleurs du nord

[١٤١] chataigne

[١٤٢] Le Roux

گەر بێم بۆ شانۆ چی دەبینم؟ پرۆڤە لە چیدا دەکەن؟ "میشیل کریمەر؟" یان "قالاوی کێوی؟" زۆر حەز لە نووسینی شانۆگەریەکی گاڵتە جاڕی یان کۆمیدیایەکی چوار پەردەیی دەکەم. ئەگەر شتێك ڕێگام لێنەگرێت حەتمەن دەینووسم. بەڵام تاپێش ١٩٠٣ نایینێرم. بەکەس مەڵێ و خۆت بە تەنیا وەرە بۆ وێزگە، گوێت لێیە؟ خودات لەگەڵ دڵەکەم، ئازیزترینم، کچە نازەنینەکەم. خەم داتنەگرێت ئەم خەیالانەت کە خودا خۆی دەزانێت چین لە سەری خۆتیان دەربکە. بەڵێنت پێ دەدەم کە بۆ چرکەیەکیش بێت هیچ شتێکم نیە لە تۆی بشارمەوە، میهرەبانبە، تووڕەمەبە، ماچێکی گەورە بۆ تووتەڵە چکۆڵەکەی خۆم.

ئانتۆنەکەت

*   *   *

کنیپەر

٢٤ئەپریل

مۆسکۆ

ئەمە یەکەمین جارە کە بە ڕۆژی ڕووناك بۆت دەنووسم ئازیزم، ئاسایی شەوانە دەنووسم، خۆم دەشۆم، بەرگی خەو دەپۆشم، لەتاریکیدا کاتێك کە ماڵ بێدەنگەو وەرەو بڕۆو گۆرانی وتن نامێنێت دەست بە نووسین دەکەم.

هەرچەندە هەوای ئەمڕۆ گەرمترە، هێشتا ژوورەکە ساردە، دوێنێ زۆر ترسناکبوو، لەسەرماندا پێستم تەزووی پێدادەهات و حاڵم خراو بوو، (...) دوێنێ لەگەڵ ئامۆزاکەمدا چووین بۆ بینینی نمایشنامەی تیپێکی فەرەنسی (...) زۆر بێزارکەر بوو، نمایشنامەی "سیرانو دیبرژراك"م بینی، نواندنەکان ساکار بوون، بۆیە هیچ کاریگەریەکیان نەبوو، دەمەوێت سبەینێ لەگەڵ "ماشا"دا بچم بۆ بینینی (خانمێك لای ماکسیمەوە).

سەرم لە شانۆ نەداوە، دەخوازن پرۆڤە لە"قالاوی کێوی" و"میشیل کریمە"دا بکەن. من ئازادم (...) لە ڕۆژنامەکانی پراگدا لەسەر "خالّ ڤانیا"م خوێندەوە، گەلێکم پێ خۆشبوو، ئازیزەکەم زوو دێیت؟ لێرە ژیان بەبێ تۆ زۆر بێ تامە، هەموو چرکە ساتێك بیر لەتۆ دەکەمەوە ، لێم بووە بە خوو (...) کەواتە دێیت، زەماوەند دەکەین و دەڕۆین بۆ شوێنێك ، ئەگەر حەزت بەهیچ شوێنێك نەکرد دەڕۆین بۆ "یالّتا" بزانین زستان چۆن دەبێت ، هەرچۆنێك بێت ئەمسالّ بەسەر دەبەین، ئەگەر کێشە زۆر بێت پێویستە بیری لێ بکەینەوە. قبولّتە ئازیزم؟

ماچێکی گەورە وەك دیاری و ئۆقرە براوانە لەچاوەڕێتدام.

توتەڵەکەت

بەڕاست تۆ عاشقی کنیپ شیزیت؟

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٢٤ئەپریل

مۆسکۆ

تازە نامەیەکم بۆ نووسیبوویت و بەنیاز بووم لەمالّ بڕۆمە دەرەوە کە نامەیەکتم لە سندوقی پۆستدا بینی. بیرەکەت لەبارەی "ڤۆڵگا" وە نایابە، من زۆر دلّشادم و وەك منداڵ زەوقم پەیداکردوە، من هەرگیز "ڤۆڵگا"م نەدیوە. ئانتۆنی ئازیزم ، هەموو شتێك زۆر باش دەبێت. من دلّم گەلێك ڕووناکە، کەواتە بڕیارەو دراوە بۆ "ڤۆڵگا"، ماچت دەکەم و لەچاوەڕوانیتدام.

ئۆڵگاکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆف

٢٤ئەپریل
یالتا

دڵدارەکەم ، دیسانەوە هەمان کەش و هەوا بۆگەنەکەی " یالتا". سارد، باراناوی، زریان. دوێنێ "نمیروڤیچ" لێرە بوو، هێور، بەڵام دڵ و سەری باش نەبوو، لەوە دەچوو ئەم ڕۆژانە پیر بووبێت، زۆر حەز بەنووسین دەکات (.....) بڕیارت داوە بۆکوێ بچین؟ لەو بارەیەوە بیر بکەرەوە ئازیزم (.....) نووسیوتە ئەو بەڵگەنامانەی بۆ هاوسەرگیریەتی پێویستن بیانهێنم، من بێجگە لە گوزەرنامە چ بەڵگەنامەیەکی ترم نیە. کەواتە ماڵئاوا "لوتران"[١٤٣]ی بچکۆلانەکەم، ئاگاداری خۆتبە، شادبە، مەپووکێرەوە، ئەڵمانیەکی ڕەسەنی گوپ سوور ، حەزدەکەی ناوت لێ بنێم ئۆلیا؟ باشە، تەندروست بیت ئولیاکەم.

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٢٦ئەپریل
مۆسکۆ
٨ی دوای نیوەڕۆ

ئەمڕۆ لەبەیانیەوە سەرم دێشێ بەڵام ورەم باشە، نامە جوانەکەتم، کە لەجوان جوانترەو تیایدا ماچ بارانت کردووم پێگەیشت. سەرم چاکترە. "ماشا" و"لیلیا"ی ئامۆزام باش بۆیان شێلام تاخەوم لێ بکەوێت. دیسانەوە ئەمڕۆ گەرمەو هەتاوە. (...) ئەمشەو "سولرژیتسکی"، "ڤیشنیڤسکی"و "ماشا" بۆ ئێرە دێن. "ڤیشنیڤیسکی" تۆقیو بە تەواوی پیرۆزیەکانی ئاسمان و زەوی سوێند دەخوات کە تا

[١٤٣] **Lutheran**

یەك دووساڵی دی من دەبم بەژنی. بەردەوام ئەم گاڵتانە دەكات. دوێنێ كەمی مابوو لێی زیزبم.

دوێنێ "خانمەكەی مەكسیم"مان بینی، گاڵتەجاڕییەكە لەسەرەتادا. لەگەڵ ئەوەیشدا كە ئەكتەرەكان لە پلەی یەكەمدا نەبوون بەلاّم زۆر پێكەنین، "لیلینا" و "ستانسلاڤسكی" لەوێ بوون (...)لای ئێمەوە دانیشتن. مەسەلەی ئەو شانۆگەریەی كە دەتەوێت بۆ شانۆی بنووسیت چیە؟ زۆر باش دەبێت هەروەها كۆمیدیاكەیش!! بەرنامەی سەفەرەكەمان بۆ "یاروسلاڤل" و "ئاستراخان"و "باكۆ"و "باتوم" زۆر سەرنج ڕاكێش دێتە بەرچاو، خۆزگا دەتزانی كە بیركردنەوە لەم سەفەری دوو كەسیە چەند خۆشحاڵم دەكات ! من لە چاوەڕوانیتا ئارامم لێ بڕاوە، ئێستا تەندروستیت چۆنە؟ كۆكەت باشترە؟ لە باران باریندا مەچۆرە دەرەوە (...)

تووتەڵەكەت

* * *

كنیپەر

٢٩ئەپریل

مۆسكۆ

زۆر گریمانەی ئەوە دەكەم كە ئەم نامەیە لە" یاڵتا" بەدەستت ناگات، چونكە دەزانم ئەگەر بەپێی بڕیارەكەی خۆت بێیت ئەوا یەكەم یان دووەم ڕۆژی مەی لەوێ نابیت.

ئاوو هەوای ئێرە نایابە، دنیا هەتاوە بەلاّم باشەو گەرم نیە. درەختەكان لە سەوزبووندان، زەنگەكان لێ دەدەن دەڵێی ڕۆژانی پشوە، دوێنێ پێش ئەوەی بچم بۆ شانۆ پاڵ كەوتم و گوێم لە دەنگیان گرت، هەندێك جار ئەو دەنگانە ئاسوودەییم پێ دەبەخشن. بەلاّم دوێنێ منی بێتاقەت كرد، گوێ لێ گرتنیان چاكە، بەلاّم دەردناك و بێزاركەرن. بیرێكی بێ سەرەو بەرەم هەبوو (...)

تووتەڵەكەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢مەی

یالتّا

(.....)**٥ی** مەی یان بەلایەنی زۆرەوە ١٠ی مانگ "یالتّـا" بـەجێ دێڵـم. بـەپێی گونجانی ئاووهەوا، پاشان بەدرێژایی "ڤۆلگا"دا دەڕۆین. بەکورتی دەچین بۆ شـوێنێك کە تۆ پێت خۆش بێت، من لەژێر فەرمانی تۆدام.

ئەگەر "ڤیشنیڤسکی" بتهێنێت لەعیـشقەوە نیـە، بـەڵکو لەبـەر بەرژەوەنـدی خۆیەتی. وەلێ زۆر پیاوێکی خراپ نیە. بیری لـێ بکـەرەوە ، واچـاکترە شـوو بـەو بکەیت. بێگومان ئەو لەوەوە قسە دەکات کە تۆ زوو بێـوەژن دەکـەویت. بـەڵام بـا بزانێت کە من پیاوێکی کینە لەدڵم و لە وەسیەتنامەکەمدا مۆڵەتی ئەوە نادەم دوای من تۆ شوو بکەیتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا ئـازیزم ئێمـە بـەزوویی یەکـدی دەبیـنین و پێکـەوە قسەدەکەین. خۆرنشینەو حاڵم لەم بەیانیە چاکترە. لەوانەیە سبەینێ بگەمە مۆسکۆ. چونکە لە٤ی مەیدا شەمەندەفەرێکی خێرا بەڕێدەکەوێت. تەلگورافت بۆ **دەنێرم[...]**

ئانتەکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٦مەی

مۆسکۆ

تەلگوراف

تەندروستیت. بەگەیشتنت تەلگورافم بۆ بکە.

ئۆلگا

*　　*　　*

چیخۆڤ

٦مەی

یاڵتا

تەلگوراف

ڕەنگە هەینی (١١ی مەی) بێم، تەندروستیم باشە.

*　　*　　*

چیخۆڤ

٩ مەی

یاڵتا

حەتمەن ڕۆژی هەینی دێم تووتکەکەم.

*　　*　　*

چیخۆڤ

٢٤ مەی

مۆسکۆ

هەموو شتێك لەماڵدا ئامادەیە، دەبێت پێش سەعات یەك یەكتر ببینین و قسەبكەین. حەتمەن هەینی دەڕۆین.

ئا- چیخۆڤ

*　　*　　*

لەبەرئەوەی چیخۆڤ خۆشیی لە زەماوەند نەدەهات ڕێ و ڕەسمێکی تایبەتی سازاند. کە دایکی کنیپەر بیستی زەماوەندەکە بەنهێنی و بێ تەشریفات دەکرێت

تەواو تووڕە بوو، چیخۆڤ زۆر سـپۆرتانە نەخـشەیەکی دانـاو نەیویـست کـەس پێـی بزانێت. ئێوارە خوانێکی لـە ٢٥ی مەیـدا سـازکردو هـەموو هـاوڕێو ئەنـدامانی خێزانەکەی بانگهێشت کرد. دوای چـاوەڕوانیەکی دوورودرێـژی پـڕ لەنیگـەرانی بـۆ هاتنی بوك و زاوا، هەواڵیان پێ گەیشت کە ئەوان گرێ بەسـتێکی پەلـەیان کـردوەو ئێستا بۆ مـانگی هـەنگوین بـەرەو وێـستگەی شـەمەندەفەر دەچـن. ڕێگاکـەیان بەدرێژایی "ڤۆلگا" بـە "کامـا"و "ڕووبـاری سـپی"دا تێدەپـەڕی، دوا هـەواریان ئاسایشگای "ئاکسیونوف" بوو بۆ ئەوەی چاکتر بتوانن پارێزگـاری لـە تەندروسـتی چیخۆڤ بکەن.

## کنیپەر، یاداشت

ئێمە ٢٤ سەعات لە"دارستانی مەست"[١٤٤] لەپاڵ "کاما"دا گیرمـان خـوارد. ناچار بووین لە کوخێکدا کە چەند کیلۆمـەترێك لـە کـەنار دوور بـوو لەسـەر زەوی بنووین. بەڵام خەومان لێ نەکەوت ، چونکە نەمان دەزانی دەبێـت کـەی بەلـەم بـۆ "ئوفا" بگرین. ناچاربووین هەموو شەوەکە بڕۆین و تەماشا بکـەین ئایـا بەلـەمێك دێت یان نا. چیخۆڤ فەزای گوندیانەی سەوزی "ئاکسیونوف"ی لاخۆشبوو، سـێبەرە درێژەکانی دوای سەعات شەشی مێرگەکـە، خڕوپڤـی ڕەوە ئەسـپ، گـوڵ و گیـای خۆماڵی و ڕووباری "دیوما" کە هەموو ڕۆژێك بـۆ ماسـیگرتن دەچـووینە ئـەوێ. ئاسایشگاکە لە دارستانێکی جوانی دار بەڕوودا دروسـت کرابـوو. بـەڵام بینایـەکی سەرەتایی و کەمترین ئاسوودەیی تیابوو. تەنانەت بۆ سەرین پەیداکردن ناچـار بـووم تا"ئوفا" بچم . لە سەرەتاوە چیخۆڤ ڕژێمی مەیاندنی شیری مـاینی پـێ خۆشـبوو.

[١٤٤] **Drunken wood**

بەڵام زوو لەبەرچاوی کەوت ، ئێمە شەش هەفتە لەوێ ماینەوە. بەدرێژایی کەناری "ڤۆڵگا"تا "تزارینیتسا"[١٤٥] و "نوڤوروسیسك"[١٤٦] ڕۆیشتین و پاشان بەڕێگای "سامارا"[١٤٧] دا گەڕاینەوە بۆ یاڵتا، ٢٠ی ئۆگەست لەیاڵتا بووین. پاشان من ناچار بووم بگەڕێمەوە بۆ مۆسکۆ. کاری شانۆ دووبارە دەستی پێ کردەوە.

❊ ❊ ❊

---

[١٤٥] Tsarinitsa

[١٤٦] Novorossiska

[١٤٧] Samara

# هاوسەر

چیخۆڤ

٢١ ئۆگەست

سڤاستۆپۆل

هاوسەرە دڵگیر و هەرە ئازیزەکەم، تازە لە خەو هەستاوم و کەمێك قاوەم خواردۆتەوەو بە نیگەرانیەوە گوێم لە دەنگی با گرتووە (...) دەچم بۆ "یاڵتا" و لەوێ چاوەڕوانی نامەتم، خەم مەخۆ دلۆڤانەکەم، نائومێد مەبە، تووڕە مەبە، شادبەو پێبکەنە کە زۆر جوانت لێ دێت. زۆرم خۆش دەوێیت و هەروایش دەبم (...)

ئانتونی مێردت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٢١ ئۆگەست

لۆزۆڤایا

لە "لۆزۆڤایا"وە نامەت بۆ دەنووسم ئازیزم، سەفەرەکە باش بەڕێوە دەچێت بەڵام من گەلێك خەمگینم، هەوا سارد و باراناویە (...) تۆ چۆنیت؟ سەفەرەکەت چۆن بوو؟ هەموو شتێکم بۆ بنووسە، دوێنێ لەو چرکەساتەوە کە شەمەندەفەرەکە بەڕێ کەوت بە دەگمەن لە گۆشەکەی خۆم جووڵام. بەردەوام لە یادی تۆدام، بە خەیاڵ لەگەڵتا لە وێزگەوە تا ئوتێل رۆیشتم.

ماچێکی گەورە، تەندروست بیت، خەمبار مەبە و لە هەموویش چاکتر ئەوەیە کە بنووسیت.

"ئۆ"کەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٢١ ئۆگەست

خارکۆف

ئانتونی ئازیز و چکۆلەم، پیاوە زێڕینەکەم، ڕەنگە ئێستا لە ڕستۆرانێکدا نان بخۆیت، دەتوانم وێنای دەم و چاوت بکەم کە چەند لە من نزیکە و هەست بە چاوە جوان و میهرەبانەکانت بکەم، دوێنێ لە پشت پەنجەرەوە وەستام، بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ گریام و گریام، هەرچەندە دەزانم حەز بەم کارە ناکەیت. لەبەر تریفەی مانگەشەودا تەماشای دەرەوەم کرد، شەقامە باریك و زیوینیەکان هێند ختوورەیان دەدایتێ کە پێم خۆشبوو لە باتی ئەو واگۆنە نەفرەتیە بچمە دەرێ و پیاسەیەك لە هەوای ئازاددا بکەم. کە لەگەڵ سروشتدا ڕووبەڕوو دەبم هەستەکانم زیاتر واقیعی دەبن، زیاتر لێیان تێدەگەم. دەزانم دیسانەوە کەوتوومەتەوە فەلسەفاندنە ئەڵمانیەکەم، سەرکۆنەم دەکەیت! کە هێور بوومەوە بیرم لە خۆشەویستیەکەمان کردەوە. وام وێناکرد کە زستان لە "یالتا" بەسەردەبەین. چەند ڕێگایەکم دۆزیەوە بۆئەوەی کاتی خۆمیان پێ بەسەر بەرم. لەوانەیە بۆ ساڵێکی تر بشێت، تۆ دەڵێی چی؟ باشە وا چاکە لە ئێستاوە بەرنامەی بۆ دانەنێین. ئەم زستانە دەردەکەوێت کە لە ئایندەدا چی ڕوودەدات.

ژنەکەی دی کە لە واگۆنەکەدایە گەلێك دەوڵەمەندە. دیارە خاوەن زەوی و موڵکدارە، بەڵام نازانم لە چ میللەتێکە. مێردەکەی وەك ئەریستۆکراتی دەپەیڤێت. ژنێکی زۆر نائاساییە و گەلێك کەم قسە دەکات، ئەمەیش بۆ هاوسەفەریی بەخششێکی گەورەیە. ئێستا ئاوو هەوا گەرمتر و ڕووناکترە.

دوێ شەو باش نووستم، ڕۆژنامەیەکم کڕی کە تا ئێستا دەیخوێنمەوە. بیرکردنەوە لە مۆسکۆ نیگەرانم دەکات، هێشتا نازانم کارەکان چۆن ڕاپەڕێنم و تۆ چۆن ببینم

ئازیزم. بەڵام کاتێك کە بیر لە بێدەنگی و ئەو چاڵە پڕ لە خەمـە دەکەمـەوە کـە لـە ناخی تۆدا هەیە دڵم دەداتە ئێش. (...).

خۆشم دەوێیت ئازیزم، لە کونجی باخچەکەدا دابنیشەو بیرم بکە. پیاسـە بـە نـاو باخچەکەدا بکە و گیاکانت بلاوێنە. ئەگەر بای نیە لە باڵکۆنەکەدا دابنیشە و هـەوا هەڵمژە (...)

خەریکە دەگەینە خارکۆف.

ماچت دەکەم، ماچت دەکەم، خۆشم دەوێیت

بنووسە، سلاو بۆ "ماشا" و دایکت.

ئۆلگاکەت

* * *

کنیپەر

٢٢ ئۆگەست

نزیکی مۆسکۆ

دوای نیو سەعات دەگەینە مۆسکۆ، باران ناباریێت بەڵام هەوا تـەڕو تازەیـە. زۆر چاك نووستم، وام بە بیردا دێت خێزانەکەم بـێن بـە پیرمـەوە. زۆر دەمێکـە ئـازاری بێنامەییت دەچێژم ئازیزم، ئەمشەویش نامەت بۆ دەنووسمەوە.

ماچت دەکەم، تەندروست بیت.

ئۆلگاکەت

ئۆلگا بە هۆی شووکردنیەوە بە چیخۆڤ ناچار بوو لە مۆسـکۆ بـە دوای خـانوودا بگەڕێت.

* * *

کنیپەر

٢٢ ئۆگەست

مۆسکۆ ١,٣٠ بەیانی

خۆشەویستترین ئازیزم، من لە مۆسکۆم، سەرەگێژەمە، شەو خێرا لە نیوەی نزیك دەبێتەوەو من هێشتا نەچوومەتە ناو جێگاوە. هێشتا لە شەکەتی سەفەرەکەدا دەلەرزم و هەست دەکەم خەریکە گلێنەم لە کاسەی چاومەوە بێتە دەرێ، هەموو رۆژەکە، تەواوی دوای نیوەڕۆ و هەموو کاتم باسی تۆم کردوەو وەڵامی ئەو پرسیارانەم داوەتەوە کە پەیوەندیان بە تۆوە هەیە. گشت رووداوەکە، لەو کاتەوە کە لە شەمەندەفەری مۆسکۆوە کارتم بۆ ناردیت تا ئێستا بۆت دەنووسم.

کەس بۆ بینینم نەهات و من کەمێك بێتاقەت بووم. بە جانتا بچووکەکەمەوە چوومە ناو تاکسی و پیاسەیەکم بە مۆسکۆدا کرد. هەوا پاکژ و کەمێك سارد بەڵام زۆر دڵگیر بوو. خۆر لە نێو هەورەکانەوە دەرکەوت (...) لە ماڵەوە بە هەراوزەناوە پێشوازیان لێ کردم (...) دایکم وایزانیبوو بە شەمەندەفەرێکی تر دێم بۆ ئێستگە بۆیە نەهاتبووە پێشوازیم (...) سەعات ١٢ خۆم شت. جلم لەبەرکردوو چوم بۆ شانۆ ئەمەندە زۆرو گەمژانە ماندوو بووم کە ناتوانی بیری لێ بکەیتەوە. پرۆڤە نەبوو، دوو سێ کەسم بینی و پاشان "نمیروڤیچ"م دی کە بێگومان هەموو شتێکی لێ پرسیم (...) دەیویست بزانێت دەمەوێت چی لەبارەی شانۆوە بکەم. ئایا لێی بێتاقەت بووم؟ هەموو دەخوازن تۆ زستان لێرە بەسەربەریت (...) دوای نانی نیوەڕۆ من و دایکم چووین بۆ ئاپارتمانە تازەکە، لە کۆڵانێکی بەرانبەر بە شانۆکەدایە، ژووری زۆر و بنمیچەکانیشی بەرزبوون، لە ڕاستیا بنمیچی دووژوور لە چوار ژووریان، ژووری پێنجەم تاریك بوو، ئەوەیان بۆ پێش خزمەت. بەڵام شتێکی زۆر سەیر، ئاودەستی نەبوو! ئەمە یەکەم خەوشی ئەوێ بوو. دووەم، ژوورێکیان کە بڕیار بوو "ماشا" سوودی لێ ببینێت، ئەویش بچووك و بنمیچەکەی نزم بوو، بۆیە بۆ ئەو ناشێت. بە

گشتیماڵێکی چاك نەبوو، دوایی خانوویەکی گەورەمان دی بە شێوازی ئـەوروپایی دروست کرابوو لەسەر شـەقامی سـنریدۆنۆڤکا، لـە ناوەڕاسـتی حەوشـەکە و گـڵ کاریەکانیدا چینێکی جوان و ڕێك و پێـك و پێـنج ژووریـان تیـا دروسـت کـردووه، چێشتخانەکەی دلگیرەو نانخواردن و مەخزەنێك و ژێرزەمینێکیان تیایـە و کرێکـەی ٨٥٠ ڕۆبڵە. ژوورەکان زۆر گەورە نین، بنمیـچیان کـەمێك نزمـە بـەڵام ڕەحـەتن. ژوورێکی زۆر جوانیشی بۆ "ماشا" تیایە. سبەی بۆ بینینی خاوەن خانووەکە دەچم و من ٨٠٠ ڕۆبڵی بۆ پێشنیاز دەکەم، ئەگەر نەهاتـە خـوارەوە هـەر قبـووڵی دەکـەم. ماڵەکە گەرمە و شێی نیە، سێ ساڵە خۆیان بەسێ منداڵەوە تیایدا دەژین. نمونەییـە ئانتۆنی ئازیزم، ئەو حەوشە گەورەیەی بڕیارە قیرتاوی بکات. خاوێنە، خاوەن ماڵەکە کەسێکی بەڕێزە، تەلارسازە، ئەگەر ئێمە نەیگرین دایکم سـاڵێکی تـر دەیگرێـت، چـونکە زۆر حـەزی لـێ دەکـات و چـاوی لەسـەریەتی، هـەوای شـەقامی "سنریدۆنۆڤکا"[١٤٨] زۆرباشە، باخی زۆری تیایە و خودی شـەقامەکەیش پاکـژە. بـە دڵنیاییەوە دەمانەوێت بیگرین. دەیبینیت کە چەندە ڕەحـەت و ئارامـە، بـەبێ تـۆ دەپوکێمەوە(...) چەند پێم خۆشە لات بم و پاڵت پێوە بدەم و گوێم لێت بێت کە پـێم دەڵێی دڵدارەکەم، چاوە پڕ لە میهرەبانی و بەسۆزەکانت ببینم. چـەندم پـێ ناخۆشـە کاتێك بیر لەوە دەکەمەوە کە بە تەنیا بەجێماویت (...) خۆشـەو ئـازار بەخشیـشە. "نمیروڤیچ" وتی دەیەوێت لە شانۆیی "قالاوی کێوی"دا من ڕۆڵـی هاوسـەر ببیـنم، چونکە بۆشاییەك هەیە. بەڵام هێشتا ئەوان ڕوونکردنەوەیەکیان نـەداوە، منـیش تـا ئێستا وەڵامم نەداوەتەوە. تۆ دەڵێی چی؟

خۆشەویستەکەت

---

[١٤٨] snridonovka

تا ئێستا دایکم لەبەرئەوەی بەیانی خواردنێکی وای بۆ دروست نەکردیت کە شایانی زەماوەندەکە بێت لە خۆی خۆش نابێت! بەڵام دەڵێت هێند لە ڕووگرژی و فەرمانەکانی من ترسابوو ئیدی ئومێدی ئەوەی نەبوو کە ئێمە دوای کلێسا بگەڕێینەوە ماڵەوە. من خۆیشم پێش لە ڕێ و ڕەسمەکە ئاگاداری ئەوە نەبووم.

* * *

چیخۆڤ

٢٣ ئۆگەست

یاڵتا

ژنە دەگمەنەکەم، ئازیزترین هاوڕێم، دوێنێ گەڕامەوە بۆ "یاڵتا" "سڤاستۆپۆل" باش بوو، بەیانیەکەی بایەکی توند هەڵیکرد، چاوەڕێی شەپۆلانی دەریا بووم بەڵام دەریا ئارام بوو، دوای نیوەڕۆ هەموو شتێك زۆر چاکبوو. ئێستا لە ماڵەوەم، لە پشت مێزەکەمەوەم و نامە بۆ تۆ دەنووسم، چۆنیت؟ لە مۆسکۆ چیت دەستکەوت؟ بینینی هاوکارەکانت چۆن بوو؟ لەبارەی هەموو ئەم شتانەوە بۆم بنووسە. کچە شکۆمەندەکە، هەمیشە یادت دەکەم.

کورسی ژوورەکەت خەمبار و نوقمی بیرکردنەوەیە، پێم وتوون بیخەنە ژوورەکەی من، ژوورەکەت لە قاتی خوارەوەدا بێدەنگ و تەنیایە، وێنەی دایکت لەسەر مێزەکەیە (...) ئەمڕۆ جلەکانم پاك نەکردۆتەوە، هەر لە ئێستاوە بێ تۆییم پێوە دیارە، چەکمەکانیشم پاك نەکردۆتەوە، بەڵام تووڕەمەبە ئەو کارە دەکەم "ماشا" دەیەوێت ئەم کارانە بکات و هەموو شتێك پاك و ڕێك و پێك دەبێت.

زۆرم خۆش دەوێیت ئازیزم. سڵاوم بۆ دایکت و "خاڵە ساشا" و "خاڵە کارل" و "ڤیشنیڤسکی" و "نیمیرۆڤیچ" و ئەوانی تر بگەیەنە، خوا پشت و پەنات بێت، دووعات بۆ دەکەم، بنووسە، بنووسە، هەموو ڕۆژێك بنووسە، ئەگینا دارکاریت دەکەم، خۆت دەزانیت من مێردێکی سەرسەخت و توند و تیژم.

ئانتەکەت

دوێنێ لە "یالّتا" باران باری، هەموو شتەکانی ناو باخەکە تەڕو تازەیە.

* * *

کنیپەر

٢٣ ئۆگەست

مۆسکۆ — ١ی بەیانی

چۆنیت شیرینەکەم؟ چەند خۆشە کە دەتوانم لە کۆتایی ڕۆژدا دابنیشم و بۆ چرکەساتێك لەگەڵتا بدوێم ئانتۆنی ئازیز، پێش تۆزێك لە چێشتخانەکەدا لەناو تەشتێکدا سەرو لەشم شت و تۆز وخۆڵی شەقامم لە خۆم پاك کردەوە، وا دیسان ماڵەکە هێورەو منیش دووبارە نامەت بۆ دەنووسمەوە، لە ماڵەکەی تۆدا هەموو شتێك ئارامە و گەرمە و بێگومان ئێستا تۆ نووستوویت. چیت هەبوو بیخۆیت؟ (...) ڕەنگە بەیانی نامەیەکی تۆم پێبگات، هەڵبەت وەك خۆت بڕیارت دابوو لە "سڤاستۆپۆل"ەوە نامەم بۆ بنووسیت.

ئانتۆن بۆ لێرە لەگەڵما نیت؟ نەبوونی تۆ بۆ من مایەی سەرسامی و بێ مانابییە. وا چاکترە لەم بارەیەوە هیچ نەڵێم ئەگینا تاهەتا هەتایە بەردەوام دەبم. باسی ڕۆژی خۆمت بۆ بکەم. پێش گزنگی خۆر لە خەو هەستام و سەعات هەشت لە ناو جێگا وەدەرکەوتم و سەعات ١٠ ڕۆشتم خانوەکە ببینم و بڕیار بدەم، داوای ٨٥٠ ڕۆبڵ دەکەن بەلاّم من ٨٠٠ ڕۆبڵم پێ وتوون و پێشەکیەکیشم داوە. لەگەڵ خاوەن خانوەکەدا قسە دەکەم بەڵکوو بێتە خوارێ (...)

خاوەن خانوەکەم هەر نەدیوە، لە سەعات یەکەوە ئاپارتمانەکە دەبێت بە هی ئێمە، پاکی دەکەنەوە(...)

لە بیرم چوو دوێنێ بۆت بنووسم کە "نمیروڤیچ" و "سانین" دەربارەی نمایشکردنی "ئیڤانۆڤ" قسە دەکەن. بێگومان تۆ ناڕازی نیت وایە؟ ڕەنگە بیانەوێت تۆ

دەستکاریەکی کەمی بکەیت، بەڵام نمایش کردنی زۆر چاك دەبێت. بەبێ چیخۆڤ کارمان ڕوو لە پێش نیە. وەلێ گریمانەی ئەوە هەیە کە نەهێڵن من ڕۆڵی "سارا" ببینم، من لە داخا دیق دەکەم.

"سانین" لێی پرسیم ئایا شووکردن چاکە؟ دەستم ناگرێت؟ گەمژە! دەڵێت "دڵم خاڵیە، "هەستم وایە کە دەبێت شووبکەم بەڵام نازانم بە کێ؟ کەمێك ئامۆژگاریم کرد و ئەمڕۆ لە شانۆ کارێکم نیە (...)

تەماشای وێنەکەت دەکەم، شادمانم کە هەر هێڵێکی دەم و چاوتم لەبەرە، ئالکول لە قژت دەدەیت؟ بە "ماشا" بڵێ کەمێك هی تازەت بۆ دروست بکات، ماچێکی مەزن ئازیزترینم، بۆم بنووسە و پێم بڵێ چۆنیت؟

ئۆلگاکەت

دایکم سلاو لە هەموان دەکات بەتایبەتی لە تۆ.

* * *

کنیپەر

٢٤ ئۆگەست

مۆسکۆ — تەلگورام

خانوەکەم گرتوە، گەرم و هێورە، بنووسە.

* * *

چیخۆڤ

٢٤ ئۆگەست

یالتا

دڵداری هەرە ئازیزم، دوو کارت و نامەیەکی داخراوی تۆم پێگەیشت. سوپاست دەکەم. تۆ باشیت و میهرەبان و من خۆشم دەوێیت،خۆشم دەوێیت، لە بەیانیەوە سەرم دێشێت. نەك هەر دێشێت، شەق دەبات، بێجگە لەمە لە

بەیانیەوە تا شەو (تەنانەت شەوەکەیش) بەردەوام میوانم هەبوو، ناتوانم کار بکەم (...) ئەگەر بۆم بنووسیت و داوام لێ بکەیت لە سپتەمبەردا دێم بۆ مۆسکۆ. بێ تۆ ژیان بێتامە، من وەك منداڵێك هۆگری تۆ بووم، بەبێ تۆ کەس خۆشی و ئارامیم ناداتێ (...)

دەنووسیت "دڵم ئازاری تێ دەگەڕێت کاتێك کە چاڵی قووڵی خەم لە دەروونتا دەبینم" ئەمە چ قسەیەکی بێ مانایە ئازیزم، ئەسڵەن من خەمبار نیم و نەبووم، تا ڕادەیەکی زۆر حاڵم باشە، کە تۆ لەگەڵما دەبیت من حاڵم زۆر خۆش دەبێت.

بۆم بنووسە لە شانۆ چۆن پێشوازیان لێ کردیت، دەیانەوێت چ شانۆگەریەك نمایش بکەن و چی ڕوودەدات و تۆ هەتا ١٥ی سپتەمبەر چی دەکەیت. تەمەڵ مەبە، هەموو شتێك بە چاکی بنووسە، من هەمیشە بۆ تۆ نامەی درێژ دەنووسم، بەڵام لەبەرئەوەی ورد دەنووسم کەم دێتە بەرچاو.

هەوا فێنکە، وەلێ لەوە دەچێت گەرمتر بێت، هەموو شتێك هێور و جوانە، گوڵە باخەکان پشکوتوون، مەبەستم ئەوەیە کە بەڕاستیی لە ناو پەڕی قوودا دەژیم.

ژنە نایابەکەم لە ئامێز دەگرم و ماچی دەکەم و داوای لێ دەکەم لەبیرم نەکات و چەند دەتوانێت لە یادیدا بم، کە بێم بۆ ئەوێ یەك سەعات بێ وەستان ماچت دەکەم، پاشان دەچمە حەمام و ئینجا لای سەرتاش و دوایی نانی نیوەڕۆ و پاشان شەوو ئینجا دەنووین، باشە؟ ئازیزم! چ وێنەیەکی سەرسوڕهێنەرت لە ڕۆژنامەکەدا هەبوو، ئای خودایا! هەردوو گۆنات ماچ دەکەم.

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٢٤ئۆگەست

مۆسکۆ — ١ی بەیانی

(...)خانوەکە لە ئێستاوە تا سەرەتای سپتەمبەر پاك دەکرێتەوە، ڕۆشتم خاوەن ماڵەکەم دی. دڵنیای کردم کە ماڵەکە گەرم و هێورەو ئەو لەگەڵ سێ منداڵیدا لەوێدا ژیاوە و ئەگەر "سەرۆکەکەی" داوای چۆڵ کردنی لێنەکردایە لەبەر کارکردن لە حەوشەکەدا زووتر خاڵی دەکرد. ئەم ماڵە بچووکەم زۆر خۆش دەوێت و بێگومانم "ماشا"یش پێی خۆشە، پێی بڵێ چێشتخانەیەکی تیایە، ڕووناك و پاکژ، چواردەورەکەی باخەو هەواکەیشی بێوێنەیە.

(...)ئانتونی ئازیز، لەبارەی خۆتەوە زیاتر بنووسە، کێیت، چی دەکەیت، هەرە وردەکانم بۆ بنووسە. چۆن دەنوویت، دەخۆیت، لەگەڵ کێدا قسە دەکەیت؟ (...) کۆڵۆنیا لە گەردنت دەدەیت، قژت بە ئالکول ماساژ دەکەیت؟ (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٥ ئۆگەست

یالْتا

ئەمڕۆ سێ مانگ بەسەر هاوسەریەتیماندا تێ دەپەڕێت. من پیاوێکی بەختەوەر بووم، سوپاسگوزارم شادمانیەکەم، هەزاران جار ماچت دەکەم (...) تۆ لە شەقامی "سپریدۆناڤکا" ئاپارتمانت بە کرێ گرتووە؟ ماڵت بە کرێ گرتووە؟ یانی چی؟

من زۆر ماندووم و تەواوی ڕۆژەکە میوانم هەبوو، دوێنێ سەرم دێشاو ئەمڕۆ چاکم، بەڵام هەست بە شەکەتی دەکەم (...)

ئانتۆن

ئێمە کەی یەکدی دەبینین؟

*　*　*

کنیپەر

٢٥ئۆگەست

مۆسکۆ — ١ی بەیانی

ڕۆژباش دڵدارەکەم، ڕۆژباش ئازیزم مێردی شیرینم (...) بە پەرۆشەوە چاوەنواڕی نامەیەکتم، بۆم بنووسە و باسی هەموو شتێکم بۆ بکە، سبەینێ کەمێک "ڕافیا"[١٤٩] و دوو قردێلە بۆ چاویلکەکەت دەنێرم (...)

*　*　*

کنیپەر

٢٦ ئۆگەست

مۆسکۆ — ١٢ی نیوەشەو

(...) ئەمڕۆ مۆبیلەکانم نارد بۆئەوەی ڕوەکانیان بگۆڕن، دەمەوێت لە ماڵێکی نوێدا بە جوانی و تازەیی بریسکەیان بێت، کورسیەکی زۆر چاك کە لە نەنکمەوە بۆمان ماوەتەوە لە سووچێکدا بۆم داناویت، مۆبیلەکانیش هەراون و پیانۆیەکیشم بۆ دێت، هەموو کارێك دەکەم بۆ ئەوەی تۆ لێرە گەرم و ئاسوودە بیت، خۆشم دەوێیت، هەموو شتێکت بۆ دەکەم، خواردن و ئاوت دەدەمێ (...) پاکت دەکەمەوە، ئاگاداریت دەکەم، پەڕۆت بۆ دادەنێم(...)

بەچکە پشیلەیەکیش هەیە "ساڤیتسکایا" پێی داوم، ئەگەر تۆ حەزی لێ نەکەیت دەتوانێت لە چێشتخانەکەدا بۆ خۆی بژی، هەرچەندە جوان و هێور و قەڵەوەو زۆر ڕەفتاری سەگانەی هەیە، دەپژمێت و پاشان بە پەنجەی چاوی دەسڕێت، دوو مانگەیە (...)

ئولێا

[١٤٩] ریشاڵی دار خورما کە دەکرێتە باقەبەند.

*  *  *

چیخۆڤ

٢٧ ئۆگەست

یالْتا

تووتەڵەکەم، من باشم، بەڵام ناتوانم لە جاران زیاتر کار بکەم، پاییزەو خەڵکی زۆر دێنە لام (...)

جاڵجاڵۆکەیەکی زۆر و گەورە لە ژوورەکەمدایە، خوا دەزانێت لە کوێوە هاتوون؟ زۆر بە خێرایی دێن و دەچن (...)

کوانوەکەی ژووری میوان وێران دەکەن، بڕیارە ئەمڕۆ قژم بهەنووم چونکە هێشتا دەڕوتێتەوە.

بڕیارە بۆ کارێك بچم بۆ شار (...) دەبینیت ئازیزم شتە وردەکانت بۆ دەنووسم، تەنیا لەبارەی شتێکەوە بە کورتی دەیلێم و ئەویش ئەوەیە کە خۆشم دەوێیت و ژیان بێ تۆ بێزراوە، ئەی بەختەوەریم ئەی ئەڵمانیە چکۆڵەکەم، نامەی دوەمت تەنانەت لەوانەی پێشوت کورتتر بوو. دەترسم لەمن سارد بوویبێتەوە و خوو بە بێ منیەوە بگریت. (...)

ئانتۆنەکەت

*  *  *

کنیپەر

٢٧ ئۆگەست

مۆسکۆ- یەکی شەو

(...)گلەییت لێ کردووم کە تەنانەت نامەیەکم بۆ نەناردوویت؟ من لە "لۆزۆڤایا" خارکۆف، کۆرسك، وێستگەی ڕێی ئاسنی مۆسکۆ، لە هەموو ئەو

شوێنانەو لە خۆرنشینی هەمان رۆژدا، واتا بیست و دووەم نامەم بۆ ناردوویت، دوای ئەوانیش هەموو رۆژێك نامەم بۆ نووسیویت و تەنانەت تاقە رۆژێکم لێ نەپەڕاندووە.

بێگومانم کە ئێستا هەموویانت پێ گەیشتوون(...) چی دەخوێنیتەوە؟ رۆژەکانت چۆن بەسەردەبەیت؟ زۆر ساکار دەنووسیت، ئەگەر بزانم چی دەخوێنیتەوە ئەوسا تێ دەگەم لە چ حاڵ و هەوایەکدایت، کە لەگەڵ تۆدا نەبم ژیانم تاڵە، ژیان بە چاوەڕوانی، هەر بە چاوەڕوانی تێدەپەڕێنم و لە ئێستادا بێ خانە و لانەم، لە مانگی مەیەوە تا ئێستا ژیانێکی کۆڵەوارم هەبووە، چاوەڕێم بگوێزمەوە خانوویەکی نوێ و جێگایەکی هێدی و ئارامت بۆ بڕەخسێنم، تۆم لە خەونمدا بینی، چیرۆکی دڵی من و تۆی "موپاسان"[١٥٠] دەخوێنمەوە، شەوێکی "چیخۆڤ"انەمان هەبوو (...)

لە نێوان وێنەکانتا سیانیانم هەڵگرتووە هەموو رۆژێك تەماشایان دەکەم. ئانتۆن تۆ بیر لە من دەکەیتەوە؟ لەبیرت نەچوومەتەوە(...) یان لەگەڵ بێ منیدا ڕاهاتوویت.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٨ ئۆگەست

یاڵتا

تووتەڵە ئازیزەکەم، نامەی (٢٤ی ئۆگەست)م تازە پێگەیشت، دوو جار خوێندمەوەو هەزاران جار ماچم کردیت. لەبارەی پلانی ئاپارتمانەکەوە پێم خۆشەو پیشانی "ماشا"ی دەدەم (...) هەموو شتەکانی باشە، بەڵام بۆ ژووری کارکردنی ئانتۆنت لە تەنیشت ژووری نوسینگەی کارەکانەوە داناوە؟ یان حەزت لە لێدانە؟

---

١٥٠ **Maupasant**

وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە، خەوم زۆر چاکە بەڵام نووستنی تەنیا زۆر ناخۆشە (ئیدی عادەتە!) زۆر دەخۆم و هەموو ڕۆژەکان لەگەڵ میواندا بەسەردەبەم (...) دوێنێ ماساژی سەرم کرد (...)

دەبینیت چ مێردێکم و هەموو ڕۆژێك نامەت بۆ دەنووسم و بەمەیش دەڵێن مێردی تەواو نموونەیی. بێ تۆ هەموو شتێك بێزراوە. پێ دەچێت بە تەواوی بوو بێتمە پیاوی ماڵەوەو بێ ژنەکەم ناتوانم بژیم.

ئانتۆنەکەت

* * *

کنیپەر

٢٨ ئۆگەست

مۆسکۆ — ١٢ی شەو

دەبینیت چ ژنێکی باشم ئانتۆنی ئازیز، هەموو ڕۆژێك نامە بۆ گەورە و سەروەری خۆم دەنووسم. لە خوێندنەوەی نامەکانم بێزار نابیت؟

بەڕاست "ماشا" نووسیویەتی کە حاڵت زۆر باشە و منیش نەمتوانی ئیرەیت پێ نەبەم. تۆ چۆن بەبێ من حاڵت ئەوەندە چاکە؟ ببوورە کە ئەمەم نووسی. ئێستا وا هەست دەکەم کە بە گەوجە چکۆڵەکە ناودێرم بکەیت (...) هەرگیز لە هەستی خۆم تێناگەم؟ چاوەڕوانیی، ئەمە تاقە شتێکە کە دەتوانم بیڵێم، خولقم بەرەو نامۆیی دەچێت، تەنیا لە زستاندا وام لێ دێت، بەڵام کە لەگەڵتا دەبم زۆر هەست بە خۆشی و میهرەبانی دەکەم. چەند پەرۆشی بینینتم، کە دەڵێی خۆشم دەوێیت زۆر خۆشحاڵ دەبم..

"ڤیشنیڤسکی" لە ڕادەبەدەر چاوەڕێی بینینتە، حەز بەوە دەکات قسەت لەگەڵدا بکات، دەتهێنێتە پێکەنین و تۆیش لەبارەی ژیانی خێزانداریتەوە، قسەی بێ مانای بۆ دەگێڕیتەوە، ئەو بڕوای تەواوی بەوەیە کە ئەگەر لێرە سەربەخۆ بژیت زۆر بۆ

تۆ باشترە. بەیانی "نمیروڤیچ" نمایشنامەکەی "لـە خەونـدا" دەخوێنێتـەوە، دەڵـێن "ستانسلاڤسکی" زۆر بایەخی دەداتێ و تەنانەت نەخـشەی پـەردەی یەکـەمی بـۆ ئامادە کردووە. پاشان دەبینین باش بێت یـان خـراپ. بـەڵام ئەگـەر نمایـشنامەکە سەرکەوتوو نەبێت زۆر لەسەر "نمیرۆڤیچ" دەکەوێت (...) چ هەسـتێکی لا دروسـت دەبێت؟ تۆ لە بارەی ئەم جۆرە مەسەلانەوە زۆر فەلسەفیانە بـیر دەکەیتـەوە و هـیچ شتێك بە هەند وەرناگریت وانیە؟ "نمیروڤیچ" پێی خۆشە بۆتی بخوێنێتەوە یـان بـۆت بنێرێت، بەڵام هێشتا نوسخەی تەواوی لا نییە، وەرە، بیخوێنـەرەوە و لـە بارەیـەوە قسەی لەگەڵدا بکە (...).

هەموو رۆژێك کەمێك گۆرانی دەڵێم، بۆم بنووسە و بڵێ بیر لە چی دەکەیتـەوە، خەون بە چیەوە دەبینیت ئازیزم؟ چ دەخوێنیتەوە؟ گـشت نامـەکانمت پـێ دەگـات؟ ژوورەکەت بۆ پاك دەکەنەوە و چاکی دەکەن؟ نووسەرەکەم نابێت لە شوێنێکدا بـژیت کە رێك و پێك نەبێت، بێ تۆیی تاقـەت پڕوکێنـە ئـازیزم، تاقـەت پڕوکێنێـك کـە بڕواپێکردنی ئەستەمە. ماچی گەرم.

ئۆڵگا

* * *

کنیپەر

٢٩ ئۆگەست

مۆسکۆ — ٢ی بەیانی

ئانتوانەکـەم، **bonjour**! سـەعات لـە دەوری ٢ی بەیانیدایـە، هـەر ئێـستا لـە خوێندنـەوەی نمایـشنامەکەی "نمیروڤـیچ" گەڕاومەتـەوەو زۆر مانـدووم. پەسـت و خەمگینم (...)

پێویستە خۆم جارێکی تر نمایـشنامەکە بخوێنمـەوە، وا دەزانم خەڵکەکـە لایـان خۆش بو بێت، گەلێك چەپڵەیان لێدا (...) بۆ یەکەم جار "ستانسلاڤسکی"م بـینی

زۆر دڵخۆش بوو، هەواڵی پرسیت و لەباتی تۆ سوپاسی لە من کرد چونکە بیستبووی کە تۆ خۆشحاڵ و رازیت و منی بە زرنگ دانا، وتی قسەکردن لەگەڵ تۆدا بۆ ئەو دژوارە، تۆ زۆرکەم قسە دەکەیت و تەنیا ئەو شەوەی لە "دیگتیانی"[١٥١] لەگەڵتا بووە توانیویەتی خۆمانە قسەت لەگەڵدا بکات "کوستیا"[١٥٢]کەمان زور میهرەبان بوو "ڤیشنیڤسکی" تا سەعات ٢ لەوێ بوو، بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد، بێگومان لەبارەی تۆوە، ئێستا ئیدی وا دەزانرێت کە ئەو ئەندازیاری یەکەمی ڕێکخستنی هاوسەریی من و تۆ بووە، چونکە ئەو وای ڕێکخستووە کە من "ماشا"ببینم، کە "ماشا" ئێمەی داوەت کرد و من کە هەرگیز نەدەچووم بۆ هیچ شوێنێك داوەتیەکەم قبووڵ نەکردوو ئەو بوو کە (...)

ئۆلگاکەت

* * *

چیخۆڤ

٣٠ ئۆگەست

یاڵتا

دوێنێ شەو تووشی حاڵەتێك بووم هەر لە کۆلێرا دەچوو. ڕشانەوەو شتی تر، حاڵم زۆر خراپ بوو، بۆ، خۆیشم نایزانم، بێجگە لە گۆشت هیچم نەخوارد. نزیك بەرەبەیان خەو بردمیەوە و ئێستا باشم، کەمێك ڕۆن گەرچەکم خوارد و هەست بە بێ هێزی دەکەم (...)

لەبارەی "مارسین"ی پشیلەتەوە نووسیوتە بەڵام —وای.. من لە پشیلە دەترسم. کەچی سەگم خۆش دەوێت (...) وەلێ خەوشی نیە تۆ کە پێت خۆشە بۆت هەیە

---

[١٥١] **degtyani**

[١٥٢] **هاوڕێکانی "ستانسلاڤسکی" ئەم ناوەیان لێ ناوە، بەڵام بەرەو روو پێیان نەوتووە.**

تەنانەت تیمساحیش رابگریت. تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە منەوە هەبێت تۆ حەزت لە چیە بیکە. ئەگەر پێویست بکات لەگەڵ پشیلەکەدا دەنووم.

* * *

کنیپەر

٣٠ ئۆگەست

مۆسکۆ

نامەکەت بەو پرسیارە کۆتایی پێ هێنابوو کە کەی یەکتری دەبینین، منیش نامەکەم بە هەمان پرسیار دەست پێ دەکەم، ئەمڕۆ زۆر هەست بە ئیرەیی دەکەم، بیری خراپم هەیە بەرانبەر هەموو ئەوانەی نزیکتن، مەیلێکی ناماقووڵم هەیە کە واز لە هەموو شتێك بهێنم و دوورت بخەمەوە بۆ شوێنێك بۆئەوەی بێجگە لە خۆم کەست لەگەڵدا نەبێت، ئایا لەمە تێدەگەیت، ئایا ئەمە کارێکی خراپە لە منەوە ئانتونی؟ زۆرجار تووشی تەقینەوەی وا دێم کە ناتوانم خۆم بگرم. واتا ملکەچی بارودۆخەکە دەبم، هەتا ئێستا سێ مانگ تێپەڕیوە. سوپاست دەکەم، زۆرم پێ خۆشبوو کە لەگەڵ تۆدا بووم ئازیزەکەم مێردە خۆشەویستەکەم (...)

(...)وا چاوەڕوان دەکەم کە "ماشا" میزاجی باش بێت، من لە نێوان تۆ و ئەودا گیرم خواردووە، گومانم هەیە کە منی وەك ژنی تۆ قبووڵ بێت، دەیەوێت کەلێنێك لە نێوانماندا دروست بکات، من هەست بەوە دەکەم. بەڵام هەست دەکەم کە نازانم بۆ خەمبار و نارەحەتم (...)

هێشتا خانوەکە ئامادەنیە، دایکم لە بێ سەرەو بەرەیی ماڵەکە بێ تاقەت بوو. لە ١ی سێپتەمبەردا هەموو شتێك رێك دەخەن، دەست بە گواستنەوە دەکەم لەوانەیە تاقمەکە تا ٦ی مانگ ئامادە نەبێت، تۆ دەتوانیت وێنای بکەیت

کە چ خانوویەکی خۆشە ئازیزم، تەنیا ١٠ ڕۆبڵ لەو ئاپارتمانە گرانترە کە بەرانبەر بە شانۆکەیە، هەرچەند ژوورەکانی بچووکن بەڵام دەبینیت کە چەند دڵگیرن، من لەبارەی هەموو ئەمانەوە بۆم نووسیویت، دەبێت نامەکانم گەیشتبن ئازیزەکەم، پلانەکەیشم ناردووە، بەدڵت نیە؟

ئەمڕۆ شانۆگەریەکەی "نمیروڤیچ"م خوێندەوە (...) زۆر بێ هەستە، گەلێك دیالۆگی باشی تیایە، پەردەی دووەم و سێیەم زۆر سەرنج ڕاکێشن، پەردەی چوارەم دەگۆڕێن و کەمێك لاوازە، خۆزگا "نمیروڤیچ"ت بدیایە لە چ حاڵێکدا بوو، بەلاتەوە سەیر دەبێت ئەگەر ببینیت قسە دەکرێت یان کێ قسە دەکات. "مایرهۆلد" و "ڕۆکسانۆڤ" دانیشتبوون و هیچ لە ڕوویاندا دەرنەدەکەوت (...) ئەم بەیانیە کەش و هەوا گەرمتر بوو، بەیانیەکەی خۆشبوو، هەتاو گەرم بوو، بۆنی گەڵای پاییز دەهات، وەرە ئانتۆن با پێکەوە لە شار هەڵبێین، بە ڕۆژی ڕووناك لە شار هەڵبێین، ئای خوا گیان جارێکی دی پێکەوە دەبین!

گوێم لێت دەبێت و دەتبینم و (...) ئاگام لێت دەبێت. ئایا ئەمە بەم زوانە دەبێت؟!!! هەر کە بروسکەم نارد ئاپارتمانەکە ئامادەیە تۆ دێیت، وانیە؟ هەموو شتێك دەکەم بۆ ئەوەی لەوە دڵنیابم کە تۆ ئاسوودەیت و سەرمات نابێت. ئازیزەکەم. جلوبەرگی گەرم لەگەڵ خۆتدا بهێنە (...)[١٥٣]

تووتەڵەکەت

* * *

[١٥٣] ئەم نامەیە لە فارسیەکەدا نیە و لە دەقە ئینگلیزیەکەوە کراوەتە کوردی.(وەرگێڕ)

چیخۆڤ

٣١ ئۆگەست

یالْتا

ژنه‌ خۆشه‌ویسته‌كه‌م، هه‌موو رۆژێك نامه‌كانتم پێ ده‌گات، پۆسته‌ ئێستا باش كارده‌كات (...) كه‌ گواستنه‌وه‌ بۆ ئاپارتمانه‌ تازه‌كه‌ من دێم بۆ مۆسكۆ بۆیشم بنووسه‌. به‌هه‌رحاڵ ده‌بێت له‌وێ بم پێش ئه‌وه‌ی شتێك رووبدات، ئه‌گینا پرۆڤه‌ی "سێ خوشكه‌كه‌"م بۆ بینین بۆ ئاماده‌ ناكه‌ن. ده‌بێت له‌ پێش ١٦ی سێپته‌مبه‌ردا بێم، وانیه‌؟

ژیان به‌بێ تۆ ناخۆشه‌. هه‌ر ده‌ڵێی خراومه‌ته‌ دیرێكه‌وه‌، نازانم ئه‌م زستانه‌ی دێت چۆن ده‌بێت.

چێشت لێنه‌ره‌كه‌ ژه‌می باشم بۆ لێده‌نێت. له‌م چركه‌ساته‌دا هه‌موو شتێك زۆر باشه‌، دایكم گه‌لێك له‌ چێشت لێنه‌ره‌كه‌ رازیه‌، رازیه‌و بێگومان منیش شادمانم. یالْتا سارده‌، وێنای ده‌كه‌یت؟ منیش ناتوانم بێ پاڵتاو بچمه‌ ده‌ره‌وه‌. كه‌ ده‌یشنووم په‌نجه‌ره‌كان داده‌خه‌م، به‌ ته‌نیا ده‌نووم، وه‌ك ڕه‌به‌نێك یان پیره‌مێردێكی كۆنه‌په‌رست.

تۆ گله‌یی ده‌كه‌یت كه‌ نامه‌كانم كورتن ئازیزه‌كه‌م، من ده‌ست خه‌تم ورده‌، له‌لایه‌كی تره‌وه‌ بیرۆكه‌كانم زۆر به‌ربلاونین، وشه‌یه‌ك یان دوان ناڵێم كه‌ له‌ دوایه‌وه‌ وه‌ستان نه‌بێت، به‌ڵام من هه‌موو رۆژێك بۆت ده‌نووسم و هه‌موو شتێكت پێ ده‌ڵێم، لای من وایه‌. لێم زویر مه‌به‌ خۆشه‌ویستترین و ئازیزترین ژنم (...)[١٥٤]

ئانتۆنه‌كه‌ت

* * *

[١٥٤] ئه‌م نامه‌یه‌ له‌ فارسیه‌كه‌دا نیه‌ و له‌ ده‌قه‌ ئینگلیزیه‌كه‌وه‌ كراوه‌ته‌ كوردی.(وه‌رگێڕ)

کنیپەر

٣١ ئۆگەست

مۆسکۆ- شەو

ئازیزترینم، ئەمڕۆ تەنیا چەند دێڕێکت بۆ دەنووسم، مێشکم ماندووەو ڤینم لە هەموو کەس و هەموو شتێکە، هیچ لە بارەی ژیانەوە نازانم، (...) شتی ناپەسەندم بۆ مەنووسە تەنیا لەبەرئەوەی نامەکانم کورتن، ناتوانم لەگەڵ بێ تۆییدا ڕابێم، خۆشم دەوێیت وەك هەمیشە و هەردەم بیرت دەکەم، تۆ ئەمە دەزانیت (...)[١٥٥]

ئۆڵگاکەت

* * *

چیخۆڤ

١ سێپتەمبەر

یالتا

تووتەڵە خۆشەویستەکەم، تۆ گشت ڕۆژێك بۆم دەنووسیت، خۆشم دەوێت، دەست خۆشیت لێ دەکەم بۆ ئەوە، بەردەوام بە لە کارە باشەکەتدا، کچێکی زرنگبە و لە "نمیروڤیچ" بپرسە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە هیچ لە شانۆگەریەکەی بزانین (...) زۆر بە وردی و خۆشیەوە دەیخوێنمەوە، هیوادارم داواکاریەکەم نەداتە دواوە (...) هەموو ڕۆژێك خاوێنم دەکەن بەڵام نەك وەك تۆ (...) بە "ڤیشنیڤسکی" بڵێ کە لە یالتاوە دێم بۆ ئەوەی پرۆڤەی "سێ خوشکەکە"ببینم. ئەگەر هیچ نەبوو ئەوسا شانۆگەریەکە نابینم.[١٥٦]

ئانتونیو

---

١٥٥ ئەم نامەیە لە فارسیەکەدا نیە و لە دەقە ئینگلیزیەکەوە کراوەتە کوردی.(وەرگێڕ)

١٥٦ ئەم نامەیە لە فارسیەکەدا نیە و لە دەقە ئینگلیزیەکەوە کراوەتە کوردی.(وەرگێڕ)

*   *   *

کنیپەر

٢ سێپتەمبەر

مۆسکۆ

ئازیزترینم، ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر خۆش و گەرمە، خێزانەکەم داوایان لێکردم بڕۆینە دەرەوەی شار، بەڵام حەزم نەکرد بچم، پێم خۆش نەبوو لەبەرئەوەی تـۆ لێـرە نیـت و هەست دەکەم سەر لێشێواوو مردووم، بەڵام هەتاو گەرمەو هەوا خۆشە، تازە لە خەو هەستاوم.

دوێنێ ئەوەندە شەکەت بووم نەمتوانی هیچت بۆ بنووسم، تەنیا وێنەکـەتم مـاچ کرد و هەستم کرد زۆر لێمەوە نزیکیت، زۆرنزیك.. دیمـەنی خۆرنـشینی دوێـنێ زۆر جوان بوو، ڕەنگەکان فرە قەشەنگ بوون و ئەو زەنگانەی تۆ پێت خۆشن لێیـان دەدا. ئەم شتانە زۆریان وروژاندم، پێویستم بـە دۆخێـك بـوو کـە قەتیـسم نـەکات. مـن سۆزدارێکی گەلحۆم، خەڵکانی دی حەز لـە ژیـانی نـاو شـار دەکـەن و بەڕاسـتیش بەخۆشی تیایدا رادەبوێرن، من حەز بە ژیانی شار ناکەم، تیا دەژیم بەڵام نایشمەوێت، هەست دەکەم ژیانی شار بارێکە بەسەرشانمەوە، هەست دەکەم ئەمە ژیانی راستەقینە نیە، ئینجا بیرێکی ناخۆشم بۆ دێت کە لەوانەیە لە پڕێکدا هـەموو شـتێك کۆتـایی بێت، وەك هێزێکی نادیار تۆ داگیر بکات. وانەزانیت من بیر لە خۆکوژی دەکەمەوە، من "سولژێتسکی"م خۆش دەوێت لەبەرئـەو شـێوە ژیانـە خێڵەکیـەی کـە بـەبێ دەمامکە (...) سبەینێ "ماشا" دەبینم و هەموو شتێکم لەبارەی تۆوە پێ دەڵێـت ئازیزەکەم، بەیانی دەست بە گواستنەوە دەکەم بۆ خانوەکە، دایکـم دوو دڵـم دەکـات چونکە دەڵێت ژوورەکان بچووکن، ئەوە دەمترسێنێت. بـەڵام لەبەرئـەوەی هەواکـەی باشەو خەڵکی تری تیا نیە ئەگەر زۆر گەرم بوو دەتوانین پەنجەرە بکەینەوە و هەواکـە بگۆڕین. مەبەستت لەوە چیە کە دەڵێیت ژوورەکەم لە پـاڵ نووسـینگەکەدایە؟ هـەر

ئەوەیە کە دەرگای ژوورەکەت و دەرگای شوێنەکانی تر دەچنەوە سەر هــەمان دالآن. دەتوانین یان چا بخۆینەوە یان یاری کرۆکێت لە حەوشەی پێشەوە بکــەین. ڕێــك وەك لادێ، دەبێت زوو بێیت، کەش و هەوا زۆر خۆشە (...) دوێــنێ نمایــشێکی "قــازی کێوی"ەکانم بینی، بە زۆر خۆم بۆ گیرا، تا ماوەیەکی درەنگ، ئەوەندە ماندوو بــووم کە نەمــدەتوانی وەك ڕۆژانــی ئاســایی بــۆت بنووســم، وەرە بــا پێکــەوە ببیبــنین و بۆچوونەکانمان ئالۆگۆڕ بکەین. تۆ شانۆگەریەکەی "نمیروڤیچ" دەخوێنیتەوە (...) ئەو دەڕوات بۆ "زڤینی گۆرۆد" بۆئەوەی ڕێکی بخاتەوەو دووبارە بینووسێتەوە، واتــا دوا پەردە بەهێزتر بکات، هێشتا "کریمەر"م نەدیوە، بەڵام زۆر سەرنجی ڕاکێشاوم.[١٥٧]
تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٢ سێپتەمبەر
مۆسکۆ — شەو

ئانتونی ئازیز. ئەم بەیانیە نامەم بۆ نووسیت، ئێــستایش وا دەچــم بنــووم و ئــەم نامەیەت بۆ دەنووسم. ئای کە ژنێکی باشم! ئەم ئێوارەیە هــەر باســی تــۆم کــردووە (...)

"ماشا"م بینی و زۆرم پێ خۆشبوو، قسەم لەگەڵدا کرد، پاشان پێکەوە چووین بۆ بینینی ئاپارتمانە تازەکە، ئەویش لای باشبوو، نانی ئێوارەمان بە خۆشی خوارد، هەر کەسە و لە هەوای خۆیدا بوو بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد، بــەڵام بەشــەڕ نــەهاتن. خێزانەکەمان زۆر بڵێن (...) لە ڤیتارەکەدا "ماشا" پێی وتم کــە هــەموو کەســێك

[١٥٧] ئەم نامەیە لە فارسیەکەدا نیە و لە دەقە ئینگلیزیەکەوە کراوەتە کوردی.(وەرگێڕ)

باسی من و تۆ دەکات — خەڵکانی پیرو قوتـابیش — هـەموو کـەس تاریفیـان لـە هەڵبژاردنەکەت دەکرد، وتیان ژنێکی چاکت هەڵبژاردووە، - تێدەگەیت-؟...[158]
ئۆڵگا

* * *

چیخۆڤ

۳ سێپتەمبەر
یاڵتا

ڕۆژباش ئۆڵگای ئازیزو چکۆڵەم! دوێنێ نامەم بۆ نەنووسیت، لەبەرئەوەی یەکـەم میوانێکی زۆرم هەبوو، دووەمیش کاتم نەبوو، کە میوانەکان ڕۆیشتن کەوتمە کارکردن لەسەر چیرۆکی (قەشە)کە.

سوپاسگوزارم ئازیز، دایکم نامەکەتی زۆر پێ خۆشبوو، خوێندیەوەو پاشـان دای بە من تا بە دەنگی بەرز بۆی بخوێنمەوە، بە چاکی باست دەکات، ڕەنگـە لەبەرئـەوە بێت کە ئەو کاتەی دەنووسیت هەسـتی ئیرەییـت هـەبێت، وەلـێ تـۆ ڕوونـاکبیر و دڵپاکیت و ئەو گریمانەیـەی لـەبارەی ئیرەیـی خۆتـەوە لێـی دەدوێیـت لـە دەرەوەی کەسایەتیتەوەیە. دەڵێیت "ماشا" هەرگیز تۆی قبووڵ نییە، هتد... ئەسـڵەن ئەمـە قسەیەکی بێ مانایە! ئاسایی دەتەوێت زۆری پێوە بنێیت و ئەو باوەڕە چ بنەمایەکی نیە، لەوە دەترسم لە دواییدا بیکەیتە شەڕ لەگەڵیا. گوێ بگرە، ساڵێك ئۆقرە بگرە و هیچ مەڵێ، ئەوسا هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەبێتەوە، هەر کەسێك هەرچیەکت پـێ دەڵێت، کاروبار چۆن دەڕوات، تۆ گوێ بە قسەی خەڵکی مەدە، دەستبەرداری ئازادی خۆت مەبە. بۆ ئەوانەی تازە هاوسەرن بەختەوەری پێش هەر شتێك بریتییە لە گـوێ پێ نەدان. چیت پێ دەڵێم گوێم لێ بگرە ئازیزترین ئازیزم و لەم بارەیەوە ئاقڵبە.

---

[158] ئەم نامەیە لە فارسیەکەدا نیە و لە دەقە ئینگلیزیەکەوە کراوەتە کوردی.(وەرگێڕ)

هەر ئەوەندەی پێم بڵێی من دێم، بەڵام نەك لە پێش ١٥ی سێپتەمبەردا، بـا بـە ئارەزووی تۆ بێت. بەڵام پێ دەچێت من ئارامم لەبەر هەڵگیرابێت، تاوەکو دیسەمبەر ئەوەندەت لەگەڵدا دەبم کە خۆت دەرم بکەیت.

چاکە ئەڵمانیە چکۆڵانەکەم، نمایشنامەکەی "نمیروڤیچ"م بۆ بنێرە، لەگەڵ خۆمـدا دەیبەم، بە وردی دەیخوێنمەوە.

جل و بەرگی زۆر لەگـەڵ خۆمـدا نـاهێنم، ئـەوانی تـری لـە مۆسـکۆ دەکـڕم، دەرپێیەکی گەرم و پاڵتاوێك، بەڵام پەتوویەك و گالۆشەکانم دەهێنم، (پاڵتاوە کۆنەکەم لەبەردەکەم و یەك ڕێ بەسووکەڵەیی دێم).

کۆمەڵێك جل و بەرگم بۆ خۆم و ژنەکەم داوە بە کردن، ژنەکەم جەربەزەیە، ناچارم ژیانی بۆ خۆش بکەم، دوێنێ قژم بە ئالکهول شت.

ئازیزی دێرینم ماچ دەکەم، خوات لەگەڵ، بەم زوانە یەکـدی دەبیـنین، بنووسـە، بنووسە، دڵەکەم، بنووسە! بێجگە لە تۆ هەرگیز ژنێکی ترم خۆش ناوێت.

تەندروست و شادبیت

ئانتۆنی مێردت

* * *

کنیپەر

٤ سێپتەمبەر

مۆسکۆ

دیسانەوە شەو نامەم بۆ نەنووسیت ئازیزم چـونکە "ماشـا" گەیـشت، هـەموو ڕۆژەکە حاڵەتێکی نامۆم هەبوو سەرم پڕ بوو لە شتی بێ مانا.

لە سەعات ٩ی بەیانیەوە تا ١ی دوای نیوەڕۆ لە وێزگە چاوەڕێی "ماشا" بـووم، چونکە ژنێکی ناسیاوم لێی پرسیم چاوەڕوانی کێم و پاشان وتی "ماشا" بە قـەتاری تیژڕەو دێت و زۆر دوادەکەوێت (...) چووین بۆ ماڵەوە، "ماشا" خانوەکەی زۆر پـێ

ناخۆشبوو، ئاپارتمانێکی گونجاو بە ١٠٠٠ رۆبڵ کـەمتر بـە کرێـی نـادەن. مـن وام بیرکردەوە کە وا چاکە دەست بگرینەوە و وا بـژین کـە ناچـار نـەبین زیـادە خـەرجی بکەین. ئێستا زۆر لەوە نیگەرانم کە تۆ لات باش نەبێت و بە راستیش لەوە پەشیمانم کە بە دوای ئاپارتماندا گەڕاوم. من هەرگیز ئەزمونی ئەم شتانەم نیە و ئەمەیش زۆر بێتاقەتی کردووم، ئەگەر تۆ پەسەندی نەکەیت دیدەینە دواوەو ژوور دەگـرین. ئەمـە چاکترین کارە.

ئەمڕۆ "ماشا" ماڵ دەگوێزێتەوەو سبەی من دەڕۆم، هیوادارم رۆژی دواتر کەم تا زۆرێك بارمان ئاسایی بێتەوە "ماشا" چـاوەڕێی منـە، ئـادیو، ماچـێکی گـەورەی دلۆڤانەی من! سوپاس بۆ نامەکەت، زۆر سوپاس، ماچێکی گەورە.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٥ سێپتەمبەر

یالْتا

تووتەڵەی ئازیز و چـکۆلەم، ئـەمڕۆ نامـەی تـۆم پـێ نەگەیـشتووەو نامەکـەی دوێنێیشت کورت و تووڕە بوو، بۆ؟ سێ رۆژە حاڵم هێندە باش نیـە، بڕبـڕەی پـشتم دێشێت، دەستم دێشێت و ورەم خراپ نیە، بـەڵام هێـشتا بـە ئومێـدەوە تەماشـای ئایندە دەکەم، تەنانەت ئەمڕۆ دوو میوانی نانخواردنی نیوەڕۆم هەیە (...)

مێردت، ئا. چیخۆڤ

* * *

چیخۆڤ

٦ سێپتەمبەر

یالّتا

دلّداری ئازیزم، ئەگەرچی تا ئێستا هەموو شتێك ترسناکە بەلاّم ئـەمڕۆ باشـترم، ڕۆژی پانزە یان حەڤدەیەم دێم بۆ مۆسکۆ، ئەمە دوا بڕیارە (...)

ئانتونیۆکەت

* * *

کنیپەر

٧ سێپتەمبەر

مۆسکۆ —تەلگورام

هەواکەی هاوینەیەو ئاپارتمان ئامادەیە، زوو وەرە، تەلگورام بکە، ماچێکی زۆر.

* * *

چیخۆڤ

٧ سێپتەمبەر

یالّتا

من ڕۆژی ١٧ سێپتەمبەر دەگەمە ئـەوێ، ڕۆژی پـانزە "یالّتـا" بەجێـدەهێلّم، بڕیارە و بڕاوەتەوە. تەلگورافێکت بۆ دەکەم و تەنیا دەنووسم "دووشەممە" مانای وایە بەیانیی دووشەممە دەگەمە مۆسکۆ. ئەمڕۆ زیاتر هەسـت بـە تەندروسـتی دەکـەم و ئەگەر ئەم کۆکینە نەبوایە کە دەبوا نەمێنێت حالّم چاکتر دەبوو.

لە بارەی ئاپارتمانەکەوە نامەیەکی نائومێدانەت نووسیبوو پێم گەیشت، نازانم بـۆ ئەمەندە خۆت سەغلّەت دەکەیت، پـێ دەچـێت ئاپارتمانەکـە بـاش بێـت و ئەگـەر کەمێك بچووکیش بێت چ کێشەیەکی نیە.

ئانتۆنیۆکەت

خۆت بێ حەوسەڵە مەکە ئازیزترینم، چی روودەدات مەشڵەژێ، وەکوو دەڵێن هەموو شتێك چاکتر دەبێت، بە تەواوی هەموو شتێك.

کە رۆژی دووشەممە گەیشتمە ئەوێ راست دەچمە حەمام و پاشان هەموو رۆژەکە لە ماڵەوە دەبەمە سەر، رۆژی سێ شەممە تۆ کوێت بوێت من دێم.

هێشتا ناوی ئەو خانوە نازانم کە تۆ بۆی دەگوێزیتەوە، ناونیشانم لا نیە.

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٩ سێپتەمبەر

مۆسکۆ — تەلگورام

باسی تەندروستی خۆتم بۆ بنووسە، رۆژی هاتنت، نامە نانێرم، چاوەڕێتم.

"مەجەرستانی"

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٩ سێپتەمبەر

یالْتا

نازانم بۆ دوو رۆژە نامەت نییە؟ بۆ ناونیشانی ماڵە تازەکەم نادەیتێ؟ نووسیوتە کە دەتەوێت بگوێزیتەوە بۆ "سنێری دونوڤکا"[١٥٩] بەڵام نازانم بۆ کام خانوو.

شەممەی پانزەی مانگ دەجووڵێم، بلیتم هەیە، دووشەممەی حەڤدەی مانگ دەگەم، تەندروستیم تەواو باشە.

ئانتۆنیۆکەت

❊ ❊ ❊

---

[١٥٩] sniridonovka

چیخۆڤ

٩ سێپتەمبەر

یالّتا —تەلگورام

تەندروستم، دووشەممە دەکەومەڕێ.

* * *

چیخۆڤ

١٠ سێپتەمبەر

یالّتا

دەمێکە نامەت نیە، ٥ ڕۆژم ماوە ڕێ بکەوم، واتا ٥ ڕۆژ بێ نامە، هێشتا ناونیشانەکەتم نەدیوە، بۆیە بەناونیشانی کۆلانی "لیونوڤسکی"[١٦٠] نامەکانم دەنووسم. چ هەوالێك نییە، کەم و زۆر تەندروستم (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

١٠ سێپتەمبەر

مۆسکۆ

ئانتۆنی ئازیزترینم، وامزانی پێویستم بە نووسین نیە، وامزانی بەتەواوی وەلامی تەلگورافەکەمم وەرگرتووە "من دێم" و کەچی دوای ئەوە هەفتەیەکە من چاوەڕێم، بۆ، بۆ، بۆ دواکەوتیت؟ هیچ هۆیەکت نەنوسیوە، نەخۆشیت؟ بەلام ئەمڕۆ بیستم کە تەندروستیت چاکترە، گەلێك لەوە نیگەران بووم کە دەمێکە نامەی منت پێ نەگەیشتووە، پێنج ڕۆژە من نامەم نەنووسیوە، وام بە بیردا هات کە لە "یالّتا"

[١٦٠] **Leonievsky**

نامەکەمت بە دەست ناگات، بێ سنوور بیرت دەکەم ئازیزترینم، نائومێـد و بێـزارم، حەزناکەم کەس ببینم، هەمووم لەبەرچاو بێزراوە، نازانم چییان پێ بڵێم.

دوێنێ ساڵیادی لەدایك بوونم بوو، بەیانیەکەی کردم بە هــەرا، شــەویش هــەروا، ئەگەر ئەوانم لە دەور نەبوونایە هەموو ڕۆژەکە هەر لــە هــەراو زەنــادا بــووم. گـشت خێزانەکە لێرە کۆبوونەوە و کێك و شتی سووکەڵەیان خوارد، پاشان بـۆ نیوەڕۆخـۆری چووینە دەرەوە (...) ماڵەکەمان گەلێك هێورەو من دڵنیام تۆ پێت خـۆش دەبێـت، ژوورەکان بچووکن بەڵام زۆر گەرم و ئارامن، ژووری خوێندنەوە زۆر جوانە و مــن بــە درێژایی ڕۆژ لە خەونی ئەو چرکەساتانەدام کە لەم ژوورەدا بەسەری دەبەین، بێ تۆ من بوونم نییە، ئەمساڵ گەلێك دژوار دەبێت وەلێ دوایی هەموو شتێك دەگۆڕێت، کاری شانۆ ماندوو بوون و بێ مانایە. تاڕادەیەك حەزم لە شانۆ نەماوە (...)

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

١٠ سێپتەمبەر

مۆسکۆ — شەو

دڵداری ئازیزم، دیــسانەوە بــۆت دەنووســم بــۆ ئــەوەی تــا دوا ڕۆژ نامــەت لــە هاوسەرەکەتەوە پێ بگات.

ئازیزم کەی سەرمات بوو؟ کەواتــە هــەقم بــوو ئــەم ڕۆژانــە لــە دڵەڕاوکێـدا بم، بێگومان دەڵێیت "نەنەپیرە" باشـە بیڵـێ، میــوان بێزاریــان کردوویــت؟ دیــسانەوە دەتەوێت بەشێکی بوونی خۆت ببەخشیتە خەڵکی بێ کارە. گەر بێیتە مۆسـکۆیش هەروا دەبێت؟ ئەسڵەن پێم خۆش نیە. چەند چرکەیەك لەگەڵ مندا دەبیت و دیسانەوە دەچیتەوە لای میوانی وەڕزکەر، بەڵام تۆ زوو وەرە! ناتوانیت زووتر بێیــت؟ مــن وەك ئەڵمانیەکی راست قسە دەکەم، تۆ بڕیــاری ڕۆژی پانزەهــەمت داوەو ئــیتر پرســیار و

وەڵامی ناوێت کە تا پانزە هەقی مانەوەت لەویٚ هەیە، مەگەر خۆت بتەوێت نەیەیت، تەنیا دوو بیانوو شیاوی قبووڵ کردنە، تەندروستی و کارکردن و هیچی دی.

بڕیارە کە هاتیت دارکاریم بکەیت؟ خۆشحاڵم، زۆر خۆشحاڵم (...) ئێمە دەچین بۆ "رازوموسکی"[١٦١] لەم کاتەی وەرزی ساڵدا زۆر قەشەنگە، من لە ڕۆژی هەشتا لەگەڵ "ماشا"دا چووم بۆ ئەویٚ و سەرسام بووم، بڕوام بەو هەموو جوانیە نەدەکرد، نائاسایی ئارام و جوان و شکۆدار بوو، خەمناك، زۆریش خەمناك بوو، بێدەنگیەکەی تەنیا کەوتنی گەڵاکان دەیشکاند و من ترسم لیٚ دەنیشت، ئاه ئانتۆن خۆزگا بمتوانیایە تاریفی ئەو هەموو جوانیەم بۆ بکردیتایە، تەنیا ئەوەم لە یادە کە دڵم کەوتە ترپە ترپ و فرمێسك لە چاوم زا، لە کەنار ئاوەکەدا دانیشتم "ماشا" شتی دەنووسی و من بێدەنگ دانیشتبووم و بیرم دەکردەوە، بەهار بەو هەموو ڕەندی و ژیانەوە کە هەیەتی هەرگیز ئەوەندە ئەفسوناوی نابێت. ئاه زوو وەرە، حەز دەکەم لێرە لەگەڵ تۆدا بم، تۆ هەرگیز باس لە هەستی خۆت ناکەیت هەرچەند کە من لە هەر گەردیلەیەکی بوونتا لەو هەستە دەگەم (...)

بە هێوریی بنوو (...) ماچت دەکەم، ماچت دەکەم و چاوەڕێتم، چاوەڕێتم.

تووتەڵەکەت

* * *

---

[١٦١] Razumousky

چیخۆڤ

١٥ سێپتەمبەر

سڤاستۆپۆل — تەلگوراف

دووشەممە. ئانتونیو.

چیخۆڤ تا ٢٦ی ئۆکتۆبەر لە مۆسکۆ مایەوە. لە پرۆڤەی "سێ خوشکەکە"دا ئامادە دەبوو نمایشێکیشی بینی. بۆ هاوڕێیەکی خۆی نووسیبوو کە نمایشەکە لە دەقە ئەسڵیەکە چاکتر بووە، پاشان چوو بۆ "تولا" و لەوێوە گەڕایەوە بۆ "یالتا"

* * *

کنیپەر

٢٦ ئۆکتۆبەر

مۆسکۆ — شەو

نازدارترینم، ئێستا لە کوێیت؟ دەتوانم وێنای ئەوە بکەم کە لە واگۆنێکی رەنگ شینی ئاوێنەداردا دانیشتوویت، بە ڕوویەکی میهرەبان و ئارام و نیگایەکی ناسك و بزەیەکی ماتەوە کە من زۆرم حەز لێیەتی. تازە لە نمایشی چوارەم پەردە بوومەوە، کە لە پاڵ ستوونەکەدا دانیشتم و گوێم لە مۆسیقاکە گرت نەمتوانی جڵەوی فرمێسکەکانم بگرم و تۆ لە بەرانبەرمەوە دەرکەوتیت، بە ڕاستیی نازانم چۆن توانیم دوا ڕستەکانم بڵێم، کە پەردە دادرایەوە زۆر گریام و بردمیانە شوێنی خۆ گۆڕین و ئیدی نەمتوانی لە دەستخۆشی لێ کردنی بینەراندا دەربکەوم، نەمتوانی خۆم بگرم.

هەموویان سەریان لێ شێواو گەوجانە ناردیان بە دوای پزیشکا کەهەڵبەتە من نەمبینی. ئێستا لە ماڵەوەم و ئانتۆنی ئازیزمی لێ نیە، ماڵێکی ڕێك و پاکژ بەلام زۆر بێزارکەر "ماشا"یش لەماڵەوە نیە، چوەتە دەرەوە، تەختی خەوەکەتم چاك نەکرد، نەمتوانی، دەمەوێت وا بزانم کە هێشتا لەگەڵمایت، هەموو لایەك کرە (...)

دەستم بە پاك كردنەوەی ژوورەكان كرد، لە هەلومەرجی وادا چاكتر وایە بەردەوام خۆت بە ئەنجامدانی شتێكەوە سەرقاڵ بكەیت (...) سبەینێ دوای پرۆڤەی "كریمەر"[١٦٢] نامەت بۆ دەنووسم.

توتەڵەكەت

* * *

كنیپەر

٢٧ی ئۆكتۆبەر

٢ بەیانی- مۆسكۆ

بەیانیت باش ئازیزم، سەفەركەری ئازیز! زۆر شتم بۆ وتن پێیە و نازانم لە كوێوە دەست پێبكەم (...)

ڕەنگە ئەم قسەیە گەمژانە بێت بەڵام پێم بڵێ بزانم ئانتۆنەكەم تۆ لە كوێیت؟ هێشتا ناتوانم بڕوا بە خۆم بێنم كە لێرە نیت..

"كریمەر" لەسەر شانۆیە، پێ ناچێت زۆر سەركەوتوو بووبێت. ڕەفتاری بینەران زۆر ناشیرین بوو، دەكۆكین و كەپویان پاك دەكردەوە، كردبوویانە ژاوەژاو، پێم وایە لە پەردەی دوەمدا كە نواندنی باوك و كوڕەكەیە زیاتر سەرنجی ڕاكێشان "ستانسلاڤسكی"یان بانگ كردە سەر شانۆ (...) بیستم دوای پەردەی دووەم زۆر ئاگای لێ نەما، نەچووم بیبینم، بینەران خۆشیان لە "لیلینا" و "مۆسكۆین" هاتبوو، بە ڕاستیی ناتوانم هەموو شتەكان بێنمەوە بەرزەینم، سبەینێ بۆت دەنووسم، لە دوێنێوە شەكەتم و بیرم پەرش و بڵاوە (...).

---

١٦٢ **Kramer**

"نمیروڤیچ" لە نمایشنامەی "لە خەوما"دا ڕۆڵی "جولیا"ی بۆ پێشنیاز کردوم و بارێکی ناجۆری بۆ هێناومەتە پێش. "لیلینا" دەخوازێت پرۆڤەکان هەفتەیەك دوابخات بەڵام بڕیارە سبەینێ دەست پێ بکەین. ئاسایی من پێشنیازەکەیم قبووڵ نەکرد و ئەویش وتی کەواتە دەبێت "شوارتز" ڕۆڵەکە ببینێت (...) پێیشی وتم ئامادەیە کاستێکم بۆ دابنێت بۆئەوەی ماندوونەبم، زۆر فێڵزانە وانیە؟ چی بکەم؟ سەرسەختی کردن و بێدەنگیم زۆر پێ باش نیە، بەڵام ڕاستت دەوێت ئەو ڕۆڵە بێگیانە حەز لێ ناکەم. بەلامەوە رۆڵێکی بێ ماناو بێزراوە، تۆ دەڵێی چی؟ بنووسە ئازیزم. پێم خۆشە کە دەست بەتاڵم، بەڵام ئێستا بڕیاری کارێکم بۆ دراوە کە نە ڕامدەکێشێت و نە ڕازیم دەکات (...)

توتەڵە

* * *

چیخۆڤ

٢٨ ئۆکتۆبەر

سڤاستۆپۆل - یەك شەممە

دەریا لە چەپۆکاندایە، بیستم بەلەمگەلێکی گواستنەوەی پۆست بە یاڵتادا تێدەپەڕن، دەڕۆم بۆ پۆستەخانە، هەوا ساردە (...)

ئانتەکەت

لە چاوەڕوانی نامەتدام لە "یاڵتا"وە، لەبارەی هەموو شتێکەوە بۆم بنووسە.

* * *

کنیپەر

٢٨ ئۆکتۆبەر

مۆسکۆ — شەو

عەشقە زێڕینەکەم، بێگومان دەبێت ئێستا گەیشتبیتە ماڵەوە، پێ دەچێت باسی مۆسکۆ و ئێمە بۆ دایکت بکەیت. باشە حاڵت چۆنە؟ چاکیت؟ خراپیت؟ ڕەنگە هێشتا هەست بە نارەحەتی بکەیت، ژوورەکان بۆنی تەنیاییان لێ دێت. لە ناریك و پێکیە ئازیز و شاعیرانەکەت باسێك نییە، ڕۆژنامەکان پەرش و بڵاونین (...)

ئەمڕۆ زۆر خرۆشاوم، لەگەڵ ماڵەوەماندا نانی نیوەڕۆمان خوارد و قسەی بێ سەرەو بەرەمان کرد و من هێند پێکەنیم کە ماسوولکەکانی دەم و چاوم دێشێت، بە تەواوی لە بیرم چووبوەوە کە ژنم بەڵکوو کچۆڵەیەکم (...)

ئەم بەیانیە حەزم نەدەکرد لە خەو هەستم، شەکەت بووم (...) سەعات ١٢ چووم بۆ شانۆ کە کاتی پرۆڤە بوو، دەبوو لەگەڵ "نمیروڤیچ"دا لەبارەی چەند شتێکەوە قسە بکەم، بەڵام پرۆڤە نەکرا، چونکە نیوەی ئەکتەرەکان لەوێ نەبوون و "نمیروڤیچ"یش لەوێ نەبوو (...)

لە شانۆدا هەموو دەربارەی سەرنەکەوتن دەپەیڤن و لەوە دەچێت "سەرۆك"[١٦٣] تەواو خۆی لەدەست دابێت. هەموو ئەکتەرەکان لاسایی کۆکینەکەی "ستانسلاڤسکی" دەکەنەوە لە ڕۆڵی "کریمەر"داو نوکتەی لەسەر دەکەن، بەڵام نەك بە خراپی. ڕۆژنامەکان "مسکوین" و "لیلینا"یان بەرزنرخاندووە. سبەینێ ڕەخنەکان دەخوێنمەوە (...)

تووتەڵە

* * *

١٦٣ نازناوێك بوو ئاسایی "ستانسلاڤسکی"یان پێ بانگ دەکرد.

چیخۆڤ

٢٩ ئۆکتۆبەر

یالّتا

هاوسەری ئازیزم، هۆشمەند و زرنگەکەم، رۆژباش. لە مالّەوەم و هەستێکی زۆر نامۆم هەیە (...) سەفەرێکی باشبوو، کەشتییەك دەچوو بۆ "یالّتا" و ئیدی پێویستی نەدەکرد لە "سڤاستۆپۆلّ" گالێسکە بگرم، لەگەلّ ئەوەیشدا کە سەرما بوو سەفەرەکەیش کەمی خایاند (...)بنووسە!!

ئانتۆنەکەت

* * *

کنیپەر

٣٠ ئۆکتۆبەر

مۆسکۆ — ٨ بەیانی

ئازیزترینم، سەعات ٨ی بەیانیە و من هێشتا نەچوومەتە ناو جێگا. بە جلی خەوەوە نامەت بۆ دەنووسم، بۆ هیچت لە بارەی سەفەرەکەتەوە نەنووسیوە؟ تەنیا نامەیەکت لە "تولا"وە گەیشتووە، پێ دەچێت نامەی "سڤاستۆپۆلّ" بەیانی بەدەستم بگات (...) دەرەوە زستانە، بەفرێکی زۆر باریوە هەرچەندە لە تواندنەوەدایە، بەبێ تۆ هەموو شتێك خالّی و بێتامە. (...)

دوێنێ بۆ پرۆڤە چووم "سانین" بەرپرسی نمایشنامەکەیە، "نمیروڤیچ" لە شانۆ نیە. من لەگەلّ ئەوەی کە لە ناوەوەی خۆمدا حەزی لێ ناکەم و زۆریش بێزارم بەلاّم رۆلّەکەم قبوولّ کرد.

"سانین" لەناو ئاپوورەی شانۆکەدایە، مەبەستم کۆرسی خوێندکارانە لە پەردەی یەکەمدا (...) نازانم "کرێمەر" دوێنێ چۆن بوو (...) وای بۆ دەچم کە "مسکوین"

ئـەو ستایـشەی شـایانیەتی پێـی نـەدراوە. رات لەسـەر ئـەو رەخنانـە چـییە کـە خوێندوتنەتەوە؟ (...)

وێنەکەت لەسەر مێزەکەمە بەتەنیشت وێنەی ماڵەکەی "یاڵتا"تـەوە، سـەیریان دەکـەم و بیردەکەمـەوەو بـەرەو لات دێـم، بـۆ ژوورەکـەت، دەتـوانم وێنـای بکـەم "ئازیزەکەم" چۆن ئەو کەسەی هی منە بە دەوری ژوورەکـەدا دەگـەڕێت، لـە پـشت مێزەکەیەوە دادەنیشێت یان لەسەر کورسیەکەی خۆی بیر دەکاتەوە. بنووسـە و پـێم بڵێ کە حاڵت باشە و هەموو شتێك ڕێك و پێکە، بە ڕاشکاوی بۆم بنووسە چۆن نـان دەخۆیت. لە کریسمسدا چەند خەم دام دەگرێت کە دەبینم ئێـوە هـەموو پێکـەوەن. فەرامۆشم مەکە ئانتۆن ماچی گـەورە، پەرۆشـی تەماشـاکردنی چـاوو روخـسارتم، لەبارەی خۆتەوە بنووسە، ماچی زۆر.

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٣١ ئۆکتۆبەر

مۆسکۆ — سەرلەبەیانی

ئەم بەیانیە هیچ پێم خۆش نەبوو لە جێگاکەم بێمە دەرەوە، حەزم دەکرد هـەموو رۆژەکە رابکشێم و خەون ببینم.

بە نائومێدیەوە چاوەڕوانی نامەیەکتم، دەمەوێت بزانم سـەفەرەکەت چـۆن بـوەو تەندروستیت لەچیدایە (...) سەفەری دەریا چۆن بوو، ئاوو هەوا ئێستا چـۆنە، گـەرم بوو؟ خێزانەکەت چۆن بینی؟ ئایا دەقت بە ژیـانی رۆژانـەی "یاڵتـا" وە گرتۆتـەوە؟ بنووسە و هەموو شتێکم پێ بڵێ، خەمباریت یان بەوە خۆشـحاڵێت کـە لـە یـەکتر دوورکەوتووینەتەوە؟

لێرە هەموو شتێك زۆر بە سستی دەڕوات. دوێنێ و ئەمڕۆ بەیانی و ئێوارە لە شانۆ بووم، کتێبێکی ئینگلیزیم لەگەڵ خۆمدا بۆ دانیشتنی پرۆڤەکان برد و خوێندمەوە، پاشان ڕۆژنامەکانم خوێندەوە، کاری زۆرمان لەسەر شانۆ نیە، "سانین" هێشتا سەرگەرمی کۆرسەکەیە. دەست کردن بەم نمایشنامەیە تا قیامەت درێژە دەکێشێت، دوێنێ تەلگورامێکت بۆ هات (خەرجیەکەیشی درابوو)[١٦٤] من کردمەوە بۆئەوەی ئەگەر شتێکی زۆر پەلەی تێدا بێت یەکسەر تەلگورامت بۆ بکەم، داوای مۆڵەتیان لێ کردبوویت کە بۆ سوودی گشتی "سێ خوشکەکە" لە پترۆزبورگ نمایش بکەن، من داوام لە "نمیروڤیچ" کرد وەڵامیان بداتەوە، کارێکی باشم کرد؟ تۆ پێت ناخۆش نیە کە خۆت بڕیارت نەداوە ، وانیە؟ وا بزانم نمایشنامەکە ئەوەندەی هی تۆیە هی ئێمەیشە وانیە؟ بڕیارە لیستی بەرنامەکانی شانۆت بۆ بنێرن.

تووتەڵە

* * *

چیخۆڤ

١ نۆڤەمبەر

یالْتا

دەمزانی لە نمایشنامەکەی "نمیروڤیچ"دا بەشداری دەکەیت، سەرزەنشتت ناکەم تەنیا دەمەوێت وەڵامی نامەکەت بدەمەوە. لە نووسینی ڕۆژنامەکانەوە وا دەردەکەوێت کە "کریمەر" ئەو سەرکەوتنەی نەبووە کە من چاوەڕێم دەکرد. ئەمەم زۆر پێ ناخۆشە. بینەرانی ئێمە زیاتر گاڵتەجاڕیان گەرەکە نەك نمایشنامە.

---

[١٦٤] ئەو تەلگورامانەی نێرەرەکە لەپێشدا کرێی وەڵامدانەوەکەی دەدا بۆ ئەوە بوو تەواو لە وەڵامدانەوەکە دڵنیابێت.

لە بارەی نائومێدی و دڵساردی "ستانسلاڤسکی"یەوە کە باست کردبوو بەلامەوە گەمژەیی و ناخۆشە، وا پێدەچێت بەخۆی نەزانێت کە کارێکی باشی کردووە.

ئانتۆنەکەت

"ئۆڵگا" لەوە نیگەران بوو کە "ماشا" حەزی لە خانوە تازەکە نیە و هەوڵی گرتنی جێگایەکی تری دا.

*　　*　　*

کنیپەر

١ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

نزیکەی هەفتەیەکە ڕۆیشتوویت و من تەنیا دوو کارتم لە تۆوە پێگەیشتووە. لە دوێنێوە بە تاسەوە چاوم لە دەرەوەی پەنجەرەکە بڕیوە ئاخۆ پۆستەچی کەی دەگات. کە لە پرۆڤە گەڕامەوە گشت مێزەکانم پشکنی بەڵکوو نامەیەکی تۆیان تیا بێت. وەلێ هیچم وەگیر نەکەوت! ئاخر سەروەختێك کە لە "مرۆڤە تەنیاکان" گەڕامەوە کارتێکم بینی کە لە "سڤاستۆپۆل"ەوە بۆت ناردبووم. ئازیزم بێگومان لە ڕێگای گەڕانەوەتدا بۆ "یالْتا" کەش و هەوا زۆر سارد بووە، کوێستانەکان گەلێك ساردبوون مەگەرنا؟ دەبێت لە چ سەفەرێکی ناخۆشدا بوویت! تەنیا بوویت؟ خواردنت لەگەڵ خۆتدا هەڵگرتبوو؟ (...)

لەگەڵ "ماشا"دا دەچم بۆ بینینی ئاپارتمانەکە، دوێنێ "ڤیشنیڤسکی" بە دوایدا ناردم تا پێم بڵێت لە پاڵ خانووەکەی ئەواندا خانوویەك هەیە، لەسەر شەقامەو ٥ ژووری ڕوناك و گەرمەو کارەبایان تیایە، کرێکەی ١٠٠٠ یان ١١٠٠ ڕۆبڵە، بەڵکو ژوورێك لەوێ بگرین.

"نیمیروڤیچ" خوازیاری ئەوەیە پێت بڵێم هەر کە کورتە چیرۆکێکت نووسی خێرا بۆی بنێریت. دەیەوێت دوانیوەڕۆیەك بۆ خوێندکاره دەست کورتەکان ساز بکات کە "شالیاپین" و "سوبینوف" گۆرانی تیا بڵێن و ئەویش چیرۆکەکەی تۆی تیا بخوێنێتەوه، نرخی بلیت ١٠ رۆبڵ دەبێت. بیرێکی باشە، ئەگەر قابیلیت بینووسە (...).

دوێنێ لە کاتی پرۆڤەدا لە ژووری خۆگۆڕین دانیشتم و بیرم لە تۆ کردەوه ئازیزم. زۆر پێم دژوار بوو کە بەیانی لەناو جێگا بێمە دەرێ، ئارەزووی ژیان و خۆ گۆڕینم نەبوو.

تا سبەی، تەندروست بیت ئازیزم، نامەم بۆ بنووسە، ئایا هەموو نامەکانمت پێدەگات؟ وا بزانم ئەمە شەشەمین نامەیە کەبۆت دەنووسم راستە؟

ماچی زۆر بۆ شاعیرەکەم، هەزاران ماچ.

* * *

چیخۆڤ هانی گۆرکی دەدات کە بۆ شانۆی هونەری نمایشنامە بنووسێت، ئەنجامەکەی گۆرکی دوو نمایشنامەی بەناوی "مرۆڤە سووکەکان" و " لە قووڵاییدا"ی نووسی.

* * *

چیخۆڤ

٢ نۆڤەمبەر

یالتا

رۆژباش تووتەڵە ئازیزەکەم! لە نامەکەتدا پرسیوتە کەش و هەوا چۆنە؟ (...) خۆش و گەرمە بەڵام تەماویە (...) باخەکە هەر بۆ تەماشاکردنەو گوڵە داودیەکان شکۆفەیان کردووه، گوڵە باخەکانیش. بە کورتی پێت بڵێم ژیان لە خەون دەچێت،

دوێنێ و ئەمڕۆم بە هەڵچنی گوزەراند کە زۆر لێی بێزارم، وەلێ هەموویم تەواو کرد، ئیتر هیچم بۆ نانێرن.

تەندروستیم باشە، هەرچەندە دوێنێ و پێرێ و لە ڕاستیدا لەو ڕۆژەوە کە گەڕاومەتەوە تەندروستیم تەواو باش نەبووەو دوێنێ ناچار بووم کەمێك ڕۆن گەرچەك بخۆم، بەڵام پێم خۆشە تۆ حاڵت باشە و لەسەر خۆتی، ئەمە شادم دەکات، زۆرم پێ باشە نیوە ئەڵمانیەکی چکۆڵەت هەبێت کە بتوانێت سەرت گەرم بکات و ژیانت پڕ بکاتەوە، دەبێت ئەو کارە هەر بکەیت. تۆ چی دەڵێیت؟ بەم زوانە "گۆرکی" دێت بۆ مۆسکۆ. بۆی نووسیوم کە ڕۆژی ١٠ نۆڤەمبەر "نیژنی"[١٦٥] (نۆڤگرود) بەجێدێڵێت، بەڵێنی داوە لە شانۆگەریی "مرۆڤە چکۆڵەکان"دا ڕۆڵی تۆ بگۆڕێت، لە ڕاستیدا زیاتر پەرەی بداتێ. بە گشتی بەڵێنی زۆری داوە، من بەوە خۆشحاڵم چونکە ئەگەر وا بێت نمایشنامەکە چاکتر دەبێت (...)

ئۆلیا، هاوسەرەکەم پیرۆزباییم لێ بکە، قژی سەرم چاك کرد!!! دوێنێ بۆ یەکەمین جار لەو ڕۆژەوە کە هاتوومەتەوە پێڵاوەکانم پاك کردەوە. هێشتا جلەکانم پاك نین بەڵام هەموو ڕۆژێك کراس دەگۆڕم و سەرم ماساژ دەکەم (...)

پۆستەری "خاڵ ڤانیا"ی پراگت بۆ دەنێرم (...) وەکو قەشەیەك دەژیم و تەنیا لە خەونی تۆدام. ڕاستە کە خۆشەویستی دەرخستن لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا شەرمەزاریە بەڵام بە دەست خۆم نیە و دیسانەوە بە تۆ دەڵێم تووتەڵەکەم بە قووڵی و بێگەردیەکی تەواوەوە خۆشم دەوێیت. توند لە ئامێزت دەگرم.

تەندروست بیت، کامەران و شاد.

ئانتۆنەکەت

*　*　*

---

[١٦٥] Nizhni

کنیپەر

٢ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

بەیانیت باش ئازیزترینم، تاقانەکەم! ئەمشەو هەمووی خەونم بە تۆوە دەبینی کە دەیانەویت لە مۆسکۆ ڕەوانەت بکەن. خەڵکێکی زۆر بوون، قسەیان دەکرد، شیعریان دەخوێندەوە، کردبوویانە هەراوزەنا، تۆ بەرگێکی شینت لەبەردا بوو و لەسەر پلیکانەکان وەستابوویت و چاوت بچووک کردبوەوە.. هەموو دوێنێم لە چاوەڕوانیەکی بێ هوودەی نامەی تۆدا بەسەربردوو وردە وردە خەریکم نیگەران دەبم.

دوێنێ لەگەڵ "ڤیشنیڤسکی"دا چووم بۆ بینینی ئەو ئاپارتمانەی کە پێشنیازی دەکرد، بنمیچی ژوورەکانی زۆر بەرزن، گەرمیەکەی مەرکەزیە. کارەبای تیایەو — پێنج ژوور — ە، نان خواردنێکی گەورە و ژوورێك بۆ "ماشا"، ژوورەکانی تر باریك و درێژن، پەنجەرەکانی گەلێك گەورەن، چینی خوارەوە بە چوار پلیکانە بۆی دەچیت، ئێمە ژوورێك دەگرین. کرێی ئاپارتمانەکە ١٣٠٠ ڕۆبڵە بەڵام بە ١١٠٠ یان ١٢٠٠ کە گەرم کردنەکەیش دەگرێتەوە دەیدەن. نازانم چی ڕوودەدات، چەندە بێزارکەرە، هێشتا بە دوای ئاپارتماندا دەگەڕێین، پرۆڤەکان ناجۆرو بێزارکەرن و بە ناخۆشی کاتم پێ بەسەردەبەن، "سانین" هاوار دەکات، دەقیڕێنێت و دەستوورەکانی وەك چەکوش بوەشێنێت وایە. بڕیارە ئەمڕۆ لەبارەی جلەکانەوە قسە بکەین. بە "ستانسلاڤسکی" دەڵێم ڕۆڵی "جولیا" نابینم. "لیلینا" حەساوەتەوەو توانای پرۆڤەکردنی هەیە. ئەمڕۆ "سێ خوشکەکە" نمایش دەکەین "کریمەر" چاك بەرەو پێش دەچێت، لاوەکان و خوێندکاران پێیان خۆشە (...)

ئاخۆ بەم زوانە نامەی تۆم پێدەگات؟ ژیان بەبێ نامەی تۆ بۆش و بەتاڵە.

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٣نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

Bonjour,mon mari[١٦٦] ، ماچ بارانێکی گەورەی نامەکەت، نامەی ئازیز و پڕ لە میهرەبانیت دڵدارەکەم. بەختەوەرم سەفەرەکەت چاك و تەندروستیت باشە و خەمبارنیت، دڵتەنگ نیت، لە بیرت نەچێت من موڵکی تۆم، ژیان لێرە بۆ من خەفەتە، لەوە دەترسم ناچار بم لە سووچێکدا دابنیشم و دیق بکەم. دڵ و سەری ئەوەم نیە بڕۆم بۆ جێگایەك، لەم ڕۆژانەدا حەز دەکەم واز لە هەموو شتێك بهێنم و تەنیا بخوێنمەوە، مانەوە لە تەنیا شوێنێکدا بێزارم دەکات، شانۆ وەڕزکەرە، کارێك نییە بیکەین، مەبەستم تەنیا خۆم نییە.

ئەمەی دەیڵێم ڕەنگە لای هەندێك سووك و بێ مانابێت، لەوانەیە، هەست دەکەم وەك ئەکتەرێك گەلێك بێ توانایم تێدایە، پێم خۆشە ڕۆڵەکانی پێشووم ببینمەوە، لە قۆناغێکدام بڕوام بەوە نیە کە ئەکتەریش بم، نواندنەکەم ترسناك و خاوە، من دەتوانم تەنیا ڕۆڵی ئەکتەرێکی واقیعی ببینم.

خۆشیت لە فەلسەفاندن نایەت وایە؟ بمبورە لەو قسە بێ مانایە[١٦٧]. لە شانۆ هەموو هەواڵت دەپرسن و سڵاوت لێ دەکەن (...) ئێستا هەوای "یاڵتا" گەرمە؟ ئازیزم هەوڵ بدە هەموو ڕۆژێك پیاسە بکەیت تەنانەت ئەگەر کرا بە دەوری باخەکەدا

---

[١٦٦] ڕۆژباش مێردەکەم.

[١٦٧] کنیپەر ئاماژە بەیەکەم پەردەی "سێ خوشکەکە" دەکات کە سولیونی دەڵێت: "کە پیاوێ دەفەلسەفێنێ بەرئەنجامەکەی فەلسەفاندن یان سەفسەتەیە، بەڵام کە ژنێك یان دوان دەست بە فەلسەفاندن دەکەن ئەنجامەکەی قسەی بێ سەرەوبەرەی رووتە"

بگەڕێ، کەمێك بجووڵێ. بۆ خۆت باشە، زۆر بخۆ، شیر دەخۆیتەوە؟ ماچی گەورە بۆ ئازیزەکەم.

ئۆلیاکەت

* * *

چیخۆڤ

٤ نۆڤەمبەر

یالتا

(...)هەوا باشە، ئارام و هێورە، هەتاوە، بەڵام زستانی مۆسکۆ لەمەیش چاکترە. بێ تۆ ژیان پەژارەیە، ناچارم نامەی زۆرت بۆ بنووسم (....) بڕیارە گۆرکی بێت، دوێنێ هاوڕێیەك ویستی ئاپارتمانێکی بۆ بگرێت و سەرنەکەوت. لەوە دەچێت لە شوێنێکدا نیشتەجێ بێت نزیك بە "گاسپرا"[١٦٨] کە تۆلستۆی لێیە. هێشتا دوکتۆر (سرێدین)م نەدیوە، نەچووم بۆ شار (...)

مێردەکەت!!!

* * *

کنیپەر

٥ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ —بەیانی

دوێنێ نامەم بۆ نەنووسیت ئازیزم چونکە دوای ئەنجومەنی ئەدەبی درەنگ لە خەو هەستام و ڕاست چووم بۆ پرۆڤە. "خاڵ ڤانیا"مان نمایش کرد(...)

١٦٨ **Gaspry**

کە نامەکەتم پێ گەیشت هێشتا لەناو جێگادا بووم، سوپاس ئازیزم، بـاوەڕم پـێ بکە خۆشم دەوێیت، تۆ تاقەکەسی منیت. خوات لەگەڵ تا ئەمشەو.

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٦ نۆڤەمبەر (لە ڕۆژی چوارەمەوە دەستم پێ کردووە)

مۆسکۆ

بەیانیت باش ئازیزترینم!

دوێنێ نامەت نەبوو! هیوادارم ئەمڕۆ نامەیەکت بگات، ئەگەر ناتوانیت نامـەی درێژ بنووسیت چەند دێڕێکم بۆ ڕەشەوە کەو بۆم بنێـرە. کـە نامـەی تـۆم پێـدەگات گەلێك شاد دەبم.

ئازیزم، دوێنێ چوومە دەرەوە بۆ ناو خەڵك و لەگەڵ خێزانی "لوژسکی" پێکەوە نانی نیوەڕۆمان خوارد و پاشان چووین بۆ یانـە، کـە لـە پرۆڤـە گەڕامـەوە دوکتـۆر "ئوبۆلۆنـسکی"[١٦٩] گەیـشت (...) بـۆ مەسـەلەی ئاپارتمانەکـە ئـەو هاوکـاری چارەسەرکردنیمان دەکـات. تـا مـانگی ئۆگەسـت بـە کارەبـاوە بـە ١١٠٠ ڕۆبـڵ دەماندەنێ، پێویستە تا دوو سێ ڕۆژی تر بڕیاری خۆمان بدەین (...)

ڕۆژی یەکشەممە چووم بۆ پرۆڤە و دەستمان بە پەردەی دووەم کرد "سانین" هاواری دەکرد، تووڕە دەبوو، قسەی بێ سەرەوبەرەی دەکرد (...) "نمیروڤیچ" لەگەڵ ژنەکەیدا سەفەریان کردووە! ڕۆژی شەممە ڕۆشت (...) دوای پرۆڤە، بەپەلە نانی نیوەڕۆم لەگـەڵ دایکما خوارد و چووم بۆ نمایشکردنی "خاڵ ڤانیا" دوو پـەردەی یەکـەم نوانـدنم زۆر

---

[١٦٩] **obolonski**

خراپ بوو، بەڵام لە پەردەی سێیەمدا باش بوو، (...) دوای نمایش "ماشا" هـات و شەو تا سەعات ٤ی بەیانی بەخواردنەوەوە بردمانە سەر (...)

سەعات ١٢ یەو دەبێت بەپەلە ئەم نامەیە پۆست بکـەم، بۆئـەوەی تـۆ هـەموو رۆژێك ئاگات لە هەواڵی من بێت ئازیزم، زێرەکەم.

تووتەڵە هەمیشەییەکەت

کۆتایی ١٩٠١ و سەرەتای ١٩٠٢ شانۆی هونەریان چاك کرد، لە پێـشدا بـاس لەوە کرابوو کە تەلاری تازەی بۆ دروست بکـەن، دەبـوو سـەرمایەداری کارەکـە بـە تایبەتی لە ئەستۆی "سـارامورۆزۆف"ی هـاوڕێی "ستانسلاڤـسکی" دا بێـت کـە پشکی سەرەکی تیادایە. "مورۆزۆف" لەگەڵ پێـشنیازی "نمیروڤـیچ"دا نـەبوو کـە بەپێی پلانی تازە پێویستە ئەکتەرەکان پشکیان لەو کارەدا هەبێت. ئەمە بوو بەهۆی ناکۆکی لـەناو شـانۆدا و لـە ئەنجامـدا هەنـدێك لـە ئەندامـە سـەرەکیەکانی وەك "مایرهۆڵد" و "چیخۆڤ" کە لە سەرەتاوە بڕیاریاندابوو بە پارە بەشداری لە سەرمایە داناندا بکەن وەك نارەزایی دەربڕین کشانە دواوە. ئەوە سەرەتای ناکۆکی تازەی نێوان "ستانسلاڤسکی" و "نمیروڤیچ" بوو کە کنیپەر هۆشیارانە ئاگاداری بوو.

* * *

چیخۆڤ

٦ نۆڤەمبەر

یالْتا

باشە ئازیزم، دوێنێ چووم بۆ دیدەنیی "تۆلستۆی" لە ناو جێگادا بـوو، تووشـی هێدمە بوەو ئێستا لە حەسانەوەدایە، باری جەستەیی چاکترە هەرچەندە هەوا ئەوەندە گەرم نیە و زستانیش بەم دوا رۆژانەی ئۆکتۆبەرەوە خەریکە دەگـات. تۆڵـستۆی بـە بینینم شادمان بوو، منیش ئەمجارە بەتایبەتی لە دیدەنیەکە خۆشحاڵ بووم. هەرچەندە

تەمەنێکی بەسەربردووەو دەشێت ناوی پیری لێ بنێیت بەڵام گوێت لێ دەگرێت و بە جوانی وەڵامت دەداتەوە. "کریمەر"ی خۆش دەوێت (...)

دەتانەوێت شانۆیەکی دی بسازێنن؟ کەی؟ بۆم بنووسە ژنی ئازیزم، هەموو شتێك وەڕزکەرەو من وا هەست دەکەم بیست ساڵە ژنم هێناوەو هەر لە ساڵی یەکەمەوە لە تۆ جیابوومەتەوە. لە کانوونی دووەمدا دێم، خۆم دەپێچمەوەو لە ماڵ نارۆمە دەرێ (...)

ئانتۆنیۆکەت

* * *

کنیپەر

٦ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ —عەسر

ئانتۆنی ئازیز، تەماشای وێنەکەتم دەکرد، دانیشتم تا نامەیەکت بۆ بنووسم، هەست بە شەرمەزاری دەکەم، دەبوو من لای تۆ بوومایە، نەفرەتم لە خۆم کرد کە وازم لە شانۆ نەهێناوە. بەڕاست نازانم چیم بەسەر هاتووە، ئەمە تووڕەم دەکات. تەنانەت قینم لەوەیە کە تۆ لەوێ بە تەنیا لەخەم و ناخۆشیدا بیت و منیش لەباتی ئەوەی گوێ لە هەستی خۆم بگرم خۆم سەرقاڵی کاری بێ هوودە کردووە. چی ڕێم لێ دەگرێت؟ کەواتە من زۆر پێویستم بە نیوە ئەڵمانیەکی چکۆلانە هەیە! بۆ ئەم ڕستەیەتم: "نیوە ئەڵمانیەك بتوانێت سەرگەرمت بکات و ژیانت پڕ بکات" لە یادماوە؟ بۆچی ئەوەی تۆ دەیڵێیت ئەمەندە لای من روون و ئاشکرایە؟ من دەزانم چۆن بیر لە من دەکەیتەوە، بەڵام رەنگە وایش نەبێت. سەرم لێ شێواوە، لەگەڵ خۆمدا لە شەڕدام، دەمەوێت لە نێو ئەم پەرێشانیەدا وەك مرۆڤێك بێمە دەرەوە.

وا دەزانم زۆر بە پەراگەندەیی دەنووسم و تۆ لە مەبەستەکەم تێناگەیت. بەڵام هەوڵ بدە بە تەنیا وشەکان نەخوێنیتەوە.

چۆن ئەم زستانە بەسەر بەرم؟! ئانتۆن زۆرم بۆ بنووسە. پێم بڵێ خۆشم دەوێیت، ئەمە هەستێکی چاکم پێ دەبەخشێت، من کاتێك دەتوانم بژیم کە یەکێك خۆشی بوێم، بەم ئەنجامە گەیشتووم. من زۆر بێ توانام ئانتۆن! ئانتۆن!

ژیان چی بە ئێمە دەبەخشێت و چەند بە ئاسانی لە دەستی دەدەین، چەند ترسناکە کاتێك بەم ئەنجامە گەیشتم کە چ مرۆڤێکی بێ نرخم، ترسناکە!

* * *

چیخۆڤ

٧ نۆڤەمبەر

یالْتا

خەریکە وەك سکەرۆکانت لێ بێت، لە هەموو نامەکانتدا باس باسی خواردنەو ئایا من چەند دەخۆم، ئازیزم من زۆر دەخۆم، تکایە مەترسە، شیر ناخۆم چونکە هەر لە "یالْتا"دا شیر دەست ناکەوێت، وەلێ نیوەڕۆ و شێو وەك گا دەخۆم و بە ئەندازەی دە کەسیش.

حەز دەکەیت واز لە شانۆ بهێنیت؟ وا لە نامەکەت تێگەیشتم، بە ڕاستتە؟ زۆر بە وردی بیری لێ بکەرەوەو پاشان بڕیاری لەسەر بدە دڵەکەم، زستانی داهاتوو من بۆ مۆسکۆ دێم، بڕیارمداوە.

لە "سڤاستۆپۆل"ەوە بە گالیسکە هاتم، گاڵتە ناکەم، لە هەمووی خراپتر ئەوە بوو کە گالیسکەوانەکە دەقیقە بە دەقیقە گیرفانمی خاڵی کرد، ماوەیەکی زۆرمان بە چاککردنەوەی گالیسکەکەوە بەسەر برد و سەعاتی ٣ ڕۆبڵم دا (...)

ئەمڕۆ دوو مشکم گرت، ئیتر ناتوانن بڵێن من کارناکەم (...) هێشتا نامەیەکی درێژم لە تۆوە پێ نەگەیشتووە. نامەیەك تیایدا دەربارەی هیچ شتێك قسەت کردبێت، لە ڕاستیدا من ئەو نامانەی تۆم پێ خۆشە کە لە بارەی شتە جیاوازەکانەوە

دەینووسیت. ترسم لەوەیە کە ماندووت بکەم و وردە وردە لێم بتەکیتەوە، لەمە ڕوونتر ناتوانم باس لە ترسەکەم بکەم.

هەوا ئارامە بەڵام پێ دەچێت ساردو پاکژی بکات. زستان لە پڕێکدا بەسەرماندا دەدات، نانت لەگەڵ "لۆژسکی"دا خوارد؟ تا ئێستا نەچوومەتەماڵێ.

تێکڕا "میکایل کریمەر" باش نمایش دەکەیت، "ستانسلاڤسکی" گەلێك چاکە و ئەگەر ڕەخنەگرەکانمان بیریێکی کراوەو داهێنانەتریان هەبوایە شانۆگەریەکە سەرکەوتنی زۆری بەدەست دەهێنا.

لە بیرت نەچێت کە مێردێکت هەیە، تەنیا ئەوە لە یاد نەکەیت! باخەکە چاکە، بەڵام بەداخەوە من سروشتی ئێرەم پێ باش نییە. ساردە، خۆزگا بڕیارت دەدا و دوو سێ ڕۆژ لە یالْتا دەمایتەوە! هەموو سەفەرەکەت هەفتەیەك درێژەی دەکێشا. من دەمتوانی لە "سڤاستۆپۆڵ" بتبینم.. دەتوانم لە "سڤاستۆپۆڵ" لەگەڵتا بژیم. دەڵێی چی؟ یەزدان پشت و پەنات بێت.

خۆشم دەوێیت، دەمێکە ئەمە دەزانیت، ١٠١٣٢١٢ جار ماچت دەکەم. لەبیرم نەکەیت.

ئانتۆنیۆی مێردت

* * *

کنیپەر

٨ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

دڵدارە هەرە ئازیزەکەم. تکایە لێم تووڕە مەبە ئەگەر نامەکانی ئەم چەند ڕۆژەی دواییم کورت بن یان ڕۆژێك بپەڕێنم، سبەینێ ماڵ دەگوێزینەوە، ئەمڕۆ هەموو شتەکان دەپێچینەوەو پاشان خۆمان ڕێك دەخەین. کارمان زۆرە. بنمیچی ژوورەکانی چینی سەرەوەی ئاپارتمانەکەت زۆر بەرزن و ڕووناکیان تێ دەکەوێت، بۆیە زۆر ئۆمێدم

هەیە کە بتوانم چاوە جوان و پڕ لە هەستەکانت بە چاکی ببینم هەڵبەتە ئەگەر زستانەکەی سەخت نەبێت، وایە؟ (...) ئایا دڵدارەکەی من ددانی پاك دەکاتەوە؟ بەرێك و پێکی؟ (...)

دوێنێ "سێ خوشکەکە"م باش نمایش کرد (...)

دەبێت دەوری "جۆلیا" لە "لە خەونمدا" لەژێر لێوەوە بڵێم. لەگەڵ "لیلینا"دا قسەم کرد، ئەو توانای نیە و وتی ناتوانم بەیانیان پرۆڤە بکەم و شەوانیش نواندن (...)

تەندروست و شاد بیت عەشقەکەم، من، تۆ، سەرت، سنگت، چاوەکانت هەزاران جار ماچ دەکەم و ماوەیەکی دوورودرێژ لێیان ڕادەمێنم.

تووتەڵەکەت

وەڵامان بدەرەوە ئایا پێت خۆشە چیرۆکێکی تازە بۆ "نمیروڤیچ" بنێریت. ئەو لەو بارەیەوە لێی پرسیم.

* * *

کنیپەر

٨ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — عەسر

ئانتۆنی ئازیز، هەموو شتەکان پێچراونەتەوە، ئۆتۆمبیلی شت گوێزانەوە بەیانی دێت و ئێمە دەڕۆینە خانووی تازەوە. لە ئاپارتمانێکی شارستانیانەدا دەژین، داوای لێبوردنت لێ دەکەم کە لەبەر من ناچار بوویت لەم خانوە بچووکەدا بژیت، ئەگەر ئێستا پێت خۆشە وەرە، خانوەکە زۆر دڵگیرە، ئیدی پێویست بە چوونە دەرەوە ناکات.

ڕۆژێکی پڕ لە دەردی سەری بوو، ئەم بەیانیە لە شانۆ بیستمان کە پۆلیس "گورکی"یان لە ڕێگا گرتووە و یەکسەر بەشەمەندەفەر رەوانەی "کریم"یان کردووە،

(...) نووسینی ئەم شتانە بۆ تـۆ کـارێکی گەمژانەیـە. دەزانم کـە تـۆ بـەم زوانـە "گۆرکی" و ژنەکەی و دایکیشی دەبینیت، ئەو دەتوانێت راستەوخۆ بێـت بـۆ لات. ئەمە خۆشحاڵمان دەکات. من دڵنیام تۆ کاریگەری چاکت لەسەری دەبێت. ئەو تۆی خۆش دەوێت و ڕێزت لێ دەگرێت. با لەگەڵتا بێت، خۆ نارازی نیت؟ ئەم رۆژانـە وەك نێچیری ڕاوکراوی بەسەرهاتووە. ئەم شـتانە زۆرم نارەحـەت دەکـەن و ئـەو هـەموو شتێکت بۆ باس دەکات (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٩ نۆڤەمبەر

یالّتا

رۆژباش دڵە ئازیزەکەم، ئەمڕۆ هەوا زۆر خۆشە، گەرم، بێگەرد، هیچ شێی نیـە. هێورە وەك هاوین، گوڵەباخ و مێخەکەکان و گوڵی زەرد پشکووتوون. ئەمڕۆ کاتێکی زۆرم لە باخدا بەسەربرد، لە بیری ئەوەدا بووم کە لەگەڵ ئەو ئاوو هەوا خۆشەی ئێرەدا چەندم پێ خۆشبوو بەسەر ئارەبانەیەکی سەر بەفرەوە بوومایـە. ببـوورە لـەم تیـز و تەوسە.

کەواتە "رکساندا" دووبارە لە "مەلی دەریا"دا دەوردەبینێت؟ نمایشنامەکەیان لە بەرنامەدا نەهێشتووە تا ئەکتەرێك بەگیربێنن و وا ئێستا سەرووکەلەیان دەرکـەوت. چەند دزێوە! لە لیـستی بەرنامەکەیانـدا وا دەردەکـەوێت کـە بیانـەوێت پرۆڤـە لـە "ئیڤانۆڤ"دا بکەن.

بەڕای من ئەوە کارێکی بێ هوودە و کات بە فیڕۆدانە و نمایشنامەکە سەرکەوتوو نابێت، لەبەرئەوەی نمایشەکە سەرنج ڕاکێش نابێت و مرۆڤی ئاسایی زۆر تێی ناگات. من باشترین نووسەرمان هان دەدەم کە بـۆ شـانۆی هونـەری بنووسـن. "گـۆرکی"

شتێکی ئاماده‌ی هه‌یه‌(...) ده‌بێت پاداشتی ئه‌م کاره‌ وه‌ربگرم، بۆ نموونه‌ هه‌ر یه‌که‌و ڕۆبڵێك. ته‌نیا نووسین بۆ تۆ به‌س نییه‌، به‌ڵام قسه‌کردن له‌م باره‌یه‌وه‌ چ سوودی هه‌یه‌؟ خوات له‌گه‌ڵ ئه‌ڵمانیه‌ ئازیز و چکۆڵه‌که‌م، نزات بۆ ده‌که‌م، پێم خۆشه‌ که‌ خۆش ڕاده‌بوێریت، ماچێکی گه‌وره‌و گه‌وره‌.

ئانتۆنیۆکه‌ت

"ئارسنی" چۆته‌ ده‌ره‌وه‌ تا ئه‌و شتانه‌ی "سانین" بۆی ناردووم بیهێنێت. قارچك، ماسی، چاکه‌تێك و شتی دی. هه‌موو شتێك به‌سه‌لامه‌تی ده‌ڕوات.

ده‌مه‌وێت بنووسم به‌ڵام ناتوانم بڵێم به‌ په‌رۆشیه‌کی زۆره‌وه‌.

به‌ "ماشا" بڵێ که‌ "موير و مری ليز" (فرۆشگایه‌) چیمان کڕیوه‌ له‌ ڕێگای "نوڤۆروسیسك"ه‌وه‌ ناردوویه‌تی، که‌واته‌ تا پێش ئه‌پریل به‌ ده‌ستمان ناگات.

* * *

کنیپه‌ر

١١ نۆڤه‌مبه‌ر

مۆسکۆ — به‌یانی

ئازیز. ده‌مه‌وێت بڵێم به‌ سۆزه‌وه‌ خۆشم ده‌وێیت و ژیان به‌ بێ تۆ زینهاره‌ (...) یه‌کجاره‌ له‌ ئاپارتمانی تازه‌وه‌ بۆت بنووسم. ئێره‌ زۆر چاکه‌ ئانتۆنیۆ، مه‌ودایه‌کی زۆر و هه‌وایه‌کی زۆر، تۆ لێره‌ زۆر باش ده‌بیت تاقه‌ کارێك که‌ ماوه‌ته‌وه‌ هه‌ڵواسینی په‌رده‌و فه‌رش داخستنه‌. شته‌کانی دی ئاماده‌ن. ژووری "ماشا" و نان خواردن و ژووری کاره‌که‌ت کاره‌بایان تیایه‌. سێ گڵۆپ به‌ ٤٥ ڕۆبڵ له‌ ساڵێکدا، چی ده‌بێت با ببێت. وه‌ك لۆرده‌کان ده‌ژین! ئازیز تۆ بێ تاقه‌ت نیت؟ هه‌رده‌بێ بێیت. ته‌نانه‌ت هه‌فته‌یه‌کیش له‌ ئاپارتمانه‌که‌دا بیت پێویستیت به‌ چوونه‌ ده‌ره‌وه‌ نیه‌، فه‌زای ئێره‌ تاڕاده‌یه‌کی باش بۆ پیاسه‌کردن ده‌ست ده‌دات، ده‌توانیت هه‌ر له‌ ناو ئاپارتمانه‌که‌دا بگه‌ڕێیت، په‌نجه‌ره‌کان گه‌وره‌ن و هه‌وای ژووره‌کان له‌ ده‌قیقه‌یه‌کدا پاك ده‌بنه‌وه‌،

نەخشەکانت بۆ دەنێرم تا باشتر لێی تێ بگەیت، ژوورەکان ١٥ فووت بەرزن، ژووری "ماشا" تەواو جیایە و کێشەی چێشتخانەی نابێت و دیوارەکانی توند و پتەون، ژووری کارکردنەکەت زۆر جوانە، سووچە جوان و چکۆڵەکەی منیش لە پاڵ تۆدایە، بە کورتی هەموو شتێك زۆر باشە و تۆ شاد دەبیت، هەموو شتێکمان لێوە نزیکە، دوێنێ نامەم بۆ نەنووسیت ئازیزم، چونکە خەریکی ڕێك و پێك کردنی شتەکان بووم و شەویش زۆر شەکەت بووم. مۆڵەتم وەرگرت نەچم بۆ پرۆڤە و شەو بێ کار بووم (...)

پێم خۆشە بۆ بینینی "تۆلستۆی" دەچیت و ماوەی خۆشت لەگەڵیا بەسەربردووە، ئایا هەر سەری لێ دەدەیت؟ لە بارەی چ شتێکی سەرنج ڕاکێشەوە قسەت لەگەڵ کرد؟ کە چوویت بۆ لای باش خۆتت پێچابووەوە؟ ئاگاداری خۆتبە تا بە تەندروستی و شادیەوە بتبینم.

ئاپارتمانەکەی پێشوومان بە خۆشحاڵیەوە چۆڵ کرد، هیچ کێشەیەکمان نەبوو، خەڵکانێکی زۆر میهرەبان بوون (...) ئەمڕۆ ڕۆژێکی گەلێك سەخت بوو، پرۆڤە، نمایشی (مەلی دەریا) و گوێزانەوەیش (...)

لە بارەی شانۆی (تازە)وە هێشتا هەواڵ نیە، بەڵام دەبێت لە نۆڤەمبەردا بڕیار بدرێت، هەموو شتێکت بۆ دەنووسم، "کریمەر" لە نمایشکردندایە و بە چاکی ڕوو لە پێشە (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١١ نۆڤەمبەر

یالّتا

سڵاو توتکەکە! ئەمڕۆ نامە پڕ لە خەم و گلەییەکانتم پـێ گەیـشت کـە تیایـدا خۆتت بە مرۆڤێکی بێ تایبەتمەندی ناودێرکردووە، ئازیزم تاقە شتێك دەتـوانم بیڵـێم ئەوەیە کە زستان زوو دەڕوات و من لە سەرەتای بەهاردا دێم بۆ مۆسـکۆ و هـەموو بەهار و هاوین پێکەوە دەبین. نیازی ئەوەیشم هەیە زستانی داهاتوو لە مۆسـکۆ بم و بەڕاستیی "یالّتا" هێند بێزارکەرە کە نابێت تەنانەت بۆ چرکە ساتێکیش بـیر لـەوە بکەیتەوە کە واز لە شانۆ بهێنیت.

باران دەبارێت و سەربانەکەی داگرتووە، دەنگی یـەك ریتمـی لێـدانی بـاران لـە سەربان خەواڵووت دەکات.

"کوتتیس تولستۆی" وێنەیەکی هـەردووکمانی گـرت، داوای لـێ دەکـەم بـۆم بنێرێت تـا بیگەیەنمـە دەسـتت، بـەڵام خوانـەکات بهێڵێـت کەسـی تـر لـە بـەری بگرێتەوە(...)

زۆرم خۆش دەوێیت تووتەڵەکەم

ئەگەر "گۆرکی" لە مۆسکۆیە سڵاومی پـێ بگەیەنـە و پێـی بڵـێ چـاوەڕێیم. کۆکەم زۆر نیە بەڵام تەندروستیم لە مۆسکۆ چاکتر بوو، هەڵبەتـە تەندروسـتیم نـەك گەدەم، من بەڕادەی تەواو نان دەخۆم، متمانە بە مێردەکەت بکە.

ئانتۆنیۆکەت

* * *

کنیپەر

١٢ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

ئانتۆنی ئازیزم ئەو قسانەی کە پێم دەڵێی "ترسم لەوەیە کە خەریکە ماندووت دەکەم و وردە وردە دەتەوێت لێم دوور بکەویتەوە" زۆرم دەترسێنێت.

ئازیزترینم ئەم بیرانە لە کوێوە دێنیت؟ هەموو ئەمانە لەوەوە هاتوون کە من و تۆ لە یەکتر دوورین. بەڵام ئەمە بۆ من ئاسانترە کە تۆ باسی هەموو ترسەکانی خۆت بۆ من بکەیت نەك لێمی بشاریتەوە، تەنیا داوای ئەوەت لێدەکەم نیگەران مەبە، تۆ تاقە کەسی منی، من بە یادی دیداری تازەی تۆوە ژیان بەسەردەبەم.

دەنگۆیەکی ناخۆش هەیە کە "تۆلستۆی" مردبێت، ئەگەر راستە بۆچی بۆ خەڵکی ئاشکرا ناکەن؟ هەرگیز لەمە ناگەم. لە نمایشی دوێنێدا تەنیا باس باسی نەخۆشی و مردن بوو، هەموو شتێکم بۆ بنووسە و پێم بڵێ. نازانم چۆن زستان بەسەر دەبەم، چەندم پێ خۆشە لەگەڵتا بم، لە هەموو بیرکردنەوەیەکت بگەم کە لە مێشکتدایە، خۆشم دەوێیت، خۆشم دەوێیت. لەمە زیاتر هیچم پێ نیە پێتی بڵێم، تەنیا بە ئومێدێکەوە دەژیم، ژیانێکی راستەقینە کە لەوانەیە بەم زوانە پێی بگەم. بۆ وای لێ هاتووە؟ دەمەوێت لە بارەی چەند مەسەلەیەکەوە قسەت لەگەڵدا بکەم شاعیرەکەم، ئانتۆنی ئازیز شتێك بنووسە، پەرۆشی خوێندنەوەی چیرۆکە تازەکەتم لەبەر ئەو هەستەی پێم دەبەخشێت، خۆشەویسترینم بنووسە، ئەمە ماوەی لێك دابرانمان کورت تر دەکاتەوە، ئێمە لە زستاندا یەکدی دەبینین، بەڵام بەهار دێت و پێکەوە دەبین (...)

توتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١٢ نۆڤەمبەر

یالْتا

شادمانم بەماڵە تازەکەت! بەڵام بۆ تـۆ و "ماشـا" ناونیـشانە تازەکـەتان پـێ نەداوم؟ (...)

"لە خەوندا" ناونیشانێکی باشە، دڵگیر و ناسکە، من زۆرم پێ خۆشە چیرۆکێك بۆ "نمیرۆڤیچ" بنووسم، بەڵام هەر شـتێك کـە بـەم دواییـە دەینووسـم درێـژە و بـۆ خوێندنەوەی ناو خەڵك نابێت، هەرچـیەکیش کـە ئـەم رۆژانـە دەینووسـم سانـسۆر دەکرێت، واتا مۆڵەتی نادرێتێ لە کۆڕیشدا بخوێنرێتەوە، کەواتە وا چـاکە بـە نـاوی منەوە پوزشی بۆ بهێنیتەوە (...)

ئانتۆنیۆکەت

بە تەلەفوون گوێم لێ بوو کە "گۆرکی" بەرێوەیە بێت، من لێرە چاوەڕێیم، ئەگەر ناونیشانە تازەت لە نامەدا نەنووسیوە بە بروسکە بۆم بنێرە.

* * *

کنیپەر

١٣ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ - - بەیانی

ئەمرۆ چاوەڕێی نامەیەکتم ئازیزم، دوێنێ نامەم پێنەگەیشت. زۆر سەیر هـۆگری نامەکانتم، چ دەکەیت، بیر لە چی دەکەیتەوە؟ چ شتێکی تازە هەیە؟

ئەمرۆ زریان بوو، میـزاجم چـاك نیـە و لـە نوانـدن بێـزارین (...) ئێمـە نیـوە ئەڵمانیەکەمان نابێت ئانتۆن!

بە داخەوە. بۆ وا بیر دەکەیتەوە کە ئەم نیوە ئەڵمانیە ژیانمان پڕ دەکـات؟ بـۆ تـۆ پڕی ناکەیت؟ بیرێکی لێ بکەرەوە.

بۆم بنووسە "گۆرگی"ت لایە؟ چۆنە؟ زۆر پێکەوە قسە دەکەن؟ تەندروستی چۆنە؟ دەیەوێت لە کوێ بژی؟ ڕاستە "تۆلستۆی" تووشی سەکتەی دڵ بووە؟ دوێنێ دەمگۆی مردنی لە هەموو شوێنێك بڵاوببوەوە.

پەردەی سێ پرۆڤە دەکەین، پەردەیەکی دژوارە، هەمووی هەراو زەناو بگرە و بەردە و کۆمەڵێك دیمەنی کاتی و بچووکی تیایە. لە بەرانبەر ئەم باکگراوندەدا. نازانم ئەمە باشە یان نا، هێشتا نەگەیشتووینەتە دوا پەردە، لە پەردەی سێیەمدا من بێکارم چونکە دەورم نیە، لە ڕاستیدا کاتم بۆ خۆم کەمە، تەنیا بەیانیان، لە سەعات ١ تا ٤ لە پرۆڤەم و عەسریش نمایشە. ئەم هەفتەیە تەنیا دوو شەممە و هەینی ئازادم، کاری زۆریشم هەیە، دەبێت جلەکانم چاك بکەمەوە، پاڵتۆ فەروەکەم دەڵێم، چونکە مەدام چیخۆڤ خەریکە هیچی نامێنێت، شەرمەزاری نیە؟!

ئێستا چی دەخوێنیتەوە؟ گەلێکم پێ خۆشە هەڵەچنیەکەت تەواو کردووە، بۆ تۆ کارێکی گەلێك بێزارکەرە!(...)

تووتەڵەی هەمیشەییت

* * *

کنیپەر

١٣ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — عەسر

"نمیروڤیچ" چەند دەقیقەیەك لەمەوبەر لێرەبوو، شیرینی خانووی تازەی بۆ هێنابووم، دانیشت و کەوتە قسە (...) بڕیار نیە شانۆی تازە دروست بکەن بەڵام دەیانەوێت گۆڕانێك لە شانۆی ئێستاماندا بکەن.

ئەمڕۆ "موروزۆف" ٥٠٠ ڕۆبڵی دامێ بۆ "جولیا"، واتا بۆ جلەکانی. لە ڕاستیدا جلەکان زۆر لەوە گرانترن، چونکە ئەو بەردەوام دوا مۆدێلی پاریسی دەپۆشێت، خودا دەزانێت ئەم نمایشنامەیەمان چەند لەسەر دەکەوێت (...)

تووتەڵەکەت

*  *  *

چیخۆڤ

١٤ نۆڤەمبەر

یالتا- تەلگورام

تەندروست و بەختەوەربیت لە ماڵی تازەدا .

ئانتۆن

*  *  *

چیخۆڤ

١٤ نۆڤەمبەر

یالتا

ئادرەسی تازەتم ئەمڕۆ پێگەیشت و تەلگورافێکم بۆ ناردیت، وا ئێستایش بۆت دەنووسم، ئەگەر ئاپارتمانەکە تەواو باش و ڕێك و پێکە، ئەگەر گەرما (هەوا) تووشی سەر ئێشەم ناکات و کۆکەکەم زیاتر ناکات مانگی ژانیوەری یان فێبروەری دێم و تا هاوین لات دەبم (...)

ئانتەکەت

ئێستا لە شانۆوە نزیکی ؟ باشە دڵدارەکەم، هەوا سارد بووە، سێ پلە لە ژێر سفرەوە.

*  *  *

کنیپەر

١٥ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

سوپاسگوزاری تەلگورامە چکۆلەکەتم ئازیزترینم، دلداری خۆشەویستم، هەموو دوێنێ نامەم بۆ نەنووسیت و ئەمە سەیرە. وا هەست دەکەم ئەو نامانەی بۆت دەنووسم سەیر بن بەلام گونجاون. من ئەوەم کە لە نامەکاندا هەیە.

ئێستا باخەکەمان چەندە جوان و ئارامە! وتووتە گوڵەباخ و گوڵەداودیەکان پشکوتوون. چەندم پێ خۆشە بە هێوریەوە لە پالتا دابنیشم و کەمێك دلنیا و ئاسوودەبم. بە ڕاست بیر لەوە ناکەیتەوە کە گوناهە من و تۆ پێکەوە ناژین؟

نووسیوتە ئایا من خۆش دەگوزەرێنم؟ قسەیەکی سەیرە! تۆ ئەم ڕاکە ڕاکەیە بە خۆش ڕابواردن دەزانیت؟ ئەمە هەمووی قسەی بێ مانان.

لە بارەی "مەلی دەریا"وە نیگەران مەبە "لیلینا" بەم زوانە لەگەڵ "نمیروڤیچ"دا لەسەر دەوری "نینا" کار دەکات.

دەربارەی "ئیڤانۆڤ"یش نیگەران مەبە. وا دەزانم نمایش کردنی بۆ بێ دەنگ کردنی ئەکتەرەکانە (...)

دوێنێ "سێ خوشکەکە" مان لە هۆڵێکی تاڕادەیەك پڕدا نمایش کرد. کورسی بەتاڵ نەمابوەوە، پێت خۆشە؟ "خاڵ ڤانیا" ١٠٠٠ ڕۆبڵی لێ دەفرۆشرێت. لە کاتێکدا کە "کریمەر" ناگاتە ١٠٠٠ و "قالاوی کێوی" بە زۆر دەگاتە ٤٠٠ ڕۆبڵ (...)،

لە بارەی تەندروستیتەوە زیاتر بۆم بنووسە، چی لەبەردەکەیت؟ تەندروستیت باشە؟ ئایا ئاوی کانزایی "ئیمز"[١٧٠] دەخۆیتەوە؟ ئەوەی پێم وتیت ئەنجامی دەدەیت؟

---

١٧٠ Ems

لە خانمە هەوا دارەکانت لە "یالّتا" داوا دەکەیت سەرتویژت بۆ بهێنن تا بیخۆیت؟ گوێت لێیە، باش بخۆ، خەریکە کێشم کەم دەبێتەوە، یەکەمجارمە لە ژیانمدا بۆ خۆم جزدانی پارە بکڕم(...) وێنەکەتم خستە چوار چێوەوە، هەروەها وێنەکەی "گۆرکی"یش، حەوت و نیو رۆبلّ بۆ چوارچێوە تێگرتنی وێنەی تۆو سێ رۆبلّ بۆ ئەوەی "گۆرکی" دەبینیت چەندە ئازیزی لام؟ سبەینێ دەچم بۆ گەرماوی کانزایی.

شاد و تەندروست بیت، زۆرت خۆش بوێم، هەزار جار سەرە ئازیزەکەت ماچ دەکەم

تووتەلّەکەت

* * *

چیخۆڤ

١٥ نۆڤەمبەر

یالّتا

دوێنێ ئادرەسەکەتم بە دەست گەیشت و تەلگورافێکم بۆ ناردیت، خۆشیەکەم، پیرۆزبایی ئاپارتمانی تازەت لێ دەکەم، پیایدا هەلّدەدەیت و دوایی لە پڕ لێم دەپرسیت: "تووڕەیت ئازیزم؟" چۆن ئەمانەت بە بیردا دێن، بۆ دەبێت تووڕەبم؟ نیگەران مەبە ئازیزم، من ڕازیم و شادیشم (...)

* * *

کنیپەر

١٦ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

ئانتۆنی ئازیزترینم، چەند وشەیەکت بە پەلە بۆ دەنووسم، نامەوێت تەنانەت نامەیەك پشت گوێ بخەم بۆ ئەوەی هەموو رۆژێك لە منەوە شتت پێ بگات (...)

دوێنێ "مرۆڤە تەنیاکان" بایی ٦٠٠ ڕۆبڵی لێ فرۆشرا. دەتوانین ناوی شانۆکەمان بنێین شانۆی چیخۆڤ، پێت خۆشە؟

دوێنێ نامەتم پێ نەگەشتووە ئەمڕۆیش هەروا [171] ئەمە یانی چی؟ تۆ دەڵێیت حەز بەو نامانە ناکەیت کە بۆم دەنووسیت. بەڵام تۆ بۆ چرکەساتێکیش مەوەستە و بنووسە تەنانەت ئەگەر بەدڵیشت نەبێت، ئەگینا من نیگەران دەبم.

ئاوو هەوای ئێرە گەرمە، من بلوزی پایزە لەبەردەکەم، تا شانۆ بە پێ دەڕۆم و دەگەڕێمەوە، هەوای ناو ژوورەکان باشە، نە ساردن و نە گەرم، ئایا بۆم نووسیت کە دەتوانین کۆنترۆڵی گەرمیەکە بکەین؟ سویچێك پلەکەی ڕێك دەخات و پانکەیەکیش.

ژووری کارەکەت، ژووری نانخواردن و ژووری "ماشا" کارەبایان تیایە، دەتوانین کارەبا بخەینە هۆڵەکەیشەوە، هەرچەند ئەوە ساڵانە ٥ ڕۆبڵی تێ دەچێت، دیارە بۆ هەر گلۆپێك. بۆم بنووسە ئایا ئەمە گرانە یان نا.

ئەی "گۆرکی"؟ چۆنە؟ لە بارەیەوە بۆم بنووسە (...) ئێستا وێنەکەت لە چوارچێوەیەکی داری سووردایە. چ بەزمێکە! چەند حەز دەکەم بتبینم ئانتۆن!! کە بیرت لێ دەکەمەوە دەبم بە کێوی. ناتوانم سەر لە بیرکردنەوەکان دەربکەم یان پێتی بگەیەنم چونکە زۆر و جۆراو جۆرن.

ماچت دەکەم، مێردە جوامێرەکەمم خۆش دەوێت، حەزم لە چاوانتە، حەزم لە بیرتە، کە بیر لە یەکدی بینینمان دەکەمەوە دڵم زۆر دادەخورپێت.

کنیپەر کینزەکەت

* * *

[171] لە فارسیەکەدا بە پێچەوانەوە نووسراوە: دوێنێ نامەتم پێگەیشتووەو ئەمڕۆیش هەروا.

کنیپەر

١٦ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ- بەیانی

بەیانیت باش ئازیزم! (...)

دەزانیت بۆ دوو سێ رۆژ بینینت ئارامم لێهەڵگیراوە.

ئەگەر بتوانن دوو یان سێ نمایش بەبێ من بکەن دەتوانم بڕۆم و ٢٥ دیسەمبەر بگەڕێمەوە بۆ مۆسکۆ، رەنگە کارێکی گران بێت بەڵام دەبێت لەگەڵ "نمیروڤیچ"دا قسە بکەم ئەگەر لەتوانادا بێت حەتمەن دەیسازێنم. ئێستا لەبیرم نییە کە نمایشەکان ئاسایی کەی تەواو دەبن (...)

لە نامەکەتەوە دیارە کە ژووری کارکردنت گەرم نیە، وایە؟ (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١٧نۆڤەمبەر

یالْتا

ژنی ئازیزم، ئەو واتە واتەی لە بارەی "تۆلستوی" و تەندروستی ئەوەوە تەنانەت مردنیەوە بیستووتە هیچی راست نییە، هیچ گۆڕانێك کە شیاوی سەرنج لێدان بێت لە بارەی ئەوەوە پێش نەهاتووەو گومان لەوەدانیە کە زۆر دەژی. راستە بێ هێز بووە بەڵام چ نیشانەیەکی مەترسیداری پێوە دیار نیە بێجگە لە پیری. بڕوا بە قسەی خەڵکی مەکە، خوانەکردە ئەگەر شتێك ڕوویدا تەلگورامت بۆ دەکەم، ناوی بە باپیرە دێنم ئەگینا تەلگورامەکەت بە دەست ناگات.

"گۆرکی" لێرەیە و حاڵی زۆر باشە، لە ماڵی ئێمە دەخەوێت و ناونیشانی رەسمیی ئێرەی داوە بە پۆلیس، دوێنێ لێکۆڵەرەوەیەکی پۆلیس لێرەبوو.

دەنووسم. کاردەکەم، بەڵام ئازیزترینم کار لە "یالتا"دا تا ڕادەیەك مەحاڵە، ئێرە بێجگە لە دووری خەڵك و هەوای سارد هیچی سەرنج ڕاکێش نیە. نامەیەکم لە "ڤیشنیڤسکی"یەوە پێ گەیشت، پێی بڵێ نمایشنامەیەك دەنووسم بەڵام نەك لە پێش بەهاردا، لە ژووری کارکردنمدا چرایەك داگیرساوە، ئەگەر نەوتی لێ نەچێت زۆر باشە.

"گۆرکی" نەگۆڕاوە، وەك خۆی خاکی، هۆشیار و چاك، تەنیا شتێکی خراپە، یان چاکتری بڵێم لە بەریایەتی کە من ناتوانم لەگەڵیا ڕابێم ئەویش کراسەکەیەتی، لە شێوەی پلەدارانی سەربازیدایە[١٧٢].

هەواکەی پاییزیەو زۆر باش نییە.

خۆش و شاد بە، ڕووناکی ژیانم، سوپاس بۆ نامەکانت، نەخۆش مەکەوە، ئاقڵبە (...)

ئانتۆنیوی مێردت

* * *

من حاڵم چاکە، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر مۆسکۆ باش کاری تێکردووم، دیارە نازانم کاریگەری تۆیە یان مۆسکۆ، بەڵام زۆر کەم دەکۆکم.

* * *

[١٧٢] چیخۆف ئاماژەکەی بۆ کراسە گوندیەکەی گۆرکیە کە ڕووناکبیرە رادیکاڵەکان لە بەریان دەکرد و لە کراسی پلەدارانی سەربازی دەچوو.

کنیپەر

١٨ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — شەو

تاقه ڕۆژێکه نامەم بۆ نەنووسیویت و هەست بە بێزاری دەکەم ئازیزترینم، درەنگە بەڵام لە ڕاستیدا دەمویست بۆت بنووسم، چەند جارێك ناونیشانه تازەکەم بۆ ناردوویت ئێستا نازانم چییان بە سەرهاتووەو تۆ هەموو نامەکانت بەدەست گەیشتووە؟

خەمباریت؟ هەستی پێدەکەم، ئەی ئازیزترینم! من بە ڕاستی تێدەگەم، دەبێت ئێمه پێکەوە بین، وەلێ ئەگەر خودا بیهەوێت هەموو شتێك ڕێك دەکەوێت و، ئێمەیش ژیانێکی زۆر چاك پێکەوە بەسەردەبەین.

لە خەونی ئەوەدام کە تا مانگێکی تر تۆ دەبینم بەو مەرجەی دەستکاری بەرنامەی نمایشەکان نەکەن(...)

ئەمڕۆ "نمیروڤیچ" لە پرۆڤەی دووەم تۆقی، هیچ شتێك بە چاکی ناڕواتە پێشێ، ئەویش ئەنبارێکی باروتاویە (...)

دوای پرۆڤە چووم بۆ ماڵی دایکم، ماوەیەك بوو نەمدیبوو، نانی نیوەڕۆمان خوارد و عەسر پێکەوە چووین بۆ ئۆپەرێتی ڤیەنی (...) سەرنجی رادەکێشا بەڵام بە گشتی ئۆپەرێتم حەز لێ نیە و بێزارم دەکات.

سبەینێ لەگەڵ "ئیڤان" نانی نیوەڕۆ دەخۆم، نازانم عەسر چی دەکەم، ئایا بەرنامەی نمایش کردنەکانت پێ گەیشت؟ (...)

ئیدی دەبێت نامەکە تەواو بکەم، سەعات نزیکەی سێیە. ماچی گەورە بۆ شاعیری ئازیز، چاوەڕێی ماچەکانتم.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

۱۹ نۆڤەمبەر

یالتا

ڕۆژباش ژنی ئازیزم، ئەمڕۆ هەتاوێکی ئارامە بەڵام ساردە (...) لە ماڵەوەم و زۆر بێ حەوسەڵەم، تاقە دڵخۆشیەك کە هەبێت نامەکانی تۆی کچۆڵە ئازیزەکەمە، بیرم لەوە دەکردەوە کە بۆ نەڕۆین بۆ دەرەوەی وڵات؟ (...) دڵدارەکەم زۆر شادمانم کە ئەوەندە لە ئاپارتمانە تازەکە ڕازیت. کارەبایشی تیایە؟ زۆر باشە(...)

ئانتەکەت

دوکتۆر "ئەلچولەر"[۱۷۳] چارەسەری "تۆلستۆی" دەکات، دوێنێ تەلەفوونی کرد و وتی نەخۆشەکەی باشە و هەست بە مەترسی ناکات.

* * *

کنیپەر

۱۹نۆڤەمبەر

مۆسکۆ- بەیانی

ئاخ ئانتۆنەکەم، تەواو شەکەتم! (...) چووم بۆ شانۆیی "ماڵی" کە لە بینین و بیستنی بێ تاقەت بووم، بە خەیاڵ سەفەرێکم بۆ "سڤاستۆپۆل" کرد، تۆم بینی و لە گەڵتا ژیام، لەگەڵتا پیاسەم کرد و چووم بۆ ئوتێل "کیپ" و.. پاشان دەوری "جولیا"م هاتەوەیاد کە "ستانسلاڤسکی" ڕۆڵەکەمی زۆر نرخاند و دەستخۆشی لێ کردم.

ئەمڕۆ لە نووسینگە بووم و (سەرۆك) ناقایل بوو کە ئەکتەرەکان باش کارناکەن. دەورە لاوەکیەکان (لە پەردەی دووەمدا) واقیعی و سێ ڕەهەندی نین (...)

تووتەڵەکەت

---

[۱۷۳] Altschuler

*    *    *

چیخۆڤ

٢١ نۆڤەمبەر

یالْتا

کنیپەر کینزی ئازیزم، گەوهەرەکەم، ئەگەر هەموو رۆژێك نامـەت بـۆ نەنووسـم تووڕەمەبە، خەتای بارودۆخەکەیە. هەر رۆژە و شتێك رێم لێ دەگرێت کە ناهێڵێت نە ژیان و نە نووسین بکەم (...)

نیازتە کریسمس بێیت بۆ ئێرە؟ بیرێکـی ناوازەیـە، تـەنیا ئـەوە بەسـە داوا لـە "نمیروڤیچ" بکەیت سێ رۆژ مۆڵەتت پـێ بـدات، کـەمتر نـا! بیـستی دیـسەمبەر مۆسکۆ بەجێ بهێڵە و ئەوسا بیست و دوو لە یالْتا" دەبیت، پاشان بیـست و پێـنج دەتوانیت لێرە بڕۆیت و بیست و حەوتەم لە مۆسکۆ دەبیت. کۆترەکـەم، ئـازیزترینم، ئەم سێ رۆژە لەو زاڵمانە وەربگرە. لە بیست و دوو بیست و سێ و تا بیست و شەش نمایش کردن نیە. رۆژی بیستەم، بیستو یـەك و بیـست و شـەش دەتـوانن "قـالاوی کێوی"، "دوژمـنی گەل"، تزارفیـودورف"، "ئـەو کاتـەی ئێمـەی مـردوو زینـدوو دەبینەوە" نمایش بکەن. ئەوان بەرنامەی زۆریان بۆ رۆژانی پشوو هەیە، بە قسەم بکە کنیپەر کینزەکەم، ژنێکی ئاقڵبە.

"گۆرکی" هەر ئەوەیە کە بووە، مرۆڤی باش، رەنگە تەنانەت باشـتریش بێـت، زۆر سادەیە، هەموو ئەم ماوەیە لە "یالْتا" بوو، ئێستا بـۆ زسـتان خانوویـەکی لـە "ئۆلیز"[١٧٤] بە کرێ گرتووەو دەیەوێت بۆ ئەوێ بڕوات. (...)

ئانتۆنیوکەت

*    *    *

---

١٧٤ **oleiz**

کنیپەر

٢١ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — شەو

جارێکی تر نامەت بۆ دەنووسمەوە. چەندە شادم دەکەیت کاتێك هەواڵی تەندروستی خۆتم دەدەیتێ، ناتوانم بڵێم چەند. ئانتۆنی هوشیار و ئازیزترین و ئازیزترین! من وای بۆ دەچم کە ئێرە هەرگیز بۆ تۆ خراپ نەبێت، بێگومان دەتوانیت کار بکەیت و بە تەنیا نابیت. بەڵام زمانم لاڵ بێت ڕەنگە تەندروستیت بکەوێتە مەترسییەوە! بوونی تۆ بۆ من یەکەم "چارەسەریە" کە خۆت دەزانیت و تێی دەگەیت.

تازە "سێ خوشکەکە"مان نمایش کرد (...)

"نمیرۆڤیچ" لە ڕقا ئاگر دەکاتەوە. دوێنێ پرۆڤەیەکی زۆر سەرسووڕمێنمان کرد (...) بنووسە، کار بکە، ئانتونی ئازیز، من کە شتێکی تازەی تۆ دەخوێنمەوە لە تاوا دەلەرزم. هەر وشە و ڕستەیەکت لە مێشکمدا دەپارێزم، ماچت دەکەم، پێت خۆشە نازم هەڵبگریت؟ حەزدەکەم بتبینم و ماچت بکەم.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٢ نۆڤەمبەر

یالتا

کارتێك و وێنەیەکی "تۆلستۆی"م بۆ ناردیت پێت گەیشت؟ تەندروستیی باشە و بێجگە لە تەمەن زۆربی هیچ نیگەرانیەك نیە.

ئەمڕۆ نامەتم پێ نەگەیشت بۆیە گێژم (...) هەوا ئارامە، گەرم و هەورە. وێنەیەکم بۆ ناردیت گەیشتە دەستت؟ ئیدی چیت دەوێت. (...)

کەواتە کچی ئازیز لە دیسەمبەردا دێیت بۆ "یالتا"؟ هاتنت بۆ من بەخششێکی گەورەیە. زستان بێزارم دەکات، چوونە دەرەوەم زۆر بۆ چاکە (...)

نمایشنامەکەی "نمیروڤیچ" لە چیایە؟ پێت خۆشە؟ (...)

ئانتەکەت

ئەگەر لە پشووی چل ڕۆژەدا نەچیت بۆ "پترۆزبورگ" دەتوانین بڕۆین بۆ ئیتالیا، دەڵێی چی؟

* * *

کنیپەر

٢٢ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — شەو

چەند چرکەیەك لەمەوبەر لە نمایشکردنی "مەلی دەریا" گەڕامەوە، پێشوازیەکی زۆری لێکرا. زیاد لە هەزار بلیتی لێ فرۆشرا بوو، پێت خۆشە دڵدارەکەم؟

ئانتۆن، هەست دەکەم نامەکانمت پێ خۆش نیە، هەرچی دەنووسم بێزارت دەکات، بێزارکەرو ئاساین. لە راستیدا ناتوانم نامەیەك بنووسم و لایەنی کەم شتێکی سەرنج راکێش بڵێم. ژیانیش هەر ئەمەیە کە وەك لم بەلای پەنجەماندا دێتە خواری و ئەمەیش ژیان نیە و ژاوەژاوە. من هەستموایە ئەزموونی شتێك دەکەم کە دروست کراوە، لە کاتێکدا کە ژیانی راستەقینە بەلامدا تێدەپەڕێت.

بۆ دەبێت وا بێت ئازیزم؟ بۆ دەبێت وابێت خۆشەویستەکەم؟ پێم خۆشە لەگەڵتا زۆر دڵکارانە قسە بکەم. بەڕاست تۆ من دەناسیت؟ یان تەنیا خۆشت دەوێم بێ ئەوەی هیچم لێ بزانیت؟ ئایا ئەمە پرسیارێکی بێ مانا نیە؟ تۆ مرۆڤێکی واقیعیت ئانتۆن، تۆ ژیان چۆنە وا تێی دەگەیت و خۆشت دەوێت نەك وەك ئەوەی ئێمە بیری لێ

دەکەینەوە، تۆ بەشێوەیەکی ترسناك قۆشمەیت، خۆشم دەوێیت، تۆ بێ هاوتایت، چەند حەزدەکەم لەگەڵتا بم، لە پاڵتا بم و سەرم لە نزیك دڵتەوە بێت، لە تاریکایی شەویشدا، لە پاڵ کوورەی دیوار و تروسکانەوەی ئاگردا دەوروبەریش زۆر ئارام بێت، بە دڵێکی پڕ و هێور و تۆزێك ئازار و تیلماسکێکیش خەمی تێدا بێت. لەم هەستە دەگەیت؟

ژووری کارکردنەکەی "ملیخوڤ"تم بیرکەوتەوە، لە بیرتە بە چ هەڵچونێکەوە لە پاڵتا دادەنیشتم؟ دارسێوو گێلاسەکانیش چەند جوان چەکەرەیان کردبوو؟ چەندە هەموو شتەکان ڕووناك و سپی بوون! چەندم خۆش دەویست!

من ئەو ڕۆژانە کەمێك لێت دەترسام، ئەو بەیانیە دڵگیرەیش کە بۆ ڕەوانەکردنم هاتیت! ئێمە هێشتا ژیانێکی باش و درێژمان لە پێشە، دەزانم.

ئەم نامەیەت لەبەر ڕووناکاییەکی زۆر شیکی کارەبادا بۆ دەنووسم، نیگەرانی ماڵەکەتم نەکا ساردبێت، هەرگیز باش نییە، پێیان بڵێ هەمیشە ئاگایان لە ئاگر بێت بۆ ئەوەی ئاسوودەبیت و هەست بە سەرما نەکەیت. کەس نیە ئاگای لێت بێت. من سەرکۆنەی خۆم دەکەم. ناتوانیت بێیت بۆ ئێرە؟ ئازیزم، ئازیزم من دێم بۆ لات و خۆشم دەوێیت، ئاگاداریت دەکەم، وێنەکەی تۆ و "تۆلستۆی"یم زۆر پێ خۆشە. وێنە ئازیزەکەت زۆر چاکە، دەتوانم ماچ بارانی بکەم.

ئایا هەواگۆڕکێی ژوورەکەت دەکەن؟ ئایا شیر دەخۆیت؟ چ خواردنێکت بۆ دەکەن؟ بیلێ، جلەکانت پاکژ و ڕێك و پێکن؟ هەموویان هەواڵی تەندروستیت دەپرسن و سڵاو دەنێرن (...)

ئۆلیاکەت

* * *

کنیپەر

٢٣ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — شەو

خوێندنەوەی نامەکەت خەمباری کردم، جۆره خەمۆکیەکی تیابوو، تۆ توانای مانەوەت لە "یالّتا" نەماوەو بیر لە چوونە دەرەوە دەکەیت، ئازیزم چی دەبوو ئەگەر هەولّت بدایە بێیت بۆ ئێرە! من لە ناخی دلّمەوە ئەمەم دەوێت. بەڕاستی ئێستا ئێرە گەرمە و سەهۆلّ بەندان نیە (...) بە بیّ تۆ گەلێك تەنیا و بیّ تاقەتم، ناتوانم بێجگە لە تۆ بیر لە کەسی تر بکەمەوە، زۆر گۆرانی دەلّێم، کە بەیانیان لە خەو هەلّدەستم پرۆڤەی گۆرانی دەکەم، دەنگم ورده ورده بەرەو خۆشی دەچێت (...) گۆرانی وتن شادمانیەکی مەزنە بۆم، دەبێت هەست بکەم توانای ئەوەم هەبێت چۆن بمەوێت دەنگ بەو شێوەیە بەکاربێنم، گەشە بە دەنگم دەدەم و بەهێزتری دەکەم (...)

ئۆلیاکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢٤ نۆڤەمبەر

یالّتا

کچی نازدار، بە "نمیروڤیچ" بلّیّ تازوە پەردەی چوارەمی نمایشنامەکەی بۆ "گۆرکی" بنێرێت، پێی بلّیّ زۆر پێویستە.

لە دەرەوە بەفر و بارانە، دەستم سارد و ژووری کارکردنم سارد و تاریکە، نووسین زەحمەتە، هەرچەندە گەرمی پێوەکە ١٢ پلە لە سەرووی سفرەوەیە بەلاّم هێشتا پەنجەکانم توانای نووسینیان نیە.

هەموو زستان بەم شێوەیە دەبێت هەتا کۆتایی ئەپریل.

"گۆرکی" لە "ئولیز" دەژی، هاتە دیدەنیم، بێزار دیارە، دەیەوێت کار لە نمایشنامەکەدا بکات بەڵام "نمیروڤیچ" نەیناردووە.

"سێ خوشکەکە"مان لیرە، لە "یالتا" نمایش کرد، بێ کەڵك بوو، ئەفسەرەکان لە پۆلیس دەچوون، دەنگی "ماشا" لە زیکەزیکی دەکرد.

هۆڵەکە پڕ بوو بەڵام بینەران شانۆگەریەکەیان تێك و پێکدا.

داوا لەوان مەکە بێیت بۆ "سڤاستۆپۆل"، وەرە بۆ "یالتا" تکات لێ دەکەم! "نمیروڤیچ" خۆپەرستە (...) ئەو بە تۆی وتوە کە دەبێت لە ٢٠ ئۆگەستدا بگەڕێیتەوە لە کاتێکدا تۆ هیچ کارێکت لەوێ نیە، دەبێت بە ناچاری گشت پشوەکە بەبێ کاری لەوێ دابنیشیت، منیش ئیدی لەگەڵ شانۆدا تێکی دەدەم و ئیتر نمایشنامەیان بۆ نانووسم (...).

تووتکەکە وەرە بچین بۆ ئیتالیا، تکات لێدەکەم، ئێستا پارەمان هەیە، وەرە بابڕۆین چونکە دوو سێ ساڵی دی ئیتر توانای سەفەر کردنمان نامێنێت.

لە ئامێزت دەگرم هاوسەرەکەم، چاك بخەوە خودا پشت و پەنات بێت.

ئانتەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٥ نۆڤەمبەر

یالتا

(...)دەمەوێت کار بکەم بەڵام نەك لەسەر شتێکی گرنگ. بێ مانایە، ژوورەکان ساردن، مۆسکۆ دوورەو دۆخەکە بە جۆرێکە کە نووسین بێ هوودە دێتە بەرچاو.

ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە بۆ کریسمس بێیت بۆ "یالتا" تووتکەکە؟ ها؟ من هەموو رۆژێك لە بیری ئەوەدام کە بێیت و سێ رۆژ لەگەڵما بیت (...) پرسیبووت کە

ئایا دوای گەڕانەوەم لە مۆسكۆ چووم بۆ دیدەنی "تۆلستۆی" یان نا؟ بـەڵێ ڕۆشـتم. (...)

ئانتۆنیۆی مێردت

* * *

كنیپەر

٢٥ نۆڤەمبەر

مۆسكۆ — شەو

دوێنێ نامەم بۆ نەنووسیت ئازیزم چونكە سەعات ٤ی بەیانی لە كۆڕی ئـەدەبی گەڕامەوەو ئەمڕۆ بە زۆر توانیم بۆ پرۆڤە كردن بەئاگابێم. هەر ئێستایش لە "مرۆڤـە تەنیاكان" گەڕاومەتەوە، دڵم هێند تاسەی دیتننتە كە نـازانم چـی بنووسـم، هـەموو شتێكم بەلاوە بێ بایەخ و بێ نرخە. گەمژەییە، بیر لەوە دەكەمەوە كەبوومەتە چـەند پارچەوە، تووڕەمەبە، لە نامەكانی دواییتدا خـەم بـەدی دەكـەم، بـۆ لـەپڕ وای لـێ هاتووە؟ ئایا شتێك ڕوویـداوە یـان مەسـەلەیەكی گـشتیە؟ ئەگـەر هـەوای زسـتان مامناوەندی بێت ناتەوێت بێی بۆ مۆسكۆ؟ چەند هەموو شتەكان بەم جۆرە ترسـناك بوون ئانتۆن! ئەگەر بتوانم بۆ كریسمس بـێم بـۆ لات زۆر باشـە. هەرچـەند "یالتـا" شایانی ئەوە نیە چونكە من زۆربەی كاتم لە سەفەردا لە دەسـت دەدەم و كـەمتر تـۆ دەبینم، بۆ تۆ ناخۆشە بێیت بۆ "سڤاستۆپۆل"؟ (...)

ئانتۆن پێم بڵێ بزانم گرنگترین شتی ژیان چییە؟ من شپرزەم، شـتێك لـە ژیانـدا هەیە من سەری لێ دەرناكەم، توانای درك كردنیم نیە، هەوڵ دەدەم ڕوونی بكەمەوە و ئەوەی بتوانم ئەنجامی بدەم بەڵام زۆر بێ توانام، دەبێت هەمیـشە چـارەنووس فریـام بكەوێت(...)

تووتەڵە هەمیشەییەكەت

* * *

چیخۆڤ

٢٧نۆڤەمبەر

یالْتا

(...) شانۆگەریەکەی "نمیروڤیچ" سەرکەوتوو دەبێت، نائومێدمەبە، چاکترە کە لەگەڵیدا پڕۆڤە لە "مرۆڤە بچووکەکان"دا بکەن چونکە دوای کریسمس بێجگە لە شانۆگەریەکەی "نمیروڤیچ" شتی ترتان نابێت، لەوە دەچێت "ستانسلاڤسکی" سارد بوویێتەوە، سەرکەوتنە زۆرەکانی لە خۆیان بایی کردووەو هەر شتێك تەواو سەرکەوتوو نەبێت بۆ ئەو وەك خەنجەر وایە (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٢٧ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

خۆشەویستی بەڕێزم، ئازیزترینم، لە نامەی دوێنێتدا هەستم بە ناقایلی و بێ ئۆقرەیی کرد. منیش لەوە دەگەم و ئازاری پێ دەچێژم، زۆر حەز دەکەم هەموو شتێکت باش بێت و خەمبار نەبیت. تەنانەت ئەگەر بۆ مانگێکیش بێت وەرە بۆ مۆسکۆ (...)

"لە خەوندا" تووشی گرفت هاتووە، دوێنێ کاریان لەسەر پەردەی سێیەم دەست پێ کرد، مانای وایە من ڕۆژانە بێ کار دەبم (...)

کاروباری شانۆ بە گشتی دژوارە، هیوادارم ئەم دۆخە زوو نەمێنێت. هەواڵی کارکردن لە تەلارەکە نیە، ئەگەر شانۆیی "ئامونت" بەکرێ بگرن باشە، بینایەکی جوانە و شوێنەکەیشی باشە، تۆ وا بیر دەکەیتەوە؟ (...) هەنووکە من تاقە دڵخۆشیەکم هەیە: گۆرانی وتن، هەموو بەیانیەك گۆرانی دەڵێم، گەرووم باش بووە

(...) له خەونی هاتنی لای تۆدام ئازیزەکەم. هەر له ئێستاوه لێوان لێوم لـه ورروژان، نەکا دیسان بەرنامەکەمان لێ تێك بچێت! لەوه دەترسم که لـه "یالتـا" ناچـار بـین سەردانی خەڵکی بکەین و پاشان کەسانی تر بێن بۆ سەردانمان له کاتێکدا که من پێم خۆشه به تەنیا لەگەڵ تۆدا بم، له بەیانیەوه تا شەو له شەوەوه تا بەیانی، تێدەگەیت؟
تووتەڵەکەت

*　*　*

کنیپەر

٢٧ نۆڤەمبەر
مۆسکۆ — شەو

ڕۆژباش ئازیزم، گوڵی باشوورم، چۆنیت؟ له چ حاڵ و هەوایەکدایت؟ به گاڵتـەت نەبوو که وتت له ژەنیوەریدا دێم بۆ مۆسکۆ. من بۆ ئەو چرکه ساته دەژیم و خـەونی پێوه دەبینم، بەڵام تۆ قورِ و قەپت لێ کرد، بۆ ئێستا باس لـه چـوونه دەرەوەی وڵات دەکەیت. نا ئازیزم ناتوانیت ئەو کاره بکەیت. چونکه لەو حاڵەتەدا زۆر له مـن دوور دەکەویتەوه، که دەمەوێت بۆت بنووسم هەموو شتێکم بـێ هـووده دێتـه بەرچـاو، شپرزه دەبم و دەربارەی گەلێك شتی بچووك که ژیان پـڕ دەکـەن نانووسـم، لام وایـه تۆش هەروایت، کاتێك ئەو شته زۆر گرنگه، واتا پێکەوه ژیانمان لەدەسـت دەدەیـن، ئیدی شتەکانی تر بایەخیان زۆر کەم دەبێتەوه، ڕاست ناکەم؟

دەزانم تۆ له "یالتا" دڵتـەنگ و بێزاریـت، ئـەوەی دڵـم دەداتـەوه ئەوەیـه کـه تەندروستیت باشه، ئازیزم دەربارەی ئەوه زۆرترم بۆ بنووسه کـه میزاجـت چـۆنه، وا مەزانه ئەم شـتانه زۆر بـێ تاقـەتم دەکـات، وەك هەمیـشه ئەمـه دەڵێیـت (...) (بیستوومه) تەندروستیت چاکه و ورەت بەرزه، ڕاسته؟ له نامەکانتا وا دەردەکەوێت، بەڵام لەم دوو سێ نامەی دواییتدا شتێکی ترم خوێندەوه، تۆ تەندروستیت باشه؟

سبەینێ نامەیەکت دەگات، تووتەڵەکەت هەر ئەوەیە کە بووە، تەنیا ئەوەی هەیە کە تا بێت لاوازتر دەبێت، ڕقم لە شەوە چونکە بێ هیچ حەماسەتێك دەچمە ناو جێگاوە، بەیانیان ستران دەچڕم، دەنگم باشتر بووە، کتێب هەر ناخوێنمەوەو ئەمە دەماری ورد کردووم، زۆرم پێ خۆشە نوقمی کتێبێك بم (...)

* * *

چیخۆڤ

٢٨ نۆڤەمبەر
یالّتا

"هەرچی دەنووسم بێزارکەرە، یەك تۆن و ئاساییە" وا بزانم لە یادت ماوە کە ئەمانە وشەکانی خۆتن گەمژەی بچکۆڵە. بەڵام من عاشقی نامەکانتم! ئیتر بێزارکەربن یان یەك تۆن بن، تۆ بفەرموو زیاتر بنووسە منیش وێنەیەکت بۆ دەنێرم.

بڕیاری چیت داوە؟ بۆ کریسمس دێیت بۆ "یالّتا" یان نا؟ دەمەوێت بە تەواوی بیزانم.

خانووەکە ساردە، زۆپاکان داخن بەڵام گەرمایی نادەن، گەرمیی ئاسایی ژوورەکەم ١٢ یان بەدەگمەن دەگاتە ١٣ پلە لە سەرووی سفرەوە، ناتوانین وەجاخەکە دابگیرسێنین لەبەر ئەوەی ئازاری چاوم دەدات، کارکردن لە ١٢ پلەدا سەختە، تووڕە دەبم ئەگەرچی دەزانم گەوجایەتیە.

چەند خۆشبوو ئێستا بمتوانیایە لەگەڵ ژنەکەمدا قسە بکەم، دەست بە ناوچاوانی و شانیدا بهێنم و پێ بکەنم، ئاخ دڵدارەکەم، دڵدارەکەم! (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٢٨ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — شەو

تەنیا چەند دێڕێکت بۆ دەنووسم ئازیزم بۆ ئەوەی هەموو رۆژێك لەمنەوە نامەیەکت هەبێت. زۆر درەنگە و من گەلێك ماندووم (...) بۆچی دوو رۆژە نامەت نیە؟ نیگەرانم.

نامەکانی ئەم دواییەت خەمگینن و لەپڕ — هیچ. ئەمە من بێ تاقەت دەکات. تۆ تەندروستیت؟ ئازیزترین ئازیزم شت لە من مەشارەوە چی دەبێت بابێت.

بیری تۆ و خەونەکانت یارمەتیم دەدەن کە بژیم، روانینێکی باشترم بۆ ژیان دەدەنێ، گومان لە من مەکە باوەڕ بکە خۆشم دەوێیت. ئانتۆن ئەگەر من کاتی ئازاد بۆ خۆم پەیدا بکەم تۆ دێیت بۆ مۆسکۆ؟ دەتوانیت مانگێك لێرە بیت. ئەمە بۆ هەردووکمان زۆر ئاسان دەکەوێتەوە. تۆ دەڵێی چی؟ وەڵامێکم بدەرەوە ئازیزم، نامەکانی دواییت ئەوەندە جۆش و خرۆشییان تیانیە (...).

* * *

کنیپەر

٣٠ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

ئازیزم دوێنێ دوو نامەتم لەیەك کاتدا پێ گەیشت، لەوەدا بوو وردە وردە نیگەران بم، سوپاس ئازیزم! تەنیا ئەوە هەیە کە نامەکانت ئازارم دەدەن، تۆ تەواو بێتاقەتیت، میزاجت خراپە، بەهۆی منەوە خەریکە رقت لە شانۆ دەبێتەوە هەر چەند کە شانۆ ئێمەی پێکگەیاند، دڵدارەکەم چاك نیە خەمبار بیت. تۆ پیاوێکی گەورەیت و دڵێکی مەزنت هەیە، لە ژانیوەریدا وەرە بۆ ئێرە، ژانیوەری مانگێکی یەك جۆرە، گۆرانی

کتوپڕی تیا نیە، لێرە دەتوانیت زۆر باش کار بکەیت و بژیت، دەزانم حەز بە زۆر بڵێی ناکەیت، بۆیە بەم جۆرە بۆت دەنووسم.

زستانێکی گەرمە و پیرێ بەفرەکان توانەوە، بێ هیچ ئومێد و چێژێك دەژیم، میزاجم خراپ نیە، قسە لەگەڵ خەڵکدا دەکەم.

ئاپارتمانێکی باشە بەڵام بێ تۆ وەڕزکەرە، دەبێت تۆ لێرە بیت و تیایدا بژیت (...)

بە خەونی رۆیشتن بۆ ئیتالیا پەرێشانم مەکە، بۆ تۆ وا چاکترە کە پشوەکان لێرە بەسەر بەریت و پێکەوە بژین. رەنگە من ئازاد نەبم و ئەو شتانەی کە وتم بۆ دڵدانەوەی خۆم بوو، هەرچەندە دیسانەوە بیریان دەخەمەوە، بەڵکو و (نمیروڤیچ) قایل بێت بەڵام مەسەلەکە پەیوەندی بەوەوە نیە. خەڵکی پێش پشوەکان زۆر ناچن بۆ شانۆ، بۆیە دەبێت نمایشنامەی زۆر واقیعی بخەینە سەر شانۆ. ئێستا دەمانەوێت پرۆڤە لەسەر پەردەی سێیەم بکەین کە منی تیا نیم. بلێ، ئانتونی ئازیزم، ئێمە بەختەوەر دەبین و خەمان نابێت، وا نیە؟ من هەمیشە نامەی بێ تام و بێزارکەرت بۆ دەنووسم و ناتوانم قسەی خۆشت بۆ بکەم. ئەمەیە هەڵەی من. هەر چەندە کە من خۆیشم بەردەوام شادنیم. من تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت دەتوانم خۆم شادمان بکەم. ماچت دەکەم ئازیزم، زۆر لێت دەپاڕێمەوە کە خەمگین نەبیت.

توتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٣٠ نۆڤەمبەر

یالتا

کنیپەر کینزی ئازیزم، هاوسەری زرنگم، من زیندوو تەندروستم، ئەمڕۆ حاڵم چاکە و هەوا خۆشە و هەتاوە، بەڵام دوێنێ زریان و باران درەختەکانی هێنابووە لەرزین.

ئوتێلەکانی "سڤاستۆپۆڵ" بێزارکەر و پۆخڵن، ئەگەر وای دابنێین کە تۆ بیست و یەکەمی دیسەمبەر بگەیتە "سڤاستۆپۆل" هەر ئەو رۆژە دەتوانیت بێیت بۆ "یالتا" وەرە. تکات لێ دەکەم، تاقەتم نەماوە. زۆریش، هیچ ناکەم، تەنیا بۆ خۆم دانیشتووم و رۆژنامە دەخوێنمەوە، زستانی داهاتوو لە مۆسکۆ دەبم، چ دەبێت بابێت و پزیشکەکان چ دەڵێن بابیڵێن (...)

دوێنێ "گۆرکی" لێرە بوو، تەندروستیی چاکە و دەیەوێت نمایشنامەیەکی تر بنووسێت (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٣٠ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ — شەو

تۆ چۆنیت ئانتۆن؟ دەمێکە پێت نەوتووم خۆشم دەوێیت، لە نامەی داهاتوتدا بۆم بنووسە تا هەستی پێ بکەم. منیش هەر هەمان وەڵامت دەدەمەوە. هەست دەکەم زۆر تەمەڵی لە نووسیندا بۆ ژنەکەت، وا دەزانم تۆ زیاتر حەزت لەوەیە خۆت شت نەنووسیت و تەنیا من نامەت بۆ بنێرم. تۆ هەر ناتەوێت هیچم پێ بڵێیت. ئەوەی دەینووسیت لەبەرخوو پێوە گرتنە. هەموو ئەوەی لە تۆدا خۆشم دەوێت بیرت و دنیای ناوەوەی تۆیە، حەز دەکەم بزانم چیان پێدا تێدەپەڕێت. ئایا زۆر بوێرم کە داوای چوونە ناو ئەو دنیا قەدەغەیە دەکەم؟ ئانتۆن هەستێکی وەڕزکەر، خەم و نائومێدی دەیەوێت هەموو بوونم داگیر بکات. وا بیر دەکەمەوە تۆ لە من دوور کەوتویتەوەو ئیدی توانای تێگەیشتنی تۆم نیە. ژیانی ئایندەمان چۆن دەبێت؟ چەند پێم خۆشە وێنە ئازیزەکەت ماچ بکەم و تۆ لە حاڵێکی چاکدا بیت (...)

پێم پێ مەکەنە و دڵت لێم نەڕەنجێ دڵدارەکەم، ئەگەر پێت خۆشبوو بنووسە، نامەی خۆشم بۆ بنووسە. ئایا لە ژانیوەریدا دێیت؟ (....) باش بنوو، لەبیرت نەچێت...

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

١ دیسەمبەر

مۆسکۆ — شەو

کەواتە تۆ نامەکانم بە بایەخەوە دەخوێنیتەوە ئازیزترینم؟ سوپاس دڵدارە بەڕێزەکەم! (...) لە هەموو حاڵەتەکاندا دەتهێنمە بەرچاوم، گشت حاڵەتی دەموچاوت دەبینم. عاشقی یادەوەری چرکەساتی ئەو سەر لەبەیانیانەم کە تۆ دوای خۆشتن لەسەر جێ نووستنەکە بە بێ هێلەك دادەنیشتیت و پشتت لە من بوو، دەبینیت چ بیرێکی شەیتانانەم هەیە. بیری تریش هەن کە لە مە زیاتر شەیتانین و بەڵام باسیان ناکەم (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٣ دیسەمبەر

یالتا

تووتەڵەی ئازیزم، دڵدارەکەم، ئەمڕۆ دوو نامەت گەیشت، یەکێکیان نموونەیەکی خۆت و ئەویدی خەمگین بوو. نووسیوتە دوو ڕۆژە نامەم بۆ نەناردوویت. من تا ئێستا تەنیا ڕۆژێك دوا کەوتووم، دوێنێ هیچم بۆ نەنووسیت چونکە تۆ نامەت نەبوو، هەموو شتێك خەم هێنەو منیش نەمویست تۆیش خەمبار بیت. شتەکان

یەك بەدوای یەکدا ڕوویانداو من ئەمڕۆ هەست بە ترسێك دەکەم و سەرم خاڵیە. بێ هێزم چونکە دوێنێ زۆپاکەیان زۆر گەرم کردبوو بە درێژایی شەو داگیرسابوو (...) دەی لێگەڕێ.

ئەمڕۆ هەوا دیسان چاکە، گەرم و هەتاویە. خەریکی کێڵانی باخچەکەن (...) زۆر زۆر خۆشم دەوێیت.

ئانتەکەت

* * *

چیخۆڤ

٤ دیسەمبەر

یالّتا

ڕۆژباش، هاوسەرەکەم، دلّدارم! تۆ حەزت بە نامەی من نیە، دەزانم و ئافەرین بۆ زەوقت. بەڵام بلێم چی ئازیزترینم کە ئەم ڕۆژانە میزاج و ڕۆژی باشم نەبوە، هیوادارم لە مێردە پیر و بێچارەکەت ببووریت و لێی تووڕە نەبیت.

نامەکەی دوێنێت وڕەی پێ نەهێشتم، نووسیوتە بۆ کریسمس نایەیت بۆ "یالّتا" نازانم چی لەگەڵ خۆمدا بکەم. پزیشك دەڵێت دەتوانم بچم بۆ مۆسکۆ، یەکێکی تر دەڵێت هەرگیز نابێت. بەڵام من ناتوانم لێرە بمێنمەوە، هەرگیز ناتوانم! (...)

گوێ مەدەرێ تووتکەکە، چیت لەسەردایە بۆم بنووسە.. بچوکترین شتم بۆ بنووسە، نازانیت نامەکانت بۆ من چەندە بە نرخن و چەند ئاسوودەم دەکەن، لە یادی نەکەیت کە خۆشم دەوێیت.

دەمەوێت ئەمڕۆ "گۆرکی" ببینم، رەنگە بچم تۆلستۆیش ببینم.

ئانتۆنیۆی مێردت

نمایشنامەی تازە نیە؟

* * *

کنیپەر

٤ دیسەمبەر

مۆسکۆ — شەو

Bonjour mon petit totot![175]

بۆچی ئەو ڕۆژەی تۆ نامەت نەبێت قیامەتم دێتە بەرچاو؟ (...) دوێنێ خـۆم لــە حەمام کێشاو ٩٥ پاوەند زیاتر نەبووم. ئەی تۆ ئێستا کێشت چەندە؟

وام دێتە بەرچاو، کاتێك مرۆڤ بە کوێرە ڕێگایەکی خراپدا تێدەپەڕێت، یەکێك لــە شێوازی هەڵهاتن لەو ڕێگایە ئەوەیە کە خۆی نوقمی کار و خەون بکات و چێژی لــێ وەربگرێت (...)

دیسان چوویت بۆ دیتنی "تۆلستۆی"؟ بۆ بە وردی بۆم نانووسـیت؟ دیدەنیەکـە چۆن بوو؟ من تەنیا ئەوەندە دەزانم کە تۆ چوویت ئەو ببینیت، ئەمە بەس نیە و مــن هێشتا خوم بەو نامە کورتانەی تۆوە نەگرتوە، زۆر نابات لەباتی نامــە ئــیتر پۆسـت کارتم بۆ دەنێریت یان دوو وشە: دەژیم یاخود شتێکی لەو بابەتە. پێم خۆشە تەنانەت جوێنم بۆ بنووسیت. پێم بڵێیت لە ژیانت رازی نیت و ناتەوێت لەگەڵتا بژیم و ژنێکـی گەلۆرت هەیە. قبوڵمە، هەڵبەتە من وام بیر نەکردەوە، هیوادارم تەندروستیت ڕێگات بدات کە لانی کەم بەشێکی زستان لە مۆسکۆ بەسەر بەریت، ئەگەر نا مەیە ئانتۆن، پێم بڵێ من چی بکەم (...)

تووتەڵەکەت

*   *   *

[175] سڵاو تووتوە چکۆڵەکەم.

کنیپەر

٥ دیسەمبەر

مۆسکۆ — شەو

خۆشەویستترین ئازیزم، من دنیایەك شەکەتم، سەعات یەکی دوای نیوەشەوەو هەر ئێستا لە پرۆڤە گەڕاومەتەوە (...)

ئەمڕۆ دوو نامەم بە جارێك پێ گەیشت و خۆشحاڵ بووم (...) پێم بڵێ نەخۆشیت؟ نووسیوتە "ئەمڕۆ حاڵم باشترە" ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە پێشتر حاڵت خراپ بووە؟ تکایە ئاگات لە خۆت بێت.

خەمگین مەبە ئازیزم، بیری لێ بکەرەوە ئەو کاتەی یەکتری دەبینین چەندە خۆشە! توانای وێناکردنی ئەوەت هەیە؟ (...)

لێرە هەوا گەرمە و لە چوار پلە زیاتر ساردنەبووە. زستانێکی خۆشە، لە سەعات ٥ وە لە ژووری خۆ گۆڕین بووم و لە ٦,٣٠ تا ١٢,٣٠ پرۆڤەم کرد. هەست بە بێ هێزی و کەودەنی دەکەم (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٦ دیسەمبەر

یاڵتا

دڵداری ئازیزم داوای وردەکاریەکانت کردبوو، فەرموو:

دوو رۆژە بەیانیان ئاوی کانزایی دەخۆمەوە، کارێکی ئاسان نیە چونکە پێویستە هەستم، پێڵاو لە پێ بکەم، زەنگ لێ بدەم و چاوەڕێ بم و پاشان پێڵاو دابکەنمەوەو دیسان بچمەوە ناو جێگا. تۆ ڕاسپێری ئەوەت کرد بوو شتێك بخۆم تووشی ڕەوانیم بکات، ئەم بەیانیەیش وەك دوێنێ کەمێکم خوارد، پلێك گۆشتی بەرازیشم خوارد

کە زریانێکی گەورەی دروست کرد (...) ئێستا لە "یالّتا" کەش و هەوا باشە بۆیە من ئازار ناچێژم (...)

دوێنێ چووم بۆ دیدەنیی "گۆرکی"، لە ڤیلایەکی زۆر جواندایە لە کەناری دەریا، بەڵام ماڵەکەیان چ ئاژاوەیەکە، منداڵ، پیرێژن، هەر جێگای نووسەر نیە (...)

ئێمە دەڕۆین بۆ دەرەوە بەڵام نەك بۆ ئیتالیا یان نیس، دەچین بۆ نەرویج بۆ باکووری وڵاتەکەو لەوێوە بۆ دانیمارك.. باشە؟ (...) بە دەرهێنەرەکانت بڵێ من ناهێڵم تا یەکی سیپتەمبەر بگەڕێیتەوە بۆ مۆسکۆ، تەنانەت ئەگەر دەریشت بکەن. لە ئۆگەستدا یان لە کۆتایی ئۆگەستدا سێوی زۆر سەیرم دەبێت، ئەی هەرمێ چۆن؟ تا ئێستا هەرمێی وات نەخواردووە، دڵدارەکەم ئەگەر بڕیار وابوایە واز لە نووسین بهێنم بێگومان دەبووم بە باخەوان، بەم جۆرە دە ساڵی دی دەچوە سەر تەمەنم.

چی لەم ورگە بکەم؟ (...)

ئانتەکەت

* * *

چیخۆڤ

٧ دیسەمبەر

یالّتا

ئەکتەری چکۆڵەو ئازیزم، بۆ گوێ بە قسەی مێردەکەت نادەیت؟ بۆ بە "نمیروڤیچ"ت نەوت دوا پەردەی "مرۆڤە بچووکەکان" بنێرێت، پێی بڵێ دڵدارەکەم. چەند داخ و بەدبەختیە کە بۆ "کریسمس" نایەیت بۆ "یالّتا" پێ دەچێت کە هەردووکمان پیر بین و لە یەکدی تێر نەبین (...)

ئەم چەند ڕۆژەی دوایی باش نەبووم، ڕۆن گەرچەکم خوارد، لاواز بووم، بێجگە لە کۆکین هیچی تر ناکەم، ئێستا حاڵم باشترە و وا دەزانم لە سبەینێوە دەست بەکار بم.. لەوە دەکات تەنیایی کاری خراپ بکاتە سەر گەدە، بە جیدیمە ئازیزم، کەی یەکدی

دەبینینەوە؟ تەنانەت ئەگەر بتتوانیایە لە پشوودا ڕۆژێك بهاتیتایە دنیا هەتا هەتایە بەرەو باشی دەچوو. خۆیشت ئەمە دەزانیت.

ئەم نامەیە سەر لە ئێوارەی ڕۆژی حەوتی مانگ بۆت دەنووسم و سبەینێ، واتا ڕۆژی هەشتەم بۆت پۆست دەکەم. خواردنی جەژن نۆشی گیانتان بێت. دلّدارەکەم ڕێزی قوولّم قبولّ بکە، تۆ هۆشیار و بەڕێزیت.

خوات لەگەلّ، هەزاران جار ماچت دەکەم.

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٨ دیسەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

دوێنێ شەو نامەم بۆ نەنووسیت چونکە ماندوو بووم، بۆیە ئەم بەیانیە نامەت بۆ دەنووسم، تازە قاوەم خواردۆتەوە، "ماشا" ڕۆشتووە بۆ قوتابخانە، ئەو ڕۆژانی شەممە بەیانی زوو دەڕوات.

دوێنێ شەو خەونم پێوە بینیت بەلاّم نەمهێنایەدی (...) دوا نامەت مێژووی یەکی دیسەمبەری پێوەیە و ئەمڕۆ هەشتی دیسەمبەرەو هیچ دەنگ و باسێك نیە، بۆ؟ بۆ هێندە کەم دەنووسیت ئەمە بێ ڕەوشتیە (...) دوێنێ نەچووم بۆ شانۆ، بیستم "نمیروڤیچ" نەخۆشە، هەموو ڕۆژەکە لە جێگادا بووە و نەیش چوە بۆ پرۆڤەی پەردەی سێیەم، ئەمڕۆ دووبارە پرۆڤەی پەردەی یەکەمەو بەیانی بە جلەوە پەردەی سێیەم پرۆڤەدەکەین. چ کارێکی زەحمەتە! خوا دەزانێت چۆنی بە ئەنجام دەگەیەنین!

ئەمڕۆ پێنج سەدهەمین نمایشی شانۆمان لە مۆسکۆ بوو، کەواتە بەیانی سالّیادی سەفەری تۆیە بۆ دەرەوەی ولاّت، لە بیرتە؟ ئای چۆن ئەو ڕۆژەم بە چاکی لە یادە! هەستت چۆنە ئازیزم؟ بۆ لە بارەی تەندروستیتەوە هیچ نالّێیت؟ ئەم کارە مەکە

ئازیزم، تکات لێ دەکەم. لە بارەی هەموو شتێکەوە لەگەڵمدا کراوە بە، من مـرۆڤم، دەزانیت، بووکە شووشە نیم. بەم جۆرە ڕەفتارە لەگەڵمدا هەست دەکـەم سـووکایەتیم پێ دەکەیت (...)

ئایا لە کریسمسدا هەموو پێکەوە دەبن؟ بیر لە من دەکەیتەوە؟ منیش یان دەڕۆم بۆ بینینی هاوڕێکانم یان بە خەمگینی لە ماڵەوە دادەنیشم. نازانم چی دەکەم (...)

تووتەڵەکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٨ دیسەمبەر

مۆسکۆ- شەو

تـەواو سەرخۆشـم ئـانتۆن! لـە ژنـە حەشـەریەکەت ببـوورە! دوای نمـایش لـە نووسینگەی دەرهێنەردا کۆبووینەوەو میوانداریمان هەبوو، کێـك، کاڤیـار، ماسـی، میوە، شەراب، شەمپانیامان خـوارد و گفتوگۆمـان کـرد، مـن زۆر پێکـەنیم، بـە سلامەتی تۆ هەڵماندا ئازیزم! ئاهەنگێکی زۆر جەنجاڵ بەلام بەتام بوو.

هەرچییەك لە ژیاندا ڕوویدات من ئانتۆنی خۆمم هەیە ئـازیزم، ئـازیز، ئـانتۆنی ئازیز نازانم کەی و لە کوێ یەکتر دەبینین(...)

تووتەڵەکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٩ دیسەمبەر

مۆسکۆ — شەو

نمایشێکی سەرکەوتوی "خاڵ ڤانیا"مان کرد! پێت خۆشـە؟ شەسـت و دووەمـین جار بوو، ئەم بەیانیە نامەکەتم پێ گەیشت. بە زمـانی منـەوە دەڵێیـت کـە حـەزم

بەنامەت نیە. ئەم بیرەت لە کوێوە هێناوە؟ کە دەڵێم دەمارێکی خەمباریان تیایە ئەمە بە مانای حەز لێ نەکردن نیە. من هەموو نامەکانتم خۆش دەوێت. بە پەرۆشەوە دەیان خوێنمەوە، لە چاوەڕوانیاندا ئارامم لێ هەڵدەگیرێت. ئەگەر وا بکەوێتەوە کە یەکدی نەبینین نازانم چۆن ئەم زستانە بەڕێ بکەم، بێ عەشق و سۆز دەگوشرێم و دەمرم. کە بێتاقەتم، بێ حەوسەڵەم، پەرێشانم، تووڕەم هەمووی لەبەرئەوەیە کە شوێنێکم نیە تیایدا ئاسوودەبم.

هەواڵی "تۆلستۆی" و "گۆرکی" چیە؟ رۆژی چواری مانگ ئەوانت بینی یان نا؟ تەندروستیت چۆنە؟ ئازارم مەدە، هەموو شتێکم بۆ بنووسە.

ئەمڕۆ هەرسێ پەردەکەمان بە جلەوە پرۆڤە کرد، پێ دەچوو "نمیروڤیچ" ڕازی بێت (...) هەموو تاریفی من دەکەن، دەڵێن نواندنەکەم زۆر جیاواز بووە لە رۆڵەکانی پێشوو. بابزانین (...)

زۆر ناخۆشە کە تەنانەت ناتوانم یەك دوو رۆژ بێم بۆ لات، ئیدی هەموو ئومێدێکم بڕیوە. رۆژانێکی دژوار لە شانۆ بەسەر دەبەین، باوەڕ بکە، دوانمایش رۆژی بیست و سێیە، بەڵام لە بیست و شەشەمدا نمایشێکی شەوو یەکێکی ئێوارەمان هەیە (...)

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

١٠ دیسەمبەر

مۆسکۆ

ئانتۆن، ئەمڕۆ بووم بە سەگ، گازدەگرم، تێدەگەیت؟ سوپاست دەکەم بۆ هەواڵە درێژەکانت. وەلێ هەرگیز کارێکی چاکت نەکردووە کە دەمپای — نەعل-ت

نەکردووە بەسەر پێوە و ناچار بوویت بەیانی پێڵاو لە پێ بکەیت و بتەوێت لە سەعاتێکی دیاری کراودا ئاوی کانزاییت بۆ ژووری کارکردنەکەت بۆ بهێنن (...)
تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

١١ دیسەمبەر
مۆسکۆ

ئازیز ئەمڕۆ دوو ددانی پێشەوەیان بۆ پڕ کردمەوە، ئازارێکی زۆرم هەبوو کاتێک کە دڕێلەکە نزیکی دەماری هەستم بوەوە، چەند ڕۆژێکی تر یەکێکیان دەکێشم. ئەمە کارێکی ناخۆشە، بەڵام من ددانە هەژارەکانم پشت گوێ خستبوو (...)[١٧٦].

* * *

چیخۆڤ

١٣ دیسەمبەر
یاڵتا

سلاو ئەکتەری چکۆڵە! حاڵم باشترە (...) بەڵام هێشتا بێ هێزم، ماوەیەکە باش نانم نەخواردووە، وا بیر دەکەمەوە تا دوو سێ ڕۆژی تر حاڵم لە ئێستا چاکتر بێت. حەب دەخۆم و پاودەر بەکاردێنم. نووسیوتە ڕۆژی هەشتەم سەرخۆش و بەدمەست بوویت، دلدارەکەم خۆزگا دەتزانی چەند ئیرەییت پێ دەبەم؟ ئیرەیی بە زرنگی و

---

[١٧٦] ئەم نامەیەی کنیپەر لە دەقە فارسییەکەدا نییە و لە ئینگلیزیەکەوە وەرمانگێڕاوە (وەرگێڕ)

تەندروستی و مەزاجت دەبەم. ئیرەیی بەو راستیە دەبەم کە دەتوانیت بخۆیتەوە بێ ئەوەی بیر لە هەڵهێنانەوەی خوێن بکەیتەوە. جاران کە دەمخواردەوە دەبووم بە لۆرد.

ئانتۆنەکەت

*　*　*

کنیپەر

١٣ دیسەمبەر

مۆسکۆ — شەو

هاوسەرەکەم. نووسەرەکەم، ماچت دەکەم و سڵاوت لێ دەکەم، غەریزەم پێم دەڵێت حاڵت زۆر چاك نییە، کوڕی باش بەو ئاوی کانزایی بەرێك و پێکی بخۆرەوە. ئەگەر ئەمەت بکردایە ئێستا گەدەت چاکتر بوو (...)

ئانتۆن کۆمیدیایەك بنووسە، دەبێت بینووسیت، بەم کارە شۆڕشێك بەرپا دەکەیت، چونکە کۆمیدیای رووسی نیە (...)

تووتەڵەکەت

*　*　*

کنیپەر

١٤ دیسەمبەر

مۆسکۆ

ئازیزترین خۆشەویستم، تۆ نەخۆش بوویت و من لەگەڵتا نەبووم، ئەمڕۆ کە نامە بچووکەکەتم پێگەیشت دڵم داخورپا، تا ئەو کاتە بەرگەی ئەم دووریە دەگرم کە بزانم تەندروستیت باشە، بەڵام بەرگەی ئەمەیان ناگرم، ئامادەم واز لە هەموو شتێك بهێنم و بێم بۆ لات. ئازیزم دەبێت من لە پاڵتا بم و ژیانێکی ئارام و ئاسوودەت بۆ بڕەخسێنم. بێگومان ئەمە هەر دەڕەخسێت. دڵم ژان دەکات کاتێك دەبینم تۆ لەوێ تەنیا و خەمبار کەوتوویت. ئەمڕۆ پڕ بە دڵ گریام. تۆ فریشتەیەکیت، ئەمەت

دەزانی؟ من دەزانم دڵت چی دەوێت، دەزانم ئارەزووی چی دەکەیت بەڵام تۆ هیچ ناڵێیت، ئازار دەچێژێت و خۆشەویستی فێردەبیت (...) ئانتۆن سەرکۆنەی ئەوەم ناکەیت کە من هاتوومەتە ناوژیانتەوە؟

زوقم کەمترەو کەش و هەوا لە خوار ١٠ پلەوەیە.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١٥ دیسەمبەر

یاڵتا

تووتەڵەی ئازیز، ئەوەندە زیندووم بە ئەندازەی نەخۆشێك کە رووی لە چاکی بێت، بێ هێز و توانام و کارێك ناکەم (...) "تۆلستۆی" نەخۆشە و لە "یاڵتا" لەگەڵ کچەکەیدا دەژی، "گۆرکی" دوێنێ سەردانی کردم (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

١٥ دیسەمبەر

مۆسکۆ — شەو

سەعات بەرەو ٤ دەڕوات ئازیزترین خۆشەویستم! میوانەکانم تازە ڕۆیشتوون، واتا هەموو شانۆی هونەری، ماڵەکە بە جۆرێکی ترسناك بەسەریەکدا کەوتووە، خواردیان و خواردیانەوە، گۆرانیان وت و سەمایان کرد و تا درەنگ مانەوە. هەر بیرم لای تۆ بوو، میزاجم باش نەبوو (...)

تکایە بیر لە هاتنی مۆسکۆ مەکەرەوە، ئاگاداری تەندروستیت بە، من خراپم، تا بەهار خۆت بگرە و ئەوسا من هەمیشە لەلات دەبم، لە زستاندا تۆ دەچیت بۆ

جێگایه‌كی گه‌رمتر و منیــشت له‌گه‌ڵــدا ده‌بم، ئاگاداریــت ده‌كــه‌م و تــۆ ئاســووده‌و ته‌ندروست ده‌بیت، ژیانێكی نموونه‌یی بۆ خۆمان فه‌راهه‌م دێنین، من بێگومانم لــه‌وه‌، ئه‌مه‌ ئه‌و شته‌یه‌ كه‌ من ده‌مخــوازم، تــۆیش ئــه‌وه‌ت ده‌وێــت ئــانتۆن، وا نیــه‌؟ ســێ ده‌رهێنه‌ر لێره‌ بوون (ستانسلاڤسكی، نمیروڤیچ، مورۆزۆف) "ماشا" هه‌موو شتێكت بۆ باس ده‌كات (...)

تووته‌ڵه‌كه‌ت

* * *

چیخۆڤ

١٦ دیسه‌مبه‌ر

یاڵتا

دڵداره‌كه‌م ته‌ندروستیم باشه‌، میوانه‌كان به‌سه‌رمدا ڕژاون و ماونه‌ته‌وه‌، بۆ چــركه‌ ساتێك ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌م نیه‌ نامه‌ت بۆ بنووسم، زۆر تــووڕه‌م (...) بــه‌ڵام ته‌ندروســتیم باشتره‌، نیگه‌ران مه‌به‌.

ئانته‌كه‌ت

* * *

كنیپه‌ر

١٧ دیسه‌مبه‌ر

مۆسكۆ — به‌یانی

دوێنێ شه‌و نامه‌م بۆ نه‌نووسیت چونكه‌ سه‌رم زۆر ده‌یه‌شا، سێ سه‌عات نووستم، به‌یانی به‌ جله‌وه‌ پرۆڤه‌مان كرد، عه‌سریش "سێ خوشكه‌كه‌" كه‌ ده‌توت من له‌ نــاو ته‌مدا نمایش ده‌كه‌م، سه‌رم ده‌یویــست بتــه‌قێت. "فناســتین"[١٧٧]م خــواردو هــه‌موو كاته‌كه‌م به‌ قه‌تره‌ی ڤالرین و نه‌عنا به‌سه‌ربرد. ئــه‌مڕۆ تــا ســه‌عات ١١ نووســتم، وا

---

[١٧٧] phenacetin

ئێستا بۆت دەنووسم، دوایی دەمەوێت دوشێکی گەرم بکەم و پاشان بۆ پرۆڤەی پەردەی سێ و چوار دەچم کە بە جلەوە دەیکەین.

خۆشەویستم، دوێنێ لە چاوەڕوانیەکی بێ ئارامانەدا بە یەکجار دوو نامەتم پێ گەیشت. گەلێك دڵەڕاوکێی تەندروستیتم،هەر ئەوەندەی وەرزی شانۆ تەواو بێت دەتبەم بۆ دەرەوەی وڵات و بە ساڵ چاودێریت دەکەم. هێند نازت دەکێشم تا بێزار دەبیت، باشە؟ من ناتوانم بژیم و تۆم لێ دوور بیت، سەرماتە، برسیتە، ناتوانم بژیم کە بزانم تۆ دووریت لە من و برسی و سەرمات بێت، ناتوانم، پێویستە ژیانمان بگۆڕین، ئەمساڵ شانۆ دەخەمە لاوە.

"ماشا" دوێنێ ڕۆشت، زۆر گریام، تەواو تەنیام (...) چەند شادمانم کە تەندروستیت چاکە ئازیزم (...) بە "ماشا"دا کەمێك شیرینیم بۆ ناردیت، خۆشبوون؟

ئانتۆن نازانم چی بنووسم، هەموو شتێك بێ نرخ دێتە بەرچاو، گرنگ نیە کە نەمتوانی دیاریەکت بۆ بنێرم، دەزانم تۆ تەنیا پێویستیت بە منە، شتەکانی دی هەمووی رووکەشن، چ دەبوو ئەگەر زستان خێراتر بڕۆیشتایە! خێراتر! (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١٧ دیسەمبەر

یاڵتا

دڵدارەکەم، ئەمڕۆ نامەتم پێ نەگەیشتووە بەڵام خودا لێت خۆش دەبێت و منیش هەروا. رووم لە چاکیە، کەمادە (کومپرێس) دەگرمە لای ڕاستم، بەڵام تایەکەم ئاساییە و هەموو شتێك باشە، دیسانەوە بەم زوانە دەبمەوە بە مرۆڤێکی تەندروستی تەواو.

دوێنێ میوانمان هەبوو، تا درەنگ مانەوەو من توورەبووم (...) دایکم باشە بەڵام دیارە نەخۆشیەکەم ئەوی نیگەران کردووە، "ماشا" سبەی بەیانی دەگات و هەموو شتێك لە ئەستۆ دەگرێت (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

١٨ دیسەمبەر

مۆسکۆ — بەیانی

سڵاو ئازیزترین عەشقم! چۆنیت؟ ئەمڕۆ "ماشا" دەبینیت، بە تەنیا لە ماڵەوە نووستم، تازە هەستاوم و لە تەنیاییدا خەریکی قاوە خواردنەوەم، دەبێت ئەمڕۆ بچم بۆ لای پزیشکی ددان و پاشان بۆ پرۆڤەکردنی دێڕێك لە پەردەی چوارەمدا بچم بۆ شانۆ. عەسریش نمایشی "مەلی دەریا"یە. ئەمەیە بەرنامەی ئەمڕۆم (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١٨ دیسەمبەر

یاڵتا

ئەکتەری چکۆڵەی ئازیزم، من باشم و دەژیم، هیوادارم تۆیش هەروا بیت (...) نە هیچ دەنووسم، نە کارێك دەکەم، هەموو شتێك دەخەمە بەیانی. دەبینیت شووت بە چ پیاوێکی تەمەڵ کردووە؟

نمایشنامەکەی "نیروڤیچ" لە چیدایە؟ دەبێت زۆر سەرکەوتوویێت. بینەرانی مۆسکۆ خۆشیان دەوێت، بیر لە نمایشێکی پێکەنین هێنەر دەکەمەوە کە شەیتان

تیایدا وەك پووشكە بە قنگە دەڕواتە هەموو شوێنێك، نازانم شتێكی لێ دەردەچێت یان نا (...)

ئانتەكەت

* * *

چیخۆڤ

١٩ دیسەمبەر

یالْتا

سڵاو تووتكەكە! دوێنێ "ماشا" گەیشت، ئەمڕۆ بەردەوام دەڕواتە پاڵ پەنجەرەكەو هەناسەی قووڵ هەڵدەكێشێت. ژیان لێرە زۆر قەشەنگە! من تەندروستیم چاكترە هەر چەندە هێشتا هەر كەمادەكەم پێوەیە و دەبێت ڕۆژی هەینی، دوو بەیانی لاییەرم، بێجگە لەوە كارێك ناكەم. لە شیرینیەكانت سوپاس گوزارم هەرچەندە لە "فیلی"[١٧٨]ت كڕیوە نەك لە "ئۆگەستریسكۆڤ"[١٧٩] نەك لەبەرئەوەی شیرینی "ئۆگەستریسكۆڤ" باشتربێت، بەڵكوو لەبەرئەوەی كە من بەویان ڕاهاتووم (...) لە بارەی شەوی یەكەمی "لە خەوندا" بۆم بنووسە، بێگومان زۆر سەركەوتوو دەبێت.

ئانتەكەت

* * *

[١٧٨] **Feli** شیرینی فرۆشی ناوداری مۆسكۆیە.

[١٧٩] **Abriskov** شیرینی فرۆشی ناوداری مۆسكۆیە.

کنیپەر

١٩ دیسەمبەر

مۆسکۆ — شەو

حەزدەکەم لەگەڵتابم ئانتۆن، گەلێك خەمبار و تەنیام، هەموو شتێك کڕە، کەس نیە قسەی لەگەڵدا بکەم. خۆزگا پێکەوە دەژیاین، ڕۆشتم بۆ "ئۆپێرا" و "ڕۆمیۆ جولیێت"م دی. زۆر بێزارکەر بوو، ناشاعیرانە، بێ نرخ و گەلۆرانە بوو، من زۆر هەوڵمدا خۆم کۆنترۆڵ بکەم (...) بە گشتی من حەزم لە ئۆپێرا نیە و بە تایبەتی ئەم جۆرە (...)

پرۆڤە بە بەرگەوە باش بەڕێوەچوو (...) جلەکان زۆر جوانن بەڵام من ڕقم لە جل و دەورەکەیشمە، ئەمڕۆ خشتەی نمایش و پشوەکانم پێ گەیشت، تا ڕۆژی ٧ی ژانیوەری تەنیا سێ ڕۆژ بێ کارم، دەڵێی چی؟ من ڕۆژی بیست و هەشت و سێ و پانزە کارم نیە، باش نیە؟ بە دەست هەموو شتێکەوە بێ تاقەتم، هەموو شتێك! ژیانی ڕاستەقینە لە کوێدایە؟ (...) ئەوانەی بە دوای کاروبارە بچووکەکانی خۆیانەوەن و بڕوایان پێیەتی زۆر شادمانن، زۆر هەست بە نائومێدی، بێهێزی و بێ توانایی لە ژیاندا دەکەم، هەستی گەوجایەتی پێم دەڵێت کە کارێکم لە ژیاندا نەکردووە، چونکە کە هێشتا گەنجتر بووم لە ژیان نەگەیشتبووم، هیچم نەبینی، لە هیچ نەگەیشتم و هەستم بە هیچ نەکرد، ئێستاش شپرزەم و نازانم چی بکەم.

لەم ژیانە فراوان و جوانەدا تەنیا بیر لە هەندێك شت و گۆڕانی بچووك دەکەینەوەو لە هیچ تێ ناگەین، تەنیا لە چەند چرکەساتێکی دەگمەندا هەست بە قووڵی و مەزنی ژیان دەکەین. پێم پێ ناکەنیت؟ وا بزانم ناتوانم بیر و باوەڕەکانم بە چاکی دەرببڕم، ئیدی وازم لە بیری دڵکارانە — جیدی — هێناوە. لە ڕۆژەوە بۆ ڕۆژ دەژیم. من بڕوام وایە دەمارگیرەکان بەختەوەرترن.

پێویستە بێدەنگبم ئەگینا بێ تاقەت دەبیت. ماچت دەکەم، شاعیری ئازیزم (...)

ئۆلیا

*　　*　　*

چیخۆڤ

٢٠ دیسەمبەر

یاڵتا

تووتکە هەر ئازیزەکەم، ئەمە ئەو شتەیە کە "نمیروڤیچ" بۆی نووسیوم: "کارەکانی شانۆ باش بەڕێوە دەچن، زۆر ڕێی تێ دەچێت ئێمە شانۆی "ئامونت" بۆ ماوەی ١٢ ساڵ بەکرێ بگرین و خۆمان چ گۆڕانێکمان بوێت تیایدا بیکەین. من خۆم خەریکی ئەو مەسەلەیەم و، ئەو کاتانەی بێ کارم لەگەڵ ئەندازیارەکاندا بەسەری دەبەم و شتی تریش"

دوێنێ کەمادەکانم لە لەشم کردەوە، شتێکی زۆر ناخۆشبوو وەکوو کۆستێ وابوو (...)

ئانتۆنی مێردت

*　　*　　*

کنیپەر

٢٠ دیسەمبەر

مۆسکۆ —ئێوارە

ئانتۆنی ئازیزم تەندروستیت چۆنە؟ دوو نامەتم لە یەك کاتدا پێ گەیشت، زۆر شادمانم کە تەندروستیت روو لە چاکیە! (...) من دوێنێ نیوەڕۆ هەمووی لە ماڵەوە بووم، ئاپارتمانەکە بێدەنگە و تەنیا دەنگی دەرەوە بەرگوێ دەکەوێت، سبەینێ "لە خەوندا"[١٨٠] دەبین.

ئەمڕۆ زنجیرێکم بە ٥ ڕۆبڵ بۆ سەعاتەکەم کڕی، دەمەوێت لە باتی زێڕ داینێم، میزاجم خراپ نیە، بە داخەوە لێرەنیت بە کراسی درێژ و سوخمەی سوورەوە ببینیت،

---

[١٨٠] مەبەستی شانۆگەریەکەیە.

داوێنی بە پوولەکەی زەرد دووراوە، دەڵێن سوخمەیەکی جوانە. بمبینیت نامناسیتەوە، من زۆر بە سروشتی دەوری خانمێکی فەرەنسایی دەبینم، نازانم رەنگە لەبەرئەوەی لە دەورەکەدا بوێرم رەخنەم لێ بگرن (...). من زۆر بە دەگمەن ئەو دەورانە دەبینم کە ریتمیان خێرایە، بەڵام "ستانسلاڤسکی" پێی خۆشبوو (...)

تووتەڵە هەمیشەییەکەت

* * *

کنیپەر

٢٢ دیسەمبەر

مۆسکۆ —تەلگورام

نمایشەکە سەرکەوتووە.

* * *

کنیپەر

٢٢ دیسەمبەر

مۆسکۆ

هاوسەرە باخەوانە ئازیزەکەم! دوێنێ نامەت لە منەوە پێ نەگەیشتووە، بمبوورە! ئەمە لە رەفتارە خراپەکانی منە. ئەم نامەیە بە درێژی نانووسم چونکە ماندووم و نەنووستووم، دوێنێ "لە خەوندا"مان نمایش کرد، بەلامەوە سەرکەوتنەکەی مام ناوەندی بوو (...) دوای نمایشەکە زۆربەمان چووین بۆ باخەکانی "هرمیتاژ" بەڵام "ستانسلاڤسکی" و ژنەکەی نەهاتن، شێومان کرد و لە بارەی خۆمانەوە قسەمان کرد و بڕیارماندا تا بەیانی جیانەبینەوە و چاوەڕێی رۆژنامەکان بین. خواردمانەوە (...) سەعات حەوت رۆژنامە بڵاو بوەوە و بە دەنگی بەرز خوێندمانەوە، سەعات ٨ بڵاوەمان لێ کرد. "مسکوین" کەمێك مەست ببوو، زۆر خۆشبوو قسەی زۆری دەکرد، خۆی و دوو سێ کەسی داوەتی خواردنی بەیانی کرد، "نمیروڤیچ" تووڕە بوو،

وتـی بابڕۆینـەوەو لـە ماڵـەوە بحەسـێینەوە، بـە هـەرحاڵ هـاتن. چـاو قاوەیـەکی سووکەڵەمان خوارد، هەتا سەعات ١٠,٣٠ قسەمان کرد و پێکەنین، سەعات یـانزە لە دەستیان رزگار بووم و چوومە ناو جێگاوە، بەڵام خەوم لێ نەکـەوت، سـەعات ٣ هەستام، بۆ نانی نیوەڕۆ چووم بۆ لای دایکم و پاشان ڕۆیشتم بۆ شانۆ.

رات دەربارەی ئەم ژیانە شێتانەیە چییە؟

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٢ دیسەمبەر

یالْتا

دڵدارەکەم هەموو ڕۆژەکە چاوەڕێی تەلگورامی تۆ بووم، لەبارەی نمایـشنامەکەی "نمیروڤیچ"ەوە هیچم پێ نەگەیشت، وا دەزانم ئەمە بەو مانایەیە کە زۆر سەرکەوتوەو ئێوە هەمووتان منتان لە یاد کردووە، لەبیرم چوو پێت بڵێم ئەگەر پێویستیت بە پـارە بوو لە "نمیروڤیچ"ی وەربگرە، هەرچەندت دەوێت.

ئانتەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٣ دیسەمبەر

یالْتا

تووتەڵەی ئازیزم، هێشتا پێم نەوتوویت کریسمست پیرۆز (...) تەلگورامەکـەت گەیشت. "نمیروڤیچ"یش بۆی ناردبووم، دەورەکەت چۆن بوو؟ باشبوو؟ سەرکەوتنێکی درەوشاوە بوو؟ (...) پرۆڤەی "مرۆڤە بچووکەکان" کەی دەست پێ دەکەیت؟ (...)

خۆشەویستم، تەندروستم و کەم و زۆر باشم، کەم دەخۆم و زۆر دەخۆمــەوە و ورەم چاکە و تەنیا لەشتێکم کەمە ئەویش ژنەکەمە! (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٢٣ دیسەمبەر

مۆسکۆ — شەو

ئانتۆنی ئازیزترینم، چاك بوویتەتەوە؟ بۆ لە بــارەی نەخۆشــیەکەتەوە زیــاترم بــۆ نانووسیت، تایەکەت چەندە، چەند لە جێگادا کەوتیت؟ دیارە زۆر لاواز بوویت. هیچ ناخۆیت. دەبێت چی بکەین بۆ ئەوەی بخۆیت؟ دڵم دێشێت کە دەبینم لەگەڵتا نیم بــۆ ئەوەی پەرستاریت بکەم، کەمادەکانت بگۆڕم، خواردنت بدەمێ و وا بکەم هەست بە ئاسوودەیی بکەیت. دەزانم چ ژیانێکی ناخۆشت هەیە، بەڵێن دەدەم کە ئەمە دوا ساڵ دەبێت ئێمە بەم جۆرە بژین ئازیزترینم، بۆ ئاسوودەیی تۆ چیم لە دەست بێت دەیکەم، گەرم و دڵخۆش بیت و هەست بە تەنیایی نەکەیت، دەبینیت ئەگەر لەگەڵ منــداییت چەندە بۆ تۆ باشەو چۆن توانای کارو نووسینت دەبێت.

بێگومان لە ناخی دڵتەوە سەرکۆنەم دەکەیت کە بۆچی زۆر خۆشم ناوێیت؟ ئەمە راستە؟ سەرزەنشتم دەکەیت کە بۆ واز لە شانۆ ناهێنم و نابم بە ژنێکی ڕاستەقینەت! تێدەگەم دایکت چۆن بیر دەکاتەوە. هەقیەتی، هەقیەتی. ئانتونی ئازیزترینم ببەخشە من گەوجم بەڵام بەخراپی بیرم لێ مەکــەرەوە. لەوانەیــە پەشــیمان بیــت کــە منــت هێناوە، پێم بڵێ و لەوە مەترسە کە بەڕاشــکاوی قــسەم لەگەڵــدا دەکــەیت، وا بــیر دەکەمەوە کە من زۆر بێ بەزەییم، پێم بڵێ چــی بکــەم! دیــارە پــێش وەرزی بــەهار یەکترنابینین؟ داوا لە بەڕێوەبەریەتەکەمان دەکەم بەرنامەیان وا رێك بخەن کە مۆڵــەتم بدەنێ، هەرچۆنێك بێت دوو سێ رۆژێك بۆ ئەوەی بێم و بت بینم.

ئەمە زۆرم ئازاردەدات، ناتوانم لە بارەی هیچ شتێکەوە بنووسم، بەردەوام لە بیری ئەمەدام (...)

ژوورەکانی ماڵەوەمان چۆڵە و خۆش نیە، شەوانە دوای شانۆ حەزناکەم بگەڕێمەوە بۆ ئەوێ، لە دەوروبەرمدا نە خۆشەویستیەك هەیە نە دڵدانەوەیەك، مـن نـاتوانم بـەم جۆرە بژیم (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٤ دیسەمبەر

یالْتا

دەبینیت ئەکتەری چکۆڵە، هەموو ڕۆژێك نامەت بۆ دەنووسم.

ئەمڕۆ جەژنی لەدایکبوونی دایکمە، سبەینێ کریسمـسە و دەرەوە خـۆرەو وەك هاوین گەرمە، هەموو شتێك ئارامە، ئەمڕۆ ناتوانم بچمە دەرەوە چـونکە دوو کـارم هەیە، ئێوارە ئەنجامیان دەدەم و سبەینێ لەوانەیـە بـچم بـۆ بینـینی "گـۆرکی" و "تۆلستۆی" (...)

حەزدەکەم بزانم من و تۆ کەی یەکتری دەبینین، لە چل ڕۆژە یان لە جەژنی پاکدا؟ تەلگورامەکەت گەیشت بەڵام هێشتا نازانم نمایشنامەکەی "نمیروڤیچ" چۆن بوو، لـەم ڕووەوە بە وردی بۆم بنووسە (...)

ئەم هاوینە دەچین بۆ دەرەوەی وڵات بەڵام لە ١٩٠٣ دا ئەگەر تەمەن بوار بـدات لە ڤێلایەکی نزیك بە مۆسکۆ دەژین، مەقبووڵە[١٨١]؟

ئانتەکەت

---

١٨١ چیخۆڤ بەم وشەیە ئاماژە بە شانۆگەری (خاڵ ڤانیا) دەکات کە ئـاتروف دەڵێـت مـن یارمەتیدەرێکم هەیە لە باتی قبووڵ دەڵێ مەقبووڵ.

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٢٥ دیسەمبەر

مۆسکۆ —عەسر

بەپەلە لە ماڵی دایکمەوە هاتم بەو هیوایەی نامەیەك چاوەڕوانمە!

تەنانەت بە درێژایی ڕۆژەکە دەمویست یەکێك بنێرم بۆ ئەوەی نامەکەم بۆ بهێنێت. کەچی وا ئێستا گەڕاومەتەوە و هیچ دیار نییە! دڵم زۆری حەز لە نامەیەکت بوو. دەزانیت کە نامەیەکی تۆم پێ دەگات ماچی دەکەم. پێ مەکەنە (...) خوا دەزانێت ئەم چەند ڕۆژانەی دوایی چەندە خەمبار بوون. زۆر ناخۆشە، ئیدی نازانم لە کوێم. خۆشبەختانە سبەینێ دەست بە شانۆ دەکەمەوە، کە بێکار دەبم نازانم چی بکەم. دوێنێ هیچم بۆ نەنووسیت، چونکە چووم بە دوای درەختی کریسمسدا بۆ ماڵێ و سەعات سێ شەکەت و بێ حەوسەڵە گەڕامەوە (...)

دوێنێ "نمیروڤیچ" لێرە بوو، بەدرێژی باسی نمایشەکەمان کرد، ورەی زۆر دابەزیوە، بەڵام زۆری پێیەو دەری ناخات، هەموویان رقیان لە نمایشنامەکەیە (...)

بۆم بنووسە بزانم ڕات لەو بارەیەوە چییە، لەو رەخنانەی کە نووسران چی تێگەیشتیت؟ دەتوانیت خۆیشت بوێ بنووسیت.

تۆ حاڵت چۆنە خۆشەویستەکەم؟ چۆن دەژیت؟ خودایا ژیان لەگەڵ تۆ و لەم ئاپارتمانەدا چ چێژێکی هەیە. پێکەوە بین و یەکمان خۆش بوێت. بەڵام ئێمە تەنیا لە خەوندا دەژین. دەبێت چاوەڕێ بین (...)

تووتەڵەکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢٦ دیسەمبەر

یالْتا

ئەمڕۆ نامەت نەبوو، ڕەنگە لە پۆستا دواکەوتبێت، بۆ نووسینی نامە بۆ من ناونیشانی مۆسکۆ بکوژێنەوەو بنووسە "یالْتا" و پۆستی بکە. ئەوسا پێویست بە پوولیش ناکات.

ئایا نمایشنامەکەی "گۆرکی" بۆ ئەم وەرزەیە؟ (...)

ئانتەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٧ی دیسەمبەر

یالْتا

باشە کنیپەر کینز کەواتە تۆ نواندنەکەت باش بووە، خۆشحاڵم ئەی پیرە زرنگەکە، چاکە ئیدی ئەگەر مێرد کار نەکات ژن هەقی بۆ دەکاتەوە (...)

تا سەعات ٨ی بەیانی لە ریستورانت بوویت، بڕوانە، نابێت تۆ تەندروستی خۆت تێك بدەیت.

ئانتۆنی مێردت

* * *

کنیپەر

٢٧ دیسەمبەر

مۆسکۆ — شەو

دوێنێ نامەم بۆ نەنووسیت دڵدارەکەم، میزاجم باش نەبوو، نەیشمویست لەوە خەمبارتر بم کە هەم، تۆیش تێبینیەکت بۆ ناردم نەك نامەیەك، تۆ تاقەتی نامە نووسینت بۆ من نەماوە، کە دەتەوێت نامەم بۆ بنووسیت بێ هەستیت. ڕاستە؟

دەتەوێت لێم دوور بکەویتەوە، تا رادەیەك ئەمە دەزانم، تۆ پێت خۆشە لەگەڵما بیت نەك کاغەزم بۆ ڕەش بکەیتەوە.

دوێنێ لەگەڵ "نمیروڤیچ"دا باسی مۆڵەتەکەم کرد، ئەو وای بۆ دەچێت کە دەتوانێت بەرنامەکە بگۆڕێت بۆ ژانیوەری و هەفتەیەك مۆڵەتم بداتێ، دوێنێ "ستانسلاڤسکی" کاتێکی زۆری لەگەڵ ئێمەدا بەسەربرد و من داوای هاوکاریم لەویش کرد، ئەو گەوجە ئامۆژگاری کردم کە باشترە لەسەر شانۆ بم و بۆ هەردووکیشمان چاکترە کە لە یەکدی دوور بین. وتی کە پێش ئەوەی ژنەکەی ببێت بە ئەکتەر ژیانیان ناخۆش و نەشیاو بووە، ئەو پیاوە ئەقڵی لەسەردا نەماوە (...)

"نمیروڤیچ" بەم زوانە بۆ ماوەی سێ هەفتە دەچێت بۆ دەرەوەی وڵات، سبەینێ نمایشنامەکەی "گۆرکی" دەخوێنینەوە لەوانەیە زوو دەست بە پرۆڤە بکەین (...)

دوێنێ و ئەمڕۆ لە ماڵەوە بە تەنیا بووم، کتێبم خوێندەوەو نامەم نووسی، حەزم لە تۆزێك گۆرانی وتن بوو بەڵام سەرو دڵم گیرابوو، وا ئەمڕۆیش نامەت نەبوو، ئازیزم، ئەم زستانە چۆن بەسەر بەرین؟ کەی و لە کوێ یەکدی دەبینین؟ (...) من ترسی ئەوەم هەیە کە خەریکە خۆشەویستیم لە دڵتا نامێنێت و لە ژیانتا دەبم بە جۆرە بەردێکی بێ نرخ. ئازیزترینم پێم بڵێ من چ مرۆڤێکی بێ کەڵکم (...) ساڵی نوێت پیرۆز، ماچت دەکەم ئازیزم، خۆشەویستەکەم، شاعیرەکەم، ئایا بیرت لە نووسینی ئەو کۆمیدیایە کردۆتەوە؟

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٢٨ دیسەمبەر

مۆسکۆ

دڵدارەکەم، ئەمڕۆ لەیەك کاتدا سێ نامەتم پێ گەیشت، ئەمەندەم پێ خۆشبوو هەموویانم قووتدا (...) سوپاس گوزارم کە هەموو ڕۆژێك نامەم بۆ دەنووسیت، خۆشم دەوێیت لەبەر خاتری کارتەکەت! لەگەڵ تۆدا هەوا لە گەرمی هاوین دەچێت و بێ تۆ ئێرە زستانێکی ساردە. بەفر دەتوێتەوەو هەموو شتێك دەخزێت، ئەمڕۆ درەنگ لە خەو هەستام، گەورەترین خۆشیم ئەوەیە کە تا سەعات ١٢ لە ناو جێگادا ڕابکشێم و ڕۆژنامە بخوێنمەوە (...) سەعات یەك چووم بۆ شانۆ، (...) "نمیروڤیچ" شانۆگەریەکەی "گۆرکی" بەدەنگە سەرمابردەڵەکەی خۆی خوێندەوەو قاقای پێکەنین چەند جارێك خوێندنەوەکەی بڕی (...)

نانی نیوەڕۆم لەگەڵ دایکمدا خوارد، ئەم دوانیوەڕۆیە لەماڵەوە بووم، دایکم، پوورم و منداڵەکانی "لیۆڤا"[١٨٢] و "دریزدۆڤا"[١٨٣]ی پوورزام لێرە بوون. لەگەڵ پوورمدا بە جووتە پارچەیەك پیانۆمان لێداو من کەمێك گۆرانیم وت. "نمیروڤیچ" بۆ ماوەیەکی کەم هات، دوو سبەی بە مۆڵەت دەڕوات، سیمایەکی ترسناکی پەیدا کردووە، دەکۆکێ و خیزە خیزیەتی، گوێی دێشێ و سەرو چاوی نیشانەی زۆری سەرمابوونی پێوە دیارە.

گەورەم، کەی یەکتری دەبینین؟ دڵخۆشی بەوەی کەلەگەڵ مندا نیت؟ باشە (...).

تووتەڵەکەت

❊ ❊ ❊

---

١٨٢ **Lyova**

١٨٣ **Drezdova**

چیخۆڤ

٢٩ دیسه‌مبه‌ر

یاڵتا

تۆ ئه‌قڵت له‌ده‌ستداوه‌ ئازیزم، هه‌رگیز، تا من مێردت بم ناهێڵم له‌ شانۆ دوور بكه‌ویته‌وه‌، به‌ پێچه‌وانه‌وه‌ زۆر خۆشحاڵم كه‌ شتێكت هه‌یه‌ بیكه‌یت، ئامانجێكت بۆ ژیانی خۆت دیاری كردووه‌، وه‌ك مێرده‌كه‌یشت باسی شتی هیچ و پووچ ناكه‌یت. كه‌ له‌ باره‌ی ته‌ندروستیمه‌وه‌ بۆت نانووسم له‌به‌رئه‌وه‌یه‌ حاڵم باشه‌، تاكه‌م ئاساییه‌، له‌ رۆژێكدا پێنج هێلكه‌ ده‌خۆم، شیر ده‌خۆمه‌وه‌ بێجگه‌ له‌ نیوه‌ڕوان كه‌ ئێستا به‌هۆی "ماشا"وه‌ خۆش و به‌تامتر بوه‌. كار بكه‌ ئازیزم، زیاد له‌وه‌ی كه‌ ده‌توانیت نا، له‌ هه‌موویش چاكتر ئه‌وه‌یه‌ كه‌ وره‌ به‌رنه‌ده‌یت (...)

"ماشا" له‌وه‌ زویره‌ كه‌ بۆ نامه‌یه‌كت بۆ نه‌نووسیوه‌ (...) دكتۆر "ئالچوله‌ر" به‌م زوانه‌ دێت بۆ مۆسكۆ، پێم وتوه‌ نیوه‌ڕۆیه‌ك لای تۆ نان بخوات. ئایا "مرۆڤه‌ بچووكه‌كان" نمایش ده‌كه‌ن؟ كه‌ی؟ ئه‌م وه‌رزه‌ یان وه‌رزی داهاتوو؟

ئانته‌كه‌ت

* * *

كنیپه‌ر

٢٩ دیسه‌مبه‌ر

مۆسكۆ

جارێكی تریش رۆژباش مێرده‌ ئه‌فسانه‌ییه‌كه‌م! رۆژێكی دی تێپه‌ڕی و كاتی به‌یه‌كتر گه‌یشتنمان نزیكتر بوه‌وه‌. تۆ بیری لێ ده‌كه‌یته‌وه‌ ئه‌وه‌ چ چركه‌ساتێكه‌؟ من هه‌رگیز ئه‌وه‌ نازانم هه‌ر له‌به‌ر ئه‌وه‌یشه‌ كه‌ خۆشم ده‌وێت. یه‌كسه‌ر ده‌توانم هه‌موو ئانتۆن له‌ ئامێز بگرم، سه‌ری ماچ بكه‌م، هه‌ست به‌ ناسكی ره‌فتاری بكه‌م، گوێ له‌ ده‌نگی بگرم، چاوه‌ جوان و سیحراویه‌كه‌ی ببینم، زه‌رده‌خه‌نه‌ شیرینه‌كه‌ی، چینه‌كانی

نێو چاوان و گۆنای نەرمی دەبینم و ئانتۆنەکەم لای خۆم دەبێت، تەواوی ئانتۆنەکەم، خودای من جێی باوەڕکردن نیە.

تەنیام، کەمێك لەمەوبەر لە پرۆڤەی "مەلی دەریا" گەڕاوەمەتەوە (....)

ئەی تۆ ئانتۆنیۆ کاردەکەیت؟ کەمێك بجوولێ، کە دەنووسیت زەمان خێراتر تێدەپەڕێت، وا نیە؟ تۆ شتی زۆر جوان و ناسك دەنووسیت. من وا هەست دەکەم، مەبەستم لەو شتە جوانە لە رووی فۆرمەوەیە، من زۆر مەبەستمە چونکە ئیدی گەلێك لە منەوە نزیکیت، تێ دەگەیت؟

بڕیارە لە ١١ ژانیوەریدا "خاڵ ڤانیا" لە کۆمەڵەی پزیشکاندا نمایش بکەین. کەواتە ئێستا بنوو ئازیزی دڵم و لە بارەی منەوە شتی خراپ مەڵێ، ماچت دەکەم (...) مێردە کەشخەکەم.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٣٠ دیسەمبەر

یاڵتا

(...) ئەگەر دکتۆر "ئاڵچولەر"ت بینی پاکەتێك لە شیرینیەکەی "ئۆگەستریسکۆف"م بۆ بنێرە. هەندێك مرەبایش بکڕە.

بێ تۆ هەموو شتێك بێزراوە. سبەینێ لە سەعات نۆوە دەچمە ناو جێگا تا هاتنی ساڵی تازە نەبینم. تۆ لێرە نیت کەواتە من هیچم ناوێت.

کەش و هەوا خراپترە، با، سەرما و کلوو بەفر، وا دیارە دەست پێکردنی زستانە. نامەیەك بۆ "نمیروڤیچ" دەنووسم (...)

ئانتی مێردت

* * *

کنیپەر

۳۰ دیسەمبەر

مۆسکۆ

دووەم رۆژە و تــۆ نامەیــەکت نیــە ئــازیزترینم! مــن تــازە لــە مــاڵی دایکــم هاتوومەتەوە، نانی نیوەڕۆم لە وێ خـواردووەو ئێـستا دەچـم بـۆ پرۆڤـەی "مرۆڤـە تەنیاکان" (...)

لە کۆمەڵەی پزیشکانی روسیەوە داوەت نامەیەکم بە دەست گەیشتووە بۆ رۆژی کردنەوەو کۆتایی شانۆگەریەکە. رۆژی ۱۱ی ژانیوەری "خاڵ ڤانیـا"یـان بـۆ نمـایش دەکەین.

سبەینێ لە بەڕێکردنی ساڵدا لەگەڵ دایکمدا دەبم (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

۳۱ دیسەمبەر

یالّتا

ژنە ئازیزەکەم تەندروستیم باشە و زۆریش باشە، خۆراکی دە کەس دەخۆم، کێشم زیادی کردووە کە ماوەیەکی زۆر بوو نەمبوو. گەدەم باش کار دەکات.

مەترسە ئازیزترینم، سوێندت بە نامووس بۆ دەخۆم، درۆناکەم، بەڕاستیی ئەمــە دەڵێم (...)

دکتۆر "ئالچولەر" بۆ مۆسکۆ نایەت (...)

ئەمڕۆ نامەت نەبوو، ئەی بێ شەرم!

هەوای "یالّتا" دیسان باشـتر بـووە، ئـەمڕۆ لـە باخەکـەدا لـە ژێـر سـێبەری درەختێکدا دانیشتم و هەوام هەڵمژی (...)

ئانتەکەت

* * *

# ۱۹۰۲

## چیخۆڤ

۲ ژانیوەری
یالتا
هاوسەری ئازیز، شکۆمەندی بێ وێنەم، دوێنێ نامەیەکتم پێگەیشت کە نائومێدی تیابوو، ئەمڕۆ نامەت نیە، لە خۆشیی پشوەکاندا ئێمەت لە بیر چۆتەوە، ژیان بە بێ نامەی تۆ سەختە. پێرێ تەلگرامێکی درێژی پیرۆزبایی ساڵی نوێم بۆ شانۆی هونەری نارد، بەڵام بە ناونیشانی "نمیروڤیچ" ناردوومە و دەترسم بە دەستتان نەگەیشتبێت، چونکە ڕۆژنامەکان نووسیویانە کە ئەو سەفەری دەرەوەی کردووە، تۆ سۆراخی بکە دڵدارەکەم.
ئایا ئەو دوو پیلان گێڕە دەهێڵن لە کۆتایی ژانیوەریدا بڕۆیت؟ (...)
دەورەکەت لە "مرۆڤە تەنیاکان"دا بدە بە "روکسانوڤا" بەم جۆرە ئەوان لە نەبوونی تۆدا کادری زیاتریان دەبێت. بە گشتی تۆ زۆر کاردەکەیت، کاتی حەسانەوەت نیە و ئەمەیش زۆر خراپە. بۆ تەندروستی لەش و ڕۆحت باش نیە، نابێت تۆ لە هەفتەیەکدا لە دوو سێ پرۆڤە زیاترت هەبێت (...)
لە ڕۆژنامەدا خوێندمەوە کە بڕیارە پزیشکەکان میوانداریەکی ڕێزلێنانتان بۆ بکەن. ئەمە ڕاستە؟
ویستم ئەمڕۆ بچم بۆ شار و سەرم چاك بکەم، بۆیە دوێنێ سەرم شت، بەڵام هەوا ساردە و لە سێ پلە زیاتر سەرناکەوێت، ناچار بووم دوای بخەم.
هەموو ڕۆژێك کە دەڕۆمە ناو جێگاوە بیر لە ژنەکەم دەکەمەوە، بیردەکەمەوە و بیردەکەمەوە.

ئانتی مێردت

* * *

چیخۆف

٢ ژانیوەری

یالْتا

ئەمڕۆ دوو نامەت لە یەك کاتدا گەیشت دڵدارم، سوپاست دەکەم، دایکیشم نامەیەکی لە تۆوە پێ گەیشت. سەرزەنشت کردن هەڵەیە. ژیانی تۆ لە مۆسکۆ شتێکە بە خواستی هەردووکمانە، دایکم نەتووڕەیە و نە گلەیی دەکات.

ئەمڕۆ هەرچەندە سەرماکەی دوو پلە لە ژێر سفرەوەبوو، چووم بۆ شار و سەرو ڕیشم کورت کردەوەو ڕێك و پێکم کردن بەو ئومێدەی کە تۆ دێیت. تۆ داواکاریت زۆرە و دەبێت من ڕێك و پێك و پاکژ بم.

"ماشا" چێشتکەرێکی دۆزیوەتەوە، با پێت بڵێم کە من هیچ نانووسم، هەر هیچ، پێت ناخۆش نەبێت هێشتا کات بە بەریەوە ماوە. تا ئێستا ١١ بەرگم نووسیوە، گاڵتە دەکەم. کە بووم بە ٤٥ ساڵ ٢٠ بەرگی دی دەنووسم، تووڕە مەبە هاوسەری ئازیزم! ڕاستە نانووسم، بەڵام لە بری ئەوە هێند دەخوێنمەوە کە بەم زوانە زۆر هۆشیار دەبم.

ئێستا ژانیوەریەو هەواکە زۆر خراپە، باو قوڕاوو سەرما و فێبەروەرییش بە خۆی و زریانیەوە. پیاوێکی ژن داری بێ هاوسەریش لەم مانگانەدا بەدبەختی دەچێژێت. خۆزگا وەك خۆت بڕیارت داوە لە کۆتایی ژانیوەریدا دەگەیشتی.

"گۆرکی" زۆر باش نییە، پێ دەچێت بێتاقەت بێت. بڕیارە ئەمشەو بێت بۆ لام.

تۆ دەزانیت چەندم خۆش دەوێیت تووتکەکە؟ یان بە خەیاڵتا نایەت؟ دەزانیت چەندە زۆر خۆشم دەوێیت؟ (...)

ئانتونی مێردت

* * *

کنیپەر

٣ ژانیوەری

مۆسکۆ

خۆزگا دەتزانی لە وێنەدا دەموچاوت چەندە جوانە! چ ڕوویەکی هێور و قەشەنگە! ماچم کردیت. زۆرم پێ خۆشە کە بڕیارە "ئالچولەر" ببینم، مانای وایە من بەشێکی تۆ دەبینم، بەڵام بۆ ئەمڕۆ لە دانیشتنەکەدا نەم دی؟ (...) بیرم لێ کردیتەوە، تۆ دڵدارە هەرە ئازیزەکەمیت، ئایا منت زۆر خۆش دەوێت؟ چۆن یەکتر ببینین؟ پێویستە لەم بارەیەوە قسەم لەگەڵدا بکەیت و منیش لەگەڵتا بدوێم. وا دێتە بەرچاو کە تۆم زیاتر خۆش بوێت. لە بەردەمتدا چۆك دادەدەم و لێت دەڕوانم و بەو بیرە خۆشانەوە کە لە سەرمدایە دەتریقێمەوە (...)

سبەینێ دیسانەوە پرۆڤەی "گۆرکی" دەکەین (...)

بەختەوەرم کە باش نان دەخۆیت. "ماشا" لێم تووڕەیە؟ پێی بڵێ تووڕە نەبێت. من هەموو شەوێك نامەت بۆ دەنووسم، ڕووناکی ڕۆژ نابینم، لە شانۆ سەرقاڵم، پێنج شەویش لەسەریەك نمایشم کرد و ڕۆژانەیش لە پرۆڤەی "مرۆڤە بچووکەکان"دام. ئەویش نامە بۆ من نانووسێت کە دەبوو بینووسیایە. ئەو بەمزوانە دێت و هەموو شتێکم پێ دەڵێت کە ئەمە زۆر لە نامە نووسین چاکترە (...)

تووتەڵەکەت

خۆشم دەوێیت ئانتۆن! خۆشم دەوێیت! خۆشم دەوێیت!!

* * *

کنیپەر

٤ ژانیوەری

مۆسکۆ

دڵدارەکەم، مێردی ناوازەم، بزانم دەزانیت لە کوێ بووم؟ باوەڕناکەیت؟ لە "درسدن" ژووری ژمارە ٣٥ کە بە وتەی "ڤیشنۆڤسکی" لەوێدا "چیخۆڤ کنیپەری فڕاند" بەڵێ دوای "لە خەونمدا" لەوێ بووم و چایەکم خواردەوە (...) هەموو کاتەکەم بە یادی تۆ و خۆم لەوێ بەسەربرد، هەموو کورسیەکانم دەناسیەوە (...) لە بیرمە من درەنگ گەیشتم و چیم پێوتیت و تۆ چەندە شپرزەبوویت (...) پێش چوونمان بۆ ڕێ و ڕەسمی زەماوەندەکە چەند دواکەوتین (...) هەموو ئەو شتانەم هاتنەوە بیر کە لەو چواردیوارەدا وتمان! (...)

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٥ ژانیوەری

مۆسکۆ — ٤ی بەیانی

ئەمڕۆ زۆر نانووسم! سەعات ٤ بەیانیە، من زۆر ماندووم، ئەمڕۆ زۆر تووڕەبووم، کە لەگەڵ خەڵکیدام پێ دەکەنم بەڵام کە تەنیا دەبم حەزدەکەم بە دەنگی بەرز بگریم (...)

لەوە دەچێت "ئالچولەر" نەیەت (...) زۆرم حەز دەکرد بیبینم و لە بارەی تۆوە پرسیاری لێ بکەم و کەچی وا دیارە نایەت، بۆ نەهاتووە؟ (...)

خەریکم شانۆیی شانۆ نووسی هاوچەرخی نەمساوی "هافمانشتال"[١٨٤] بە ئەڵمانی دەخوێنمەوە.

لە بەیانیەوە بێ وەستان حەوت ڕۆژ نمایشمان هەیە و بەیانیان پرۆڤەی "مرۆڤە بچووکەکان" دەکەین. دەزانیت یانی چی؟ (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٥ ژانیوەری

یالتا

نازدارەکەم، ئۆلیای ئازیز، دوێنێ نامەت نەبوو.

بەفر "یالتا"ی داپۆشیوە، خوا دەزانێت بۆ، تەنانەت "ماشا"یش سارد بۆتەوەو ئیدی شتی جوان لە بارەی ئێرەوە ناڵێت، زمانی خۆی گرتووە.

"نمیروڤیچ" بۆ کوێ چوە. نیس؟ ناونیشانی چییە؟

چێشت لێنەرێکمان بەکرێ گرتووە، کاری باشە، نەنکم لەگەڵیا ڕاهاتووەو ئەمە لە هەمووی گرنگترە.

دوێنێ شەو خەونم پێتەوەدی بەڵام نازانم لە دنیای ڕاستیدا کەی تۆ دەبینم. ڕەنگە دوای ماوەیەکی زۆر. چونکە ئەوان تا کۆتایی ژانیوەری دەستبەردارت نابن. نمایشنامەکەی "گۆرکی" و شتی تریش. باشە ئیدی ئەمەیش چارەنووسە. نا من تۆ خەمبار ناکەم ژنە هەرە باش و چاکەکەم. خۆشم دەوێیت و هەر دەیشمەوێیت تەنانەت ئەگەر بەدار لێیشم بدەیت، دەرەوە هێشتا پڕ لە بەفر و بەستەڵەك و هیچی تازە نیە و هەموو شتەکان وەك خۆیانن.

---

١٨٤ **Hoffmanstahl**

لە ئامێزت دەگرم، ڕات دەمووسم ژنە هەرە ئازیزەکەم، فەرامۆشم مەکە، فەرامۆشم مەکە، لێم دوور مەکەوەرەوە، بن میچەکە دڵۆپە دەکات، نیشانەی بەهارە، بەڵام کەلە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوە دەکەیت زستانە، وەرە خەونم تاقە گەوهەرم.

ئانتۆنی مێردت

وێنەی دوو ڕەش پێستەکەت بە دەست گەیشت؟

* * *

کنیپەر

٦ ژانیوەری

مۆسکۆ

مەبەستت چیە کە نامەکانمت پێ ناگات، بە دەگمەن من ڕۆژێك تێدەپەڕێنم کە قەڵەم لە دەست نەگرم ئەویش ئەو کاتەیە کە زۆر شەکەتم یان درەنگ بنووم، لە پێش نووستنیشدا خووم بەوەوە گرتووە کە قسەت لەگەڵدا بکەم و ئەمەیش ئاسوودەییەکم پێ دەبەخشێت کە بۆت بنووسم (...)

بۆت نەنووسیوم ساڵی نوێت چۆن گوزەراند، تۆ بڵێی ڕاست بێت کە هەر لە ناو جێگادا بوویت؟ خۆشحاڵم کەمێك دەخۆیت، ئازیزترینم.

* * *

چیخۆڤ

٧ ژانیوەری

یالتا

ژنە بەهەواو هەوەسەکەم، تەنیا هەفتەیەك لە ماڵەوە بمێنەوەو لە کاتی خۆیدا بنوو! هەموو شەوێك لە نێوان سەعات ٣ تا ٦ چوونە ناو جێگا زوو دەتکات بە پیرێژنێکی لەڕولاواز و ترسناك(...)

پێم خۆشە میوانداریەکان تەواو بوو، بەڵکوو کار لەسەر شتێك بکەم، تەندروستیم نایابە، لەمە چاکتر نابێت، وەك ئەسپ دەخۆم، تەنیا کێشەیەکم هەیە، ژنەکەم لێرە نیە، وەك رەبەنێك دەژیم (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٨ ژانیوەری

مۆسکۆ — شەو

(...) هەر کاتێك نامەت بۆ دەنووسم، نووسینەکە دەبڕم و دەکەومە خەونی ئەو چرکەساتانەوە کە بڕیارە یەکتری تێدا ببینین، خەونت پێوە دەبینم، وێنات دەکەم، گوێم هەڵدەخەم بۆ ئەوەی گوێم لە دەنگت بێت. شێوازی قسەکانت، چاوی درەوشاوەو هەموو شتەکانی ترت..(...)

تۆ زۆر دەخوێنیتەوە؟ زۆر دەنووسیت؟ چی دەکەیت؟ (...)پێم خۆشە کە مێردەکەم بەرەو زیرەکیی دەچێت. بە داخەوە ژنەکەی لە دواوە بەجێماوە، ئانتۆن نووسیوتە کەش و هەوای "یالتا" زۆر ناخۆش و ترسناکە، بیر لەوە ناکەیتەوە کە وا چاکتربێت لە کۆتایی ژانیوەریدا بێیت بۆ مۆسکۆ؟ هیچ رێگایەك نیە؟ لێرە بەسەختی نایبەستێت و تۆ ئاسوودە دەبیت. پێویستیش ناکات لە هەوای ساردا بڕۆیتە دەرەوە، ئاپارتمانەکە گەورەیەو دەتوانیت پیاسەی تێدا بکەیت، ببوورە کە ئەمەم نووسی، بیر لە مۆسکۆ مەکەرەوە، خۆت بگرە، ئەی بەهار چۆن؟ (...)

هەندێك جار کە بیر لە تۆ دەکەمەوە گەلێك سۆزم دەجوولێت، بۆ وایە؟ کە هەست بە خۆشەویستی تۆ دەکەم و دەزانم تۆ هی منیت ژیان گەلێك جوان دەبێت، من عاشقی ئەو چرکە ساتانەیشم کە تەنانەت تۆ بە وشەی ناو نامەکانت دڵم دەدەیتەوە، ئەم کارەی تۆ گەرمایم پێ دەبەخشێت. وا بیر دەکەمەوە کە من

گەنجینەیەکم هەیە کە هێشتا هەموویم نەهێناوەتە دەرەوەو هێشتا زۆربەی زۆری لـە ناو دڵی زەویدایە (...)

تووتەڵەکەت

*　*　*

چیخۆڤ

٩ ژانیوەری

یالتا

دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، ئەمڕۆ باران دەبارێـت، هـەوا سـارد و سـامدارە، پێـریێ سەهۆڵ بەندانێك بوو هەوا وەك ڕۆژنامەکان دەڵێن گەیشتبووە ٨ پلەی ژێر سـفرەوە. ناڕۆمە دەرەوە، لە ژووری کارەکەمدا دەمێنمەوە (...) هیچ نانووسم، خۆم سـەرقاڵی شتی هیچ و پووچ کردووە، بەدرێژایی دوێنێ میوانمان هـاتبوو مـن سـەرم دەیەشـا. ئێستا سەر لەبەیانیە نازانم هەر میوانمان دەبێت یان نا. بەڵام سەرم نایەشێت.

ئێرە بەفرە، بڕیارە بەیانی "خاڵ ڤانیا" بۆ پزیشکەکان نمایش بکەیت، بۆم بنووسە نمایشەکە چۆن و ڕەفتاری پزیشکەکانیش چـۆن بـوو (...) لـەبارەی "ئالـچولەر"ەوە پێشتر بۆم نووسیت کە نایەت بۆ مۆسکۆ (...)

چێشت لێنەرە تازەکەمان کە پێ دەچێت ژنێکی زۆر باش بێت دوێـنێ نـەخۆش کەوت و وامان زانی تیفۆیەتی، بەڵام دواتر دەرکەوت کە تەنیا تایـەکی سـادە بـوو. ئەمڕۆ کەوتۆتەوە سەر پێ و خەریکی کنین خواردنە.

مانگی مەی و ژۆن لە "یالتا" بەسەردەبەین بەڵام لە ژووڵایدا دەڕۆین بۆ دەرەوە. (نیوەی دووەمی) ئۆگەست لە "یالتا" بەسەر دەبەین و سێپتەمبەر و ئۆکتۆبەریش لە مۆسکۆ. من دەتوانم مانگی مەی لە مۆسکۆ بم بەڵام دەبێت یەکەمجار تۆ بێیـت بـۆ لای من بۆ "یالتا" (...) چەند پێم خۆشە لەگەڵتا بـڕۆم بـۆ شـوێنێکی دووری وەك

دەریاچەی "بایکال" دەریاچەیەکی زۆر خۆشە. یەکجار ببینیت هەرگیز لە بیری ناکەیت (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

١١ ژانیوەری

مۆسکۆ — سەرلەبەیانی

عەشقی ناوازەو ئازیزم، هەرچەندە زۆر درەنگە و ڕۆژێکی جەنجاڵم گوزەراندووە بەڵام ناتوانم بچمە ناو جێگاوە ئەگەر هەواڵی خۆمت پێ نەگەیەنم "خاڵ ڤانیا"مان بۆ پزیشکەکان نمایش کرد، بێگومان هۆڵی شانۆکە بە تەواویی پڕ ببوو، خەڵکیی لە سەعات ١١ وە هاتبوون، نمایشێکی چاکمان کرد و خۆمان شەرمەزار نەکرد، دوای یەکەم پەردە وێنەیەکی گەورەی تۆ کە خرابووە چوارچێوەیەکی مەزنەوەو، لە ژێریدا بەزێڕ هەندێك وشە نووسرابوو (من بە چاکی وشەکانم لە بیر نیە) لە گۆشەیەکی تری چوار چێوەکەیشدا چڵێکی — دەفنە[١٨٥]- دانرابوو، پێشکەش بە شانۆ کرا، گەلێك سادە و جوان بوو (...)

بیستم لە کاتی نمایش کردنەکەدا پیاوەکان گریاون و ژنێکیش تووشی هیستریا بوە.

دوای پەردەی سێیەم نوێنەری بینەرەکان هاتن و لە پشت شانۆوە سوپاسیان کردین، خۆیان پێ ناساندین، دەستی منیان گرت و داوایان لێ کردم ڕێز و هیوای

---

[١٨٥] دەفنە کە بە ئینگلیزی **Laurel**ی پێ دەڵێن درەختێکی هەمیشە سەوزە، گەڵایەکی سادە و بۆنداری هەیە. گوڵ بەندی ئەم درەختە بە کەسێکی سەرکەوتوو دەبەخشرێت. (وەرگێڕی کوردی)

تەندروستی ئەوانت پێ بگەیەنم، هەموویان گەشکەیان گرتبوو، دوای پەردەی یەکەم ئەو تەلگورامەیان خوێندەوە کە بۆ تۆیان ناردبوو، پاش تەواو بوونی شانۆگەریەکە بوو بە چەپڵە ڕێزانێکی گەورە و سوپاس کردن و قیژەو هاوار. لە راستیدا ببوو بە گەڕە لاوژە. هەموو کاتەکە بیرم لای تۆ بوو. خۆزگا لێرە بویتایە (...)

دوای تەواو بوونی نمایش لە "هرمیتاژ" (باخەکان) نانمان خوارد (...) خواردنێکی ناوازە، زۆر پێکەنین و لە بارەی هیچ شتێکەوە بە جیدی قسەمان نەکرد.

هەموو زۆر چاکبوون (...) تا سەعات ٩ماینەوە (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١١ ژانیوەری

یاڵتا

(...) لە ساڵی تازەدا هیچم نەنووسی چونکە هیچم لێ نەبینی، هەرچەندە تا سەعات ١٢ هێشتا خەوم لێ نەکەوتبوو.

"ماشا" سبەینێ دەڕوات و من دیسانەوە بە تەنیا دەمێنمەوە، ئەو خواردنی باشی پێداوم و من گیانێکی تازەم تێگەڕاوە، ئەو هەموو شتێکی بە چاکی ڕێک خستووە.

ئەمڕۆ حاڵم زۆر باش نییە، گرفت نیە سبەی چاك دەبێت، نمایشی پزیشکەکان چۆنبوو؟ هیچیان پێشکەش کرد؟ رۆژنامەکان نووسیویانە بڕیارە وێنەی منتان پێشکەش بکەن، کام وێنە؟ لە کوێیە؟

ئاە ئەکتەرە چکۆڵە ئازیزەکەم، کەی یەکدی دەبینین؟ ژیان بەبێ تۆ هێند بێزراوە کە هەر ئەوەندەت زانی هاوارم لێ هەستا "فریام بکەون" من پێویستم بە بینین و ڕوانینی ژیانە، هیچ شتێك لە یاڵتادا سەرنجم ڕاناکێشێت (...) خوازیارم لە مۆسکۆ

بژیم و کە لەوێ دەبم دەمەوێت سەفەر بۆ کریمە یان بۆ دەرەوەی وڵات بکەم و خەون ببینم (...)

ڕۆژانە دوو جار شیر دەخۆمەوە "ماشا" لە بارەی منەوە هەموو شتێکت پێ دەڵێت (...)

پرۆڤەی "مرۆڤە بچوکەکان" لە چیدایە؟ نمایشەکە دەکرێت؟ (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

١٢ ژانیوەری

مۆسکۆ

ئەمڕۆ حەوتەمین نمایشم بە دوای یەکدا کرد و دوو ڕۆژ مۆڵەتم وەرگرتووە. ئەم دوو شەوە ئازادم تاقە دڵدار و ئازیزترینم.

ئەمڕۆ زۆر دڵم گیراوەو زیاتر هەست بە جیابوونەوە دەکەم، ناتوانم بێ تۆ بژیم، ژیانی لەم جۆرە بێ مانایە. دەزانم تۆ منت خۆش دەوێت و دەبێت من واز لە شانۆ بهێنم و دەزانم عەشقی من لای تۆ تا ڕادەی نەمانە، لێم ببوورە کە دیسانەوە لەم بارەیەوە قسە دەکەم، دەزانم حەزی لێ ناکەیت و ئەم قسەیە لە نەزانی منەوەیە کە دیسانەوە لە بارەیەوە دەدوێم، لێم تووڕە مەبە. هەستی تۆیش وەك من وایە، من بە وردترین بیری تۆ ئاشنام، ئەگەر هەندێك جار لە دیدێکی جیاوازەوە تەماشای خۆم و ژیانم دەکەم لێم ببوورە، من خۆیشم هەست بە گوناهـ دەکەم و هەرنایشزانم کە چیم.

ئاپارتمانەکە زۆر بێدەنگە، من تەنیام، تەنیا گلۆپێك داگیرساوەو هیچی تر، هەندێك جار ئەم ڕووناکیە بێ تینە ئەعسابم تێك دەدات (...)

ئەکتەرە چکۆڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١٣ ژانیوەری

دلّداره هەره ئازیزەکەم، ئەگەر بە کورتی لە دوانامەت تێگەیشتبم دەبێت بلّێم تۆ بۆ "یالّتا" نایەیت. "لە خەوندا" لەسەر شانۆیە و "مرۆڤە بچکۆلەکان" پرۆڤە دەکەیت. من تێدەگەم و گلەییم نیە. ئەگەر لە توانادا نەبێت ئیدی چارنییە. "ماشا" دوێنێ رۆیشت، هەوا تارومارە. من تەندروستیم باشە و باش دەخۆم ئەگەرچی سوودێکی لێ نابینم (...)

تۆ بەردەوام داوام لێ دەکەیت بێم بۆ مۆسکۆ، ئازیزم من دەمێك بوو دەمتوانی ئەم کارە بکەم بەلاّم مۆلّەتم نیە، دکتۆر "ئالچولەر" رێگام ناداتێ لە دۆخێکی وادا برۆمە دەرەوە هەرچەند ئەمرۆ ئەم کارەم کرد، چونکە هێند بێ تاقەت ببووم کە لە بەردەرگاکەدا خەریك بوو بگریم (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

١٣ ژانیوەری

مۆسکۆ

تەواو لە مالّەوە تەنیام، چا دەخۆمەوە و هەندێك سۆسج و پەنیر دەخۆم بەلاّم ڤۆدکا ناخۆمەوە، بیرم چەواشەیە، زۆرم بیر لە تۆ و ژیانی هەردووکمان کردەوە.

لە هاویندا تۆ حەز لە کوێ بکەیت بۆی دەچین (...) دەریاچەی "بایکان"؟ باشە، هەر جێگایەك بۆ تۆو بۆ تەندروستیت باش بێت. لە بارەی منەوە نیگەران مەبە یەکەم هەفتەی پیرۆز لای تۆ دەبم لە "یالّتا" و دوای ئەوەیش بزانین چۆن دەبێت.

ئاخۆ بە راستی لەو نامانەی من کە بە شەو بۆت دەنووسم پەستیت؟ تۆ زۆر حەز لەوە ناکەیت کە من لە بارەی ژیانەوە راز و گلەیی بکەم. تۆ وا تەماشای من دەکەیت کە مرۆڤێکی خۆشم و زۆر حەزم لە ژیانە، وانیە؟ (...)

لە دڵمدا جەنجاڵێك هەیە ئانتۆنی ئازیز، نازانم چی بکەم. هەست بە تەنیایی دەکەم هەر چەندە هەموو شوێنێك پڕ لە مرۆڤە (...)

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

١٤ ژانیوەری

مۆسکۆ

(...) لە بارەی خۆتەوە زۆر بنووسە، نازانم چی لە سەرتایە و بیر لە چی دەکەیتەوە، هەموو ئەم شتانە نامۆن بۆ من، لەوە دەکات هیچت نەبێت پێم بڵێیت بەڵام لانی کەم هێشتا بە هاوڕێم دادەنێیت، تۆ لە بارەی ئاوو هەواوە دەنووسیت. ئەوەی کە من دەتوانم لە ڕێی ڕۆژنامەکانەوە بیزانم، ئەگەر ناتەوێت بنووسیت کێشەیەك نیە، پۆست کارتێکم بۆ بنێرە و لە تەندروستیت ئاگادارم بکە، من و تۆ یان لە یەکەوە نزیکین یان نا، من بۆ تۆ تەنیا ژنێکم نەك کەسایەتیەك، ئەمە زۆر شەرمەزاریە. ماچت دەکەم ئازیزم.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١٥ ژانیوەری

یاڵتا

خۆشەویستە هەرە ئازیزەکەم، ئۆلگا (...) تەلگرامێکم لە پزیشکەکانەوە پێگەیشت تۆیش ئاگاداریت. ئەمڕۆ بۆ یەکەم جار گوێم لە دەنگی باڵندەکان بوو، دنیا هەتاوو گەرمەو جریوە جریوی ئەو باڵندانە دەبیستم کە لە مارسدا بەرەو رووسیا دەگەڕێنەوە.

دوێنێ ماڵە سپییەکەی بەرانبەر بە ژووری کارەکەم ئاگری گرت (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

١٥ ژانیوەری

مۆسکۆ

ئەمڕۆ ماندووم، لە کاتی نمایشی پەردەی سێیەمدا لە ناکاوێکدا هەستم بە بێ هێزی کرد. لە پەردەی چوارەمدا تەواو لەشم سست بوو، لە بێ توانایيدا هەموو گیانم کەوتە سەر ئارەق. کە نمایشێکی خراپ دەکەم زۆر نارەحەت دەبم و ئازار دەچێژم، وا هەست دەکەم کە هەرگیز ئەکتەر نەبووم و ئەوەی لە بارەی منەوە وتراوە قسەی بێ مانا بوەو هەر بە کەڵکی هیچ نایەم، بۆ ناتوانم بڕوا بە هیچ شتێك بکەم؟

وام بە بیردا دێت کە نامەکانم بێزاریان کردبێتی. (...)

هەستێکی مەترسیدارم هەیە کە رۆژ بە رۆژ زیاتر دەچمە ناو خۆمەوە، روو لە هەر جێگایەك دەکەم دیوارێکم بەرانبەرە، ژیان زۆر فراوانەو ئێمە هیچ شتێك بە روونی نابینین (...)

لەو قسانەوە کە بە "ماشا"ت وتووە تێگەیشتم شانۆگەریەك دەنووسیت، لەم بارەیەوە یەك تاقە وشەت بە من نەوتوە، لە کاتێکدا کە خۆت دەزانیت ئەوە بۆ من چەند گرنگە (...)

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

١٧ ژانیوەری

مۆسکۆ

ئازیزەکەم لە بارەی هاتنمەوە بۆ بینینت هیچ نالێم، چونکە چاوەڕوانی "نمیروڤیچ"م کە سەرقاڵی پیاچوونەوەی کارەکانەو دەیەوێت یەکێك لەباتی من دابنێت کە یەکێك بێت لە قوتابییەکان (...) لەوانەیە لە کۆتایی ژانیوەریدا بتوانن مۆڵەتم بدەنێ، لەوانەیە لە یەکەم هەفتەی چلەدا بێم، بە هەرحاڵ ئێمە دەتوانین پێش گەشتەکەی پترۆزبورگ یەکتری ببینین، دوو نمایشی "مرۆڤە بچوکەکان" دەکرێت، دەتوانن لە "لەخەوندا" بمگۆڕن، هەرچەند نازانم کێ جێم دەگرێتەوە (...) ئەمڕۆ بۆ ئاهەنگی لەدایك بوونت چیت کرد؟ نامەی پیرۆزباییت پێ گەیشت؟ بۆ نامەت بۆ نەنووسیم و پێت نەوتم ئایا بە تەلگورامی پزیشکەکان خۆشحاڵ بوویت یان نا (...) دوێنێ بۆم نەنووسیت چونکە زۆر ماندوو بووم و دەموچاوم ئازاری دەدام، پاشان نووستم.[١٨٦]

ئۆڵگاکەت

*　*　*

کنیپەر

١٨ ژانیوەری

مۆسکۆ

نامەیەکت بۆ نەناردووم، ترسناکە، هەست بە چی دەکەیت؟ لێم ببوورە کە تۆ تەنیا و دڵتەنگیت، کە من لەگەڵتا نەبم دڵت تەنگ نابێت؟ پێم بڵێ بابزانم بە ڕاست

[١٨٦] ئەم نامەیە لە دەقە فارسیەکەدا نیە و لە ئینگلیزیەکەوە وەرگیراوە.(وەرگێڕ)

من "شتێك"م لای تۆ؟ ئەگەر من لەوێ بوومایە ژیانت تژی تر و مێشکت ئاسوودەتر نەدەبوو؟ بمبوورە دەزانم حەز بەم جۆرە پرسیارانە ناکەیت و کە منیش ئەم قسانە دەکەم تۆ بە گەوجم دەزانیت. ڕەنگە لە نامەکانی دواییم زۆر نارازی بیت بەڵام من هەستم بە چی کردبێت بۆم نوسیویت. ئەمڕۆ لەگەڵ "ڤیشنیڤسکی" بۆ نانی نیوەڕۆ چووین بۆ لای "مورۆزۆف" نایاب بوو (...) پێش خواردنەکەیش زۆر چاکبوو — خەیاری تازە و ماسی و شتی تر — باقەیەك گوڵی پڕ لەسەر مێزی نان خواردن بوو، خواردنێکی زۆر بەتام و من بە تەواوی ئیشتیهاوە خواردم، هەموو یادی تۆمان دەکرد (...) شەمپانیا و کەمێك شەرابی سوورمان نۆشی، دوای نان خواردن لەگەڵ "شالیاپین" چووین بۆ ئوپێرای "بوریس گودۆنۆف" (...)

مشکێکی چکۆڵە لە ژوورە گەورەکەدایە کە من بۆ کاری تۆم تەرخان کردووە. دەتوانم بیبینم، پێم خۆشە، شەوانە کە بە تەنیام و دەنووسم بە گۆشە و کەناری ژوورەکەدا دێت و دەچێت، لە سەرەتادا لێی دەترسام بەڵام ئێستا خۆشم دەوێت، من زۆر حەزم لە مشکە. (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٠ ژانیوەری

یالتا

مێشکت جام بووە دڵدارەکەم (...) نووسیوتە کە هەموو شتێك لە گرێژەنە دەرچوەو ئیدی تۆ هیچ نیت و نامەکانت بێزاریان کردووم. ئەم گەمژەییە چیە! ئەگەر من دەربارەی شانۆگەریە تازەکەم هیچم بۆ نەنووسیویت ئەوە لەبەرئەوە نییە کە من بڕوا بە تۆ ناکەم بەڵکوو لە بەرئەوەیە کە بڕوام بە شانۆگەریەکە نیە (...)

١٧ ژانیوەری کە ڕۆژی لەدایك بوونم بوو هیچ باش نەبووم و میـزاجم زۆر خـراپ بوو، هەستم بە نائومێدی دەکرد، بۆ چرکە ساتێکیش زەنگی تەلەفوون نەدەبڕایـەوەو تەلگورامی پیرۆزبایی بەردەوام بوو، تەنانەت تۆ و "ماشا"یش ئاوارتە نەبوون.

بە ڕاست چ ڕۆژێك یادی لەدایك بوونی تۆیە؟

نووسیوتە: خەمبارمەبە، بەمزوانە یەك دەبینین، مەبەستت چیە؟

هەفتەی پیرۆز؟ پـێش ئـەو؟ مەمتۆقێنـە خۆشـیەکەم. لـە دیـسەمبەردا وتـت ژانیوەری دێیت و منت وروژاند، پاشان نووسیت لە هەفتەی پیرۆزدا دەگـەیت و مـن دڵی خۆم ئاگادار کرد کە هێور بێت و وا ئێستا دیـسانەوە زریـانێکی تـرت دەسـت پێکردوە لەسەر دەریای ڕەش. بۆ؟ (...) کەواتە ژنی چاك، مانگە زێڕینەکەم، خـودا ئاگادارت بێت و تەندروست بیت، شادمانبەو بیر لە مێردەکەت بکەرەوە، هیچ نەبێت شەوانە کە سەردەخەیتە سەر سەرین. وەلێ سەرەکیترین شت ئەوەیـە: ئەمەنـدە بـێ توانا و نائومێد مەبە، مێردەکەت لەو کەسە بێ خەم و نادەربەستانە نیـە، ئـەو وەك مێردێکی ڕاست و ڕەوانی ئەڵمانی وایە. تەنانەت لە ژێر پانتۆڵەکەیەوە دەرپێی گـەرم لەپێ دەکات.

١٠١ جار دەتگرمە باوەشم، ژنەکەم بێ کۆتا ماچ دەکەم.

ئانتۆنەکەت

* * *

کنیپەر

٢٠ ژانیوەری

مۆسکۆ

تەلگورام "نامەت هیچ نەهاتووە، دوو دڵم، تەلگورافێکم بۆ بنووسە"

ئۆڵگا

* * *

کنیپەر

٢٠ ژانیوەری

مۆسکۆ

هەر ئا ئێستا لە شانۆ گەڕاومەتەوە، دوای ناردنی تەلگرامێك دوو نامەتم پێکەوە پێگەیشت، تکایە ببوورە و لێم تووڕە مەبە. بەڵام بەلای منەوە ئاسان نیە کە سێ ڕۆژ لێرە بە بێ نامەی تۆ من گیر بخۆم (...)

زۆر رقم لە ئاپارتمانەکەیە، چونکە هیچ سووچێکی تیا نییە کە تۆ پێشتر لەوێ دانیشتبێتیت و من بەوێدا یادت بکەمەوە، دەتوانیت لەمە بگەیت پیاوی گەورە؟ (..)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢١ ژانیوەری

یالتا —تەلگرام

تەندروستیم باشە، درووود بۆ تووتکە سەگە پاسەوانەکەم.

ئانتۆنی

* * *

چیخۆڤ

٢١ ژانیوەری

یالتا

ئۆلگای چکۆڵە و ئازیزترینم، ئەمڕۆ نامەت نیە، لە من تووڕەیت؟ یان بە گشتی حاڵ و حەوسەڵەت نیە؟ دوێنێ تەلگرامێکتم پێ گەیشت، دلّدارە هەرە ئازیزەکەم،

ئەگەر نەخۆش بم بێگومان تەلگورامت بۆ دەنێرم، ئەگەر لە بارەی تەندروستیمەوە هیچ نالێیم مانای وایە حالّم باشە.

ئەم بڵاوکراوە هیچ و پووچانەی لای ئێمە دنیایەکی سەیریان هەیە، هەر ڕۆژەو شتێك لە بارەی من و "گۆرکی"یەوە دەنووسن، بەڵام تاقە وشەیەکیان ڕاست نیە، ڕشانەوەت دێت (...).

وەك وتم "گۆرکی" شانۆگەریەکی تازە دەنووسێت بەڵام "چیخۆڤ" نا (...)

ئا —ئەڵمانی

* * *

کنیپەر

٢١ ژانیوەری

مۆسکۆ

ئازیزم، ئەم نامەیەت لە شوێنی خۆ گۆڕینی پشت شانۆ و لە کاتی نمایشی پەردەی سێیەمدا بۆ دەنووسم. ڕووناکایی گڵۆپ، ئاوێنە، بۆنی پێویستیەکانی ئارایشت، هەوا پڕ لە بۆنی پۆدرەو تۆزە، ئەملاولا پیسە، باڕۆکەیەکم لەسەردایە قژی لوولی پێوەیە: هەموو دەم و چاوم چەورە، بەم شێوەیە بمبینیت پێ دەکەنیت (...)

بیر لە بەهار دەکەمەوە و وا دەزانم پێکەوە دەبین، کە بیر لە پترۆزبورگ دەکەمەوە ترسم لێ دەنیشێت. "نمیروڤیچ" چوە بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی لە بارەی نمایش کردنەوە گفتوگۆ بکات. وا دەزانم پێویستە "مەلی دەریا" ببەین بۆ ئەوێ و بەو دەست پێ بکەین. "لیلینا" دەیەوێت ڕۆڵی "نینا" ببینێت. تۆ دەڵێی چی؟ (...)

ئانتۆن لەسەرنامەکانی ئەم دواییەم هاوارم بەسەردا مەکە، من بە ئازادی نووسیومە، تۆ لە من تووڕە نیت و ئەو نامانەت بە جیدی ناگریت؟ لەم بارەیەوە بۆم بنووسە دڵدارەکەم. دەربارەی ئاوازی مەلەکانی بەهار بۆم بنووسە. باسی باڵندەکانم بۆ

بکە. ئانتۆن تۆ پیاوێکی نایابیت من زۆر حەز دەکەم زیاتر تۆ بناسم و زیاترم خـۆش بوێیت. (...)

زەنگی پەردەی چوارەمیان لێدا، دێن جلم لەبەر بکەن منیش کۆتایی پـێ دێـنم (...)

تووتەڵە خاسەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٣ ژانیوەری
یاڵتا

تووتەڵە چکۆڵە خاسەکە، بۆ ئەمەنـدە لـە دەربـڕینی خۆشەویـستیدا سـرکیت؟ نامەکانت بۆ ئەمەندە بێ هەستن؟ لە من تووڕەیت؟ لە بارەی چیەوە؟ ئازیزم هیچم لێ مەشارەوە ئەگەر شتێك ئازاری مێشکت دەدات بۆم بنووسە و پێم بڵێ (...)
ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٢٣ ژانیوەری
مۆسکۆ

ئانتۆن، شتێکی ترسناکە، سێ رۆژە و تەنانەت دێرێکت بۆ نەناردووم، ئایا لە من دڵگرانیت؟ "ماشا" دەڵێت تۆ نازانیت لە بارەی چـیەوە بنووسـیت، ئـاڵوگۆڕکردنی نامەت لا سەختە؟ بەڕاست؟ بەلاتەوە سەختە لە کۆتایی رۆژدا نامەم بۆ بنووسـیت؟ نازانم بیر لە چی بکەمــەوە. خۆشەویـستی منـت لـە دڵ دەرکـردوە؟ بـەو ئەنجامـە گەیشتوویت کە من تەنیا هەر ژنت نیم. راستیی بـیر لـەوە دەکەیتـەوە کـە دەبێـت دەربارەی رووداوەکان بنووسین؟ من هەست دەکەم کە پێویستە هەموو رۆژێـك بـۆت

بنووسم. پێم خۆشە، حەزدەکەم پێت بڵێم کە ڕۆژم چۆن لێ دەڕوات. چی دەبینم، چـی دەبیستم و ئەگەر کاتم لە ڕۆژدا زۆرتر بێت زیاتر دەنووسم، تێ دەگەیت؟

دوێنێ نامەم بۆ نەنووسیت چـونکە دوای "خـاڵ ڤانیـا" هـەمووومان چـووین بـە میوانیەکی ساڵی نوێ و تا سەعات شەشی بەیانی لەوێ ماینەوە، ببوورە، تووڕە مەبە. میوانیەکی زۆر خۆمانە بوو، ئەگەر تۆ لەوێ بوویتایـە زۆرت پـێ خـۆش دەبـوو (...) داری کریسمسیان داگیرساند و چراکان زۆر جوان بوون، سەکۆیەکیان دروسـت کردبـوو. ڕەشماڵ، قاوەخانەیەك، دیوارەکان پڕ بوون لە جۆرەها پۆستەر، دەواریان هەڵدابوو.

هەندێك دەفری بەرمیلۆکە ئاسا هەبوو کە پڕ بوو لـە خواردەمـەنی سـووکەڵە و بەسەر گالێـسکەیەکی دەسـتیەوە بـوون (گـوێز، نـان زەنجـەفیل) لەسـەر شـانۆکە لاشاخێکیان تا خوارەوە دروست کردبوو (لە تەختەی پـۆلێش کـراو) خلیـسکانیمان لەسەر دەکرد (...)

هەموو گروپەکەمان لەوێ بوون، قوتابیانی زانکۆ و هەموو ئەوانەی لـەوێ بـوون کاتێکی خۆشیان بەسەربرد. چا، ڤۆدکا، ساندویچ و میوەمـان خـوارد. مـن تـەواو شەکەت بووم بەڵام هەر ئەملاو ئەولام دەکرد (...)

خۆشەویستیم لە دڵ دەرمەکە و لە تەلگورامەکانتا بە "سەگی پاسەوان" ناودێرم بکە.

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٢٤ ژانیوەری

مۆسکۆ

دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، دیسانەوە درەنگ گەیشتمەوەماڵێ و تا سـبەی بـەیانی نامەی درێژت بۆ نانووسم. تووڕە مەبە، ئەمڕۆ زەماوەند بوو — پەنجاهـەمین نمایـشی "سێ خوشکەکە" (...) نزیکەی هەمووومان لەوێ بووین.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٥ ژانیوەری

یالْتا

من زۆر نانووسم چونکە تۆ بەم زوانە دەگەیتە ئێرە، تۆ ئەڵمانیەکی چکۆڵەیت کە بە ڕێگای خۆتا دەڕۆیت. دەتەوێت دووشەممە بێیت و چوارشەممە یان لەوانەیە سێ شەممە بڕۆیت... ماوەیەکی دوورو درێژی سەیر پێکەوە دەبین! (...)

ئیدی تاڕادەیەکی زۆر ئارامم گرتووەو دەبێت بە جیدی لەگەڵتا بجوولێمەوە و هەڕەشەی ئەوەت لێ بکەم کە ئەگەر بڕیارەکە وایە بۆ دوو سێ سەعات بۆ ئێرە بێیت ئەوە هەر نەیەیت چاکترە.

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٢٥ ژانیوەری

مۆسکۆ

سلاو ئازیزترینم! ماچێکی گەورە، ئەمڕۆ بەیانی نامەم بۆ نەنووسیت چونکە پاکنووسی هەندێك شیعرم دەکرد کە لە ستایشی تۆدا نووسیوومە، وا ئێستا شەوەو ئاسایی نامەت بۆ دەنووسم.

بڕیار لەسەر ئایندەیەکی درێژی شانۆکەمان دراوە ئانتۆن (...)

* * *

(لە سەرەتای ١٩٠٢ دا شانۆی هونەری بوو بە کۆمپانیایەکی هاوبەش، گەورەترین خاوەن پشك هێشتا هەر مورۆزۆف بوو، قەرزی بە ئەندامە هەژارەکانی کۆمپانیاکە دا بۆ ئەوەی بتوانن پشك داری بکەن. هەندێك لەو کەسانە بەتایبەتی مایرهۆڵدیان هەر بە دەستی ئانقەست لە کڕینی پشکەکان دوور خستەوە، ئەم کارە نارەزاییەکی زۆری دروست کرد، لە سەرەتادا چیخۆڤ نیازی بوو ١٠٠٠٠ ڕۆبڵ بۆ سەرمایە گوزاری تەرخان بکات بەڵام دوایی لەبەرئەوەی ڕێگایان بە مایرهۆڵدنەدابوو ئەویش کشایەوە.)

*　　*　　*

چیخۆڤ

٢٧ ژانیوەری

یاڵتا

دلّدارە هەرە ئازیزەکەم، لە تەلگرامەکەدا ناودێرکردنەکەی من "سەگی پاسەوان" نەبوو بەڵکوو "سەگی میهرەبان" بوو، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیەکەی تەلگرام ئەوەیان بە هەڵە نووسیبوو.

تۆڵستۆی هیچ باری تەندروستی چاك نیە (...) لەوانەیە پێش ئەوەی ئەم نامەیەت بەدەست بگات هەواڵی مردنی ببیستیت، گەلێك مایەی خەمگینیە و دڵم پڕ لە داخە..

ڕۆژ و سەعاتی گەیشتننتم بۆ بنووسە. ئەگەر ناتوانیت بێیت قەیدی نیە و لە ماڵەکەتدا بمێنەوەو خەریکی کارەکانتبە. ئێمە لە هەفتەی پیرۆزدا یەکدی دەبینین، باری تەندروستیم باشە (...)

ئانتەکەت

*　　*　　*

کنیپەر

٢٨ ژانیوەری

مۆسکۆ

ببووره خۆشەویستە زۆر بەڕێزەکەم کە دوێنێ نامەم بۆ نەنووسیت، تووشی ئاڵۆزیەکی دەروونی هاتبووم و نووسین بۆم سەخت و گرانبوو. دوێنێ لە ٢ی دوای نیوەڕۆوە تا ١٠ شەو لە شانۆی "هرمیتاژ" لە بارەی ئایندەی شانۆوە قسەمان کرد "موروزۆف" ئەمڕۆنامەیەکی بۆ نوسیویت، بێگومان نامەی ئەو زۆر لە نامەی من روونتر دەبێت، چونکە من لە بارەی کاروباری دەرامەتەوە زۆر گەوجم (...)

گلەیی ئەوەت کردووە کە من لە دەربڕینی خۆشەویستیدا زۆر سرکم و لە تۆ تووڕەم، وا بیر مەکەرەوە ئازیزم، من تۆم خۆش دەوێت و لە زەینی خۆمدا جوانترین وشەت بۆ دەڵێم و ماچت دەکەم.

کە بیر دەکەمەوە تۆ دەبینم و یەکدی لە ئامێز دەگرین و لە چاوە درەوشاوەکانت رادەمێنم، دەست بە قژتا دەهێنم و پشتی دەستت ماچ دەکەم دڵم لە تاوا دادەخورپێت (...)

شیرینیەکانت خوارد؟ وا بزانم کاتێك گەیشتنە دەستت کە ئیدی کۆن ببوون (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆف

٢٨ ژانیوەری

یالتا

(...) "تۆلستۆی" زۆر زۆر نەخۆشە، تووشی دەردەسی بووە، ئاگات لەخۆت بێت ئازیزم.

* * *

چیخۆڤ

٢٩ ژانیوەری

یالتا

(...) بۆ دوو ڕۆژ دێیت؟ دوو ڕۆژ! هەر ئەوەندە؟ (...) هاتن بۆ دوو ڕۆژ سەختە. دوو ڕۆژ! "نمیروڤیچ" خێری پیێ کردوین، خاکیانە سوپاسی دەکەم. ئەگەر تا فێبروەری خۆم بگرم، کەواتە تا کۆتایی چل ڕۆژەیش هەر خۆم دەگرم، لەو دوو ڕۆژە تەنیا ماندووبوونی سەفەرت بۆ دەمێنێتەوە و داماوی و بیێ بەشی بۆ من و ماڵئاوایی بۆ هەردووکمان، وانیە! (...)

ئانتەکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٣٠ ژانیوەری

مۆسکۆ — شەو

وا دیسانەوە بۆت دەنووسم و دووبارە لە بیری ئەوەدام کە هاتوومەتە لات و لە ژووری کارەکەتدا دانیشتووم، گوێم لە قسەکانت گرتووە و چێژ لەو هەموو هێوری و بێدەنگیە دەبینم، دڵم پڕەو ئیدی پێویستیم بە هیچ نیە. وا هەست دەکەم بوونم بۆ تۆیش باشە.

دەتوانم وێنای دیدارەکەمان بکەم، دەزانم لە گێژەڵووکەیەکی گەورەدا دەبم، وەلیێ دەزانم چەندە خۆشە. لە بارەی تۆوە شتگەلێك دەڵێم کە هەرچەندە تازە نین بەڵام ئەو شتانەن کە پێشتر تێبینیم نەکردوون، ئێمە لە یەکدی دەڕوانین. ئانتۆن تۆ کێیت؟ ئەی دەزانیت من کێم؟ هەموو شتێکی من دەزانیت؟ (...)

تووتەڵەکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٣١ ژانیوەری

یالْتا

(...) دوێنێ "تۆلستۆی" چاکتر بوو، لەوە دەچێت ئومێدێك مابێت (...)

ئانته ئەڵمانیەکەت

* * *

کنیپەر

١ فێبروەری

مۆسکۆ — بەیانی

هەموو نیگەرانن چونکە هەواڵێك لە بارەی تەندروستی "تۆلستۆی"ەوە نیە ئانتۆنی ئازیز! تۆ بەڵێنت دا ئەگەر شتێك ڕوویدا بروسکەم بۆ بنێریت، دەنگۆ هەیە کە "تۆلستۆی" مردوە بەڵام من باوەڕ ناکەم، باوەڕ ناکرێت شتێکی وا رووبدات و رۆژنامەکان بێدەنگ بن، ئەمڕۆ بە پەرۆشەوە چاوەڕێی نامەیەکتم.

بە ڕاستی ئەم بەیانیە لە خەونمدا بوویت. هاتبووم بۆ "یالْتا" و تۆ لە ماڵەوە بوویت و جلەکانت گۆڕیبوو، دایکت لە ئامێزی گرتم، چەند جارێك ماچی کردم و منیش دامە گریان و سەرم نایە سەرشانی، کۆمەڵێك ژن هاتنە ژوورەوە. "ماشا" چاکترین بەرگی یەك شەممەی لەبەردابوو، من و تۆ حەزمان لە تەنیایی بوو، تۆ شیرینیت دەخواردو پەنجەکانت دەلستەوە (چەند ترسناك بوو)

ئەمە یەکەمین جارە خەون بە تۆوە ببینم (...)

هەرگیز تووتەڵەکەت لە یادمەکە

* * *

کنیپەر

٢ فێبروەری

مۆسکۆ — بەیانی

چاکە ئانتۆنی ئازیزم من ڕۆژی هەینی مۆسکۆ جێ دێڵم و شەممە لەگەڵ تۆدام. ئەگەر "مرۆڤە بچووکەکان" نمایش بکەن من تەنیا لە یەکەم نمایشدا بەشداری دەکەم (...) ئەگینا تاقە شتێك کە بێ تاقەتم دەکات "خاڵ ڤانیا"یە. "لیلینا" کە دەوری کاستی هەیە نواندن دەکات واتا ئیتر من ئەو ڕۆڵە نابینم. من بۆ ئەو دەورە و تەنیا بۆ ئەو دەورە ئیرەیی پێ دەبەم، چونکە بە ئاسانی دەستم نەکەوت، زۆرم دەردی سەری بۆ کێشا بۆیە لام بەنرخە. دەتوانیت ئەمە درك بکەیت؟ هەڵبەتە من لە بەردەم ئەو لاوازیەمدا سەرکۆنەی خۆم دەکەم، دەبێت مرۆڤ لە سەرووی ئەو شتانەوە بێت بەڵام ناتوانم هیچ بکەم.

من ئەم هەستی ئیرەییەم لە بارەی "مەلی دەریا" و "سێ خوشکەکە"وە نیە چونکە تاڕادەیەك هەردوو دەورەکەم بە ئاسانی بەدەست هێنا، وەلێ چارەیەك نیە.

(...)

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٤ فێبروەری

مۆسکۆ

هەر ئێستا لە شانۆ گەڕاومەتەوەو چەند بەختەوەرم! نامەی تۆم پێ نەگەیشتووە. شپرزەم و زۆر زوو بەرەو باشوور دەبمەوە بۆ دیدارت ئازیزم و ئیدی دەحەسێمەوە. تەنیا ئەوەم زۆر لا سەختە کەلای تۆ دەگەڕێمەوە، بەڵام بە هەرحاڵ زۆر لە یەکدی دوورنابین.

(...)بۆم بنووسه و به وردی پێم بڵێ رات دەربارەی ئـەم یەکگرتنـه چـیه؟ مـن گەلێك نیگەرانم و وام به بیردا دێت که نابێت پەیوەندیان پێوه بکەم چونکه هێشتا به ڕاستیی نازانم که ئایا بڕیاره به یەکجاری واز له شانۆ بهێنم یان نا.

تووتەڵەکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٥ فێبروەری

مۆسکۆ — شەو

دیسان نەخۆش کەوتوویت و لێت شـاردوومەتەوه، ئـازیزترینم لـێم مەشـارەوه، هەرگیز ئەوه باش نیه، چونکه مانای وایه که مـن ژنێکـی لاوازم و تـۆ دەترسـیت هەواڵم بدەیتێ، ئەم کاره مەکه، تکات لێ دەکەم. دوو هەفتەی دی بـەڕێ دەکـەوم، لەوه دەچێت له باتی ٢١ رۆژی بیستەم بێم (...)

چیت له مۆسکۆوه بۆ بێنم؟ خۆزگا دەتزانی چەندم ڕق له پترۆزبورگه، که بیری لێ دەکەمەوه گیانم دەکەوێته لەرزین.

ئەمڕۆ "سێ خوشکەکه" مان نمایش نەکرد، چونکه "مایرهۆڵـد" نەخۆشـبوو، نووسیویەتی ئەعسابی ماندووەو لەوه دەترسێت تووشی هەرەسی دەروونی بێت (...)

تووتەڵەکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٦ فێبروەری

یاڵتا

سڵاو تووتەڵه ئازیزەکەم "ئولیوشا"، له بارەی تەندروستی "تۆلـستۆی"ەوه بـۆم نووسیویت و یەکەم جاریش نیه، زۆر خراپه (...) کەواته بڕیارت داوه بێیـت و دڵـت

بـەزەیی پێمـدا هـاتبۆوە، "نمیروڤـیچ" نووسـیویەتی کـە تـۆ ڕۆژی ٢٢یـەم لـەوێ دەجووڵێیت و دەبێت لە دوەمدا لە پتروزبورگ بیت (...)

ئانتەکەت

* * *

کنیپەر

٧ فێبروەری

مۆسکۆ

خۆشەویستترین ئازیزم، لە بەینی نمایشی پەردەی سێیەمی "لە خەونـدا" بـۆت دەنووسم. ئەمڕۆ دیاریـدا کـە دەتـوانم ڕۆژی بیـستەم بکەومـەڕێ و ڕۆژی هـەینی کەشتیەکی هەڵمی بگرم، دەبوو نمایشی "مرۆڤە بچووکەکان" مان بکردایە بەڵام "لە خەوندا" مان لە جێگای دانا. "راوسکایا" ڕۆڵی من دەبینێت "خـاڵ ڤانیـا" پـێش پتروزبورگ نمایش ناکەین چونکە "لیلینا" نەخۆشە. من ڕۆژی نۆزدەیەم کارم لەگـەڵ "سێ خوشکەکە"دا تەواو دەبێت و بەیانی ڕۆژی بیستەم بەڕێ دەکەوم (...)

ئانتونیو، بۆ پێشوازیم مەیە بۆ بەندەر، وا چاکترە لە ژووری کارەکەتدا بـە تـەنیا بتبینم، ئەمەیان جوانترە؟ باشە؟ پێت وانیە (...) دەریا چـۆنە؟ ئێـستا گەرداونیـە؟ (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٩ فێبروەری

یالتا

(...) هەوای بەفرە و سارد و ناخۆشە، دوێنێ بە تەلـەفوون بیـستم تەندروسـتی "تۆلستۆی" چاکترە، زۆر خراپ بوو، بەڵام ئێستا تایەکەی ئاسایی بۆتەوە (...)

ئایا زوو دێیت؟ چاوەڕوانم، چاوەڕوانم، چاوەڕوانم... بەڵام ئاوو هەوا تەواو ناجۆره.
"ئا"ی- مێردت

* * *

کنیپەر

١٠ فێبروەری

مۆسکۆ

سەر ئێشەیەکی ترسناکم گرتووه ئازیزترینم، نووسین دژواره، نمایشی "سێ خوشکەکە"مان تازه تەواو کردووه. وام هەست دەکرد سەرم خەریکە دەتەقێت. ئەمڕۆ میزاجم باش نەبوو بۆیە تووشی سەر ئێشە بووم، دوێنێش زۆر شەکەت بووم و هەر لە ناو جێگادا بووم، تەنانەت کاتێك کە "ماشا" هات بۆ قسەکردن خەریکبوو من بەسەر کورسیەکەوه خەوم لێ بکەوێت. هەموو لە بارێکی تایبەتیدان و هەموو شتێك ناسەقامگیره...

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

١١ فێبروەری

مۆسکۆ

(...) کۆبوونەوه، کۆبوونەوه، قسە، قسە (لە بارەی ئایندەی شانۆوه) وەلێ دوێنێ من بەشداری کۆبوونەوەی (پشکداران)م نەکرد چونکە سەرم زۆر دێشا، سبەینێ دانیشتنێکی تر هەیە، خەریکە ورده ورده تووڕه دەبم، ئەوەی دەیبینم تەنیا شانۆکار و ئەکتەره. ژیان بەلامدا تێدەپەڕێت، ئاگام لە مێردنیە، کتێب ناخوێنمەوه، هیچ نابینم، هیچ نابیستم، تۆ زۆر هەڵەیت کە دەڵێیت من ژیانێکی خۆش و جۆراو جۆرم هەیە، هەرگیز وا نیە (...) من شانۆم زۆر خۆش دەوێت، بەڵام کە کۆتایی ساڵ دێت

ئەم هەموو هەراو زەنایە ئەعسابت ورد دەکات. مرۆڤ لە باتی کار کات دەژمێرێت، بەڵام لە راستیدا هیچ ناکەیت، پاشان لە خۆت دەپرسیت: بەرئەنجامی ئەمساڵ چی بوو؟ چی فێربووم؟ پاشان تێ دەگەیت کە هیچت لە ژیان نەدیوەو لە جاران زیاتر چاوبەستت لێ کراوە. بەو ئەنجامە دەگەیت کە بە گشتی شانۆ هەڵەیەکە، بیرۆکەکان هێند دلگیر نین ئانتۆنی ئازیزترینم (...)

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

١٣ فێبروەری

مۆسکۆ

دلدارەکەم، لە نامەکەی دوێنێمدا مێژووی (١١) م دانابوو چەند کارێکی گەمژانەیە ، بەڵام دڵنیابووم کە ئەمڕۆ ١٢ ی مانگە.

ڕێك یەك هەفتەی دی بەرێ دەکەوم بە خەونی تۆو باشوورەوە، ئەو ڕۆژانەی کە لەگەڵ تۆدام چەند خێرا تێدەپەڕن! (...)

حاڵی "ماشا" چاکە، لەم چرکەساتەدا هیچ نانووسێت، کەش و هەواکە زۆر باشبووە، خۆرەتاو، شەماڵی بەهار، تەنیا ئەمڕۆ هەور لەسەرە.

ئانتۆن، ئازیزم، نازانم چی بنووسم، خوازیار بووم خۆم هەموو شتێك چارەسەر بکەم، وەلێ ناتوانم. ئەمە بێ حەوسەڵەم دەکات، نازانم چی بکەم، زۆر مەبەستمە ئەمەت بۆ بنووسم، من هەندێك قەرزم لەسەرە کە ئازاری ویژدانم دەدات و دەبێت بیدەمەوە، نازانم چی لە بارەیەوە بکەم (...) ماوەیەکی زۆر لەگەڵ خۆمدا لە ژارو ژەنگدا بووم، لە دواییدا غیرەتم دایە بەرخۆم کە بۆت بنووسم ئیتر تۆ چی خراپە پێم بڵێ و من تێدەگەم، من دەزانم خەڵکیی چۆن لە چاوەڕوانیدا گیرت دەدەن، شەرمم لێ دێت باسی ئەو برە پارەیەت بۆ بکەم. دەتۆقییت. من ٧٠٠٠ ڕۆبڵ قەرزارم، ئەمە

توورەت دەکا لێم، ئایا ئەمە ترسناکە! دەمویست بە قیست بیدەمەوە بەڵام نەکرا. ئەگەر بتوانیت من لەو قەرزەی شانۆ رزگار بکەیت تەنانەت ئەگەر تەنیا ٥٠٠ رۆبڵی لێ بدەمەوە زۆر چاك دەبێت! من کار دەکەم و چارەسەری بۆ دەدۆزمەوە، تۆ ٨٠٠٠ رۆبڵت لە شانۆ وەرگرتووە، پێم بڵێ بزانم ئەمەت پێ ناخۆش نییە؟ ئەگەر دەتوانیت تەلگورامێکم بۆ بنێرە تەنیا بنووسە "بەڵێ" ئەگەر ناتوانیت بنووسە "نەخێر" خۆزگا دەتزانی نووسینی ئەمەم چەند لا سەختبوو. لە نووسینی پەشیمانم بەڵام بەڵێنم پێ بدە کە ئەمە هەر لە بەینی خۆماندا بێت. ئەم قەرزانە لەم ساڵانەی دواییدا کە شیرازەی کارەکانم لە دەستدا بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون، ئیتر شتی وا ڕوونادات، من لەم ڕوانەوە ئیرادەیەکی بەهێزم هەیە (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

١٤ فێبروەری

یاڵتا

ئولیای هەرە ئازیز، ئایا هێشتا لە مۆسکۆیت؟ ئازیزم دەمەوێت پێشنیازی ئەوەت بۆ بکەم ئەگەر لە "سڤاستۆپۆڵ" ڕەشەبا بوو، ئەگەر لەوێستگە باسی زریانی دەریا لە ئارادا بوو ڕاست بڕۆ بۆ وێستگەی گالێسکەو گالێسکەیەك بەکرێ بگرە کە سەری هەبێت و تەنانەت ئەگەر بوو واگۆنێك بەتایبەتی بگرە، بەڵام کاتێك ئەمە بکە کە تەواو ناچار بیت. دەزانیت سەفەری دەریا زۆر لە سەفەری زەوی دڵگیرترە تەنانەت ئەگەر دەریا زۆر باشیش نەبێت.

* * *

چیخۆڤ

١٨ فێبروەری

یالْتا —تەلگورام

چەندت پێویستە وەریبگرە. چاوەڕێتم.

*   *   *

کنیپەر

٢٢ فێبروەری

سڤاستۆپۆل —تەلگورام

بە ڕێگای سەرزەویدا دێم. ئۆلیا.

*   *   *

(کنیپەر) لە بیست و دووەمەوە تا بیست و هەشتەمی فێبروەری لە یالْتا بوو).

*   *   *

کنیپەر

٢٨ فێبروەری

سمیفرۆپۆل

ئازیزم، من لە "سمیفروپۆلْم" و لەوێوە بۆت دەنووسم. لە "یالْتا" وتیان کە حەتمەن قەتار دوا دەکەوێت. بۆیە بڕیارمدا لە ڕێگایەکی ترەوە بڕۆم. سەرما گەیشتۆتە سەر ئێسکم، لە دوای "لمبات"[١٨٧]ەوە بەفر دەستی بە بارین کرد. بەفر "ئالوش"[١٨٨]ی داپۆشیبوو، دوای ئەوە تەواو بەستبووی، نوقمی کڕێوەیەك بووم، دانی

[١٨٧] Lombat

[١٨٨] Alush

پێدا دەنێم کە کەش و هەوای بێ سروە جوانترە، لـە وێـستگەم کـە هـەوا تاریـك و ناخۆشە، بۆ خواردن نە چا نە شتی گەرمم دەست ناکەوێت، لە ژووری ژناندام بەدەم و چاوێکی داپۆشراوەوە، حەسرەتی ئەوەم لە دڵدایە کە بۆ جارێکی تر لە بەلەکۆنەکـەدا ماچم نەکردیت، بە درێژایی سەفەرەکەم هەر لە بیری ئەوەدا بـووم، هـەرە ئازیزەکـەم نارەحەت مەبە بەم زوانە یەکتر دەبینینەوە، ئەم یەکدی بینینەمان چەندە بەلەزبوو، تا دەتوانیت زووتر نامەم بۆ بنووسە (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٨ فێبروەری

یالتا

ژنە هەرە ئازیزەکەم، ئولیاکەم، سـەفەرەکە چـۆن بـوو؟ بـیرم نارەحەتـە. تاسـە دەردناکەکانی تۆو کەش و هەوا بەدەکە، هەموو رۆژی منی تێك داوە. تا وەڵامم لـە خۆتەوە پێ نەگات ئاسوودە نابم (...)

زووتر بگەڕێوە، بێ تۆ ناتوانم بژیم ئازیزم.

ئانتۆنی رەبەنت

* * *

کنیپەر

١ مارس

لە بەینی سیمفروپۆڵ و خارکۆفدا

١٢ی شەو

سڵاو هەرە ئازیزەکـەم! بـە شـەمەندەفەری پلـە دوو سـەفەردەکەم چـونکە لـە جیهانیەکە جێگا نەبوو (...) لە "یالتا" وە ژنێکم لەگەڵدایە، لێی پرسیم کـە ئایـا

چیخۆڤی نووسەرم خۆش دەوێت یان نا. پێم نەوت من کێم. دوێنێ پێش بەرێکەوتنی شەمەندەفەرەکە هەستێکی ترسناکم تێگەڕا، زۆر سەیر، سکم دابوویە ژان، ڕشانەوەم دەهات و دڵم بە توندی کەوتبوە تەپەتەپ. زۆری نەمابوو بمرم. تەواو بێ توانا و ترسابووم، لەمەوبەر هەرگیز تووشی حاڵەتێکی لەم جۆرە نەبووم. بیرم کردەوە کە توانای سەفەرکردنم نیە. بەڵام ئێستا باشترم، نووستم، بیر لە تۆ دەکەمەوە (...)

* * *

کنیپەر

١ مارس

خارکۆف

(...) لە ژووری کارەکەتدا دانیشتوویت بەڵام بەسەر کورسی دەسکدارەوە نیت. وانیە؟ چی دەخوێنیتەوە، بیر لە چی دەکەیتەوە ئازیزم؟ ئەم پێنج ڕۆژە وەك خەون تێپەڕی (...) بەجێهێشتنی تۆ ئازارێك بوو بۆ خۆی. هەست دەکەم کە پێویستە ژیانێکی ئاسوودەتر بۆ تۆ دروست بکەم. ئاخری تۆ بەو ئەنجامە دەگەیت کە من چەقاوەسوویەکی بۆشم، ڕەنگە هەنووکەیش وا بیر بکەیتەوە. بۆ؟ بۆ ئەوەی تا ئێستا لەسەرمدا بوو نەمتوانی پێتی بڵێم؟ هەست دەکەم تۆ ڕۆژ بە ڕۆژ وەك لە زیندانەدا بیت دەپووکێیتەوە، ئەمە نیگەرانم دەکات، لە حەسرەتی ژیانێکی تردایت و... ئازارێکی زۆرت هەیە. کە ئەم جۆرە بیرانەم بەسەردا دێت هەست بە گەمژەیی و بێ نرخی دەکەم. خۆم وا دێتە بەرچاو کە ناتوانم لە ژیاندا شتی چاکتر و مەزنتر ئەنجام بدەم. حەزناکەم تەنیا قسە دەربارەی ئەو شتانە بکەم کە پێویستە ئەنجامیان بدەم. زۆر چاکە، بابزانین چی ڕوودەدات.

هاوسەفەرەکەم لە بارەی ژیاننامەی خۆیەوە قسەی بۆ کردم، (...) کە دوێنێ پێم وت حاڵم باش نیە ئەو یەکسەر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە "شتێکی گرنگ بەڕێوەیە" من خۆیشم هەر وا بیرم کردەوە، زۆر ئەترسام، چاکەتەکەم لەبەرم داکەند و

نەمدەزانی چی بکەم، نەمتوانی تا دەست شۆریەکە بڕۆمو داوای یارمەتی لە یەکێك بکەم، کە وتم نەمتوانی هەستم، ئارەقەیەکی ساردم کردبووەوە، دەست و پێیم نەدەجوولا، ترسام، وامزانی لە خواردنەوە ژەهراوی بووبم. بابزانم...

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٦ مارس

پترۆزبورگ

بەیانیت باش ئازیزم!

ئەمڕۆ بەشەوق و خۆشیەوە لە خەو هەستام، دوێنێ سەر ئێشە زەوی گیری کردم "فناستین"م خوارد و سەرم توند بە دەستەسڕ بەست، بە تەنیا نانی نیوەڕۆم لە ماڵەوە خوارد، ئێوارە سەرم باشتر بوو. "سێ خوشکەکە"مان نمایش کرد، بەڵام من باش نەبووم (...) بە گشتی نمایشێکی خاوبوو، ببوورە نووسەرەکە، بەڵام پێشوازیەکی باشی لێ کرا. پڕ بە دڵ ڕقم لە نواندنەکەی دوێنێی خۆم بوو، نەمدەویست بینەر و هاندانیشیان ببینم، لە ژووری خۆ گۆڕیندا مامەوە و نەچوومە دەرێ، بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی "خاڵ ڤانیا"م. چەندە حەزدەکەم لە گەڵیا بژیم (...)

دڵدارەکەم لە یادم ناچێت کە ژیان لەگەڵ تۆدا چەندە هێور بوو. چەند خۆشبوو، چۆن دادەنیشتین و قسەمان دەکرد، چاوە خۆشەویست و بزە شیرینەکانتم لەبیر ناچێت. ئایا هەنووکە "ڤۆلگا"ت لە یادە؟ (...) هەندێك جار وا بیر دەکەمەوە کە تۆ بەڕاستیی دەربەستی ئەوەنیت لە کوێ دەژیت، وا نیە؟ (...) ئەگەر تۆ لە جێگایەکی وشکی کەنار دارستانێکی سەرودا بیت و باش بخۆیت تەندروستیت چاك دەبێت...

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٧ی مارس

پترۆزبورگ — بەیانی

دڵدارەکەم دوو ڕۆژە نامەت نییە، ئەمڕۆ سێیەم ڕۆژە، دەبێت نامەت بگات.

ئەمڕۆ بەیانی بەدەم سەرگێژخواردنەوە لە خەو هەستام، لێوم قڵێشا بوو. ڕۆژێکی خۆڵەمێشیە، خەمبار، بەفر دەتوێتەوەو هەموو شوێنێك قوڕو چڵپاوە. سەرو دڵم گیراوە.

هەموو دوێنێ لە ماڵەوە بووم (...)

ئانتۆن بە ڕاستیی تاقەتی چوونە سەر شانۆم نەماوە، تەواو گەوج بووم، حەزناکەم هیچ ڕۆڵێك ببینم. بەڕای تۆ ئەمە یانی چی؟

نمایشی بێ کۆتایی "سێ خوشکەکە" بەشێوەیەکی ترسناك بێزارکەرە. "ساماروڤا" نەخۆشبوو، بۆیە دوێنێ "سێ خوشکەکە"مان نمایش کرد ئەمڕۆیش دووبارەی دەکەینەوە. ئەعسابم ورد بووە، (...)

ئایا کاردەکەیت ئازیزم یان تاقەتت نەماوە؟ (...) بەڵام مەسەلەی سەرەکی ئەمەیە کە باش بخۆ تا توانات پێ ببەخشێت، (...)

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٩ ی مارس

پترۆزبورگ — تەلگرام

تەنیا ٢ نامە لە ٩ ڕۆژدا. شەرمەزاریە!

* * *

چیخۆڤ

١٠ مارس

یالْتا

ئۆلیای ژنی ئازیزم سلاو! نامەت بۆ دەنووسم چونکە تەواو بێ تاقەتم و بێ کارم بەڵام نازانم چی بنووسم. ئەمڕۆ تەندروستیم بە جۆرێکی نائاسایی چاکە و ماوەیەکی زۆرە وا باش نەبووم. زۆر کەم دەخۆم، بارم زۆر باشە و ئەمەیش لەلایەنی ئاوو هەواوە دەڵێم کە هەتاوە و تاڕادەیەکیش گەرمە. خۆزگا بکرایە هەموو شتێکمان ڕێك بخستایەو لە مۆسکۆ بژینایە! دەیانەوێت ڤێلایەکمان لە کەناری "ڤۆلْگا" بۆ دروست بکەن. مەرجی من ئەوەیە: خانوویەکی گەورە، موبیلە، با نەیگرێتەوە، نزیکی بەندەربێت. لە هەموویش گرنگتر دەبێت وا کرا بێت کە من بتوانم سلاو لە ژنانی ئەو ناوە بکەم، یان خراپ نیە کە خانوویەکی بچووکمان هەبێت تۆ لەناویا وەك دۆستێك و منیش دەست لە سەر سنگ و هەمیشە ئامادە لە خزمەتتدا بم (...)

ئان

* * *

کنیپەر

١٦ مارس

پترۆزبورگ

پیاوە زێڕینە ئازیزەکەی من (...) جارێك نەفرەت لە شانۆ دەکەم و تاوێك شێت و شەیدایم. شانۆ ژیانی پێ بەخشیوم، خەفەت و بەختەوەری پێ بەخشیوم، تۆی پێ بەخشیوم و منی کردووە بە مرۆڤێکی ڕاستەقینە، ڕەنگە تۆ وا بیر بکەیتەوە کە ژیانی من دەست کردەو زیاتر بە خەیاڵ دەگوزەرێت. بەڵام بە هەموو ئەمانەوە ژیانە، من پێش شانۆ ژیانێکی بێ مانا دەژیام، هیچم دەربارەی ژیان نەدەزانی، لە بارەی

هەستی خەڵکەوە هیچم نەدەزانی و ژیانم لەگەڵ کەسدا نەبوو، هیچ ژیانێکی تایبەت بە خۆمم نەبوو (...)

دوای پرۆڤەکە چووم بۆ بینینی "لیلینا" بزانم دەزانیت لەوێ کێم دیبێت باشە؟ "سوسك"[١٨٩] (...) هەواڵی تۆی پرسی. لێم پرسی تۆ چۆن دەناسێت. پێکەنی و وتی: تۆ هەرگیز شتێکت لە بارەی سوسکەوە نەبیستوە؟ (...)

کە لە بارەی ساڵانی پێشوتری تۆوە قسەی دەکرد من چێژم وەرگرت، بەڵام داخم لەوە دەخوارد و هەستم بە ئیرەیی کرد کە بۆ من لە خۆشترین رۆژانی ژیانی تۆدا دەورم نەبوەو دەبێت هەمووی لەم و لەوەوە ببیستم، بۆ ئەو کاتەی هەردوولامان دوو مرۆڤی جیاواز بووین یەکمان نەبینی؟

تووتەڵەکەت

کنیپەر بەهۆی نمایشەکانیەوە سەرنجی زۆری بۆ خۆی ڕاکێشا، "سورین" بەڕێوەبەری نمایشی پترزبورگ کە ململانێکەرێکی سەرسەختی شانۆی هونەری بوو، پێشنیازی بۆ کنیپەر کرد کە لە هەفتەیەکدا ١٠٠٠ رۆبڵی بداتێ ئەگەر کنیپەر پەیوەندی بە کۆمپانیاکەی ئەوانەوە بکات.

* * *

چیخۆڤ

١٧ی مارس

یاڵتا

(...) کەواتە تۆ دەبیتە ئەکتەرێکی بەناوبانگ؟ "سارابرنار"؟ من دەردەکەیت یان دەمکەیتە کارمەندی خۆت تا پارەکانت بۆ بژمێرم؟ خۆشەویستەکەم هیچ شتێك

---

[١٨٩] ئوزارو سکایای ئەکتەر کە چیخۆف نازناوی "سوسك"ی دابوویە.

لەوە خۆشتر نیە کە لە ژێر درەختی سنەوبەردا دابنیشیت یان ماسی بگریت یـان لـە کێڵگەدا پیاسە بکەیت.

نیگەران مەبە خواردن دەخۆم (...)

کەواتە "خاڵ ڤانیا" نمایش ناکرێت، چەند خراپە! (...)

مێردە دڵرەقەکەت —ئا-

من ڕێگر نیم لەوەی تۆ ناوبانگ دەربکەیت و ٢٥ تا ٤٠ هەزار ڕۆبڵ دەرامـەتت بێت، بەڵام پێش هەر شتێك بۆ "پامفیل" (منداڵی ئایندەمان) هەوڵ بدە.

*    *    *

کنیپەر

١٧ی مارس

پترۆزبورگ

ئازیزم، سڵاو! بۆ هەموو نامەکانت بێ ئەژمار ماچت دەکەم.

هەموو کاتێك لەسەر ڕێگامدا کە دەچم بۆ شانۆ و بە بەردەم نووسینگەی بلیـت فرۆشی شەمەندەفەردا تێدەپەڕم، بیر لەوە دەکەمەوە کە چـۆن بەمزوانـە بلیتێـك بـۆ "سڤاسـتۆپۆل" دەبـڕم. خۆشەویـستم لوتفـت هـەبێت و بەرنامـەی بەڕێکـەوتنی بەلەمەکانم لە دوای palm Sunday[١٩٠] بۆ بنێرە. من شەشی ئەپریل لێرەوە دەکەومـە ڕێ و بڕواناکەم زۆر لە مۆسکۆ بمێنمەوە بەڵام نازانم چی لە بارو بنە بکەم. جانتایەکی گەورەم هەیە هەرچیەکم بۆ "یالتا" پێویست بێت تێم خستوە. پێویـستیم بـە جلـی زستانە نیە. ئەگەر وەستانێکی سێ سەعاتەم لە مۆسکۆ هەبێت ڕەنگـە بتـوانم ئـەو شتانە بگوێزمەوە، لەم حاڵەدا تەنیا ڕۆژێکم پێویستە لە مۆسکۆ بمێنمـەوەو هـەموو شتەکان ڕێك بخەم. بەم جۆرە من ڕۆژی نۆیەم یان دەیەم بەڕێ دەکەوم (...) پێم خۆشە

[١٩٠] دوا یەك شەممەی پێش جەژنی پاك.

دەیانەوێت ڤێلایەکت لە کەنار "ڤۆلگا" دا بۆ پەیدا بکەن. بەڵام ئانتۆن تەنیا ئەوەت لە بیر نەچێت کە ئەگەر لە ئاوەدانیەوە زۆر دوور بێت بەدەستهێنانی پێویستەکانمان سەخت دەبێت و دەبێت ئەوەیش بزانین کە شتومەکی پێویست بۆ خواردەمەنی و خۆراك هەیە یان نا، بۆ چێشت لێنان وەك نموونە.

ئێمە ناتوانین ئەو هەموو شتانە هەڵبگرین. تۆ پێویستت بە هێوری و خواردنی جۆراو جۆرە (...) حەزناکەیت بچین بۆ سویسرا؟ شوێنێك لە چیاکان، دارستانە جوانەکان، کەنار دەریاچە، ئوتێلێکی هێمن بە خۆراکی باشەوە؟ وا هەست دەکەم کە تۆ زیاتر حەزت بە سەوزە زارەکانی روسیایە و خۆراوا زۆر جێی سەرنجت نیە، تیایدا هەست بە ئاسوودەیی ناکەیت. بەڵام لەوانەیە ئەگەر لەگەڵ منداییت هەستی چاکترت هەبێت. من تەڕت دەکەم و وشکت دەکەمەوە. نازت دەکێشم و دەت لاوێنم، نازت هەڵدەگرم و خۆشەویستیت پێ دەبەخشم (...) ژیان لە دەوروبەری شارەکانی روسیادا وەك ئەوە وایە بۆ سەیران بچیت.

* * *

کنیپەر

٢٢ مارس

پترۆزبورگ

(...) من نامەوێت ببم بە ئەکتەرێکی بەناوبانگ (...)

نامەوێت لەگەڵ "سورین"دابم و لە ڕاستیدا هەرگیز نامەوێت بۆ هیچ شوێنێك بچم. یان شانۆی هونەری یان هیچ!

منیش حەزدەکەم لە پاڵ رووبارێکدا دابنیشم یان بەناو کێڵگەکاندا پیاسە بکەم. زۆر حەزی لێ دەکەم (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٣ مارس

یاڵتا

تووتکە هەرە ئازیزەکەی خۆم، ئێستا ناتوانم هیچ بنووسم، هەموو رۆژێك بۆ ددان پڕکردنەوە دەچمە لای پزیشکی ددان (...)

خۆشەویستم من ئامادەم بچین بۆ سویسرا. بەڵام تاقە کێشە ئەوەیە کە لەوێ ناتوانین ماسی بگرین. من بە ڕاستی دەمەوێت ئەمە بکەم، دەبێت ئێمە ماڵێکی بچووك و هەرزان لە نزیك مۆسکۆدا بگرین بۆ ئەوەی هاوینان لەوێ بم و ماسی بگرم. هەر لە نزیك مۆسکۆ وە بۆ ئەوەی میوانیشمان هەبێت (...)

مێردە دڵڕەقەکەت "ئا"

* * *

کنیپەر

٢٤ مارس

پترۆزبورگ

(...) دڵدارەکەم هەرچەندە دوێنێ بەفرباری و هێشتا زەوی زوقمە بەڵام ئەمڕۆ دنیا هەتاوە (...) دوای پرۆڤەی "مرۆڤە بچووکەکان" بە جل و بەرگەوە زۆر شەکەت بووم و گەڕامەوە ماڵێ، نانم خوارد، کەمێك پاڵ کەوتم و پاشان چوومە سالۆنی قژ. جلم لەبەرکرد و "ڤیشنۆڤسکی" هات و پێکەوە چووین بۆ ڕستورانی "کونتان"[١٩١] کە خەڵکی زۆر لێبوو من زۆربەیانم نەدەناسی، ژنە نووسەرەکان جلی سەیریان لەبەردا بوو (...) درەنگ بۆ ماڵەوە گەڕامەوە، دوای چوار، تا دوانزە نووستم، هەستام و دەستم بە نووسین کرد.

---

[١٩١] **Kontan**

ئێستا زۆر بێزارم لە پترۆزبورگ و ژاوەژاوەکەی، بە خۆشحاڵییەوە چاوەڕوانی هەڵمژینی هەوای هاوینەی باشوورم (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٥ مارس

یالتا

دڵدارەکەم، ئەمڕۆ چووم بۆ لای پزیشکی ددان و دەزانیت چی روویدا، لەوێ نەبوو، دەبێت سبەینێیش بڕۆم و دوو سبەی و هەر بەو جۆرە تا دوا رۆژی هەفتە (...)

* * *

کنیپەر

٢٥ مارس

پترۆزبورگ

ئەمڕۆ پشووی گشتیە، دنیا هەتاوە بەڵام ساردە، گەوهەرە بەنرخەکەم من بۆ سەفەرو بینینی مێردە پانتۆڵ دڕاوەکەم ئۆقرەم لێبڕاوە.. چی دەکەی خۆشەویستم؟ ئایا بیر لە ژنە بەرەڵاکەت دەکەیتەوە؟ ژیانی ئێرەم ناجۆرە. شەوی یەکەمی "مرۆڤە بچووکەکان" کە سبەینێیە هیچ خۆشیم ناداتێ و نامهەژێنێت.

دوێنێ حاڵم خراپ بوو، دڵم دێشا. ئەمڕۆ تارادەیەك بێ هێزم.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٨ مارس

یاڵتا

سڵاو سەرمەستەکەم! ئەمڕۆ کەش و هەوا خراپە. لەوەیە باران ببارێت و دنیا ساردە. هێشتا خەریکی ددان پڕکردنەوەم بەڵام زوو تەواو دەبێت (...) پێویستم پێتە ئەڵمانیی چکۆڵە، زوو وەرە (...)

* * *

کنیپەر

٢٩ مارس

پترۆزبورگ

ئەمڕۆ بلیتێکم لە "فارگۆنی —لیتز" کڕی ئازیز و خۆشەویست، چووم بزانم بەینی دەرچوونی شەمەندەفەرەکان لە مۆسکۆ وە چەندە، بینیم جێگای سەرەوە تایبەتە بۆ ژنان، لە پلە دوودا، بێ سێ و دوو پڕم پێدا کرد.

تووتەڵەکەت

لە هەمان ڕۆژدا کنیپەر منداڵەکەی لەبار دەچێت.

* * *

کنیپەر

٣١ مارس

دوو ڕۆژە نامەم بۆ نەنووسیویت ئانتۆنی ئازیزم، بە تەواوی خراپ شکایەوە، هەموو شتێك دیار بوو کاتێك کە لە "یاڵتا" دەرچووم ئومێدی ئەوەم هەبوو کە "پامفیل"ت پێ ببەخشم، تەواو حاڵم بەد بوو، من وامزانی ژەهراوی بووم، هەر چەندە هیوادار بووم سکم هەبێت بەڵام دڵنیانەبووم (...) ناردیان بەدوای پزیشکدا، ئەوسا زانیم مەسەلەکە چیە، زۆر گریام، زۆرم خەفەت خوارد کە ئیدی "پامفیل"م

نابێت. دوو پزیشك هاتن. یەکەمیان هاوکاری "ئوت" و پاشان خودی "ئوت"[١٩٢] هات. زۆر کەس دەوریان لێدا بووم و ژنان ترسیان لێ نیشتبوو. "ستانسلاڤسکی" هەموو ڕۆژەکە بە ڕاڕەوی "ڕاقسکایا"دا هات و چۆی بوو (...) ئێوارە بردمیان بۆ عیادە و نیوە شەو کلورۆفۆرمیان پێدام (...) "ئوت" خۆی نەشتەرگەری کرد و ئیدی جێی نیگەرانی نیە، هەموویان بۆ بینینم هاتن و دەوروبەرم پڕە لە سۆز و بایەخپێدان (...) دەبێت چوار ڕۆژ لەسەر جێگا بکەوم و نمایشیشم نیە. کێشەکە ئەوەیە کە نازانم کەی دەهێڵن دەربچم، ئەگەر چەند ڕۆژێك دواکەوتم نیگەران مەبە (...) من زۆر بێ هێزم، بەڵام بڕیارم داوە بە کراوەیی بۆت بنووسم (...) ئەمڕۆیش گریام، بەڵام بە گشتی خەریکە وزەم تێدەکەوێتەوە (...) لە بارەی "پامفیل"ەوە زۆر خەمباریت؟ (...)

تووتەڵە تێك شکاوەکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٣١ مارس

یالّتا

دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، دەمەوێت دیدەنی "تۆلستۆی" بکەم، کەش و هەوا زۆر باشە، ئایا لە نامەکانم بێ تاقەت نەبوویت؟ بێزار نەبوویت؟ هەوا ساردە؟ نمایشنامەکەی "گۆرکی" سەرکەوتوو بوو؟ ئافەرین!

دڵەکەم ماڵئاوا، ئەگەر شتێك ڕوویدات تەلگورامت بۆ دەکەم، بەڵام ئەمە دوا نامەیە مەگەر سبەینێ نامەی ترت بۆ بنووسم. تەندروستیم زۆر باشە و سبەینێ دوا ڕۆژی پڕکردنەوەی ددانمە.

[١٩٢] پزیشکێکی هەرە دیاری ژنان بوو لە پترۆزبورگ.

کەواتە ماڵئاوا هاوسەرەکەم، ئێمە پێکەوە دەبین و ئیتر هیچ یەکێك لەم لێك دابڕانانە تا سێپتەمبەر یان ئۆکتۆبەر ئازارمان نادات.

ملیونێك ماچ

"قالاوی کێوی" سەرکەوتوو نەبوو.

مێردە وەفادارەکەت ئانتۆن

ئەمڕۆ نامەت نەبوو.

* * *

کنیپەر

٤ ئەپریل

پترۆزبورگ

ئازیزم هێشتا لە جێگادام و کاتم خراپ بەسەر دەچێت. زۆر حەز دەکەم لەگەڵ تۆدابم. پێویستیم بە نازو ئامێزی تۆیە، هەوکردنی منداڵدانم بۆتە هۆی ئەوەی کە بەشی لای چەپی سکم ئازارێکی زۆری هەبێت، ڕەنگە هەر ئەو هەوکردنە بووبێت بە هۆی لەبارچوونی منداڵەکە. نازانم دەیانەوێت کەی لێرە دەرمکەن، پێویستە تەواو بحەسێمەوە چونکە سەفەری سێ مانگی دوایی بە ڕاستیی دەمشڵەقێنێت. تۆ درکی ئەمە دەکەیت و پێویست بە نیگەرانی ناکات. تۆ پیاوێکی گەلێك چاکیت. هیچ مەترسیی نیە بەڵام دەبێت من ئاگادارم ئەگینا لە دواییدا نەخۆش دەکەوم. تکایە ئەم شتانە بە "ماشا" و دایکت بڵێ، بە "ماشا" بڵێ زۆر حەز دەکەم نامەی بۆ بنووسم بەڵام ئاسان نییە، من لەسەر پشت کەوتووم و ناتوانم دابنیشم. نووسین گەلێك ماندووم دەکات. ئەو هەست بەمە دەکات و لێم زویر نابێت. من هەموو شتێکی پێ دەڵێم، گوڵ لەسەرو رووم دەبارێت. هەموو دەوروبەرم خۆشویستن و گەرمیە و زۆر ئاگاداریم دەکەن. شانۆ بۆ من بوەتە خێزانێکی گەورە و بەختەوەر. هەموو ڕۆژێك پزیشك دێت. مامانەکە شەو و ڕۆژ لامە، کچێکی جوان و گەلێك باشە، زۆر قسە لە

بارەی تۆوە دەکەم، وای بۆ دەچم ڕۆژی هەینی ڕێگام بدەن. تۆ بەخێر هاتی ژنێك دەکەیت کە تەواو خەجاڵەتە. لە بارەی "پامفیل"ی گچکەوە زۆر نارەحەتم، بەڵام تۆ لای من لە هەموو شتێك مەزنتریت ئەی مێردە زێڕینەکەم.

تووتەڵەکەت

* * *

دەبێت قسەیەکی خۆشی "مسکڤین"ت بۆ بگێڕمەوەکە لە بارەی ئەم ڕووداوانەوە وتوویەتی، تۆ ئەو دەناسیت بە سیمایەکی زۆر دڵکارانەوە دەڵێت: "ئەم ئەکتەرە چاکەمان دەبێت شەرم بکات، مرۆڤ منداڵی لە پیاوێکی وا هەبێت و پاشان لەباری بچێت مانای لاساری و گوێ پێنەدانە؟"

هەموو شانۆکەمان بەم کارەساتە بێ تاقەتن.

* * *

کنیپەر

٥ ئەپریل

پترۆزبورگ

ئازیزترینم ژیان بێ تۆ بێزارکەرە، زۆر حەزدەکەم بت بینم، زۆر پێم خۆشە خۆشت بوێم و دەمەوێت لەگەڵما بیت. من لێرە بە تەنیا کەوتووم، ئەندامانی شانۆ هەموویان سەرقاڵی کارن (...) ئەمڕۆ ئازارم کەمترە، خۆزگا دەتزانی ئەم چەند ڕۆژانە چەندم ئازار چەشتووە. ئەمە ڕۆژی هەشتەمە کە لەسەر پشت ڕاکشاوم و هێشتا لەوە دەچێت کۆتایی نەبێت (...) هەموو شتێك لە پڕێکدا ڕوویدا (...) وا دەزانم ئەگەر تەندروستیم باش بێت سێ شەممە ئێرە بەجێ بهێڵم. کات بە سستی تێ دەپەڕێت.

منت فەرامۆش نەکردووە ئانتۆن؟ من پێویستیم بە خۆشەویستی تۆیە.

تووتەڵەکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٥ ئەپریل

یاڵتا —تەلگورام

بە وردی باسی تەندروستی خۆتم بۆ بنووسە.

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٥ ئەپریل

پترۆزبورگ —تەلگورام

روو لە چاکیم، پزیشکەکە سەفەرەکەی دواخستم، ماچت دەکەم، تەلگورامم بۆ بکە.

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٥ ئەپریل

پترۆزبورگ

وامدەزانی ئەمرۆ ئێرە بەجێ دێڵم بەڵام هێشتا لێرەم (...) تا بتوانم لەسەر پشت دەنووم، نیگەران مەبە، بێ مەترسیە (...) ئامادەم هەموو شتێك بدەم و تۆم هەبیت و بۆت بگریم، کاری ئەم رۆژانەم گریانە (...)

ئولیاکەت

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٧ ئەپریل

پترۆزبورگ

(...) ئازاری لای چەپم کەمتر بۆتەوە (...) کەم دەخۆم و جاری وایش هەیە هەر هیچ ناخۆم، ئارەزووی خواردنم نیە. "کاڤیار"[١٩٣]م دەدەنێ و هەموو ڕۆژێك گوڵم بۆ دێنن (...) "ستانسلاڤسکی" هەموو ڕۆژێك دێتە دیدەنیم، زۆر بە دەورمدا دێت وەك کچی بم وایە، "لیلینا"یش دێت بۆ لام (...)

تووتەڵەکەت

* * *

کنیپەر

٩ ئەپریل

پترۆزبورگ

ئانتۆنی ئازیز ئەمڕۆ هەوڵمدا لەسەر کورسی دابنیشم، هەستم دەکرد لاقم هی خۆم نیە، زۆر بێ هێزم بەڵام زوو دەگوزەرێت، نیگەرانی هیچ مەبە (...)

بڕیارم داوە ڕۆژی هەینی لێرە نەمێنم، پزیشك ئامۆژگاری کردم تا "یالتا" مامانێك لەگەڵ خۆمدا بەرم. گەلێك گران دەکەوێت، بەڵام گرنگ نیە.

"ئوت" تەنانەت دینارێکی بۆ نەشتەرگەریەکە وەرنەگرت، دەبێت ڕۆژی سێ ڕۆبڵ بدەم بە مامانەکە، بەڵام سەفەر کردن بەبێ ئەو مەترسیدارە، تۆ ڕازیت؟ پزیشك

---

[١٩٣] **Caviar** فەرەنسییە -(لە ڕووسی وەرگیراوە) هێلکە ماسیەکە خۆراکێکی گران و بەتامە و گەلێك مادەی چاك و بەکەڵکی بۆ لەش تێدایە، لەوانە چەوری و فۆسفۆر (فەرهەنگی عەمید).

دەستووری پێ داوم تا شەش مانگی داهاتوو دەبێت بە تەواوی ئاگاداری خۆم بم (...)

دەتوانیت لوتف بکەیت و بە "ماشا" بڵێیت ژوورەکەمم بۆ ئامادە بکات؟ (...)

ئۆلیاکەت

نیشتەجێ بونیان لە یالتا بە هۆی چەند هۆکارێکەوە کە زۆر دیار نین کۆمەڵێك کێشەی لێ کەوتەوە[١٩٤]. پێ دەچێت هۆکاری نهێنی لە نێوان ئۆلگا و ماشادا سەری هەڵدابێت. ئۆلگا لە بارێکی خەمۆکیدا بوو، ڕاست یان درۆ وای بیر دەکردەوە کە ماشا و دایکی چیخۆڤ ئەویان بە هۆکاری لەبارچوونی منداڵەکە دەزانی، چونکە شەوانە خەریکی ڕابواردن و خۆشگوزەرانی بوە. ڕەنگە ئەمە جۆرێك لە هەست کردن بە گوناهی لای ئۆلگا دروست کردبێت. قسە گاڵتە ئامێزەکانی لە نامەکانی پێشویدا کە خۆی بە (ژنێکی بێ بەند و بار) ناودێر دەکرد ڕەنگە تا ڕادەیەك ڕاستیی بگەیەنێت.

چیخۆڤ و کنیپەر لە ناوەڕاستی مانگی مەیدا گەلێك پێش ئەوەی بە تەواوی ئۆلگا چاك بووبێتەوە یالتایان بەجێهێشت. کە گەڕانەوە بۆ مۆسکۆ پزیشك سێ هەفتەی تەواو حەسانەوەی بۆ ئۆلگا بڕیەوە. لە ١١ ژانیوەریدا سکی کەوتەوە ئێشی زۆر و بێ تاقەتی کرد، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە چەرمە چەقاڵتەی هەوی کردووە، بۆیە بڕیار درا نەشتەرگەری بکەن، بەڵام کە بەخێرایی رووی لە چاك بوون کردەوە وازیان لە نەشتەرگەریەکە هێنا.

[١٩٤] ژیاننامەنووسی چیخۆف، جی جی سایمنزۆو، ژیاننامەنووسی کنیپەر هاروڤی پێچەر، لەم لایەنەوە دوو ڕای زۆر جیاوازیان هەیە.

نەخۆشیی ئۆلگا گوشارێکی دەروونی زۆری بۆ چیخۆڤ دروست کرد. ئەو سەرباری نەخۆشیەکەی خۆی لێبوردوانە خزمەت و چاودێریی ئۆلگای دەکرد. گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە دەبێت ئەو پشوەکانی لە "پیرم"[١٩٥] لە مولکداریەتی ساڤامورزوف بەسەربەرێت. "پیرم" گەرم و پڕ لە تەپ و تۆز بوو. بۆیە یارمەتیی چارەسەرکردنی تەندروستی ئەوی نەدا. پاشان "ستانسلاڤسکی" داوای لێ کردن بۆ ئەوەی بچن بۆ "لیوشکا" کە نزیك بە مۆسکۆیەو مولکی خێزانەکەیانە، لە ناوەڕاستی مانگی مەیدا هەردووکیان چوون بۆ ئەوێ و ماوەیەکی زۆر خۆشیان لەوێ بەسەربرد، یەکەم ڕۆنانی شانۆگەریی "باخی گێلاس" لەوێوە دەستی پێکرد. دوای ئەوە ئانتۆن بە تەنیا بۆ یالتا گەڕایەوە.

ڕۆیشتنی چیخۆڤ کێشەی نایەوە. ئەوان یەکەمین و تاقە کێشەی هاوسەریەتی خۆیانیان لەوێ ئەزموون کرد. ئۆلگا گومانی لەوە نەبوو کە ماشا هەر بە دەست ئانقەست چیخۆڤی بەبێ ئەو داوەتی یالتا کردووە. لەبەر ئەوە نامەیەکی (بێ پێچ و پەنای) بۆ ماشا نووسی و باری سەرنجی خۆی بە ڕوونی پێ وت، چیخۆڤ زۆر بە جیدی تاوانبار کردنەکەی ئۆلگای بۆ ماشا ڕەت کردەوە. هەرچەندە لە ڕاستیدا ماشا دوو جار بە تەنیا چیخۆڤی بۆ یالتا داوەت کردبوو، تەواوی ئەو نامانەی لەو ماوەیەدا ئاڵوگۆڕ کراون پڕن لە خۆدزینەوەی چیخۆڤ لە بەرپرسیاریەتی. جێی سەرنجدانە کە کنیپەر لە یادەوەریەکانی خۆیدا هیچ ئاماژەیەکی بە لەبارچوونی منداڵەکەو تەنگ و چەڵەمەکانی دوای ئەوە نەداوە.

* * *

---

[١٩٥] perm

چیخۆف

١٧ ئۆگەست

یالّتا

سەرئەنجام گەیشتمەوە ماڵەوە ئازیزترینم، سەفەرێکی باش بوو، هێدی بەڵام پڕ لە تەپ و تۆز، کەسانێکی زۆر لەناو کەشتیەکەدا بوون کە دەمناسین. پێیان خۆشبوو بۆ ماڵەوە دەگەڕێمەوەو هەموویشیان هەواڵپرست بوون و سەرکۆنەیشیان کردم کە بۆ تۆم لەگەڵ خۆمدا نەهێناوەتەوە، بەڵام کە نامەکەتم پیشانی "ماشا"دا خوێندیەوەو ڕاما، دایکم گەلێك خەمبار بوو،... ئەمڕۆ ئەوانیش نامەکەتیان پێ دام تا بیخوێنمەوە. خوێندمەوەو هیچ پێی قەڵس نەبووم، بەرانبەر بە "ماشا" بۆ ئەوەندە دلڕەقیت نیشانداوە؟

من سوێندی شەرەفت بۆ دەخۆم کاتێك دایکم و "ماشا" منیان بۆ "یالّتا" داوەت کردووە مەبەستیان من نەبوە بە تەنیا بەڵکو و خوازیار بوون تۆیشم لەگەڵدا بیت. نامەکەت زۆر بێ ویژدانانە بوو بەڵام باوا بێت. ئیدی شتێکەو نووسراوە، خوا هاوکاری هەموو لایەکمان بکات، من دووبارەی دەکەمەوە: سوێندی شەرەفت بۆ دەخۆم کە دایکم و "ماشا" هەردووکمانیان بانگهێشت کردبوو نەك بە تەنیا من، هەردووکیان بە گەرمی تۆیان خۆش دەوێت.

بەم زوانە بۆ مۆسکۆ دەگەڕێمەوە، ناتوانم لێرە بژیم هەرچەندە کەش و هەوا باشە، بەڵام ناتوانم لێرە شانۆ بنووسم (...)

ئاکەت

* * *

کنیپەر

٢٢ ئۆگەست

لیوبیمۆڤکا

(...) ئەو دڵڕەقییەی کە من لە نامەکەدا بەرانبەر بە "ماشا"م کردووە کامەیە؟ لە کاتی نووسینی نامەکەدا زۆر بیرم پەرت و ئاڵۆز بوو بۆیە بە وردی لە بیرم نیە کە چیم نووسیوە. ئایا بە ڕاستی تۆ وا دەزانیت لەبەرئەوە من بێ تاقەت بم کە داوەتیان نەکردووم بۆ یالتّا، هەر تۆ بە تەنیا؟ ئەمە بۆچوونێکی بێ مانایە، من ئەوەندە سووک نیم.

بەڵام زۆر سەیرە ئەوان دەزانن کە من هێشتا لەناو جێگادا کەوتووم کەچی داوا لە تۆ دەکەن بچیت بۆ یالتّا. دەزانم تۆ پێتەوە دیار بوو لەبەرئەوەی نەخۆشبووم حەزت نەدەکرد لەگەڵما بیت. ئەوەیش دەزانم مانەوەت لە مۆسکۆ بۆ تەندروستیت باش نەبوو بە تایبەتی کە ژنەکەیشت نەخۆش بێت. بەڵێ واتە واتەکان بێ تاقەتیان کردم و منیش قسەی دڵی خۆمم بۆ ئەو نووسیبوو، بەڵام وەك ئەوەی تۆ دەیڵێیت من هەرگیز مەبەستی دڵ شکاندنی ئەوم نەبوە، من هێند بێ ئەقڵ نیم کاری لەو جۆرە بکەم، وەلێ مەسەلەکە ئەمە نیە، ئەگەر "ماشا" بە ڕاستی تۆی خۆش دەوێت و بۆ من میهرەبانە، هەرگیز نەدەبوو نامەکەمت پیشان بدات، دەبوو دەرکی ئەوەی بکردایە کە من لە کاتی نووسینی نامەکەدا لە چ بارێکی دەروونیدا بووم، ئەمە بووە دەرسێك بۆ من. بۆ لەمەودوا دەبێت نامەکان وا بنووسم کە هەمووتان بتوانن بیخوێننەوە و کەس نەتوانێت لێکدانەوەی خراپیان بۆ بکات، هەر کاتێك "ماشا" نامەی بۆ من نووسیبێت و زانیبێتم لەوانەیە تۆ نارەحەت بکات هیچم لەو بارەیەوە پێ نەدەوتیت و تۆم لەو کێشانە بەدوور دەگرت. ئەگەرچی گەلێك شت هەبوون کە هەرگیز نەدەبوو ڕوو بدەن، تۆ هەرگیز شتێکت لەو بارانەوە لە منەوە نەبیستووە. با بەس بێت (...)

خودای میهرەبان ئەگەر توانای ئەوەم هەبوایە کە ژیانێکی ئارام و ئاسوودەم بۆ فەراهەم بکردیتایە، ئەگەر بمتوانیایە بگۆڕێم چەند و تا چ ڕادەیەك شاد دەبووم! خۆزگا بمتوانیایە ئەوەی کە لە دلّمدایە بۆت باس بکەم. یان رەنگە نەشێت کارێکی وا بکەم. بۆ دەبێت هەر بە بێدەنگیی ئازار بچێژم؟ من چەندین جار خۆمم کۆنترۆڵ کردووە. وام دەهاتە بەرچاو کە تۆ پێم پێدەکەنیت و هەستم پێ ناکەیت و من لەوە بێ تاقەت دەبووم و هیچم نەدەوت، رۆژەکان گەلێك نایابن، روونـاك و خۆرەتاون. هەوا بە تایبەتی پاکە و من هەست بە جوانیەك دەکەم کە ناتوانیت وەسفی بکەیت و خەمێکی کاڵ ئازاری دلّم دەدات. من کارناکەم و نایشمەوێت کارێك بکەم. بڕیارمداوە بڕۆم بۆ مۆسکۆ و ددانم پیشانی پزیشك بدەم و لە ماڵەوە دابنیشم. ئەگەر حەز بەمانەوەی "یالّتا" دەکەیت و لەوێ باشت لێ دەگوزەرێت تکات لێ دەکەم ئەو کارە بکە، بزانین داهاتوو چیمان پێ دەڵێت. بۆم بنووسە بزانم کەی دێیتەوە.

تووتەڵەکەت

❊ ❊ ❊

چیخۆف

٢٢ ئۆگەست

یالّتا

(...) لێم تووڕە مەبە هاوسەری ئازیزم، تووڕە مەبە ئازیزترینم، بارەکە هێند خراپ نییە وەك تۆ بیری لێ دەکەیتەوە، دەمەوێت بێم و تا دیسەمبەر پێکەوە دەبین. پاشان من دەڕۆم و دیسانەوە لە مارسدا دەگەڕێمەوەو لات دەمێنمەوە تا تۆ پێویستت پێم هەبێت (...)

❊ ❊ ❊

کنیپەر

٢٣ ئۆگەست

یالتا

(...) زۆرم پێ خۆشە کە لە "یالتا" باشت لێ دەگوزەرێت، پەلە بۆ گەڕانەوە مەکە. هەموو پاییز لە "یالتا" بمێنەرەوە، بۆ خۆت چاکە و دوکتۆر "ئالچولەر"یش پێی خۆشە. بۆم بنووسە کە ئەوچی دەڵێت؟ تێ دەگەیت؟ (...) شانۆگەریەکە بە باشی دەڕوات؟ تەمەڵی تیا مەکە دڵدارەکەم، واز لە هەموو شتێك بهێنە و بە نووسینەوە بقرسێ (...)

* * *

چیخۆڤ

٢٤ ئۆگەست

یالتا

دڵدارەکەم، سێ یان چوار ڕۆژە نامەی تۆم پێ نەگەیشتووە، ئەگەر حەز ناکەیت بنووسیت ئەمە پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە، بەڵام تکایە لانی کەم یەکێك دیاری بکە کە هەواڵی تەندروستیتم پێ بگەیەنێت.

چوار ڕۆژە بایەکی وشك و بەد هەڵی کردووە، بەڵام هەر چۆنێك بێت لەگەڵیا ڕاهاتووم، لە پشت مێزەکەمەوەم و خەریکی نووسینم (...)

"ماشا" ڕۆژی چوارەمی سێپتەمبەر دێت بۆ مۆسکۆ، کاڵەك و شووتی دەخۆین و هێشتا ترێ پێ نەگەیشتووە (...)

تۆ لە من تووڕەیت و بەڵام من نازانم بۆ، چونکە بەجێم هێشتیت؟ بەڵام من لە جەژنی پاکەوە لەگەڵتا بووم، سەروەر، تەنانەت چرکە ساتێکیش لێت جیانەبوومەوە، ئەگەر لێرە کارم نەبوایە و خوێنم هەڵنەهێنایەتەوە نەدەگەڕامەوە.

تۆ کەی بۆ مۆسکۆ دەگەڕێیتەوە؟ بۆم بنووسە، چوویت بۆ لای پزیشك؟ چی دەڵێن؟

-ئا-کەت

*   *   *

کنیپەر

٢٥ ئۆگەست

لیوبیمۆڤکا

دوو ڕۆژ تێپەڕی و نامەت نیە ئازیزترینم! یان تۆ نەتنووسیوە یان خەتای ئۆفیسی پۆستەیە —نازانم کامیانە- بەڵام ژیان بێ نامەی تۆ بێزراوە. تۆ لە بارەی تەندروستی خۆتەوە نانووسیت، تۆ ناتەوێت من نیگەران بکەیت، وانیە؟ هەرچیەکت دەوێت بیکە بەڵام زیاتر لەبارەی خۆتەوە بنووسە بۆ ئەوەی بزانم ژیانت لە "یالتا"دا چۆنە، وا هەست دەکەم بێتاقەت بیت.

هەوا بێگەرد و ساردە، ئەمڕۆ بێ هۆش و گۆشم، کەمێك پیاسەم کرد، گشتیان دەڵێن کە تۆ لێرە نەبیت من وەکوو "ماشا" لە پەردەی چوارەمی "سێ خوشکەکە"دا تەواو وێرانم (...).

باخەکە ڕۆژ بە ڕۆژ جوان و ڕازاوەتر دەبێت، لێرە هەوا باشە، لە خەونی ئەوەدام کە سێپتەمبەر لەگەڵ تۆدا لێرەدا بەسەردەبەین.

تووتەڵەکەت

*   *   *

چیخۆڤ

٢٧ ئۆگەست

یالتا

(...) "ماشا" نامەکەتی نەدامێ، نامەکەم لەسەر مێزەکەی دایکم بینی و بێ ئیرادە هەڵم گرت و خوێندمەوەو پاشان تێگەیشتم بۆچی "ماشا" هێند خەمگینە، نامەکە زۆر توند و تیژ و ناڕەوا بوو، بێگومان من لە هەستی تۆ دەگەم لە کاتی نووسینی نامەکەدا، بەڵام دوا نامەت لە ()٢٢ ئۆگەست کەمێك سەیرەو نازانم چیت

بە مێشکا تێدەپەڕێت خۆشەویستم، نووسیوتە (...) "دیار بوو تۆ حـەزت نـەدەکرد لەگەڵما بیت و شتی تر" لەلای کێوە؟ کاتێك کە چووم بۆ باشوور؟

بەڵام من لە نامەکەمدا سوێندم بۆ خواردی کە ئەوان منیان بە تەنیا و بەبێ تـۆ داوەت نەکردووە. تۆ هەرگیز، دەبێت هەرگیز لە شتێکی وادا بـێ ویـژدان نـەبیت و دادپەروەر بیت چونکە تۆ مرۆڤێکی چاك و هوشیاریت و بێگومانم ئەم کارە دەکەیت. دڵدارەکەم لەم هەڵەو سەرە ڕۆییەم بمبوورە، ئیـدی هـەرگیز کـاری وا ناکـەم و ئەمـە دەمترسێنێت (...) سەرتاپای نامەکانت سارد و سڕن، بەڵام مـن وابەسـتەی تـۆم و هەمیشە بیرم لەلاتە (...)

-ئا-کەت

* * *

کنیپەر

٢٧ ئۆگەست

لیوبیمۆڤکا

ڕۆژێك تێپەڕی و نامەیەکت نەگەیشت، یانی چی؟ لە ڕاستیدا من خـۆم گـرت و تەلگورامم بۆ نەناردیت چونکە دەزانم تۆ هەرگیز حەز بەم کارە ناکەیت و جوێنم پـێ دەدەیت، وەلێ بۆ من سەختە بە تەنیا و بێ نامەی تۆ لێرە بژیم، تەندروستیت چـاکە ئازیزم؟ تووڕەیت لێم؟ بۆیە نامەم بۆ نانووسیت؟ خۆشیت لێم نایەت چـونکە سـکاڵا دەکەم؟ ئایا بەبێ من ئاسوودەیت؟ کە هەست بەوە دەکەم تـۆ منـت خـۆش ناوێـت گەلێك شتی پڕ و پووچ بە مێشکمدا دێت (...)

* * *

کنیپەر

٢٨ ئۆگەست

لیوبیمۆڤکا

بۆ بەراشکاوی پێت نەوتم کە دەڕۆیت و نیـازی گەڕانـەوەت نیـە؟ دڵـم خەبـەری دابوو. بۆ ڕاست و ڕەوان پێت نەوتم لەبەرئەوە دەڕۆیت چونکە خوێنت هەڵهێناوەتەوە؟ ئەم کارە بەو مانایەیە کە شتم لێ دەشاریتەوە، وای دەبینم تۆ وەك بێگانەیـەك، یـان بووکەڵەیەك رەفتار لەگەڵ مندا دەکەیت کە نابێت ئاگاداری هیچ بێت. ئەمە بێتاقەتم دەکات. ئەگەر لەگەڵما راشکاوتر بیت من هێورتر دەبم و کەمتر وەڕز بوون رووم تـێ دەکات، ئەم کارەی تۆ مانای ئەوەیە کە من و تۆ دەمێکـە پێکـەوە دەژیـن و ئـیتر بەسە. ئایا کاتی ئەوە هاتووە لە یەکدی جیاببینەوە؟ زۆر باشە. من تێناگەم، هەرگیز تێناگەم، بێگومان شتێك روویداوە. هەرچەندە نامەکانت پڕ لە سۆز و ناسکین، بـەڵام کە بۆ چەند جارێك دەیانخوێنمەوە لەرزم لێ دێت.

لێرە چ ژیانێکی خۆشمان هەبوو! خۆزگا لە نامەکانتدا تاقە وشەیەك هەبوایە یادی لەو تەنیا مانگەی دوایی بکردایە! چەند خۆش دەبوو. تۆ ئیدی ڕقت لە نامـەی مـن دەبێتەوە. بەڵام من ناتوانم بێدەنگ بم. بۆ هاتنە مۆسکۆ بـیر لـە خـۆ ئامـادەکردن مەکەوە، چونکە تا ڕادەیەك نەشیاوە تۆ لە پاییزدا بێیت بـۆ مۆسـکۆ. مـن ناچـارم سێپتەمبەر لە "لیوبیمۆڤکا" بەسەر بەرم (...) خـودا گیـان، ئەگـەر دەمزانـی تـۆ پێویستت بە منە، یان دەتوانم هاوکـاری ژیانـت بم و شـادمانت بکـەم، ئـەو کاتـە هەمیشە لەگەڵتدا دەبووم. خۆزگا دەتتوانی لەمە دڵنیام بکەیت، بەڵام تۆ دەتوانیـت لە پاڵمدا بیت و وشەیەکیش نەڵێیت. من هەندێك جار هەستم دەکـرد کـە زیـادەم، هەستم دەکرد تۆ تەنیا وەك مێینەیەکی خۆش منت ویستوە. وەك کەسێك ژیانی من لەگەڵ تۆدا زۆر جیاوازە، ئەگەر لەمەدا هەڵەم پێم بڵێ، ئەگەر وا نیە سەرکۆنەم بکە. وا نەزانیت قسەی پڕو پووچ دەکەم، نەڵێیت تووڕەم بۆیە لۆمـەت دەکـەم، تـۆ تاقـە

پیاوی ئەم دنیایەی منیت، ئەگەر ناڕەواییەکم کردبێت لـە هۆشـیاریەوە نیـە، لەبـەر ئەوەیە کە دڵم ئازاری تێگەڕاوە، نابێت سەرزەنشتم بکەیت. تۆ بەهێزیت و مـن بـێ بایەخ. تۆ دەتوانیت بە بێدەنگیی بەرگەی هەموو شتێك بگریـت، هـەرگیز هەسـتی ئەوەت لا نیە لای کەس بیدرکێنیت، (...) چەندە ترسناکە ئانتۆن ئەگەر هەموو ئەم شتانەی کە نووسیومە تەنیا بزەیەك بخاتە سەر لێوت و هیچی تر. یان بۆ ئـەوە بێـت نامەکەم پیشانی "ماشا" بدەیت وەك چۆن ئەو نامەکەی منی پیشانی تۆدا بوو.

ئۆلیا

* * *

چیخۆڤ

٢٩ ئۆگەست

یالْتا

(...) نووسیوتە: بەوە شادمانم تۆ لە یالْتا خۆشت لێ دەگوزەرێت. کـێ ئەمـەی پێ وتیت؟ بۆ دەپرسیت دوکتور "ئالچولەر" چی وتوە؟ ئەو زۆر جار بۆ ئێـرە دێـت. دەیویست لێ وردبوونەوەی دڵم بکات و پێی لەسـەر دادەگـرت و مـن نەمهێـشت. میزاجم زۆر باشە، تەندروستیم دوێنێ خراپ بوو، ئەمڕۆ باشە، من ئێستا کۆکەم لەو کاتە زیاترە کە لە باکوور[١٩٦] بووم (...)

* * *

کنیپەر

٢٩ ئۆگەست

لیوبیموڤکا

[١٩٦] North واتا باکوور و لە فارسیەکەدا بەهەڵە باشوور نووسراوە.(وەرگێڕ)

ئانتۆنی ئازیزترینم، دوێنێ نامەیەکی ترسناکم بۆ نووسیت، لۆمەم مەکـە، دڵـت نەرەنجێ و هەوڵدە تێم بگەیت. من کەسم نیە قسەی دڵمی بۆ بکەم، تکایە نامەکانت بە ڕستە ئاساییەکەت " تۆ لە من تووڕەیت" کۆتایی پێ مەهێنـە، ئەگـەر تـووڕەبم نامەت بۆ نانووسم.

کە بەم شێوەیە بۆت دەنووسم بەڵگەی لاوازیی کەسایەتی و بێ کەڵکیی خۆمــە، من زۆر پێم خۆشە لەگەڵتا بم، بەڵام دەبینم کە لە گەڵتام تۆ چاکتر نابیت (...)

هەستێکی ترسناکم هەیە. تۆ بەختت باشە، بەردەوام هاوســەنگیی خـۆت چـاك ڕادەگریت، زۆر لەسەر خۆیت، هەست دەکـەم جیابوونـەوە، هەسـتی جـۆراو جـۆر، ئاڵوگۆڕەکان هیچ جیاوازیەك لای تۆ دروست ناکـەن. نـەك لەبەرئـەوەی مرۆڤێکـی ساردیت یان کەمتەرخەمیت. بەڵکو و لەبەرئەوەی تۆ شتێکی تایبەتیت تێدایە، تـۆ گوێ بەڕووداوەکانی ڕۆژانەی دەوروبــەرت نادەیـت. بێگومــانم ئێـستا زەردەخەنــەت لەسەر لێوە؟ (...)

دەستت بە شانۆگەریەکە کردووە؟ (...)

ئۆلیاکەت

* * *

چیخۆڤ

ا سێپتەمبەر
یاڵتا

ئازیزترین ئازیز، نامەیەکی تری سەیرتم پێ گەیشت (...) کێ پێی وتوویت مــن ناگەڕێمەوە بۆ مۆسکۆ، گوایا بە یەکجاری ڕۆیشتووم و ئەم پاییزە ناگەڕێمــەوە؟ مــن بە ڕووسیەکی ڕێك و ڕەوان بۆم نووسیت کـە سـێپتەمبەر دەگـەم و تـا دیـسەمبەر لەگەڵتا دەبم، وانیە؟ تۆ من بەوە تۆمەتبار دەکەیت کە لەگـەڵتا کـراوە نـیم، بــەڵام هەرچیەکم بۆ نووسیویت و پێ وتوویت لە بیر خۆتی دەبەیتەوە (...)

نووسیوتە کاتێك نامەکانم دەخوێنیتەوە دەلەرزیت. نووسیوتە ئێمە دەمانەوێت جیابینەوە، تۆ هیچ تێناگەیت.. من وا دەزانم ئازیزم کە نە تۆ و نە من بەرانبەر بەم پەرێشانیە لێپرسراونین. بێگومان لەگەڵ یەکێکدا قسەت کردووە (...) دەنووسیت "تۆ دەتوانیت لەگەڵمدا بیت و تەنانەت وشەیەکیش لە دەمت نەیەتە دەرەوە، تۆ وەك مێینەیەکی خۆش منت ویستوەو شتی تریش..."

دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، تۆ ژنی منیت، ئەمە بۆ یەکەمجار و دواجار دەرك بکە، تۆ نزیکترین و ئازیزترین کەسی منیت، خۆشەویستی من بۆ تۆ بێ سنوورە. جا ئەگەر خۆت وای دادەنێیت کە تۆ تەنیا ژنێك بیت "بۆ چێژ لێ وەرگرتن" ئەوە خۆت دەیزانیت. خودا چاکت بۆ بکات، با وا بێت.

باری تەندروستیم چاکتر بوە بەڵام بەردەوام دەکۆکم، باران نیە و هەوا گەرمە. "ماشا" رۆژی چوارەم بەرێ دەکەوێت و رۆژی شەشەم دەگاتە مۆسکۆ. نووسیوتە رەنگە نامەکەت پیشانی "ماشا" بدەم. سوپاسگوزاری ئەو متمانەیەتم کە بە منت هەیە. خۆشبەختانە "ماشا" بە هیچ جۆرێك سووچی نیە، زوو یان درەنگ لەمە تێدەگەیت (...)

-ئا-کەت

* * *

کنیپەر

٢ سێپتەمبەر

مۆسکۆ

دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، ئەمڕۆ چووم بۆ لای پزیشك و هەرگیز باوەڕی نەدەکرد کە چۆن من ئاوا زوو چاك بوومەتەوە، لێ وردبوونەوەی بۆ کردم و (...) وتی من دەتوانم سروشتی بژیم، سەیری بەدەم و چاوە سوورداگەڕاوەکەم هات و وتی تەندروستیت نایابە. پێت خۆشە؟ ساڵێکی تر کوڕێکی تەندروستت پێ دەبەخشم(...)

بەهەرحاڵ پزیشکەکە ئامۆژگاری ئەوەی کردم کە ئـەم ئاپارتمانـە واز لـێ بێـنم. دەبێت بە خاوەنەکەی بڵێم کۆتایی بە گرێ بەسـتەکە بهێنێـت، بـەڵام ئاپارتمـان لـە مۆسکۆ دا کەمە، "نمیروڤیچ" زۆری هەوڵداویەکێکی بە گیر نەکەوت (...)

خۆشحاڵم بە بینینی "ماشا" ئایا ئەو پاشماوەی شتەکانمان دێنێت؟ ئەگەر نا تـۆ بیانهێنە دڵدارەکەم (...) دەبێت من هەمیشە راستیەکان بە تۆ بڵێم، هەمیـشە بـەم جۆرەیان بیرم روونە، چۆن نەتتوانیوە پێشتر ئەم لایەنەی مـن ببینیـت؟ ئایـا تـۆ تـا رادەیەك ئەو بیرە باوەت لا هەیە کە ژن گەمژەیە؟

تکایە لەسەر ئەم بێزاری و سکاڵایانەی کە دەیکەم لێم ببـوورە. ئـیتر دووبـارەی ناکەمەوە (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٣ سێپتەمبەر

یالْتا

ئۆلیا، شادمانیەکەم، نامەی (٢٩ ئۆگەست)تم دوێنێ پێ گەیشت. خوێندمەوە و هەستم بە ئارامی کرد. سوپاس گـوزارم ئـازیزترینم، ژیـان بەدنیـە، ئەگـەر شـتێك روونەدات رۆژی بیستەم ئێرە بەجێ دێڵم، ئەگەر بتوانم زووتر دێم.

-ئا-کەت

* * *

کنیپەر

٥ سێپتەمبەر

مۆسکۆ

(...) تکات لێ دەکەم لەبەر "نامە سەیرەکە" لێم ببوورە (...) کەس ناتوانێـت ئەو متمانەیەی بە تۆمداوە نەیهێڵێت، وا مەزانە ئەوەندە بێ بایەخ بم، من دەربـارەی

ئەو شتەی نیگەرانی کردبووم بۆم نووسیت.. ئەگەر دەرك کردنی سەخت و دژوارە لەبەرئەوەیە کە من هەست بە گوناه دەکەم و وا بیر دەکەمەوە کە ژیانم تەواو نیە (...)

کاتێك کە "ماشا" دێت بۆ بینینی دەچم، گوڵم لە ژوورەکەیدا داناوە، تکایە وا بیر مەکەرەوە کە من خۆشیم لەو نایەت و هەوڵی ئەوەیش مەدە ڕێنماییم بکەیت.

من دڵڕەق نیم و ئەویش کەسێکی کینە لە دڵ نیە، ئەو لە من بەهێزترە (...) دەبێت بنووم، خەریکە سەرم دەتەقێت (...)

ئۆلیا

* * *

چیخۆڤ

٦ سێپتەمبەر

یاڵتا

تیمساحە چکۆلانەکەم، ژنە هەرە تایبەتەکەم، لەگەڵ ئەو بەڵێنەیشدا کە دابووم بۆ مۆسکۆ نایەم، چونکە لەو کاتەوە گەیشتوومەتە "یاڵتا" پەستانی خوێنم لە خوارەو کۆکەیەکی ترسناکم هەیە و مەیلی خواردنم نەماوە. تەواو دەست و دڵم ناچێتە نووسین و سەفەرکردن (...)

دەبینیت چ مێردێکی تەمەڵت هەیە؟ تا ڕادەیەك حاڵم باشترە بەڵام باران ناباریێت و نایشیەوێت بباریێت. دەتوانم بۆ مۆسکۆ بێم بەڵام ترسی سەفەرم هەیە. لەوە دەترسێم ڕۆژێك لە "سڤاستوپۆل" بمێنمەوە. تۆیش مەیە بۆ ئەوێ، دڵم نایەت بەو گەرما و خاك و خۆڵە تۆ ببەم بۆ ئەوێ، تازە پێویست ناکات چونکە خۆم بەم زوانە دێم بۆ مۆسکۆ. ئەگەر بە ڕێکەوت ویستت بۆ "یاڵتا" بێیت، چاویلکە بێ دەستەکەی خۆمم بۆ بهێنە. کراس مەهێنە بەڵام دەرپێی خوری ژێرەوە بۆنا.

ئانتەکەت

*   *   *

کنیپەر

١٠ سێپتەمبەر

مۆسکۆ

(...) دوێنێ بۆ نانی نیوەڕۆ خێزانەکەمان هاتنە ئێرە، نەنکیشم لەگەڵیاندا هاتبوو "نیکۆلای" پیانۆیەکی بچووك و نایابی یەکسەر لە کارخانەکەوە بۆ هێنابووم، مانگی بە ١٢ رۆبڵ، بە داخەوە ناتوانم بیکڕم، پێشەکی ٢٠٠ رۆبڵیان دەوێت و لە مانگێکیشدا ٢٠ رۆبڵ، لە ژووری میواندا زۆر جوان دەردەکەوێت و حاڵەتێکی تایبەتی بە ژوورەکە بەخشیوە (...)

ئۆلیا

*   *   *

کنیپەر

١٨ سێپتەمبەر

مۆسکۆ

زۆر زۆر نەخۆشم ئازیزەکەی دڵم، خۆشەویستم، پیاوی هەرە نایابم، تازە لە (دووبارە سەردانەوە بۆ) "لیوبیموڤکا" گەڕاومەتەوە، سەفەرێکی پڕ لە سەرنجدان و سووسەکردن، سروشتی پاییزی، خۆری رەنگ پەڕیو، جەنگەڵی لێرەو لەوێ، هەموو شتێك خەمبارە، هەموو شتێك کاڵ دەبێتەوە و دەوەرێت.. بە یادی یەکەم دیدارەوە هەستم بە هەموو شتێك کردەوە، هەموو ئەو مانگە خۆشە، جوانترین چرکە ساتی زەمانێك بوو کە بە تەنیایی چووینە خانوە چکۆڵەکەمانەوە، هەنگاوم دەنگدانەوەی تەنیایی هەبوو، چوومە ژووری نوستن، هەمو شتێك وەك دواجاری دیدارمان وابوو، بۆ ئەمەندە هەستێکی ترسناکم تێگەڕابوو، بۆ هێند پەرێشان بووم و بۆ دڵم کەوتە ئێش؟ هاوینێکی گەلێك پڕ بوو، سەوزەڵان و جۆگاکان، بۆنی کا، درەختە پڕ لە

گوڵەکانی لیمۆ، کۆرسی کڵێسا، دەنگی زەنگی کڵێسا.. هەموو شتێك هارمۆنی بوو، من هەستم بە دڵنیایی و ئاسوودەیی دەکرد! ئایا دووبارە دەبێتەوە؟ لە باڵکۆنەکەدا گشت پەردەکان لادرابوون، هەموویان بەشێوەیەکی خەمبار هەڵواسرا بوون و تەنیا با دەیلەراندنەوە، ئەڵقەکانیان بەسەر زەویدا دەکشا و ئەوە تاقە شتێك بوو کە بێدەنگیەکەی دەشکاند. بەرەو لای بەلەمە بچووکەکە ڕۆیشتم تا بزانم ئانتۆن لەوێیە بۆ ئەوەی بۆ چا خواردنەوە بانگی بکەم، بەڵام ئەو ڕۆیشتبوو، چەند چرکە ساتێك بەسەر بەلەمەکەوە وەستام و تەماشای ئاوە تاریکەکەم کرد. کە ڕەنگی لە پۆڵای سارد دەچوو، کاتێك لە کەنارەکانی ڕووبارەکە ڕامابووم بیرم لە دوو هونەرمەند کردەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە یەکتر دەچن. "چیخۆڤ و لڤیتان". ئەوە خۆشترین چرکەساتی ئەو ڕۆژە بوو، ئەمپەرستن، تۆم لە هەموو جێگایەکدا دەبینی ئەی نوسەری ئارام و ناسك و زیرەك، تۆم بینی قولاپی ماسگرتنت بەدەستەوە بوو، یان لە باڵکۆنەکەدا ڕۆژنامەیەکت دەخوێندەوە، لە ڕێو ڕەسمێکی ئاینیدا لەسەر کورسیەکی بچووك دانیشتوویت یان لەسەر قەنەفەکە لە ژووری خەوتن خۆت گرمۆڵە کردووە، پێم پێمەکەنە کە ئەمەندە سۆزێکی ساکارم هەیە، ئەگەر کۆمیدی بوو ئەو کاتە پێی بکەنە. من هەموو ئەم شتانەم زۆر بە جیدی هەست پێ کرد.

"ستانسلاڤسکی" زۆر لە بارەی تۆوە قسەی کرد. لەگەڵ "لیلینا"دا چووینە دەرەوە و پیاسەمان کرد، هەوا سارد بوو، ٢ پلە لە خوار سفرەوە. (...)

ماچت دەکەم پیاوە گران بەهاکەم، من بە هەموو ئارامی و سۆز و ناسکی و هەرجۆرێك کە خۆت پێت خۆش بێت ماچت دەکەم. دڵدارەکەم خەمبار مەبە، ژیان شتی تریشی تیایە، توورە مەبە و هەمیشە عاشقم بە.

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ ڕۆژی ٢٧ نۆڤەمبەر مۆسکۆی بەجێ هێشت، لەگەڵ کنیپەردا بەردەوام بوون لەسەر ژیانی ڕۆتین. ئۆڵگا زانیاری بە چیخۆڤ دەدا لە پرۆڤەی "یولیوس قەیسەر" و "لە قووڵاییدا" لەگەڵ خراپ بوونی باری تەندروستی چیخۆڤدا لە نامەکانیدا باس گەلێکی تازە هاتنە ئاراوە، ئۆڵگا لەبەرئەوەی ئەرکی هاوسەریەتی بەخشیبووە کارەکەی و هەر بەردەوامیش بوو لەسەری بۆیە زیاتر هەستی بە گوناه دەکرد.

* * *

کنیپەر

٢٧ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ

دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، وا دیسانەوە ڕۆشتوویت.. لە ژووری نووستندا بە تەنیام و دەنووسم، هەموو شتێك هێورە، لەوە دەچێت تۆ لە "ئورلا" نزیك بوویتەوە یان ڕەنگە گەیشتبیت. زۆر شت هەن حەز دەکەم پێتی بڵێم، هەست دەکەم هیچ شتێك بە ڕوونی نانووسم، قسەی هیچ و پووچ دەکەم، من بیرم چۆتەوە کە ژیان چۆن بوو، وێنەی دەم و چاوە زۆر جوانەکەت لە سووچی واگۆنەکەدا لە یادمدا هەڵکەنراوە. ڕووی جوانت، ناسك و گەشاوەت، جوان لەبەرئەوەی درەوشانەوەیەك لە ناخیدا خۆی حەشارداوە، زۆر حەزدەکەم شتێکی زۆر چاك، زۆر قەشەنگ، زۆر عاشقانەت پێ بڵێم. کە بیر لەو کاتانە دەکەمەوە کە پێکەوە نەگونجاوین شەرم دامدەگرێت، ماچت دەکەم. مەزاجت چۆنە؟ بیر لە چی دەکەیتەوە؟ نانت خواردووە؟ ڕەنگە ئێستا خەوتبیت، زۆر زوو سەعات دەبێتە یەك، تۆ لە ژووری نوستندایت و خۆت خەریك دەکەیت. لەسەر سەرینەکەت ڕاکشام و گریام، چەرچەفەکانم لەسەر قەرەوێڵەکەی تۆدانا، لەوێ دەخەوم (...) پاڵتۆ فەروەکەو چەکمەکانم لە وێستگەوە هێنایەوەو بینیم

کە من لێرە نەبووم سەگێکی جوانیان بۆ هێناوم. ناومان لێناوە "شناپس" سەگێکی نایاب و ڕەسەنە. لە ماڵەوە مانەوەم ناخۆشبوو، پرۆڤەیش نەبوو (لە قوولاییـدا) دوای ماوەیەك چووم بۆ بنینی "ئاندریڤا"! (...)

تووتەڵەکەت

* * *

چیخۆڤ

٢٨ نۆڤەمبەر

لۆڤۆزایا

ئەم نامەیەت لە لۆڤۆزایاوە بۆ دەنووسم. هەوا ١٠ پلە لە ژێر سفرەوەیە و هەتاوە، باری تەندروستیم باشە، شۆربا و خەیاری سوێر دەخۆم، دڵم بۆ کەییانوەکەم لەت بووە، دڵدارە هەرە ئازیزەکەم لە بارەی هەموو شتێکەوە بۆم بنووسە و تەمەڵی مەکە (...) شەمەندەفەرەکە تاڕادەیەك چۆڵە (...)

-ئا-کەت

* * *

کنیپەر

٢٨ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ

تازە گەیشتبوومە ماڵێ کە کارتەکەتم بینی ئازیزترینم و ماچم کرد. ئێستا لە شەمەندەفەرەکەدا لە گەرمەی خەودایت. خەونم پێوە دەبینیت؟ ژیان بەبێ تۆ چەندە بەتاڵە! کەس نیە عاشقانە لێم بڕوانێت و لە ئامێزم بگرێت و ماچم بکات (...) مێردێکی هەرە نایاب بە چاوی پڕ لە بەزەییەوە لێرە نیە، قەرەوێڵەکە خاڵیە. ئیتر کەس نیە ڕۆن ماسیی بدەمێ، ئێستا ئەو لە واگۆنێکی گەرمدایە کە بە نێو دەشتە

بەستوەکاندا تێدەپەڕێت.. ئەمڕۆ بە جلەوە پرۆڤەیەکی سەرەتایی "لە قولاییدا"مان کرد. بۆ پیشاندانی ماکیاج و جلەکانمان (...) سەرم زۆر قورسە (...)

لە شانۆ هەموو پرسیاری تۆ دەکەن و من وەڵامی پرسیاری بێ کۆتاییان دەدەمەوە، ماوەیەکە گڵۆپەکە کوژاوەتەوە، مانای وایە کە ئیدی درەنگە، پێویستە تەواوی بکەم (...)

* * *

کنیپەر

٢٩ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ

(...) چۆن لە "سڤاستۆپۆل" دایکتت دۆزیەوە؟ سەفەرەکەت چۆن بوو؟ بە ڕاستی کەش و هەوا باشە؟ من زۆر بەختەوەرم. لە خۆرەتاودا هەموو شتێك ئاسان دەبێت، خۆت لەگەڵ بوونی ئارسینیدا ڕابهێنە بۆ ئەوەی ئاگای لێت بێت، لە بارەی هەموو شتێکەوە بۆم بنووسە، بەڵام لە گشتی گرنگتر ئەوەیە کە تەندروستیت چۆنە؟ ورەت باشە یان هەمان حاڵەتی "یالتا"ت بە ڕووەوە دیارە؟ تکات لێ دەکەم، رووت گرژ مەکە. ئەمڕۆ کارتی تۆم بەدەست نەگەیشتووە.

دوێنێ درەنگ نووستم و ئەمڕۆ بەیانی بەدەم ئازاری ماسولکەکانمەوە بەئاگاهاتم. دەنگە دەنگی کرێکارانی ئەم ناوە خەبەریان کردمەوە، هەر لە ناو جێگادا قاوەیەکم خواردەوە و هەندێك رۆژنامەم خوێندەوە، سەعات دوانزە چووم بۆ پرۆڤە، پرۆڤەی دوو دیمەنمان کرد.

هەر بەپێ گەڕامەوە ماڵەوە، پەلەی بینینی مێردە ئازیزەکەمم نەبوو تا تاکسی بگرم.

ئۆلیاکەت

* * *

چیخۆڤ

٣٠ نۆڤەمبەر

یالْتا

شادمانیەکەم، دڵدارەکەم، دوێنێ عەسر گەیشتمە "یالْتا" سەفەرێکی خۆشبوو، واگۆنەکە خەڵکی کەم تیا بوو، چوار کەس زیاتر نا، چام خوارد و شۆربا و هەرشتێك تۆ بۆ گەشتەکەم بۆت دانابووم. چەند لە باشوور نزیك دەبووینەوە هەواکەی ساردتر دەبوو، "سڤاستۆپۆل" بەفر و شەختە بوو.

بە کەشتی بۆ "یالْتا" هاتم، دەریا هێور بوو (...) هەوای "یالْتا" ساردە، لە پشت مێزەکەمەوە دانیشتووم و نامە بۆ ژنە دەگمەنەکەم دەنووسم و هەر گەرمم نابێتەوە، ئێرە لە مۆسکۆ ساردترە، لە سبەینێوە چاوەڕوانی نامەتم، نامەم بۆ بنووسە دڵدارەکەم. تکات لێ دەکەم، لێرە سەرمامە و زۆر زوو لە بێدەنگیدا تاقەتم دەچێت (...)

-ئا-کەت

* * *

کنیپەر

٣٠ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ

ماچێکی گەورە، دڵدارەکەم، تۆ زۆر لە من دووریت! کارتەکەی "لۆڤۆزایا"تم پێگەیشت، سوپاست دەکەم ئازیزم، چەند پەشیمانم کە داوام لێ نەکردیت هەر بە گەیشتنی "یالْتا"ت تەلگورامم بۆ ڕەوانە بکەیت، ئێستا چاوەڕوانی نامەتم!

دایکت چۆن بەرگەی سەفەرەکەی گرت؟

سەعات ٥:٣٠ لەگەڵ "ڤیشنیڤسکی"دا هەموومان بۆ نانی نیوەڕۆ چووین بۆ لای "ستانسلاڤسکی" بەڵام لە کاتی نان خواردندا تەلەفونێك کراو وتیان دەبێت لە "مرۆڤە بچوکەکاندا" بەشداری بکەم.

"ساڤیتسکایا" بۆ ناشتنی تەرمی مامۆستاکەی کە زۆری خۆشویستووه چووه بۆ "تڤیر"[١٩٧]. لە کۆتایی تەمەنیدا بوو بە قەشە. "ساڤیتسکایا" هێشتا نەگەڕاوەتەوە.

بۆم بنووسە کەی دادەنیشیت و دەست بەکار دەکەیت

* * *

چیخۆڤ

١ دیسەمبەر

یالْتا

ئازیزترین شادیم، هاوسەرم، خۆشەویستم بێ من چی دەکەیت؟ هەست بە چی دەکەیت و بیر لە چی دەکەیتەوە؟

هەموو شتێك روو لە چاکیە، من تەندروستم، ناکۆکم، بە باشی دەخەوم و دەخۆم (...) دوێنێ دوکتۆر "ئالچولەر" لێرە بوو، لە دیاریەکانت (کاغەزی نووسین) زۆر خۆشحاڵ بوو، بێگومان نامەت بۆ دەنووسێت (...)

تا ئەمڕۆ بەفر نەباریوە، خۆرەتاوە وردە وردە لەقلەقەکان دێنەوە، یەك دوو مانگی دی بەهار دەگات.

کە سەگەکەت پێگەیشت بڵێ بزانم چ جۆرێکە (...)

سبەینێ بۆ نووسین دادەنیشم، لە بەیانیەوە تا نیوەڕۆ و لە دوای نیوەڕۆ وە تا خۆراوا بوون دەنووسم. لە فێبروەریدا نمایشنامەکەتان بۆ دەنێرم، لە مارسدا ژنەکەم لەئامێزدەگرم (...) خودا مەیمونە چکۆلانەکەم بپارێزێت. چەند جارێك لە ئامێزمت دەگرم، مێردەکەتت لە یاد نەچێت.

-ئا-

---

[١٩٧] Tver

*	*	*

کنیپەر

١ دیسەمبەر

مۆسکۆ

ئەمڕۆ یەك دێڕت بۆ نەناردووم ئازیزترینم، میزاجت چۆنە؟ فەرامۆشت نەکردووم؟ ژوورەکانت ڕێك و پێکن؟ جیٚ خەوەکەت گەرمە؟ بێگومان خۆت بە قالێـچە خـەت خەتەکەوە کە زۆر قورسە پێچاوە، پێت خۆشە لەناو ئەو شتانەدایت کە ئاشـنایانیت، خۆشحاڵێت بە دانیشتنی پشت میز؟ هەرگیز لێـرە ئاسـوودە نـەبوویت. لەمـە زۆر نارەحەتم، ئازیزم تۆیش قسەیەکت نەکرد. گەلێك ئارام بوویت (...)

ئۆلیاکەت

*	*	*

چیخۆڤ

٢ دیسەمبەر

یاڵتا

(...) ئەمڕۆ یەکەمین نامەتم پیٚ گەیشت، بـەبیٚ نامـەی تـۆ لـە ماڵـەوە و لـە "یاڵتا" تەزیوم (...)

نووسیوتە پەشیمانیت لەوەی کە پێکەوە نەگونجاوین، دڵدارەکەم هیچ نەگونجانێك لە ئارادانەبوە، زۆر چاك پێکەوە هەڵمان کرد، سوپاس بـۆ خـودا وەك هـەر یـەکێك لەوانەی کە هاوسەرگیریان کردووە (...)

پیرۆزبایی "شناپس"ت لیٚ دەکەم، بینێرە بۆ "یاڵتا" لێرە کەس نیـە پاسـەوانی بکات (...)

*	*	*

کنیپەر

٤ دیسەمبەر

مۆسکۆ

نازانم چی بڵێم ئازیزترینم، نەنامەیەك نە دێڕێك لای تۆوە نیە و هیچ لە بارەتــەوە نازانم، چی بکەم، وەك شێت هەموو رۆژێك چاوەڕوانی نامــەتم، ئەوانــەی دەوروبــەرم هەموو پرسیارم لیَ دەکەن و نازانم چ وەڵامێکیان بدەمەوە (...) چووم بۆ پێــشانگای "شالیاپین"، خەڵك زۆر پەرۆشی نەبوون (...)

* * *

کنیپەر

٥ دیسەمبەر

مۆسکۆ/ تەلگورام

نامەت نیە، نیگەرانم ، تەلگورافم بۆ بکە.

* * *

کنیپەر

٥ دیسەمبەر

مۆسکۆ

سەرئەنجام، دوو نامە بەجارێك گەیشت، ئازیزترینم، بەڵام من زۆر نیگەرانم (...) سەگەکەمان زۆر زۆر باشە، "ماشا" بە "تۆمی" بــانگی دەکــات بــەڵام نــاوی "شناپس"ە، لە ڕەگەزێکی ڕەسەنە، لە "یالْتا" باش دەبێت.

* * *

چیخۆڤ

٦ دیسەمبەر

یالّتا

(...) دەستم بە نووسینی چیرۆکێك کردووە، ژوورەکەم ساردە، کەس بە فلّچە پالّتاوەکەم بۆ پاك ناکاتەوە، کە لێرە نەبووم هەموو ئەو ڕۆژنامانەی بۆم هاتبوون یەکێك هەلّی گرتوون. بەلاّم نەمهێشتووە ورەم بێتە خواریّ و بەو هیوایەی کە لە داهاتوودا دیسانەوە یەکدی ببینینەوە.

زەرفەکانت زۆر خراپن و چەسپەکەیان دەکرێتەوە، واز لەم زەرفە شیکانە بهێنەو چەند زەرفێکی هەرزانتر بکڕە.

* * *

چیخۆڤ

٩ دیسەمبەر

یالّتا

نامەکانت بیّ بەزەییانە کورتن (...) تۆ ژیانێکی زۆر جۆراو جۆر و دەولّەمەندت هەیە و گەلێك قسەت بۆ وتن پێیە، هەفتەی جارێك دلّم بە نامە درێژەکانت خۆش بکە، لە بیرت نەچێت کە من هەر نامەیەکت سیّ چوار جار دەخوێنمەوە، ئازیزم (...)

* * *

چیخۆڤ

١٤ دیسەمبەر

یالّتا

ئازیزم، دلّدارم، تووتەلّە بیّ چارەکەم، کەواتە پزیشکەکان پێیان وتوویت تۆ منداڵت دەبێت، دەبێت بە تەواوی بێیتەوە سەر خۆت، باری گشتیت باشە، تاقە

شتێك کە پێویستت پێی هەبێت مێردێکە ساڵ دوانزەی مانگ لەگەڵتا بێت. کەواتە هەر شتێك رووبدات من هەوڵ دەدەم بۆ ماوەی ساڵێك لەگـەڵتا بم، تـۆ دەبیـت بـە خاوەنی کۆرپەیەك کە قاپەکان دەشکێنێت و لە بەرچـاوی پـڕ لـە خۆشـی و دەسـت خۆشی کردنتا کلکی سەگ رادەکێشێت.

دوێنێ سەرم شت و پێ دەچێت سەرمام بووبێت، چونکە ئەمڕۆ ناتوانم کار بکـەم و سەرم دێشێت. دوێنێ بۆ یەکەمجار چووم بۆ شار، هەموو شتێك مردووە، خەڵکەکە بوونەتە جرجی بیابان، نە ژنێکی جوان و نە کەسێکی رێك پۆشن. تووتەڵە گیان هەر ئەوەندەی دەستم بە نووسینی "باخی گێلاس" کرد ئاگادارت دەکەم، ئێستا کـار لـە نووسینی چیرۆکێکدا دەکەم کە زۆر سەرنج ڕاکێش نیە، لانی کەم بە لای خۆمەوە، وا دەزانم بێزارکەرە.

لە یالتا زەوی سەوزە، کە بەفر نەبێت دیمـەکان جـوانن، لـەوە دەچـێت بیکـات بەزریان.

"یالتا" بۆ "تومی" زۆر ساردە، بەڵکو بتوانین رێگایـەك بـۆ هێنـانی پەیـدا بکەین. بیخەینە واگۆنی شەمەندەفەرێکەوە یان جێگای سەگەکان ئەگەر گەرم بێـت. ئەگەر "ماشا" نەیتوانی بیهێنێـت "ڤیتـۆکرۆڤ" یـان "چـیگورین"ی مامۆسـتای "گورزوف" ئەم کارە بکات.

ئەو بەرازەی پێتدام گوێچکەی بڕاوە، باشە، رووناکـایی ژیـانم، خـودات لەگـەڵ، شادبە و خەم مەخەرە دڵتەوە، بێ تاقەت مەبە و زوو زوو بیر لە مێردە یاسـاییەکەت بکەرەوە، دەزانیت کەس لەم دنیایەدا لە من زیاتری خۆش ناوێت، تۆیش بێجگە لە من کەست نییە، پێویستە ئەمەت لە بیر نەچێت و وەك خۆی قبـووڵی بکـەیت. لـە ئامێزمت دەگرم و هەزاران جار ماچت دەکەم.

-ئا-کەت

وردەکاری زیاترم بۆ بنووسە.

*　*　*

چیخۆڤ

١٧ دیسەمبەر

یاڵتا

(...) هێشتا هەر زریانەو من توانای کارکردنم نیە، هەوا بێزارکەرە، حەز دەکەم لەناو جێدا پاڵ بکەوم و شیرینی بخۆم، بۆریەکان تەقیون و ئاومان نیە، بڕیارە چاکیان بکەنەوە، هەوا باراناوی و ساردە، تەنانەت لە ژووری نووستنندا، زۆر بیرت دەکەم، جێگاکەت خاڵیە، من ئیدی پیر بووم، ناتوانم بە تەنیا بنووم و زوو زوو بە ئاگادێم.

کچی بێ وێنە، ئازیزترینم، شادمانیەکەم، تووتکەکەم. شاد و خۆشبە، خودا ئاگای لێت بێت. لە بارەی منەوە نیگەران مەبە. من تەندروستیم چاکە و باش دەخۆم، لە ئامێزت دەگرم و ماچت دەکەم.

-ئا-کەت

*　*　*

# ١٩٠٣

چیخۆڤ

٧ ژانیوەری

یاڵتا

تووتەڵەکەم، ئەکتەرە ئازیزەکەم، تۆمیەکەم، سڵاو، شتەکان بە چاکی بەڕێوە دەچن، بەڵام ئەزانی چی؟ پەڵەیەك لەلای چەپمدا هەیە، دوکتۆر فەرمانی داومەتێ خاولی بخەمە سەر و ڕۆژی سێ جار بیگۆڕم. هەست بە ئاوسانی پەردەی سی دەکەم.

زۆر باش دەنووم، باش دەخۆم، میزاجم چاکە و ئەو نەخۆشیەی بۆم نووسیت لە ڕاستیدا هیچ نیە، نیگەران مەبە تۆمی.

*　*　*

کنیپەر

١٢ ژانیوەری

مۆسکۆ — تەلگورام

خێرا وردەکاریەکانی تەندروستیتم بۆ بنووسە.

ئۆلیا

*　*　*

چیخۆڤ

١٥ ژانیوەری

یاڵتا — تەلگورام

هەموو شتێك باشە.

ئانتۆنیو

*　*　*

کنیپەر

١٥ ژانیوەری

مۆسکۆ

دوێنێ شەو تا درەنگانێ نەمتوانی بنووم، گریام، زۆر بیری ڕەش بە مێشکمدا تێپەڕی، شەرمم لێ دێت خۆم بە ژنی تۆ بزانم. چ ژنێك؟ تۆ پشت گوێ خراویت و بە تەنیا خەمباریت. دەزانم حەزناکەیت باس لەوە بکەم بەڵام ناتوانم هەموو شتێك قووت بدەم و هیچ نەڵێم. دەمەوێت قسەت لەگەڵدا بکەم، هەرچیەکم لە دڵدایە بیڵێم تەنانەت ئەگەر شتەکان هەندێك جار وایش نەبن، من دوای ئەم کارە هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، تێدەگەیت؟

تۆ بە تەواوی لە من جیاوازیت، تۆ هەرگیز قسە ناکەیت، تۆ هەرگیز نیشانەیەك دەرناخەیت کە لە مێشکتدایە.

* * *

چیخۆڤ

١٥ ژانیوەری

یاڵتا

ئۆلیای ئازیزترین، سەر لە بەیانیی ڕۆژی یانزەیەم کاتێك "ماشا" ڕۆیشت من حاڵم خراپ بوو، سنگم دەیەشا، هێڵنجم دەدا و تاکەم ٣٨ پلە بوو. عەسریش هەروا بووم، لەگەڵ ئەوەیشدا کە سنگم دەیەشا بەڵام شەو باش نووستم، دوکتۆر "ئالچولەر" هات و خاولییەکی تری گەرمی بۆ دانام، ئەمڕۆ تایەکەم ٣٧ بوو، هەست بە بێهێزی دەکەم، ئێستا خەریکە تایەکەم دێتە خوارێ. بەڵام هەقمبوو تەلگورامت بۆ بکەم کە هەموو شتێك باشە، سبەینێ بە تەواویی تەندروستیم چاك دەبێت. ئەمەت لە بیر نەچێت کە هیچت لێ ناشارمەوە، بە تەلگورام ناردن سەری خۆت مەیەشێنە.

* * *

چیخۆڤ

١٧ ژانیوەری

یالْتا

سـڵاو دڵدارەکـەم! دەزانیـت بـیر لـە چـی دەکەمـەوە؟ دەزانیـت دەمـەوێت چ پێشنیازێك بکەم؟ خۆ سەرسام و تووڕە نابیت؟ لە باتی ڤێلا وەرە ئەمساڵ بـڕۆین بـۆ سویسرا، دوو مانگ دەمێنینەوە (...) تۆ دەڵێی چی؟

* * *

چیخۆڤ

٢٠ ژانیوەری

یالْتا

هەموو یاداشت و دەقە کورتەکانم بەڕێك و پێکی لەو فایلەدا کـە بـۆت نـاردووم دانا، هەموو شتێك لە جێگای خۆیدایە. لە بارەی سویسراوە چیت بڕیاردا؟ مـن وای بیر لێدەکەمەوە کە دەتوانین سەفەرێکی زۆر چاك بکەین. دەتوانین لە ڤیەنا، بـەرلین و هەر شوێنێك بکەوێتە سەر ڕێگامان بوەستین و بچین بۆ شانۆ، تۆ دەڵێی چی؟

ئەمڕۆ خۆر لە درەوشانەوەدایە بەڵام نەچـوومەتە دەرەوە، دوکتـۆر "ئالـچولەر" چوونە دەرەوەی لێ قەدەغە کردووم، بە خۆشحاڵیەوە دەیڵێم کە تاکەم تەواو ئاساییە.

ئازیزم، نووسیوتە تووشی ئازاری ویژدان بوویت لەبەرئەوەی تۆ لە مۆسکۆ دەژیت و لەگەڵ مندا لە "یالْتا" نیت. بەڵام بیری لێ بکەرەوە: ئەگەر هەموو زستان لە یالْتا لەگەڵ مندا بژیت. ژیانت بە تەواوی دەشێوێت. من هەست بە ناڕەحەتی دەکەمو تـا بێتیش باشتر نابێت. من خۆم دەمزانی کـە زەماوەنـد لەگـەڵ ئەکتەرێکـدا دەکـەم، مەبەستم ئەوەیە تەواو لەوە بە ئاگا بووم کە دوای زەماوەند دەبێت زسـتانان تـۆ لـە مۆسکۆ بیت. من بە ئەندازەی گەردیلەیەك هەست بەوەناکەم کە تۆ بەرانبەر بە مـن

کەمتەرخەمیت کردبێت. بە پێچەوانەوە من وای بۆ دەچم کە هەموو شتەکان چۆن پێویست بوون وان. کەواتە دڵدارەکەم هەرگیز هەست بە پەشیمانی مەکە. هێور بە، ئازیزترینم، نیگەران مەبە، چاوەڕوانبە و ئومێدەوار. تەنیا ئومێد.

لە یالتّا" چوار منداڵ لە بازاڕدا مردن (...)

هەنووکە سەرقاڵی کارم، کەواتە لەو باوەڕەدام کە نەتوانم هەموو ڕۆژێك نامەت بۆ بنووسم. بۆیە پێشەکی داوای لێبوردنت لێ دەکەم. ئێمە دەڕۆینە دەرەوەی وڵات! ئێمە دوور دەکەوینەوە.[198]

-ئا-ی مێردت

* * *

کنیپەر

٢١ ژانیوەری

مۆسکۆ

(...) کەواتە دەچین بۆ سویسرا؟ خۆشحاڵم ئازیزم! هەرچیەك کە تۆ بیڵێیت. لە ناو چیاکاندا لە ناو هەوای پاکدا دەژین، بە تایبەتی ئەو جێگایانەی کە تۆ تا ئێستا بۆی نەچوویت. چی دەتوانیت لە بارەی ئەو شوێنە زۆر باشانەوە کە دەتوانین بۆی بچین بدۆزەرەوەو دوو سێ نەخشەی بۆ پەیدا بکە، بەرنامەی سەفەرەکە بنووسە و منیش لەم بارەیەوە بیر دەکەمەوە، پاشان دەتوانین ئەنجامەکان بۆ یەکدی بنووسین و بە زووترین کات پێکەوە لە بارەیانەوە قسە بکەین. باشە ئازیزم؟

* * *

[198] ئەم رستەیە لە فارسیەکەدا تەواو بە پێچەوانەی ئینگلیزییەکەوە وەرگێراوە(وەرگێڕ)

کنیپەر

٢٩ ژانیوەری

مۆسکۆ

(...)بۆ کام بەشی سویسرا بچین، بەشە ئەڵمانیەکەی یان فەرەنسیەکەی؟ یەکەمیان چووم بەڵام پێم خۆشە دووبارە بۆی بچمەوە، دەبێت ڤینسیا ببینین وانیە؟ چەند شکۆدارە ئەو چرکەساتانەی شەمەندەفەر بەڕێ دەکەوێت و ئێمە بە تەنیاین، تەنیا من و تۆ، ئێمە دیسانەوە گەنج دەبینەوە وەك ئەوەی بووك و زاوا بین (...)

* * *

چیخۆڤ

١، ٢ ژانیوەری

یالتا

(...) کە دەچین بۆ سویسرا من هیچ شتێك لەگەڵ خۆمدا نابەم و تەنانەت چاکەتێکیش. هەموو شتێك لە دەرەوە دەکڕم، من تەنیا ژنەکەم دەبەم و جانتایەکی خاڵی (...)

* * *

چیخۆڤ

٥ فێبروەری

یالتا

(...) چەند رۆژێکە پلەی گەرمی ژووری کارکردنم لە نێوان یانزە تا دوانزەدایە. ئەم "ئارسنی"یە توانای گەرم کردنی ئێرەی نیە و هەوای دەرەوە ساردە: باران، باو بەفر وچان نادەن، بە هەموو هەوڵی خۆمەوە رۆژانە تەنیا شەش حەوت دێڕ دەنووسم (...)

* * *

کنیپەر

١١ فێبروەری

مۆسکۆ

(...) زستانێکی تر، دەبێت ئەو کارە بکەیت کە من پێت دەڵێم، گوێت لێیە؟ من بە ڕاشکاوی لەگەڵ پزیشکەکاندا راوێژم کرد، هیوادارم ئەوان مۆڵەتت بدەنێ کە تۆ زستانێکی دی لە نزیك مۆسکۆ بمێنیتەوە، ئەگەر نا دەبێت ئێمە شێوازی ژیانمان بگۆڕین. من ناتوانم بڕوا بە دوکتۆر "ئالچولەر" بکەم، چونکە زۆر شارەزانیە. دانیشتن و ئازار چەشتن لەو گۆشە دۆزەخەی یالتادا بۆ تەندروستیت هیچ باش نیە. غەریزەی تۆ چی دەڵێت؟

تۆ لە تەمەنێکدایت کە دەشێت ئەمە کاریگەری زۆری هەبێت (...) من هەرگیز باوەڕ ناکەم تۆ لە ماڵێکی گەرما کە هەواکەی خۆش بێت و نەچیتە ناو زوقم و سەرماوە تەندروستیت خراپتر بێت. بێگومان لە کاتی زوقم و سەرمادا تۆ ناڕۆیتە دەرەوە. دەتوانیت هەر لە ماڵەوە بگەڕێیت یان لە باڵکۆنە شووشە بەندەکەدا بۆ خۆت پیاسە بکەیت.

راست و ڕەوان پێم بڵێ دەڵێی چی؟ بە ڕاستگۆییەوە، بەلای منەوە ژیان لە خودی مۆسکۆدا و تەنیا چوون بۆ شانۆ هیچ بۆ تۆ باش نییە. پێویستە من و "ماشا" و دایکت بگەڕێین، جێگایەکی نزیك بە مۆسکۆت بۆ پەیدا بکەین.

* * *

کنیپەر

١٣ مارس

مۆسکۆ

(...) من لە بارێکی زۆر ترسناکدام، لە بارەی تۆوە یەکجار نارەحەتم، کە ناچار بین لە یەکدی دوور بین ئیتر من چۆن ژنی تۆم؟ ناوێرم خۆم بە ژنی تۆ بزانم، شەرمم پێ

دێت لە نێو چاوی دایکت بڕوانم، دەتوانیت ئەمەی پێ بڵێیت، هەر لەبەرئەم هۆیەیە کە نامەی بۆ نانووسم.

لەبەر ئەوەی کە من شووم کردووە کەواتە دەبێت واز لە ژیانی تایبەتی خۆم بهێنم و ببمە هاوسەر. سەرم لێ شێواوە، نازانم چی بکەم، حەز دەکەم واز لە هەموو شت بهێنم، بە جۆرێك بڕۆم کەس نەزانێت من کێم. باوەڕ بکە ئەمە ئارەزوویەکی سەر پێی نیە، ماوەیەکی زۆر بیری داگیر کردووم و وا ئێستا دەیڵێم.

من پەیوەندی خۆم بە کەسێکی وەك تۆوە زۆر بە ئاسان گرت. لەو ڕوانگەیەوە کە شانۆ ژیانمەو دەبێت بە تەنیا بژیم و دەبێت ئازاری کەس نەدەم.

لێم ببوورە ئازیزم. هەستێکی ترسناکم هەیە، سواری شەمەندەفەر دەبم و تامابم دەگریم. بە تەنیایی بەختەوەر دەبم.

سوپاسی "ئالچولەر" دەکەم بۆ نامەکەی، وەڵامی دەدەمەوە. تەندروست بیت، خراپ بیر لە من مەکەرەوە.

ئۆلیا

* * *

چیخۆڤ

١٨ مارس

یالْتا

نازەنینەکەم، ئاخری ناونیشانەکەت بۆ ناردم و ئێستا هەموو شتێك چاکە، سوپاس گوزارم ئازیزترینم، ئەم بەیانیە نامە فرمێسکاویەکەتم کە تیایدا خۆت زۆر چاك تەمێ کردووە پێگەیشت (...) خوێندمەوە بەڵام ئادرێسی پێوە نەبوو، دەمویست تەلاقت بدەم کە نیوەڕۆ تەلگورامەکەت گەیشت. بەم جۆرە من ڕۆژی

"سەنت تۆماس"[١٩٩] دێم بۆ مۆسکۆ، پێش ئەوەی تۆ لە پترۆزبورگ بگەڕێیتەوە من لەوێ دەبم، دیسان دەتبینمەوە، لە ماڵەوە پێشوازیت دەکەم نەك لە ویستگە، لە حەمام گەڕاومەتەوەو کەمێك کارم لەسەر شانۆنامەکەم کردووە کە بە باشی بەرەو پێش ناچێت. یەکێك لە کەسایەتیەکان باش پێش نەخراوە و ئەمەیش ئاستەنگی دەکات. بەڵام بە بڕوای خۆم تا جەژنی پاك ئەمە روونتر دەبێتەوەو گرفتەکان چارەسەر دەبن.

ئەگەر "ماشا" هێشتا نەهاتوە پێی بڵێ بۆ کریسمس کەمێك سۆسجی کولاو بهێنێت، گوێت لێیە؟ (...)

سبەینێ دیسان دەست بە نووسین دەکەمەوە، قسەی هیچ مەکە، لەبەرئەوەی لە زستاندا لەگەڵما نەبوویت سەرکۆنەی خۆت مەکە. تەواو بە پێچەوانەوە، من و تۆ ژن و مێردێکی گەلێك بەڕێزین چونکە کەسمان ڕێگا لەوی دی ناگرێت کارەکەی خۆی بە ئەنجام نەگەیەنێت. تۆ عاشقی شانۆیت وا نیە.. ئەگەر وانەبوویتایە ئەوسا مەسەلەیەکی تر بوو، یەزدان پشت و پەنات بێت. بەم زوانە یەکتر دەبینینەوە. دەتگرمە ئامێزم و چل و پێنج جار ماچت دەکەم. تەندروست بیت کچۆڵەکە.

-ئا-کەت

* * *

کنیپەر مۆسکۆی بەجێهێشت و گەشتێکی ساڵانەی بۆ پترۆزبورگ کرد.

* * *

[١٩٩] Saint Thomas day

کنیپەر

٩ ئەپریل

پترۆزبورگ

ئازیزم، تووڕە مەبە کە رۆژێکم لە کیس چوو نامەت بـۆ بنووسـم، تەندروسـتیم باش نەبوو، دوێنێ گەلێك شەکەت و سەر ئێشەیەکی سـەختم گرتبـوو (...) شـانۆ خراپ نیە، هۆڵی بینەران جوانەو بەشێوەیەکی قەشـەنگ ڕازاوەتـەوە، بـەڵام وێنـەی بنمیچەکە زۆر خراپ و شوێنەکان بەدوو شێدارن. تێکرا پیس و پۆخڵـە. کـە سـتافی کارکەرانی سەرشانۆ لەگەڵ کارمەندەکانی تردا قسە دەکەن شتی سەیر و سـەمەرەت بەرگوێ دەکەوێت.

رۆژێك دوای گەیشتنمان بە "یاکوبسون"[٢٠٠] لە کـاتی نیـوەڕۆژەدا پزیـشکەکەم هاتە دیدەنیم. زۆر میهرەبان بوو، دڵنیای کردمەوە کە بۆیە نەخۆش کەوتووم چـونکە ئەو لەگەڵما بۆ یالتا نەهاتووە. ئەویش و دوکتۆر "ستراچ"یش زۆریان پێ سەیر هات کە دوکتۆر "ئالچولەر" داوای لێ کردووم بۆ پاك کردنـەوە سـوود لـە دوشـی گـەرم ببینم، ئەو "ستراچ"ی زۆر لا پەسـەندە و ستایـشی دەکـات. دەڵێـت لەسـەر مـن هەمیشە لە پترۆزبورگ سەرکۆنە دەکرێـت. پیـاوێکی فـرە خاسـە،.. وابـزانم زیـاتر ئیداریە وەك لەوەی دوکتۆرێکی ڕاستی بێت.

(...) دوێنێ تەلگورامەکەت گەیشت. تێناگەم بۆ تـەنیا لەبەرئـەوەی "ماشـا" پێی وتیت من تا چوار رۆژی تر دەچم بۆ پترۆزبورگ تۆ یەکسەر نامەت نەنووسی؟ بۆ ڕاستەوخۆ بە ناونیشانی شانۆ نامەت بۆ نەناردم؟

گەلێکن ئەوانەی بەم ناونیشانە نامەیان دەگات. تۆ تەنیا لەبـەر تەمەڵیـە و لـە نامە نووسینیش بێزار بوویت، وانیە؟ بەم زوانە من و دڵدارەکەم یەکتر دەبینینـەوە —

[٢٠٠] **yakobson**

من بیست و چوارەم لە پترۆزبورگ دەڕۆم و بیست و پێنجەم لە مۆسکۆ دەبم —ئیتر دوایی نەڵێی ئاگام لێ نەبوە. من هەمیشە ئاگادارت دەکەم. ئەمە یەکەمجار نیە وام کردبێت.

ماچی گەورە.

ئۆلیاکەت

* * *

کنیپەر

١١ ئەپریل

پترۆزبورگ

تاقە نامەیەکیشت نیە! ئیدی ئەمە ئەوپەڕی نامیهرەبانیە، نازانم تووڕە بم یان خەمناك، ئایا لەبەر بێ ئادرەسی نامەت نەنووسی؟ ئایا من تاقە کەسێکم لە پترۆزبورگدا نەدۆزرێمەوە؟ باشە تۆ چۆنت پێ خۆشە وا. من لەم کێشە بێ کۆتاییەی ئادرەسەکان تەواو بێ حاڵم. گەلێك گەوجانە و هیچە.

* * *

چیخۆڤ

١٢ ئەپریل

یالْتا- تەلگورام

لە ڕێگای دەریای ڕەشەوە دێم، تەندروستم، چاك دەخۆم، ٢٢ دەگەم.

* * *

کنیپەر

١٣ ئەپریل

پترۆزبورگ — بەیانی

ویستم نامەکەم بەم ڕستەیە دەست پێ بکەم کە "١٢ ڕۆژە نامەی تۆم پێ نەگەیشتووە، سوپاس" کاتێك تەلگورامەکەت گەیشت. کەمێك هێور بوومەوە.

خۆزگا بتتوانیایە ڕاست بۆ ئێرە بێیت. کەش و هەواکەی لە هاوین دەچێت (...)

* * *

چیخۆڤ

١٥ ئەپریل

یالتا

دڵداره نازدارەکەم، تاقە خۆشەویستم، گەمژە چکۆلانەکەم، لەبەر نامە نەنووسینی من ئەوەندە خۆت بێزار مەکە، یەکەم تۆ خۆت نووسیت کە لە یەکەم هەفتەی پیرۆزدا مۆسکۆ بەجێ دێڵێت، دووەم من لەم ماوەیەدا دوو سێ نامەم نووسیوە. باشە بۆ دەبێت نامە بنووسم کاتێك کە بەم زوانە یەکتر ببینین و، دیسانەوە من بکەومەوە نقورچك لێ گرتنت و شتی تریش؟ من بلیتم بڕیوە و ڕۆژی بیست و دوو دەکەومە ڕێ و ڕۆژی بیست و چوار دەگەمە مۆسکۆ. هەر کە گەیشتم یەکسەر دەچم بۆ حەمام. چەند متیلێکت بۆ دەهێنم.

(...) بە ڕاستی سەفەری پترۆزبورگتم بەهیچ جۆرێك پێ خۆش نییە.

حەزناکەم هیچ بۆ شانۆکەتان بنووسم. لەبەرئەوەی ئەکتەری بەتەمەنتان نیە، هەموو جارێك تۆ ناچار دەبیت ڕۆڵی پیرێژن ببینیت، لە کاتێکدا کە ڕۆڵی تر بۆ تۆ هەیە، بە تایبەتی لە "مەلی دەریا"دا کە دیسانەوە ڕۆڵی پیرێژنت بینی.

دوێنێ تەرزە باری، بە هارێکی خۆشە، بەڵام تەنیا ئاوو هەوایە کە بێگەرد و پاکە، دڵ مردویی هێشتا هەر فەرمانڕەوایە (...)

نامەیەکی ترت بۆ دەنووسم، تەلگرامێکت بۆ دەنێرم و پاشان دیسانەوە یەکدەبینینەوە. پێستم وەك عەرەب ڕەش داگەڕاوە. تەواو بوومەتە برونزی.
قولە ڕەشەکەت

* * *

کنیپەر

١٧ ئەپریل

پترۆزبورگ — تەلگرام

ڕۆژی بیستەم ڕاست وەرە بۆ پترۆزبورگ، هەواکەی هاوینیە، تەلگرام بکە.

* * *

چیخۆڤ

١٨ ئەپریل

یالتا- تەلگرام

ڕۆژی ٢٤ دێم بۆ مۆسکۆ، بلیتم بڕیوە نامەوێت بێم بۆ پترۆزبورگ، تەندروستم.

* * *

چیخۆڤ چوو بۆ مۆسکۆ، بەڵام ژیان لە ئاپارتمانە تازەکەی کنیپەردا بۆ ئەو مەحاڵ بوو. ماڵەکە لە قاتی دووەم و سی دەقیقەی گەرەکبوو کە چیخۆڤ بتوانێت بە پلەکاندا سەربکەوێت، وەك دوکتۆر وتبووی باری تەندروستی چیخۆڤ تەواو روخابوو. دوای مانەوەیەکی سەرنەکەوتوو لە مولکی دۆستێکدا لە دەوری مۆسکۆ. بۆ هاوین چوون بۆ یالتا. ئۆلگا لە بیستی سێپتەمبەردا ئەوێی بەجێهێشت. لەسەر داخوازی چیخۆڤ "شاپۆشنیکۆڤ"ی هاوڕێی بوو بە هاوسەفەری.

* * *

چیخۆڤ

٢٠ سێپته‌مبه‌ر

یالْتا

دڵداره‌كه‌م، ئه‌مه‌ گه‌لێك بێ به‌زه‌ییانه‌یه‌، من هه‌موو عه‌سری دوێنێ، ته‌واوی شه‌و ورۆژی دوایی چاوه‌ڕێی ته‌لگورامی تۆ بووم له‌ "سڤاستۆپۆڵ"ه‌وه‌، ته‌نیا له‌ عه‌سری شه‌ممه‌دا بوو كه‌ له‌ "شاپوشنیكۆڤ"[٢٠١]م بیست كه‌ "هاوسه‌ره‌كه‌ت رۆیشت..." و شتی تریش. من به‌رده‌وام بیرم له‌وه‌ ده‌كرده‌وه‌ كه‌ ره‌نگه‌ به‌له‌مه‌كه‌ت نوقوم بووبێت، له‌وانه‌یه‌ بلیتت ده‌ست نه‌كه‌وتبێت، ره‌نگه‌.. ڕه‌نگه‌.. به‌ڕاستی ئه‌مه‌ هه‌ڵه‌یه‌ هاوسه‌ری ئازیزم، چاكتر وایه‌ له‌مه‌ودوا به‌ڵێن نه‌ده‌یت.

ئه‌مڕۆ ته‌ندروستیم باشتره‌، هه‌رچه‌نده‌ هێشتا به‌ ته‌واوی نه‌گه‌ڕاومه‌ته‌وه‌ سه‌رخۆم، بێ هێزم، تامی ده‌مم ناخۆشه‌، ئیشتیهای خواردنم نیه‌، ئه‌مڕۆ به‌بێ یارمه‌تیدانی هیچ كه‌سێك خۆم شت، ئاوه‌كه‌ سارد نه‌بوو. هه‌ست به‌ نه‌بوونی تۆ ده‌كه‌م، ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر ته‌لگورامه‌كه‌ت تووڕه‌ نه‌بوومایه‌ زۆر شتی خۆشم بۆ ده‌نووسیت و پێم ده‌گوتیت كه‌ من چه‌نده‌ ئه‌م ماینه‌ چكۆڵه‌یه‌م خۆش ده‌وێت. ورده‌كاریه‌كانی شانۆم بۆ بنووسه‌. ئه‌وه‌نده‌ له‌ هه‌موو شته‌كان دوورم كه‌ نامۆیی ده‌كه‌م، وام دێته‌ به‌رچاو نووسه‌ریم هاتۆته‌ كۆتایی و هه‌ر ڕسته‌یه‌ك كه‌ ده‌ینووسم ته‌واو بێ به‌هایه‌ (...)

هه‌رچه‌نده‌ هه‌موو حه‌به‌كان له‌به‌رده‌ممدا داده‌نێم كه‌چی دیسان له‌ یادیان ده‌كه‌م، به‌ڵام له‌ كاتی خۆیدا بیرم ده‌كه‌ونه‌وه‌و ده‌یانخۆم.

ژنه‌ چكۆڵه‌كه‌م، ئازیزترینم ماچ ده‌كه‌م، ئه‌گه‌ر نامه‌كانمت به‌ ره‌شبین و نائومێد به‌خش هاته‌ به‌رچاو نیگه‌ران مه‌به‌ ئازیزم، به‌ڕاستی هه‌مووی قسه‌ی بێ مانان.

-ئا-كه‌ت

---

[٢٠١] **shaposhnikov**

* * *

کنیپەر

٢٢ سێپتەمبەر

مۆسکۆ- بەیانی

من گەڕاومەتەوە بۆ مۆسکۆ، ئازیزترین ئازیز (...)

ئاپارتمانەکە دەبریسکێتەوە، لە سایەی "ئانوشکا"وە هەموو شتێك ڕێك و پێکەو باش بەڕێوە دەچێت، بۆیە هاتنەوەم بۆ ماڵەوە گەلێك چێژی دامێ. کوپێك قاوەم خواردەوە، کەمێك ترێم خوارد، بە ئاوی سارد حەمامم کرد، جلم لەبەرکردوو چووم بۆ شانۆ.

* * *

کنیپەر

٢٤ سێپتەمبەر

مۆسکۆ —بەیانی

دوێنێ نامەتم بە دەست نەگەیشت، نیگەرانم، ئایا لەو نامانە بێزاریت کە بە درێژایی سەفەرەکە بۆم نووسیویت؟ ئەو نامانەم زۆر بەپەلە نووسی، هەموویت پێگەیشتووە؟ هاوار لە دەست ئەم "شاپوشنیکۆڤ"ە بەم قژ و سمێڵە سوورەیەوە! چەندم ڕق لێیەتی! بەردەوام لە بەردەمی مندا کڕنووشی دەبرد و هەمیشە سەری ڕێزی دادەنەواند، بە بەردەم هەر کڵێسایەکدا تێپەڕینایە بۆ تەندروستیی چیخۆڤ نیشانەی خاچی لەسەر سنگی دەکێشا. چەند گەوجانە و نامۆیە لە کەنار دەریایەك و لە زەردە پەڕدا لەگەڵ بێگانەیەکدا شامپانیا بخۆمەوە. پێم خۆشبوو تەنیا بم و لەبارەی هەموو ئەو شتانەوە کە لەم ڕۆژانەدا ڕوویانداوە بیر بکەمەوە (...)

ئێوارە:

تازە نامەکەمم تەواو کردبوو کە نامەکەی تۆم دۆزیەوە، دوێنێ پۆست کراوە، لە دەست "ئانوشکا" زۆر تووڕە بووم، دوێنێ کە گەیشتمە ئێرە، یەکەم پرسیارم ئەوە بوو کە ئایا نامەیەك هاتووە و وەڵامەکەی ئەو نەخێر بوو.

ئازیزترینم، پیاوە زێڕینەکەم، لە بارەی تەلگورامەکەوە نارەحەت مەبە. من لە وێستگە خەریکی نامە نووسین بووم کە شەمەندەفەرەکە شووتی دوەمی لێدا و من ناچار بووم زوو سەر بکەوم. هەر لەوێدا تکام لە "شاپوشنیکۆڤ" کرد تەلگورامت بۆ بکات، وەلێ نەی نارد، وانیە؟

تکایە لێم ببوورە گەلێك هەراسان و دەستە پاچە بووم، ویستم نامەت بۆ بنووسم نەك تەلگورام، تووڕە مەبە ئازیزترین. نامەی خەمبارانە مەنووسە، خەڵکیی بۆ ئاسوودەیی دەرونیان پێویستیان بە تۆی نووسەرە تا لەوە بە ئاگابن کە شتێك بەناوی شیعر، جوانی ڕاستەقینە، هەست و سۆزی باڵا، گیانێکی پڕ لە عەشقی مرۆڤایەتی وجودی هەیە و ژیان فراوان و قەشەنگە.

بەڵام لە بارەی نووسینی شاعیرانەی تۆوە، ئێمە پێویستمان بە هەر ڕستەیەکت هەیە کە دەینووسیت و بۆ ئایندەیش نیازی زۆرترمان پێت هەیە. ئەگەر من بەهرەی نووسینم هەبوایە خودا دەزانێت چەندە بمتوانیایە بۆم دەنووسیت!! ئەم بیرۆکە بێ مانایانە لە سەری خۆت دەربکە. بەزەییت بە خەڵکدا بێتەوە. بزانە تا چەند پێویستیان پێتە، خۆتیان لێ دوور مەخەرەوە. لە هەموو ئەو شتانەدا بەشداریمان بکە کە لە قووڵایی ڕۆحە دەوڵەمەندەکەتەوە دێنە دەرێ. بەردەوامبە لەسەر نووسین، هەر وشەیەك، هەر بیرۆکەیەك کە خۆت پێت باشە و خەڵکیی گەلێك پێویستیان پێی هەیە بیکە، لەم دنیایەدا هیچ نووسەرێکی وەك تۆ نیە. دوژمنایەتی خۆت مەکە، نمایشنامەکانت وەك گەزۆی خودا وان و ئێمە چاوەڕوانیان دەکەین.

سبەی بەستەکە دەنێرم، هێشتا شانەیەکی وام پەیدا نەکردووە کە شایستەی دایکت بێت.

ماچت دەکەم، دەستت ماچ دەکەم و لە یەزدان داواکارم شاد و تەندروست بیت. نامەکانم بە دەستت دەگەن؟

ئۆلیاکەت

* * *

چیخۆڤ

١٢ ئۆکتۆبەر
یالتا

باشە "ماینپەر"[٢٠٢] خودا بە ئارام گرمان قبووڵ بکات، نمایشنامەکە تەواو بوو، بە ڕاستیی تەواو بووەو سبەینێ یان ئەو پەڕی لە ١٤ ئۆکتۆبەردا بۆ مۆسکۆی دەنێرم، هەندێك سەرنج و تێبینی لەگەڵدا دەنێرم. ئەگەر گۆڕانێکی بویێت لام وایە زۆر نیە، خراپترین شت لەم نمایشنامەیەدا ئەوەیە کە من یەکژەمی و بێ وەستان نەمنووسیوە، بەڵکوو ماوەیەکی زۆری ویست تا تەواو بوو، هەر ئەمەیشە ڕەنگە کەمێك بێزارکەربێت. بزانم چی دەبێت.

خەریکە تەندروستیم باشتر دەبێت، ئێستا زۆر ناکۆکم و بەردەوام ناچم بۆ دەست شۆریی. لەو کاتەوە کە "ماشا" ڕۆیشتوە خواردنەکان گەلێك خراپ بوون. بۆ نموونە ئەمڕۆ بۆ نیوەڕۆ گۆشتی مەڕمان هەبوو، من نەمخواردو نانی ساردەوەبووم خوارد، ئیشتیام زۆر چاکبوە، ناتوانم گۆشتی سویری بەراز بخۆم، زیاتر هێلکە دەخۆم، نووسینی نمایشنامەکە گەلێك دژوار بوو ئازیزم. بە "ڤیشنوڤیسکی" بڵێ کارێکی لە بابەتی باجگریم بۆ بسازێنێت. ڕۆڵێکم بۆ داناوە. بەڵام هەست دەکەم دوای "ئانتونی"[٢٠٣] زۆر ناچیز دەکەوێتەوە. بەڵام بە هەرحاڵ ئەمەیشیان خانەدانێکە.

---

[٢٠٢] **Horseykins** تێکەڵەیەکە لە هەردوو وشەی ماین و کنیپەر.

[٢٠٣] ڤیشنۆڤیسکی ڕۆڵی ئانتۆنیو دەبینێت لە شانۆنامەی یولیوس قەیسەردا.

ڕۆڵی تۆ لە پەردەی یەکەم و سێیەمدا زۆر باش هاتووە بەڵام لە پەردەکانی تردا تەنیا سکێچێکی خێرایە. لەگەڵ ئەمەیشدا من هەر نا ئومێد نابم.

باشە جووجەڵە چکۆڵەکەم، سکاڵام لە دەست مەکە. خودا ئاگادارت بێت، من خۆشم دەوێیت و هەروایش دەبم، تەنانەت لەوانەیە لێیشت بدەم. ماچی زۆر.

-ئا-کەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٣٠ ئۆکتۆبەر

یالْتا

(...) ژیان بێتامە، ناتوانم کار بکەم، هەوا سارد و بێ کەڵکە و بۆنی داری سووتاو هەموو ژوورەکانی گرتۆتەوە.. وا دەزانم بە بەلاش پەلەم لە تەواو کردنی نمایشنامەکەدا کرد. دەبوایە مانگێکی تر کارم تیا بکردایە.

چەندە ناخۆشە مرۆڤ نینۆکی دەستی ڕاستی بکات! بێ ژنەکەم هەستێکی دژوارم هەیە.

بەو جلکی خەوەی ناردووتە ڕادێم. تەنیا "یالْتا"یە ناتوانم لەگەڵیدا ڕابێم. کە ئاوو هەوا خۆشبوو وامدەزانی هەموو شتێك باش دەبێت، بەڵام ئێستا وای دەبینم کە هەموو شتێك ناهەموارە.

گوڵە داودیەکانت پێ گەیشت؟ چۆن بوون؟ ئەگەر پێت باشبوون دیسان هی ترت بۆ دەنێرمەوە. سیسرکە چکۆڵەکەم ماچ دەکەم. شاد بیت.

-ئا-کەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

١٤ ئۆکتۆبەر

(...) لە دەست سك چوون بە تەنگ هاتووم و ناردم بە دوای دوکتۆر "ئالچولەر"دا، ئەو پێی وتم ڕۆژی هەشت هێلکە و گۆشتی قیمەی بەراز بخۆم (...) لەگەڵ تۆدانەبوون وەك ئەوە وایە دەستم بڕابێت. من لە بیابانێکی چۆڵ و هۆڵدام (...)

*　　*　　*

## کنیپەر – یاداشت

چیخۆڤ هەمیشە حەزی لە مۆسکۆ بوو، ئەو پێی خۆشبوو لە ژیان نزیکتر بێت، هەستی پێ بکات، بەشێك بێت لێی، دەیویست مرۆڤەکان ببینێت. هەرچەندە کە هەر ئەو مرۆڤانە هەندێك جار بە قسە بێزاریان دەکرد. بەڵام ئەو بەبێ خەڵك نەیدەتوانی بژی. ئەوەی لە یالّتادا پێی خۆشبوو ئەوە بوو کە خانوویەکی تێدا بکات، باخێك و ژیانێکی هێور بۆ خۆی بسازێنێت. پاشان لەگەڵێدا ڕاهات. تەنانەت ئەوێی بە "سیبریای گەرم"ی خۆی ناودەبرد. ئەو هەمیشە حەزی لە مۆسکۆ بوو بۆ ئەوەی لە ناو ئەکتەرەکاندا بێت، لە پرۆڤەکاندا ئامادە بێت، قسە بکات، گاڵتە بکات، شانۆگەریەکان ببینێت، بەڵام لە لووتکەی ئەو جۆرە پەیوەندیانەدا ناچار بوو لە مۆسکۆ دابڕێت. تەنیا لە زستانی ١٩٠٣-١٩٠٤ دا بوو کە پزیشکەکان مۆڵەتیان پێدا بێت بۆ پایتەخت. ئەو وەك قوتابییەکی قوتابخانە کە بەرگی تازەو کڵاوی خوریان بۆ کڕیبێت، لە زستان و بەفر بارینی مۆسکۆ و ڕۆیشتن بۆ پرۆڤەکان چێژی وەردەگرت.

*　　*　　*

چیخۆڤ

١٢ نۆڤەمبەر

یالْتا

(...) سەختە بۆ من خۆم بۆ قاتی سێ یان چوار بەکێش بکەم بە تایبەتی بەم پالْتاوە قورسەوە. بۆچی ئاپارتمانەکە ناگۆڕیت؟ باشە، کێشەیەك نییە، لە مۆسکۆ لە ماڵەوە دەمێنمەوە، تەنیا بۆ حەمام و شانۆکەت وەدەردەکەوم.

* * *

کنیپەر

١٦ نۆڤەمبەر

مۆسکۆ

(...) ناتوانم تا مانگی مارس ئاپارتمانەکە بگۆڕم (گرێ بەستەکە). دەبێت لە ژولای یان ئۆگەستدا بەدوای ئاپارتمانێکدا بگەڕێم کە بە دڵی خۆمان بێت. تەواو شانسم هەبوو کە ئەمەیشیانم دەست کەوت. ئەم ئاپارتمانەمان لەبەر ئەوە گرت کە لەوەی پێشوو باشتر بوو نەك لەبەرئەوەی کە زۆر گونجاو بێت. سواری کۆڵی خۆمت دەکەم (...)

* * *

چیخۆڤ

٢٧ نۆڤەمبەر

یالْتا

(...) پێویستە تۆ و ئەوانی تریش لەوە بگەن کە باری تەندروستی من لە "یالْتا" خراپترە. دەریا ئارام بوو بەڵام ئێستا زریانە. شەپۆل دەگاتە ئاسمان و باران بەلێزمەیە. کەش و هەوا هێند خراپە کە ناتوانیت لە ماڵ بچیتە دەرێ.

من بەو شەمەندەفەرە دێم کە تەختە خەوی تێدایە. پاڵتاوم بۆ مەهێنە بۆ ناو شەمەندەفەرەکە. ساردە، لە وێستگە لەبەری دەکەم.

چەندە ڕەزیل بوویت! هەر ئەوە ماوە پوولی بەکارهاتوو بە زەرفەکەوە بنێیت. بۆ تەلگورام نانێریت (...) دە ڕۆبڵت بۆ دەنێرم ئەمەندە پیسکە مەبە، تەلگورام بنێرە.

* * *

چیخۆڤ

**٢٩ نۆڤەمبەر**

**یالتا**

ماینیپەر، هێشتا نازانم چی بکەم یان بیر لە چی بکەمەوە. بۆ داوەت کردنی مۆسکۆم بێ مەیلیەکی ئاشکرا دەبینم، نایانەوێت بێم[٢٠٤]؟ دەبێت تۆ بە ڕاشکاوی هۆکارەکەیم پێ بڵێیت بۆ ئەوەی کاتم بە فیڕۆ نەڕوات و بڕۆم بۆ دەرەوەی وڵات. خۆزگا دەتزانی چەندە ناخۆشە گوێت لە دەنگی باران بێت کە لەسەربان دەدات و چەندە حەزدەکەم ژنەکەم ببینم، بەڕاست من ژنم هەیە؟ لە کوێیە؟ (...)

* * *

کنیپەر

**٢٩ نۆڤەمبەر**

مۆسکۆ —تەلگورام

دنیا شەختەیە، لەگەڵ "ئالچولەر"دا قسە بکە و وەرە. تەلگورام بکە. ماچەکان.

* * *

---

[٢٠٤] بۆ ئامادەبوون لە پرۆڤەی (باخی گێلاس)دا.

چیخۆڤ

٣٠ نۆڤه‌مبه‌ر

یالْتا — ته‌لگورام

سێ شه‌ممه‌ دێم (٢ دیسه‌مبه‌ر)

*　*　*

كنیپه‌ر

١ دیسه‌مبه‌ر

مۆسكۆ — ته‌لگورام

له‌ شه‌مه‌نده‌فه‌ره‌كه‌ مه‌چۆره‌ ده‌رێ، جلی گه‌رم له‌به‌ر بكه‌.

*　*　*

# ١٩٠٤

## كنیپه‌ر، یاداشت

ئه‌و زستانه‌ ئێمه‌ به‌ دوای پارچه‌ زه‌ویه‌ك و خانوویه‌كی ده‌وری مۆسكۆدا گه‌ڕاین بۆ ئه‌وه‌ی چیخۆڤ بتوانێت له‌ ئاینده‌دا زستانان له‌ نزیك مۆسكۆی خۆشه‌ویستیدا به‌سه‌ر به‌رێت. (هیچ كه‌س بیری له‌وه‌ نه‌ده‌كرده‌وه‌ كه‌ كۆتایی هێنده‌ نزیكه‌)

بۆیه‌ له‌ رۆژێكی هه‌تاوی فێبروه‌ریدا چووین بۆ "تسارتسینو" بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و موڵكه‌ بچووكه‌ ببینین كه‌ بۆیان پێشنیاز كردبووین. له‌ گه‌ڕانه‌وه‌دا نه‌ك له‌ به‌رئه‌وه‌ی فریای شه‌مه‌نده‌فه‌ر نه‌كه‌وتین به‌ڵكو له‌به‌رئه‌وه‌ی (شه‌مه‌نده‌فه‌ر هه‌ر نه‌بوو) ناچار بووین نزیكه‌ی سی و پێنج میل به‌ ڕێگادا بڕۆین، هه‌رچه‌نده‌ به‌سته‌ڵه‌ك بوو به‌ڵام چیخۆڤ له‌ ته‌ماشاكردنی ده‌شتی سپی ژێر خۆره‌تاوو ده‌نگی خرمه‌خرمی سه‌ر به‌فر ته‌واو مه‌ست ببوو. ده‌تگوت چاره‌نووس هاتبوه‌ سه‌ر ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ دوا ساڵی ته‌مه‌نی چیخۆڤدا

نازی هەڵبگرێت و هەموو ئەو خۆشیانەی بەحەسرەتەوە بوو بۆیان بە ئاسانی بیانداتێ: مۆسکۆ، زستان، نمایش کردنی باخی گێلاس و ئەوانەی خۆشی دەویستن...

دەتوانم بڵێم کارکردن لەسەر باخی گێلاس ئازاراوی بوو، لە نێوان نووسەرەکەی و ستافی کارەکەدا لێك گەیشتن نەبوو. بەڵام هەموو شتێك بە چاکی کۆتایی هات. باخی گێلاس لە ڕۆژی ١٧ ی ژانیوەری ١٩٠٤ کە ڕێکەوتی ڕۆژی لەدایك بوونی چیخۆڤ بوو نمایش کرا.

* * *

چیخۆڤ تا فێبروەری ١٩٠٤ لە مۆسکۆ مایەوە. لە گەڕانەوەیدا بۆ "یالتا" "شناپس"ی سەگە پاسەوانەکەی کنیپەری لەگەڵ خۆیدا برد. لەگەڵ خراپتر بوونی باری تەندروستی چیخۆڤدا ڕۆژ بەڕۆژ تووڕە بوونی زیاد دەبوو. کاردانەوەکانی نالۆژیکی بوون. ئەمە هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەوی گرتەوە. لەگەڵ "ئیفرۆس"[٢٠٥]ی هاوڕێی ڕەخنەگریدا لەسەر مەسەلەیەك کە خەتای چیخۆڤ بوو بەشەڕهات.

چیخۆڤ کە پێشتر لەسەر تەلگوراف نەکردن کنیپەری سەرکۆنە کردبوو، ئەمجارەیان زۆر زیاتر لەسەر ڕەزیلی سەرزەنشتی کردوو تەنانەت گلەیی لە دەست ئەو مەرەکەبە هەبوو کە ئەو بەکاری دەهێنا.

* * *

چیخۆڤ

١٧ فێبروەری

سڤاستۆپۆل

سڵاو ماینپەر زۆر باشم، کەشتی دوای سێ سەعات بە ڕێدەکەوێت. سەفەرەکەم باشبوو. لەگەڵ "شناپس"دام. زۆر ئاسوودەیە و ڕەفتاری چاکبووە. لە

---

[٢٠٥] Efros

شەمەندەفەرەکەدا بە تەواوی وەك ماڵەوە ڕەفتاری کرد. بە بلیت بڕەکە وەڕی و تەواو خۆشی گوزەراند. ئێمەیشی دڵخۆش کرد. وا ئێستا لەسەر سەکۆی کەشتیەکە پاڵی بە قاچمەوە داوەو ئیسراحەت دەکات. لەوە دەچێت مۆسکۆی لە یاد کردبێت کە ئەمە زۆر باشە. ئێستا دڵدارەکەم، ماینیپەرم ئیتر دەبێت چاوەڕێی نامەی تۆ بم. دەزانیت بێ نامەی تۆ من ناژیم. یان هەموو ڕۆژێك نامەم بۆ بنووسە یان تەلاق وەربگرە. هیچ ڕێگایەکی تر نیە (...) نامەکانت بە درێژی بنووسە و ڕەزیلی لەمەرەکەبدا مەکە (...) دەنگی "شناپس" دێت کە بە یەکێك دەوەڕێت دەبێت بچم بزانم چی هەیە.

-ئا-کەت

ماینپەری ئازیزم، بێ تۆ هەموو شتێك بێ تامە، بێزارکەر و ساردە. تۆ ئەمەندە نازت داومەتێ ترسام نەتوانم شەوانە خۆم جلەکانم دابکەنم و بەیانی لەبەری بکەمەوە. جێگای نووستنەکەم رەق و ساردە، ژوورەکان ساردن، پلەی گەرمای دەرەوە سفرە، تەواو بێتاقەتم و هیچ نیشانەیەکی بەهاری نیە (...) کاتی خۆم بەنامەکانی پار[٢٠٦] و ڕۆژنامە کۆنەکانەوە بەسەردەبەم. ئەمە تەنیا کارێکە کە ئێستا دەیکەم.

"شناپس" یان کەڕە یان لاڵە. هەرگیز ناڕواتە دەرەوە، لەگەڵ سەگەکانی تردا هەڵس و کەوت دەکات و دەبێت هەر لە ژووری دایکیشمدا بخەوێت. سەگێکی چوست و چالاکە بەڵام زرنگ نیە. منی بێ ژنم، ژنەکەم لە مۆسکۆیە. من وەك رەبەند دەژیم (...) ددانم دەشۆم. کە لە مانگی مارسدا هاتم بۆ مۆسکۆ دەچم بۆ حەمام. تا ئەو کاتە گەنمەشامی لە لەشمدا دەچێنم، هیچ نەبێت دەتوانم بەمە کەمێك پارە پەیدا بکەم (...)

* * *

٢٠٦ چیخۆف نامەکانی بەپێی مێژووی نووسینیان ڕێکخستبوو.

چیخۆڤ

٢٧ فێبروەری

یالْتا

(...) لەو ڕۆژەوە گەڕاومەتەوە بۆ "یالْتا"، واتا لە ١٧ فێبروەریەوە خۆر تەنانەت جارێکیش ڕووی خۆی پیشان نەداوە، هەواکەی زۆر شێدارە. ئاسمان خۆڵەمێشیەو هەمیشە لە ژوورەکەمدام، (...) بیرت لە هاوین کردۆتەوە؟ لە کوێ دەبین؟ من جێگایەکم گەرەکە لە مۆسکۆوە دوور نەبێت، لە وێستگەی شەمەندەفەریشەوە، بۆ ئەوەی ناچارنەبین بۆ ڕۆیشتنی ئەوێ سواری گالیسکە بین و ئەوانەش نەبینین کە سەرسامن پێمان، بیر لە ڤێلاکە بکەرەوە دلْدارم (...) من یادگاری خۆشم لەگەڵ گەشتەکەمان بۆ "تسارتیسینۆ" هەیە.

-ئا-کەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

٢٨ فێبروەری

یالْتا

دلْدارەکەم، ئەگەر دووبارە چوویتەوە بۆ "تسارتیسینو" لەگەڵ خۆتدا "ئیڤان" و "ماشا"بەرە، بە وردی هەموو شتەکان ببینن و پاشان بڕیار بدەن (...)

-ئا-کەت

❊ ❊ ❊

چیخۆڤ

١ مارس

یالْتا

ئەگەر ڤێلات کڕی وا چاکترە ئەو شتومەکانەی کە پێویستت پێیان نیە نەیانگوێزیتەوە بۆ ئەوێ. "ماشا" دەتوانێت لەگەڵ چێشت لێنەرەکەیدا بۆ ئەوێ

بچێت. بەهارەو کەش و هەوایەکی خۆش دەست پێدەکات. ئەوێ پڕە لە قەلە ڕەش و ڕەنگە باڵندەی کۆچەریشی لێ بن.

بە "ماشا" بڵێ کە دایە بە "شناپس" دەڵێت "شوارتز". ئەو سەگە یان بە دەوری باخەکەدا دەسووڕێتەوە یان لە پاڵ ئاگردا وەنەوەز دەدات و پڕخە پرخ دەکات.

* * *

چیخۆڤ

٣ مارس

یالتا

(...) ئەگەر "تسارتیسینۆ" بکڕین یەکسەر تەوالێتێکی تێدا دروست بکە. پێویستمان بە ماڵێکی وەك ئەوەی "یالتا" هەیە. بالوولەکان لە دیوارەکانەوە ڕابکێشن، پاشان چاڵێك بە ئەندازەی تاوەیەکی گەورە هەڵبکەنن و چیمەنتۆی بکەن، دوایی تەختەیەك بخەنە سەری و سەرقاپێکی چکۆڵە بە ئەندازەی چاڵەکە دروست بکەن، وەك "یالتا" پەمپێك بکڕە بۆ ئەوەی ئاوەکە بباتەوە سەر باخەکە. تێگەیشتی؟ بەڵام هەوڵ بدە تا بکرێ زووتر ئەم کارە ئەنجام بدەیت. لە پاییزدا حەمامێك دروست دەکەم. بەڵام هەموو ئەم شتانە خەونن، خەون! (...)

* * *

کنیپەر

٤ مارس

مۆسکۆ

ئەمڕۆ دوو ئاپارتمانم بینی و هەردووکیانم پێ چاکبوو، یەکێکیان لە کۆڵانی "لیۆنتیڤسکی"[٢٠٧]ەو کەمێك بەرزە بەڵام ئاسانسۆری تێدایە. ڕووناکە و دیمەنێکی زۆر جوانی مۆسکۆی لێوە دیارە. ژووری زۆر تیایە و دوو دەستشۆری هەیە، کرێکەی

[٢٠٧] **Leontievsky**

هەر بە ئەنـدازەی کرێـی ئاپارتمانەکـەی ئێـستامانە. دووەمیـان لـە نزیـك شـانۆی "کۆرش"[٢٠٨] ەوەیە. لە قاتی یەکەمدایە و بەسـەر حەوشـەدا دەڕوانێـت. وەلـێ بـە هەرحاڵ ٣٢ پلیکانەی هەیە. ئاسانسۆری نیە کرێکەی ١٣٥٠ ڕۆبڵە. (...) تۆ دەڵێی چی؟ من خۆم یەکەمیانم پێ باشە. شوێنەکەی نایابە، "کـۆرش" لـەوێ دەژی و زۆر تاریفی لێ دەکات. "شالیاپین"یش هەر لەوێ دەژی. ئاسانسۆرەکەی باشە و بیـستو چوار سەعات کاردەکات. تەلەفونێکیشیان لە ژێر نەردەبانەکە داناوە.

* * *

چیخۆڤ

٦ مارس

یاڵتا

شەرم ناکەیت ماسی عەنبەری چـکۆڵە کـە بـەم مەرەکەبـە دەنووسـیت؟ ڕەنگـە بڕوانەکەیت بەڵام سوێند دەخۆم کە ناچار بووم نامەکە لە زەرفەکە جیابکەمەوە و بیدڕم، چونکە تەواو پێکەوە نووسابوون. نامەکانی "ماشا"یش هەروا بوون، هـەموو پێکـەوە نووسابوون (...) ئاپارتمانەکەی "لیونتیڤسکی" بگرە چونکە لـە هـەموو شـوێنێکەوە نزیکە. من دوو سێ ڕۆژ پێش سەفەری (شانۆیی) تۆ بۆ پترۆزبورگ لەوێ دەبم.

* * *

چیخۆڤ

٨ مارس

یاڵتا

دڵدارم، نامەیەکی ترت کە بە زەرفەکەوە نووسابوو بەدەست گەیشت. ناچار بووم نەخشەی ئاپارتمانەکە لە نامەکە بدڕم. ئەم مەرەکەبە ژەهراویەت لـە کـوێ هێنـاوە؟ (...)

---

[٢٠٨] Korsh

ئاسانسۆرەکە زۆر باشە بەڵام کێشە لەوەدایـە لـە بـەختی مـن بـەردەوام تێـك دەچێت. من لە هەر شوێنێکدا کە ویستبێتم کەڵك لە ئاسانسۆر وەربگرم لە حاڵـەتی چاك کردنەوەدا بووە (...)

* * *

چیخۆڤ

١٠ مارس

یاڵتا

ماینپەری ئازیز، تەلگوڕامێکت لە بارەی تەندروستیتەوە نەناردووە. ئەم کـارەت غەریب و گەوجانەیە و کارتەکانت نیگـەرانیان کـردووم، ئێـستا هەمـە جـۆر بـیرم بەسەردا دەگوزەرێت (...) دەبێت "تسارتیسینو" لە یادبکەین؟ (...)

-ئا-کەت

* * *

چیخۆڤ

١٢ مارس

یاڵتا

لەبارەی "تسارتیسینۆ"وە تەنانەت وشەیەکی باشت پێ نیە بیڵێیـت، تـۆ هـەر نووساوی بە باس کردنی (تا)وە. ئەگەر خاوەن ماڵەکە بڵێت لە دەوروبەری ئەو خـانوە تا بڵاو نیە دەبێت باوەڕ بە قسەکەی بکەیت (...) تازەیش ئەگەر ئێمە تووشی تاببین مۆسکۆ نزیکە و لە زستاندا تا نیە. سەرەکیترین لایەنی باشی ئەو ماڵە ئەوەیە کە لە ڕێگای ئاسنەوە نزیکە. بەردەوام شەمەندەفەر لەوێوە بۆ مۆسکۆ هەیە(...)

* * *

کنیپەر

١٤ مارس

مۆسکۆ

سەرکۆنەم دەکەیت کە بۆ لە تەندروستی خۆم ئاگادارت ناکەم؟ بۆ ئازیزترینم؟ تەنیا سەرمام ببوو هیچی دی. ئیتر بۆ دەبێت بە تەلگورام تۆ بترسێنم (....)

* * *

چیخۆڤ

٢٦ مارس

یالْتا

(...) ئەمڕۆ بیستم دەتەوێت تەلاقم لێ وەربگریت، راستە؟ ئەگەر وابێت کێ بت کوتێت، کێ لە هاویندا لەگەڵتدا بچێتە ناو جێگاوە؟ بیرت لەمانە کردۆتەوە؟

من کاردەکەم بەڵام زۆر بەرەو پێش ناچێت. خەتای ئەم جەنگە[٢٠٩] و ئەو بێتاقەتییەیە کە لەم رۆژانەی دواییدا تووشم بوە، خەڵکیی بەهۆی جەنگەوە کەمتر کتێب دەخوێننەوە.

**کنیپەر دوای کۆتایی هاتنی وەرزی شانۆی مۆسکۆ ئاسایی چوو بۆ پترۆزبورگ.**

* * *

چیخۆڤ

٤ ئەپریل

یالْتا

سلاو ماینپەری ئازیزم. لە "نیمیرۆڤیچ"ەوە دوو تەلگورامم پێ گەیشتووە. باس لەوە دەکات کە نمایشەکەی پترۆزبورگ چەند سەرکەوتوو بوە، بینەرانیش تۆیان وەك

[٢٠٩] مەبەستی چیخۆف جەنگی نێوان رووس و ژاپۆنە، رووسەکان زۆر بە ناخۆشیی تووشی ئەو شەڕە هاتن، هەستکردن بە سووکایەتی پێکردنی نەتەوە زۆر لە قوڵیدا بوو.

ئەکتەری پلەیەك ستایش کردووە. من هەر لە سەرەتاوە دەمزانی تۆ ئەکتەرێکی گەورەو هونەرمەندێکی راستەقینەیت. لای من تۆ زۆر بەنرخیت و تاقە داواکاریم لە تۆ ئەوەیە کە: سەرمات نەبێت. زۆر خۆت شەکەت مەکە، باش بنوو (...)

ئەمڕۆ یەکشەممەیە، کەمێك هێروییینم وەرگرت، ئێستا هەست بە ئارامی دەکەم. من وا بیر دەکەمەوە کە تۆ عەشقی منت لە دڵ دەرکردووە، راستە؟ دانی پێدابنێ. من وەك جاران تۆم خۆش دەوێت و لە بیری ئەوەدام بۆ دیدەنیت بێم بۆ پترۆزبورگ (...)

-ئا-کەت

* * *

کنیپەر

٥ ئەپریل

پترۆزبورگ

(...) ئیدی هیچ لە بارەی "تسارتیسینۆ"وە نالێیت، بیرت کردۆتەوە یان "ماشا" قسەی لەگەڵدا کردوویت؟ کەواتە چاکترە تۆو "ماشا" بڕیار بدەن. چونکە راوێژ کردن بە هیچ ناگات و بۆچوونی من بێ سوودە. تۆ لەم نێوەندەدا دووکەرت بوویت و نازانیت گوێ لە کێ بگریت.

* * *

چیخۆڤ

٧ ئەپریل

یالتا

(...) ماوم و تارادەیەك حاڵم باشە، بێجگە لە گەدە تێك چوەکەم کە هەفتەیەکە ئازارم دەدات و زووتر لەوەی چاوەڕێی بووم من لە "یالتا" دەردەپەڕێنێت. ریخۆڵەکانم تێك چون و ئەسڵەن چاك نابنەوە (...)

-ئا-کەت

*  *  *

چیخۆڤ

١٠ ئەپریل
یالتا

پەڕەسێلکەی ئازیزم، لە من تووڕەیت، گلەیی دەکەیت، بەڵام لە ڕاستیدا من بێ خەتام، ئەسڵەن من لە یادم نیە دەربارەی "تسارتیسینۆ" قسەم لەگەڵ "ماشا"دا کردبێت، من لەو لایەنەوە هیچ نازانم. "مارسونوڤ" کە تۆ لە بارەیەوە قسەت کردبوو بینیم، بەڵام ئەو تەنیا لە زستاندا لە "تسارتیسینو" ژیاوە. نازانێت هاوینی چۆنە. بێجگە لەوە ئەگەر ڕاستت دەوێت من زۆر خۆشیم بەو نایەت. نازانم بۆ؟ (...) بە ڕاستیی من وامزانی کە تۆ ئەم مەسەلەی ڤیلایە یەکلایی دەکەیتەوە نەك من، دەزانیت لەم جۆرە مەسەلانەدا من بێ کەڵکترین مرۆڤم (...)

هەوا گەرمە، بەڵام سێبەر فێنکە و شەوان ساردە، من بە زەحمەت هەنگاو هەڵدێنم، نازانم بۆ ئەمەندە تەنگەنەفەسم. دڵم بێ بینینت لەت بووە شادیەکەم، ئەگەر بێ تۆ بژیم لە هیچ کەمترم. ڕۆژ کۆتایی هاتووەو سوپاس بۆ خودا نە بیر و خەیاڵات دێتە سەرینم و نە ئارەزووی هیچ دەکەم. تەنیا یاریەکی سەبرۆکە سەبرۆکە: پیاسە کردنێك بۆ خوارو ژوور. دەمێکە، ڕەنگە شەش ساڵ بێت، نەچوومەتە حەمام، هەموو ڕۆژنامەکان دەخوێنمەوەو هەر ئەوەیشە هێند غەمباری کردووم.

تکایە هەر کە گەیشتیتە پترۆزبورگ نامەم بۆ بنووسە، فەرامۆشم نەکەیت. جار جارە یادی ئەو پیاوە بکەرەوە کە شووت پێ کردووە. شانە چکۆڵەکەت، پشتە چکۆڵەکەت، گەردنە چکۆڵەکەت دەخورێنم و دڵە نازدارەکەت ماچ دەکەم.

لە هیچ کەمتر.

*  *  *

چیخۆڤ

١٥ ئەپریل

یالتّا

(...) شەمەندەفەرە خێراکان کەوتوونەتە کار، بۆیە بە شەمەندەفەری بەیانی دێم بۆ مۆسکۆ نازدارەکەم. تا بتوانم زووتر دێم، واتا یەکی مەی، چونکە ناتوانم لێرە بمێنم، بەهۆی بەدهەرسی، ئەکتەرەکان، بینەران، تەلەفوونەکان خودا دەزانێت چی تریش.

باری دەرامەتت چۆنە. باشە؟ لەوانەیە زۆر ماندوو بیت، منیش لێرە دانیشتووم و لە خەونی ماسی گرتندام و نازانم چی لەم هەموو ماسیە بکەم کە گرتوومە. وەلێ بێگومان تاقە ماسیەك کە دەست گیرم دەبێت ماسیەکی بچووکە کە لە سەرەمەرگدایە (....)

* * *

چیخۆڤ

١٧ ئەپریل

یالتّا

(...) پێویستە لە بارەی "تسارتیسینۆ"وە بڕیاری خۆمان بدەین. راستە شێدارە بەڵام زۆر لە مۆسکۆ وە نزیکە و زوو دەیگەینێ، لەوێ هەست بەوە دەکەیت کە ماڵی خۆتەو میوان نیت. ژوورەکەت وا جوان و خۆش دەکەم کە عاشقی بیت (...) لێرە لە "یالتّا" دنیا ساردە و باران دەبارێت. گەدەم وا تێك چووە هیچ شتێك ناتوانێت چاکی بکاتەوە، نە دەرمان و نە پارێز (....) هەناسەم زۆر تەنگە!

* * *

کنیپەر

١٧ ئەپریل

پترۆزبورگ

(...) دەزانیت من پێشنیازم چیە؟ واز لە ئاپارتمانی مۆسکۆ بێنەو ماڵەکەی "تسارتیسینۆ" بۆ ساڵێك بگرە. هەرزانیەکەی مایەی سەرسوڕمانە، ڕەنگە بتوانین ساڵی بە ٧٠٠ ڕۆبڵ بیگرین. دەڵێیت چی؟ تەنانەت دەتوانین بیکڕین. وەرەو لە بارەیەوە بدوێ، بەڵام دەترسم بۆ هاوین بە کرێ درابێت.

* * *

چیخۆڤ

٢٠ ئەپریل

یاڵتا

تووتکە ئازیزەکەم، لە "سۆبۆلوڤسکی[٢١٠]" لە سەرنووسەری "بولیتین روسی"یەوە نامەیەکم دەربارەی ڤێلاکە پێگەیشت. نووسیویەتی لە باشترین شوێنی "تسارتیسینۆ"دا ڤێلا هەیە و بە جۆرێك دروست کراوە بۆ هەر چوار وەرزەکەی ساڵ دەست دەدات، ئەگەر بتانەوێت بۆ ئەوێ بگوێزنەوە ئەوان بیر لە قازانج ناکەنەوە، هەروەها نووسیویەتی کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لە گۆماوێکی ئەوێدا ماسیەکی خاویاری پەنجا کیلۆییان ڕاو کردووە. ئەمڕۆ بۆ "سوبولوڤسکی" دەنووسم کە تۆ لە یەکی مەیدا دەگەیتە مۆسکۆ، لەوێ "ئیزوچیڤسکی"[٢١١] (خاوەن خانوو) لە ڕۆژی دووەم یان سێیەمدا دەبینیت، لەوە دەچێت مەسەلەکەی لەگەڵدا چارەسەر بکەیت. مانگی مەی دەتوانین بڕۆین بۆ ئەوێ.

---

[٢١٠] Sobolevsky

[٢١١] Ezuchevsky

وادەزانم دوو سێ نامەی تــر دەنووســم و مەکینەکــە ڕادەوەســتێت، پاشــان بــە شادیەکی زۆرەوە "یاڵتا" بەجێ دێڵم. ئێرە یەکجار وەڕزکەرە، بەهاری پێوە دیار نیــە و منیش حاڵم خاس نیە. دوێنێ لانی کەم پێنج جار چوومەتە سەرئاو، هــەر چــەندە بێجگە لە خۆراکی ئاسایی چی ترم نەخواردبوو. پارێز دەکەم و کۆکەم هەر هەیە. بــە ڕاستیی ددانم چاردەکەم (...) ژیانم بێ هاوسەرەکەم زۆر بێتامە، بەڵام دەترسم بۆ خۆم دۆستێك بگرم، وەك تۆ دەڵێیت نامەکانم بەڕێك و پێکی ناگاتە دەستت. بەڵام نامەی تۆ دوو دوو دەگات لەوە دەچێت نامەکانی من لە شوێنێك ڕابگرن و بــی خوێننــەوە. قەیدی چیە با ئەو کارە بکەن! لێت پرسیوم ژیان چیە. وەك ئەوە وایە بپرسیت گێــزەر چیە؟ باشە گێزەر گێزەرەو هەر ئەوەیە کە هەیە (...)

خۆش بیت و ئاگاداریی خۆت بکە، خەم مەخۆ، بەم زوانە مێردەکــەت دەبینیــت (...)

-ئا-کەت

* * *

چیخۆڤ

٢٢ ئەپریل

یاڵتا

خۆشەویستم، دوا نامەت بۆ دەنووسم و ئەگەر پێویستی کرد تەلگورامیشت بــۆ دەنێرم. دوێنێ حاڵم باش نەبوو لێ ئەمڕۆ چاکترم. تەنیا هێلکە و شۆربا دەخۆم. باران دەبارێ و هەوا شێدار و ساردە. لەگەڵ ئەوەیشدا کە دنیا ساردە حاڵم باش نیە، ئەمڕۆ چووم بۆ لای پزیشکی ددان (...)

* * *

# کنیپەر، یاداشت

دوا ڕۆژانی بەهار، کۆتایی ئەپریلی ١٩٠٤ چیخۆڤ لە یالْتاوە هات بۆ مۆسکۆ، نەخۆش کەوت و ناچار بوو بکەوێتە ناو جێ. ئەمە گەلێك دەگمەن بوو، هەمیشە چیخۆڤ لە نەخۆشیدا ورە بەرز و هەرگیز لە پێ نەدەکەوت و بەردەوام بەرگری دەکرد. ئەمجارەیان سێ هەفتەی تەواو لە مۆسکۆ لە ناو جێگادا مایەوە. ماسوولکەکانی زۆر دەیەشان و بە تایبەتی هاواری پێی بوو (سکی دەچوو) ئەو پزیشکەی سەرپەرشتی دەکرد دوکتۆر "تاوب"[٢١٢] پێشنیازی کرد لەگەڵیدا بچێت بۆ "بادن ڤیلەر" کە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی نەخۆشیەکانی سنگە لە "بلاك فۆرست"[٢١٣]. چیخۆڤ دەیتوانی لە ئوتێل یان لە ئاپارتمانێکی کرێدا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی نەچێتە بووژانگە (سەنەتوریۆم) کە بەلای چیخۆڤەوە ئەوێ کۆتایی هەموو شتێك بوو.

سەرەتای ژانیوەری ڕۆیشتین بۆ بەرلین و لەوێ ماینەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ پرۆفیسۆری ناودار، دکتۆر "ئیوالد"[٢١٤] راوێژێك بکەین.دکتۆر بۆ چرکەساتێك وەستاو بێجگە لە شان هەڵتەکاند و خواحافیزی کردن هیچی تری بۆ نەکرا. هەرگیز ناتوانم زەردەخەنە هێور و سەیرەکەی چیخۆڤ لە یاد بکەم. لە بەرلین بۆ یەکەمجار چیخۆڤ "ئایولیس"[٢١٥]ی بینی. سەعاتێك قسەی لەگەڵدا کرد و بەهاوڕێیەکی هاوسۆزی خۆی زانی. ئەو بینینە تارادەیەك کاریگەریە خەماویەکەی دیداری دوکتۆری لابرد.

---

[٢١٢] **Taube**

[٢١٣] **Black Forest**

[٢١٤] **Ewald**

[٢١٥] **Iollis** هەواڵگری ڕۆژنامە ڕەسمیەکان

لە "بادن ڤیلەر" لە سەرەتادا حاڵی چیخۆڤ تا ئەندازەیەك چاکتر بوو، پیاسەی بە دەوری ژوورەکەدا دەکرد، بەهۆی هەڵاوسانی سیەکانیەوە بەردەوام هەناسەی سوار بوو، رۆژانە بە سواری دەچووین بۆ گەڕان. دوکتۆرەکەمان "شورەر"[٢١٦] گەلێك دڵسۆز و هاودڵ بوو، بە ڕوونی دەیبینی کە چیخۆڤ لە بارێکی زۆر تایبەتدایە. بەڵام بە هێمنی و دڵسۆزیەکی زۆرەوە رەفتاری لەگەڵدا دەکرد. چیخۆڤ کە بەردەوام لە سەردانی پزیشك بێزار و تەنانەت دوکتۆر "ئالچوولەر"یش هەمیشە سەردانەکانی خۆی لە ژێر بەهانەیەکی تردا دەشاردەوە کەچی بێ سڵەمینەوە و بۆڵە بۆڵ پێشوازی لە دوکتۆر "شورەر" دەکرد و ئەویش هەمیشە ئەم سەردانانەی وەك دیدارێکی دۆستانە لە قەڵەم دەدا. لە سێ هەفتەدا دووجار شوێنی نیشتەجێکەمان گۆڕی. لە ئوتێل "رومرباد"[٢١٧]دا خەڵکانێکی زۆر چاك هەبوون. ئێمە چووینە قاتی یەکەمی ڤێلایەکی تایبەت تا چیخۆڤ بتوانێت خۆی بڕواتە دەرێ و سوود لە هەتاوی بەیانیانی باڵکۆنەکە وەربگرێت. چیخۆڤ بە پەرۆشەوە چاوەڕێی پۆستەچی دەکرد بۆ ئەوەی نامە و رۆژنامەی بۆ بهێنێت، لە بەردەوام بوونی شەڕی ژاپۆن زۆر ناڕەحەت بوو. پاشان چووینە ژوورێکی هەتاوگری ئوتێل "سومر"[٢١٨]ەوە. زیاتر هەستی بە گەرمی کرد و حاڵی باشتر بوو، هەموو رۆژێك نانی نیوەڕۆ و ئێوارەمان پێکەوە لەسەر مێزێکی قاتی خوارەوە دەخوارد. بە سەعات لە ناوباخدا دادەنیشت یان لە باڵکۆنەکەدا، بە بایەخێکی زۆرەوە چاودێری ژیانی رۆژانەی شارۆچکەی "بادن ڤیلەری" دەکرد، سێ رۆژ پێش کۆچی دوایی داوای لێ کردم قاتێك چاکەت و پانتۆڵی خوری بۆ بکرم، بە پێکەنینەوە تۆمەتباری کردم کە جل و بەرگی خراپ لەبەر مێردەکەی دەکات، کاتێك

[٢١٦] Showrer

[٢١٧] Romerbad

[٢١٨] Sommer

کە پێم وت لەم شارەدا چاکەت و پانتۆڵ دەست ناکەوێت، وەك منداڵی قوتابخانە داوای لێکردم بچم بۆ نزیکترین شار کە "فرایبۆرگ"[٢١٩] و ئەندازەکەی بگرم و بیبەم تا چاکەت و پانتۆڵی بۆ بدوورن. سەفەری شارەکە لە بەیانیەوە تا عەسری خایاند، لەو ماوەیەدا چیخۆڤ تەنیا بوو، ئاسایی خۆی بۆ نان خواردن چوبووە قاتی خوارەوە. کە گەڕامەوە نانی ئێوارەی تەواو کردبوو و لە چێشتخانەکە دەهاتە دەرێ. دیار بوو لە سەربەخۆییەکەی خۆی قایل بوو، کە پێم گوت سێ ڕۆژی دی جلەکانت بۆ دێنن گەلێك دڵخۆش بوو.

دنیا گەرم داهات، بەیانی ڕۆژی دوایی (سێیەم ڕۆژ) کە پێی نایە ناو ساڵۆنەکەوە زۆر هەستی بە تەنگەنەفەسی کرد. بە نیگەرانیەوە گەڕایەوە ژوورەکە و لە منی خواست ژوورەکەمان بگۆڕین، بڕۆینە جێگایەك رووی پەنجەرەکەی لە باکوور بێت. دوای دوو سەعات ئێمە لە ژوورێکی تازەی قاتی سەرەوەدا بووین کە دیمەنێکی جوانی هەبوو، دەیڕوانی بەسەر چیاو دارستانەکەدا.

دوا شەو ترسناکبوو، هەوا گەرم و زریان بە دوای زریاندا. چیخۆڤ داوای لێکردم ئەو دەرگایەی دەچووەوە سەر بالکۆنەکە بکەمەوە. بەڵام ئەمە کارێکی راست نەبوو. لەبەرئەوەی تەمێکی خەستی سپی کە تا قاتی سەرەوە هاتبوو لەگەڵ کرانەوەی دەرگاکەدا ژوورەکە بەشێوەیەکی خەیاڵی گۆڕا، چرا کارەباییەکەمان کوژابووەوە، چونکە ڕووناکیەکەی ئازاری چاوی چیخۆڤی دەدا. تەنیا مۆمێکی ناو مۆمدانەکە دەسووتاو من نیگەرانی ئەوە بووم کە تا بەیانی بڕ نەکات. هەورێکی تەم توومان هەموو شتێکی لەبەرچاو ون دەکرد. کاتێك مۆمەکە لە حاڵی مەرگدا دیسانەوە هەڵبووەوە دیمەنێکی سەیر هاتە گۆڕێ.. من کتێبێکم بەدەستەوە گرت، وا خۆم پیشاندا کە دەیخوێنمەوەو بۆ ئەوەیش چیخۆڤ وا هەست نەکات بۆیە بەخەبەرم چاودێری لەو دەکەم. چاوی کردەوەو پرسی چی دەخوێنمەوە. یەکێك لە کتێبەکانی

[٢١٩] Freiburg

خۆی، چیرۆکی "چیرۆکێکی سەیر"م بە دەستەوە بوو، زەردەخەنەیەکی کرد و بە بێ هێزیەوە وتی: "گەوجە چکۆلانەکەم تا ئێستا بیستووتە کەسێك کتێبی مێردەکەی لەگەڵ خۆیدا بۆ سەفەر بەرێت" پاشان لەسەرخۆ چوو. کە پارچە سەهۆڵێکم نایە سەر دڵی زۆر بە بێ هێزی جووڵەیەکی کرد و سەهۆڵەکەی لابرد. کاتێك بە زەحمەت لە ورتە ورتەکەی تێدەگەیشتیت کە وتی: "دڵی خاڵی سەهۆڵی ناوێت".

بە بێ ئارامیەوە چاوەڕێی بەیانی و هاتنی دوکتۆر "شورەر"بووم، بیرم کردەوە ئەگەر شەوێکی تری وام بەسەردا بێت لەت و پەت دەبم. حاڵی چیخۆڤ باشتر بووەوە، کەمێك شۆربای خوارد و داوای کرد لە سەر کورسیەك لەپاڵ پەنجەرەکەدا دای بنێم.

بەرەبەیان چووم بۆ دەرمانخانە ئۆکسجین بێنم، ئانتۆن داوای لێ کردم بڕۆم بۆ مەلە کردن یان کەمێك پیاسە لە پارکەکەدا بکەم و هەوا هەڵمژم، چونکە چەند رۆژ بوو لە ژوورەکە نەهاتبوومە دەرەوە. کە گەڕامەوەو زەردەخەنە ئارامەکەی سەر لێویم بینی، هەستم بە ئاسوودەیی کرد. دەتوت هەموو ناخۆشی ئەو شەوە ترسناکە بەسەرچوە. لەبەر قسەکردن کاتی نان خواردنی ئێوارەم لە بیر چوو بوو، بەڵام بەردەستەکە شتێکی بۆ هێنام بیخۆم. چیخۆڤ لە خۆیەوە چیرۆکێکی دروست کرد و وتی هەندێك لە ئەمەریکی و ئینگلیزەکان کە کێشیان زیادی کردبوو بڕیاریاندا بۆ کەمکردنەوەی کێشیان هەموویان دەست بە وەرزش بکەن، رۆژێك کە وەرزش و ڕاهێنان شەکەتی کردبوون کۆبوونەوەو بە تاسەوە چاوەڕێی شێوێکی چەوریان کرد، بەڵام بەوپەڕی سەرسامیەوە زانیان کە چێشتکەرەکە مردووەو خواردن نیە. ئانتۆن ئەم چیرۆکەی ئەمەندە جوان دەگێڕایەوە کە من لە پێکەنینا بوورابوومەوە. پێی وتم سەرینەکەی لاببەم، راکشاو وەك جاران زەردەیەکی کردو وتی: "دەبینیت ئەمڕۆ حاڵم باشترە و زۆر تەنگەنەفەس نیم" نزیك سەعات یەك بە ئاگا هات، ئازاری هەبوو، بۆیە ڕاکشان بۆی سەخت بوو، ژانەکەی ئەمەندە زۆر بوو کەوتبوە هێڵنجدان و ئێشەکەی گەلێك ترسناکبوو، یەکەمجار بوو داوای پزیشك بکات.. گەلێك ناخۆشبوو، بەڵام هەستی ئەوەی کە دەبێت کارێکی شیاو ئەنجام بدرێت وای لێکردم کە من هەموو توانام کۆ

بکەمەوە، "لیڤ رابینیك"م[٢٢٠] هەستاند کە قوتابییەکی روسیبوو لە هەمان ئوتێل دەژیا، داوام لێکرد بەدوای پزیشکدا بچێت.

دوکتۆر "شورەر" هات و میهرەبانانە لەو کاتەدا کە باوەشی بە چیخۆڤدا کردبوو شتێکی وت. ئانتۆن بەشێوەیەکی نائاسایی یەکسەر دانیشت و بە دەنگی بەرز و رەوانەوە (هەرچەندە تارادەیەك ئەڵمانی نەدەزانی) وتی **Ich streb**[٢٢١]. دوکتۆر هێوری کردەوە، سرنجێکی هەڵگرت و کافوورێکی لێدا، پاشان داوای کرد شەمپانیا بخوات. ئانتۆن پەرداخێکی پڕی هەڵگرت، سەیرێکی کرد و بزەیەکی بۆ کردم و وتی: "زۆر دەمێکە شەمپانیام نەخواردۆتەوە" یەکسەر هەموو پێکەکەی هەڵدا. لەسەرخۆ لەسەر لای چەپ راکشا. من تەنیا ئەوەندەم پێکرا بڕۆم بۆلای، خۆم بەسەر جێگاکەیدا بدەم و بانگی بکەم. بەڵام ئەو ئیدی هەناسەی تێنەگەڕا، وەك منداڵێکی هێور چاوی چوو بوە خەو..

---

٢٢٠ **Lev Rabenek**

٢٢١ خەریکە دەمرم

# بێوەژن

دوای مەرگی چیخۆڤ، ئۆلگا کنیپەر بۆ نزیکەی دوو مانگ، خەریکی نووسینی یادەوەری ڕۆژانەی بوو کە بریتی بوون لەو نامە خەیاڵیانەی بۆ چیخۆڤی دەنووسین.

**١٩ ئۆگەست**

سەرئەنجام توانیم نامەت بۆ بنووسم ئانتۆنی ئازیزم، شیرینەکەم، چەند لە منەوە نزیکیت، بەڵام چەند دووریشیت! نازانم ئێستا لە کوێیت، زۆر چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بووم کە بتوانم نامەت بۆ بنووسم، ئەمڕۆ چووم بۆ مۆسکۆ و سەرم لە گۆڕەکەت دا.. چەندە جوانە، خۆزگا دەتزانی، دوای ئەو باشوورە وشکە، ئێرە چەند پڕ لە گیا و گوڵ و بۆن و بەرامەیە و سەوز بەرچاو دەکەوێت. بۆنی خاك و گیای تازە لە هەموو لایەك بڵاوبۆتەوە. درەختەکان دەنگێکی ئارامیان هەیە. باوەڕ ناکەم تۆ لە ناو زیندواندا نەبیت. زۆر بە دڵ حەزدەکەم نامەت بۆ بنووسم و، باسی هەموو ئەو شتانەت بۆ بکەم کە لە دوا نەخۆشیتەوە و دوای ئەو چرکەساتەی کە دڵت ، دڵە شەکەت و بێ نەواکەت لە کار کەوت، بەسەرم هات.

ئێستا کە بەڕاستی نامەت بۆ دەنووسم، پێم سەیرە! بەڵام من بە شەوقێکی تەواو نا ئاوازەییەوە ئەم کارە دەکەم، کە بۆت دەنووسم وا هەست دەکەم تۆ زیندوویت، لە شوێنێك دەژیت و چاوەڕێی نامەی منیت، ئازیزترینم، عەشقە خۆشەکەم، لێ گەڕێ با پێشەکی چەند وشەیەکی عاشقانەت بۆ بنووسم، دەست بە قژە ئاوریشمینەکانتا بهێنم و سەیری چاوە ئازیز و گەش و جوانەکەت بکەم.

خۆزگا دەمزانی ئاخۆ تۆ هەستت بەوە کردبوو کە دەمریت؟ وا دەزانم ئەو هەستەت هەبوبێت، ڕەنگە نادیار بەڵام بێگومان دەتزانی. لە ٢٩ ژانیوەریەوە ئەو کاتەی کە تەندروستیت زۆر خراپ بوو داوات لێ کردم بە "ئایولۆس"[٢٢٢] بڵێم کە دوا

[٢٢٢] Iollos

پولی پارەکەمان لە بەرلینەوە بۆ بنێرێت و داوایشت کرد بە نـاوی منـەوە بینێرێـت. من زۆر ڕازی نەبووم، بەڵام تۆ پێداگریت کرد. پاشان ویستت نامەیەك بـۆ "ماشـا" بنووسم و منیش زوو ئەو کارەم کرد. لە مانگی مەیدا کە ئەو دەڕۆیشت، ئێمـە زۆر لەگەڵ یەکتردا تەبا نەبووین، بەڵام من بەڵێنمدا هەموو ڕۆژێك نامەی بۆ بنووسم، ئەم کارەم کرد و پاشان ئیدی نامە لە نێوانماندا بڕا، تۆ ئاگات لە نێوان من و ئەو بوو؟ زۆر بە سادەیی، ئیرەییەکی رووت، ئێمە یەکمان زۆر خـۆش دەویـست، بـەڵام ئـەو وای هەست دەکرد کە من هەموو شتێکم لـێ داگـیر کـردووە —ماڵەکـەی و تـۆ- وەك قوربانیەك رەفتاری دەکرد. لە سەرەتاوە هەوڵمدا بۆی روون بکەمـەوە، زۆرم لەگەڵـدا وت و گشت توانام بەکارهێنا بۆ قەناعەت پێ کردنـی، لێیـشی پاڕامـەوە، خۆزگـا دەتزانی چەند فرمێسکم ڕشتووە! بەڵام بـێ سـوود بـوو، بۆیـە بەناچـاری خـۆم بـە دەستەوەدا. خۆزگا دەیزانی من و تۆ لە "مانگی هەنگوین"دا لە "ئاکـسیۆنۆڤ"[٢٢٣] چەندمان لە بارەی ئەوەوە قسە کردووە. لـە "یاڵتـا" هـەرگیز مـن رەفتـارێکی وام نەنواندووە ئەوە نیشان بدات کە ئەوێ ماڵی ئێمەیە یان من حەزم لێی بوویێـت، بـە پێچەوانەوە، من دەمویست هەمیشە ئەو وا هەست بکات کە ئەوێ ماڵی خۆیـەتی. لەبەرئەوە زۆر دلگران بووم لەوەی کە وتوویەتی نـە مـاڵی هەیـە و نـە جێگایـەك و نەباخێك کە بتوانێت بڵێ هی خۆمە، ئای خودای میهرەبان بۆ دەبێت هەموو شـتێك بەم جۆرە بشکێتەوە؟ ئەگەر ئارەزووەکانی من بهاتنایەتە دی لەوانە بوو هـەر واز لـە شانۆ بهێنم.. بەڵام من لەوە گەیشتم کە ناتوانم لەوێ ژیـانێکی بـاش و هاوسـەنگ بەسەر بەرم. ئاه لەو شەش هەفتەیەی "یاڵتا"دا چەندم هەوڵدا! ئەو شەش هەفتەیـە بارێکی گەلێك ئاڵۆز بوو، لە هەندێك سروتی کڵێسا دەچوو.

* * *

[٢٢٣] Aksionov

**٢٠ ئۆگەست**

تازه لای "ئیڤان"ی برات گەڕاومەتەوه، به باس کردنی چرکەساتی دوا رۆژەکانی تۆ بێ تاقەتم کرد. بەڵام وا دەزانم ئەم کاره پێویست بوو تەنانەت ئەگەر نارەحتیشی کردبێت. دەمتوانی هەتا هەتایه له بارەی هەموو شتێکەوه، له بارەی تۆوه قسەی لەگەڵدا بکەم، دەربارەی "بادن ڤیلەر"، دەربارەی ئەو رووداوه گەورەیەی که لەو شاره سەوز و زمڕوتیەی دارستانی ڕەشدا روویدا. له بیرته چەنده حەزمان له سوار بوونی گالێسکه بوو؟

تۆ زۆر میهرەبان بوویت. من لەو کاتانەدا زیاتر له تۆ تێدەگەیشتم. له بیرته چۆن له پەناوه دەستت دەگرتم و دەت گوشی، که لێم دەپرسیت تەندروستیت باشه هیچت نەدەوت، سەرت به نیشانەی بەڵێ ڕادەوەشاند و له وەڵامدا زەردەخەنەیەکت دەکرد. چۆن هەندێك جار بەڕێزەوه دەستم ماچ دەکردیت! تۆ بۆ ماوەیەکی زۆر دەستت بەرنەدەدام و به نێو درەخته بۆن خۆشەکانی سەروودا تێدەپەڕین. ئەو جێگایەی تۆ حەزت لێ دەکرد شوێنی سەوز و پڕ له هەتاو بوو. جۆگایەك به جوانی له بەستێنی چالێکەوه خوڕەی دەهات و تۆ داوات له گالێسکەوانەکه دەکرد لەسەرخۆ بڕوات تا به تام و چێژەوه چاو له درەخته زۆرەکانی میوه ببڕیت که له بەردەست بوون و پەرژینیان بۆ نەکرابوو، هیچ کەسێکیش تەنانەت گێلاسێك یان هەرمێیەکی لێ نەدەکردەوه. تۆ هەمیشه له یادی روسیای هەژارەکەی خۆماندا بوویت.. ئاشه جوانەکەت له یادە؟ ئەوەنده بچووکبوو که له ناو درەختەکاندا به تەواوی شارابوەوەو تەنیا ئاوی سەر چەرخەکانی دەبریسکایەوه. گوندەکانیان چەنده پاك و ئاسوودەبوون، لەگەڵ باخچه و ڕیزه سۆسنی سپی، بنچکی گوڵاڵه سوورەو باخه چکۆڵەکانی ناو باخەکەت چەند پێ خۆشبوو! به چ داخێکەوه دەت وت: "ئازیزترین، کەی دەبێت گوندیەکانی خۆیشمان ژیانێکی بەم جۆرەیان هەبێت. ئازیزترین، ئازیزترینم، تۆ له کوێیت؟

لە "یالتا" ماوەیەکی زۆر وام بیردەکردەوە کە تۆ لە هەموو شوێنێکدایت، لە هەوادا، لە سەوزەزار و شنەی شەماڵدا. کە بۆ پیاسە دەرۆشتمە دەرەوە وامدەزانی بە باڵای سووکەڵە و شەفافت و گۆچانی دەستت و جارێك لە من نزیك و تاوێك دوور، بێ ئەوەی شوێنەوارێك لەسەر زەوی دابنێیت بەو تەم تووماوەی چیاوە لەگەڵمدا پیاسە دەکەیت. ئێستایش هەست بەوە دەکەم کە سەرت لە روومەتمەوە نزیکە.

## ٢٤ ئۆگەست

زۆر دەمێکە کە نامەم بۆ نەنووسیویت ئازیزم، شەو بە جۆرێك منی وێران کردوە توانای هەڵگرتنی قەڵەمم نیە.

(...) بەیانی یەکشەممە چووم بۆ گۆڕستانی "نۆڤۆدیڤیچ"[٢٢٤] کە لە دوورەوە منارەی پەرستگاکە دەردەکەوێت دڵم خورپەیەکی خۆشی دەکات، دەڵێیت دەمەوێت بتبینم و تۆ چاوەڕوانیم دەکەیت. لەسەر گڵکۆکەت گریام! دەمتوانی چەند سەعاتێك لەسەر ئەژنۆ دابنیشم و سەر بخەمە سەر خاکەکەت، سەر بخەمە سەر ئەو سەوزە زارە بەرزیەی کە تۆ تیایدا نێژراویت. تاقانەکەم لە کوێیت؟

ئەمرۆ سەرئەنجام غیرەتم دایە بەر خۆم و چووم بۆ شانۆ، کە گەیشتمە نووسینگەکە گریانم لێ پڕا. بینینی هاوڕێکان سەخت بوو، دانیشتم و گوێم لە پرۆڤەی "**Les Aveugles**"[٢٢٥] گرت. لە راستیدا زیاتر تەماشام دەکرد تا گوێ گرتن (...) "لۆژسکی"[٢٢٦] چیرۆکی پێکەنین هێنەری دەگێڕایەوە بۆ ئەوەی بمهێنێتەوە سەر خۆم، بەلامەوە سەیر بوو کە چۆن وەك جاران قسە و رەفتاریان دەکرد.

---

[٢٢٤] **Novodevichi**

[٢٢٥] شانۆگەریەکی موریس میتەرلینگە کە چیخۆف پێشنیازی نمایش کردبوو

[٢٢٦] **Luzhsky**

خێزانەکەی "ڤانیا" و "سۆنیا" نیوەڕۆژەیان لەگەڵ مندا خوارد، زۆر بە گەرم و گوڕی باسیان لە جەنگ دەکرد، بەڵام من توانای گوێ گرتنم نەبوو. ئەم شەڕە چەند دڵی تۆی ئازاردا تاقە کەسم! چەند رۆژنامەی ئەڵمانیمان دەخوێندەوەو چەندە بۆ من سەخت بوو کە ئەو شتە دڵڕەقانەی بەرانبەر بە رووسیا دەنووسران بۆت وەرگێڕم و، دەمزانی چەندە دەردو ئازارت پێ دەگەیەنێت. ئەم ترسە دەبێت زوو کۆتایی بێت. بەڵام کەی کۆتایی دێت کەس نایزانێت.

عەسر باسی "ئیڤانۆڤ" بوو. "نمیروڤیچ" چەند سەرنجێکی سەرەتایی پێشکەش کرد و دەربارەی هەریەك لە کەسایەتیەکان قسەی کرد.

دوێنێ دووبارە لەگەڵ "کۆستیا"دا چووم بۆ گۆڕستان. حەزدەکەم هەموو رۆژێك بچم. کورسیەکم کڕی و ناردم بۆ تەنیشت گۆڕەکە تا لەسەری دابنیشم.

دوێنێ "رابینك"ی لاو، ئەو خوێندکارەی کە بەردەوام لە "بادن ڤیلەر" لەگەڵماندا بوو بینیم. گەنجێکی نایابە.

* * *

## ٢٧ ئۆگەست

دڵەکەم، دوو رۆژە بۆم نەنووسیویت وا دەزانم هەتا هەتاییە. چووم بۆ پرۆڤەی "ئیڤانۆڤ" دۆخێکی ناخۆشی هەبوو، نواندنێکی بێ مانا، هەموویان گەمژەن، هیچیان لە رۆڵەکەیاندا زیندوو نین، بێگومان سەردەمێکی دژواریشە، مەرگی تۆ، شەڕ ، ئاخ لەم شەڕە ترسناکە. خاڵە "ساشا" هێشتا زیندووە؟

ئازیزترینم، من لە تەنیاییەکی ترسناکدام. بەشێوەیەك دەژیم وەك ئەوەی تۆ جارێکی دی دێیتەوە، بە چاوە هەرە جوانەکانتەوە تێم دەڕوانیت، دڵم دەدەیتەوە و بە تووتەڵەکەت بانگم دەکەیت.. ئازیزم تۆ لە کوێیت؟

ژووری کارەکەتم کردووە بە ژووری میوان. زۆر تەریکە. "ماشا" دەڕواتـە ژوورە گەورەکە و ژووری نووستنەکەی من دەبێت بە ژووری کاری "ماشا" ئەو زۆر نـاجۆر بووە، هەر چەندە بەڵێنی پێدابووم هەموو ڕۆژێك نامەم بۆ بنووسێت بەڵام بەدەگمـەن دەینووسێت، وەلێ من هێشتا لەسـەر بـەڵێنی خـۆمم و گـەلێك جـار نامـەی بـۆ دەنووسم.

سەعات ٧ ی بەیانی ئەمڕۆ لەسەر گلکۆکەت بووم، گۆڕستان ئارام و قەشـەنگ بوو، تەنیا گوێت لە دەنگی هەڵفڕینی باڵندە بوو کە لەم درەختەوە دەفڕینە سەر ئەوی دی. تارمایی سێبەر ئاسای ئەو قەشانەیشت دەبینی کە بە پەلە تێدەپەڕین. تـەواوی دەوروبەر مۆمە هەمیشە داگیرساوەکانی پەیکەری پیرۆز بـوون. یـەکێکیان لەسـەر گۆڕەکەتە، وا هەست دەکەم دڵت گەرم دەکاتەوە. من گریام و گیای سـەر گۆڕەکـەتم ماچ کرد. کورسیەکە ئێستا لەوێیە و مـن دەتـوانم لەسـەری دابنیـشم. بـە خـەیاڵ جارێکی تر چوومەوە بۆ "بادن ڤیلەر" و هەوڵمدا بزانم چی ڕوویداوە.

ئازیزترین، پێویستە هەموو شتێکت پێ بڵێم، بەڵام ئێستا نـاتوانم کاتێـك ئـەو خوێندکارە "رابینك"م بینی هەموو چرکە ساتێکی ئەو شەوە ترسناکەم هاتەوە بـیر، تەنانەت دەنگی خرمە خرمی پێی بەسەر چەوو لمەکەدا لـە ناوەڕاسـتی ئـەو شـەوە ترسناکەدا کە بە ڕاکردن و شکۆمەندییەوە چوو بۆ هێنانی پزیشك.

وەلێ مردن لە ئارادا نیە

دوای ئەوە

پەردەی یەکەمی "ئیڤانۆڤ" ئامادەیە (...)

* * *

## ٣٠ ئۆگەست

ڕۆژان تێدەپەڕن، شەوان تێدەپەڕن، بەڵام بە دەگمەن لە نێوانیاندا جیاوازی هەیە. دیسانەوە باقە گوڵە باخ و سۆسەن لە "کراسنی"[٢٢٧] و لە لایەن خەڵکی نەناسەوە دەگەن. ئەم گوڵانە زۆر کارم لێ دەکەن.

ئازیز و بەنرخەکەم، نامەم بۆ نووسیت و هەست دەکەم بۆ ماوەیەکی کاتی لە یەکدی جیابووینەتەوە. "ماشا" دووی مانگ دەگات.

لە "یالتا" چ چرکەساتێکی سەخت و دژوار و غەمگین تێپەڕی کە ناتوانیت وەسفی بکەیت. من گشت ئەو چرکەساتانە لە ژووری کارەکەتدا بووم، ناڕەحەت بووم، هەموو شتەکانم هەڵڕژانە ناوەڕاستی ژوورەکەو ڕێکم خستن. ئێستا هەموو لە شوێنی خۆیاندان، دایکت چرای ژووری نووستنەکەتی داگیرساند، ئەمە ئەو شتە بوو کە من دەمویست. ئێواران لە ژووری کارکردنە تاریکەکەتدا پیاسەم دەکرد و ڕووناکی چراکەت لە نێوان دەرگا نیوە کراوەکەوە لە دەرەوەی دەدا. هەموو شەوێك چاوەڕێ بووم لە ژوورەکەی خۆتدا بتبینم. تەنانەت بە دەنگی بەرز قسەم لەگەڵدا کردیت و دەنگم لە ژوورە خاڵیەکەدا ون بوو. بەیانی، من و "ماشا" ئاسایی بۆ شت کڕین چووینە دەرەوە. بەڵام من هەرگیز پەلەی گەڕانەوەم نەبوو.. ئیدی کەسی وا نەبوو خۆشتنی بەیانیانم لەگەڵدا باس بکات، کەس چاوەڕێی گەڕانەوەی ناو جێگام نەبوو بۆ ئەوەی دوو سێ جار کاری خۆشم لەگەڵدا بکات.

بەیانیەکان وەك یەك وابوون. شتەکان هەموو خۆش بوون، ماچم دەکردیت، لە ئامێزم دەگرتیت بۆ ئەوەی لەگەڵ مندا هەست بە پاراوی دەریا و سیحری مەلەی بەیانیانی زوو بکەیت. کە ڕادەکشایت، چەندە شکۆمەند دەهاتیتە بەر چاوو من ستایشم دەکردیت، تۆ قسەی بێ سەر و بەرت دەکرد و دەتهێنامە پێکەنین.

---

[٢٢٧] Krasni

ئەم هاوینە باخەکە لە بارێکی ناخۆشدایە، هەموو شتەکان سیس بوون، چروساون، دڵۆپێك بارانیش نەباریوە "ئارسنی" تەمەڵ ڕۆشتووە و ئێستا "ئونوفری"[٢٢٨] سەرپەرشتی باخەکە دەکات. لە دەوری هەر دارێکدا چاڵێکی هەڵکەندوەو ئاوی داون.

ئاخری ئەمڕۆ تەلگورامێکمان لە خاڵە "ساشا" وە بە دەست گەیشت کە نووسیویەتی زیندوەو (لنگەفرتێیەتی) تازە لە ماڵی دایکمەوە هاتوومەتەوە. لەوێ خاوەن خانوەکەی خاڵە "ساشا"م بینی، (ئەفسەر گرتمان[٢٢٩] و ژنەکەی) زۆر پەیوەندیان لەگەڵیدا هەیە و گەلێکیان لە بارەیەوە وت. تەلگورامەکە لە "موکدێن"[٢٣٠]ەوە هات.

دوێنێ پرۆڤەی تەواوی گومڕاکانی "میتەر لینگ"م بینی بەڕاستی زۆر ڕات ناکێشێت بەڵام جێگای بایەخ پێدانە (...)

* * *

## ١١ سێپتەمبەر

دڵدارە هەرە ئازیزەکەم، زۆر دەمێکە قسەیەکمان لەگەڵ یەکدا نەکردووە، بە جۆرێك شپرزەو شێواوم ئەگەر منت بەم شێوەیە ببینیایە خۆشت نەدەویستم.

وا هەست دەکەم لە بەردەمتا چۆکم داداوە و سەرم ناوە بە سنگتەوە و گوێم لە چرپەی دڵتەو تۆیش بە سۆزەوە دەستم بەسەردا دێنیت، ئانتۆن لە کوێیت؟ ئایا ئیتر هەرگیز یەکتری نابینینەوە ئەمە مەحاڵە. تازە ژیان پێی گرتبوو کە لە پڕ بۆ هەمیشە کۆتایی هات. چ ژیانێکی شکۆدارمان پێکەوە هەبوو! تۆ هەمیشە دەتوت

---

[٢٢٨] **onufri**

[٢٢٩] **Gretman**

[٢٣٠] **Mukden**

مرۆڤ دەتوانێت (وەك ژن و مێرد) زۆر بەختەوەرانە بژی، هێند کوێرانە بڕوام پێی بوو، وامدەزانی لەگەڵ تۆدا بۆ ماوەیەکی زۆر دوور و درێژ دەژیـم.. چـەند ڕۆژێـك پـێش مردنت لە بارەی ئەو کچۆڵەیەوە قسەمان دەکـرد و خـەومان دەبـینی کـە دەبوایـە بمانبوایە. ئەوسا دڵم کەوتە ئێش کە بۆ یادگار منداڵێکت لەدوا جـێ نـەما، گـەلێك قسەمان لەو بارەیەوە کرد. ئەگەر لە نۆڤەمبەردا ئەو کارەساتە ڕووینەدایە منداڵەکەم دەبووە دوو ساڵ. ئەو کارەساتە بۆ ڕوویـدا؟ ئەگـەر ئـەو منداڵـە بمایـە ئێـستا ئـەو خۆشەویستیەکەی تۆی دەبردەوە. بیر بکەرەوە چەندت خۆش دەویست!

شانۆ، شانۆ. نازانم شانۆم خۆش بوێت یـان لێـی بێـزارم، بـە جـۆرێکی دڵگـیر سەرقاڵم دەکات، ئێستا تەنیا ئەوم لە ژیاندا بۆ ماوەتەوە، ئەم سێ ساڵەی دوایی بـۆ من خەباتێکی درێژ بوو، بەردەوام سەرکۆنەی خۆمم کـردووە، بۆیـە هێنـد شـڵەژاوو تووڕە بووم و نەمدەتوانی لە شوێنێکدا ئارام بگرم و لـە هێلانەیەکـدا خـۆم گرمۆڵـە بکەم. من بە پێچەوانەی ویژدانمەوە کارم کردووە، بەڵام کێ دەزانێت ئەگەر ئێستایش واز لە شانۆ بهێنم..

**کنیپەر نزیکەی پەنجاو پێنج ساڵ لە دوای چیخۆڤ ژیاو هەرگیز شووی نەکردەوە.**